

رامان


Raman

- **خاوەن ئیمتیاز**
  **شەوکەت شێخ یەزدین**
- **سەرنووسەر**
  **ئازاد عەبدولواحید**
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  **سەرکەوت وەلی**
- **مۆتیڤ و پۆرترێت**
  **قەرەنی جەمیل**

# ڕامان

132

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ مایسی ۲۰۰۸

**ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر**
**بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**تەلەفۆنی نۆرماڵ / ۲۲۳۰۵۸۲**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٦٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢٢**
**(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨**
**پۆستی ڕامان:**
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com
**چاپخانەی خانی/ دهۆک**
**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## دەق

– تە دڤێت من گونەهبار بکەی/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ 3
– پەنجا هۆنراوەی تاکدێری/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 5
– گوڵێک لە باخچەی ئەفرۆدێت/ قاسم شێروانی/ 7
– سێگۆشەکانی سەفەر/ ڕاوێژ هیرانی/ 10
– ژ هەلبەستا نەمسا یا هەڤچەرخ/ لە ئەڵمانییەوە:
بەدەل ڕڤو مزووری/ 12
– ڕەش ڕەش وەک قەتران/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل/ 14
سلێمانی/ 17

## زمانزانی

# ته دڤێت من گونەهبار بکەی!

عەبدولڕەحمان بامەڕنی
(دهۆک)

ته دگوت:
ژ من شەپۆلێن ژیانێ بەلاڤ دبن
عەشق دبیته خەیال
چەند تو یا دخەوی و
ئەگەر بێژم
ئەڤ شەڤه دێ شیعرەکێ نڤیسم،
عەوران
شریقێنا بریسیان
بشێڤم شیعرێن خۆ
تەیر و تەوال
هەکو دفڕن بۆ لیسێن خۆ
وێنەیێ چاڤێن ته راکێشم
ئاسمان
رۆناهیا ستێرا و
ئەو شعرا هێژ نەهاتیه ڤێکدان..

ئەڤه توی هێژ یا د خەو
با، هێژ ڤیزێنا وی یا لبەر گوهێن من
یاریا بۆ خۆ ب پرچا من یا پایزی دکەت

بتنێ تو
ل بلنداهیا ئاسمانان
کچەکا ئاشۆپی و هێش دفڕی
ل بلنداهیا ئاسمانان
بۆ من رۆناهیا ستێران دگری

هێژ ئەز چنارەکا لبەر تەحلاتیا هڕ و بای
و تو یا دکەنی
خریقینێن ته، مژویلانکێن ته رادکەته رەقاسێ و



**هێژ تو یا دخەوی**


شیعرا من یا مایە نیڤەرۆ
بگەهێ!
شەڤ هەر وەک ڤێ شەڤێ ناهێنە ڤە
و پەنجەرا تە هێژ یا گرتی
با،
پەردەیا پەنجەرا تە نالڤینیت و
تو هێژ یا لبایێ خەوێ
نە هەست ب زەنگا موبایلا تە دکەم،
نە ب بێهنا موبایلا تە..

ئەزێ ل وێنەیان دگەڕم
بوویمە خازۆک!
خوە دبینم ل رەختێن من شەڤە و
ل عەوران سیار
جار نزیکی سیتافکا تە دبم
گوهێ خوە دڤەچنم
تو یا ئاوازێن بلبلەکی دووبارە دکەی
ڤۆلکانەکا ژ تە سەراڤ دبیت
تە دڤێت ب مانشێتێ سەرەکی
ب دەولەتێ من گونەهبار بکەی
تە دڤێت
شعرا من یا هێژ نەبوویە شعر
گوری شەپولێن خوە بکەی
لڤێرە شەپولێن تە یێ ژ دایک دبن
لڤێرە شەپولێن تەیێن بەلاڤبووین
کەڤنترین گوند
وارگەهێ پێغەمبەران
چەند دیمەنێن من یێن شعری
گوری ڤی وارگەهی بوون
هێژ مەمکێن وان نەبووینە بشکۆژ
هێژ لێڤێن وان فێری سۆراتیا مکیاجی نەبووین
هیزارا بویکینیێ
بوویە شوینپێن حێشترا وو و
تو هێژ یا دخەونێن دەولەتبوونێ دا
فیتیا ڤەددەی
چاڤێن تە تژی نوقولیسکێن خەوێ نە و
لبەر سەما یا خوەکوشتنێ
دبێژی نوش
کورسیکان، خەونێن تە یێن داعویراین
یا خوە ب سەر دادای
تو یا کریە بەرپەرەکێ
بێ هۆش و پۆش

بهێلە د جوانیا تە دا
شعرا خوە یا نیڤەرو
ب مکیاجێ دەولەتبوونێ بخەملینم
خەونێن جوانێن ژ شعرا من ڤەرەسیایی
بکەمە پەیکەر و
پەیکەرێ هێژ ب دەوسا پێن حێشتران ڤە سەمایێ
دکەت
پەیکەرێ بەرەبابێن
ژ بەرێ چیایێن من پەشێن و
ماینەڤە تەماشەڤان
چاڤێن وان هێژ دزل
هەر ژ بەرێ وی بەرەبابی
نوکە وێنێن شعران د هنگێڤن و
هێژ شعرا من یا نیڤەرو و خەونێن وێ
نە بووینە
سەرچەمک و بەرچەمک
وێنەیێن ل سەر وێنەیان دبنە تەختە
هێژ نوقولیسکێن خەوێ
چاڤێن تە بەرنەداین
دیسان تە دڤێت
ب دەولەتبوونێ من گونەهبار بکەی
تو یا دبیە دەولەت و
هیزارا دەولەتبوونێ یا ل سەر چاڤێن تە..

# پەنجا هۆنراوەی تاکدێڕی

عەباس عەبدوڵڵا یووسف



* هۆیها... دۆیها!!! گشتیان سەد دەر سەد پێشبینییان کرد و ئەنجام وا دەرنەچوو.
* پڵنگ؟! نەنووستووە، نووستبێتیش هەر نەنووستووە!
* مەڕێکی هێڕم پێبوو، لە نێوگەی پاریسدا، ڕێم لێ بزر بوو، فەڕەنسی و نافەڕەنسی دەوریان دام و بە حەپەساوی سەیری مەڕە هێڕمیان دەکرد.
* گوێم لە چپە چپی مانگە، هەر بە دەنگوباسی B.B.C دەچوو، هەمووی هەر سیاسی بوو، دڵباسێکی تێدا نەبوو.
* لە خاکی فەنتازیا، هەموومان هەر شێتین.
* ئەی یەی! ئەژدیها بەس ختووکەی پیاوان دەدا.
* لە مرۆڤ عاشقتر، موقناتیزە.
* بە مێیاتی لە میتافیزیکدا توایەوە و لە فیزیکەوە بە نێراتی قیت بۆوە.
* منداڵەکە هاواری کرد: دایە... ئەمبەراتۆڕ ڕووتە، منیش دەمەوێ وەک ئەو ڕووت بم.
* تۆزوبا چیایەکی لێ ون کردم.
* خەونێکی عەقڵانیم بینی کە بەخەبەریان هێنام، گوتیان لە مێژە نووستبووی، سەیرم پێهات نەخەوتبووم.
* لە ئاودەستا هەمیشە مۆسیقا هەیە.
* لە شوێنی جارانی دڵ لە دڵ مەگەڕێ، دڵ کەوتۆتە نێو جیزدانی پارەوە.
* کوتینی سەر چەنەگەی لەگەڵ نەبوایە، دیمەنی چاوت قەد ئەوها جوان نەدەبوو!
* هەیانە مەیموون، هەمانە کەر!
* گەورەکان؟! لەوانم نەپرسی، پرسیارم ئاراستەی منداڵەکان کرد، ئەمانە دەتوانن وەڵامێکی هۆشمەندانە بدەنەوە.
* دەریایەک فرمێسک لە چاوم قەتیس ماوە.
* لە کونی دەرزییەوە سەیری ناو کونی کیلۆنی دەرگام کرد، چم لە ژوورەوە بینی؟! ١- هەر شتێک ٤١ جار لە خۆی گەورەتر کراوە. ٢- ژن و پیاوێکی لەش هەویر وەرزش دەکەن.
* تێکڕا بە کۆڕال حەیرانیان دەگوت، مۆسیقاش باعەباع و ماعەماعی بۆ دەژەنین.
* بە پارێز لێی چوومە پێش، پرم دا سەراب و گرتم،

مەرج بێ جارێکی تر نەڵێم ژیان سەرابە.
* پیرەمێردێکی سێتاقانی بە پێکەنینەوە باسی تڕەکەی خەسرەوی دەکرد، کوڕەکەشی تازە ژنی هێناوە و لە سەیداوە کرێچییە. بە چێژەوە باسی مۆنیکاو کلنتۆنی دەکرد.
* بلوێرم بۆ مامووت لێدەدا، ئەویش بە مەبەستی خۆکوشتن بەغار هات و لەسەرڕا خۆی تێهەڵدا ناو دۆڵی ئۆتومبێلی هەڵدێراو.
* هەللیلویا هەیوولا هەللیلویا.
* باڵی فریشتەی خێریان قرتاند، جا تفبارانیان کردن و دیاریەکانیان لێ ڕفاندن.
* خوێنی مارێکی کوژراوی کردە ماکیاج و لێوی خۆی پێ هەنوی.
* لاوۆ لێم سڵ مەبە... جحێلۆ... دۆڵمە نەیهێشت شووش بم...!
* چوومە شارێک نە دەروازەی داخرا بوو، نەدەرگای ماڵەکانیش.
* مەیموونێکی کاپۆچین، نەخشەی شارە خەونەکەمانی کێشابوو.
* خێزانێکی تاکمناڵ شاد و ئاسوودەیە لە حەوشەی ماڵی خۆیان، ڕەوە کەروێشکێک بەخێو دەکەن.
* لە خانووی خۆمڕا تا دەرکی ئەشکەوتی ورچان بە تەختەی ئەبەنۆس دەپردێنم.
* گوند نەما، هەموو بووە شار! لەناو شارا هەستت هەستا و لادێیانە گوڵەکانی باخچەت دەرکێشاو توور و سلقت لەجێ چاند.
* پەڕە کاغەزێکی سپیت پێشکەش دەکەم، پڕ هۆنراوەی نەنووسراوە.
* ئەو تانجێکی لەسەر ناوە و بە قوونە قوون شاستانی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەم دنکە برنجێکی خستۆتە سەر سمێڵی ڕەشی قەترانی و لە دەور و بەری وێنەی کچێکی ڕیکلامدا مۆزە مۆزێ دەکات.
* لە فلیمێکی سینەما، مانیکانێکی گێلگێلەدار منی خستە سەر کۆتەو بە چەپەچاغ پارچە پارچەی کردم
* لە چاوەنۆڕێدا چاوی خێل بوو، لە چاوەنۆڕێدا چاوی هاوسەری خێل بوو، لە چاوەنۆڕێدا چاوی کوڕی خێل بوو، لە چاوەنۆڕێدا چاوی میللەتەکەی خێل بوو.
* ژوانم دەراوی دەریایە، دلفین بێتە دەرەوە و لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ ئۆتێلێکی پێنج ئەستێرە.
* دەنگ لە گوێ بێزار بوو، بە دوای هەستێک دەگەڕێ خۆی لێ موتوربە بکات.
* پێم سەیر نەبوو... پەپوولە لەسەر گوو هەڵنیشێ و هەنگیش لەسەر کەلاکە سەگ. بەر لە مێژوو پەپوولەیەکی ڕەش و هەنگێکی ڕەش و زەبەللاحم دیبوو بە جووتە لەسەر کەلاکی مرۆڤێک هەڵنیشتبوون.
* خەونی شێتان پڕ هۆشە، پڕ لۆژیکە.

* هزرێ... ئەرێ هزرێ.... ئەدی تۆ نەبووی ڕێت پێ نیشان دام، چۆن بەزانایی و سانایی لۆرییە شووتییەک بێنمە خوارەوە و بە دانەیەکی شکاو ڕازی بم.
* بێ مەبەست، بێ هۆش، گلۆڵەیەکی تاریکیم خستە سەر سندان و تا بەرەبەیان دامە بەر کوتکان.
* جورجە کۆرمیەک دەبەمە لای دختۆری پسپۆری چاوان، ئەویش تێم ناگات، بەنجداری دەکات و دانەکانی بەگاز دەردەکێشێت.
* قژیش هەر جەستەیە.
* مژاردم، ڕۆحی ئاوس لە سکی ئاوس زیاترن.
* شەترەنج بکەم، قاوە بخۆم، یۆگا ببزووم، دەبمە: ڕامێن، سندان لە فەیلەسووفیش بدا.
* تاراوگە، خۆش تاراوگە! لە هەموو جێیان هێروەتری و لە خۆشم نزیکتری.
* وێنەی خۆی بەسەر ڕووی گۆمێکی نەوتدا بینی، حەزی لە خۆی کرد و یەکسەر بووە گوڵێک ناوی نوونێرگز.
* بەرە بەیانە، کەڵەشێر بانگیان دا، ئەهریمەن دەستیان بە ئیش کرد.
* کێ بێ و چاکەی بداتەوە، پەیکەرێک بۆ ئاورۆشنکەرەوە دابمەزرێنێ یا مەتحنامەیەکی بۆ بنووسێتەوە.
* بێژنگم بڵند کرد ڕووە و هەتاوم کرد. بەڵکە جوانییەکی تر بدۆزمەوە.

– نێوگە= ناوەند، سەنتەر
– تڕەکەی خەسرەو= لەناو خەڵکی سادە بەتایبەت ئی ئەو سەردەم و پاشتر وا باو و بڵاوە، گوایە (خەسرەوی پەروێز) لە مەجلیسێکدا تڕیوە.
– مامووت= دەعبایەکی بەر لە مێژووە، دوابڕاو بووە.
– هەللیلویا= بەڕەسەن وشەیەکی عیبرییە، دیانان لە هەندە نوێژی خۆیان دەیڵێنەوە بە مەبەستی شکۆدار و مەزنکردنی خودا.
– هەیوولا= مادەی خاوی نارێک، بەر لە سازدان و وێنە وەرگرتن.
– کاپۆچین= جۆرە مەیموونێکی ئەمریکییە، شەیدای وێنەکێشانە.
– شاستان= مەملەکەت.
– دەپردێنم= پردێک دروست دەکەم
– مانیکان= جلنوێنی ئافرەت.
– کۆتە= قەدی دارێکی ئەستوورە، قەساب گۆشتی لەسەر ورد دەکات
– چەپەچاغ= جۆرە چەقۆیەکی دەم پانی قەسابانە.
– مژاردن= ژماردن
– دەراو= کەناری ئاو
– سێتاقان، سەیداوە= دوو گەڕەکی کۆنی هەولێرن.
– ئەی یەی!= سەرسوڕمانێکی ژنانەیە.
– دڵباس= باسی دڵ
– باعە باع= دەنگی مەڕە.... ماعەماع= دەنگی بزنە

# گوڵێک لەباخچەی ئەفرۆدێت

قاسم شێروانی

پاش بڕینی زەریا دوورەکان
ئەو مانگەی لەپشت چیاکانەوە
لەمن بەدەرکەوت
پرتەوی بزەی شەرمنی ئەلیکابوو
وەک قەتاری سەحەرێکی مۆری ئاڵ
داڵدەی دام و
داپۆشیم بە پەلکە زێڕینەی نیگایێ
دڵمی تەژی کرد لە ئارامی و هەدا
بیر و ئەندێشەم
لەژێر هاژەی جریوە و
سۆلاڤی چریکە و
ئارامی گمە و تیریژی چڕین و ورشەی ورینگەدا
کەوتنە نێو بەزمو سەما
هەموو سپێدان ئەلیکا
جوانییەکانی خۆی دەڕژێنێتە نێو دەریا
لەگەڵ لێزمەی جوانییەکانی ئەودا
دەریا لێوانلێو دەبێ لە نووری خودا
پۆسیدۆن ڕۆحی دەبێ بەگورزێ پەڕەنگ(*)
زەینی خۆی بەسەر دەریادا پەرش دەکا
پڕ هەڵپە و ماندوو و شپرزە
خوایەتی خۆی لەبیر دەکا
لەم دەرفەتە، لە ناخەوەم
عەشقێکی نوێ چرۆ دەکا
پۆل پۆل نەوڕەسەکان
باڵ لەکەفی تاسەی دەریا وەردەدەن
دەریا دەبریسکێتەوە
لەنێو شێلکەی نوور و بریقەی سورمەچنی عەشق و
شکۆفەی جاویدانیا
منی شاگەشکە و سەر زەدە
بەو هەموو برینە پڕ ساچمە و زووخاوە
چۆن دەرهەقەتی ئەو هەموو نازدارییەی تۆ دێم ئەلیکا



کاهینێک نیم
پەکم نەکەوێ لە ئیحا و دەربڕین
نە کیسە زێڕم پێیە نە بەردی حیکمەت
نەشمشێرەکەی دیمۆکلێس
ناچارم پێت بڵێم
«ئۆھ ڤەگاریمۆ وەتەن سێڤ لێپۆ تیبسیخمۆ
تریمێ»(**)
من لەو دیو کیشوەرەکانی پێکەنینەوە هاتووم ئەلیکا
چواردە ساڵە ئازادیم لەتاریکیدا هەناسە دەدا
پێکورە گوڵە گەنمەکان بە فەریکی لرف دەکەن
مێژووم تەسبیحێکی هەزار و یەکدەنکی پچڕاو و ڕژاوە
لەناو لمی هاموونێکی بێسەراو پڕ بەهانە ئەلیکا
من بەکوڵێ برینی پڕ پەنگرەوە هاتووم
پەریوەی خوساری غوربەتم
تۆ نازانی چ «خەونێکی خۆڵەمێشییە غوربەت»
ئاوازێک لەخوێن خۆر دەیژەنێ
ئاوازی دیرۆکێک بە کوژانەوەی ئاگر خەملیوە
دیرۆکێک لەیاریکردن بە ڕەنگی با
بۆنی زامێکی گەورەتری لێدێ ئاوابوون
چ حیکمەتێکی جەنگەڵییە
دابەشکردنی ڕەنگە تفتوتاڵەکانی ئاوابوون
لە نیشتیمانێکی خەملیو و مەفتوون
بەبۆنی بخوردی حەسرەتەکانی شەهید
ئەی ئەزەلیترین
جریوەی سپێدەی پایتەختی ئیشراق و نوما
بریسکەی ورینگەی پڕ سۆزی فلوتێ
دادەرژێ لە تریقە و پێکەنینتا
بەستەڵەکی سارد و سڕی ئەورووپا دەسڕێتەوە
بە پەرەنگی ئەم خەندە پڕ میهر و نازنازەت ئەلیکا
لێ نازانم چۆن پێکەوە دەگونجێن
دوودار شەقی ژێر باڵی من و
ئەفسانەی پرتەوی لوئلوئی لا لا
هەر دەڵێی ئەفرۆدێتە دێت و دەچێ
لەناو باخچە پڕ حیشمەتەکانی بەهەشتا
چ داوێکت بۆ من دانابووەوە ئەی خودا
چۆن گیرۆدەی نەسیمی
هەناسەی زوهرەی زەهرایێ بوویمە
بەیدەستە دەپرینگێتەوە
لەهاژەی ئەفشاری برینێکی پڕ وەیشوومە
وەرە ئەی مانگی من
ئەی ڕەند و شەپاڵ و سپەهی

فەنەری نیگاو
چلچرای جەستەت
بەو ژوورە نائومێد و مەلوولەم بسپێرە ئەلیکا
با شەوە ئۆدیبییەکانی عەشق بنووسمەوە
با خەمە قەتمەرییەکانی نیشتیمان
دارنم لەم رۆحە مەئیووسەم
با کۆتری شیعر ڕەها کەم
لەشەقژنی نائومێدیا
چ ئێوارەیەکی درەنگە لەمن ئەلیکا
خەوزڕانی مانگ لەنێو تۆز و غوباری
ژێر ڕکێفی بەڵێنە هەنگوینییەکانی
قەڵەمڕەوانی ئازادیا
خنکانی ئاو
لەپێدەشتێکی پرووەت سووتاو و
کاکۆڵ هەڵکرووزاو لە چاوەڕوانیا
هێی ئەلیکا
ئەی جونبوشی دڵ
ئەی سیراجی عیشوە و سەفا
من لە گەلەری تابلۆ پەمەییەکانی جەستەی تۆڕا
عاریفانە تێدەگەم
خوایەک هەیە
لە دروست کردنی جەستەی ژندا
وەستایەکی پڕ تەجەللاو
داهێنەرێکی موعەللایە ئەو
سەرخەزنەی دورجی لوئلوئی لالایە ئەو
وەرە هەر خۆت تیماری رۆحم کە
کەی باکی بەناڵە و فیغانی منی موبتەلایە ئەو
وەرە ئەی دوا خاتیرەی
داستانی نائومێدی من
ببینە چ نەوازشێک دەدرەوشێتەوە لە زەردەپەڕ
ببینە شکۆفەی چ ئومێدێ
دیسان هەڵدەوەرێ لە دەروونێکی نیگەران
ئەی پەرستارە شەرمینەکەم
وەرە چنگێ نوور لەو نیگا تەڕەت بەحەوزی عیرفان
برژێنە سەر گوڵشەنی عیشقی خوداییم
با هەست بە بوونی خۆم بکەم
دریغا ئەلیکا
بەدوو ماچی سارد و سەرەڕۆ و
بزەیەکی نارنجی تەڕ بریم نەشکا
لەم ئێوارە شێواو و بێخوست و
ئاڵوودە و مەخموورە بە خۆرنشین

**لەکوێ پەیدابووی لەمن**
**ئەی گەردەن زراڤ**
**ئەی کەچ کولاهی من**
**گەرچی من بەو فەزا شێدار و**
**درەوشاوە بەجریوەی پڕ نسرمی دەریا ئاشنا نیم**
**ئەی بەڕۆحم ئاشنا**
**کە تۆ گرتووتە شەشدانگی ئومێد و ئیمانی من**
**ڕۆحم جودا نابێتەوە لە بۆنی دەریا**
**تا دوا سنووری نەسرەوتن**
**تا دوا تریسکەی شەبەقی ئەلها**
**گەرچی من پەروەردەم بەچرپە و بۆنی**
**پەرێزێکی پڕ فەرە قەتێ**
**شەلاڵم بە چۆڕاوگەی حەیرانێکی پیرە هەولێرێ**
**بەڵام هەر لەوساتەوەی**
**منداڵیمیان کوشت ئەلیکا**
**من بەدوای باوەشێکی پڕ گرێشمەو هەدا وێڵم**
**تێرم کا لە فێنکایی خۆشەویستی**
**هێندە بەو جوانییەت ئاشنام**
**هەر دەڵێی لەو سەری زەمەنەوە ڕا**
**ڕۆحم مەرکانێکە لەخەندەی جیلوە باری تۆ**
**هەر دەڵێی ئەو ئامێزەت**
**خەونێکی ڕاوە دوو نراوەمە و دێتە دی**
**لێم مەپرسە**
**کوێی پڕ برین نییە خۆزگەکانی من**
**لێم مەپرسە کوێی بزڕکاو نییە خەونەکانی من**
**لێم مەپرسە کوێی شەرمەزاری نییە نیشتیمانی من**
**لێم مەپرسە بۆ کاڵبوونەتەوە و ژاکاون**
**جوانییەکان لە مەرکانی من**
**ئەی قوتبی ئەفسوون و جوانی**
**هێی پڕ دەهشەتترین بیزا**
**گەرچی غەوارە و ئەغیارێکی پەککەوتەم و**
**هیوام گەڵایەکی وەریو و تۆقیوە**
**لەنێو لەپی زبری بایەکی ڕاڕا**
**بەڵام تەمەنم کۆلکەدارێکی تەڕە هێشتا**
**خەرەندی عومرم مەست و حەیرانە**
**بە هەناسەی گەڵا**
**بە شیعری تەڕ و درەخشان**
**بەجریوەی نەعنا**
**قەدەر بەزمانی پەتی ئاگر، منی نووسییەوە**
**بۆیە بێباکم لەو عیشقە پڕ لرفە و ئەنگێزە**
**وا لەکانگای ڕۆحم هەڵدەچێ**
**سێلاوی جەزبە ئەلیکا**
**شل شل وەرە بەر پەنجەرەی چاوەڕوانیم**
**با تەسکین بم**
**بەشەهدی لێو و لالەزاری ئەم ڕوومەتە ئاڵ ئاڵە**
**ئەی غەوسی من**
**ئەی دوا قەسیدە و دوا ئەدرەسی من**
**ناگەهان لەکوێ پەیدابووی لەو بەختە سیاساڵە**
**من هەرگیز ناهێڵم دڵم ببێتە بیابان و**
**شیعرم ببێ بەتاسولقەی شکاو**
**وەرە بن باڵم دەربازم کە**
**لەکۆڵانە دەیجوورەکانی میحنەت**
**ڕۆحم پڕکە لە هەدا**
**ئایندەم بڕازێنەوە بە پێکەنینی ئاونگ**
**شیعرم پڕکە لەچرپەی نیلۆفەر**
**دەنا کرمی شەختەی غوربەت**
**نیوەکەی تریشم دەخوا**
**هێی ئەلیکا**
**دوێنێ شەو ئەفرۆدێت هاتە خەونم**
**چەپکێ گوڵی خستە سەر گۆڕی قاچە بڕاوەکەم**
**گوتی نەمرە ئەو پیاوەی**
**بەکۆڵێ نژد و زامەوە**
**لەسەقەڕی غوربەتا**
**ئەسینا غەزەل باران بکاو**
**هۆمیرۆس ناچار بکا**
**جارێکی تر چاو بە ئەلیاذە دابخشێنێتەوە**
**شەهیدە ئەو پیاوە بریندارەی بەقاچێکەوە**
**توانی باوەڕ بە «زۆربا» بێنێ**
**خواو شەیتان لەیەک وشەدا کۆبکاتەوە**

(*) پۆسیدۆن لە میثولۆجیای یۆنانیدا خواوەندی دەریا بووە

(**) ئەم دێرە دەربڕینێکە بەزمانی یۆنانی مانای «ئەی مانگی من کاتێ دەتبینم ڕۆحم دەهەژێ».

– ئەفرۆدێت: خوداوەندی عەشق و جوانی بووە.


– ئەلیـاذە: داسـتـانێکی شـیـعـری کـۆنی یۆنانیـیـە لەلایەن هۆمیرۆسەوە نووسراوە.

– ئەسینا: پایتەختی یۆنانە و ناوی یەکێک لە خواوەندەکانیش بووە کە لە جوانیدا بێ هاوتا بووە.

# سێگۆشەکانی سەفەر

ڕاوێژ هیرانی
(ئەڵمانیا)


وەک پێچانەوەی {با} لە گەڵایەکدا
زەحمەتە بێ ڕەنگەکانت هەڵکەم
لەم تۆفانە
دەست لە یەکتری بەردەین
کارەساتە لەم مەرگەدا
خوێنمان لە یەکتری جیاکەنەوە!
دوورتر بڕوانە ئەو ڕەنگانەی
مناڵێک یارییان پێدەکات
قووڵتر بڕوانە ئەو عیشقەی سەفەریش نایکوژێت!}
تۆ پیرانە گەیشتییە
ئەو گۆچانە سیحرییەی
لەسەر باڵە قەقنەسییەکانی باران شکا
من لە دوای تەواوبوونی ئەو گۆرانییانەی
لە کەرنەڤاڵی پەرستگا تریفەییەکانی نەست
بۆ بە بەفر بوونی جەستە مەستەکانی
کەنار تێکئاڵان دەوترێنەوە
دوای شکانی تێنوێتی بە ڕامووسانی سەراب
دوای ئەو –با–یەی زەمەن بە فانۆس دەکا
دوای پیاسەکردنی ئەو پەپوولانەی
باڵەکانیان بۆ نیشتنەوە دۆڕاند
دوای گیرۆدەکردنی زوبان
بە ئایەتەکانی لێو
لە سروودی شەڕەکانی خاچ و ماچ
ئەی توحفەی چارەنووسی نادیار
ئەم ماچانە نغرۆی ئەم شێتییە مەکە
ئەم کریستاڵی پەنجەیە
بەو ئەڵماسە،
تەقدیسی مەشکێنە
با فرمێسکی ئەو چاوە پڕ لە وەهمەی وەسیەت
بەسەر چەتری دڕاوی هەڵم
نەکا بە باران
لە ساتێ بەفرە ئاڵتونییەکانی ناو قەدەم
زەوییەک شک نابا لە ئاگر
خەیاڵی ساردی بە قەترەیێ خوێن دادەپۆشێ
تا جوانتر بیر لە موتربەکردنی ئەو ساتە بابردەڵانە
بکاتەوە
کە سەفەر پایزێکی پڕ لە ڕەنگ بوو بۆیان



لەوەدەچێ
ئەمجارە لەو بەهەشتە بەیەک بگەین
تیایدا دەماندی
چرا بێ توانەوە ڕووناکی بەخشە و
بێ دایک و بێ یاری منداڵ خۆشبەختن و
جەستە نابێ بە گۆچانی هیچ ڕۆحێک و
تەنیا پیربوونێک.. پیربوونی ئەو ئێوارانەیە
کە ئێمە لە پەنجەرەکانەوە حەسوودیمان بە پیاسەی ئەو
پەپوولانە دەبرد
خەونیان بە گوڵێکەوە دەبینی
بە نهێنی ماچێکی بێ چاو نووقاندن بگۆڕنەوە!
من هێشتا لەو سەفەرە پەمەییە حاڵی نەبووم
کە نۆتە جەنگەڵییەکانی تێرامان
کردیان بە ئاوسانی
ئەو پەپوولە «سیسیل» ئاسایەی
بەر لە تێکئاڵانی بەو هەناسە تاریکە
بیری لە کازیوەیەکی نارنجی نارنجی
وەک ئەو قەدەرە پڕ لە سێکسییەی
هیچ لە خاچدانێکی بە ڕامووسان نەدەزانی و
بە ئاوێتەبوونی نەدەوت فەنا...
دەبێ بەر لە تەواوبوونی ئەنگۆرە
ڕۆح بە تاڵ بێتەوە لە بەتاڵی
لەوە دەچێ
من لە شەپۆلی ئەو سەفەرانە هاتبم
ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو ئەو دارستانەی دەریا
فێری پەنجە کرۆشتن و
خەمە پرتەقاڵییەکانی کردبم
من لە سەفەری ئەو قامچییە ئاوریشمیانە
ڕاهاتم لە دەستگەمەی وشە و
نەغمەی سەرابترین خەون وەخۆ کەوم
ئەو سەفەرانەی بۆنی ئەو دەرمان مێشانەی لێ دێت
کە پێشکە سەر سپییەکان
وەک عەترێ لەبن کەوشیان دەدا
بۆ ژوانی ئەو جەستەیەی
بۆ مشتێ خوێن نەدەئاوسا و
دەیگوت ....
ترافیک لایتەکانی سەفەر هەمیشە پرتەقاڵین
کۆڵانەکانی هەرگیز پاک ناکرێتەوە
لەو کوڵانەی کاتی پشکوتنیان پێیدەوتن
چاو لە بەرزی ئەسپیندار بکەن و
گلەیی لە پایزیش مەکەن
ئای سەفەر .. تۆ بەر لە سەفەر پێت دەوتین
سەفەر لەگەڵ ئەو باڵەخانانە سەختە
کە نازانن چەند ژووریان تێدایە
سەختترە لە کوژانەوەی سیگارە و
لە دابڕانێکی سنۆبەری!
من لە تاریکی ناترسم
بەقەد ئەوەی پیاسەیەکی تەنیایی
لە شۆستە قاتیلەکانی ئێرە بکەم
تۆ خەونێکی پڕ لە لەزەتی لەساتە ماسۆشییەکانی تەنیایی
من بە دابڕان ناڵێم
تۆ خۆبدۆزینەوەی کە شەڕ بە فنجانێ قاوە دەفرۆشێ
بەربوونەوەی ڕەها دەخەیتە سەبەتەی دووکەڵ
مانای کوژانەوەی یەئس نییە
گەر ئێوارەکانی ئێرە
ساتە نیوە بەسەرچووەکانیم
پێ نەکاتە تەبڵەیەکی تۆزێ بەتاڵ لە ماچ
لەو سەفەرە زیندانییەدا
لەو پێشبڕکێیە بێ دایلۆگەدا
لەو ماراسۆنە قاچاغەدا
نە تێر ئیمزای ڕەهابوون دەبم و
نە فێری زوبانی کلیل دەبی و
نە دەگەینە سنووری دەستهەڵبڕین!
ئیتر چۆن گەرەکتە بەر لە تەواوبوونی سیگارەیەکدا
دەستەمۆی دووکەڵە ڕەنگاوڕەنگەکان بیت و
شەڕ بەو گریمانە مەڕمەڕییانە بفرۆشی
کە بەر لە خنکاندا
زەخرەفەی سەرابێکی نزیکیان
لەبەر جەستە کردی.
گێسک لە خەونە مناڵییەکانی سەفەر مەدە
سەفەرەکانی مناڵی پڕە لە تانجی گۆرانی و
بە پایز بوونی شەو
ئەو جەستانە... لە پێکەنینی کازیوە دامەبڕێنە
کە دەزانی ئاوێتەبوون
کوشتنی ساتێکی باڵاترە لە سەفەر
لەم شارە گێژەرییە
ڕۆحم نابێ بە دەریاوانێکی پڕ لە هەرا
جگەرە پیرەکانی مەیتەروانان
بە سەرابترین شەپۆل بسپێری
ئەم شارە پڕە لە هەڵچوونی زەرد و
پەنجەی ئاوریشمیم لە با هەڵدەوەرێنێ
ئەم سەفەرە...
باغەوانێکی دارسێو لێ تۆراو بوو بە نیشاندەر و
دەنکە هەنارییەکانی مناڵی و
لایەلایەی سێبەری سپینداری لێکردم
بە ڕامانێکی شەکەتتر
لە مەغریبیانی ماچ
سەفەر سەمایەکی بێ جووڵەیە
لەگەڵ هەور و وەنەوشە
سەفەر ... فرۆشگایەکی دۆڵەمەنترە لە چاو
ڕامان دەگرێ و
خۆشبەختی دەفرۆشێتە پیاوە کورتەکانی گۆڕستان!
سەفەر ... تاریکترین ساتە لە بازنەیەکی ڕۆشن
سەفەر ... بەرجەستەکردنی زاکیرەی دووکەڵە
لە ساتی تەرم شووشتندا.

# ژ هەلبەستا نەمسا یا هەڤچەرخ

ئیریک فرید
وەرگێڕان ژ ئەلمانی: بەدەل رەڤو مزووری
(نەمسا)



**سێ بەر**

**هەکە ئومێد و هیڤی**
**ل نک من بمرن**
**تو بێژی ئەز دێ چەند ژیم؟**
**من پرسیارا سێ بەرا کر،**
**بەرێ یەکێ دگوتە من:**
**تە شیان هەنە چەند خولەکا**
**ل بن ئاڤێ بژی**
**ب تەمەتی وان خولەکا**
**هند سالان دێ ژی**
**بەرێ دویێ دگوتە من:**
**تو دشێی ب ئومێد و هیڤی**
**بژی**
**چەندی تە بڤێت بێی وان**
**بژی..**
**لێ بەرێ سێی گرنژی و**
**گوتە من:**
**ئەڤە رادوهستت ل سەر تە**
**کا چ دبێژیە ئەوێ ژیانێ!!**
**ئەوا تە دڤێت بێ ئومێد و هیڤی**
**بژی.**

**شارستانی**

بۆ (هانز جوست)

**گەر دەنگێ پەیڤان**
**بهێتە گوهێت من**
**مینا دەنگێ پێنگاڤان**
**وهێزا دیموکراسیێ**
**ویەکەتیا بزاڤا**
**کارکەرا**
**هینگی دابێژم**
**و تڤەنگا خو داهەلگرم**
**و من ڤەنەدشارت،**
**ئەوژی...**

**گەر من هەبا!!!**

– هانز جوست: دویماهیکترین نڤیسەرێن رژێما هتلەری بوو.. ئەوی د کارەکێ خوەیێ درامی دا نڤیسیبوو: گەر دەنگێ شارستانییێ بهێتە گوهێت من، تڤەنکا خۆ دا ڤەشێرم.

**ئاخفتن**

**بۆ وان کەسان**
**ئەوێن بەحسێ تەناهی و ئاشتییێ دکەن**
**و د بەررا بیرا تە دکەن...**
**ل سەر پاشەرۆژێ دپەیڤن**
**و دبەررا بیرا تە دکەن..**
**ل سەر مافێ ژیانێ دئاخڤن**
**و بیرا تە دکەن..**
**سەبارەت ترسا دگەل مرۆڤان**
**د ئاخڤن**
**وبیرا تە دکەن**
**ئەرێ ل دویڤ ئەڤان**
**ئەڤە دووریاتیە**
**یان راستیە؟**

**٤– خورستیا خورستێ**

**راستیێن هەلبەستێن من یێن نەمر**
**ئەز بێزارکرم...**
**ل دویماهیکێ کەنگی دێ هێت**
**سیهێت وێ و**
**خەونێت وێ و**
**درهوێت وێ؟.**

**پێکهینان**

**دبێژن:**
**هەلبەستڤانە پەیڤا**
**پێک دئینیت..**
**ئەڤە نە راستی یە و**
**هەلبەستڤانە ئەوێ پەیڤ**
**وی پێک دئینن تا ئاستەکی..**
**ئەگەر بەخت،**
**دپاخلا ویدا هەبیت**
**ئەگەر نە!!!**
**پەیڤ وێ ئازرن و**
**هەلبەستڤانی هنگڤێن.**

**٦– سەروەریا ئازادیێ**

**گەر ل ڤێرە بێژن:**
**ئازادی یا سەروەرە**
**ئەڤە شاشی و**
**سەر رێکێ دا چونە و**
**درهوە..**
**چونگی سەربەستی نە سەروەرە.**

**کەڤالێ داپوشی**

**د تاریستانا تارییێ دا**
**هەر وەکی ژنکێن خوە**
**حەژ سەربەستییێ دکەن**
**نەوێر و نە هەستدارن**
**نەشێن تەماشەی**
**بەرسینگێن ڤەکری بکەن.**

**لێدانەکا مرنێ**

**ل دەسپێکێ چاخ بوو**
**پاشی بوو مێش**
**یان ژی چێدبیت**
**مشک بیت**
**پاشی مرۆڤ بوونە گەلەک**
**ل دویڤ شیانان**
**جارەکا دی دەم و چاخ بوو.**

هەلبەستڤان: ئیریک فرید.. ل سالا ١٩٢١ ل ڤیەننا پایتەختێ وەلاتێ نەمسا چاڤێت خوە وێت ڤەکرین.
– ل سالا ١٩٣٨ بەرێ خۆ دایە وەلاتێ ئینگلستانێ و لوێری ژیا وەک هەلبەستڤانەکێ ئازا و سەربەست.
– دهێتە دانان وەرگێرەکێ زیرەک ل دویف وی بەرهەمێ وی یێ زەحف ژ زمانێن ئینگلیزی و یونانی و عبری و بۆ زمانێ ئەلمانی وەرگێراین و وەکو بەرهەمێن (شکسپیر، دیلان، ت. س. ئەلیوت، سیلڤیا بلات، هتد)
– گەلەک دیوانێن شعری وێت نڤیسین و هەستێن مرۆڤایەتی یێن نازک و ئەڤینا مەزن و هەمی رەنگێن خەباتێ و شورەشگێریێ د شعرێن ویدا دیارن و ب کورتی ئەڤە ناڤێن هنەک بەرهەمێن وی نە:

- سەربازەک و خانمەک (رۆمان) ١٩٦٠ هامبورگ.
- رزگاربوون ژ مشەختبوونێ (شعر) ١٩٦١ هامبورگ.
- ١٠٠ هەلبەستێن بێ وەلات ١٩٧٨ بەرلین.
- دژی ژەهرێ (شعر) ١٩٧٤ بەرلین.
- سەربەستی ئەزمانی رزگاردکەت (شعر) ١٩٧١ بەرلین.
- سێبەرا ئەڤینێ– ١٩٨١ بەرلین
- هەلبەستێن ئەڤینێ– بەرلین ١٩٧٩ و هتد.

# ڕەش ڕەش وەک قەتران

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

بۆ برادەرم جەلیل کاکەوەیس ـ ی چیرۆکنووس



لەو ژاوەژاو و ئاپوورە تێکچڕژاوەدا، وەک لەو زیاتر کەسێ نەبینم، سەرنجم لەو گیربوو. چوون گرتەی کامیرایەکی خێرا، دوو سێ سەرنج و هۆشم دایێ.. لەو کاتەدا بیرم لەوە نەکردەوە بۆ وا لەناو ئاپوورەی شەقامەکەدا تەنیا سەرنجم لەو گیر دەکەم. بە تاقی تەنیا لەسەر دیوارە نزمەکەی تەنیشت «قەڵا» ڕوو لە «خاسە» دانیشتبوو، ئایا جۆری دانیشتنەکەی بوو، بزە شاراوە تێکەڵ بە سەرسوڕمان و شڵەژانەکەی، یان دوورە پەرێزییەکەی بوو وا سەرنجمی ڕاکێشا، یان ئەمانە هەمووی پێکەوە بوون وا لە پڕێکدا ساڵانێکی دوور و درێژی پێ تەی کردم و لەو یەک دوو گرتە کورت و خێرایانەدا هەموو ئەو ڕۆژانەی لەلا زیندووکردمەوە. خۆ ئەمە یەکەم جارم نییە ئەو هاوڕێیەی منداڵیمە بێتەوە یادم.

هەر کاتێک، بێ وەخت و ناوەخت، تەزووی خۆشی و ناخۆشی ئەو ڕۆژگارانە ختووکەو نوقورچیان ناخمیان هەژاندبا لە سووچێکی لێڵی ئەو یادەوەرییانەمدا، ئەوم دەدی، لەناو منداڵە لاسار و دەست قڕێژاوییەکانی ئەوێدا «کەرەم»م لە هەموویان زیاتر بەزەقی دەهاتە بەرچاو. ئەوکاتانە چۆنم دیبوو، ئاوام دەدیت، منداڵێکی بنێسی ڕەنگ زەرد، جێ زامێکی قووڵ بەسەر گۆنای چەپییەوە، هەر وەک بەچەقۆیەک هەڵکەنرابێ. لە کاتی یاری کردنیشیدا تۆ وات دەزانی بیر لە شتێ دەکاتەوە، ئەگەر یاریشی نەکردایە، ئەوە کوتومت وەک گرتەکانی ئەم ئێوارەیەم، کپ و بێ دەنگ، خۆزی چاوی دەهێنایەوە یەک و دەمیشی کەمێ دادەپچڕی و بۆ دوور دەیڕوانی، لەوە دەچوو لەو کاتەدا شتێک ببینێ کە ئێمە نایبینین.

خۆیەتی، دڵنیام کەرەم خۆیەتی، ئەم ئێوارەیە، لە جارەکانی پێشوو ڕوونتر و وردتر ئەو ڕۆژگارانەم کەوتە

بەر زەین. هەمـوو ڕۆژێ عـەسـرانێکی درەنگ، هەندێ جـاریش خـۆرەزەردە، پەلەپروزێمـان بوو تا بەر لە هاتنی شەمـەندەفـەرەکە بگەینە لای هێـڵـە ئاسنینەکـە، لەوێ چاوەڕێی تێپەڕبوونیمان دەکرد.

ڕادەوەستاین تا تێدەپەڕی، ئێستاش نازانم بۆ وامان دەکــرد. هەر کــە لە دوورەوە دەمــانـبــینی ترس و هەڵچوونێک دایدەگرتین، دڵە کوتەمان پێدەکەوت. لەچی دەترسـاین. زۆری نەدەبرد، بە فـیـشـک و هوڕ، گـرمـە و ناڵە، قوقەی زیکن و درێژی وەک ئەژدیها بۆمان دەهات و تێدەپەڕی.

سەرمان دەسوڕما لە گرمە و فیشکە فیشک و هەڵمی شـینـباوی ئەمـلاو ئەولای، لە دووکـەڵی ڕەشی قـەترانی دووکـەڵکێشـەکەی. کە دەهات تا دووریش دەکـەوتەوە، ئێوارەکەی، ئەو دەشـتـاییەی، بێ دەنگی دەووروبەرەکەی دەشڵـەقـاند و بەسەر یەکیـانی دادەدا. کە دوور دووریش دەبووەوە ئەوە کـپی و بێ دەنگیـیـەکی سـەیر ئەو ناوەی هەمدیس دەگرتەوە، ترس و سەرسامی و هەڵچوونەکەی ئێـمـەش بەرەبەرە دەڕەوییـەوە. بەخـۆ دەهاتین، هەر وەک هیچ ڕووی نەدابێ، هەموو شتێکمان بیردەچووەوە. تەنیا ئەم «کــەرەم»ی هاوڕێمــان نەبێ، لەسـەر هێـڵــەکــە دادەنیشت، هەر لە دانیـشـتنی گرتەکانی ئەم ئێـوارەیەم دەچوو، لە کەنار هێڵە ئاسنینەکە پێی لێ درێژ دەکرد، وەکو هەموو جارێکی چاوی کەمێ دەهێناوە یەک و دەمی درزێکی تێـدەکـەوت، شتـێک، تێکەڵـێـیـەک لە ترس و شـڵـەژان و بیـرکـردنەوە دەچوو لە ڕوویدا دەردەکـەوت، سەرنجی بە دوای شەمەندەفەرەکەدا دەنارد، تا لە چاو ون دەبوو، لەو دەشــتــاییــەدا دەبووە دەزوویەکی ڕەش. لەپڕ دەیگوت:

– دەزانن؟

– چی! هەموومان بەیەک دەنگ وامان دەگوت.

– من، لەو شوێنەوەی شەمەندەفەرەکە بەڕێ دەکەوێ، تا دەگـاتە ئەو جێگایەی کـە ئیـتـر ناتوانێ بڕوا و ئا لەم ئاسنانەی بۆ نەکراوە هەر لەبەر چاومە.

ئێـمـە پێی پێـدەکـەنین. حـەزیشـمـان دەکرد بەر لەوەی تـاریـکـی دابێ بـگـەڕێـینـەوە. ئەو هەر ئـاراســــتــــەی ڕوانینەکــــەی نەدەگــــۆڕی، هەر وەک تەمــــاشـــاو لێ وردبوونەوەی ناو گرتەکانی ئەم ئێوارەیە دەیڕوانی.

– دەزانن؟

– چی!

– من ئەوانەی ناو فــارگــۆنەکــانیش دەبینم و دێنە بەرچاوم.

ئێمە هەر پێدەکەنین. ئەو بەردەوام دەبوو.

– دەیانبینم چۆن چۆنی هەر بە دانیشتنەوە دەچنە باری خــەوەکــوتکەوە و دواجــاریش دەکــەوتە پرخــە، هەندێ جاریش بۆ تارمـاییی سەرشـووشـەکـەی خۆیان دەڕوانن، هەشیانە، بێ ئەوەی هیچ ببینن بۆ دەشتاییەکەی ئەو دیو پەنجـەرەکـە دەڕوانـن. من، تەنیـا جـارێک لەسـەر تەختـە دارینەکانی ناو فارگۆنەکان دانیشتووم، هەر تەنیا جارێ، لەبیـرم نییـە دایکم بۆ کـوێی دەبردم. حـەزم لێ بوو خـۆم لەسـەر شووشـەکـە ببینم، بۆیە کە لەسـەر شووشـەکـە هەر تەماشای خۆمم دەکرد، بەخۆمدا دەمڕوانی، سەیر لەوەدا بوو، جـارجـارە بۆ مـاوەیەک خـۆمم لێ ون دەبوو، خـۆمم لەسەر شووشەکە نەدەدی، لە نکاوێکدا پەیدا دەبوومەوە، کە دیار نەدەمام بۆ کوێ دەڕۆیشتم. پاش کەمێ وەستان:

– دەزانن؟

– چی!

– ڕۆژێ دێ ئەم ئەژدیهـایە، یەکـەیەکـە لە شـوێنێکەوە هەڵمـان دەگـرێ و دەمـانبـا... جـا ئەو کـاتە هەریەکـە و دەکــەوینە وڵاتێ... من، من شــتی ســەیر و ســەمــەرەی دیکەش دەبینم، دەترسم هەموویانتان بۆ بگێڕمەوە.

ئێـمـە بە ترسێکەوە دەورەمـان دەدا، ئەو هێـشــتـا هەر باری دانیــشــتنەکــەی خــۆی تێک نەدەدا، کــە هەر لە دانیــشـــتنەکـــەی ئەم ئێـــوارەیەی دەچوو، برژانگی، ڕوانینەکەی، دەمی، وەکو ئێستای.

ئێمە چاومان لە دەمی بڕیبوو شتی تر بڵێ:

– بینیــتــان دوای ئەو قــوقــە درێژەی چ دووکـەڵێکی ڕەش ڕەش وەک قەترانی دەردا؟

وتمان «ئا» بینیــمــان. دوای ئەوە نـاومـان لێ نا «ڕەش ڕەش وەک قەتران»

– ڕۆژێ دێ قیـژەیەکی وەک ئەمە و دووکەڵێکی ڕەشی ئاوا لە هەموو ماڵەکانەوە بەرز دەبێتەوە.

چاکم لە بیرە، ئەو کاتە کەسمان نەمانگوت: کەی؟ بۆ؟

ئەو ئێوارەیە کەرەمم بینی، بۆ شەوەکەی ئاوا چل ساڵی لەمەوبەرم وردو بـاریک بیرکـەوتەوە، ئەوەی نەکـەوتە بەر زەین و خەیاڵم لە خەوندا بینیمن.

ئەم ئێـوارەیەش هەمـدیس، وا لە هەمـان شـوێن و هەمـان

تەور پشتی داوەتە قەڵاوە و ڕووی لە خاسە کردووە.
- نامناسیتەوە؟
- ...... .
- ڕەش ڕەش وەک قەتران.
چاوی کەمێ کردەوە، کتێبەکەی دەستی لە جانتایەکی بچکۆلە ناو تەماشایەکی لابەلای کردم.
- تۆ، تۆ...
- هاوسێکەتان، کوڕەکەی حاجی محەمەد..
من پەلەم بوو شتێکی لێ دەرهێنم، گورج پرسیم:
- ئێستاش هەر وەک ئەوجا... بۆم تەواو نەکرا چۆنی بلێم.
بە خۆ لێڵ نەکردن و سەنگییەکەی ئەوجایەوە:
- ئا.. ئێستا هەموو ڕۆژێ دێمە بەر ئەم قەڵایە. ئەم قەڵایە دیمەنی دڵتەزێنی ڕابردوو و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی بانەڕۆژی ئەم شارەم پێ نیشان دەدا، خۆزی زمانی دەبوو و دەهاتە گفت..
- وا بۆ دوور چاو هەڵدەخەن ئەم تەلار و خانووانە بەرچاوت ناگرن، خۆ دەشتاییەکەی لای خۆمان نییە تا..
- من چیم داوە لە تەلار و باڵەخانە، ئەمانە ناتوانن لە دیتنم بخەن و بەرچاوم بگرن، بەمانە بەرچاوی من ناگیرێ. ئا لێرەوە، بەر لەوەی تۆ بێی، بەلای خۆرئاوادا دەستە دەستە لەشکری بێ شومارم دەدی، ڕەخش و جلوبەرگی سەدان ساڵ بەر لە ئەمڕۆیان پۆشیوە، بەزین و نەرمەزینی ئەسپەکانیانەوە وێنەی «مەڕی سپی» و «مەڕی ڕەش» نەخشێنراون.
من ترس و پەژارەی ئەم خەڵکەمە، هاکا هاتنە شارەوە.
ئەم خەڵکە لەژێر سمی ئەسپەکانیاندا ورگیان هەڵدەدڕێ.
کە بەرەو ئەو خوارەش دەڕوانم، تا، چاو بڕدەکات، تا، دەگاتە دەشتاییەکەی لای خۆشمان هەروا شیر بە دەستە لەو ناوە مۆڵگەیان داوە. خۆ دەبینی ئێرەش بەکراسی ڕەنگاڵەی زەرد و سەوزەوە خەریکی چین.
من، بۆ ئەوەی زیاتر بیوروژێنم و هەندێ لەوانەی دەیبینی بۆم بگێڕێتەوە گوتم:
- تۆ ئەم مەتەڵانە چۆن ڕێک دەخەی. ڕەنگە بۆ یەکێکی نەناس بیگێڕیتەوە...
نەیهێشت من تەواوی کەم، خۆی گورج هەڵیدایە:
- بەشێتم بزانێ و بەرد بارانم بکەن... من گوناهم نییە، وای دەبینم، ڕاستیت دەوێ حەزیش ناکەم بیانبینم، من ئەم دیتنانە ژیانی هەراسان کردووم، هەمیشە لە دڵە ڕاوکێدام، زیاتریش خەمی بانەڕۆژمە، ئەگەر ئەوانەی ڕابردووم بۆ لەیەک جیا دەکرێتەوە، ئەوە ئەمیان هەمیشە لێڵ و نادیار دەبینم، ڕەنگەکانم بۆ لێک جیا ناکرێتەوە... بەکورتی نادیار و ئاڵۆزی دەبینم...
بەو قسانە منیش داچڵەکیم، خەمێک لە ناخمدا چەکەرەی کرد، تۆ بڵێی؟ ئەو وەک هەستی بە نارەحەتییەکەمی کردبێ پرسی:
- تۆ قەت لە بەهاراندا، «خاسە»ت، ئاوا بینیوە میزاوێکی بۆگەنی پێدا بڕوا؟ دەزانی بۆ؟ ئا، ژمارەیەکی زۆری ئەم تڕ زلانە لەم شارەدا پەیدا بوون، فیل بەخێو دەکەن، ئاوەکەش هەر بەشی ئەو فیلانەیە، ئەوەی لەبەر دەستیان دەمێنێتەوە ئەم میزاوەیە کە دەیبینی، ئەویش دانیشتوانی خانووە لە تەنەکە دروستکراوەکان ئەمەشیان بە زەحمەتی دەست دەکەوێت.
- تا ئاوەکەش من حەزم دەکرد لە بارەی ئەم شارەوە زۆرترم بۆ بڵێی...
- ئەم شارە، ئەم شارە... ئەی من باسی چیم بۆ دەکردی؟
وای گوت و کەوتە بارە ئاساییەکەی خۆیەوە، چاوی هێناوە یەک، لە نێوان برژانگەکانییەوە، ڕۆشناییەک چریسکایەوە، زانیم چاوی ئاوی تێدا زا، ها ئێستا ها نەختێکی کە سەر دەکات. بە ئاستەمیک لە چپە دەچوو:
- باشە، من هەموو ئەو بینینانەم نووسیوەتەوە، سبەی وەرە و دەتدەمێ.
کە هێنای ئەوا منیش وەک خۆی دەیخەمە بەرچاوی دۆست و دوژمن.

**ئاداری ٢٠٠٨ هەولێر**

# ئەفسوونی دارهەنارەکە

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**



«پرژەکانی ئاو لە سەر لەشم ترسێکی ڕووتن، بە لەشمەوە موچڕکێکی سامناکن، هێدی هێدی شێ هەڵدێنن، بێ دەنگ و کپ. ئەمە لە قەوزەی بەجێماوی دڵۆپەکانەوە فێر نەبووم، لە هەڵزڕانی پێستی شێدارمەوە بۆم دەرکەوتووە. ئەوەتا لە بیرمە ئاو هەمیشە دوژمنی فێداری هەر دوو دیوی جەستەم بووە، بە دیوێکدا ترس و بەو دیویشدا گومان، گومان لەوەی کە ئایا دڵۆپەکان بۆ هەمیشە بە ناو پێستمدا ڕۆ دەچن و ترسیش لەوە کە ئەم وەهمە شێدارە ڕەخنە بکاتە ناو ڕۆحمەوە و جێ خۆش بکات و ئیتر قەت نەیەتەوە دەر. ئاو هەمیشە ئەم خەسڵەتانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمانە سیفاتی سەرەکی ئاو بوون، لە ئەزەلەوە!»

ئەمە ئەو دەیڵێت، ئەو لە ڕووتانەوەی دارهەنارەکان دەترسێت، دەڵێ دارهەنارێکی ڕووتم وەک پیرێژنێکی قژ ئاڵۆزاوی ڕەنگ خۆڵەمێشی دێتە بەر چاو و هەر بۆیەش پیری خۆمم لە زەیندا نەخش دەبێت، پیری دایکمم لە زەیندا نەخش دەبێت کە لە ناحەزترین شتی ئەم جیهانە ناحەزتر بوو، ئیتر ئەوکات دیسان دارهەنارەکانم بە زەیندا دێنەوە، ئەو دارهەنارەم بە زەیندا دێتەوە کە هەندێک جار دایکم لەگەڵیدا دەبوو بە یەک و لێک جیا نەدەکرانەوە، دایکم بە قەدی دارهەنارەکەدا ڕۆدەچوو. من تەنانەت زاتی بڕین و لەناوبردنی ئەو دارهەنارەشم نییە!

من هەمیشە ترساوم، لە ڕووت بوونەوەی شتانێک ترساوم کە لە ڕووناکی ڕووناکترن، لە شووشە زوڵاڵترن و لە ئاو پاکترن، ئەوان شتێک لەگەڵ خۆیاندا بەکێش دەکەن کە نابیندرێ، بەڵام هەست پێ دەکرێت، شەبەنگێک لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و خەرمانەیەک بە دەوریانەوەیە کە بە ڕۆحدا ڕۆ دەچێت، هەربۆیەش کاتی باران من ئەو شەبەنگە خەرمانەیە بە دەوری

دارهەنارەکەوە دەبینم.
کاتێک کە دەنگی باران دێت، لە سەربانەوە، یان لەودیو شووشەی پەنجەرەکەوە، من پەردەکان دادەدەمەوە هەر بۆ ئەوەی ژوورەکەم بێ نوورترین ژووری دنیا بێت و لە هەر جۆرە زولاڵی و پاکی و ڕۆشناییەک بشۆرێتەوە، هەر بۆ ئەوەی ژوورەکەم تاریکترین ژووری دنیا بێت، چما پاکی هەر تەنیا لە تاریکیدا بەدی دەکرێت، ئیتر ئەوکات من لێرە، لە پشت مێزەکەمەوە، سەر دادەخەم و هێواش دەگریم، ئاخر لەو کاتەدا بیرەوەرییەکان تۆخ دەبنەوە و جموجۆڵ دەکەن و ڕووت دێنە بەر چاو و هەر ئەوەش زراوم دەبات، بیرەوەرییەکی ڕووت هەموو یادەوەری داگیر دەکات، ئەمەش واتە هیچ، واتە تەواو، یانی تۆ هیچت بۆ گوتن پێ نەماوە، جگە لەو بیرەوەرییە ڕووتە هیچت لە زەیندا نییە کە بیری لێ بکەیتەوە، ئەمانە زۆرن و بێ نموود، ئەمانە خەزەڵوەری دڵن و گەڵاڕێزانی ڕۆح!
ئەو دەڵێ جارێکیانم دێتەوە یاد لە زانکۆ مامۆستای ئەدەبیات لە تەواومانی پرسی کە ئەگەر ئێستاکە داکاتە باران و ئێوەش ڕێبوارێکی بێ مەنزڵ بن، یان چاوەڕوانێکی ئەودیو شووشەی پەنجەرەیەک، یان هەر جۆرێک کە خۆتان لە خەیاڵتاندا دەیشوبهێنن، حەز دەکەن لەو کاتەدا چ کارێک بکەن یان چ هەستێک بەرۆکتان دەگرێت، منیش گوتم من هەمیشە کاتی باران سیگارێک دادەگیرسێنم و ئەوسا لەناکاو تەواوی هاوپۆلەکانم هەڵگەڕانەوە و بە سەرسوڕمانەوە سەیریان کردم و منیش هەر لەوێ جگەرەیەکم داگیرساند بێ ئەوەی لێزمەی بارانێک بەڕێوە بێت و دواتر کە لە پۆلەکە هاتینە دەرەوە بارانێکی لەناکاو دایکرد و ئیتر من سەرلەنوێ بەپەلە هاتمەوە ژوورەکەم و تاریکستانەکەم بەرپا کرد و دیسان لە پشت مێزەکەمەوە هەنیسکم دا و بیرم لە دارهەنارەکە کردەوە و لەو دڵۆپە بارانانەی کە جگە لە پیسی و چەپەڵی هیچی تریان پێ نەبوو.
جارێکیان گڤەی با دەهات، لە درزەکانی پەنجەرەوە شنەی با دەهات، بەڵام پەنجەرەکان ڕووت نەبوون، ئەوان پۆشتەی پەردەیەکی ئاوریشمینی گوڵ پەمەیی بوون لە ڕەنگی خەونەکانی کچێکی نابینا و کوێر... من وەک هەمیشە لەودیو شووشەی پەنجەرەکەوە بووم، بەڵام باران نەدەباری و چاوەڕوانی هیچیش نەبووم. ئەو لە پلیکانەکان سەرکەوت و تەقەی دەرگاکەی دا و منیش دیسان وەک هەمیشە ترسام، ترسام لەوەی کە دەرگاکە بکەمەوە و ئیتر ئەویش هەروا لەودیو دەرگاکە مایەوە و منیش لەمدیو شووشە و پەردەی پەنجەرەکە مامەوە و هەرگیز دەرگاکەم نەکردەوە و ئیتر ئەویش سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی و هەرگیز نەگەڕایەوە. ئەو تەنیا کەسێک بوو کە لە ژیانمدا پێوەندیم لەگەڵیدا بووە و تەنیا کەسێک بووە کە زۆر شتی منی هەست پێ کردووە.
ئێستا ئەو ئیتر زۆرم لێ دوور کەوتۆتەوە، وردەکارییەکانی دەم و چاویم لە بیر نەماون، تەنیا دیمەنێکی لێڵ لە ڕوخساری لە یادەوەریمدا خۆ دەنوێنێت، دەڵێی دەیناسم و نایناسم، یان کەسێک کە هەر تەنیا جارێکت دیبێت و بەس، یان شێوەی کەسێکی ناو خەون یان بیر کردنەوە و دارشتنەوەی ڕوخساری کەسێکی ناو چیرۆک، ئەو ئاوای لێ هاتووە لە لام. گوتم تەنیا دیمەنێکی لێڵ لە ڕوخساری لە یادەوەریمدا ماوەتەوە، لەوانەیە زەینی من تەم گرتبێتی!... بەڵام دەنگی، مووبەموو دەنگیم لە بیرە ـ هەروەک چۆن تەواوی وردەکارییەکانی خرمەی باران دەبیستم ـ هەر ئێستایە و باسی هەموو شتێکم بۆ دەکات، تەنانەت ئەگەر بە چپەش بێت دەنگی دەناسمەوە، هەربۆیەش ئەگەر تەنیا یەک جاری دیکە گوێم لە چپەی بێت شێوەی ڕوخساریم بە جوانی بە یادا دێتەوە... ئەمەیە کە من هەمیشە بیر لە دەنگی دەکەمەوە. لەوانەیە ڕۆژێک چپەیەکیم بەر گوێ کەوت و ئەوسا سەرلەنوێ وردەکارییەکانی ڕوخساری دادەڕێژمەوە، سەرلەنوێ پڕ دەبمەوە لە دەنگ و ڕوخساری ئەو!
هەر ئێستا دێتەوە یادم، لە بیرمە، چاوەکانی لە سەگ دەچوون، سەگێکی شیرین، سەگێک کە چما چاوەکانیان لە هەنگوین دروست کردبێت. ئێواران چاوەکانی لە کۆڵانی دارستانێکی پاییز دەچوون پڕ لە گەڵای وەریو، بەیانیانیش لە دەشتێکی بەهاری کوردەواری پڕ لە گوڵەزەردە!
ئەو دەڵێ مرۆڤ بۆ ئەوەی ئارامی وەدەست بێنێت دەبێ پەنا بباتە بەر بیابان، یان بچێتە ناو گۆڕ، چونکە ئارامترین و بێ دەنگترین شوێنی دنیان، بەڵام هەندێک کەس هەر نیازیان بە سوکنایی و ئارامیش نییە، بە پێچەوانەوە دەبێ بەردەوام ئاڵۆز و شپرزە بن، ئەوان بەم

دۆخەوە زیندوون. ئەوانە کەسانێکن کە هیچ شتێک لە لایان جوان و خۆشەویست نامێنێتەوە، تەنانەت پاییزی ترین چاوی ئافرەتێک، یان پاکترین ئاوی دنیا، یان بێ خەوشترین منداڵی سەر زەوی، یان میهرەبانترین دایکێک کە هەر تەنیا لەبەر ژیانی کۆرپەکەی ژیابێت!

بەڵام من چاک دەزانم کە دایکم قەت لەبەر ژیانی من نەژیا، ئەو تەنیا بۆ ئەوە ژیا کە دەست بە قەدی دارهەنارەکەوە بگرێت و بە قەدی دارهەنارەکەدا ڕۆبچێت.

دایکم و باوکم ساڵانێکی دوورە کە مردوون و لە زەینی ئەم دارهەنارە و ئەم باخستانە و لە زەینی منیش پاک بوونەتەوە، ئیتر ئێستاکە ئێرە ئەوەندە چەپەک و تەریک و پەراوێزپەسندە کە چما تەواوی تەنیایی دنیا ئا لێرەدا کۆبۆتەوە، چما ئێرە جگە لە لەتێک ئاسمان هیچی دیکەی پێ نەبەخشراوە، ئەویش ئاسمانێکی یەکدەست و یەکڕەنگ و چۆڵ و خاڵی و داتەپیو، کە لە یادەوەری هەرچی هەور و هەتاو و مانگ و باڵندە و ڕەنگی شینە پاک بۆتەوە.

ئێوارە و بەیانانی ئەم باخستانە هەمیشە شێدارە، من تەواوی چرکەکانی ئەم باخستانە ژیاوم، بە سەوز و زەرد و خۆڵەمێشییەوە، چما هەمیشە خۆڵەمێشی دێتە بەر چاو و ڕەنگەکانی تر کاڵەوەبوون. تەنانەت هەندێک جار بووە کە خودی هەنارە گەیشتووەکانیش هەر ئەو ڕەنگەیان لێنیشتووە و هەندێکیش گوتوویانە گوایە زەینی من هەر توانای هەست کردنی ئەم ڕەنگەی هەیە و ئیتر بۆیەش من هەر باخستانێک بەو ڕەنگەوە دەناسم: سامناک و سەرسوڕهێنەر!

ئەمانە کە دەگێڕمەوە پێم پێناکەنن، خۆ نەبان دەکەن و دواتر پەرتەوازە دەبن، چما ئیتر کەسێک گوێ لەمانەم ناگرێت، وەک ئەوەی لەم جیهانەدا هیچ کەس نەمناسێت جگە لە دارهەنارەکان، هەنارە خۆڵەمێشییەکان!

ئەو دەڵێ هەر کاتێک بیر لە باوکم دەکەمەوە نەفرەت بۆ تەواوی پیاوانی دنیا دەنێرم، بیر لەوە دەکەمەوە کە زانستی پزیشکی بۆ ئەوەندە بێ کەڵک و بێ دەسەڵاتە کە ناتوانێت ڕەگەزی پیاوێک بگۆڕێت و ئیتر ئێستا من لە پیاوەتی خۆم شۆرابامایەوە. ئاخر چەندە سامناک و دڵتەزێن و کوشندەیە کە ئینسان لە پیاوەتی خۆی بترسێت، لە نەترسانی خۆی سڵ بکاتەوە!

من هەر لە سەرەتاوە وەکو باوکم تەنیا بووم، باوکم لە تەنیایی نەدەچووە گیان گوڵەکانی باخچە، سیگاریشی نەدەکێشا، لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد، لە ژێر لێوەوە، هەندێک جاریش بە دەنگی بەرز. لانی کەم من باوکمم بەم تایبەتمەندییانەوە دەناسی، ئەمە تەنیا شتێکە کە لە باوکم پێم گەیشتووە.

باوکم دەیگوت کە دایکم زۆر جوانە و هەموو پیاوانی ژێر دارهەنارەکەش هەر وایان دەگوت، کەچی من هیچ شتێکم لە جوانی دایکم بە یاددا نایەتەوە.

ئێستاش من بۆ ئەوە زیندوو نیم کە کەڵک لە جوانییەکان وەرگرم، بەڵکو بۆ ئەوە دەژیم کە حەز لەو ناحەزییانە بکەم کە هەن. ئاخر جوانی یەکەمین و گەورەترین ناعەدالەتی جیهانە! ئەو خەونە دۆڕاوەیە کە مرۆڤ لە منداڵییەوە دەیبینێت. هەموو شتێک لەم جوانییە نەگریسەوە دەست پێدەکات، هەموو ئاژاوەکان لە ئەوەوە ڕێ دەگرن. ئەو سەرچاوە و پێگەی تەواوی گرژی و ئاڵۆزی و بێ نەزمییەکانە. سەرەتای هەموو کێشە و شەڕ و پێکدادانەکان و هۆکاری تەواوی قڕە و هەرا و ململانێکانە. جوانی سەرچاوەی تەواوی ناشیرینی و ناحەزییەکانە!

ئەو دەڵێ لە ژیانی هەر کەسێکدا هەر نەبێت چرکەیەک هەیە کە ئەگەر ئەو چرکەیە بۆ تەواوی خەڵکانی دنیا بگێڕیتەوە، تەنانەت کەسێک پەیدا نابێت کە باوەڕت پێ بکات، من ئەو چرکەیە ژیاوم، بەڵام گرنگ لێرەدایە کە لەوە بەدوا ژیانت دەبێت بە بیرکردنەوە لەو چرکەیە، لەو ساتە نەگریسە کە بە ناو ڕۆحتدا ڕیشاژۆ دەکات و چرکەکانی دیکەی تەمەنت دەتەنێتەوە.

ساڵانێکی دووری لەمەوبەر، ئەوکاتەی کە هێشتا پڕژەکانی ئاو لە سەر لەشم ترسێکی ڕووت نەبوون، بە لەشمەوە موچڕکێکی سامناک نەبوون، ئەو ساتانە هێشتا زەینم هێندە کراوە نەبوو کە هەست بە ڕووتی ئاو بکات، جارێکیان باران دەباری و دارهەنارەکەی حەوشە شەڵاڵی پڕژەکانی ئاو بوو، دایکم بە لەشێکی ڕووتەوە لە ناو حەوشە، دەستی بە قەدی دارهەنارەکەوە، یەکێک لەو پیاوانەی هەمیشەی ناو حەوشەش دەستی بە قەدی دایکمەوە،... چ چرکەیەکی موچڕکاوییە، چ ساتێکی نەفرەت ئەنگێز!... ئەو کابرایە لە دواوە خۆی بە دایکمەوە دەچەسپاند و دایکیشم بە قەدی

دارهەنارەکەوە، دایکم بە قەدی دارهەنارەکەدا ڕۆدەچوو، منیش هەروەک ئێستا لە پشت شووشەی ئەم پەنجەرەوە سەیری ئەو دیمەنەم دەکرد و نەمدەزانی کە مرۆڤ لەو کاتەدا دەبێ چی بکات، یان دەبێ چ هەستێکی هەبێت هەروەک تا ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆتەوە. من ئەو کاتانە زۆر بچووکتر بووم لەوەی کە هەستی لەو شێوە لێک بدەمەوە، بەلاّم ئەوەندەم لە بیرە کە سەرەڕای ئەو هەموو ترسەی کە سەراپای لەشمی کردبووە موچڕک، حەزم دەکرد هەروەک ئەو پیاوە بوایەم، ئینسان بە دەستی خۆی نییە، چونکە هەر لەو کاتەوە حەزی لە ڕووتییە، ئەو پیاوە هەر جارێک کە خۆی بە دایکمەوە دەچەسپاند، من سەرەتا چاوەکانم دەنوقاند و هەموو گیانم دەکەوتە لەرزین و پاشانیش حەزم پێی دەهات، حەزم دەهات بە کاری لە شێوەی کاری ئەو پیاوە. من وەک ئەو نەبووم، بەلاّم لەو دیمەنی ئەو و دایکم قەت تێر نەدەبووم.

ئێستاش بەردەوام لە خەونەکانمدا دیمەنی دایکم دەبینم کە دەستی بە قەدی دارهەنارەکەوەیە و بە بەرچاوی منەوە ئەو پیاوە چەپەڵ و نەگریسە لە دواوە پێوەی چەسپاوە و هانکەیەتی!

ئێستا هەمیشە وا هەست دەکەم کە خەنجەرێک هێواش هێواش، کرپ کرپ بە سینگمدا دەڕواتە خوار، ڕۆدەچێ و دەگاتە سەر دڵم و دیسان هێواش هێواش گۆشتی تورتی دڵم و ماسولکەکانی لێکبەر دەکات و دەپیچڕێ و دەگاتە هەناوم، یان وا هەست دەکەم کە بەرەوددم بەسەر ئاوێکەوەم و دیسان هێدی هێدی بە ناویدا ڕۆدەچم و ئیتر تەواوی ئاوەکانی دنیا بۆ ناو سینەم هورووژم دەکەن!

ئەو دەڵێ دایکم و باوکم کە مردن من دەمتوانی ئەم باخستانە و ئەم دارهەنارە نەفرەتییە بەجێ بێڵم و تەنانەت لە یادەوەریم پاکیان بکەمەوە، بەلاّم مرۆڤ هەمیشە لە فەرامۆش کردنی دوو جۆر لە شتەکاندا ناتەوانە، ناتوانێ دەستیان لێ بەردات. یەکیان شتانێک کە زۆر خۆشەویستن و یەکیشیان ئەو شتانەی کە زۆر نەفرەتی هەیە لێیان، بەلاّم دۆخەکە بۆ من لە جۆری دووهەمە، چما هەر هیچ شتێکی خۆشەویستیش لە لای من نەماوەتەوە و ئەم وشەیە بۆ هەمیشە لە یادەوەریم پاک بۆتەوە. ئەمەیە کە من بەم شوێنە و بەم پەنجەرە و پەردە و باخستان و دارهەنارەوە لکاوم و قەت ناتوانم لێیان جیا ببمەوە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێکیش ببنە هۆی لەناوچوونم. چما ئەم دارهەنارە بێ فەڕە ئەفسوونم دەکات و ئەم باخستانە نەفرەتییەش هەر تەنیا بۆ ئەوە دروست کراوە کە من پاک بکاتەوە.

لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا ئەو دەڵێ شەو بە هزر و خەیاڵەکانمەوە دەتلێمەوە و ئەوکات خەوم لێدەکەوێت و خەو دەبینم، خەونی کەروێشکەی گەنمەجارێکی بەهار، دوور لە ڕووتانەوەی زەوی!

ئەو لە ڕووتبوونەوەی هەموو شتێک دەترسێ تەنانەت لە ڕووتکردنەوەی خۆیشی. دەڵێ کاتێک دەمەوێ جلەکانم بگۆڕم خۆم دەکەم بە ناو ژوورێکی تاریکدا، یان کە دەمەوێ ئاوێک بە خۆمدا بکەم گڵۆپی حەمامەکە دەکوژێنمەوە.

**پاییزی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧**

# گەورێ

**سەلاحەتین بولوت**
**(ستەنبۆل)**



وەختا ل بەر چاڤێن وێ دەستێن مێرێ وێ کەلەمچە دکن و دشێنن ئەسکەریێ، گەورێ هێ بووکا دو مەهی یە، ل سەر ئیستاسیۆنا ترینێ یا دیاربەکرێ گاڤا ئوورینی ب ترێنا سەوقیانێ دکەڤە، دکە فشەفش و ب رێ دکەڤە، ئەو روویێ خوە ب قەرامپووشکان خێزخێزی دکە، پۆرێ خوە تەڤ دە هلدکە، ب تەپکان ب چونگێن خوە، ب کولمکان ب سینگا خوە دکەڤە، ب دوو دە باز ددە، دبێژە و دبلینە:

مارێ رەش، مارێ رەش، تە چەر خۆرتێ مینا بەرانەکی ژ خوە رە داقورتاند و تو چووی!

ژ وێ رۆژا کو سەبرا دلێ وێ بربوون و ب ڤر دە وەک ئاگر د داوێ دە بە، تەباتی نەدهاتێ. تاما دەڤێ وێ خەرا بوو بوو و تو تشت پێ خوەش نەدهات. ژ خوارن و ڤەخوارنێ کەتبوو. خولقێ وێ بوو بوو وەک ژەهرێ. کەسی نەوێریبوو ل حالێ وێ بپرسیا. هنان ژێ رە بگۆتا «تو چاوانی؟» وەکی دژوون لێ دابن، پێ تادە دهات.

هەلا ب خوەسوویا خوە رە قەت ل هەڤ نەدکر. ئاڤا هەر دویان د جۆیەکێ دە نەدچوو. د مالێ دە هەر رۆژ شەڕ و پەڤچوون بوو.

قەدەرەک ولۆ دەرباس بوو. نزانیبوو وێ چاوا بکە. لێ باش تێ گهیشتبوو کو بێمێری گەلەکی زۆرە، ب شەڤێ رانەدزا.

خەو لێ هەڕمیبوو. دناڤ جهان دە ژ ئێڤارێ هەتا دەستێ سبەهێ خوە ڤردە و وێ دە دقولپاند. دۆشەک پێ فرەه، بالگیف پێ درێژ و لحێف پێ مەزن دهات، ل سەر بالگیفێ ل شوونا سەرێ مێرێ خوە دنێری و هەتا د بەر کێلان رە پەریک بفریانا ب کولمکان پێ دکەت. خەوا بووکا تەزە د بنێ لحێفا رژی دە ئێدی نەدهات. دەردکەت

ناڤ گوند، بێ ئارمانج خوە ڤر دە و وێ دە زیز دکر،

رۆژ ب رۆژ، ب ژمار تام دو سال دەرباس بوو بوو، لێ ژ مێرێ وێ تو خەبەر تونە بوو. ل کوو بوو، ساخ بوو، مری بوو نزانیبوو. ل گوند قالا حەربا کۆرەیێ دبوو. لێ رۆژێ تشتەک دهاتە گۆتن. وێ ژی ئەما زانیبوو کیژان راستە، تەنێ راستیەک هەبوو کو گەورێ ئێدی ئەما ب خوە کاریبوو.

سەرێ سبەهەکێ، ب بانگا دەنگێ مەلێ رە، چاخا ب خوە حەسیا لنگێ خوە ل لحێفا سەر خوە دا و چەند کر وی ئالییێ ئۆدەیێ. رابوو سەر خوە، سینگا خوە دەرخست دەرڤە، تلیێن خوە دناڤ هەڤ رە دەرباس کرن، دەستێ خوە د سەر سەرێ خوە رە قولپاند، خوە ڤر دە و وێ دە ڤەزەلاند، تاژان دا خوە و مۆڤکێن پشتا خوە یەک ب یەک قرپاندن. پاشێ خوە هوب کر سەرێ دکێ و ژ ور ژی خوە چپ کر سەر سندۆقێ. تلیێن خوە چرپاندن، ل چەپکان خست، دوسێ دەنگ لیلاندن، رەقسی و دهوندرێ ئۆدەیێ دە، دا چندکان. لێ تینا دلێ وێ نەدشکەست. دەری ڤەکر و خوە ئاڤێت دەرڤە. دیک و مریشکێن ل حەوشێ کو ل دۆرا هەڤ دچوون و دهاتن ژبەر بایێ وێ تەڤ ب هەوا کەتن. چووکێن ل سەر قووماخێن خێنی، وەک دەنگێ شیرڤینیا کەڤکانیەکێ چووبە وان، ماتمایی ل دۆرا خوە نێرین. گەورێ کولیمەکێن خوە داگرتن، سینگا خوە دا پێش و دناڤ تەیر و تەبایێ عەجێمایی رە مەشیا. جۆتێ مەمکان سەری ژێ ستەندبوون و نەدهاتن زەفتێ. دهەزکێن و ب بهۆستەکێ ل پێشیا وێ دمەشیان. سەرێ وان وەک سەرێ کەڤۆکێن ل سەر ئاڤزێمکان، ژ بۆ کو ئاڤا د دەڤێ خوە دە داقورتینن دسەر خوە رە ل خوەدێ دنێرین. کەڤر و کوچێن ل سەر رێ خوە ل بەر پێکێن وێ نەدگرتن. هەر کو گاڤەک دئاڤێت سێ چار شووژک ژ بەر پۆزکا سۆلا وێ دپەنگزین قەراغێن رێ، چووکێن ل ناڤ گوند وەک باشۆکان دادابن وان، ڤردە و وێ دە دفریان. یێن ل سەر داران، ژ سەر شاخکێن نزم دفریان سەر شاخکێن هەری ژۆرین.

ل سەر تەنوورێ کورتەپستا پیرەکان بوو:

«خۆرتێن مە یێن عازب، یێن کو ئیرۆ مەشا ڤێ قەحپکێ دیتن، گشت ئێ دۆزا زەواجێ ل مە بکن.»

«ما هەو یێن عازب؟»

«گشت ئێدی هەما وێ تاژانا بدن خوە...»

«دێ بلا تاژانا بدن خوە، بلا زوو بزەوجن ژ بۆ کو چاڤێن وان نە ل دەر بن.»

«ب خوەدێ قسمێ زلامان باوەریا من ب وان نایێ، زوو ژی بزەوجن و درەنگ ژی بزەوجن وەختا قەحبکەکێ ببینن ب دوو دکەڤن.»

خوەسوویا گەورێ گاڤا ل بووکا خوە دنێری جوانیا وێ دهاتە بیرێ. «گونەهێن» کو د تالدەیان دە کربوو، یێن بچووک و مەزن گشت د بەر چاڤێن وێ رە دبهورین. چل سال ژ عەمرێ خوە دئاڤێت و دچوو پانزدەهـ سالیا خوە. وێ وەختێ کەچکەکە جوان بوو، خوەشک و بەدەو بوو. دناڤ گوند دە خوە ل با دکر و دگەریا، چاخا هوبریا ل سەر سەری ل شاخکێن داران د ئالقی و دسەر پۆرێ وێ رە دشەمتی، وێ تەو ل خوە دانەتانی کو هەما ل دوو خوە بزڤرن. وەختا دهاتە بیرێ کو خۆرتێن گوند ژ سەر شاخکێن داران هوبریێن وێ ددانە هەڤ، دەستێ خوە د هەڤ ددا و دکەنیا. تالدەیێن کۆکێن داران، پاش بەندێن رەزان، قۆرزیکێن خانینیان، نزارێن زناران، خربەیێن تەرککری، یەک ب یەک دهاتن بیرێ. د بەر خوە دە:

«خوەدێیۆ! ترس و هەیەجانا هەڤپەلدانێن ب دزی چقاسی خوەش بوو!» گۆت.

وەختا دکەتە خەیالێن قیزیتیا خوە، خویناوێ رۆن دبوو، گەرماهیەک ل سەر جانێ وێ بەلادبوو، سۆرایی ب روویێ وێ دکەت، ئاڤەک شیرین ل سەر زمانێ وێ ددا دەر، لێڤێن وێ یێن پووچ شل دبوون و دلێ وێ نەرم دبوو، خەیالان تەسیر ل دلێ وێ دکر تێکەلیێن وێ یێن ب بووکێ رە هەبەکی باش دبوون. لێ لهەڤهاتنا وان زێدە دۆم نەدکر. وەختا ل وێ ب گومانی هاوەنا دکەت، دلکۆچەریێن وێ ددیت، وێ چاخێ بێهنا وێ تەنگ دبوو، ئەو خوەسوویا نەرمۆکی دچوو، هشکۆلەکە نۆ دهاتە شوونێ. قنیاتەکە ولۆ ژێ رە حاسل بوو بوو کو، ڤێ بووکا تەزە نەیێ ترساندن وێ هەتیکەتیەکە مەزن ب سەرێ خوە و یێ وێ دە بینە.

دو کورێن وێ یێن زامۆتە هەبوون، فکری و گۆت: «ما ئەو ژ بۆ کیژان رۆژێ نە؟» شاند پێ وان و گازنێن بووکێ ژ وان رە کر، هەر دوو کورێ خوە تەهەناندن، سۆرکرن و

ب سەر بووکێ دە شاندن، کورێن وێ فلتێن بووکێ. وەک د جورن دە دان بکوتن سەر و جانێ وێ ب کولکان، ب داران د بەر هەڤ دە کوتان. پێ ل سەرێ وێ کرن، د بنێ لنگێن خوە دە ئەجقاندن و ب گولیێن پورێ وێ گرتن و وان ئەو ب خوێ رە کشاندن. ل حەوشێ وان گەودێ وێ ب هەوا خست و وان وەکی بەراتەیەکێ ئەو چەند کر بەر لنگێن دیا خوە.

گوندی بچووک و مەزن، زلام و پیرەک گشت ژ مالێن خوە دەرکەتبوون، تەماشەیا لێدانا زامۆتەیان ئا ل گەورێ دکرن. لێ نە ژ چێ و نە ژ خەراب کەسی ژێ خەبەر نەددا و هایێن خوە ژێ نەدئانین. گەورێ وەکی پسیکەک هەفت روحۆ دمر و هەر جارێ ژ نوو ڤە روهـ پێ دە دهات.

رابوو سەر خوە، دەلکەک دا خوەسوویێ، سەرێ خوە بلند کر، کولیمەکێن خوە شداندن، دەستێ خوە دا پاش خوە، سینگا خوە دەرخست دەرڤە و وەکە شڤتەرکەکێ خوە ل ناڤا کۆما تەماشەڤانێن گوندیێن بێدەنگ خست و مەشییا. گوندی گشت رەڤین، کەتن مالێن خوە و دەرییێن خوە گرتن.

چووکێن ل سەر رێیا گەورێ بێن کو د ناڤ شووژکان دە ل هەبکان دگەریان، وەختا چاڤ ل گەورێ کەتن وەک دەست ب دەست چڤتەیەک ب وان دە تەقیابە هەبکێن جەهـ و گەنمێن د ناڤ نوکلێن خوە دە بەردان، باسکێن خوە ڤەکرن و ب هەوا کەتن.

*** ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا کۆمەلە چیرۆکێن ب ناڤونیشانی (بهوشتا لال) رووپەلێن (٢٥- ٢٨) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەم ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا ڤە ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**

**هەژی یە بێژین کو سەلاحەتین بولوت ل سالا (١٩٥٤)ێ ل دێرکێ ژ دایکبوویە و ئەنستیتو یا پەروەردەیێ ل ماردینێ ب داوی ئانییە، دوو سالان مامۆستاتی ل دێرک و قەرسێ کریە. ژبەر خەباتا وی یا سیاسی (٨) سالان هاتیە زیندانیکرن. ل سالا (١٩٩٧)ێ ل ستەنبۆلێ (کتێبخانەیا مەدیایێ) دانایە. د هنەک رۆژنامە و کۆڤاران دا نڤیسین و چیرۆکێن وی هاتینە بەلاڤکرن.**

**– رامان –**

# چارەچەقیلە

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

دیسان ملی ڕێی گرتبوو، گەیشتبووە لای تاشەبەردەکە و ڕاوەستابوو. هەتاوی نیوەڕۆی نۆزدەی بانەمەڕ پەلک و گەڵای گیاوگژ و دارانی پڕشنگ باران دەکرد. دەنگی خۆشی هەوێردە و سیچرە و زەردەوەلی ئەمپەڕاوپەڕ دەنگی دەدایەوە. کابرا چاوی لە چیمەنی بەردەمی تاشەبەردەکە بڕیبوو. بنجێک چارەچەقیلە لەنێو گژوگیاکاندا بەدەم نەرمەباوە دەشنییەوە و جارجار پەلکی ناسکی لێ هەڵدەوەری. چاوی لە بنجە گوڵەکە بڕیبوو و نەیدەترووکاند. هەموو ساڵێک لە کاتی دیاری کراودا دەهات و لەو شوێنە ڕادەوەستا و لە گژوگیاکە ڕادەما. یان پاڵی دەدا بە تاشەبەردەکەوە و دەستەوئەژنۆ دادەنیشت و فرمێسک لە چاویدا قەتیس دەما. جاروباریش زەنگوڵ زەنگوڵ لە چاوییەوە کەلاوڕێژی دەکرد و بە ڕیشە سپییەکەیدا دەچۆڕا خوارێ. چەند ساڵە ئەوە پیشەیەتی و دڵنیا نابێ. ساڵانی پێشوو لەگەڵ ژنەپیرەکەی دەهات، بەڵام سێ ساڵە بە تەنیا دێ.

یەکەم ساڵ کە هاتن چووم بۆ لایان و ڕۆحم دایە بەر ڕێژنەی خەمەکانیان. «لەبیرمە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ بوو، هەواکەی تاوساو و گەرم بوو. دوای بانگی عەسر لەبەر کێوی کەڵکەپیرێژنە قرمە پەیدا بوو. خەڵک هەموو لە مەزرا خەریکی کاروباری کشتوکاڵ بوون. مانگی بانەمەڕ وڵاتی سەوز داگیرابوو. گوڵ و گیا بەدەم شنەباوە دەشنینەوە و گەنم و جۆ کەروێشکەی دەکرد. دەنگی مەلان ڕۆحی بە بەر ئەو سروشتە نەخشاوەدا کردبوو.

ئەمبەراوبەر ئەو ئاوازە دڵبزوێنەیان بۆ یەکتری دەساندەوە. دەنگی هەوێردە لەنێو مێرگ و باخاندا ئەمپەڕاوپەڕ دەڕۆیشت و لە گوێی خڕ و دۆڵ و گرد و تیرەگاندا دەبوو بە زایەڵە. لە پڕ تەقە سازبوو و وەک ڕەشەبایەکی ناوەخت تەواوی ئەو جوانییانەی شێواند.



خەڵک بەنێو شیوو دۆڵ و کەندراندا مەڕ و مەلاتیان وەپێش دا و خۆیان کردەوە بەنێو ئاواییدا.»
کاتێک دەیبینم خۆم پێ ڕاناگیرێ و بێ ئیختیار هەنگاوم بۆ لای دەخوشێ، ئەگەرچی فرمێسکەکانی و هەناسە دووکەڵاوییەکەی کسپە دەخەنە هەناومەوە، بەڵام دەچم بۆ لای و بەشێوەیەک خۆم بە شەریکی خەمی دەزانم، جاری وایە خۆم بە تاوانباریش دەزانم، چونکە من یەکەم کەس بووم چاوم بە تەرمە شەلاڵەکەی کەوت.
«خۆم دیم لەوێ کەوتبوو. لە پەنا ئەو تاشەبەردە، لەسەر پشت چاوی لە ئاسمان بڕیبوو. ڕۆژێک دوای شەڕەکە بوو، لای ئێوارە دەمویست بڕۆمەوە بۆ ماڵێ. کاری ئاوداشتنم تەواو کردبوو. لە خۆڕا لە ڕێگاکە کلابووم و بەو خڕەی لای تاشەبەردەکەدا وەسەر کەوتم. کە چاوم پێی کەوت وامزانی کاک ئەحمەدی خاوەنی مەزراکەیە لەوێ ڕاکشاوە. کە چوومە پێشێ لاوێکی نەناس بوو. خوێن لە کەلەکەی چەپەیەوە هەڵقوڵیبوو و بە مەودای سێ بست لە خوار خۆیەوە شۆلاوگەی بەستبوو بە عەرزەکەوە مەییبوو.
دەست و پلی شەڵتانی خوێن بوو، خوێنەکەی بە چاکەتە بۆرەکەیەوە ڕەق ببوو. دەستێکی نابووە سەر برینەکەی و دەستەکەی دیکەشی لە گیا و خۆڵی پەنا تاشەبەردەکە گیر کردبوو، دەتگوت دەیەوێ هێز لە خۆی بدا و هەستێتە سەرپێ. چوومە ژوور سەری و هەڵترووشکام. دڵم بە پرتاو لێی دەدا و دەستم دەلەرزی. دەستە لەرزۆکەکەم لە ڕەگی لاملی دا، نەمابوو. لەشی گەرم بوو، لەوەدەچوو تازە گیانی دابێ. دەستێکم بەچاویدا هێنا و پێڵوویم خەواند. بە هەڵەداوان چوومەوە بۆ نێو دێ و چەند کەسم ئاگادار کرد، بەڵام هیچ کەس نەیوێرا یارمەتیم بدا. تەنانەت واشیان ترساندم ئیتر نەموێرا هەر باسی بکەم.»
کاتێک ئەو قسانەم بۆ کابرا پیرە دەگێڕایەوە چاوی لە بەردەمی خۆی بڕیبوو، هەستم دەکرد خەریکە لە ناخەوە هەڵدەقرچێ. دەتگوت سەهۆڵە و لەبەر تاوت داناوە. دەستی بە بەرچاوییەوە گرتبوو و شانی هەڵدەتەکاند.
نەمدەویست برینەکەی بکولێنمەوە، یان خەفەتبار و هەناسەساردی بکەم.
پێم وابوو دڵنیا دەبێ و دەڕوا. ئیتر واز لەو تاشەبەردە و شیوەکە دێنێ و نایەتەوە، بەڵام دوای ئەوەش دەستی هەڵنەگرت و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا دەهاتەوە.
بەدەم فرمێسک هەڵوەراندنەوە گوتی:
– دەزانم لێرەیە. دڵم پێم دەڵێ هەر لەم دەوروبەرەیە. هەست بە بۆنی کوڕەکەم دەکەم. هاوڕێکانی گوتیان لەبن ئەم بەردە پێکراوە و نەیانتوانیوە تەرمەکەی لەگەڵ خۆیان بەرن و بەجێیماوە. دڵنیام هەر لێرەیە. ناچارم ڕۆژێک تەواوی ئەم دەوروبەرە هەڵدڕم. بە نینۆکیش بێ هەڵیدەکۆڵم. هەتا چاوم پێی نەکەوێ دڵنیا نابم. دەبێ هەر بیدۆزمەوە. دەیدۆزمەوە. دەیـ... دۆز... مەوە.
کاک ئەحمەد چەند مانگ دوای ڕووداوەکە گوتبووی:
– ترسام برا، گاڵتە نییە. لە مەزراکەی مندا کوژراوە. دەترسام تووشی گێرە و کێشەم کەن. هەر ئەوشەوە پاچ و پێمەڕەم برد و چەند هەنگاو لەو لای تاشەبەردەکەوە ناشتم.
هەر ئەو ئێوارەیەی تەرمەکەم دی و بە هەڵەداوان چوومەوە بۆ نێو دێ، بۆ شەوێ کاک ئەحمەد چووبوو تەرمەکەی شاردبووەوە بەیانی کاتێک چووینە شوێنەکە ئاسەواری نەمابوو. بۆیە بێ دەنگەمان لێ هێنا. ڕەسووڵ گوتی: «ڕەنگە شەوێ هێزەکانی خۆیان هاتبێتن و تەرمەکەیان بردبێ.» ئێمەش گوتمان ڕاست وایە و گەڕاینەوە بۆ ئاوایی.
چەند کەس لە خەڵکی ئاوایی و تەنانەت کوڕەکانی خۆشی شوێنی گۆڕەکەیان لە کاک ئەحمەد پرسیبوو، بەڵام نیشانی هیچ کەسی نەدا و ساڵێک دوای ڕووداوەکە مرد.
کابرا پیرە هەموو ساڵێک ڕۆژی نۆزدەی بانەمەڕ دێتە ئەو شوێنە و پاڵ دەدا بە تاشەبەردەکەوە. چاوە فرمێسکە تێزاوەکەی لەو بنجە چارەچەقیلەیە دەبڕێ کە پەلکە ناسکەکانی بەدەم نەرمەباوە هەڵدەوەرن.

**هاوینی ١٣٨٦ هەتاوی (٢٠٠٧ز)**

# هاوینی بەردەوام

**محەمەد زەفزاف**
**لە عەرەبییەوە: بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**



کاتێک بریجێت لە متبەقەکەدا خەریکی ئامادەکردنی ژەمێک بوو، گوێم لێ بوو فرنسوا قسەم لەگەڵدا دەکات، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشتم، لە منارەی مزگەوتەکەی بەرامبەرم ڕامابووم، کە بە بۆنەیەکی ئایینییەوە بە گڵۆپی سوور و شین ڕازاندرابووەوە، لەو چرکەیەدا هەستی هیچ ڕامانێکی دینیم نەبوو، وەلێ لە شتەکان ڕامابووم، لە ڕاستیشدا نەمدەزانی ئەو شتە بە دروست چییە، گوێم لێبوو فرنسوا بانگم دەکات، بەلەکۆنەکەم بەجێ هێشت و چووم وتم: چیت دەوێ؟ گوێت لێم نییە؟ لە منارەی مزگەوتەکە ڕامابووم. دەتەوێ بچی بۆ نوێژ؟ زۆر گاڵتە مەکە. بچۆ نوێژکە بەشکە خوا دەرگایەکت لێ بکاتەوە.

بۆچی؟ بۆ جەهەننەم. بە تووڕەبوونەوە وتم: بڵێ بزانم بۆچی بانگت کردم، لێم گەڕێ با لە بەلەکۆنەکەوە تۆزێ هەوای پاک هەڵمژم، بۆنی ناخۆشی ئارەق لە دەمی دەهات، بە تایبەت ئارەقی فەل، من هێشتا نەمخواردووەتەوە، کاتێک بخۆمەوە هیچ گوێ بە بۆنی ئارەق نادەم، بگرە هەر هەستیشی پێناکەم، کاتێکیش نەخۆمەوە تەحەمولی ناکەم، واش هەست دەکەم مەیخۆر کەسێکی بۆگەن و هیچە، پێویستە وا تێنەگات کە بە خواردنەوە کێشەکانی چارەسەر دەکات، لە ڕاستیدا هەندێ کێشە بە مەی خواردنەوە چارەسەر ناکرێ، بەڵکو بە هۆشمەندییەکی تەواوەوە چارەسەر دەکرێ، بە فرنسوام وت: تۆ سەرخۆشی، من تاقەتی گاڵتەم نییە. گوێم لێ بوو بریجێت لە متبەقەکەوە وتی: فرنسوا لە حەمدوون گەڕێ. فرنسوا بە دەنگێکی کەرخەوە وتی: چییە غیرە لە پیاوەکەت دەکەی؟ وتم: ئەوە دەڵێی چی پیس و پۆخڵ؟ فرنسوا وتی: دانیشە ئێستا نهێنییەکت بۆ ئاشکرا دەکەم، بزانە دەتوانی مەزەندەی کەیت، لەوانەیە. کەواتە بڵێ بزانم چییە؟ تۆ سەرخۆشیت، دەزانم ئێستا بێزارم دەکەی. نەخێر هەڵەی، گوێ بگرە بزانە چیت پێدەڵێم،

گوێت گرت؟ باش بیگرە، ئاوا زۆرباشە، بریجێتی ژنم حەزی لێتە. وتم ئێستا من و بریجێت بێزار دەکەی. گرنگ نییە (بۆنی ئارەق لە دەمی دەهات) ئێمە ڕاستگۆین و هیچ لەیەکتر ناشارینەوە، خۆی پێی گوتم. وتی حەزی لە منە؟ بەڵێ دەتوانی لە خۆی بپرسی (هاواری کرد) بریجێت وەرە پێی بڵێ ئازیزەکەم ئێمە درۆ لەگەڵ یەکتر ناکەین. بریجێت لە متبەقەکەوە وتی: قسەی بەتاڵ مەکە، لە حەمدوون گەڕێ با تۆزێ هەوا هەڵمژێ. ئەمە فەرمانێک بوو بۆ من نەک بۆ ئەو، چووم بۆ بەلەکۆنەکە و دەستم کرد بە ڕامان لە تاریکی ئاسمان، گلۆپی منارەکە هەڵکرابوون، شنەبایەکی فێنک کە بۆنی گوڵ و گوڵزاری شەقامەکە و باخچە گشتییەکەی نزیکماڵەکەی لێ دەهات هات بە ڕوومدا، ئەمساڵ دنیا لە کۆتایی گەڵاڕێزاندا گەرم بوو، هاوین تا سەرماوەز درێژەی پێدا، بۆیە سەر لە ئێواران دانیشتن لە بەلەکۆنە، یان لە باخچە گشتییەکان خۆش بوو، ئەم دوو مانگە من هەروام کرد، بوتڵێ ئارەقم دەکڕی و لە بەلەکۆنە فەریحەکە دادەنیشتم و ئەستێرەم دەژمارد، خەیاڵی شتگەلێکی دوورم دەکرد، کە لەوانەیە لە پشتی ئەو ئاسۆ بێ کۆتاییانەوە هەر بوونیشی نەبێت، لەوانەیە خەیاڵم تەرکیز لەسەر یەک شت بکات، زۆرجار خەیاڵی ئەوە بکەم کەوا لەوێندەرێ زەوی تر و خۆری تری بێ کۆتایی هەیە، بەردەوام بم لەو خەیاڵانە تا بە تەواوەتی ئارەق لە پەلوپۆم دەخات، دەنگی ڕادیۆکە بەرز دەکەمەوە، چونکە حەزم لە هۆسەو هاوار کردنە، تەنانەت کە گوێم لە تەقەی دەرگاکەش دەبێت، تەکلیفی ئەوە لە خۆم ناکەم هەستم و بچم بیکەمەوە، ئەمەیان زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو بەقەد ئەوەی لەژێر کارتێکردنی شەوو ئارەقدا بە ئیسراحەت دانیشم، تەنانەت بەلامەوە گرنگ نەبوو با ئەوەی لە پشت دەرگاکەوەیە ژنێکیش بێت، بریجێت بەلای کەمەوە دوازدە ساڵ لە فرنسوا گەورەتر بوو، کەچی من دوو ساڵ لە فرنسوا گەورەتر بووم، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو لەمن گەورەتر دیار بوو، وەلێ ئەزموونی ژیانی کەمە، ئەوەی بۆمی دەگێڕێتەوە هیچ نامورووژێنێ و بەشتێکی منالانەی دەزانم. هەندێ جار کە بڕیار لەسەر شتێک دەدات هەڵدەچەرخێتەوە و سەیرێکی برێجێت دەکات تا بۆی ڕاست کاتەوە، لە ڕاستیدا چ کەسایەتییەکی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا حەزی لە ژنەکەی نەبوو، کەچی ئەو ڕایدەگەیەنێ کەوا بەبێ ئەم ژیانی مەحاڵە، بە قسەی خۆی گوایە خۆشویستنێک خۆشی ویستووە هیچ کەسێ لە دنیادا نەتوانێ بینرخێنێ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ئەو خۆشەویستییەم دەنرخاند، دروست دەمزانی یانی چ خۆشەویستی ژنێک کە دوازدە ساڵ لە پیاوێک گەورەتر بێت، شەو سەرنج ڕاکێش بوو، بە درێژایی شەقامەکە گلۆپ هەڵکرابوو، هەروەها لە جێگا دوورە دەستەکانیش لەنێو چوارگۆشە و لاکێشەکەشدا، لە ناخدا سەرسامییەکی دەخولقاند سنووری بۆ نەبێت، ئێستا لە پشتمەوە گوێم لە گفتوگۆیەک بوو، بەڵام نەمتوانی وشەکانی بریجێت جیاکەمەوە، بەڵام وردە وردە دەنگی بەرز بووەوە، ئەوکاتەی لە متبەقەکە دەهاتەدەر و بەرەولام دەهات، گوێم لە دەنگی پێی بوو بۆ بەلەکۆنەکە دەهات، وەرنەچەرخام، بەڵکو پشتم دایەوە و سەرم خستە نێو هەردوو دەستمەوە و بڕیارم دا ئیهمالی کەم، بەڵام هەستم بە دەستێک کرد کە لەسەر شوێنێکی هەستیاری جەستەم دادەنرێت و گوێم لە بریجێت بوو دەڵێ: حەمدوون. بەڵێ. باوەشی کرد بە نێوقەدما، هەستم بە گرێک کرد. سەرخۆشە، سەیری حاڵی کە چی لێهاتووە.

دەڵێ گوایە تۆ منت خۆش دەوێ. گرنگ نییە، وەرە سەیری کە بە تەواوی پەکی کەوتووە و لەسەر حەسیرەکە درێژ بووە و پرخەی دێت. مەبەستت چییە؟. نازانم، مەبەستم ئەوەیە ئەو حەزی لە یەکێکە گاڵتەی لە گەڵدا بکات. دەڵێم سەرخۆشە وەرە سەیرکە، دەزانم سەرخۆشە، بەڵام شامی نەکردووە، وادیارە هەستی بە برسێتی نەکرد بێت، بریجێت لە بەلەکۆنەکەدا بە پێشمدا ڕۆشت، بۆ یەکەم جار سەرنجی ڕاکێشام، فرنسواش بە تەواوی سەرخۆش ببوو، لەسەر گلێمەکەدا درێژ ببوو، چاویشی نوقاندبوو، دەستی شل ببوو، لەسەر گازەرای پشت ڕاکشابوو، ئێستا ئیتر وەک کرمێکی نەرمی لێهاتبوو، کە دوو دەستی درێژ و دووقاچی گێڕی هەبوو کە شەرواڵەکەی تا ئەژنۆکانی هەڵماڵرابوو، تووکە زەردە پڕەکەی دەرکەوتبوو، چەند دەمارێک بەسەر پێستەکەیەوە دیار بوو دەتگوت دەجووڵێت، خەیاڵی ئەوەم دەکرد خوێنی بەربێت وەک ئاوێک دەبێت لە جۆگەلە بێتەدەر، فرنسوام وا داوەتەبەر لەقە، قاچی خۆم ژانی کرد، هەستە فرنسوا، دە هەستە، ئێستا دەچین بۆ جێگایەک زۆرت حەزلێیەتی، بریجێت وتی: گوێی لێت نییە، ناتوانێ بتبیستێ. سەرخۆش نییە، وابزانم پێویستی بە خەوە. دەڵێی نایناسی، مەگەر خۆت چەند جار لە گەڵیدا

سەرخۆش نەبوویت، بەڵام هەرگیز بەم شێوەیەم نەدیوە. ئا ئەوەتا دەیبینی، واشبزانم تۆ سەبەبکاری. چاوێکم بەرزکردەوە تەماشایەکی بریجێتم کرد تا بزانم هەر بەڕاست دەیەوێ جنێوم بداتێ، بەڵام دیتم چاوەکانی باشقاڵ و نیگاکانی شەهوانی و بە لەزەت بوون، تێگەیشتم لەوەی کە وتی چ مەبەستێکی نەبوو، بەڵکە تەنیا دەیویست بمورووژێنێ، نەمدەزانی دروست دەیەوێ بەچی بگات، قاپقاپەکانی فڕێدایە ئەولای ئەو حەسیرەی کە فرنسوا لەسەری درێژ ببوو، بە دەوریدا دەستی کرد بە خولانەوە، قاچەکانی بچووک بوون و پووزەکانیشی وەک پێویست پڕ نەبوون، بیرم کردەوە بەهەرحاڵ ئەو ژنە و ئینجا منیش بەهەر حاڵ پیاوم، ببوورن ئینجا بەهەر حاڵ ئەویش پیاوە، دووبارە لەقەیەکم لە فرنسوادا ویستم هەڵیسێنم، نەخەوتبوو، بریجێت بوتڵە بەتاڵەکە و بادەکەی لەسەر مێزە چکۆلەکە هەڵگرت و بردنی بۆ متبەقەکە، ویستم دوای کەوم وەلێ پەشیمان بوومەوە، بە قاچم بەردەوام دەمژەنی بە فرنسواوە، ئەم جارە بە دەستیشم، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، گوێم لێ بوو لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، وتم: دەڵێی چی، بەڵام تەنیا قسەی دەکرد، بەردەوام هەر قسەی دەکرد، تەنیا لە وشەی بریجێت تێگەیشتم باقی ڕستەکە تێنەگەیشتم، بیرم لەوە کردەوە منیش کە سەرخۆش دەبم بەهەمان قۆناغدا تێدەپەڕم، ئایا هەموو سەرخۆشێک لە ئەنجامدا دەبێ ئاوای لێبێت، بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتم، وا دەهاتە پێش چاوم کەوا بە دەستهێنانی ئەم ئەنجامە گران و تەماوییە، چۆن بتوانم بڕیارێک بدەم بێ ئەوەی بناغە و بەڵگەی ئیسپاتی ڕوون و ئاشکرام هەبێت، لەسەر حەسیرەکە لە نزیک ئەو لاشەیەی لەسەری فڕێدراوە و وەک بەراز مرەی دێت دانیشتم، بیرم کردەوە بە فرنسوا بڵێم هەستە ئەی بەراز، بیرم هاتەوە ئەمە سوودی چییە، ئایا وشەی بەراز بەسە بۆ ئەوەی لەو حاڵە سڕەی تێیدایە قورتاری کات، ویستم بانگی بریجێت کەم تا پێکێکم بۆ بهێنێ، ئەگەر قومێک لە بن بوتڵەکەدا ماوە، بەرانبەر بەو حاڵەی فرنسوای تێدا بوو هەستم بە ئیرەیی دەکرد، چەند جوانە مرۆڤ بە تەواوی لە هەقیقەتی خۆی بێ ئاگا بێت، بریجێت لە متبەقەکەوە هاتە ژوورەوە و بەدەم کۆکەوە وتی: بۆچی وەک ئەو درێژ بووی، تۆش وەک ئەو سەرخۆشی، وەڵامم نەدایەوە، کپ و بێدەنگ لەسەر گڵیمەکە درێژ ببووم و سەرم کەوتبووە لای خواری ئەو لاشەیەی لەبەردەمدا فڕێدرابوو، بایەکی پیسی لێوە هات، لە حەژمەتا سەرم بەرز کردەوە و وتم: بەراز. بریجێت وتی: ئەوە چییە؟. هیچ نییە. کێ بەرازە ئەو یان تۆ؟ وتم: تۆ. من؟. بەڵێ. ناشرین، بێدەنگ بە، باشترە تۆش وەک ئەو سەرخۆش بیت، تا دەمت داخەی. هەندێ ئارەقم بۆ بێنە، ئەرێ هیچ لەبن بوتڵەکەدا نەماوە؟. تۆزێ زەهر ماوە دەتەوێ بۆتی بێنم؟ نیشتم بەقوونەوە هێشتا بۆنە پیسەکە لە ژوورەکەدا بە دەورمدا با پێچکەی دەکرد وتم: ئایا دەتەوێ بمکوژی؟ پێکەنی: بەڵێ، هەردووکتان پێکەوە. ئەی خۆشت ناوێم؟. ئەوم خۆش دەوێ، نەک تۆ.

وتی گوایە خۆشت دەوێم. دەنگی نەکرد، بەڵکو گوێم لێ بوو لە متبەقەکەوە دەڵێ: بەراز نەمزانی لەو بەرازە مەبەستی کامیان بوو من یان ئەو. ویستم لێی بپرسم، بەڵام نەمتوانی، تەنیا یەک شتم توانی، هەستام و بەپێی پەتی چووم بۆ متبەقەکە، داچەما بوو لەنێو هەندێک قاپ و قاچاغی متبەقەکە دەگەڕا، شڵپێکم کێشا بە بان قوونیدا، ئەگەری ئەوەم کرد ئێستا وشەی بەراز دووبارەکاتەوە، بەڵام پێکەنی و وتی: بەسە، ئۆی حەمدوون، دوایی هەڵدەستێ. ئەو هیچ بایەخت پێ نادات. ئەوە کاری تۆ نییە. ئەو نەزۆکە. ئەوە کاری تۆ نییە، هاوڕێتە، بچۆ گۆڤارێکی وێنەدار بدۆزەرەوە خۆتی پێوە سەرقاڵ کە. گۆڤارێکی زرگ و زیندوو دەدۆزمەوە، لە گۆشت و خوێن. شتی وا نابێت بڕۆ دانیشە ئیسراحەت کە، یان بچۆ بۆ بەلەکۆنەکە تا منارە ڕووناکەکە ببینی، ئەمڕۆ جەژنی موسڵمانانە. ئەوە کاری من نییە.

**سەرچاوە:**
**کۆمەڵە چیرۆکی (الاقوى) محەمەد زەفزاف، چاپی دووەم/ ١٩٧٨.**



# ئەحمەدی مەلا:

# باسکردنی شیعر لە شیعر نووسین سەختترە، وەرگێڕانیش یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی چەرخی ڕاپەڕینی هەر میللەتێک

**هەڤپەیڤین: جەمال پیرە**
**(ئیسپانیا)**

بەرلەوەی بۆ وڵاتی ئیسپانیا بەڕێ بکەوم دکتۆر ئەحمەدی مەلام لەکوردستان بینی و لەگەڵیدا ڕێککەوتم لەو سەفەرەمدا سەردانی بکەم، ئەو دوای نزیکەی بیست و حەوت ساڵ ژیان لە هەندەران، وەک کەسێکی دیاری کایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی. وەک شاعیرێکی ناسراوی کورد بۆ ساتێکیش لەزمانی کوردی دانەبڕاوە و هاوشانی ئاوارەیی توانیویەتی بڕوانامەی دکتۆرا لە فەرەنسا بەدەست بێنێت وەک مامۆستایەک لە زانکۆی کاستا لامانچا دەست بەکاربێت، هاوکات توانیویەتی چەندین بەرهەمی شیعری و نووسین و وەرگێڕانی ڕۆمان و چەندین وتار و لێکۆڵینەوە پێشکەش بەخوێنەری کورد بکات، لە ڕاستیدا ئاگاداری ئەوە بووم ئەحمەدی مەلا وەک ڕۆشنبیر و خاوەن ئەزموون و دوور لە هەرای لەئارای ناو کایەی ڕووناکبیری کوردی خاوەنی بیروبۆچوون و ڕای تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە ئەم وتووێژەم بە پێویست زانی و لە نیوەشەوێکدا لە مەدرید لەگەڵ دوو هاوڕێی ڕۆژنامەنووسی عەرەب و هاوسەفەرم بەنیازی بەشداریکردن لە فیستیڤاڵێکی هونەری جیهانی بەرەو کۆردۆبا بەڕێ کەوتم، بەوپێیەی کە سیوداد ریال ئەو شارەی ئەحمەدی مەلای تێدا دەژیت لەنێوان مەدرید و کۆردۆبا بوو، لەوێوەوە بڕیام دا لە گەڕانەوەمدا بۆ مەدرید لەهاوڕێیانم جیا ببمەوە و سەردانی بکەم و پشووی هەفتانە لەگەڵ ئەودا بەسەر بەرم، لەو دوو ڕۆژەدا کۆمەڵێک تەوەری ژیانی خۆی و واقیعی ڕووناکبیری کوردیمان تاوتوو کرد و لە ئەنجامدا ئەو گفتوگۆیەی لێ بەرهەم هات.

* با له ئەزموونی شیعری خۆتەوە دەست پێ بکەین کە من لە کۆشیعری زەردکەوە ئاگەدارییم ئەگەر لێم قبوولّ بکەین لەگەڵ نەوەی هەشتاکانی شاعیرانی کورددا وەک شاعیرێکی جیاواز لە هاوتەمەنەکانت دەرکەوتیت، بەو پێیەی کە لە دەرەوەی بازنە و گرووپگەریدا بەتەنیا و دوور لە هەرای لە ئارای واقیعی ژیانی ئەدەبی کوردی و لە تاراوگەدا بوویت، ڕەخنە و ڕاگەیاندنی کوردی کەمتر شیعرەکانتی بە سەرکردووەتەوە، چ پێوەندییەکی ڕۆحی، تۆ و ڕەخنەی کوردی بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟

– ڕەنگە باسکردنی شیعر لە شیعر نووسین سەختتر بێت، بەڵام دەبێ ئێمە زۆر شتی دیکە لەسەر شیعر بنووسین، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ئەدەبی کوردی، وەکو زۆربەی هەرە زۆری ئەدەبی گەلانی دیکە بە شیعر دەستی پێ کردووە، بەڵکو تێکەڵ و پێکەڵییەکی بێ وێنە لەم بوارەدا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەی کورد هەر بە شیعر باسی خۆی کردووە، ئەمە وای کردووە کە کەم شت بڵێت و لە هەمان کاتیشدا لادانێک بێت لە شیعرییەتی دەق. ڕاستە ئەم سەرەتایانە، لای عەرەبەکان، لای یۆنانییەکان، لای فەرەنسییەکانیش بەدی دەکرێت. لەوانەشە دیاردەیەکی جیهانی بێت. واتە شیعر «زمانی یەکەمە»، بەڵام نابێ ئەم «زمانەی یەکەم»ە بە هەڵە لێک بدرێتەوە. واتە بدرێتە پاڵ زمانی سەرەتایی، یان بەو پێیەی کە تا کۆمەڵگە پێش دەکەوێت، هەندە ئێمە لەو «زمانەی یەکەمە» دوور دەکەوینەوە و هەندێک جاریش لەژێر قەڵەمی هەندێک ڕۆشنبیرانیشمان دەنووسرێت کە گوایە شیعر زمانی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانە و لە کۆمەڵگە پیشەسازی و پێشکەوتووەکاندا شیعر بەرەو نەمان دەچێت. ئەم تێگەیشتنە هەندەی کاڵفامانەیە، هەندەش لە کردەی نووسین نەگەیشتووە وەکو کردەیەکی ئافرێنراو.

هەندێ جاریش جۆرە فەنتازیایەک لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا بەدی دەکرێت و لە سالانی حەفتا بۆ نموونە شیعری (ئەلکترۆنی) و لەم ماوەیەشدا شیعری (مۆبایل) هاتووەتە کایەوە، با واز لەناو و پێناسەکان بهێنین و لە دووی دەق بگەڕێین، هەست دەکەین ئەوەی بەناوی شیعرەوە تائێستا دەنووسرێت، یان شیعری سیاسییە لەژێر ناوی نەتەوەدا دەنووسرێت، (شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو) ڕابەرایەتییان کردووە، کە لە کۆتاییدا دەکرێ بە شیعری کەم مەودا بناسرێتەوە، یان شیعرگەلێک بن بۆ جوانی ژن و خۆشەویستییەک ئەنجامی حیرمانە زیاتر وەک خۆشەویستییەکەی ڕاستەقینە بێت، ئەم جۆرە شیعرانەش زۆربەی زۆری شاعیرانی کورد دەگرێتەوە. جۆرێکی دیش هەیە کە ڕچەیەکی نوێیە و دەیەوێ خۆی تاقی بکاتەوە. سەرەتاکانی دیار نین، بەڵام لەم بیست ساڵەی دواییدا خەریکە شێوەی خۆی وەردەگرێت و بەڕای من هەر ئەوەش شتێکی ڕاستەقینەی لەمەڕ شیعرەوە پێیە.

جا با بێینەوە سەر پێوەندی من لەگەڵ شیعردا. دەتوانم ئەم بابەتە بەشێوەیەکی دیکە باس بکەم و بڵێم پێوەندی من بەنووسینەوە چییە، چونکە لە کۆتاییدا هەموو کارەکان دەڕژێنە ئەم جۆگەلەیەوە. هەر لەسەرەتاکانەوە، پێش ئەوەی بە تەواوی سەرقاڵی خوێندنەوە بم، کورتە چیرۆک و شانۆنامەم دەنووسی و بابەتم وەردەگێڕا. وەکو لە شوێنی دیکەش باسم کردووە ڕەنگ بێ سەرەتاکانی نووسین لەلای من بگەڕێتەوە بۆ جۆرە «بەنامۆبوونێک». پۆلی یەکەمی سەرەتاییم لە گوندی «گەڕەشێخان» لە دەشتی هەولێر تەواو کرد. بەساڵی «حەرەس قەومییەکان» دەناسرێتەوە؛ یەکەم نامۆبوونی ئێمە بوو وەکو خێزان. ناچاربووین گوندی «زەردک» کە بیست، بیست و پێنج کیلۆمەتر لە شاری کەرکووکەوە دوور بوو، جێ بهێڵین. ساڵێک لە گوندی «گەڕەشێخان» ژیانێکی زۆر تایبەتمان بەسەر برد. هەندێ یادگاری منداڵانەی ئەو سەردەمەم لە یادە و بەشێکیشم لە «زاکیرەی با» تۆمار کرد و بڵاوبووەوە.

دایکم دەیگوت تۆ لە پۆلی یەکەم هەمیشە هەر خەریکی نووسین بووی. دەیوت لەسەر بەرد و تەختەدار و...تاد هەر دەتنووسی. ئایا ئەم نامۆبوونەم بەنووسین پڕ دەکردەوە؟ نازانم. هاوکاتیش، باوک لە حەپسخانەی موسەیەبە، تەنیا هۆکار ئەوەبوو کە کورد بووە. بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەم سەرزەمینە ئینسان تەنیا لەبەر ئەوەی سەر بە میللەتێکی دیاریکراو بێت، زیندان بکرێت. لە ڕاستیدا کارەساتەکانی ئێمە لەمێژەوە لە ڕەوتدایە، لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو دەگاتە دوا سنووری خۆی و دەرمێتە سەر خودی خۆی. ئەمە بە مەرجێ باوکم تەنیا پیاوێکی ئایینی بوو و مەلای گوندی زەردک بوو. ئایین بۆ ئەو لەسەرووی هزرەکانی نەتەوەوە بوو.

پیاوێکی ئایینی بوو پڕ بە پێستی ئەم وشەیە، هەڵبەتە ئەمەش بۆ من جۆرە بارستاییەکی کۆمەڵایەتی، هزری، سایکۆلۆژی ناهەمواری بۆ دروست دەکردم. کوڕی مەلا وەکو هەموو کەسێک نییە، زۆر ئاساییانە پەروەردە نابێت، خەڵکی بە چاوێکی دیکەوە سەیری دەکەن و هەمیشە لەژێر چاودێری کۆمەڵایەتیدا لە دنیایەکی تەسک و لاتراز و لە زەمەنی خۆیدا دەژیت. بەهەرحاڵ بەنیسبەت منەوە وا بوو.

لەساڵی شەست و چوار، دوای ساڵێک گەڕاینەوە شاری کەرکووک و لەقەڵا نیشتەجێ بووین، چوومە قوتابخانەی «ئەلموحەمەدییە». هەستی بە نامۆبوونم تێدا هەراشتر دەبوو، بێدەنگیم هەڵدەبژارد. هەستم دەکرد هەمیشە من فڕێ دەدرێمە دنیایەکی دی. ئەم حاڵەتە لەشەست و سێوە بەردەوامە، شوێنەکان هەمیشە کاتین. ئێستاش دوای پەنجا ساڵ گەیشتمە شارۆچکەیەکی دەشتاییەکانی لامانچای ئیسپانیا و بەرەو رووی دنیایەکی نوێ و زمانێکی نوێ و کولتوور و هەڵسوکەوتی ئەم ئیسپانیایە دەبمەوە، کە بە نیسبەت ئیسپانیاییەکانیشەوە هەر تایبەتە، مەبەست ئەوانەی لە دەرەوەی لامانچا دەژین.

ئەم لاترازانانە خۆی لەخۆیدا حاڵەتی شیعرین، لە دوو فاقەکانی زمان و شوێنەکاندا دەژیم. ئەمە بەواقیع سەپێنراوەتە سەرم. بەواتایەکی دی شیعر هۆکارێکی ئەنتۆلۆژییە و گەڕانێکی بێ وچانە لە دۆزینەوەی ئەو هارمۆنییەی کە مرۆڤی هاوچەرخ ونی کردووە. من لەم رووەوە خۆم بەهاوچەرخ دادەنێم و هەر پێناسەیەک بەهیچ جۆر ستایشێکیش نازانم، بەڵکو ئەمە واقیعی حاڵە.

لەڕووی زمانیشەوە هەر ڕاستە. ڕاستە زمانی دایکم کوردییە، بەڵام منێک کە پۆلی یەکی سەرەتاییم بە کوردی خوێند، پاشان لە کەرکووک قۆناغی سەرەتایی بە عەرەبی دەخوێنم، لە ڕاستیدا تا پۆلی پێنج، پاشان لەپۆلی شەشەوە خوێندن لە کەرکووک بوو بەکوردی و قۆناغی ناوەندیم لە کەرکووک بەکوردی خوێند، پاشان لەبەغدا جارێکی دی، ئامادەییم بەعەرەبی خوێند و زانکۆم لە فەرەنسا بەفەرەنسی خوێند. ئێستاش ئەدەب و مێژووی زمانی فەرەنسی لە زانکۆی کاستیبیا لەمانچا بە ئیسپانییەکان دەڵێمەوە. سێ زمان و دەیان شوێنی

**شیعر وەکو ئەڵماس ڕەقە و بەقەد گوڵێکیش ناسکە**

نیشتەجێ. بەنیسبەت منەوە ژیان لەچەند نهۆمێک پێکهاتووە، لە نهۆمێک زمانێک و چەند شوێنێک هەن. لە ڕێگەی ناردەوانەکاندا پێیاندا دێمە خوارەوە و دەچمە سەرەوە. زۆرجار خەون بەو سێ زمانەوە دەبینم و شیعرم لە خەونەکانمدا بەو سێ زمانە وتووە. مەبەستم لە خەونی ڕاستەقینەی شەوانە. ئەمە بەنیسبەت من تەنیا دڵخۆشییە، چونکە ئەم زمانانە لە نهۆمە نا هۆشیارەکانیشدان. ئەمە بۆ ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆژی گرنگی خۆی هەیە.

لێرەدا بەبێ مەبەست پێوەندی من لەگەڵ چەمکە نەتەوایەتییەکان وەکو لای شاعیرانی دیکە نییە. لای ئەوان هەست دەکەم بووەتە جۆرە گرێیەک و هەندەی زیانی بە شیعرەکانیان گەیاندووە، هەندە سوودبەخش نەبوونە.

من هەر لە منداڵییەوە زۆر لە شت ڕادەمێنم. وەکو ئەوەی بچمە خەونی شتەکانەوە. لە تەمەنی دە دوازدە ساڵان بووم، بە سەعات بەبێ هیچ زیادەڕەوییەک لە باڵندەیەک ڕادەمام. هەموو جووڵەکانیم تۆمار دەکرد. لەگەڵ ئاژەڵاندا وەکو یەک خێزان دەژیام. زۆرجار دایکم پێی دەوتم تۆ باڵندەت لە ئێمە زیاتر خۆش دەوێت. نووسینی شیعر درێژکراوەی ئەو حاڵەتانە بوو؛ بۆ یەکەم جار لە تەمەنی چوارده ساڵان دەستم بە نووسینی شیعر کرد. بەتایبەت دوای ئەوەی جارێکی دی زمانی کوردیم لەشاری کەرکووک دۆزییەوە، چونکە تا ساڵی حەفتا زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی شاری کەرکووک بەکارنەدەهێنرا. ئەم دۆزینەوەیەم لەلا زۆر گرنگ بوو. من یەکەم قوتابی پۆلەکە بووم، کە یەکەم تەباشیرم گرتە دەست و یەکەم وشەم بە زمانی کوردی لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی. هەستم دەکرد لەگەڵ خۆ لە ژوانێکی نوێدام. هەڵبەتە ئەم ڕووداوانە پاشخانی خۆیان هەیە. هەستم دەکرد من شتێکم زیاتر لەمەڕ زمانی کوردی پێیە. جۆرە یادێکی ڕۆژانی گەڕەشێخانم لەلا زیندوو بووەوە کتێبەکەی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) جۆرە ئەفسوونێکی تێدابوو، بە تایبەت وێنەکانی کە بە ڕەنگی ئاوی کێشرابوون. هەستی دنیایەکی پاراوی لا دەبووژاندمەوە.

نووسین هەوڵێک بوو بۆ دۆزینەوەی زۆر شت. چ لە دەرەوەی خۆم بووبێت، یان لە ناوەوەم. لەکۆتاییدا

ئەوانەی دەنووسن. شتگەلێکیان هەیە دەیانەوێ بیمەتر یالێنن، واتە بیمادێنن. هەڵبەتە ئاووهەوای شاری کەرکووک و ئەم بەنامۆبوونە گەشەی تێدا دەکردم و نووسین دەبووە جۆرە خۆ ڕاهێنانێک، جۆرە خۆ دۆزینەوەیەک، جۆرە غەمڕەوینەوەیەک، جۆرە ڕاکردنێک. واتە پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ خودی خۆمدا.

من لە خێزانیک گەورە بووم، ڕاستە کتێبی تێدا بوو، بەڵام هەر هەمان کتێبەکانی سەدەکانی ناوەند بوون، هەمان دنیا و زمان و پەروەردە و هەمان ئاووهەوا. بە بێ گومان، پێوەندی من لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بۆ ئەو کەشو ئاو و هەوایە دەگەڕێتەوە. گرنگە منداڵ لەنێو کتێبدا گەورە بێت، لە کۆتاییشدا گرنگ نییە ئەو کتێبانە چین، چونکە هەر ئەو کتێبانە بوون کە وزەی یاخیبوونیان تێدا پەیداکردم. هەر ئەو دنیایە بوو کە دەیان ڕچەی دی پێ نیشان دام، هەر ئەو کەشە بوو کە وای لێ کردم بچمە بەغدا و...تاد.

ئایین بۆ من شتێکی نامۆ نەبوو، شتێک بوو لەگەڵی دەژیام. بە هەرزەکاری چەندین مانگ لە حوجرەی فەقێیان دەژیام. واتە لە قوتابخانەی چاخەکانی ناوەندەوە من چاوم کردووەتەوە. شێوەی ژیانی فەقێیان، پێوەندییان لەگەڵ مامۆستا، پێوەندییان لەگەڵ عەوام، پێوەندییان لەنێو یەکتر، ئەو مادده و پرۆگرامانەی کە دەوترانەوە، شتێکی زۆر تایبەت بوون.

لەتەمەنی شازدە- حەڤدە ساڵ چووم بۆ بەغدا و لەوێ ئامادەییم تەواو کرد. وەک بڵێیت من لەمێژە لە شتێک دەگەڕام، بەغدا دنیایەکی دی بوو. پانتاییەکی فراوان بوو. ئاووهەوای ماڵەوە تا دەهات شوورەکانی بەرز دەبوون، تا دەهات شتەکان بێ مانا دەهاتنە پێش چاوم و باوک و دایک دەبوونە دوو دیاردەی کۆنترۆڵکەر، دوو سانسۆر بۆ هەموو هەڵسوکەوتەکانم، بۆ شێوەی ژیانم، بۆ بیرکردنەوەکانم. هەستم دەکرد بۆ من ئاووهەوای ماڵەوە ئاووهەوایەکی تەنگە. ئەم هەڵگەڕانەوەیە بۆ من گەلێ دەلالەتبەخش بوو، چونکە شیعر لەدوا پێناسەدا هەڵگەڕانەوەیە لەزمانی باو، بەڵکو لەزمانی دایک. بەڵێ زمانی دایکم زمانی کچە جووتیارێکی دەشتەکانی ساڵەیی بوو، پاک و ڕەوان و بێ خەوش، بێ ڕستە، بێ خاڵ و وێرگوڵ، بێ پەرەگراف، بەبێ ئەرک. زمانێکی خۆماڵی، زارەکی، پەتی بوو. نەکەوتبووە بەر کاریگەری هیچ کتێبێک، هیچ هونەرێک، هیچ شتێک کاری تێنەکردبوو.

هەر وێنەی ئەو زمانەیە تێکەڵ بە وێنەی سەیر و سەمەرە دەبێت و تێکەڵ بە یادەوەری و بە خەلقی شیعری دەبێت و جارێکی دی لەژێر ناوونیشانی «زەردک» کە ئاماژەیە بۆ گوندەکەی دایکم، نەک گوندەکەی باوکم، جارێکی دی زیندوو دەبێتەوە. زمانی باوک، زمانی عەرەبییە، هەرچەندە بەکوردی لەگەڵمان دەدوا، بەڵام پاشخانی زمانەکە عەرەبییە، دەستەواژە و بەلاغەتی عەرەبییە، بارستایی کولتووری و شارستانیەت و جیهانبینی عەرەبی پێ بوو. مەلا شوێنی نییە، گوندی نییە، مەلا لە نازەمەن و ناشوێندا دەژیت. شوێن و زەمەنی مەلا کتێبە. باوکم دەیان جار ئەگەر باسی لێقەومانی بکردبایە دەیوت: ئەم کتێبە، مەبەستی قورئان بوو، لە دیاربەکریش بێت فریامان دەکەوێت. لە دیاربەکر ڕەهەندە فریاگوزەرەکانی قورئانی دەبینی نەک قووڵایی نەتەوەیی. ئەویش بەرهەمی مێژوویی خۆی بوو. باوکی ئەویش یەکێ بوو لە دەربەدەرەکانی دەشتی دزەیی. بەگۆپاڵ لە ئاغایەکی دزەیی دەدات و شەوێک لە شەوانی بەدبەختی ناوچەی دزەیی بەجێ دەهێڵێ و لەگوندی حەسار مەحەتە، لەناوچەی ساڵەیی نیشتەجێ دەبێت. باوکی ویش هەر مەلا بووە. واتە ڕابردووی باوکانم ڕچەیەکە تەنیا بەرەو ئاسمانەکانی میتافیزیک دەکشێت و ڕابردووی دایکانیشم کچی ئەو ئاواییانەن کە مەلایان تێدا نیشتەجێیە.

ئەم بیۆگرافیایە بۆ من سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو بوو بۆ شیعر نووسین. جۆرە شەڕێکە لەنێوان شتەکان، جۆرە ئاگرێکە و ناکوژێتەوە. جۆرە یاخیبوونێکی ئەزەلییە. ئەم یاخیبوونە لەپێناو هیچ شتێکدا نییە. تەنیا مومارەسەیەکی ژیانە. بەڕای من ئەگەر شیعر وا لەدایک نەبێت، دەچێتە پاڵ ئەو هەموو شیعرگەلەی کە ئیمڕۆ دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە و فەرامۆش دەکرێن. من لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە هێمنم، بەڵام لە ناخمدا ئاگرێکی ئەزەلی هەیە، ئاگری شەڕێکە باووباپیرانم هەڵیان گیرساندووە.

کاتێک چوومە بەغدا، دنیایەکی ئازادترم بۆ ڕەخسا، لەوێندەرێ بەگەرمییەکی زۆرەوە دەستم بە نووسین کرد و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی قوتابخانە شانەیەکمان دروست

کرد، هەموو شەوێک باسی سیاسەت و ئەدەبمان دەکرد. سالێکیان هەر قوتابی و پازدە دیناریان پێ بەخشی، بۆ ئەوەی جلوبەرگی پێ بکڕێت، من هەر هەمووم بەکتێب دا، ئەوکات دوو جانتا کتێبی پێ دەهات. هەر تەنیا خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بووم کە پێوەندییان بە قوتابخانەوە نەبوو.

دوای تەواوکردنی ئامادەیی، لە پەیمانگەی نەوت وەرگیرام و بۆ ماوەی چەند مانگێکیش لە بەسرە خوێندم، لەبەر کەم مەودایی، شتێکی ئەوتۆم لا نییە بۆ ئەو قۆناغە تەنیا پیاسەی گوێی شەتولعەرەب و سەرنجدانی ڕێکخستنی پەیکەرەکەی (بەدر شاکر سەیاب) نەبێت، غەریب سەیری دنیای دەکرد.

بەڕێکەوت لەبازاڕی بەسرە تووشی قوتابییەکی هاوڕێی پۆلی سێی سەرەتایی بووم، (ناوی کاک جەبار بوو) دواتر زانیم ئەویش لە هەمان ڕێکخستنی ئێمە ئیش دەکات. لە کۆلێژی پزیشک دەیخوێند و پاشان بوو بە پزیشک و لە شاخ پێشمەرگە بریندارەکانی تیمار دەکرد. هەر ئەو بینینە بوو ئیتر یەکترمان نەبینییەوە. دواتر ئەو دەبێتە پێشمەرگە و منیش جوغزی تاراوگەکەم فراوانتر دەکەم.

شەڕی ئێران و عیراق دەستی پێکرد. هاوینەکەی دەسبەتاڵ و پایزەکەشی شەڕ هەڵگیرسا. لەجیاتی تەعین بوون، ناومان بەسەربازی ئەبەدی جەنگی ئێران و عیراق دەرچوو. ئەوەی لای من جێی گومان نەبوو، نابێ ببمە سەربازی ڕژێمێکی تۆتالیتاری و بەشداری جەنگێکی ناڕەوایانە بکەم. پێش ئەو سەردەمە بەماوەیەکی کەم، (محەمەد ماغووت)م ناسی، لای من شاعیرێکی خۆشەویست بوو. هەستم دەکرد لەبارەی منیشەوە دەدوێ. دنیای یاخی، ئەو بەشێک بوو لە دنیاکەی منیش. هەڵگەڕاوە، دژ بە دابونەریت، دژ بە دەسەڵات، خاوەن هەستێکی مرۆیی هاوچەرخانە. هەر لەو سەردەمەش هەندێک شیعری (بۆدلێر) و (ڕامبۆ)م خوێندبووەوە. لەنێو شاعیرە کوردەکانی لای خۆمان، دڵم زیاتر بە شیعرە لیریکییەکانی (لەتیف هەڵمەت) دەکرایەوە، چونکە هەستم دەکرد (هەڵمەت) زۆر ڕاستگۆیانە باسی گەرمی شاری بەغدای دەکرد.

زۆرێک لە شاعیرانی هاوتەمەنی من کە خەڵکی هەولێر و گەرمیان بوون، باسی کرێوە و شاخ و سەهۆڵ و زۆزانیان دەکرد و هەرگیز باسی ئەو گەرمییە نەدەکرا، کە هاوینان شاری هەولێر، ئێستاشی لەگەڵ هەڵدەقرچێنێ. واتە من حەزم لە شیعری زیهنی نەدەکرد، بەڵکو شیعرێک لە هەستەکانەوە سەرچاوە وەرگرێت و پاشان بەرەو کوێ وەردەچەرخێ، ئەوە باسێکی دیکەیە.

شەڕی نێوان عیراق و ئێران دەستی پێکرد. من لەمانگی یازدەوە بۆ مانگی ئازاری هەشتاو یەک سەرباز بووم. بۆ ماوەی چوار مانگ سەربازیم کرد. ئەویش لەبەر دوو هۆ بوو. یەکەم دەمزانی تا سەر سەربازی ناکەم و دەبێ خۆم ڕزگارکەم، دووەمیش حەزم دەکرد چەند مانگێک ببمە سەرباز و بزانم ئەو دنیایە چییە. یەکەم ڕۆژی بەسەرباز بوونم، لە ئۆردوگا هەڵاتین بۆ ناو شار، یەکەم هەڵگەڕانەوە بوو. دوو ڕۆژ جارێ ڕیشم دەتاشی و ڕۆژێک تەحییەم بۆ نایب زابتێک نەکرد و شەوێکیان من و برادەرێکم خەفەر بووین، بە هەڵە تەقەیەک لە تفەنگی برادەرەکەمەوە دەرپەڕی. یاریمان بەو کەرتە ئاسنە کرد کە ئیشی ئێمە نەبوو هەڵی بگرین.

لەڕۆژی یەکی ئایاری ساڵی هەشتاو یەک، بۆ یەکجارەکی کەرکوکم جێهێشت. چوار کەس بووین. پێشمەرگەیەکی یەکێتی بە نهێنی گەڕابووەوە ناوشار و هێشتاش ناوی سەربازی نەهاتبوو، برادەرێکی پەیمانگەی نەوت، ئەویش لە ڕێکخستن بوو، بەڵام لەهەمان هێڵ ئیشمان نەدەکرد. برای برادەرێکی ئامادەییمان کە لەسەربازی وەڕس ببوو، هیچ خەمێکی کوردایەتی ئەوتۆی نەبوو. لە یەکەم سەیتەرەی شوان ڕایانگرتین. پسوولەکانمان تەزویر کردبوو، هێشتیان بڕۆین، بەڵام «حەسەن»یان گل دایەوە، مەبەست برای برادەرەکەمانە. ئەو ڕوخسەتی سەربازی هەبوو، بۆیە بواریان نەدایە لەگەڵ ئێمە بێت. وتیان دەبێ چاوەڕێی قافڵەی سەربازی بکات. ئەومان لێ جیا بووەوە و ئیتر من ئەوم نەبینییەوە. لە شاخ مایەوە و بوو بە ئەندامی پاسۆک، لەسەردەمی ئەنفالەکانەوە چوو بۆ لەندەن.

خۆمان دایە دەست چارەنووسەوە. چارەنووسی لای خۆشمان شەیتانێکی لە ئەستۆدایە. ئێوارە گەیشتینە قەڵادزە و شەو لەگەڵ قاچاخچی گەیشتینە ناوچەی ئازاد. ڕۆژی دوایی لە «ناوزەنگ» بووین. من بەتەواوی تووشی حەپەسان هاتم. هەموو ئەو نامیلکە سوورانەی کە بەدزییەوە لە شار خوێندبوومانەوە و لەگەڵ هەڤاڵان

ڕاڤــەمــان دەکــرد، وەکــو بلـّـقی ئاو دەتەقـــینە ڕووم. هەرچەندم دەکـــرد نەدەچووە ئەقڵـمەوە کە ئا ئێـرە بێت «دڵی شۆڕشی کـوردسـتان». جگە لە ناتەبایـیــەکــانی ناوخــۆ، جگە لەو شـەڕپێوبیـەی ئەو دنیــایە، هەســتم نەدەکرد شتێکی زۆر ڕێکخراو بێت.

## هەموو شاعیرێکی گەورە خاوەنی دەقی لاوازە، شاعیری مامناوەندیش هەیە دەقی جوان بنووسێت

دوای دوو ڕۆژی دیکە خـۆمـان لەسـەر سنووری ئێـرانی دوژمنی عـیـراق بینییـەوە. ئێـمـەی سەربازی ڕاکـردووی جـەنگ، بە گـەرمی پێـشـوازییــان لێکردین و هەندەی نەبرد، ســەرجــەم ئەو پەناهەندانەیان بەســەر شــار و شارۆچکەکانی ئێراندا بەشییەوە. من کەوتمە ئیسفەهان.

گـشـت ئەو هەڵهــاتنانەم بەبێ پرس کـرد. نە پرسی کەسوکار، نەپرسی حزب. هەڵهاتنێکی تەواو بوو. هەر دوای دەرچوونم بەماوەیەک، شانەکانی شاری کەرکووک کەشف دەکرێن و زۆربەیان دەگـیـرێن و هەندێکیـاشـیـان لەسێدارە دەدرێن.

هەشت مـانگی دیکە بەبێ پاسـپـۆرت، بەبێ پارە، بەبێ جـانتـا سـووک وەک باڵندەیەکی ڕزگـاربووی قەفـەسـێک دەگەمە شاری ژنێڤ.

سـەرەتاکـان دەسـتم بە ژیانێکی ڕەها کـرد. چوومە نێـو وێنەکانی (محەمەد ماغووت)ەوە. باسی یاخیبوونی خۆم لە دەست هەمـوو شت دەکـرد. وڵات، دەسـەڵات، خێـزان، تاد. دابڕام. بۆ مـاوەی یازدە ساڵ. سەرلەنوێ شیعرەکانم لەوێ لەدایک بوونەوە. بۆ من هەشـتـاکـان زۆر گـرنگە، چونکە زۆر چالاکــانە خــەریکی هونەر بووم. لە بەشی درامـا، سـاڵ و نیـوێک لە شـاری ژنێڤ شـانۆم خـوێند، تابلۆم دەکـێـشـا، پێـشـانگـەیەکی هاوبەشم کـردەوە. بە تایبەت زۆر شیعرم دەنووسی، لەوێ بۆ یەکەم جار هەستم کرد شاعیرم. ئەم هەستەم لە شاری ژنێڤ لا دروست بوو، هەسـتم کرد خـەڵاتکراوم، هەستم کرد تەنیا نیم. هەستم کرد خەریکی دروستکردنەوەی شتێکم. تەرجەمەم دەکرد. (ئەدۆنیس)م ناسی. کتێبی «زەمـەنی شیعر» و تیێزەکەی لەمەڕ جێگیر و گۆڕاو شـتـیان فێرکـردم. فێری ئەوەیان کردم کە ئەو تەوژمە شۆڕشگێڕییەی کە لەکوردستان فێری بــووم ببــێــتــە وزەیەکی بەرهەمــهــێنەر. هەســتم کــرد لەنووسـینی شـیـعـردا بوێری و ڕاسـتگۆیی دوو چەمکی گرنگن.

بەکـلاسـیکی کـوردیدا چوومـەوە و (ڕامـبـۆ) و (بۆدلێـر)م وەرگـێـڕا و (ئۆکتاڤیـۆ باس)م نـاسی و بەشێکی زۆری شانۆکانی «بێنۆ بێسۆ»م بینی. بێسۆ لە بەرلین یاریدەری برێخت بوو و لـە شـــــاری ژنێـڤ بەڕێـوەبـەری ئەکادیمیای شانۆ بوو، هەروەها دەرهێنەرێکی زۆر بلیمەت بوو.

یەکـەم نامـیلکەم «باران» بوو، بەجۆرە یاخـیـبـوونێک دەچوو، تێکەڵ بە هەسـتی ڕووت و لەهەمـان کـاتیـشـدا گەڕانێک لە «زەردک» بوو، کە پێنج ساڵ درەنگتر دێتە بەرهەم. «زەردک» هەم زێدە و هەم زمـــانێکی دیکـەیە لەمەڕ شیعر نووسینەوە «زەردک»م لەدوو ساڵدا نووسی. تا ئێـسـتـاش هەست دەکـەم سـەرکـەوتووترین دەقن کـە بەزمـانی کـوردی نـووسـیـبـێـتم، چونکە زۆر تاکـە، زۆر جیـاوازە، زۆر «منن». شێـوازێکی نوێ بوو لە شـیـعـری کــوردی، بەڵام لەکــاتێکدا نووســرا، من بە تەواوی لەکـوردسـتـان دابڕابووم، هیـچی ئەوێم پینەدەگـەیشت و هیــچی ئەوێم نەدەخــوێندەوە. پاشــان چەند دانەیەکی گـەیشـتـبـووە کـوردسـتـان، بە دەست دەنووسـرایەوە و بڵاودەکرایەوە و ئەمە گەلێک دڵی خۆش کردم.

هەر لەو سـەردەمـەدا بنەمـاگـەریم خـوێندەوە و ڕەخنەم دەخـوێندەوە و بووم بە ڕەخنەگـری خـۆم؛ شـاعـیــر، یان نابێت، یان دەبـیت ڕەخنەگـــر بێت. دەبا چاوێک بە سـەرجـەم شـاعـیـرانی دنیـادا بخشـێنین، زۆر دەگـمـەن شـــاعـیــــری چاک هەن ڕەخنەگــر نەبووبن و ڕەخنەیان نەنووسیبێت.

بە چاوێکی زۆر جـوداوازەوە «نالی» و «مـەحـوی» و «کــوردی» و «حـاجی قـادری کـۆیی» و ئەوانی دیکەم دەخـوێندەوە، کـەلەپووری کـوردی وەکـو بار دەهاتە پێش چاوم. ئەو سیاسەتەم بەزێدەڕۆیی دەزانی کە بە شیعرەوە ئاڵا بوو. شـیـعـرەکـانم زۆر بە پەرتوبڵاوی و بەبێ بەرنامـە دەگەیشـتـەوە کوردسـتـان. بەهیچ جۆرێک پێوەندیم لەگەڵ گـرووپ و حـیـزب و دامـەزراوەکـاندا نەبوو، لاتەریک و تەنیا بۆ خۆم شتم دەنووسی.

کـۆ شـیـعـری «زەردک» بەتەواوی ئاسـۆی نووسـینی بۆ خسـتـمـە سـەرپشت، ئەگـەر چاوێکی خـێـرا بەسـەر ئەو بەرهەمـە دابخشـێنین کـە ئێـسـتـا تەمـەنی بیـست سـاڵە،

هەست دەکرێت کە بە «لەدایکبوون» دەست پێ دەکات و بە «شەهوەتی ڕەفز» کۆتایی دێت. هەروەها لە نۆ قەسیدە پێکهـاتووە. نۆ و لە دایکبـوون و ڕەفـز، ئایا ژیانی تایبەتی خۆم ناگرێتەوە؟

شاری ژنێڤ تا دەهات دەرگا و پەنجەرەکانی بە ڕوومدا دادەخـران. سـەرەتا ئاسـان نەبوو بڕیاری دەرچوون بدەم، پاشان کـارتی ئیـقامـەکـەمم بۆ گـەڕاندنەوە و سـەفـەری فـەرەنسـام کـرد. لەکـۆتایی هەشـتـاوهەشـتـدا چوومـە فـەرەنسا. دوای ئەوەی زەمالەیەکم لە وەزارەتی دەرەوەی فــەرەنســاوە بۆ دەرچوو، لەبەشی ئەدەبیــاتی هاوچەرخ دەسـتم بەخـوێندن کـرد. دوای ئەوەی بەکـالۆریۆسم تەواو کرد لە بەشی زمانەوانی دەستم بە خوێندنی ماستەر کرد، بە پوخـتـی ڕێبـازە زمـانەوانیـیـەکـانم بەسـەر دەکردەوە و پاشــان دکـتــۆرام لە ئەدەبی بەراوردکــاری لە زانکـۆی «فـرانش کـۆنتێ» تەواو کـرد؛ لەمـەڕ شـیـعـرەکـانی «مـەحـوی»یەوە لێکـۆڵینەوەیەکم کـرد. هەروەها دەقـە شـیـعـرییـەکـانیم وەرگـێڕایە سـەر فـەرەنسی و لە پاریس بڵاوم کردنەوە. هاوتەریب لەگـەڵ خوێندن، دەقی شیعریم دەنووسی و هەر لەو ســەردەمــەدا، واتە لەســەرەتای نەوەدەکـان، «کـتـێبی شیـعر»م بڵاوکردەوە. تەنیـا ٥٠٠ دانەم لێ چاپ کرد و هەندێکم لەگـەڵ خـۆ بۆ کـوردسـتـان بردەوە. ڕەخنەی کــوردی لە زۆر ڕووەوە لاوازە، چونکە سەردەمی ڕەخنە، مەبەستم ئەقڵی ڕەخنەیی لەکوردستـان سـەری هەڵنەداوە. ئەوەی دوێنێ باسی دەکـردم، ئیـمـڕۆ باسم ناکات. واتە هەمیشە مەبەست لە پشتی نووسینەوە هەیە، مــەبەســتی دیکە لە دەرەوەی نووسین چەکــەرە دەکـەن. ئەمە لەبارەی شیـعرەکـانی منەوە گـرنگ نییـە، بەڵام لەبارەی ڕەوتی کــۆمــەڵگەوە زۆر ترسناکــە. من تائێستا لەبوارەکانی ڕەخنەی شیعری لەسەر شاعیرانی لای خۆمان بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک ڕەخنەم نووسیوە. نە لە هاوڕێیــەتی دەگــەڕێم، نە لە دوژمنایەتی، بەڵام ڕەخنەگری کورد بە چاوێکی دیبەوە سەیری دنیای نووسین دەکات. ئەمە بێجگە لە گرفتەکانی میتۆد و پاشخانی کولتووری کە ئەم دوو لایەنە بۆ ڕەخنە زۆر گرنگن.

* دەربارەی پرۆژەی گـۆڤـاری «شیـعر» کە بەهاوبەشی لەگـەڵ فـەرهاد پیــربـاڵ و بەهاوکــاری گـۆڤــاری «نما» چەکـــــەرەی کـــــردووە، دەتانەوێ لەم ڕێگـەیەوە چ بە هەوادارانی شیعر بڵێن؟

– لە مێژە پرۆژەی گۆڤارێک لەمەڕ «شیعر»م لا گەڵاڵە بووە، بەڵام گـۆڤـار بەکـەسـێک و دوان دەرناچێت، دەبێ کۆمـەڵێ فـاکـتـەر کۆببنەوە تا دەبنە بەرهەم. گۆڤـار وەکو کـتـێب نیـیـە، پێـویسـتی بە بین درێژی هەیە. پێش گـەڕانەوەی فـەرهاد بۆ کـوردسـتـان، سەبارەت بەدەرهێنانی گـۆڤـارێکی ئەدەبی لەسـەر چەند هێـڵـێک ڕێکەوتین، ئەوەبوو گـۆڤـاری «وێران»مـان دەرهێنا. من و فـەرهاد بەقـەد ئەوەی دۆسـتی زۆر نزیکی یەکـتـرین، هەندەش لەمـەڕ بۆچوونە شـیـعـرییـەکـانەوە لەیەکـتـرەوە دوورین. وا بزانم ئەمەش لەمەڕ چالاکی شیعر نووسینەوە بارێکی زۆر تەندروسـتــە. تا لە یەک نەکـەین، هەندەش دۆسـتی یەکترین.

پاشـان بیـرۆکـەی گـۆڤـاری «شـیـعـر» لە دایک بوو. پرۆژەیەکە دەتوانێ جێی خۆی بکاتەوە، چونکە شیـعری کوردی لە جۆرە قەرەباڵغییەکدایە. شیعر نووسین موڵکی کـەس نیـیـە و هەمـوو کـەسێ دەتوانێت بنووسێ، بەڵام بەباش دەزانرێت، هەندێ بەرهەم چوارچێـوەڕێژ بکرێت، لێکۆڵینەوە لەمــەڕ شــیــعــر بکرێت و دەقی کــۆک وەربگێڕرێت و ئاوڕ لە قەڵەمی نوێ بدرێتەوە.

تا ئێـسـتـا تەنیـا سێ ژمـارەی گـۆڤـاری «شـیـعـر» لە دەزگای «نما» بڵاوبووەتەوە و هیـوادارم ئەم پرۆژەیە گەشە بکات و چەند شـاعـیـرێکی بە سـەلیـقـە هەن دەبێت بەشـداری تێـدا بکەن. وەکـو (دلاوەر قـەرەداغی، هیـوا قادر، بەختیار عەلی)، سێ دەنگی زۆر جیاواز لەیەکتر، چونکە تائێستا تەنیا من و فەرهاد کاری بۆ دەکەین. لە ڕاسـتـیـدا تەنیـا فـەرهاد ئیـشی بۆ دەکـات، چونکە من دوورم و هەر بەناردنی بابەت توانیـومـە بەشـداری تێـدا بکەم، ئەمـەش هەمـوو شـتـێک نیـیـە لەبارەی دەرکـردنی گـۆڤــارێکەوە. ئێـســتــاش زۆر سـوورم لەســەر ئەوەی گۆڤارێک بۆ هەبێ، چونکە شیعر زۆر پێویستە، ئەمڕۆ لەبارەی شـیـعـر کـوردی زۆر شت هەیە بوترێت. چەندین دەیەیە شیـعری کوردی نغرۆی سیاسـەت و کوردایەتی و چەپڕۆیی و ئاژاوە بوو بۆیە هەر لەم ڕێبازانەشدا شاعیری ناودار پەیدابوون و شیـعر وەک چالاکییـەک کە لەسـەر کۆڵەگەکانی زمان و جیهانبینی تاک پەیوەستە فەرامۆش کرا.

بەڕای من هەر لە (گـۆران)ی دوای ڕۆمـانسـیـیـەتەوە شیعر تووشی شێوان هات، ڕەنگە پێش ئەویش بەدەستی

(حاجی قادری کۆیی) شەقێکی ناسیۆنالیستی بەر شیعری کوردی کەوتبێت، تا ئێستاش ژانی ئەو شەقە لەدیدگای زۆربەی زۆری شاعیرانمانەوە دیارە.

شیعر وەکو ئەڵماس ڕەقە و بەقەد گوڵێکیش ناسکە، بوارەکانی شیعریش هەموو شتێکە و هیچ شتێکی دیاریکراویش نییە. بۆ ئەوەی شیعر ڕزگاربکەین، دەبێت بزانین ئەرکی شیعر چییە ،کاتێ زانیمان بێ ئەرکە، نابێ ئەرکی بەسەردا بسەپێنین. نابێت هەموو شتێ بەشیعر بوترێت، چونکە هەموو شت نە بە شیعر دەوترێت نە بە شیعریش چارەسەر دەکرێت. ئەمە خەوشێکە بەنێوچەوانی شیعری کوردییەوە. ئەم گرێ کوێرەیە تەنیا هەر شیعری کوردی ناگرێتەوە، بەڵام ئێمە لەو جوگرافیایەدا ئیش دەکەین و دەبێت ئاگاداری شیعری خۆمان بین.

* یەکێک لەو چالاکییە سەرکەوتووانەی بەکارەکانتەوە دەبینرێت وەرگێرانە، کە ئەم مەسەلەیە بە یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین چالاکی ژیانی ڕووناکبیری دادەنرێت، کێشەی ئێمەش لەمەدا نەبوونی سەلیقەیەکی وردە بۆ کارەکە، بەو پێیەی کە تائێستا نەمانتوانیوە پرسی نێوان زمانەکان وەک پێویستە دەبوو بکەینەوە، چی بۆ وەرگێران بکرێت؟ یان ئەگەر شتێکی بۆ کراوە چۆن باشتری بکەین؟

– هەروەکو لە سەرەتاوە باسم کرد، هەر لەسەرەتاوە کە دەستم دایە نووسین، شیعری عەرەبی و کوردیم وەردەگێڕا و هەندێکیشم لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، لە بەغدا بڵاوکردنەوە. وەرگێڕان گەلێک گرنگە. بەداخەوە ئێمەی کورد شتە جیدییەکان بەهەند وەرناگرین. من بە پێویستی دەزانم وەزارەتێک تەنیا بۆ وەرگێڕان تەرخان بکرێت. ئەمەم لە شوێنێکی دیکەش باس کردووە، چونکە ئێمەی کورد چالاکی نووسینمان بۆ چەند دەیەیەک دەگەڕێتەوە. ڕاستە بابەتایەرمان هەیە و جزیری و ئەحمەدی خانی و کێ و کێ دڵمان خۆش دەکەن کە لە چاخەکانی ناوەندیش کورد نووسینی هەبووە، بەڵام نووسین وەک چالاکییەکی شارستانی و هەمەلایەن بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتا دەگەڕێتەوە. ئەویش لەژێر پاڵەپەستۆی سانسۆر و هەڵاتن و ...تاد چێ دەبوو، هەندەی ئارەقە بەجەستەی نووسینی کوردییەوە هەیە، هەندە هۆشیاری پێوە دیار نییە.

واتە نووسین هێشتا بەتەواوی پێی نەگرتووە. گەڕەلاوژێ هەیە، چەمک و دەستەواژە و زاراوەکان سەقامگیر نەبوونە. هەر گرووپ و دەزگایەک ڕێنووسێکی بۆ نووسین هەیە هەر نووسەرێک شتی تایبەتی لەمەڕ ڕێنووسەوە هەیە، هەندێکیان شتی زانستییان پێوە دیارە، زۆربەیان تەنیا نەرجسییەت بە پاژنەیانەوە دیارە. وەرگێڕان یەکێکە لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی چەرخی ڕاپەڕینی هەر میللەتێک. یۆنانی بەنیسبەت ئیتاڵیای سەدەی پازدەیەمەوە، لاتینی و یۆنانی و ئیتاڵیایی بە نیسبەت چەرخی ڕاپەڕینی فەرەنساوە، سەدەی شازدەمی فەرەنسا سەدەی وەرگێڕانە نەک هەر تەنیا وەرگێڕان، بەڵکو گەیشتە ڕادەی ئەوەی وەرگێڕان و لاسایی جودا نەدەکرانەوە. بۆیە لاسایی لە سەدەی شازدەیەمی فەرەنسا تەواو واتای نوێ لەگەڵ خۆی دەهێنێ. ئافراندن و لاسایی دەبنە هاوواتای یەکتر. ئایا ئەم دیاردەیە کولتووری کوردی ئیمڕۆمان ناگرێتەوە؟ لای بلیمەتترین نووسەرمان لاسایی کردنەوە بەدی دەکرێت، لای گەورەترین شاعیرمان سێبەری شاعیرێکی دیکە دەبینین، لای شێوەکار دنیای لاسایی کردنەوە بەزەقی دیارە. ئەمەش بابەتێکە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە. لێرەدا هەڵبەتە نابێت بەچاوێکی گوماناوی تەماشای لاسایی بکەین. لەنێو کۆمەڵگەی کوردی، هەموو شتەکان لەدەرەوە دێن: تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، سەتەلایت، تابلۆ، شانۆ، ئۆپەرێت، ڕۆمان، ئەمە سەبارەت بەژانر و تەکنیک، سەبارەت بە چەمک و مەفهوومەکانیشەوە هەر وایە: دیموکراسییەت، پەرلەمان، سیاسەت، پارت، مافی مرۆڤ، مافی ژن و منداڵ و...تاد، گشتیان چەمک و تێگەیشتن و بەهای ڕۆژئاوان. کەواتە ئەدەب و زمانەکەشمان دەکەوێتە بەرکارتێکردن و لاسایی کردنەوەوە. لاسایی کارێکی دزێو و نەنگ نییە، بەڵکو کارکردن بەدزییەوە خەوشە.

ئێمەش بە حیسێب لەچەرخی ڕاپەڕینداین، بەڵام دەبێ بەچاوێکی مێژووییەوە سەیری دیاردەی ڕاپەڕین بکەین. کۆڕەو و گەڕانەوە و پاراستنی ئاسمانی کوردستان لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی دڵمان بەوە خۆش بێت کە ڕاپەڕین وا لە دوامانەوەیە. چەرخی ڕاپەڕین لەوڵاتێکی وەکو فەرەنسا یەک سەدەی خایاند، واتە سەد ساڵی ڕەبەق. لە هەموو بوارەکان ڕاپەڕین بوو.

دێمەوە سەر وەرگێڕان. ئێمەی کورد، واتە کتێبخانەی

کوردی لە هەموو ڕووەیەکەوە هەژارە. بۆ ئەوەی گەشە بەزمانی کوردی بدەین، دەبێ دەست بکەین بە دامەزراندنی لەشکرێک بۆ پرۆسەی وەرگێڕان و دوای سەد ساڵ ئێمەش مافی ئەوەمان دەبێ بڵێین خاوەن کتێبخانە و هزر خاوەن ڕاپەڕینین، ئەگینا هەروەک کیسەڵێکی لەش قورس هێدی هێدی بەهەورازەکانی نەگبەتیدا سەردەکەوین.

وەرگێڕان پسپۆری دەوێ. پێ ناچێ حکوومەتی هەرێم بیەوێ ئاوڕ لەم کارانە بداتەوە. ئەو چەند دەزگایەک بەناو ڕۆشنبیری دروست دەکات و هەندەی مەبەستێتی لایەنگیر و هەوادار لە دەوری خۆی کۆکاتەوە، هەندەی مەبەستی خزمەتی کولتوور و زمانی کوردی نییە، چونکە وا پێدەچێ ئەو، واتە دەسەڵاتی کوردی لە سووچێکی زۆر جیاوازەوە بڕوانێتە ئەم ئیشە. بەنیسبەت ئەو، پێ قایم کردن لەبواری سیاسەت و دەسەڵات گرینگترە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین دەسەڵاتی زمان لە سیاسەتیش گرنگترە. چی مرۆڤێکی سەلەفی لەعەلمانی جودا دەکاتەوە، تەنیا هەر زمانە. واتە زمان بڕبڕەی پشتی هەموو بۆچوون و جیهانبینییەکە.

ئیمڕۆ لە زانکۆکاندا بۆ ئەوەی قوتابییەک لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدات، پێویستی بە سەرچاوەی زانستی هەیە. پێویستە زانکۆکان کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەن. بەتایبەت سەرچاوە بنەڕەتییەکانی دنیا، چ لەبواری سۆسیۆلۆژی، چ لە بواری دەروونناسی، چ لە بواری زانستی سیاسی، پێویستمان بەو سەرچاوانە هەیە بکرێنە کوردی. ئەمە لەپاڵ ئەوەی کە پێویستە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی ببنە زمانی سەرچاوە،

واتە دەبێ هاریکارییەکی تەواو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە لەنێوان وەزارەتە پێوەندیدارەکان پەیدا بێت، ئەگینا دوای سەد ساڵی دیکەش، کاتێ نەوت نامێنێ دەگەڕێینەوە ژێر ڕەشماڵەکانی باووباپیران.

* لەکوردستاندا پێوەندی سیاسەت و هاووڵاتی بەگەمەی دیموکراسی و ڕێکەوتن و هەستی نەتەوایەتییەوە بەستراوەتەوە، واتە لەسەر حسێبی بەسەنتراڵ نەبوونی تاک ورووژاندن و خستنەڕووی چەمکە نیشتمانییەکان بە گرنگی نیشان دەدرێن، بێ گومان پێویستیمان بەڕاستکردنەوەی ئەم پرسە هەیە، چۆن بتوانین ئەم پرسە ڕاست بکەینەوە؟

– هەموو واقیعێکی نوێ چەمکی نوێ و زاراوەی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. هاووڵاتی لەکاتی شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسادا زاراوەیەکی نوێ بوو. ئیتر «جەناب» و «مسیو» «سینیۆر» و گشت ئەو ناوونیشانە کۆمەڵایەتییانەی کە تەعبیریان لە توێژ و چینە باڵاکانی کۆمەڵ دەکرد، لەنێو وشەی «هاووڵاتی»دا توانەوەو «ئێوە»ش بۆ ڕادەیەک جێی بە «تۆ» چۆڵ کرد. شاڵاوێکی بۆچوون بوو و دنیایەکی کۆنی لەدوای خۆی جێ دەهێشت. کوردستانی دوای (ڕاپەڕین) بۆ یەکەم جار لە مێژووماندا، کورد دەبێتە خاوەن شاری خۆی. هەرچەندە سەرجەم شارو شارۆچکەکان وێران و خاپوور بوون، بەڵام هیوا هەبوو کە بەرد لەسەر بەرد دابنرێتەوە و هیممەتی بنیادنانەوە بێتە گۆڕێ.

دەبێ بنیادنانەوە ببێتە ناوونیشانی پەنجا ساڵی داهاتوومان، چونکە کاتمان زۆر لەبەردەم نەماوە. نەوتی کوردستان تا سەد ساڵی تر دەمێنێ، ئەگەر لەم سەد ساڵەدا بنیادێکی تەواو نەکەین، هەموو شتەکان بەسەرماندا دەڕووخێن. کاتیش بەخێرایی دەڕوات. شۆڕشی کورد لەدوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە لەنێو دوو ڕێبازدا دەژیا. شتێک مەیلی چەپی هەبوو. هەرچەند چەپ لەو بارودۆخەی کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕی، نەهاتە دی. بەواتایەکی دی چەپی کوردی چەپێکی زیهنی بوو، چەپێکی کتێبی بوو وەک چەپی ئیشی سیاسییانە و دامەزراوەیی. ڕێبازێکی دیکەش خۆی لەنێو کەمۆڵەی ناسیۆنالیستیدا پەروەردە دەکرد. کورد بوون بووە گەمە گەورەکە. ئەم دوو ڕێبازە دوور لەیەک گەشەیان نەدەکرد، بەڵکو زۆرجار یەکدییان دەبڕی. هەندێ جاریش لەدووی پێناسەی نوێ دەگەڕان.

زۆرجار پرسیارەکان بەچەواشەیی دەکران، بەنموونە بۆ زمانی یەکگرتوومان نییە؟ وەڵام چونکە دەوڵەتمان نییە. بۆ ڕێنووسێکی ڕەوانمان نییە؟ وەڵام چونکە دەوڵەتمان نییە، بەڵام کەس پرسیاری نەدەکرد. ئەی بۆ دەوڵەتمان نییە؟ ئەمە پرسیاری جەوهەرییە و دەبێ ئێستاش لەخۆمانی بکەین. تا یارمەتیمان بدات لەخۆمان ورد بینەوە، مێژوومان ڕاڤە بکەین، دەست بخەینە سەر مرۆڤی کورد و لەسەرجەم ئەو فاکتەرانە بکۆڵینەوە کە بوونە مایەی دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی. دیارە خەلەلێک لە گۆڕێدا بووە.

لەلایەک هۆشیاری کورد بەرانبەر بەخودی خۆی، بەرانبەر بەمێژووی، بەرانبەر بەمێژووی ئەوی دیکە زۆر گرنگن و نەخشاندن و سنووردانانی هەر ئیتنیکێکی دیاریکراوە کە لەسەرووی هەمووشییەوە زمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی تێدا دەبینێت. لەلایەکی دیکەشەوە سەرجەم ئەو شتانەی کە بەو زمانە نووسراون کە تەعبیر لە بەهاو هەڵسوکەوت و ڕەفتار و نەریت دەکەن و دەبنە کۆی بەها ڕۆحییەکان. ئا لێرەوەش ڕوانگەی میللەت و جیهانبینی میللەت و قۆناغە هزرییەکانی لەمەڕ دنیا دەردەکەون. هەر بۆ نموونە تەزووەکانی سۆفیگەرایی چ وەکو پراکتیک چ وەکو ئەدەبیات بە زمانانی غەیرە کورد لە سەدەکانی چورادەدا کۆتاییان هاتبوو، کەچی لەسەدەی نۆزدەیەم و بۆ یەکەم جار (مەحوی) شیعر بە دیالێکتی بابان دەنووسێ. ئەم لاترازانە زەمەنییە چییە؟

با بۆ پرسیارەکە بگەڕێینەوە. ئێمەی کورد هەروەکو ئەو میللەتانەی کە لە دەوروبەرمانن، بنەما کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان بەها خێڵەکییەکان و بەها جێگیرەکانی ئاییندا سەقامگیر بوونە. ئەم بنەمایانە پێ دەچێ هەند جێگیر و وەستاو بن، هیچ ئاسۆیەکی دی تێدا بەدی نەکرێت. دەمێکە چاوەڕوانی بەرەبەیانێکی نوێین و هیچیش دیار نییە. هێشتا بەوردی و بەجورئەتەوە لەمەڕ سەرجەم ئەو هۆکارانە قسەمان نەکردووە، چونکە بە جۆرە ڕووبەڕووبوونەیەک لەنێوان لاسایی و نوێخوازی دەژمێردرێت. هەست بە تەنسیۆنێک، یان بگرە و بەردەیەک دەکەین و لە کۆتاییشدا لە بەرژەوەندی کۆنخوازان کۆتایی دێت. هەموومان، ڕەنگە لەدوا پێناسەدا بارمتەی دەستی سەلەفییەیێک بین، سەلەفییەتی هزر و تێگەیشتن نا، بەڵکو سەلەفییەت تەنیا سیمای تیرۆری دەردەکەوێت. کاتێک سەلەفییەک وەکو هزر دێتە پێشەوە هیچ نکوڵییەک لەم بۆچوون و تێگەیشتنە ناکرێت، بەڵام کاتێک سەلەفییەک دەبێتە تاکە ڕێگە، ئا لێرەدا هەڵایسانی هزری سەرهەڵدات.

بەڵام دەبێ شتێک بوترێت: ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام وەکو سستمێک توانای نییە وەڵامی سەرجەم ئەو پرسیارانە بداتەوە کە مرۆڤی ئێمە دەیانکات. ئەمە شکستی ئیسلام نییە، بەقەد ئەوەی پێوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە کە ناتوانن لەڕۆحی ئایین بگەن. ئایین تەنیا هەر شێوە نییە، بەڵکو ناوەرۆکە. کاتێک دەمانەوێت شێوەیەکی نوێ بکەینە ڕۆحێکەوە، ئا لێرەدا سەرجەم ئیشکالییەتەکان سەرهەڵدەدەن. چەمکی بیدعە قوت دەبێتەوە و کتێبی پیرۆزیش تووشی بێ دەنگبوون دێت.

بۆ نموونە، سەرجەم ئەو بۆچوون و چەمکانەی کە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین خوازراون. بۆ نموونە سیاسەت بەمانا مۆدێرنەکەی، دیموکراسییەت، هاوولاتیبوون، نەتەوایەتی...تاد. دەبێ سەرەتا دان بەوەدا بنێین کە ئێمە ئیتر لەنێو هزری ئەوی دیکەدا ئیش دەکەین. لایەنە پۆزەتیڤەکانی جیهانگیری ئەمەیە هەموومان لەنێو سستمێک ئیش دەکەین. با ڕێگە و میتۆدەکان جیاواز بن، بەڵام چەند بەهایەکی گەردوونی هەن، وابزانم لەگەڵ بەهاکانی ئیسلامیشدا دەگونجێن، بەڵام چ ئیسلامێک؟

ئیسلام وەکو سستمی سیاسی لە شکستەوە لەدایک دەبێت. ئێران وەک نموونە هەندەی خەریکی ئیدارەی قەیرانەکانی خۆیەتی، هەندەی چەمکەکانی کامەرانی و خۆشگوزەرانی بۆ هاوەڵاتانی دروست نەکردووە.

یان تێگەیشتنمان لە دیموکراسییەت، ئەویش دیسانەوە لە جوغزێکی دیکەی سەرزەمینەوە دەگاتە ئێمە. تا ئێستا بەتەواوی نەمانویستووە لەدیموکراسییەت بگەین، بە ئەنجەتی ئەوەی کە هێشتا کۆمەڵگە ئامادەنییە، بەڵام کەس دەپرسێت بۆچی کۆمەڵگە ئامادە ناکرێت؟ بۆ ناکرێتە بەشێکی گرنگ لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی. ڕژێمە تۆتالیتارابییەکانی وڵاتانی عەرەبیش ئەمە پەنجا ساڵە هەمان قەوان لێدەدەنەوە. ئێمەش بە بێ گومان هەر ئەوە دووپاتی دەکەینەوە.

کاتێک حزب خۆی لەپێکهاتە ناوەکییەکانی دیموکرات نەبێت، چۆن دەتوانێت لەئاستی کۆمەڵگە دیموکراسییەت پراکتیزە بکات. ئایا ئەو حزبانەی کە ئیمڕۆ لەکوردستان باڵادەستن، دیموکراتن؟ وەڵام دەبێ بە نەخێر بدرێتەوە. کەواتە دەکەوینە نێو دووفاقییەک، واتە پەرادۆکسێک و دەبێ لەدەربچەیەک بگەڕێین بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەسکاری نەکرێت. بەواتایەکی دی، ئا لێرەوە چەمکی «تەوافوق-ڕێککەوتن» لە دایک دەبێت. بێ گومان دیموکراسیەت گەمەیەکی یەکجار گەورەیە، جێبەجێکردنی ترسناکی لەنێو خودی دەسەڵات خۆیدا دەنێتەوە. بۆیە لەنێو ستارکتورێکی کۆن و بەهایەکی نوێ لێکترازان دروست دەبێت و چەمکێکی نوێ دێتە کایەوە. ئەویش

«تەوافوقە» واتە شەقھەڵدانێکی دیکەیە لە دیموکراسییەت. بێ گومان خاوەنەکانی تەوافوق هەنجەت و ئارگومێنتی لۆژیکیانەشیان پێیە، بەڵام ئەوان لەپێناوی دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و دەستڕۆیشتندا بەکاری دەهێنن، نەک لەپێناو سەرکەوتنی دیموکراسییەتدا.

چۆن و بۆچی چەمکی «تەوافوق» لەکوردستان سەردەگرێت؟ ئا لێرەوە بیرۆکەی نەتەوە وەکو چەمکێکی گرنگ دێتە پێشەوە، چونکە کورد وەکو میللەت، لەنێو مێژوویەکدا سەرهەڵدەدات کە لەنێوان ئینکار و ئیسپاتکردندا ژیاوە.مێژووی نوێ شایەدحاڵی ئەمەیە. سروودی (ئەی ڕەقیب) لێرەوە واتاکانی دەقۆزرێتەوە. سەرجەم ئەدەبیاتی کوردی نوێ خۆیان بەم چەمکەوە هەڵواسیوە. واتە لە بیرۆکەیەکی ڕووتەوە دەبێتە بەهایەکی پیرۆز. واتە لە ژیانەوە وەردەگێڕدرێتە ئیدیاڵ. لە ئەقڵەوە دەگواسترێتەوە بۆ هەست و لەویشەوە ئاودیوی ناهۆشیاری دەکرێت. پێکهاتەکانی نەتەوە لەنێو پرۆسەیەکی مێژووی ئاڵۆزەوە گەشە دەکەن. شتێکی میتافیزیک و ئەبەدی نییە، بەڵکو قۆناغە و پێداویستییە و هەستە.

کەواتە ئازادی نەتەوەیی گرنگە و گرنگییەکەی لەگەڵ کات و زەمەندا دیاری دەکرێت. دەسەڵاتەکان و سەڵاحییەتەکان گرنگن، بەڵام لەهەمووی گرنگتر مرۆڤەکانە. واتە نەتەوە خۆی لەتاک پێک دێت، کاتێک تاک لەپێناوی ئایدیای نەتەوەدا پشتگوێ دەخرێت، ئێمە دەبێ گومان لەهەڵگرانی ئەو ئایدیایە بکەین. واتە ئەگەر بەهاکانی نەتەوە و دەسەڵات و ئەو سەڵاحییەتانەی کە بەر نەتەوە دەکەون، لەپێناو تاکەکان بەکارنەهێنران، ئەوە جارێکی دیش دەکەوینەوە نێو هەمان جوغز. واتە گشت لەپێناوی ئایدیاڵ بەکار دەهێنین و چەمکەکانی قوربانی و خۆبەخت کردن و ئاوارەبوون و..تاد تەنیا هەر بۆ بەشێکی میللەت دەبێت.

واتە لەشتە حەیاتییەکان دوور دەکەوێتەوە و دەکەوێنە نێو گەمە لە بن نەهاتووەکانی دەسەڵات و ترس دروستکردن و دواخستنی ژیان بۆ بڕێکی زۆری خەڵک، لەپێناو هەندێ کەسدا. ئەو هەندەش ئیدی خۆیان بە میرات هەڵگری نیشتیمان دەزانن و دابەشکردنی دەسەڵاتیش تەنیا هەر بەتەوافوق دەبێ بچێتە سەر.

ڕەنگبێ تەوافوق لە قۆناغێکی دیاریکراودا گرنگ بێت، سەدای ئەو تەوافوقەی کە لە دەڤەرەکەی ئێمەوە دێت، من دەخاتە گومانەوە، چونکە ژیانی تاکی کورد زۆر لە نشێو دایە، مرۆڤی ئێمە زۆر ماندووە. ژیانی هەرەزۆری خەڵک وەکو ڕووەک وایە و هیچ شتێکی بنەڕەتی بەدی ناکرێت، کە ئەم بارودۆخە بەرەو دنیایەکی دی وەرچەرخێنێ.

بۆ ئەوەی باس لە سیاسەت و دیموکراسییەت بکەین، دەبێ بیر لەگرنگی ڕۆڵی ئۆپەزیسیۆن بکەینەوە، چونکە هەر ئۆپەزیسیۆن دیموکراسییەت دەپارێزێت. کەواتە کاتێک گەمەکانی تەوافوق کۆتایی دێت، ئاسۆیەکی نوێ بۆ دیموکراسییەت هەڵدێ. ئەگەر پاشەقولی دیکە لە ئارادا نەبێت.

* دروستکردنی باوک وەک چۆن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ نێو پێوەندییە سیاسییەکان گوێزراوەتەوە و لەوێشەوە خەریکە کایەکانی ئەدەبیش بگرێتەوە، واتە هەمیشە هەوڵدراوە تاکی کورد وا ڕابهێنرێت کە هەموو کات کەسێک باوکی بێت، لێرەدا نامەوێ قسە لەسەر مەترسییەکانی ئەم بابەتە بکەین، بەڵکو دەمەوێ هۆکاری دروستبوونی ئەم حاڵەتە بخەینە ڕوو، ئایا بەڕاست کولتوور و کایەی ڕووناکبیری کوردی پێویستی بەباوک هەیە؟

– بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دیسانەوە دەبێ پەنا بۆ بنەماکانی کۆمەڵایەتی ببەین و لەوێشەوە کێشە سایکۆلۆژییەکانیش قوت دەبنەوە. زۆربەی کۆمەڵگەکان لەهەوڵی دروستکردنی باوکدان. کاتێک باوکی ئاسمان هەموو کارەکان ڕانەپەڕێنێ پەنا دەبەینە بەر دروستکردنی باوکی سەرزەمین. هەر لە کاهینێکەوە بۆ سەرەک عەشیرەتێ، لەوێوە بۆ سەرەک حزبێ و لەدوا پێناسەشدا باوکی نیشتیمان. لەکاتێکدا زەمین وەکو دایک تەماشا دەکرێت، دەبێت باوکێک بەرانبەری قوت بکرێتەوە، تا بیرۆکەی دووانەیی ئەنجام بدرێت. دایک– نیشتیمان و باوک– ئاسمان لەگەڵێ کولتووردا بەدی دەکرێت.

بەڵام لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، دەکرێ لەدروستکردنی باوکدا فاکتەری کۆمەڵایەتی–سیاسی، ئابووری و دەروونی ببنە هۆکار. ئەگەر بڕوانینە گوتاری سیاسی سەرجەم کۆمەڵگەکانی دەوروپشتمان کە جوداوازییەکی لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا نییە، هەست دەکەین بەزەقی

لەسەر ئەم تێرمە ئیشیان کردووە. «ئەبو قاید» ڕۆژگارێک لەسەرووی کۆمەڵگەوە کاری خۆی دەکرد. «ئەتاتۆرک» لای کۆمەڵگەی نوێی تورک، دوای ئەوەی کۆتایی بە نەوەی عوسمان دێت، باوکی تورک سەر هەڵدەدات و دەبێتە سانسۆرێکی ناوەکی و لە باوکێکی ئاساییەوە دەبێتە باوکێکی سەمبۆلی و لەوێشەوە دەپیرۆزێنرێت. واتە نرخ و بەهای هەمیشەیی دەسگیر دەبێت. هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە زەمینەیەکی لەبارە، زەمینەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی زۆر لەبارە لە بەرهەمهێنانی باوک بەو مانایەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد.

هەست دەکرێت لەکۆمەڵگەی کوردیدا، لەبەر ئەوەی بنەمای کۆمەڵایەتی لەنێو جوغزێکی تەنگەنەفەسیدا سەقامگیر بووە، منداڵ سروشتیان وا فێر دەکرێت کە هەمیشە پێویستی بە باوک بێت. هەر لە بێشکەوە تا ئەو قۆناغەی ژنی بۆ دەهێنرێت. منداڵیش تا باوکی مابێت قەد ناهێڵین هەراش بێت، واتە باوک لە پالەتێکی سروشتییەوە دەبێتە بارستاییەک. لێرەوە دەبێ ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئابووری بکەین، چونکە ئابووری لەکۆمەڵگەی کوردیدا، ئابوورییەکی ئەنارشیانەیە و لەسەر بەها خێڵەکییەکان دروست دەبێت. هیچ پلانێک نییە کە سەرجەم ئەندامەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە. لێرەوە بێ ئیشی و مشەخۆری گەشە دەکات.

باوک لەنێو تۆڕی سیاسیدا بەجۆرێک ئیش دەکات کە ئۆتۆماتیکی کار دەکاتە سەر ڕۆشنبیر و ئەو کەسانەی خۆیان بە نووسینەوە خەریک دەکەن.

دەکرێ لە خوێندنەوەیەکی خێرادا باس لەچوار جۆرە ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکەین:

(١) ڕۆشنبیری حزب بکە مانا هەر تێروتەسەلەکەی دەگرێتەوە. ئەم توێژە تەنیا لەپاڵ حزبدا دەتوانێ بوونی هەبێت، چونکە بەبێ حزب، واتە لەدەرەوەی ئەو تۆڕ و پێوەندییانە نە وەک بەرهەم، نە وەک کەسایەتی شتێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە. لەم دیدەوە ئەم ڕۆشنبیرە هەمیشە هەر پێویستی بە باوک–دەسەڵات، بە باوک– حزب، بە باوک– سەرۆک دەبێت ئەو بەهای دەداتێ و هەر ئەویش پارێزگاری دەکات.

(٢) جۆری دووەمی ڕۆشنبیری کورد ئەوانەن کە بە ئاشکرا لەنێو پانتایی حزبدا کارناکەن، بەڵام لەسێبەرە فێنکەکەی ئەودا دەژین. تا پێیان بکرێت خۆیان دوور دەگرن، بەڵام توانای ئەوەیان نییە بە لێپرسراوێکی بچووکی حزب بڵێن نا. خۆیان بە کێشە فیکری و سیاسییەکانەوە خەریک ناکەن و دنیا چۆنە هەر وا لێی ڕادەمێنن و شتگەلێکی گشتی، چ شیعر بێت چ کورتە چیرۆک، چ ڕۆمان ، چ ژانری دیکە دەنووسن و خۆیان لاتەریک دەگرن. ئەمە بەشە زۆرەکەی ڕۆشنبیری کورد دەگرێتەوە. دروشمی (دەست کڵاوتەوە بگرە با نەیبات)یان هەڵگرتووە. هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان نە لەسەر ڕۆشنبیری، نە لەسەر کۆمەڵگە نییە. لە کۆتاییشدا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەبینن.

(٣) تەرحی سێیەم ڕۆشنبیرانی سەرچڵیان پێ دەوترێت. لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر کەم و دەگمەنن. لە هەمان کاتدا وەکو سەربەخۆ ئیش دەکەن، بەڵام ئەگەر حزب ئیمتیازیان بداتێ وەری دەگرن. هەروەها بیر لە دەسەڵات وەرگرتنیش دەکەنەوە. تا سنوورێکی دیاریکراو بەرهەڵستکارن، ئەوانە ڕەخنەگری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرین.

(٤) ئەم بەشەیان بەجددی ئیش دەکەن. ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن و لەهەمان کاتیشدا بەشێلگێرییەوە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانیان ئەنجام دەدەن.

کاتێک دەڕوانینە سیفەتی ئەم ڕۆشنبیرانە، یەکسەر شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەویش پێوەندییانە لەگەڵ دەسەڵات–باوکە. لەکوردستاندا بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران لەنێو ڕۆژنامەو گۆڤار و سەنتەر و مەڵبەندە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا ئیش دەکەن. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ بەشی دووەمی ئەم پۆلینە بکەین و دەبینین زۆرینەی ڕۆشنبیری ئیمڕۆی کورد دەگرێتەوە.

بەکورتی ڕۆشنبیری ئێمە هێشتا توانای نییە سەربەست و سەربەخۆ کار بکات، چونکە دەسەڵاتی سیاسی چووەتە نێو هەموو دیاردەیەکەوە. جوغزێکی یەکجار تەسک بۆ کارکردن ماوەتەوە.

* گەر بێینە سەر ڕووناکبیری کورد، ئاشکرایە ناتوانین خۆمان لەچەمکی ڕووناکبیری شاخ و شار بدزینەوە، دەبینین پێوەندییەکی ناتەندروست بەهۆی ئەم پۆلبەندییەوە لە ئارادایە، ئەم ناتەندروستییە زۆرجار لەگەڵ هەڵوێستی سیاسی کەسێتی ڕووناکبیردا دەبەسترێتەوە، پێت وا نییە ئەم حاڵەتە جۆرێک لە

پاشـەگـەردانی بەکـۆمـەڵێک دەنگ دەدات، هاوکـاتـیش نائومێدی بەکۆمەڵێکی دیکە، هەمووشی لەسەر حسێبی لاوازکردنی کایەی ڕووناکبیری کوردییەوەیە؟

– لە شـوێنێکی دی باسی ئەمـەمـان کـرد. هەمـوو شۆڕشێک تەنگژەکان لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت. بەتایبەت ئەو شۆڕشانەی کە لەنێو ئاووهەوایەکی تایبەت و قەیران ئامێزدا لەدایک دەبن و گەشە دەکەن. دوای سەرکەوتنی شـۆڕش، قـەیرانەکـان بەردەوامن، بەڵام شـێـوەی دیکە وەردەگرن. کـارەکـتـەر و ئەکـتەرەکـانی ئەو شۆڕشە ئیـتر شناسنامـەیەکی ڕەوایانەی وا بە خـۆیان دەدەن، کـە واتاکانی لە دەرەوەی مێژوودا دەخەملێنێ. لێرەوە ئەدەب و هونەر و گشت ئەو چالاکییە هزرییانەی کە لەگەڵ ئەو شـۆڕشـەدا هەڵدەکـەن، جـۆرە شـەرعـیـیـەت و مەرجەعییەتێک بە خۆیان دەدەن کە بەتەواوی باز بەسەر بەرهەمەکاندا دەدات.

شـاعـیـری مـامناوەندی کـورد هەیە، هەر لەبەر ئەوەی یەک دوو ساڵ لە شـاخ بووە، ئێسـتـاش لەگەڵـیـانە هەر ساڵەی نامیلکەیەک لە شـیعری خراپ بڵاودەکـاتەوە و دەچێـتـە نێـو دڵی دامـەزراوە حـزبی و ئەدەبیـیـە ڕەسـمـیـیـەکەوە، کـە دەبنە توخـمی زۆر نێگەتیڤ لەنێـو دنیای ئافراندن و بەرهەمی چاکدا. ئەم دیاردەیە دەمێک ساڵە هەموو ئەدەبیاتی ئێمەی هەند کرچ وکاڵ کردووە کە هەندێ جار چاوەڕوانی هیچی جددییان لێ ناکرێت.

هەر لە حەفـتـاکـانەوە هەڵوێست وەرگرتن پێش بەرهەم دەکـەوت، ئازایەتی و جـوامـێـری دەبوونە پێکهـاتە و ناوەرۆکی ئەدەب. هەندێ خـوێندنەوەی دەگـمـەنی لێ بتـرازێ، زۆربەی زۆری ئەدەبی جـیـهـانی لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا دەخوێنرایەوە.

هەر لەو سـەردەمـەدا نووسـەرانی شـاخ و شـار جـودا بوونەوە. ئەم جودابوونەوەیە لەسەر بناغەی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو لەسـەر بناغـەی هەڵوێسـتی سـیـاسی بوو،ئەم پۆلینکردنە تا ئێسـتـاش بڕ دەکـات و کـاریگەری مـاوە. نووسـەرێکی مـامناوەندی خـاوەن هەڵوێسـتی چاک، لەدەیان نووسـەری گـەورەی بێ هەڵوێست گـرنگتـر بوو. چوونە شاخ پسوولەی لێبوردنی دەبەخشییە نووسەرەکەی. ئەمـە لە کـاتێکدا ئەزموونی چیـا بە نیـسـبـەت کوردەوە، بەهەژارترین ئەزموون لەمەڕ ژیان و تاقیکردنەوەی ئەدەبی دەژمـێـردرێت، چونکە سـەرجـەم مـەوداکـانی ژیان هەند تەسک دەبێـتـەوە هیچ ئافـراندنێکی ڕاسـتـەقـینەی تێدا مومکین نابێت.

ئەم دیاردەیە هێشتا بەداخەوە کۆتایی نەهاتووە و هەر وا بەئاسـانـیش کـۆتایی نایەت. ڕاپەڕین بەمـانا هەرە تەندروسـتـەکـەی دەبێ هێـڵـێک لەنێـوان بەرهەمـەکـاندا دابنێت. شـتـەکـان بەتێکەڵی سـەیر نەکـرێن. واتە بەچاویلکەی سـیـاسـەتێکی تەنگ سـەرجـەم شـتـەکـان نەخوێنێتەوە.

ئێسـتـاش لەگەڵ بیـرۆکـەکـانی یەکـێـتی نووسەران و یەکێتی فۆتۆگراف و یەکێتی سەندیکاو...تاد پاشماوەی ڕژێمـە گـشـتـگیـرەکـانە هەندەی خـەریکی دروسـتکردنی فـەرمـانبـەری ڕۆشنبـیـرییە، هەندە بیـر لە ڕۆشنبـیـر وەک چالاکـیـیـەکی ڕووت ناکـاتەوە. سەرئەنجامـەکـانی لەنێـو هەموو یەکێتییەکاندا بەڕوونی دیارە. ئەم هەموو دیاردانە پێـویستە بە شێنەیی و بە بەرنامەڕێژی چارەسەر بکرێن، ئێمە بەرانبەر بە تابلۆیەکین هیچ توخمێک لەشوێنی خۆی دانەنراوە.

ئا لەم ماوەیەدا لە یەکێ لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵی ئەوەم خـوێندەوە کـە پەرلەمـانتـارە خـانە نشـینەکـان خـەریکن یەکـێـتـییـەک بۆ خۆیان دروست دەکەن. ئەم هەواڵە ئەگەر ڕاست بێت، ئەوە مەهزەلەکە دەگاتە دوا ترۆپکی خۆی!

لێـرەدا هەندێ لەگـەمـەکـان ئاشکرا دەبن، بەڵام گـەمـە هەرە گەورەکـە لەژێر پەردەوە هەر بەردەوامە. بـۆچی حزب دەیەوێ دەست بەسـەر دەزگـا کـولـتـوورییـەکـان دا بگرێت، بۆچی حزب پێـویسـتی بە دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و مێژووی...تاد هەیە. ئایا بۆ خزمەتی کـولـتـووری نەتەوایەتـیـیـە، یان بۆ کـۆنتـرۆڵکردنی ڕۆشنبـیـرانە؟ ئەگـەر بۆ خـزمـەتی ڕۆشنبیـری نەتەوایەتی بێت، بۆچی کـتـێـبی قـوتابخـانەکـان بەڕێکوپێکی چاپ ناکـرێن و بڵاوناکـرێنەوە، بۆچی هەندێک کـتـێب هەیە لە نیوەی ساڵ ئینجا دەگاتە دەست قوتابی لەکاتێکدا ڕۆژێ هەزاران لاپەڕەی بێ سـوودی ڕۆژنامـە و گـۆڤـاری حـزب دەکەوێتە بازاڕەوە؟

* (ڕۆژفەلت)ی سەرۆکی ئەمەریکا لە وەسفی (جوبران خـەلیل جـوبران)دا وتی «تۆ یەکـەمین گـەردەلوول بوویت لەخۆرهەڵاتەوە هەڵت کـرد و خۆرئاوات داگـیـرکـرد، بەڵام جگە لە گـوڵ هیچ شـتێکت بۆ ئێمـە نەهێنا،» ئێـمـەش ئەگەر کایەیەکمان بەناوی ئەدەبی کوردی تاراوگەوە هەبێ

هەقی خۆمانە بپرسین ئەدیبانی کورد لەتاراوگە چییان بۆ خۆیان کرد و چیش بۆ خۆرئاوا؟

– تووشی واقورمان دەبین کاتێک ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، یان ئێمەی موسڵمان، یان ئێمەی کورد لە خۆمان دەپرسین چیمان هەیە پێشکەشی ڕۆژئاوای بکەین؟ بەتایبەت ئێمەی کە ناومان بە «دووره وڵات» نێوزەد دەکرێت. سەرەتا دەبێت هەموو دراوەکان شیتەڵ بکەین و دەستەواژەکان پێناسە بکەینەوە و ئینجا هەوڵی وەڵامدانەوە بدەین.

دەسپێک بابزانین لە دەستەواژەی «تاراوگە» یان «ئەدەبی تاراوگە» یان «ئەدیبانی تاراوگە» چیمان مەبەستە؟ ئەم دەستەواژانە لەم سی ساڵەی دوایی بەڕای من گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. کەواتە نابێت وەکو دەستەواژەیەکی جێگیر تەماشا بکرێن. هەروەها کۆمەڵێک دەستەواژەی دیکە زۆرجار دەترینجێنە نێو نووسینی کوردییەوە وەکو «ئەدەبی مەنفا» یان «ئەدەبی دووره وڵاتی» یان دەستەواژەی دیکە، تەعبیر لە ئەدەبیاتێک دەکەن، کە لەدەرەوەی کوردستان نووسراوە و دەنووسرێت.

تاراوگە لەچاوگی تاراندنەوە دێت. مەبەست لە ڕۆیشتنێکی بێ گەڕانەوەیە. بەکوردی دەوترێت کۆترێک تارا، واتە جارێکی دی ناگەڕێتەوە هێلانەکەی خۆی، یان بووکێک لە ماڵی زاوا تارا، واتە زیز بووە و بەمەبەستی نەگەڕانەوە چووەتەوە بۆ ماڵی باوکی، یان بە هەڵاتوو و ئاوارەیەک دەوترێت هەروەکو فەرهەنگی گیو ئاماژەی بۆ کردووە. کەواتە تاراوگە ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە کۆتری تاراو، یان مرۆڤی تاراو و هەڵاتوو و ئاوارەی لێیە. تێرمێکی قورسە و خاوەن بارستاییەکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئابووری زۆر زەقە، چونکە هیچ هەڵبژاردنێکی تێدا نییە. کردەیەکە خاوەنەکەی بەناچاری زێدی خۆی بۆ هەتاهەتایی بەجێ دەهێڵێ، جا لەبەر هۆی بژێوی بێت، یان کۆمەڵایەتی، یان سیاسی...تاد.

ئاماژەیەکی خێرا بۆ مێژووی سەدەی نۆزدە، لەم سەدەیەدا میرنشینی بەبە لە لایەن هێزی عوسمانییەکانەوە داگیر کرا. دوای ئەم کارەساتە (نالی) کوردستان بەجێ دەهێڵێ و لە ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانییەکان دەگیرسێتەوە. (حاجی قادری کۆیی) هەر لەوێ بەشێک لەژیانی بەسەر بردووە. قەد پرسیومانە ئەرێ چۆن دەبێ کاتێ تورکان وڵاتەکەت خاپوور دەکەن و تۆش گەورە شاعیری ئەو سەردەمەیت ڕوو بکەیتە پایتەختی وان؟

بۆ وەڵامدانەوە دەبێت لە دیدە نیگایەکی شارستانییەتەوە سەیری ئەم ئیشکالییەتە بکەین. ئەستەمبوڵ بۆ سەدەی نۆزدە، بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی یەکێک بووە لە پایتەختە هەرە ناودار و گەشاوەکان، سەرەڕای ئەوەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تووشی حەجمان و چەقبەستن ببوو لە چاو ئەورووپادا کە هەنگاوی بەرەو بەپێشەسازکردن و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە دەنا، لە هەمان کاتیشدا وەکو بنکەیەکی شارستانی و کولتووری تەماشا دەکرا. پێ دەچێ (نالی) گرفتی لەگەڵ هێزی داگیرکەر هەبووبێت، نەک لەگەڵ شارستانییەتەکە. بەواتایەکی دی (نالی) شارستانییەتی ئەستەمبولی قبووڵ بووە، بەڵام دژی هێزی سەربازی بوو.

لەندەن کە پایتەختی بەریتانیای مەزنە و هەر ئەویش دوای یەکەم جەنگی جیهانی عیراق داگیر دەکات، دەبینین عیراقییەکی زۆر لەو وڵاتە جێگیر بوونە. سوورینامییەکان کە ژێر دەستەی هۆڵەندا دەبن، ئێستا ئەوان سەرئێشەیەکی زۆریان بۆ هۆڵەندییەکان دروست کردووە، چونکە ژمارەیەکی زۆری سوورینامی لەهۆڵەندا دەژین.

ئەورووپای قۆناغی کۆلۆنیالی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کاتی خۆی داگیری کردوون لە پێوەندییەکی دووفاقەدان. دەبینین ئیمرۆ هیندییەک و پاکستانییەک و عیراقییەکی زۆر لە ئینگلتەران، جەزائیری و توونسی و سەنیگالی و گودولووپییەکی زۆر لە فەرەنسان. واتە ئەم کارلێکردنە دوو فاقەیە.

وجوودی کورد لە ئەورووپا زۆر نوێیە. بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی جەنگی عیراق و ئێران هوروژم و شەپۆلێکی تایبەت دەست پێدەکات و دوای ڕاپەڕینیش، دوای ئەوەی دەروازە دارینەکەی کوردستان درز دەبات، خەڵکێکی زۆر ڕوودەکەنە ئەورووپا. هۆکاری جیاواز هەن، ئەو کۆچبەرانە تەمەنی جیاواز و پیشەی جودا و لەنێو ئەو حەمکە خەڵکەشدا ڕۆشنبیریش وەکو توێژێک بە نیاز و مەبەست و تەکنیکی جیاواز وڵات بە ئەورووپا، یان ئەمەریکا، یان کەنەدا دەگۆڕێتەوە. دەتوانین بڵێین لەسەدا نەوەدی کوردە

هەلاتووەکان لە ولاتانی پێشکەوتوو لەڕووی پیشەسازییەوە، ئاوەدان لە ڕووی شارستانییەوە شوێنی خۆشگوزەرانی و تاڕادەیەکی زۆریش دادوەری کۆمەلایەتی لەچاو شوێنەکانی دیکەی جیهان جێگیرە، دەگیرسێنەوە.

واتە هەموو ئەو شەپۆلە کۆچبەرییە لەدەستی شارستانییەتێک هەڵهاتوون کە بەڕای من لە بەدی هێنانی خوشگوزەرانی، دادوەری کۆمەلایەتی، ئاشتی بۆ خەڵکانی خۆی شکستی خوارد. ئەم شارستانییەتەش لە سووچێکییەوە لەتورکیاوە دەست پێ دەکات، تا قەراغەکانی هیندستان، لە سووچەکەی دیشییەوە لە کەنارەکانی سوریاوە تا مەغریب دەکشێت. دەتوانین جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەین و بڵێین شکستی شارستانییەت تەنیا پێوەندی بەباری ئابوورییەوە نییە، چونکە ولاتانی کەنداو لە ڕووی ئابووری پیترۆ دۆلارەوە لە ئاستێکی گونجاودان، بەلام توانای هەڵمژینی ئەم کوچبەر و ئاوارانەیان نییە، چونکە ئەورووپا تەنیا لە ڕووی ئابوورییەوە ناڕوانێتە سەرجەم کێشەکان، بەڵکو هەندێ بەها هەن لە ئەورووپا پێوەی پابەندە. دەکرێ ئەو شارستانییەتەی ئێمە لەڕووی شارستانییەتەوە بەناوچەی بۆر سەیر بکرێت. ئەم شکستییە لە ١٢٥٨ی دوای ڕووخانی بەغداوە دەست پێ دەکات.

جا پرسیارەکەی ئێوە پێوەندی بە توێژی ڕۆشنبیرانەوە هەیە، هەرچەندە من بە پێویستی دەزانم دەستەواژەی ڕۆشنبیر جارێکی دی پێناسە بکرێتەوە، چونکە چ ستاتووی نووسەر چ بەها کۆمەلایەتییەکانی، چ شوێن و پێگەی لەنێو ئەم دوو شارستانییەتە جیاوازن.

لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا هەموو کەسێ خوێندەوار بێت و دوو وێنە بکێشێ، جورئەتی ئەوە بکات بچێتە سەر شانۆ، هەندێ عوود بژەنێ، دوو کورتە چیرۆک بنووسێت، نامیلکەیەک شیعر بهۆنێتەوە، دوو بابەتی ڕۆژنامەنووسی بلاوبکاتەوە، کۆمەڵگە پێناسەی ڕۆشنبیری دەداتێ، لە کاتێکدا لەولاتانی ئەورووپا تاڕادەیەک هەمووکەس، شتێکی لەو شتانەی بەرهەم هێناوە، بەلام کۆمەڵگە بە ڕۆشنبیری لە قەڵەم نەداوە.

کاتێک تاکی ڕۆشنبیری کوردی دێتە نێو پانتاییەکی دی، کە سەرجەم بەها و دیدەکان جیاوازن، چەندین ئیشکالییەت دێتە گۆڕێ. بەواتایەکی دی چەندین ڕۆشنبیر هەن لە ئەورووپا تەنیا بەدیدی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆشنبیرن و کۆمەڵگەی نوێ ئەم ستاتووەیان پێنادات. لێرەدا بارستاییەکی دەروونی و کۆمەلایەتی زەق دووچاریان دەبێتەوە. بۆیە کاتێ فرسەتیان بۆ ڕێککەوێت بۆ باوەشی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەڕێنەوە کە وەکو ڕۆشنبیر ڕێزیان لێدەگرێت.

دەکرێت ڕۆشنبیرانی تاراوگە بکەینە دوو بەشەوە:

(١) بەشێک کە لەنێو قۆزاغە تەسکەکەی خۆی ماوەتەوە، خۆی بە هەموو کەشوهەوای کوردستانەوە گرێ داوە و بە هەوای ئەوێ هەناسە دەدات. ئەم بەشەیان بارستاییەکی ئەوێ زۆر بەسەر بەرهەمەکانییەوە زاڵە. دەتوانین بڵێین ئەم بەشەیان هەرە زۆری ئەو ڕۆشنبیرانە دەگرێتەوە چ ئەوانەی کە لە حەفتاکانەوە لێرەن، چ ئەوانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە لێرەن.

هەمیشە چاوەڕێی فرسەتێکن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگەی خۆیان. ئەم بەشەیان بارستایی تاراوگەیان زۆر بەسەردا زاڵە، چونکە لە ئاستی کەسایەتی خۆیان لە کۆمەڵگەی نوێ بەدی ناهێنن.

(٢) بەشی دووەم کە توانیویانە وەکو ڕۆشنبیر بەو پێناسەیەی کە کۆمەڵگەی نوێ دەیبەخشێ، جێی خۆیان بکەنەوە. چ لە ناو دامەزراوەی کوردی/ ئەورووپییەکان چالاکن، یان وەکو ڕۆژنامەوان و پەیامنێر و هەندێ وەکو نووسەری سەربەخۆ، یان ئیش لە ڕێکخراوە پەروەردەییەکانی ئەورووپا دەکەن و هەروەها لە ڕووی بەرهەمەوە چالاکن، بەلام هیچ جۆرە ئامارێک بەدەستەوە نییە تا ڕێژەکانیان بزانین.

با جارێکی دی نموونەی سەدەی نۆزدەیەم بهێنینەوە: (نالی) گەورە شاعیری سەدەی نۆزدە، تائێستا بەتەواوی نازانین لە ئەستەمبوڵ چ کارە بووە و چ ستاتوویەکی هەبووە و چ ئەرکێکی کۆمەلایەتی و پیشەیی هەبووە. ئەوەندە دەزانین (حاجی قادری کۆیی) دەرزی بەکوڕەکانی بەدرخان وتووە!! تەنیا (پیرەمێرد) ئەرکی بالای لەتورکیای عوسمانلی هەبووە. ئەم نموونانەی سەرەوە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر بارودۆخی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەورووپا.

وجوودی ئێمە لەنێو ئەم شارستانییەتە ئەنجامی شکستی شارستانییەتی خۆمانە و دەبێ زۆریش جەخت

لەسەر ئەم پرسە بکەینەوە. کەواتە ئێمە وەکو ئەندامی شارستانییەتێکی شکستخواردوو هاتووینەتە ئەورووپا. چیمان هەیە پێشکەشی ئەورووپای بکەین. من بەراشکاوییەوە دەڵێم لە ئاستی شارستانییەت هیچ، بەڵام ئەورووپا تا بڵێی شتی هەیە کە پێشکەشمانی بکات و شتیان لێوە فێر بین. هەر لە فێربوونی زمانێکی کۆکەوە کە هەزاران ساڵە ئیشی لەسەر کراوە، وەکو ئیسپانی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتالی...تاد. تا خوێندن و فێربوونی دەیان پیشەی نوێ کە بە سەرقافڵە و پێشڕەو لە ئاستی جیهان دەناسرێنەوە. ئەمە جگە لە سەرجەم ئەو بەهایانە کە دەبەخشرێتە تاک، سەرجەم ئەو مافانەی کە تاک هەیەتی، سەرجەم ئێمە، بەکورد و هی دیکەوە دەبێ بەخۆماندا بچینەوە. تەنیا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەئامێزانە و بوێرانە ڕزگارمان دەکات. دەبێ ڕۆژێ دابێ شەرم نەکەین و بڵێین پاشا ڕووتە.

ئەگەر جوبران خەلیل جوبران توانی گوڵ پێشکەشی ئەمەریکییەکان بکات کە گوڵ خاوەنی هیچ بەهایەکی شارستانی نییە، بەڵکو بەخششی سروشتە و شتێکی جوانە کاتێ بە دیاری پێشکەشی کەسێکی دی دەکرێت، بەڵام لەدوا سنووردا ئێمەش با هەوڵی ئەوە بدەین کە بتوانین شتێکی دی کە لە گوڵ شارستانیتر بێت پێشکەشی ڕۆژئاوای بکەین. دەشکرێ ئەوهای دابنێین کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دوو ڕووی یەک دراو بن، چونکە لەدوا پێناسەدا یەک چارەنووسمان هەیە و ڕۆژئاواش کاتی خۆی زۆر شتی لە ڕۆژهەڵاتەوە وەرگرت، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە ڕۆژهەڵات قسەی دەکرد، بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێت ئایا ئێمە توانای ئەوەمان هەیە بەشداری پراکتیکی لەم شارستانییەتەدا بکەین، دەتوانین بەرهەمدار و چالاک بین؟ وەڵامەکان بەڵێ... دەتوانین وەکو کورد گەشە بە زمانەکەمان بدەین و ببینە خاوەن دوو کولتوور، یان پتر واتە خاوەن دیدێکی فراوان کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی جیهانگیری. بەڵێ دەتوانین بەها جوانەکانمان تێکەڵی بەها جوانەکانی دنیا بکەین و وەکو ئەندامێکی چالاکی ئەم دنیایە بژین.

دەتوانین هەرکەسە و بەپێی توانا ڕەخنەگری ئەو شارستانییەتە بێت کە ئێمەی وا بێ بەزەییانە توور هەڵدایە سووچێکی دی دنیاوە و بەڵکو ئەم ڕەخنانە ببنە هێزی خەللاق و دروستکەر بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەک کە دەسەڵات ڕێز لە ئەندامەکانی خۆی بگرێت و سوود لە ئەزموونە ڕۆشنەکانی دنیا وەرگرین.

کەواتە دەستەواژەکانی تاراوگە بە نیسبەت ئێمەوە دەبێ بە نیسبییەتێکی زۆرەوە سەیری بکەین و خۆمان بە ئادەمی دەرکراوی بەهەشتەکان نەدەینە قەڵەم، چونکە ئەوکات هەموو بەرهەمەکانمان چ ڕۆمان، چ شیعر، چ پەیکەرتاشی، چ تابلۆکاری، چ مۆسیقا و شانۆ دەبنە بەرهەمێکی سادە و ساویلکە کە ئیمڕۆ نە لە ڕۆژئاوا، نە لە کوردستان ئەو هێز و وزەی نەماوە.

ڕەنگ بێ دەستەواژەی تاراوگە، بەتایبەت بەکوردستانی عیراقەوە، تا سەرەتای نەوەدەکانیش جۆرە مانایەکی هەبووبێ، چونکە کورد بە ناچاری و لەژێر تەوژمی سایکلۆژیایەکی زۆر لەم وڵاتانە دەژیا، چونکە نەیدەتوانی سەر لە وڵاتەکەی بداتەوە، بەڵام ئێستا هەموو کوردێک چ ڕۆشنبیر چ کرێکار و چ کاسب و بێکار دەتوانێ سەر لە وڵاتەکەی بداتەوە.

بەڵام دوا وتە ئەوەیە کە لەسەردەمی جیهانگیری سنووری نێوان وڵاتان زۆر کاڵ بووەتەوە و دەتوانین لە هەمان کاتدا لێرە و لەوێش بین.

ئەو لێپرسراوییەی کە مرۆڤی ئەورووپی سەبارەت بە ژینگە و ئاووهەوا و ڕۆحی هەرەوەزی و سەرجەم بەها دیموکراسییەکان و مافی مرۆڤ و مافی دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراو و ڕەخنەگرتن و...تاد هەیەتی، ئێمەی هەڵاتوو دەتوانین لەم ڕووانەوە سوود بە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانمان بگەیەنین، ئەمە حاڵەتێکی تەندروستە. فەرەنسای سەدەی پازدە بەهاگەلێکی زۆر لە ئیتالییەکانەوە قۆستەوە بۆ ئەوەی شارستانییەتی خۆی پێ هەڵسێنێتەوە، ئەمەش لەگەشەپێدانی شارستانییەتەکەمان دەتوانین ببینە تاکی چالاک.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە موسڵمانێکی سیاسی زۆر بەناچاری وڵاتەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە لەبەر هۆی سیاسی بێت، یان بژێوی و پەنایان بردووەتە بەر سێبەری شارستانییەتێکی زۆر جوداواز لەوەی ئەوان و هەر لەو وڵاتانەش گەشەیان بە ڕەوتە سەلەفییەکان داوە. هەموو نەتەوەیەک نموونەی خۆماڵی خۆی لێرەیە.

ئێمە دەبێ پرسیارەکە سەرەو دیو بکەین و بڵێین: ئێمە وەکو کورد بە ڕۆشنبیر و خاکیمانەوە چی لەئەورووپا

فێربووینە؟ هێشتا کچەکانمان دەکوژین، چونکە گومانمان هەیە کە پەردەی بووکێنی ماوە، هێشتا بە زۆر کچەکانمان دەبەینەوە وڵات و بۆ ئەوەی حەڵاڵزادەیەکی لێ مارە بکەین، هێشتا و دوای دەیان ساڵی ژیانمان لەم وڵاتانە هێشتا فێری زمانی ئەو کۆمەڵگەیە نەبووینە کە تێیدا دەژین، هێشتا پێوەندییەکانمان لەسەر ئاستی خوێن و خزمایەتی بەڕێوەدەچن.

لە شکستی ڕاستەقینەی شارستانییەتێکەوە هەڵهاتووین و وا دەزانین لە بەهەشت دەرکراوین. ئەم شێزوفرینیایە کە تووشی ڕۆشنبیر و خاکییەکانمان هاتووە، دەبێ خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. کاتێک ئەدۆنیس دەڵێت زمانی عەرەبی زمانێکی مردووە ئا لەم بۆچوونەوە دەیڵێت، نەک لە ئاستی ڕێزمان و موفرەدە و دەستەواژە و...تاد. زمان هەڵگری بەهای شارستانییەتێکە، کاتێک شارستانییەتێک تووشی لاڵبوون دێت، زمانەکەی دەمرێت. ئەمە بەنیسبەت عەرەبییەوە کە خاوەن یەکێک لە شارستانییەتە مەزنەکانی دنیایە، ئەی لەمەڕ زمانەکەی خۆمان چ بڵێین؟

ئێمە لەشارستانییەتێکەوە هاتووین تا ئەندێشە و مێشکمان هێزی تێدابێت شەڕی لەسەر کەڵەکە بووە و ڕاوی یەکترمان ناوە. وڵاتی یەکترمان داگیرکردووە و هاوسێی خۆمان بۆردوومان کردووە و فێڵ و تەڵەکەمان لەپێناو دەسەڵاتدا ناوەتەوە، چەندین شەڕی براکوژیمان ئەنجام داوە و چەندین دوژمنان کردووەتە دۆست و چەندین دۆستمان تاراندووە و ئێستاش لەنێو زەلکاودا دەژین و هێشتاش وا دەزانین وڵاتەکانمان خاوەن مەزنترین مێژووە و مرۆڤەکانمان خاوەن جوانترین ویژدان و پێوەندییەکانیشمان تا بڵێی ئینسانین!

جوبران لە شوێنێک، لەکتێبی پێغەمبەردا دەڵێت: «هاوار بۆ میللەتێک ئەوەی لەبەری دەکات بەدەستی خۆی نەچنراوە، ئەوەی دەیخوات بە دەستی خۆی نەچێنراوە، ئەوەی دەیخواتەوە بەدەستی خۆی نەگوشراوە.» منیش دەڵێم کەواتە هاوار بۆ میللەتەکەم!

* لەدنیادا زۆر بیرمەند و ڕووناکبیرو شاعیر بەشێوەیەک لەشێوەکان سەروکاریان لەگەڵ سیاسەتدا هەبووە، یان هەر هەڵوێستی سیاسی خۆیان هەبووە، بۆ نموونە لەسەردەمی ئینقیلابەکەی ڕووخانی شا لە ئێران چەندین بیرمەندی ئەوروپایی و جیهانی ستایشی شۆڕشەکەیان کرد.. لەو ڕووناکبیرانەی کە من بیرم بێت میشێل فوکو و ئەدۆنیسی گەورە شاعیری عەرەب بوون بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند، ئەگەرچی هەندێکیان پەشیمان بوونەوە، بۆیە دەپرسم پێوەندی شیعر و سیاسەت، یان شاعیر وەک مرۆڤ لەگەڵ سیاسەتدا لای تۆ چ دەگەیەنێت؟

– ئەم پرسیارە کۆنە نوێیە، هەمیشە بەرۆکمان دەگرێت. جارێ بابزانین سیاسەت لە فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژییەکەی چ دەگەیەنێ؟ لە یۆنانی کۆن پۆلیتیکا مەبەست لە دامەزراندن و ڕێکخستنی شاری دەگەیاند. لێرەدا شیعر تەواو گیرۆدەی ڕێکخستنەوەی شارە لەسەر بنەما هەرە مرۆییەکانی. سروشت و مرۆڤ لەسەر بنەمایەکی تەندروست لەپێوەندیدا بن. بەتایبەت کاتێک باس لە شار لە دنیای پێشکەوتوودا دەکەین کە بوار و فەزا تەسکن و پێوەندییەکان ئاڵۆز و لەنێو گشت ئەو تەونانەدا مرۆڤەکان تووشی دڵەڕاوکێ دێن. بۆیە لێرەوە شیعر بانگەشەیەکە بۆ ئاشتبوونەوەی مرۆڤ و شار، یان بە جۆرێکی دی ئاشتبوونەوەی شیعر و شار.

جا لەم ڕێکخستنەوەیەدا سیاسەت وەکو ڕێکخراوی حزب دێتە پێشەوە، لەم دیدەوە سیاسەت دەبێ بە «سین»ی بچووک بنووسرێت، سەرەڕای ئەوەی بەو پیتە کوردییەی کە ئێمە شتی پێ دەنووسین هیچ جیاکردنەوەیەک لەنێوان پیتی بچووک و گەورەدا نییە. حزب و دەسەڵات وەکو دوو دەستەخوشک دێنە پێشەوە. شیعر لێرەدا بەرەو ڕووی ئەو جۆرە سیاسەتە دەبێتەوە کە هەموو هەوڵێکی پایە و دەسەڵاتە و گەندەڵی..تاد وەکو ئەوەی کە ئیمڕۆ لە وڵاتەکەی خۆماندایە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لە بنەڕەتدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی شیعرییە، بەڵام دەبێ بە کەرەستەی دیکە دەربڕدرێت. واتە نابێت بە شیعر باس لە سیاسەت بکرێت و بە شیعر هەوڵی گۆڕانکارییەکان بدرێت. گەلێک لەم هەوڵانە شیعری کوردی هەندە لاواز کردووە کە بە دەوری شتگەلێکدا دەسووڕێنەوە کە لەدەرەوەی دنیای شیعرن، ئەوەشی لە دنیای شیعر بەدەر بێت لەواتاکانی سیاسەت بەمانا ئەسڵییەکەی بەدەرە.

با بێینەوە سەر هەڵوێستی میشێل فوکو و ئەدۆنیس؛ دەکرێ هەر لەم ڕووەوە باس لە ژان پۆل سارتەر و سیمۆن

دو بۆڤـــواریش بکـەین. لەســـاڵی ۱۹۷۸ و ۱۹۷۹ ورووژانێک کەوتەوە گەڕەکی سان جێرمەن دو پرێ لە پاریس، ئەو گەڕەکەی کە قاوەخانەی لافلۆری لێیە کە شـوێنی وجـوودییـەکـانی ســاڵانی دوای جـەنگ بوو. مۆسیقای جاز تازە خۆی بە پاریسـییەکان دەناساند و فــەلســەفــە لەســـەر ڕیحلەی دانشگاکـــانەوە بەرەو قـاوەخـانەکـان شـۆڕ دەبووەوە. ڕاپەڕینەکـانی ئێـران لەو سەردەمەدا گەلێک لەوبیـرمـەندانەی جـۆش دا و هەر بە ڕێپێوانەوە کە سارتەر سازی دەکرد تا دوو سەفەرەکەی میـشـێل فـوکو بۆ تاران نەک وەک فـەیلەسـووف، بەڵکو وەکـو ڕۆژنامـەنووسـێک تا دەگـاتە سـەفـەری سیـمۆن دو بۆڤـوار و نـووسـینی بابەتێکی گـرنگیش لەلایەن ئەندرێ فـۆنتێن لەسەر ڕووپەڕی گرنگترین ڕۆژنامـە کە ئەویش لۆمۆندە. فوکو ئەو ڕاپەڕینە بە گەڕانەوەی «ڕۆحانیەتی بۆ سیاسەت» دەچواند.

لەکتێبی «وترا و نووسراوەکان»دا باس لە ڕاوبۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەو ڕاپەڕینەوە دەکات و دەڵێت: «هیچ کەس ئەو مافەی نییە بڵێت لەپێناوی من ڕاپەڕن» هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: «کەسیش مافی ئەوەی نییـە کـە بڵێ ڕامـەپەڕن، چونکە هیچ سـوودێکی نیـیـە». «شـــۆڕش لەپێناوی دادوەردیدایە نەک بۆ بەرەڵاکـردنی ئارەزوو» (وترا و نووسراوەکان: لاپەڕە ۷۱۵).

لە یەکـێک لە سـەفـەرەکـانیـدا چاوی بە داریووش شایەگان-ی فـەیلەسـووفی ئێرانی دەکەوێت، شایەگـان لەکتێبی «شۆڕشی ئایینی چییە؟» دەیگێڕێتەوە و دەڵێ فـوکـو ڕوونبین بوو و دەیزانی ئایندەی شـۆڕش ئیـسـلامی چییە و دەشیزانی شێوەی ساڵیادی ئەو شۆڕشەش چۆنە.

هەروەها فـوکـو بەم شـێـوەیە هەڵوێسـتی خـۆی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «بەم جۆرە لەنێو هێزی شۆڕشگێڕی ئایینی ئیـسـلامـدا دەژین، جگە لە گـوێڕایەڵی بۆ یاسـا شـــتـێکی دیکە هەیە ئـەویش ئیــرادەی نوێکردنەوەی وجـوودی خـۆیانە و ئاوێزانبـوون لەگـەڵ ئەزمـوونێکی ڕۆحانیـدا کە وای بۆ دەچن لە دڵی ئایینزای شیعەدایە. هەمـیـشـە وتەکەی مـارکس دەهێنینەوە کە دەڵێ ئایین تلیـاکی مـیللەتانە، بەڵام قـەت ڕسـتـەکـەی پێش ئەم ڕستەیە نادرکێنن کە دەڵێ ئایین هۆشی جیـهانێکی بێ هۆشە. با بڵێین ئیسلام لەو ساڵەدا، مەبەست لە ساڵی ۱۹۷۸دا تلیـــاک نەبوو، چونکە ئیـــســـــلام هۆشی جیهانێکی بێ هۆش بوو. (هەمان سەرچاوە، لا، ۷٤۹).

ئێـمــەی کــوردیش بەچاوێکی دیکەوە ســەیری ئەو ڕاپەڕینەمان دەکرد. هەستمان دەکرد دوای ڕووخانی شا کە هۆکارێک بوو لە نسکۆیەکـەی ساڵی ۱۹۷۵ ئیـتـر دەروازە لەبەردەم مـیللەتانی ئێران دەکرێتەوە و کـورد و ئازەری و تورکمان و خوزستانییەکان لەپاڵ فارسەکاندا دەوڵەتێکی هاوچەرختـر لەوەی شـا دادەمـەزرێنن، بەڵام خێـرا ئینقـلاب لە ڕێبـازەکـانی خـۆی لای دا و هەمـوو هیوایەک لەژێر عەبا ڕەشەکاندا خنکێنرا.

بەڵام هەڵوێسـتی ئەدۆنیس بەڕای من کـەمـۆکـەیەک جـوداوازە، من لـەنزیکەوە گـوێم لە کـەسـانێک بووە کـە نزیکی ئەدۆنیـسن ویسـتـوویانە شـانازی بە ڕەچەڵەکی عـەلەوی خـۆیەوە دەکـات. عـەلەوی و شـیـعـە مـەزهەب دەڕژێنە یەک دەریاوە. هەروەها ئەدۆنیس شیـعرگەلێکی هەیە کە ستایشی حەسەن دەکات. خوێنەری کتێبەکانی ئەدۆنیس ئەوەی لەلا شاراوە نابێت کە شۆڕش و ڕاپەڕین هەمیشە ئامادەییان لە دنیای هزری ئەودا هەیە. هەندێک جــار مــرۆڤ بەرانبـــەر بە ڕاپەڕینی مــیللەتان تووشی خــرۆشــان دێت بەبێ ئەوەی بزانێت بە چ ڕچەیەکــدا هەڵدەشــاخــێت. پشـــتگیـــری ئەورووپای ڕۆژئاوا بۆ ڕاپەڕینەکـانی پۆلۆنیـای سەرەتاکانی هەشتاش جـۆرێکن لەم خرۆشانە.

* ڕایەک هەیە دەڵێت قـەسـیـدەی شـیـعـری تا هەتایە مـوڵکی شـاعـیـرە، شـاعـیـر خـۆی دەتوانێت هەر کـاتێک بیـەوێ دەسـتکاری چامـەکـانی بکات، بۆیە ئەو بابەتە دەورووژێنم، چونکە مــشــتـــومـــڕێکی بەدواوەیە و تیـۆرییـەکانی سـتراکتـورلیستەکان، یان بە دیاریکراوی تێـزەکـەی مـەرگی نووسـەری ڕۆلان بارت، چۆن دەکـرێت مـرۆڤ تا ماوە خـاوەنی ئەوە بێت کە وتوویەتی؟ ئایا تۆ ئێستـا خۆت بە خاوەنی هەمـوو ئەو نووسینانەت دەزانی کە نووسیوتن؟ یان پێت وایە وتراوە کۆنەکانت تێڕوانینی خۆتن، بەڵام هی سەردەمی خۆیانن؟

- تێـڕوانینەکـانی بارت دەبێ لە چوارچێـوەی خـۆیدا دانرێت، واتە دەچێـتـە نێـو مـشـتـومـڕێکی مـێـژوویی کــولتـــووری ڕۆژئاواوە. تێـــرمی (AUTEUR) لە چاخەکانی ناوەندەوە تا سەدەی بیست و یەکەم تووشی گـەلێک گـۆڕانکاری دێن. بۆ ئەوەی تەواوی بیـرۆکەکەی بارت بگاتە خـوێنەری کـورد، دەبێ لـەجیـاتی نووسـەر

«دانەر» دانێن. کە بە عەرەبی «المؤلف» دەگەیەنێت، لە مێژووی رۆژئاوا، یان وردتر لەمێژووی فەرەنسادا ستاتووی دانەر لە قۆناغە مێژووییەکاندا تووشی گۆڕان دێت. لەچاخەکانی ناوەند دانەر تاک نییە، بەڵکو کۆگەڵ بەشداری دارِشتنی قەسیدە درێژەکانن، وەکو بەیتەکانی لای خۆمان، بەیتبێژەکان دەستکاری دەکەن و دەیگۆڕن و دێرێ بۆ ئیزافە دەکەن و...تاد.

هەلومەرجە مێژووییەکان ستاتووی دانەر دیاری دەکەن. لەدوای چەرخی رۆشنگەری دانەر دەبێتە خاوەن مافی ئەو شتانەی کە دەیان نووسێ، یان بەرهەمیان دەهێنێت. واتە چەمکی مافی دانەر دێتە گۆڕێ. مافی دانەر لە کولتووری ئێمەدا تازە خەریکە لەژێر لێوەوە باسی لێوە دەکرێت، بەڵام هێشتا چوارچێوە رێژ نەکراوە و نازانم لەو رووەوە یاسای تایبەت هەیە، یان نا، بەڵام بەبێ یاسادانان ماف وەکو شتەکانی دی قووت دەدرێن.

کەواتە بیرۆکەی دانەر کە مەبەستی (بارت)ە بایەخی خۆی لەم چوارچێوەیەوە وەردەگرێت. هەروەها هەروەکو ئەوەی کە ئەنتوان کۆمانیۆن لە سیمینارێکدا دەیخاتە روو و دەنووسێ: لەنێو ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٦٩دا دوو بابەتی گرنگ لەمەڕ رۆڵی دانەر دەنووسرێن. یەکەمیان بابەتێکی (رۆلان بارت)ە کە ناوونیشانەکەی «مەرگی دانەر»ە کە لە ساڵی ١٩٦٨دا دەینووسێ و هەروەها ساڵێک دوای ئەو مێژووە (فوکو)ش بابەتێک بەناوونیشانی «دانەر کێیە؟» دەنووسێ لەبەر گرنگی ئەم دوو بابەتە، قوتابیانی زانکۆ، فۆتۆکۆپییەکی زۆری لەبەر دەگرنەوە.

هۆکاری بەرهەمی ئەم دوو بابەتە جۆرە رەتدانەوەیەکی تیزەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بوو، بەتایبەت تیزەکانی گۆستاف لانسۆن و پێش ئەویش (سانت بۆڤ) کە یەکەم رەخنەگری سەدەی نۆزدەیەمە. لەو تیزانەدا باس لە پێوەندی نێوان دانەر و دەق دەکرێت. ئەوان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەق تەعبیر لەدانەرەکەی دەکات. بەواتایەکی دی جۆرە تێکهەڵێشراوییەک لەنێوان دانەر و دەقدا دەبینرێت. دەق و نووسەر یەک شتن.

درزێک دێتە ئاراوە، ئەویش سەبارەت بە کتێبێکی زۆر بەناوبانگی مارسێل پروست کە بەناوونیشانی «دژی سانت- بۆڤ» دەنووسێت و لەوێ رستە بەناوبانگەکەی دەخاتە روو و دەڵێت «گرنگ نییە کێ دەدوێت». ئا لەم رستەیەوە بۆچوونەکانی (بارت)مان بۆ روون دەبێتەوە.

هەردوو بابەتەکەی سەرەوە لە دەوری دوو بۆچوون کۆ دەبنەوە:

(١) پێوەندی نێوان دەق و دانەری دەق لەسەر بناغەی قەسد و ویستنەوەیە. لێرەدا جۆرە بەرجەستەبوونێکی نێوان دانەر و دەقەکەی لێک دەدرێتەوە. لەم بۆچوونەدا فیقهی زمان و فەلسەفەی وەزعی و مێژووخوازی دێتە ئاراوە. لێرەدا تێزە کۆنەکان مەبەستە.

(٢) کاتێک مەبەستەکانی ئاڵوگۆڕ و کۆمینیکاسیۆن دێتە ئاراوە. ئاڵوگۆڕ لەنێوان نووسەرێک و خوێنەرێک، بەڵام تایبەتمەندێتی ئەدەب لەوەدایە کە دەچێتە نێو ئاڵوگۆڕێکی «غایب»ەوە. (IN ABSTANTIA). بەپێچەوانەی ئاڵوگۆڕێکی ئاسایی، نووسەر لەبەردەمان نییە بۆ ئەوەی نیازەکانیمان بۆ روون کاتەوە. لێرەوە دڵەڕاوکێی دەستنیشان کردنی پێوەندییەکانی نێوان دەق و دانەر دێتە ئاراوە. رۆڵە ئاساییەکان لە دەوری فیلۆلۆژیا، یان فیقهی زمان و ژیاننامە و مێژووی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تا دەگاتە تێگەیشتن لەدەقێکی دیارکراوەوە لە دەرەوەوە، دەخەملا. مەبەست لە دەرەوەی مەبەست و قەسدەکانی نووسەر واتاکان دەستنیشان دەکران. لێرەدا گرنگی تەفسیر دێتە ئاراوە.

یەکەم کەس مارسێل پروست خاوەنی «گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا» بیرۆکەی نیاز و مەبەستی نووسەر رەت دەکاتەوە. دوا بەدوای ئەو فۆرمالیستە رووسەکان، پاشان رەخنەگرە نوێیە ئەمەریکییەکان و پاشانیش بنەماگەرانی فەرەنسا ئەم بابەتە تاووتوو دەکەن.

هەروەها شاعیری ناسراو (ئەلیەت) دەڵێت: «دەق دەربڕینێکی شەخسی نییە، بەڵکو ڕاکردنە لە شەخس».

گشت ئەم دراوانە چمان پێ دەڵێن؟ لەوە پتر کە دەق خاوەن ئۆتۆنۆمییە. دەق سستەمێک لە ئاماژە پێک دەهێنێ و لەو سستەمەوە پرۆسەی لێکدانەوە و تەفسیر دەست پێ دەکات. بەم واتایە رۆڵی دانەر دەبێتە سفر. واتە بە تەواوی دەسڕێتەوە. کاتێک دەقێکی دیاریکراو دەخوێنینەوە و خەریکی دامەزراندنی دەقێکی رەخنەیین، گرنگ نییە کێ ئەو دەقەی نووسیوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لە سستەمی هێماکانی تێ بگەین و دانەر لەم بۆچوونەدا دەمرێت و دەق زیندوو دەبێتەوە.

با بێینەوە نێو سیاقی کولتووری کوردی و لەم هەموو دراوانە ڕابمێنین. تا خـاوەنی دەق مـابێت، دەتوانێت هەموو کاتێک دەسکاری دەقی خۆی بکات، بەڵکو لەنێو نووسراوە نوێیەکانی خۆشی بەتەواوی بیسڕێتەوە. ئەمە هیچ شـتێک لە بیـرۆکـەکـەی بارت ناگـۆڕێت. بارت مەبەستی ئەمە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو لەوەدایە کە دەق دەبێ وەکو دنیایەکی یەکگرتوو و ئۆتۆنۆم مامەڵەی لەگـەڵدا بکرێت، با دەسکاریش بکرێت. وتەیەکی بەناوبانگی فەرەنسی هەیە دەڵێت: «تەنیا پیاوی گێل هزرەکانی ناگۆڕێت». کەواتە هەموو مرۆڤێک، نووسەر و غەیرە نووسەر هەمیشە گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانیدا دێت، ئەم گۆڕانکارییانە پێویستیان بە حاشاکردن نییە. دەق هەمیشە بانگەشەی دەقێکی دوای خۆی دەکات، دەقی موتەکامیل نییە بە مانا ڕەهاکەی.

سیاقی کوردی، سیاقێکی ئاڵۆزە لەمامەڵەکاندا، نەک لەگـەڵ دەق، بەڵکو لەگـەڵ هەمـوو شـتێک. نووسین لە ساتەوەختێکدا دێتە بەرهەم و زادەی چەند فاکتەرێکە و هیچ دەقـێکیش نە کـامـڵـە، نە پیـرۆزە، بەڵکو لە دایکبـووی نێـو مـێـژوو و کـولتـوورێکی دیاریکراوە. شتەکان گەشە دەکەن، بۆچوونەکانمان تووشی گۆڕان دێن و لەسەر هەموویەوە ڕێگەکانی دەربڕین تووشی وەرچەرخان دێن، کە ئەمـیـان مـاددەی ئەدەبە. تا ئێـسـتـا بەشـێکی زۆری دەقی ڕەخنەی کـوردی دژ بە نووسـەرەکـان شت دەنووسن نەک لەسەر دەق.

هەمـوو شـاعـیـرێکی گـەورە خـاوەنی دەقی لاوازە، شاعیری مامناوەندیش هەیە دەقـێکی جوان بنووسێت. شتەکان لەنێو موتڵەقیدا لەدایک نابن. سیاقی کوردی لەم مـشـتـومـڕەدا پـتـر بەڕای من بەلای منداڵێـتـی و ئەقڵییەتماندا دەشکێتەوە.

ئەگەر پرسیارەکە ئاراستـەی من بکرێت و لێم بپرسن ئایا تۆ خاوەن هەموو ئەو نووسینانەی کە نووسیـوتن؟ دەڵێم بەڵێ، بەڵام ئەم خـاوەندارییـەتە مـانای ئەوەنییـە هەموو شـتێکم نووسیبێت بەرهەمی باش بن. بەرهەمی خـراپ و مـامناوەندی و باشی تێـدان. بۆیە پێـویست دەکـات نووسـەر لە قـاوغی نەرجسـیـیـەت و پیـرۆزی دەرچێت و بەچاوێکی ڕەخنەییـەوە سـەیری خـۆی و هی دیکە بکات. (ڕۆلان بارت)یش هەر ئەمەی مەبەستە. لە لای عـەرەبان وتەیەکی بەناوبانگ هەیە کـە دەڵێت: «المعنى في قلب الشـاعـر» فـیکرەکەی (بارت) تەواو بە پێـچـەوانەی ئەم وتەیەوە دەبێ بخـوێنرێتـەوە. دەکـرێ بوترێت: «المعنى في قلب القاريء»!!

خـوێنەر ئەو کـەسـەیە کـە سـەرلەنوێ دەقی نووسـراو دەنـووسـێـتـەوە. هەر ئەو ڕۆح دەداتە دەق، نەک نووسەرەکەی، چونکە دەقێکی نووسراوی فڕێدراوی نێو چەکمەجەیەک دەقێکی مردووی نووسەرێکی زیندووە، بەڵام مـەرگی دانەر بەو واتایە دەبێ لێک بدرێتـەوە کـە نابێت لە چاوی نووسـەرەوە سـەیری دەق بکەین، بەڵکو بەچاوێکی دەرەکییەوە.

لەوەوپێش باسی سیمۆن دۆبۆڤوار و سارتەر و فوکومان لەمەڕ شـۆڕشی ئیـسـلامـیـیـەوە کـرد. هەرسـێکیـان، هەر کەسە و بە جۆرێ پەشیمـانی خۆیان لەمەڕ ڕووداوەکانی دواتری هەمان شۆڕش دەربڕی. مرۆڤ بەهەڵەدا دەچێت.

بیـرۆکەی مەرگی دانەر لەنێو کولتووری کوردیدا خاوەن ئیشکالیەتی خۆیەتی. هەندێک لە شاعیرانمان بە پەلە و هەندێک جار کەمتر شاعیرانە شیعریان بۆ فلانە حزب و فلانە سەرکردە و فلانە فیکر و فلانە کەس وتووە، ڕەنگ بێ لەنێـو چوارچێوەی سیـاسی و کـۆمـەڵایـەتیـدا زۆریان لەسـەر کـەوتبـێت. ئەمـە خـوێندنەوەیەکی سـیـاسی کۆمەڵایەتییە پتر لەوەی ئەدەبی بێت.

* چەند لەگـەڵ ئەو ڕایەی (بۆدلێـر)یت کـە باس لە هەبوونی ڕەخنەگرێکی شاراوە لە ناخی شاعیردا دەکات؟ کـامـەیان گـرنگتـرە خـوێنەری ڕەخنەگـر، یان ڕەخنەگـرە شاراوەکەی ناخی شاعیر؟

- لەڕاستیدا بۆدلێر خۆی ڕەخنەگرێکی بالادەست بوو؛ چەندین بابەتی لەسەر هونەری شێوەکاری نووسی. هەموو شـاعـیـرە گـەورەکـان ڕەخنەگرن، ئەگـینا ناتوانن شـیـعـری گەورە بنووسن.

هەمـوو کـەسـێک دەکـارێت شـیـعـر بنووسـێت، هەمـوو کەسێک دەتوانێ دوو هێڵ بکێشێت و ڕەنگ و پانتایی دابەش بکات، هەموو کەس دەتوانێ لەژێر لێوەوە گۆرانی بچرێت و...تاد، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە شتێکی دییە. مەبەست لەدەقێکە کە جیهانبینییەک تێیدا ڕەنگی دابێتەوە و فەرادەتی نووسین گەیشتبێتە ئاستی کامڵ بوون و دروسـتکردنەوەی دنیـا بێت بە وشـە. ئەم کـارە سەختە و ئیشی دەوێ. کەواتە شیعر کارێکی جددییە و ئەم هەوڵە جـددییـەش پێـویسـتی بەکـەسـێک هەیە

لەناواخندا ڕەخنەگر بێت. ئەمە بەنیسبەت شاعیرەوە. بە نیسبەت خوێنەرەوەش، هەڵبەتە ئەویش دەبێ گەشە بە چێژی تایبەتی خۆی بدات. شیعر شاعیر دەینووسێت و خوێنەریش جارێکی دی دەینووسێتەوە. ئەم دووبارە نووسینەوەیە ئەو پردە دادەمەزرێنێتەوە کە دیالۆگێکی تەندروست لەنێوان دەق و خوێنەردا دروست دەکات.

ڕۆڵی خوێنەر لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا زۆر گرنگە. مەبەست لە ڕۆڵی وەرگرە جا چ بۆ مۆسیقا بێت، یان بۆ گۆرانی، یان بۆ بینینی تابلۆیەک، یان دەقێکی ئەدەبی. بەبێ خوێنەر، دەق و خاوەنەکەی کۆمەڵێک ئاماژەی بێ ڕۆح و گیانی سەر کاغەزن. ئەم پێوەندییە زۆرجار لەکۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر سەقەتە. کاتێک ڕەخنە لە دەقی شاعیرێکی بەناو گەورە لەنێو ئەدەبیاتی کوردی دەگیرێت، کۆمەڵێک کەست لێ قیت دەبنەوە و وەکو ئەوەی هەوڵی ڕووخاندنی پەیکەرەکەی ئەوانت دابێت. هەندەی گرنگی کەس خۆی قوت دەکاتەوە، هەندە بایەخ بەدەق نادرێت. ئەمە ئاستێکی لاوازی ڕۆشنبیرییە لە کۆمەڵگەی ئێمە، بۆیە کردەی ڕەخنە لە شەڕی نێوان دەقەکانەوە دەبێتە شەڕی نێوان کەسەکان. ڕەخنەگری لاواز ئەوکەسەیە کە دژ بە نووسەر، یان دانەر شت دەنووسێت، ڕەخنەگری گەورەش ئەو کەسەیە لەسەر دەق شت دەنووسێت. ئەمە لای ئێمە هێشتا ساغ نەبووەتەوە..

کۆمەڵگەی کوردی دەبێ هەنگاو بنێتە نێو قۆناغی ڕەخنەگرتنەوە. جا چ ڕەخنەی ئەدەبی بێت، یان سیاسی، یان هەرچەشنە ڕەخنەیەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی هاوولاتی ببێتە خاوەن چێژی تایبەتی خۆی و ئەوە لە خۆیدا ببینێ کە بە شاعیرێکی گەورە، خۆماڵی بێت، یان جیهانی بڵێت ئەم کارەم بە دڵ نییە. گرنگ نییە ئەنجەت و ئەرگومێنتەکانی زانستین، یان نا، گرنگ تەعبیر لەخۆی دەکات. بەمە لەکۆڵی پیرۆزی دەقەکان و کەلەپوور دەبینەوە و گەشە بە مرۆڤە زیندووەکان دەدەین.

* هەن پێیان وایە هەیمەنەتی شیعر لەژیانی ئەدەبیماندا وەک ڕۆمان و شانۆ و تاد.. نییە ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی تیرەگەرە.

– ئەم تێگەیشتنە تاووتووکردنی دەوێ. کۆمەڵگەی کوردی کشتوکاڵی نییە بەمانای زەوی کێڵان و بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی، بەڵام لەسەر ئەقڵییەتێکی کشتوکاڵی دێرین دەژێت. بەواتایەکی دی، فەرمانبەرانمان بەئەقڵییەتی کشتوکاڵی مامەڵە دەکەن، سیاسەتمەدارمان هەروا، تا زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەند و ڕۆشنبیرانمانیش هەر لەسەر ئەو زەمینەیە پێوەندییەکانیان چێ دەکەن.

لە زۆر ئاڵوگۆڕ و مامەڵەدا تا لەنێوان نووسەران و ڕۆژنامەکاندا هێشتا ترادیسیۆنی زارەکی لەگرێبەند وکۆنتراتەکاندا دەکرێت. ئەقڵییەتی کشتوکاڵی بە مانا زارەکییەکەی بەسەر ڕەفتارماندا زاڵە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە تەنیا شیعر وەک داهێنانێکی ئەدەبی دەبێ ببێتە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە. گریمان داهێنانی ئەدەبی بە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە دەدرێتە قەڵەم، شۆڕشی پیشەسازی لەئینگلتەرا بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم دەگەڕێتەوە، کەچی شکسپیر لەناوەڕاستی سەدەی شازدەدا شانۆنامەکانی نووسییەوە و شۆڕشی پیشەسازی لە فەرەنسا لەسەدەی نۆزدەیەم ڕووی دا، کەچی مۆلییر لەناوەڕاستی سەدەی شازدە گەیشتبووە چڵەپۆپەی، کە ئەم دوو شانۆنووسە دەکەونە پێش قۆناغی کشتوکاڵییەوە، بەڵام شانۆیان لەئاستی جیهاندا نووسییەوە. ئێمە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا تەنیا کەسانی وەکو (جزیری) و (خانی) و (خانای قوبادی)مان هەیە کە هەموویان شاعیرن. کورد نەک تەنیا شانۆ و ڕۆمان و نووسینی دیکەی نییە، بەڵکو بیرۆکەی خۆشی تەنیا هەر بە شیعر نووسیوەتەوە. ئەمە بە دواکەوتنێکی زۆر گرنگ لە مێژووی کورددا دەبێ بناسرێتەوە، چونکە هەموو میللەتانی دەوروپشت پێش ئێمە پەخشانیان هەیە. مەبەستم لەپەخشان نووسینێکە کە شیعر نەبووبێت.

ئەو زمانەی کە کورد تەعبیری پێ لەخۆی کردووە کە شیعر نەبووبێت، زمانی عەرەبی بووە. واتە کورد بە زمانی کوردی تەعبیری لەهەست و نەستەکانی خۆی کردووە و شیعر و گۆرانی پێ وتووە و بەزمانی خەڵکانی دی بیری کردووەتەوە. ڕاستە بەشێکی بۆ گرنگی زمانی عەرەبی و ستاتووی ئەو زمانە دەگەڕێتەوە چ وەک زمانی ئایین، چ وەک زمانی ئیمپراتۆرییەتێکی مەزن. کورد زۆر درەنگ دەستی بە پەخشان نووسین کردووە و ئەمەش بەڕای من یەکێکە لە کەلێنە هەرە لەبەرچاوەکان

لەمێژوومـاندا و ڕەنگدانەوەیەکی زۆری بەسەر سـەرجەم ژیانماندا هەیە.

ڕۆمـان و شـانۆ و تابلۆ چێ کـردن ژانری ڕۆژئاواییین و درەنگ گـەیشـتـوونەتە لای ئـێـمـە، ئەگـەر شـانۆ تەمـەنی هەشتا نەوەد ساڵە، ئەوە ڕۆمان لەم چەند ساڵەی دواییدا کـورد دەسـتـی بەنووسـینی کـردووە. شـانۆ پرۆسـەیەکی شارسـتـانییـە، کەچی هێشـتـا کورد هەرسی نەکردووە و شانۆ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا نمایشێکی ئاسایی نییە. وەرز بە وەرز شـانۆیەک، یان دووان لەشارە گـەورەکـانی ئێـمـە نمایش دەکرێت.

من ڕێزی زۆرم بۆ کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە بەمانای وشە، با شانۆ و ڕۆمانی نەبێت، بەلایەنی کەمەوە بتوانێ دیالۆگـێکی مـرۆیی قـووڵ لەگەڵ زەوی دروست بکات و بیـکێـڵـێت و بەرهەمی لـێـوە بەرهەم بهـێنێ، ئـێـمـە نە شانۆمان هەیە نە خاکەکەش بەتەواوی دەکێڵین..

هونەر خـولیـایەکی مـرۆیی زۆر کـۆنە. پـێـوەندی بە قۆناغەکانی پێشکەوتنەوە نییە، بەڵام ڕێگە و شێوەکانی دەربڕین لەکـۆمـەڵگەیەکـەوە بۆ کـۆمـەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێن. لە ناخیدا هەموو شیعرێکی گەورە درامایەک خـۆی شـاردووەتەوە. هەمـوو شـانۆنامـەیەکی مـەزنیش شیعری تێدا بەدی دەکرێت و هەموو ڕۆمانێکی کۆکیش لەگـەڵ ژانرەکـانی دیکە لەتەمـاس دایە. کـاتێک لە بزووتنەوەیەکی ناوەکی کاری ئافراندن دەکەین، ئەوجا تێ دەگـەین سـەرجـەم ژانر و تەرحـەکـان لە چ تەمـاسێکدا دەژین.

ئەو شیعرگەلەی کە ئیمڕۆ سایت و زۆربەی لاپەڕەکانی داگیر کردووە، پێوەندی بە کۆمەڵگەی کشـتـوکاڵییەوە نییە، بەقەد ئەوەی تێگەیشتنێکی کاڵفام و ساویلکەیە لە جیـهـانبـینی. لەو جیـهـانبـینییـەوە هیچ ئافـراندێک مومکین نییە.

✱ باختین فـەیلەسووفی گـەورەی ڕووس دەڵێ پەخشـان جوانترین شێـوازەکانی نووسینە و ڕۆمـانیش جوانتـرین شـێـوەکـانی پەخـشـانە، لە هەمـان کـاتدا شـاعـیـران بە نەرجسی تاوانبـار دەکـات کـە دەیانەوێ جیـهـانێک بە ئارەزووی خـــۆیان دروست بکەن، بە پـێـــچـــەوانەی ڕۆمـاننووس کـە بەناو وردەکـارییـەکـانی ژیان و کـۆمـەڵدا شۆڕدەبێتەوە، پێوەندییە ڕۆحییەکانی ڕۆمان و شیعر چۆن دەبینن؟

– ئەم بیرۆکەیە کۆنە. ئەفلاتوون شاعیران شار بەدەر دەکات و پێغەمبەر بەچاوێکی گومانەوە سەیریان دەکات. ئەم ئاڵۆزکـاوییە بێ گـومـان ڕەگوڕیشەی مێـژوویی خۆی هەیە.

باختین تیوریزان و زمانەوانێکی گرنگی جیـهـانییـە، یەکێکە لەو کەسانەی کە گرنگی بە سۆسیۆلەنگویست دەدات. واتە ڕەهەندە کـۆمـەڵایەتییـەکانی زمـان و گەشـە بەدەسـتـەواژەی دیالۆژیسم و پۆلیـفـۆنی (فـرە دەنگ) دەدات. ئەم دوو تێـرمـە لەنێـو تەونی کـۆمـەڵایەتی ماناکانیـان دیاری دەکەن. ئەگەر لەم دەرچەیەوە بڕوانینە شیـعر کە لادانێکی کۆمەڵایەتییـە و لادانێکە لەزمانی دایک بۆ دامـەزراندنەوەی زمـانێکی دیکە. زمـانێکی غـەریب، زمـانێکی نائاشنا، زمـانێکی شـاراوە. لەم بۆچوونەدا شاعیر بەکەسێکی نامۆ دەژمێررێت.

شیعر بەرانبەر بە ڕۆمـان ڕاناوەستێت، بەڵکو بەرانبەر بە پەخشان ڕادەوەستێت. پلەی سفری پەخشان ڕستەیەکە زانیـارییـەکی ڕووتمان لەمـەڕ شـتـێکی دیاریکراوەوە پێ دەڵێت. لەم ڕووەوە شـیـعـر شـتـێکی دیاریکراومـان پێ ناڵێت، لێـرەوە سـەرجـەم ئاڵۆزکـارییـەکـانی شـیـعـر سەرهەڵدەدات.

بابەتێکی سۆسیـۆلۆژی پەخشـانە هەروەک لێکدانەوە و ڕاڤـەکـردنی هاوکـێـشـەیەکی جـەبریش دیسـانەوە هەر پەخشـانە. ڕۆمانیش پەخشانە، بەڵام جوداوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم جۆرە پەخشانانەدا هەیە.

لە ڕۆمـانـدا، ژیان بە مـانا کـۆمـەڵایەتیـیـەکـەی دەردەکەوێت، چونکە بەرانبەر بە سستمی شەخسییات و کـرۆنۆلۆژیا و ڕووداو گـرێیی و تێـمـەداین. ڕۆمـان پارچەیەک لە ژیانمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆیە بەلای باختینەوە بەجوانی لە قەڵەم دەدات. شیعر لەم ڕووەوە جوان نییە، چونکە ڕۆدەچێتە نێو شتە شاراوە و کپەکانەوە و لەوێوە زمانێکی دیکە دەدزێ.

ئێمە ئەگەر لە ڕووی شێوەوە سەیری شیعر و ڕۆمان و شـانۆ و مـۆسیـقا نەکەین، هەمـوو ئافراندێک یەکە. لە سەرجەم ئەم ژانرانەدا خەڵقێکی دیکە دەبینین.

ڕۆمـان نووسـینێکی کـۆیە. بەلزاکـیـەکـان لەچاو ڕۆمـاننووسـانی ڕۆمـانی نوێ جوداوازن. دەسـتـۆیڤـسکی وگـارسـیـا مـارکـیـز یەک شت نین. هەندەی ڕەهەندە کـۆمـەڵایەتی و مـاددییـەکـان لەلای بەلزاک هەسـتی

پێدەکرێت، هەندەی مارکیز گرنگی بەم ڕەهەندانە بە مانا واقیعییەکەی نادات. لێرەش دیسانەوە مەسەلەی چێژیش خۆی قووت دەکاتەوە. لەنێو ئەم جۆرە نووسینانەشدا جوان و جوانتر هەیە.

ئەم ڕاستییە بۆ شیعریش ڕاستە، لامارتینی سەدەی نۆزدە شاعیرێکە لە قوتابخانەکانی فەرەنسا دەوترێتەوە، بە سەرەتای ڕۆمانسییەت لە فەرەنسا دەژمێررێت، هەروەها لە پەنجا ساڵی دووەمی سەدەی نۆزدە بۆدلێر و ڕامبۆ هەیە. ئایا ئەم سێ شاعیرە یەک شیعریان نووسیوە؟ ئایا پلەی نەرجسییەتیان یەک شتە؟ هەرچەندە من زۆر حەز لە وشەی نەرجسییەت ناکەم سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی.

ئەگەر نەرجسییەت بەمانای زاڵبوونی «من»ە لەسەر دەقی شیعری، ئەم هەڵسەنگاندنەش ڕەت دەکرێتەوە، چونکە «من» وەکو جێ ناوێکی زاڵ دەکرێ بدرێتە پاڵ سیفەتی جۆرە شیعرێک نەک هەمووی.

بەڕای من شاعیر و ڕۆماننووس وەکو یەک پێویستە بچنە نێو ژیان و وردەکارییەکانی کۆمەڵ تۆماربکەن، بەڵام شێوەکانی دەربڕین جیاوازن. شیعر بەقەد ڕۆمان، هەردووکیشیان بە قەد مۆسیقا پێوەندییان بە ناواخنی ژیان و وردەکارییەکانی ڕۆحەوە هەیە، بەڵام دەبێ لە شتێک وریا بین، ئەویش لە هەموو کۆمەڵگەکاندا شیعری خراپ لە شیعری باش پتر ڕەواجی هەیە، چونکە شیعر زمانێکی عاسی و دوورە دەست و شەڕانییە. خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی حەز بە شیعرێک دەکەن، هەمیشە باسی گوڵ و پەپوولە و ئاسمانێکی ساماڵ و گۆرانی دوو ئاشق بگێڕێتەوە کە ناگەنە یەک.

بیبلیۆگرافیا و ڕەخنە

# دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح

د. مارف خەزنەدار

لە ساڵی ١٩٩٦بوو ئازاد عەبدولواحید لە ڕووی وەفاو دڵسۆزییەوە ڕووی لێنام و پێش ئەوەی کۆواری «ڕامان» بڵاوبکەنەوە داوای نووسینی لێ کردم. ئەوەی دەزانی من ئێستا و ئەوساش مامڵەی ڕۆژنامەگەریم لەگەڵ خودی ڕۆژنامەنووسەکە بووە، نەک ئەو لایەنەی چاپەمەنییەکەی بڵاوکردووەتەوە. لەبەرئەوە ئەو نووسەرە لەوە دڵنیا بوو کە هەرەوەزییان لەگەڵدا دەکەم. خۆشم دەمزانی لە ناخی دڵەوە ئەم و خەڵکی دیکەش لەو ڕۆژنامەنووسانەی لێمەوە نزیک بوون و منیان خۆشدەویست هۆیەکی گرنگ بوون بۆ پشت گرتنی یەکتری لە پێناوی ئەوەی کۆوارەکە بەردەوام بێ، ئەوەی بە پێویستم دەزانی بە ئارەزووی خۆم بۆیانم دەنووسی، بەرهەمەکە بەزۆری لەگەڵ ویستی ئەوانیش ڕێک دەکەوت.

من ئەوەی بەباشم دەزانی لە هەموو بابەتێک بۆم دەنووسی، ئەو تەنیا داوای ئەوە بوو، لە بابەت (مارف بەرزنجی) و شاعیرایەتی نووری شێخ ساڵح بنووسم. خۆی زۆر باش دەیزانی ئەو نووسینە لەبەر ئەوە نییە ببێتە پڕۆپاگەندە بۆ ئازاد خۆی چونکە خەریکی ژیان و ئەدەبی نووری شێخ ساڵحە، بەڵکو ئاگاداری ئەوەبوو من نووری شێخ ساڵحم لە ناو گەورە شاعیرانی کورد دانابوو، لەسەرانسەری تەمەنی هەزار ساڵەی ئەدەبی کوردی خوانەخواستە بیری لەوە نەدەکردەوە کەس هەبێ لەلای من نووسین بەرادان بدا.

من خۆشم نازانم لە ماوەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی «ڕامان» کە تا ئێستا دەکاتە سێزدە ساڵ لەبەرچی باسێکم لەبارەی نووری شێخ ساڵح نەنووسی؟! لەوکاتەی هەر نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک ئەگەر بە دڵم بوایە وتارم بۆی دەنووسی و ڕیپۆرتاژم لەگەڵیدا دەکرد. بەم جۆرە خۆم



شێخ نووری شێخ ساڵح

بە قەرزدار دەزانی بەرانبەر بە ئازاد عەبدولواحید و لە دوای دەرچوونی کتێبەکەی لە بابەت نووری شێخ ساڵحەوە بە پێویستم زانی ئەو قەرزە بدەمەوە.

## بزووتنەوەی «شیعری نوێ»

من لەسەر ئەو باوەڕەم نوێ کردنەوەی شیعری کوردی لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی لە کوردستانی عیراق لەسەر دەستی شاعیرانی خەڵکی سلێمانی نووری شێخ ساڵح (١٨٩٦- ١٩٥٨) و عەبدوڵڵا گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢) و ڕەشید نەجیب (فەرامەرز) (١٩٠٦- ١٩٦٨)بووە.

لەو کاتەی بڕیارم دا ئەم وتارە بنووسم لەپڕ بیرێکی سەیر بە خەیاڵمدا تێپەڕی، لە دڵی خۆمدا گوتم، لەو کاتەی ئەم سێ شاعیرە سەرنجی منیان ڕاکێشاوە و خۆم گەلێک ماندوو کردووە بۆ زانینی نهێنییەکانی ژیان و بەرهەمیان دەبێ لە «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا بۆ هەریەکەیان چەند لاپەڕەم نووسیبێ؟ کە لاپەڕەی کتێبەکەی خۆمم هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد زانیم دەربارەی شێخ نووری و گۆران هەر یەکەیان (٤٠) لاپەڕە نووسراوە، بەمە ئەوەندە دڵخۆش بووم هەر مەپرسە. بۆم دەرکەوت ئەمە بەڵگەی سۆزی ناوەوەی دەروونمە. دیارە ئەم دوو شاعیرەم وەکو یەکتری خۆشویستووە، بۆیە بەبێ بڕیاردان ئەوەی لەسەر هەر یەکێکیانم نووسیوە، هێندەی ئەوەی دیکەیە.

هەروەها ئەگەر تەنیا (١٢) لاپەڕەم دەربارەی (ڕەشید نەجیب) نووسیبێ لەبەر ئەوەیە بەرهەمی کەم بوو و زوو وازی لە هۆنینەوەی شیعر هێنا، ئەگینا ئەویش وەکو شاعیر لەپلەی دووەکەی دیکەدا دەبوو.

## پەیدابوونی پسپۆری ئەدەبی کوردی

لە دوا ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە نێوەندی ئەدەبی کوردی هەندێ دیاردەی تازە کەوتنە ناوەوە. یەکێک لەوانە ئەوە بوو هەندێ لە نووسەرانی کورد ژیانی خوێندەواریی خۆیان تەرخان دەکرد بۆ شاعیرێک، یان چەند شاعیرێکی دیاری کراو. هەروەها بایەخیان بە مێژووی ئەدەبی کوردی دەدا لە قۆناغێک، یان ناوچەیەکی دیاری کراوی کۆمەڵی کوردەواری. بۆ نموونە یەکێک لەو کەسانە ئازاد عەبدولواحید بوو، کە خاوەنی بڕیارێکی دڵسۆزانە بوو کاتێ خووی دایە شێخ نووری و بەشێکی کۆششی ئەدەبی خۆی بۆ ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرە خەرج کرد. لەسەرەتادا ئاگاداری کارەکەی بووم، بەڵام زۆری نەبرد من بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە نیشتمان دوور کەوتمەوە و کورسی مامۆستایەتیم درایە لە زانستگای عەننابە لە وڵاتی جەزائیر. بەهەرحاڵ ئەگەرچی زۆر دووریش بووم لە نیشتمان، بەڵام ئاگاداری بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی بووم لە کوردستانی عیراق و بەغدا، دەمزانی ئازاد عەبدولواحید بەجیدی خەریکی ژیان و شیعری شێخ نووری-یە.

ئەو ساڵەی من لە نیشتمان دوورکەوتمەوە (١٩٨٣) ئازاد لە ئامادەکردنی کارە زانستییەکەی لە بابەت شێخ نووری گەیشتبووە ئەنجام و پاکنووسی هەوڵ و تەقەللاکەی دابووە سانسۆری میری بۆ ئەوەی ڕێگەی چاپ کردنی پێ بدرێ. لێرەدا مافیای ڕۆشنبیری کوردی لە دوای ئەوەی زانییان کتێب لە لایەن ئازاد عەبدولواحیدەوە ئامادەکراوە، کەوتنەخۆ بۆ پیلان دانان لە پێناوی ڕێگەگرتن لە چاپی کتێبەکە. هەندێ لە ئەندامانی ئەو مافیایە لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بوون لەبەغدا. ئەوکاتەی ئازاد کتێبەکەی دابووە سانسۆر، سانسۆر لەلایەن وەزارەتی

ڕۆشنبیری عێراقەوە ڕووبەڕووی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی کرابوویەوە. سانسۆر بەدەست ئەوانەوە بوو، ئەوان دەیانتوانی تەگەرە بخەنە هەرکارێکی بە دڵیان نەبوایە.

### گێرەشێوێتی لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا

مەسەلەی بەربەرەکانی کردنی شێخ نووری لە پێناوی بەرزکردنەوەی شاعیریەتی گۆران دیاردەیەکی سەیرە، نابێ لە گێتی ئەدەبدا شتی وا لە گۆڕێ بێ، چونکە شێخ نووری و گۆران هاوڕێی یەکتری بوون، ئیعتیرافیان بەیەکتری کردبوو. بێ گومان هەرشتێک دەربارەی هەریەکێکیان بنووسرێ قازانجی ئەویتریانی تێدایە. لەدوا جاردا قازانجی بۆ نیوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی هەیە، بەڵام ئەم مافیایە تەنیا مەبەستیان ئەوە بوو، لەلایەک گۆران یەکەم بێ و لەلایەکی دیکە ڕێگە لە ئازاد عەبدولواحید بگرن بۆ ئەوەی لەم کارەیدا سەرنەکەوێ، بۆ ئەم ئامانجە یەکێکیان دەسنیشان کرد کتێبێک بەناوی ئەوەوە بنووسنەوە و بڵاوی بکەنەوە پێش ئەوەی کتێبەکەی ئازاد چاپ بکرێ و بڵاو بکرێتەوە.

بۆ ئەم کارە (موسلیح جەلالی) دەسنیشان کرا، لەو دەمەی کتێبی ئازاد لە کێشمەکێشی سانسۆر دابوو، کۆمەڵێک لە مووچەخۆرانی کوردی وەزارەتی ڕۆشنبیری و نووسەری دیکە لە بەغدا خەریکی ئامادەکردنی کتێب بوون دەربارەی شێخ نووری بۆ ئەوەی بە زووترین کات چاپ بکرێ و بڵاوبکرێتەوە. بڕیاریان دا ئەو کتێبە بە ناوی موسلیح جەلالی بڵاو بکرێتەوە.

### موسلیح جەلالی کێیە؟!

ئەم کابرایە ئەوەندەی من دەیزانم تاکە تورکمانێک بوو لە کەرکووک بە قسەی خۆی باوەڕی بە کۆمۆنیزم هەبوو، لە هەموو ئەو سەردەمانەی ماوەیەکی زۆری ژیانم لە کەرکووک بردبووە سەر تووشی تورکمانێک نەبووم هەڵگری بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بێ! ئیتر ئەو کەسە هیچ نەبێ و هەرچۆنێک بێ نەدەبوو بەبینینی کورد لەشی قورس بێ. ئەمە بۆ موسلیح جەلالی ڕێکەوت. بێ گومان ئەمە کارێکی دڵ خۆشکەرەیە، بەڵام ئەو تورکمانە کۆمۆنیستە لەسەر بیروباوەڕی خۆی نەمایەوە، ئەگەر ڕووکەشیش بێ بوو بە بەعسی. ئەو سەردەمانەی نێوان بزووتنەوەی چەکداری کورد و بەعس هەندێ خۆش دەبوو، بەهەڵێکی لەباری دەزانی بۆ ئەوەی بە ناوی کوردەوە لە دەسەڵات نزیک بکەوێتەوە و پێش بکەوێ، یان بەعس خۆی لەم جۆرە کەسانە دەگەڕا بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێ بۆ چاکە و بەرژەوەندی خۆی. بەم جۆرە موسلیح جەلالی گەیشتە ئەوەی ببێتە کارگێڕی گشتی ڕۆشنبیری کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بەغدا.

ئەم دیاردەیە ئەگەر مەقبوولیش نەبێ هەر چۆنێ بێ هەزم دەکرێ، بەڵام بۆ چ ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی دەوروبەری کە زۆربەیان باوەڕیان بە فیکری کۆمۆنیزمی هەبوو ئەم کەسەیان هەڵبژارد بەناوی ئەوەوە کتێب لە بابەت شێخ نووری-یەوە ئامادە بکەن؟!

موسلیح جەلالی کەسێکی تورکمان بوو، لەنێوەندی کۆمەڵی تورکمانی ژیا بوو، لە دوورەوە ئاگاداری هەندێ نەریتی کوردەواری بوو. زمانی کوردی دەزانی و تا پلەیەک دەیتوانی گفتوگۆی پێ بکا، بەڵام بۆی نەدەکرا بەکوردی بیر بکاتەوە و بە کوردی بنووسێ.

ئەم کەسە بە زمانی کوردی پەروەردە نەببوو، ئاگاداری نەریت و خوو و ڕەوشتی کوردەواری نەبوو. بە کوردی لە دایک و باوکی خۆی گوێی لە ئیدیۆم و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان نەبووە.

ئیتر بابەکی وا چۆن ئیستیعابی شاری نالی و شاری هەڵمەت و قوربانی و شاری سلێمانی بابان و شێخان و مەلایانی مزگەوتی گەورە و هەموو مزگەوتەکانی دیکە و تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و شتی تریش دەکا!

لەبەر ئەوە موسلیح جەلالی ئاگاداری ئەو کتێبە نییە کە بە ناوی ئەوەوە بڵاوکراوەتەوە. تەنیا ئەوە هەیە دەسگای ڕۆشنبیری کە خۆی کارگێڕی بوو چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، ئەوانەی نووسیویانەتەوە و بەشدارییان تێدا کردووە پارەوپووڵی خۆیان وەرگرتووە. ئەو کەسانە نووسەری ناسراون، گەلێک نووسەر و ڕۆشنبیر دەیانناسن، بەڵام لێرەدا ناوهێنانیان پەسەند نییە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەر تەنیا کتێبەکەی ئازاد بەو دەردە نەچوو، بەڵکە کتێبی (شوراتەکان)یش بەو دەردە براو لە عەرەبییەوە بۆی کرایە کوردی و بەناوی ئەوەوە بڵاوکرایەوە.

### کتێبی موسلیح جەلالی لە بابەت شێخ نوورییەوە


لە ساڵی ١٩٨٤ مامۆستای ئەدەبی بێگانە (ئەدەبی عالەمی) بووم لە زانستگای عەننابەی وڵاتی جەزائیر،

موسليح جەلالی چاپەمەنییەکانی خۆیانی بۆ دەناردم. لەو ساڵەدا کتێبی «شێخ نووری دەنگی ڕەسەنی شیعر»م بەدەست گەیشت. ژمارەی لاپەڕەی کتێبەکە لە (٢٠٠) زیاتر بوو، لە بەغدا دەسگای ڕۆشنبیری کوردی بە چاپی گەیاندبوو.

من لێرەدا باس لە ناوەرۆکی کتێبەکە ناکەم. لەوکاتەی کە دێر بە دێر کتێبەکەم دەخوێندەوە بیرم بۆ زۆرکەس دەچوو ئەم کتێبەیان نووسیبێتەوە، تەنیا بیرم بۆ موسلیح جەلالی نەدەچوو، ئەوەی ناوی وەکو خاوەن کتێبەکە لەسەر بەرگیدا تۆمار کرابوو.

جگە لەوە لە ناوەرۆکی کتێبەکەدا هەستم بەشێوازی (ئوسلووبی) جیاواز دەکرد، لە ڕووی زمان و بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی و زاراوەی زانستییەوە. گومانم لەوەدا نەبوو لە تاکەکەسێک زیاتر کتێبەکەیان ئامادە کردووە و کەسانی دیکەش پێیدا چوونەتەوە و بژاریان کردووە. لە پاشاندا بۆ ڕازاندنەوە و بەهەند هەڵگرتنی کتێبەکە پێشەکیشی بۆ نووسراوەتەوە.

بەلای منەوە کارێکی ئاسایی بوو دەسەڵاتی بەغدا (بەعس) بۆ چاکە و بەرژەوەندی خۆی یەکێکی دوور لە کۆمەڵی کوردەواری بکا بەکارگێڕی ڕۆشنبیری کوردی، بەڵام ئەوەی نائاسایی بوو، هەندێ ڕۆشنبیری کورد موسلیح جەلالی بکەن بە نووسەری کورد و ناوی بچێتە ناو بیبلیۆگرافیای ڕۆشنبیری و کولتوور و شارستانیەتی کوردییەوە!




### ئازاد عەبدولواحید کۆڵی نەدا

لەگەڵ ئەم هەموو پیلانگێڕان و بەربەرەکانییە بێ بەزەییانەی مافیای ڕۆشنبیری کوردی ئازاد عەبدولواحید کۆڵی نەدا، لە بڕیاریدا سارد نەبووەوە، سووربوو لەسەر ئەوەی شێخ نوورییەکەی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام. هەر چۆنێ بێ ئەگەر درەنگیش کەوتبێ بە چاپی گەیاند. بە هەموو جۆرێ لەبزر بوون ڕزگاری کرد، لەگەڵ ئەوەی لە چاپخانە هەڵەیەکی زۆری تێکەوتبوو، بەڕەنگ و بۆ و دیمەنێکی جوان نەکەوتە دەست خوێنەر و خوێندەوارانەوە.

لە دوای ئەو چاپەی کە بە دڵی خاوەنی نەبوو، بەردەوام کاری تێدا دەکرد، بۆ ئەوەی لەلایەک زاڵ بێ بەسەر هەموو کەموکووڕییەکانی چاپی یەکەمی کتێبەکە و لەلایەکی دیکەوە زانیاری نهێنی و بزر و نەزانراو لە بابەت ژیان و بەرهەمی شێخ نووری بدۆزێتەوە. کۆشش و تاقی کرنەوەی ماندوو نەبووی ئازاد عەبدولواحید چاپی دووەمی «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح» بوو.

### دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح

ئەمە بەرگی یەکەمی «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح»ە. ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە، (٧٥٨ل)یە.

دەسگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس کارێکی چاکی کردووە ئەم تۆمارە نایابەی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام دەبوو لەبەر ئەوەی کتێبەکە بە ژمارەی لاپەڕە گەلێک زۆرە بەسێ بەرگ بێتە بازاڕەوە، یان هیچ نەبێ بەدوو بەرگ بکەوێتە ناو نامەخانەی کوردییەوە. ئەمە لەبەر ئەوەیە چونکە کتێبەکە سەرچاوەیە، واتە کتێبی سەر مێزە بەتایبەتی بۆ هەموو قوتابیانی کورد، لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا خوێندنی باڵا لە زانستگاکاندا.

کتێبی وا گەورە لە بەکارهێنان قورس دەبێ و تەنگوچەڵەمە پەیدا دەکا و لە ئەنجامدا لاپەڕەکانی لێک دەترازێن و لە باڵ یەکتر دەردەچن و هەڵدەوەشێنەوە.

من هەموو کتێبەکەم خوێندەوە، زیاتر بە نیازی ئەوەی بەسەرهاتی نالەباری کتێبەکە لە مێشکمدا بسڕێتەوە و ناوەرۆکی بە ڕوونی و بێ گرێ و کەموکووڕی بکەوێتە

بەرچاوم، لە ئەنجامدا ئەم تێبینی و بیر و بۆچوونانەم لەلا دروست بوو.

(١)

شێخ نووری بە تەمەن هەشت نۆ ساڵ لە گۆران گەورەتر بوو. لەسەرەتای ژیانییەوە بە ڕێبازی کلاسیکی و ڕێبازی نوێ دەستی پێ کرد. هەندێ جار لەبەرهەمیدا ئەدگاری هەردووکیانی دەپاراست. هەندێ جاری دیکە تێکەڵی یەکتری دەکردن، جگە لەوە ئاگاداری ڕێبازی ئەدەبی میللی و کێش و قافیەی سێلابی خۆماڵی بوو. تا کۆتایی ژیانی لەم عالەمە ڕەنگاوڕەنگە دوور نەکەوتەوە، کەچی گۆران بەبڕیار لە کلاسیکی کۆن دوور کەوتەوە، ئینجا قۆناغی گواستنەوە (لاسایی عوسمانی)، لە دواجاردا بەتەواوی وازی لە کلاسیک هێنا. شاعیر خۆی ئەم حەقیقەتەی لە دیوانی شیعریدا دەربڕیوە و سنووری بۆ قۆناغەکانی شیعری خۆی داناوە، کلاسیک و لاسایی عوسمانی و شیعری نوێ. بەڕاستی بەشی لاسایی عوسمانی لەلای هەر سێ شاعیر شێخ نووری و گۆران و ڕەشید نەجیب دەچێتە ناو نوێ کردنەوەی شیعری کوردییەوە.

شاعیری کوردی ئێستا ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕەیە شیعری کلاسیکی تەقلیدی لە هەموو دنیا ئیلغا بووە، با بەم بیر و باوەڕەدا بچێتەوە، لە ئەورووپا شوێنەواری ماوە، لەلای عەرەب تازە سەری هەڵدەداتەوە، لاوی تازە پێگەیشتووی کوردستانی ئێران شیعری جوانی تازەیان هەیە لەسەر کێشی بەحرەکانی عەرووز و یەکێتی قافیە.

(٢)

ئازاد عەبدولواحید بەڕاستی بۆ مەسەلەکە چووە کە دەڵێ شاعیرانی وەکو: (ڕەحمی هەکاری و پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب و ئەورەحمان بەگی نوفووس (بابە) و ڕەفیق حیلمی) دەوریان لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی بووە. ئەمە ڕاستە ئەم شاعیرانە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی شیعری نوێ نین، بەڵام بەشدارییان تێدا کردووە. من دوو تێبینیم لەم لایەنەوە هەیە:

(١) ڕەشید نەجیب بەلای منەوە لە دامەزرێنەرانە، بەڵام بەرهەمی کەمە و زوو وازی لە هۆنینەوەی شیعر هێنا.

(٢) ئەوە ڕاستە پیرەمێرد دەوری لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی بووە، نەک دامەزرێنەر بێ، بەوەی لەساڵی ١٩٢٥ کە لە وڵاتی عوسمانی گەڕاوەتەوە نیشتمان تەمەنی ٥٨ساڵ بووە، لەوەپێش بەرهەمی شیعری نەبووە، تەنیا قەسیدەیەکی هەیە لە بەحری عەرووزی و یەکێتی قافیە و پاش قافیەشی هەیە، بەڵام وتاری لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە نووسیوە بە زمانانی کوردی و فارسی و تورکی لە وڵاتی عوسمانی بڵاوی کروونەتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی «ژین»ی ئەستەموول.

حاجی تۆفیق لەو تەمەنەدا نازناوی «پیرەمێرد»ی بۆ خۆی داناوە، واتە لەو تەمەنە بەساڵ چووەیدا وەزیفە و نازناوی شاعیری دەست کەوتووە. ئیتر لەبەر ئەوەی سەرەتای شیعری بەشێوازی شیعری میللی و کێش و قافیەی سێلابی خۆماڵی بووە، بەرهەمی چۆتە ناو ئەو شیعرەی لە ئەنجامی بزووتنەوەی شیعری نوێ پەیدابوو و شێخ نووری و گۆران و ڕەشید نەجیب بوون بەخاوەنی.

پیرەمێرد کە لە وڵاتی عوسمانی گەڕاوەتەوە نیشتمان شێخ نووری تەمەنی ٢٩ ساڵ بووە. بەم جۆرە ئەو هاتۆتە سەر ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەی ئینقیلابی بنچینەیی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ گۆڕینی شیعری کلاسیکی تەقلیدی لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی چاکسازی تێدا بکرێ تا لە ڕووی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مەدەنییەتەوە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ بگونجێ.

(٣)

لە کتێبەکەدا بیر و بۆچوونێکی وا هاتووە، ئەوەی بەشداری لە بزووتنەوەی شیعری نوێ کردووە، یان خەریکی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بووە پێویستە تا پلەیەک تورکی و فارسی و تەنانەت ئینگلیزیش بزانێ. ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام پێویستی بەشی کردنەوە و ڕوونکردنەوە و یەکالاکردنەوە هەیە.

ئەوی ڕاستی بێ لەم ماوەیەدا فارسی پێوەندییەکی ئەوتۆی بەخوێندەواری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردییەوە نەبوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و لە دوای داگیر کردنی سلێمانی زیاتر کولتووری تورکی عوسمانی جێی فارسی گرتەوە. بەگشتی لە عیراق و لەناو هەموو کوردانی تورکیا و سووریا و کوردی قەفقاسی ڕووسیا پێوەندی لە نێوان کولتووری کوردی و تورکی عوسمانی لە دەورانی شیعری کلاسیکی بەهێز بوو. شیعری تازەو بەرهەمی ئەدەبی پەخشانی کوردی لە دوو دەروازەوە

ڕوویان لە کوردستان کردووە، بەتایبەتی لە دوای دابەش کردنی پاش جەنگی یەکەمی گێتی، دەرگای ئەستەموول و دەرگای قاهیرە، تا پلەیەکیش دەرگای بێرووت کرایەوە. لە پاشانا ئەدەبی مەهجەری عەرەبیش تا پلەیەک لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی لە دوای جەنگی یەکەم لە سلێمانی تەئسیری هەبوو.

ئەمە تێبینییەکە تا ئێستا بیری لێ نەکراوەتەوە، هەتا ئەگەر بیریشی لێ کرابێتەوە پشتگوێ خراوە. ئەوانەی شیعری کوردییان تازە کردۆتەوە (شێخ نووری و گۆران و ڕەشید نەجیب) لە قوتابخانەی سەردەمی عوسمانی بە تورکی خوێندوویانە، لە ڕێگەی چاپەمەنی تورکییەوە ئاگاداری ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا بوون، بەڵام ئەم حەقیقەتە لەبەر ئەوە پشتگوێ خراوە، چونکە دەست درێژی دەسەڵاتی تورک لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای ئێستا بووە هۆی ئەوەی نەوەی خوێندەواری تازەی کورد نەفرەت لە وشەی «تورک» بکەن، کەچی ڕاستییەکە ئەوەیە ئەم خوێندەوارانەی ئێمە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەتایبەتی لەشاری سلێمانی بەهۆی قوتابخانە جیاوازەکانی میری لە ڕوشدییەو ئەوانی دیکە کۆمەڵێک خوێندەواری دیار و بەدیمەن لەناو کوردا هەڵکەوتن. دەوڵەمەندی زمانی تورکی عوسمانی سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی شاعیر و ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد پێبگەیەنێ.

(٤)

گرنگی کۆششی ئازاد عەبدولواحید لەم لایەنەوە لەوەدابوو بەرهەمی شیعری شێخ نووری پەراگەندە بوو، زۆر بڵاو نەکرابووەوە، ئەو بەسەلیقەیەکی جوان و پشوویەکی درێژخایەن توانی هەمووی کۆ بکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە بڵاونەبوونەوەی ئەو شیعرانە قازانجی هەبوو، چونکە ئازاد توانی زۆربەی ئەم بەرهەمە بڵاونەکراوانە بەدەستخەتی شێخ نووری خۆی دەست بخا و ساغیان بکاتەوە.

لە پاشانا لە هەر سەرچاوەیەک هەواڵی شێخ نووری بیستبێ بەدوای کەوتووە و لێی کۆڵیوەتەوە و ویستوویەتی بگاتە حەقیقەتی بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە. هەندێ جار بەسەر گیروگرفتەکاندا زاڵ بووە، هەندێ جاری دیکە نەیتوانیوە بگاتە ئامانج و بەهۆی فێڵ و فەنەری مافیای ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی تەگەرە و گیروگرفتی بۆ دروست کراوە.

دەبێ چەند شوێنەواری ئەدەبی کوردی گرنگ شاردرابێتەوە، یان لەناو برا بێ! دەبێ چی و چی شێخ نووری لە نامەخانەی زانستگای سلێمانی بووبێ و لە دواییدا لەناوچووبێ! ئەنجامیان وەکو کتێبی «ئاوەڕەشەی ڕووسی سوور»ی پیرەمێرد بێ لە زانستگای سلێمانی!، یان تالانکردنی نامەخانەی (تۆفیق وەهبی) بێ لە کۆڕی زانیاری کورد (بەغدا ١٩٧٠)!.

(٥)

ئازاد گەلێک خۆی ماندوو کردووە لە پێناوی ئەوەی ڕوونی بکاتەوە شیعری «دلاوەران» بەرهەمی شێخ نوورییەو بەهەڵە کەوتۆتە ناو دیوانی (بێخود)ەوە، بە وردی و بە درێژی لە ٢٤ لاپەڕەدا خەریکی ئەم ساغ کردنەوەیە بووە.

من ڕام وایە ئەگەر لەم لایەنەوە پشت بە «تیۆری ڕەخنەی ناوەوە= نظرية النقد الداخلي» ببەسترێ، کە پەنا بردنە بۆ شێوازی شاعیر (أسلوب الشاعر)، ئەوە بە هەوڵدانێکی کەم لەم لایەنەوە شیعری «دلاوەران» خۆی دێتە قسە و دەڵێ شێخ نووری منی خولقاندووە.

(٦)

بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لە بۆچوونەکانی (ئازاد عەبدولواحید) دەڵێم ئەگەر بەراوردێک لە نێوان دیوانی شێخ نووری و دیوانی گۆران بکەین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، نەک لە ڕووی جوانکارییەوە، دەبینین مەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خووڕەوشتی نەتەوە، هەروەها پێوەندی خەڵکی سلێمانی لەگەڵ یەکتری لە ڕووی گوزەرانی ژیانەوە لەلای شێخ نووری فراوانترە لەوەی لای گۆران.

پێویستە بە قووڵی و بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکرێ، ئەگینا هەروا سەرپێیی لێی بپێچرێتەوە بە پێچەوانە دەکەوێتەوە. یەکێک دەڵێ شێخ نووری یەکەمە، ئەوی دیکەیان دەڵێ گۆران یەکەمە، حەقیقەتیش ئەوەیە یەکەم و دووەم لە ناوەوە نییە، ئەگەر هەشبێ هەردووکیان یەکەمن.

ئێمە ئەگەر باوەڕیشمان بە تیۆری چوار پلەی شاعیرییەت هەبێ بەپێی ڕەخنەی کلاسیکی عەرەبی شێخ نووری و گۆران هەردووکیان لە چینی یەکەم

دادەنرێن، بەڵام لە دوای ئەمە یەکێکیان «گەورە» و ئەوی دیکەیان «گەورەتر» و ئەوجا «گەورەترین» لە عالەمی ڕەخنەی ئەدەبیدا هوڕێنەیە. ئەوەی ئەم مەفهوومە نالەبارە دەکا بە دەستووری دەوڵەت بۆ گەورەکانی ئەدەب و هونەر و کولتوور، ڕژێمی تاکە حیزبی ستالینییە. لە هەموو سەنعەت و سەندیکا و ڕێکخراوی هەموو مەیدانەکانی ژیان پێویستە تەنیا «یەک» هەبێ و هی دیکە وجوودی نەبێ. داخی گران ئەم مەفهوومە هەڵەیە پارتی کۆمۆنیست لە عیراق بۆ جەواهیری و لە کوردستان بۆ گۆران بەکاری هێنا. ئەمە بە چاکە بۆ کۆمۆنیستەکان خۆیان نەگەڕایەوە. ئێرە ماوەی ئەوە نییە باس لە هەڵوێستیان بکرێ بەرانبەر بە جەواهیری و بەدر شاکر سەییاب و عەبدولوەهاب بەیاتی، ئەمە پێویستی بە باسێکی تایبەتی هەیە.

لەوکاتەی هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بە چاکە نەگەڕایەوە بۆخۆیان، خراپەی هەبوو بۆ هەردوو شاعیرەکەش شێخ نووری و گۆران، چونکە شاعیری گەورە بوون. پڕۆپاگەندەی زیاد لە پێویست حەتمەن دەبێتە هۆی ئەوەی بە چاوێکی دیکە تەماشای ئەم دوو کەسە بکرێ.

(٧)

ئازاد عەبدولواحید نابێ ئەوەی پێ ناخۆش بێ کە گوتوویانە ئەدەبی تورکی کاری لە شێخ نووری کردووە، بەو مانایەی نوێ کردنەوەکەی ڕەسەن نییە، چونکە لە میللەتێکی دیکە وەرگیراوە، مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە. نوێ کردنەوە لە ناوەڕۆک لە پێشاندا لە بێگانە وەردەگیرێ، بە پراکتیک دەبێ بە ڕەسەن (أصیل). چیرۆک هونەرێکی ڕۆژهەڵاتی نییە، ڕۆژئاواییە. لە میسر کردیان بە ڕۆژهەڵاتی، یان عەرەبی، ئێمەش لە کوردستانی عیراقدا کردمان بە کوردی. ئەمە و جگە لە جەوهەری بێگانە، ڕۆمانتیکی لە ڕێگەی ئەدەبی تورکی عوسمانییەوە خزییە لای ئێمە، بوو بەهۆی داهاتنی «شیعری نوێ»، لە پاشانا جەوهەری خۆماڵیش چووە ناوییەوە، وەکو بەکارهێنانی کێش و قافیەی شیعری سێلابی میللی و وشەی فەرهەنگی و زاراوەی زانستی زمانی کوردی پەتی.

ئازاد عەبدولواحید بەرگری لە شێخ نووری دەکا بەوەی تەنیا تەئسیری تورکی بەسەرەوە نییە، یان ئەگەر هەبێ کەمە، ئەوی ڕاستی بێ نابێ لەوە بترسێن، چونکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم شێخ نووری پەروەردەی زمانی تورکی عوسمانی بووە. تورکیش لە ئەورووپای وەرگرتووە. لە پاشانا لە بنەڕەتدا ئەدەبە کلاسیکییەکە ئەگەر فارسی بێ، یان تورکی عوسمانی خۆی تابیعە، هەوێنەکەی لە لای عەرەبەوە هاتووە، بەڵام ئەوان لەگەڵ زمان و نەریتی خۆیان گونجاندوویانە و ئیبداعیان تێدا کردووە.

ئەگەر هەروا سەرپێیانە بەدوای ئەم بیروڕا سەرەکی و بنچینەییانە بکەوین، ئەوکاتە دەبێ ئەدەب و کولتووری هەموو میللەتانی ئەورووپا و هەردوو ئەمەریکا ئیلغا بکەینەوە، ئەوانە لە ڕوخساردا هەموویان کچی دایکێک، یان دوو دایکن، گریک و ڕۆمان.

لە لای ئێمە لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ئەدەبی عەرەبی کاری گەورەی کردە سەر ئەدەبی ئەو نەتەوانەی بوون بە ئیسلام وەکو فارس و تورک و کورد. لە پاشانا لەبەر نەبوونی دەوڵەتی کوردی ئەدەبی فارسی و تورکی عوسمانی تەئسیریان بە سەر کوردییەوە زۆر بوو. لە پێشانا تەئسیری فارسی زیاتر بوو، چونکە کۆنتر بوو، ئەمە لە ڕۆژگارانی کلاسیکدا، بەڵام لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی و سەردەمی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی تەئسیری ئەدەبی تورکی زیاتر بوو، چونکە مەڵبەندی بزووتنەوەی «شیعری نوێ» لە کوردستانی عیراقدا بوو کە ئەویش لەوەپێش بۆ ماوەی زیاتر لە چوارسەد ساڵ بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی.

**ئەنجام**

دەستخۆشی لە ئازاد عەبدولواحید دەکەم، بۆ کۆششی بەرگی یەکەمی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح کە بەم شێوەیە کەوتە ناو نامەخانەی کوردییەوە. هەروەها دووبارە دەیڵێمەوە و تکا لە دەسگای ئاراس دەکەم ئەگەر بەرگی دووەمی ئەم کارەیان چاپ کرد و لاپەڕەی زۆر بوو بیکەن بە چەند بەرگێک، بەگشتی بۆ ئەم کتێبە و هەموو کتێبێکی دیکە بەتایبەتی ئەوانەی زۆر بەکاردەهێنرێن پێویستە ژمارەی لاپەڕەیان لە چوارسەد زیاتر نەبێ.

**هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی**
**١٨ی شوباتی ٢٠٠٨**

# دەربارەی دەربار

زاهیر ڕۆژبەیانی

(٢ – ٢)

فەرەج و حوسەین و سوبحان و سەلیم و ئەوانی دیکەش هەریەکەو چیرۆک و مێژووی خۆیان هەیە، کە کارو کردەوەکانیان پاساو دەدا، بە تایبەتیش لەبەر هەژاری و ئەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییەی کە دارودەستەکانی ڕژێمی شا لێیان دەکات، بەڵام دیارە کاردانەوەی هەرکەسێکیان بۆ تایبەتمەندی کەسایەتی و بەرژەوەندی و ئەقڵییەتی تاکەکەسییان دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەموویان لەسەر یاخی بوون و بەرهەڵستکاریی ئەو بارودۆخە کۆکن کە دەیانچەوسێنێتەوە و هەراسانی کردوون.

لەگەڵ ئەمەدا ڕاستییەکی دیکەش هەیە جگە لە زوڵم و زۆری ڕژێمی حوکم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی کە کاریگەریی سەلبییانە لەسەر مرۆڤ و چارەنووسیان دەکەوێ، ئەویش خراپی باری پەروەردەیی خێزانە لەسەر منداڵ و پاشەڕۆژی، لە (دەربار)دا کەسانی دیکە بەرچاو دەکەون و کاریگەریی خراپەکارییان نەک هەر بۆ خۆ و لەسەرخۆ، بەڵکو بۆ خەڵکی دیکە و لەسەر کۆمەڵیش دەکەوێ:

میهرداد، پیاوی ساواک کە تەواوی خەڵکی تاران بە (خاقان- ئیمپراتۆر)ی دەناسن و کاری ئەو لە ساواکدا ڕفاندن و خراپکردنی کچانی ڕوو سوور و شەرەف شکاندنی تێکۆشەران و بنەماڵە نەیارەکانی شا بووە، ئەو پیاوە سادییە، بۆ خۆشی دەڵێ کە ئەو نازانێ لە چ پیاوێکە، چونکە ئەو لە دایکێکە کە هەمیشە لە (سیغە)دایە و هەریەک دوو شەوێک و لەلای پیاوێکە. ئەو لەگەڵ دیتنی خوێندا دەگاتە پۆپەی هەوەسی سێکسی و بەوپەڕی دڵنیایی و لە خۆڕازی بوونەوە دەڵێ: شەرەف لەناو گەڵدا نییە، بۆیە ئامادەیە ژنێک (ژیلا) بخوازێ و



خوسرەو جاف

لەگەڵ ئەرژەنگ و مەنسووریدا بە شەریکی مێرداری بکەن.

سودابە، کچی ژنێکی سوزانییە کە لەسەر هەمیشە مەستی لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە و لەگەڵ سودابە دەژی و بەر بەرچاوی ئەوەوە هەموو بەدڕەوشتییەک دەکات، تا سودابە بە خۆیشی دەست کوڕێکی بەدنەک دەکەوێ و کچێنی دەپژێنێ و وازی لێ دێنێ، ئیتر سودابەش وەک دایکی سەرگەردان دەبێت و ئەم دەست و ئەو دەست دەکا تا دەگاتە دەست عەباس تیغی ئەویش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ بەکرێدان و کەسابەت پێوە کردن بەکاری دەبات، تا لەکۆتاییدا بە چەقۆ دەشیکوژێ. فەرهادی کوڕی ڕەحمان لەتۆڵەی کردەوەکانی باوکیدا بە هەرزەکاری دەست عەباس تیغی و پیاوەکانی دەکەوێ و بەیارمەتی سودابە و مەمەدی حیزی دەکەن و ئەوەندە تێیدا نغرۆ دەبێ، کە خۆی گوتەنی قێزی لە مەمک و ناوگەڵی ژن دەبێتەوە، وەک ژن پیاو لەخۆی دەنێ، تا لەڕووی بایەلۆژیشەوە لە پیاوەتی دەکەوێ و تەنانەت سەری کوردەی ژنیشی بۆ کۆرش دەگرێ کە زەمانێکە بەخۆی فێربووە.

ئیسی موشی، کە زۆر لە ڕسق- مشک دەچێ بە ئەسڵ تورکێکی دەوروبەری قەزوینە و لە بوومەلەرزەکەی (بوئین زەهرا)دا بە منداڵی هەموو کەسوکاری لەدەست دەدات و لە هەتیوخانەکاندا گەورە دەبێ، تا هەڵدێ و لە جەندەخانە و لەنێو بەنگ کێش و قاچاخچیانی هیرۆئیندا پێدەگا و تێکەڵ بە دەستەودایەرەکەی عەباس تیغی، سەردەستەی شارلاتیانی کرماشان دەبێت و دەگاتە ڕادەیەک کە دەست لەهیچ خراپە و توندوتیژییەک ناگێڕێتەوە.

ئەمانە نموونەی هەندێک لەو کەسایەتییانەن کە لە ڕێز و خۆشەویستی ماڵ و خێزان بێ بەش بوون و سەرئەنجام بوونەتە خۆرەی کۆمەڵگە و سەرچاوەی بەردەوامی ئەو گەندەڵی و خراپەکارییەی کە هەتا دێت تەشەنە دەکات.

ئەمە تەنیا دیوێکی کاریگەری نێگەتیڤانەی خێزانە لە سەر مرۆڤ ئەگەر لە خۆشەویستی و چاودێری خێزان بێ بەش کرا، وەلێ لە (دەربار)دا ئەم دیاردەیە دیوێکی دیکەیشی هەیە ئەویش بوونی کەسایەتی (نازپەروەر)ی دەستی دایک و باوکە، کە لەدەرباردا زۆرجاران بۆ تەوسەپێکردن (ناسک نارنجی)یان پێدەگوترێ، وەکو ئەفشینی برای فەلامەرز و ئالەمتاجی خوشکیان و وەکو کوردەی کچی دکتۆر تالیبی حەمەڕەسووڵ ئاغای گەورەی قوتابی ماجستێر، کە سواری سەری خۆی دەبێ و بە هەڕەشەی ڕەدوو کەوتن و بەحاشا لێکردن، دایک و باوکی ڕازی دەبن لەبەر ئابڕووی خۆیان و بە ناچاری بیدەن بە فەرهادی نەخوێندەوار و سیخوڕی ئێران و ئێراق و (گەی) و ئەو کارەساتەی بەسەر بێت کە لە ڕۆمانەکەدا بە دوور و درێژی بەرجەستە کراوە.

ئەگەرچی ئەم مرۆڤە نازپەروەردانەش بەزۆری مەترسییان بۆ خۆیانە، بەڵام پرۆژەی زۆر کاری چاوەڕوان و چاوەڕواننەکراون، لەگەڵ جیاوازی ئەوەیاندا کە ئەمانە بەزۆری لە بنەماڵە برژواو سەرقاڵەکانەوە سەرهەڵدەدەن، لێ ئەمان و ئەوانەش کە لە بنەماڵە هەژار و لە بێ کەسیدا دووچار دەبن، هەموو لەوەدا یەک دەگرنەوە کە مرۆڤی نائاسایین و بۆ کۆمەڵ بەگشتی دەبنە مایەی مەترسی، وەک (یاسەمین) کە لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەر و لە پاشخانێکی نیشتمانپەروەرییەوە سەری هەڵداوە، بەڵام کە دەست ڕێکخراوێکی چەپڕەو دەکەوێ دەبێتە پڵینگێکی بریندار و دەست لە هیچ توندوتیژییەک ناپارێزێ تا بە مایەی پووچ و چاوی پووکەوە لێی دەردەچێت.

من سەرەتا گوتم پاڵەوانەکانی (دەربار) مرۆڤی زیندوون، زیندوون بەو واتایەی کە یەکبینە/ یەک جۆرەکی نین چۆن بێنە دەقەکەوە ئاواش بە هەمان

بیروبۆچوون و باوەڕ و ئایدۆلۆژیا و هەڵسوکەوتەوە لێی دەربچنەوە، بەڵکو لەمیانەی دەقەکەدا دەگۆڕێن. زیندوون بەو مەبەستەی کە هەریەکەیان سەر بە پاشخانێکی تایبەتی و چینێکی کۆمەڵایەتی دیار و بە بارێکی پەروەردەیی و دەروونی و مەبەستێکی زاتی و بابەتییەوە دێنە دەقەکەوە، بەڵام لەگەڵ ڕەوتی هەڵکشانی ڕۆمانەکەدا زۆرێک لەو تایبەتمەندییانەی خۆیان لەدەست دەدەن و لەجێی ئەوە ئەزموونێکی ژیانیی نوێیان لەلا کەڵەکە دەبێ، کە زۆر لە سروشت و تایبەتمەندییەکانیانی پێ دەگۆڕێ، واتا دەبنە خودانی مێژوویەکی ئەدەبی.

جگە لەم خەسڵەتە گرنگە، کەسەکانی (دەربار) کەسیان خودانی کارێکتەرێکی سەنترالّ نین کە بتوانێ تایبەتمەندییەکانی خۆی بەسەر تەواوی کەسەکانی دیکە و سەرجەم ڕووداوەکاندا بسەپێنێ، بەڵکو هەر یەکەیان ڕۆڵێکی سنووردار لەدەقەکەدا دەگێڕێ، ئەگەرچی هەندێ جار ئەو ڕۆڵە گەورە، یان گچکەش بێت، بەڵام زۆر جاران ئەوەندە واقیعییانە دێتەوە کە وەک ڕۆڵی مرۆڤی ڕاستەقینە تەنانەت ناکۆکی و ناجۆریشی لەگەڵ خودی کارێکتەرەکەدا تێ دەکەوێ.

کەسەکان هەر بە تەنیا فەلامەرز و یاسەمین نین، بەڵکو ئەوکە شامار و ڕەحمان و ژیلا و میهرداد و ئەرژەنگ و لەیلا خانم و فەرهاد و کوردە و سودابە و سەبری و شاباز و شیرین و هەمایۆن، عەباس تیغی و... زۆر کەسی دیکەشن، کە هەریەکەیان لەکات و شوێنی خۆیاندا ڕۆڵی پێ سپێردراوی خۆیان دەگێڕن.

لەوانەشە کەسایەتی نەگۆڕ و سەقامگیر بەهۆی کەمی ماوە و -کات-ەوە لە چیرۆکی کورت و تا ڕادەیەک لە ڕۆمانێکی کورتیشدا قبووڵ بکرێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە بۆ ڕۆمانێکی گەورە و درێژخایەنی وەک (دەربار) کە هەم لە ڕووی ڕووبەری شوێن و هەم لەڕووی زەمەن-کاتیشەوە مەودایەکی زۆر دەگرێتەوە و ئەو کەسایەتی لەیەک چوونە پەسەند نابێ، بەڵکو کەسایەتی وەک ئەوانەی (دەربار) پێویستن کە لە مێژووی ناوەوەی دەقەکەدا لە گۆڕانێکی بەردەوامدا دەژین، دەنا دەبنە مایەی بێزاری خوێنەر، ئەگەر ناوە ناوەش بووە بە ڕەفتاری نوێ و گفتاری حسێب بۆ نەکراو موفاجەئەی نەکەن، با ئەوەش بڵێم کە نەبوونی تاک پاڵەوانی سەرەکی/ سەنترالّ لە (دەربار)دا پاساوی هزری و هونەریی خۆی هەیە.

لە ڕووی هزرەوە (دەربار) تەنیا بەسەرهاتی کەسێک نییە، بەڵکو خواستی سەرجەم گەلێکە کە بە پانایی نیشتمان و بەهەمەوو چین و توێژ و ئایین و ئایینزا و ئینتیمای سیاسی و ئایدۆلۆژیای جیاجیاوە، لەگوند و شار و لە ئەتراف و شوێنە پەراوێزەکانەوە تا تارانی پایتەخت کەوتوونەتە جمە و هەرکەسە و هەر لایەنە بەپێی توانا و بۆچوونی خۆی کار بۆ گۆڕینی ڕژێمی شاهەنشاهی دەکات، کە پێی وایە سەرچاوەی هەمەوو ئازارەکانیانە بەبێ جیاوازی و لە دژی ڕژێمێک تێدەکۆشن کە هەمووان بەشێوەی (کۆ) دەچەوسێنێتەوە، نەک لەسەر ئاستی تاک تاکی خەڵکەکە، دیارە لە دۆخی ئاواشدا لەڕووی هونەریشەوە ناگونجێ تەنیا کەسێک گوزارە لە ئازار و ئامانج و خواستی فارس و کورد و ئازەری و هەژار و دەوڵەمەند و کرێکار و بورژوازی و جووتیار و دەرەبەگ، شیعە و سوننەی ئیسلام و ئەهلی هەق بکات. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە شانە حزبییەکانی بەرهەڵستکاران، تەنانەت لەگرووپە یاخییەکان و لەدەستە چەقۆکێش و قاچاخچییەکان و گرووی وەک شارلاتیانی شارانیشدا تێکەڵەیەک لە فارس و کورد و ئازەریانی شیعە و سوننە و لە کوردەکان: کوردی لوڕ و گۆران و سۆرانی شیعە و سوننی و ئەهلی هەق وەدی دەکەین کە وێڕای هەمەوو ئەو جیاوازییانەی کە گوزارە لە پێکهاتەی گەلانی ئێران دەکات، کەچی پێکەوە کار دەکەن. لێرەشەوە دەگەمە بڕوایەک کە بڵێم (دەربار) سنووری (ڕۆمانی ئاسایی) دەبەزێنێ و بۆ سنووری (داستان)، داستانێکی پەخشانی دەپەڕێتەوە، چونکە (ڕۆمانی ئاسایی) ئەوەی کە جۆرج لۆکاش پێی دەڵێ (داستانی بورژوازی) لە سنووری پێوەندی و ئازار و پەژارە و ئاوات و ئامانجەکانی مرۆڤی تاک و دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەیدا کار دەکات، بەڵام (داستان) بەواتا گریکییەکەی لەسەر ئاستی ئاوات و ئامانج و مان و ژیان و پەرەسەندنی گەل کار دەکات بە هەمەوو جیاوازییەکانەوە، لە داستاندا گەل قارەمانە و گەل ئامانجە و ململانێیەکەش هەمەوو ڕووبەری نیشتمان دەگرێتەوە.

(دەربار) داستانێکە ململانێی گەلانی ئێران بەرجەستە دەکات لە دژی ڕژێمێک کە بەدەستی بیانی دەجووڵێتەوە و بووەتە کانگەی گەندەڵی و سەرچاوەی ئێش و ئازار و چەوسانەوەی ملیۆنان مرۆڤ، کە هەندێ سنووری دەوڵەت و گەلانی دراوسێش دەبەزێنێ، ڕژێمێکی کۆنینە کە ڕێگەی ژیان و پەرەسەندن لەتەواوی گەلانی ئێران و ناوچەکەش دەبەستێت.

بۆیەکیشە خوێنەری (دەربار) لە زۆری کەسەکان بێزار نابێ، کە هەریەکە و بە بەسەرهاتی خۆیەوە بەشداری دەکات، هەروەها هەست بە غیابی ئەو (تاک پاڵەوان)ەش ناکات کە ڕاهاتووە لە (ڕۆمانی ئاسایی)دا ببینێ. دەربار، خەسڵەتێکی دیکەیشی هەیە کە جێی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین ئەویش زاڵبوونی هەستی نیشتمانییە تا هەستی نەتەوەپەروەریی وەک لەزۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانە کوردییەکاندا هەیە ئەمیر ئینتیزام جارێک و فەلامەرزی کوڕی چەند جارێک لەگەڵ (یاسەمین)ی لوڕنەژادی خۆشەویستیدا باسی لابەلای کورد و ئەسڵی کوردێنی لوڕ دەکەن، بەڵام یاسەمینی چەپڕەو زۆر بە ڕوونی و یەکلاکەرەوە ناچێتە ژێر ئەوەی کە لوڕیش کوردن و بەشێوەیەکی لێبڕاوانە دەڵێ: ئەو مەسەلەیەی بەلایەوە قەت مەبەست نییە، بەڵکو سەرتاسەری نیشتمان بۆ ئەو گرنگن.

من ئەمە بە نیشانەیەکی دیکەی (داستان)ی بوونی دەربار و بە ڕچە شکێنییەک بۆ خوسرەو دەزانم بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆکی کوردی باودا، کە زۆر جاران تا ڕادەی نەتەوەپەرستی پێ لەسەر نەتەوە پەروەری دادەگرن.

من ئەمە بەواقیع بینییەک بۆ خوسرەو جاف دەزانم، کە لەجیاتی ململانێی نەتەوایەتی سیزیفانە، بێت و پتر




بایەخ بە خەباتی نیشتمانی بدات، بەتایبەتیش لەدوو پارچەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و لەدۆخی گەلی کورد و کوردستانی گەورەی پارچە پارچە کراو و دابەشکراوی سەر پتر لە (٤) دەوڵەت و (٤) گەلی بیانی کە کوردستان و گەلی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، کە لەم حاڵەتە کلۆم دراوەدا ڕەنگە خەباتی نیشتمانیی گەلانی ئەم وڵاتانە لە چەوسانەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ڕزگار بکات، دیکتاتۆریەتێک کە بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی هەمووان وەکو یەک دەهاڕێت و دەهاڕێت. بە ئەزموونیش ساغ بووەتەوە ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، نەک هەر بە خەباتی نەتەوایەتی کورد نەڕووخان، بەڵکو سوودی پێچەوانەشیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد دیوە، بۆ توندکردنی چنگی خۆیان لە دەسەڵات و ڕەگ داکوتانی ڕژێمەکانیان، ئەویش بە وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی ڕەگەزپەرستانەی گەلانی باڵادەستی زۆرینەی خۆیان لەدژی گەلی ژێردەستە و پەرتکراو و بێ دەسەڵاتی کورد و ئیستیغلال کردنی بەرفراوانترین ژمارەی میللەتی باڵادەستی خۆیان و پەروەردەکردنی هەستی ڕەگەزپەرستی لەلایان لەدژی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد، بەڵام دیارە خەباتی نیشتمانی هاوکۆیی ئەم چەکە لە دەست ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دەردەهێنێ وەک لە (دەربار)دا کاری بۆ کراوە.

ئەم ئایدۆلۆژیا کۆسمۆپۆلیتییە چەپڕەوەی کە فەلامەرز و یاسەمین و ڕێکخراوەکەیان، زۆرینەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و چینەکانیانەوە کاریان پێدەکرد، نەک هەر لەواقیعی ئەدەبی ڕۆمانەکەدا، بەڵکو لەواقیعە مێژووییەکەشدا کاریگەرییەکی زۆر و ڕاستەوخۆی لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی شا هەبوو، بەڵام لە ئازادکردنی گەلانی ئێراندا ئەو ڕۆڵەی پێ نەبڕاو، بیرێکی کۆسمۆپۆلیتی دیکەی ڕاستڕەو، کە بیری ئایینی مەزهەبی بوو لەدەقەکە و لە ڕووداوە مێژووییەکەشدا ئەو سەرکەوتنەی لەدەست هەمووان دەرهێناو بۆ خۆی زەوت کرد، بیرێکی سەلەفی و دەزگایەکی مەزهەبی دێرین، کە پێشتر لە دەقەکەدا هیچ بوونێکی نییە، بەڵام دوای سەرکەوتن هەموو دەسەڵاتەکان داگیردەکات و لە پەنای دەسەڵاتە ئایینییەکەوە چالاکییەکی نەتەوەپەرستانە دادەمەزرێنێتەوە، بەڵام بە بەرگێکی دیکەوە.

بە دزینی بەری خەبات و تێکۆشانی فەلاّمەرز و یاسەمین و قوربانییەکانی هەزارانی وەکو ئەوان مەرجێکی دیکەی داستانی گریکی لە (دەربار)دا دێتە دی کە بۆ ڕۆمانی (داستانی بورژوازی) مەرج نییە.

ئاخر لە داستانی گریکیشدا هەمیشە کەس/ کەسانی سەرەکی بە ئاواتی شەخسیی خۆیان ناگەن و بۆ ئەوەی مەرجی پالّەوانی داستانیان تێدا بێت دەبێ بەزەیی و هاوسۆزی خەلّک بۆ خۆیان بەدەست بێنن، ئەمەش بەوە دەبێ کە سوودی شەخسی لە قارەمانەتی و قوربانییەکانی خۆیان نەبینن، لێرەشەوە دەلّێم (دەربار) داستانێکی هاوچەرخە نەک ڕۆمان (داستانێکی بورژوازی)، داستانە لەبەر ئەوەی هەموو گەل ڕۆلّی تێدا دەگێڕێ، ڕووداوەکانی هەموو ڕووبەری نیشتمان دەگرێتەوە، ئەو کەسایەتییانەش کە ناویان هاتووە بەبێ قازانجی شەخسی لێی دەردەچن.

(٨)

بەرلەوەی دەست بەخوێندنەوەی (دەربار) بکەم بە ڕاستی لەدوو شت دەترسام، لە خۆم دەپرسی کە ئایا دەتوانم بەدرێژایی نزیکەی (١٥٠٠) لاپەڕە، کە ناواخنی ڕۆمانەکەیە، لە هەلّسوکەوت و گفتار و ڕەفتاری کاراکتەرێک، یان دوو بێزار نەبم؟ ئایا دەتوانم ئەو ماوەیە لە هەلّکشان و داکشانی ڕووداوێک، بەسەرهاتێک ورد ببمەوە؟ یان لە شوێنێکدا خۆنەویستانە کتێبەکە بەلاوە دەنێم؟! لەخۆم دەپرسی دەبێ چەند وەسف و شیکاری دەروونی و بەخۆداچوونەوەی تێدا بێت، یان دەبێ ئەم بەسەرهاتە چەند لەسەرخۆ و هێواش هێواش بڕوات ئەوەندە کات و لاپەڕەی خایاندووە؟!، بەلاّم کە دەستم بەخوێندنەوەی کرد هەر زوو ئەو ترسەم ڕەوییەوە.. بەچی و چۆن خوسرەو جاف خۆی و خوێنەر و بەرهەمەکەی لەو مەترسییە پاراستووە کە زۆرجار نووسەری خاوەن ئەزموونی هەلّکەوتە لە نووسینی ڕۆمانی ئاوا درێژدا تێی کەوتوون..؟!.

**یەکەم:** بنیادی بەسەرهات/ حیکائی (دەربار) بنیادێکی ئەندازیاری تایبەتە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی یەکەی جودا جودا و لە دوو زنجیرەی هاوتەریبدا ڕێکخراون: بنیادی بەسەرهاتی یاسەمین و فەلاّمەرز و بنیادی بەسەرهاتی ئەوکە و دەستەکەی، کە لە هاوشانی یەکتر گەشە دەکەن و بەرەو کۆتایی هەلّدەکشێن، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ تێکەلّی یەکتر ببن، ئەگەرچی سێ جارانیش بە (ئاستەم) لەیەکتر دەکەون:

١- کاتێک کە ئەوکە سەرکاری گوندی کانی توو (زەینەدین) دەکوژێ کە مواشیری ئەمیر ئینتیزامی باوکی فەلاّمەرزە.

٢- کاتێک کە داوای چەک لە فەلاّمەرز دەکرێ بۆ ڕێکخراو و فەلاّمەرز لەڕێی یار و ڕیقۆی مامی ڕەحمانەوە چەک لە جەماعەتی ئەوکە شامارەوە وەدەست دێنێ.

٣- کاتێک کە فەلاّمەرز و یاسەمین لە ڕێی هاتنیان بۆ پەناهەندەیی لە ئێراق، لە پێنجوێن چاویان بە فەرهادی کوڕی ڕەحمان دەکەوێ.

کە هەرسێ جار زۆر ڕاگوزارین و بەشێوەیەکی کاریگەری وانییە کە کاری نیگەتیڤانە، یان پۆزەتیڤانە لە ڕەوتی یەکتر بکەن.

هەریەک لەم دوو جۆرە ڕووداوەش لەناوەوە بریتین لە خانەخانەی سەربەخۆ کە لەگەلّ ڕەوتی ڕووداوەکاندا، لەناخۆیاندا، تابلۆیەک وێنا دەکەن، بەسەرهاتی ئەوکە شامار و دەستەکەی ژیان و گوزەرانی ناوچەکانی ئەتراف، لادێ و شارە دوورەکان بەرجەستە دەکات و بەسەرهاتی یاسەمین و فەلاّمەرزیش ژیان و شارستانیەتی پایتەخت/ تاران نیشان دەدات و بە هەردوو بەسەرهاتی سەرەکی و لاوەکییەکانیشیانەوە تابلۆیەکی گشتی نیشتمان/ ئێران وێنا دەکەن.

ئەمەش تەکنیکێکی وێنەکێشانی شیعرییە، لە شیعردا کە وێنە دەچێتە پالّ وێنە بەبێ ئەوەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئاشکرایان پێکەوە هەبێت، دیمەنێک پێک دەهێنن، واتایەک دەبەخشن تەنانەت ئەگەر تەواوکەری یەکتریش نەبن و دژە وێنەش بن هەر بەوەی دراوسێی یەکن، یان لە تەنیشت یەکەوە دابنرێن وێنەیەک، هێمایەکی واتادار دەگەیەنن.

لە (دەربار)یشدا ئەم دوو بەسەرهاتە جیاجیایە کە پێکەوە دەگەنە زەینی خوێنەر، لەلای خوێنەر، ولاّتی پڕ لە زولّم و زۆر و گەندەلّی و بێ یاسایی و بێ سەروبەری ئێرانی سەردەمی شا دەنەخشێنن، ئێرانێک کە ڕێزی هیچ تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی نەتەوە و گەلانی ولاّتەکەی تێدا ناگیرێ، حورمەتی مولّکیەتی تایبەتی تاکەکەسی و مافی بناغەیی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێن، بوونی پتر لە بەسەرهاتێکی سەرەکی و چەندین ڕووداوی لاوەکی، کە هەندێکیان هەر بۆ خۆیان بە

تەنیاش خەسڵەتەکانی کورتە چیرۆکێکیان تێدایە، تاڕادەیەکی زۆر لە کێشی یەک تاکە ڕووداوی دوور و درێژ کەم دەکەنەوە.

**دووەم:** دیارە لەگەڵ بوونی چەندین بەسەرهاتی سەرەکی و ڕووداوی لاوەکی، کاراکتەر و کەسانی سەرەکی و لاوەکیش زۆر دەبن، ئەو دەمەش بوونی یەک پاڵەوانی سەرەکی ئەو ئامادەبییە سەنتراڵەی نامێنێ خوێنەر بێزار بکات.

لە دەربار‌دا دەیان هەڵوێست و ڕووداو و بەسەرهات هەن کە هەموو کەس و کاراکتەری تایبەتمەندی خۆیان دەوێ و هەرگیز ناکرێ و ناشێ هەموو ئەو ڕۆڵانە بە تاکە کەسێک بدرێن، یان هەموو ئەو کەسانە لەدەوری یەک بەسەرهات و یەک کەس کۆبکرێنەوە، یان لە چاو و هەڵوێستی ئەوەوە ببینرێن.

بۆیە هەریەک لەو کەسایەتییانە لە دۆخی گونجاو و بۆ مەبەستی دیاریکراو و بەرێژەی تایبەتی خۆیانەوە دێنە سەر شانۆی گێڕانەوە و هەریەکە و بۆ ماوەیەک کەسایەتییە سەرەکییەکان دەدەنە دواوە هەتا جارێکی دیکە نۆرەیان دێتەوە. بەمەش هەردوو بەسەرهات و هەردوو ڕستە ڕووداوەکان پێکەوە و هاوکات لە پێکهاتە (تەولیف)ێکی هەمەڕەنگدا خۆیان نمایش دەکەن. دەڵێم (پێکهاتە- تەولیف) و ناڵێم (مۆنتاژ) چونکە بەسەرهاتەکان لە (دەربار)دا کارلێکی ڕاستەوخۆیان لەنێواندا دروست نابێت، واتا ئەمیان نابێتە هۆکاری ئەوی دیکەیان، یان دەرئەنجامی، یان وەکی دیکە دەڵێم ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی دروست نەبوون و یەکیان ئەوی دیکەیان بەدووی خۆیدا کێش ناکات، بەڵکو لەیەک کاتدا (هاوکات- تەزامونی) یەکیان لەجێیەک و ئەوی دیکە لە شوێنێکی دیکە و لە کەسێکی دیکە دەقەومێ و تەنیا (لەسەر کاغەزو لەزەینی خوێنەردا) بۆ وێناکردنی وێنەیەکی گشتانی دەچنە سەریەک، بەڵام (مۆنتاژ) ئەو دیمەنە لێکدراوانەیە کە (لەخودی زەینی کاراکتەر، یان لە زەینی چیرۆکێکە، هەر لە کەشی گێڕانەوەی دەقەکەدا بەتەواوەتی تێکەڵی یەکتری دەبن)، نەک تەنیا لە زەینی خوێنەر و هەر لەبەر دراوسێیی وێنە و دیمەنەکان، لە (مۆنتاژ)دا سنووری کات و شوێنیش دەبەزێنرێ، بەڵام لەپێکهاتە (تەولیف)دا هەر دیمەن و وێنەیەک لەکات و شوێنی خۆیدا ڕوودەدات.

لە (مۆنتاژ)دا دەق لەسەر گێڕانەوەی دیمەن بەردەوام دەبێ، با کات و شوێن و تەنانەت کەس و ڕووداویش بگۆڕێن، بەڵام لە (پێکهاتە- تەولیف)دا ڕووداو دەوەستێ، یان ڕادەگیرێ و دیمەنێکی دیکە دەست پێدەکات بەبێ ئەوەی بە زەروورەت پێوەندییەکی سەبەبییەتیان لەنێواندا ببێت، ئیتر هەموو شتێکیش قابیلی گۆڕانە تەنیا (کات- زەمەن) نەبێت، بەڵام (شوێن) بگۆڕێ، وەکو ئەوەی لەنێوان بەشەکانی (دەربار)دا دەبینرێ.

ئەم تەکنیکی پێکهاتەیەش، کاری بەدوادا چوونی چەند ڕووداو و بەسەرهاتی جیاواز و لە چەند شوێنێکی دوور و نزیک بۆ ڕۆماننووس و خوێنەریش ئاسان دەکات و خوێنەری دەقی وا درێژ لە بێزاری و وەرس بوون دەپارێزێ، یان هەر بەڕاستی وای تەشویق دەکات تا کۆتایی دەستبەرداری دەقەکە نەبێ.

ئەو توانای هاتوچۆ و جێگۆڕکێیەش کە ڕۆماننووس و پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە هەیانە و ئەو چێژەش کە خوێنەر لە (دەربار)ی دەبینێ، بەشێکی هی ئەم شوێن و ئەو شوێن کردنی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانە، کە بەکارهێنانی تەکنیکی پێکهاتە- تەولیف بە دەقەکەی بەخشیوە و وای کردووە، کە ڕۆمانەکە لەشوێنێکی داخراودا گیرنەخوات، بەڵکو لە پانتایی تەواوی نیشتمانی پانوپۆڕدا لە دۆڵ و دەربەند و شاخ و شیو و لادێ و گوندەوە، لە شار و شەقامان و پایتەختەوە بۆ چوار هەرێمی دەوروبەر، ئێراق و ئەورووپا: پەل بۆ پاریس و لەندەن و بەغداو.. کەرکووک و سلێمانی و.. بهاوێ. لە ڕاستیدا گۆڕانکاری لە (دەربار)دا هەر لەسەر ئاستی گۆڕانی (شوێن) نەکراوە، بەڵکو هەندێک جار لە یەک ڕووداو و لەیەک بەسەرهاتیشدا گۆڕان بەسەر خودی کەسایەتییەکانیشدا دێت وەک ئەوەی لە بەسەرهاتی یەکەمدا بەسەر ڕووداوی (میهران و ژیلا)دا دێت و گۆڕان دەگاتە سەر هەڵوێست و خودی کەسایەتی (ژیلا)یش دەگرێتەوە. لە بەسەرهاتی دووەمیشدا چەندین گۆڕانکاری لە ئاستی کەسایەتی یەکەمی بەسەرهاتەکەدا دێتە کایەوە، کاتێک کە لە قۆناغێکدا (ئەوکە شامار) بەدەستی ئاوەڵی خاینی (ڕەحمان) دەکوژرێ و ئیتر ڕووناکی دەچێتە سەر ئەوی بکوژ، تا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی شادا ئەویش، (ڕەحمان)یش بەدەستی کوڕی ئەوکە دەکوژرێ و ئیتر (فەرهاد)ی کوڕی ڕەحمان دەبێتە کەسی یەکەمی ئەم ڕستە ڕووداو و بەسەرهاتە، هەروەها سەبری ژنی ڕەحمان و دایکی فەرهادیش لەگەڵ شابازی کەم ئەندامی برایدا دەکوژرێن و لەوێشەوە ئیتر ڕۆشنایی

دەخرێتە سەر کوردەی ژنی فەرهاد و شیرینی خوشکی فەرهاد و هەمایۆنی زاوای، بەڵام ئەو ڕستە ڕووداوەی کە لە یاخی بوونی ئەوکە شامار و کوشتنی (زەینەدین)ەوە سەرچاوە دەگرێ هەمیشە بەردەوام دەبێ و تا کوردە و کوڕە باوک نەناسراوەکەی دەگەنە پاریس و تا فەرهاد و کۆرشیش بەهۆی نامەکانی کوردەوە بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی تاران دەسەلمێت و لە سێدارەیان دەدەن، ئەگەرچی کەسی یەکەمی بەسەرهاتەکەش بە بەردەوام دەگۆڕێن، ئەمەش دیسانەوە خوێنەر لە یەکنەوایی ئەو بەسەرهاتە دوورو درێژە دەپارێزێ، نەک هەر ئەوە بەڵکو پەلەکێشی بەدوادا چوونی ئامانج و ئاکامەکانی ئەو گۆڕانکارییانەش دەکات، کە هەمووی لەدەقەکەدا بەوردی پاساویان بۆ هێنراوەتەوە و لە پێشینەیەک و لە پاشخانێکەوە سەرچاوە دەگرن، کە گومانی کتوپڕیان لێ بەدوور بگرێ.

ئەوکە لەسەر زوڵم و زۆر زەینەدین دەکوژێ، ڕەحمان بە تۆبزی ساواک و بەهەڕەشەی گرتنی خوشک و دایکی و بەرنەدانی باوکی لەزیندان ئەوکە دەکوژێ، ڕەحمان بەخۆشی لە تۆڵەی خوێنی ئەوکەدا دەکوژرێ و فەرهادیش لە سەرقاڵی و لەتۆڵەی باوکی سەرلێشێواودا دووچاری ئەو هەڵوێستانە دەبێ کە تێی کەوتووە و ئیتر ئاوا بۆ ئەوانی دیکەیش.

**سێیەم:** دەربار (٨) بەرگە و (١٦٣) بەشەو رووبەری نزیکەی (١٥٠٠) لاپەڕە دەگرێتەوە و بەدەیان کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی پیرو لاوی نێرومێ و دەوڵەمەند و هەژار و جووتیار و ئەکادیمی و قوتابی و پیاوی دەوڵەت و مرۆڤی ئاگادار و بێ ئاگای شاری و لادێی کورد و فارس و ئازەری شیعی و سوننی و ئەهلی هەق و خەڵکی یاخی و چەپگەر و ڕاستڕەوی هەمەجۆری تێدایە و لەکات و شوێنی جیاجیاوە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی تێدا دەگێڕن، زۆر ڕوونە کە لە حاڵەتی ڕۆمانی قەوارە گەورەی ئاوادا، هەرگیز ناشێ هەموو ئەم دەقە دوور و درێژە لە یەک گۆشەنیگاو لەمیانەی یەک جیهانبینی و لەرێی یەک چیرۆکبێژ و بە تەنیا یەک تەکنیک و بەیەک شێوە و شێوازەوە بگێڕدرێتەوە، بەبێ ئەوەی قوربانی بە بەهایەکی زۆری هونەریی دەقەکە بدرێت و بەبێ ئەوەی خوێنەر وەڕس ببێ.

دڵنیام لە هەستێکی واو لە دیدێکی واوە بووە خوسرەو جاف ڕۆمانی دەرباری دابەشی ئەو (٨) بەرگەو ئەو (١٦٣) بەشە کردووە، کە کردوویەتی. بەم دابەش کردنە خوسرەو جگە لەوەی هەڵی ئەوەی دەسکەوتووە کە هەردوو بەسەرهاتەکە بەشێوەی تەزامونی/ لە یەک کاتدا بگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا چانسی ئەوەشی بەخۆی داوە کە هەر بەشەو بەپێی پێداویستی خۆی بە تەکنیکێک بگێڕێتەوە، کە لەگەڵ دۆخی ڕووداوەکە و سروشتی کەسایەتی و پێداویستی دیکەدا بگونجێ.

بۆ ئەو بەشانەی کە وەسفی سروشت و کەش و دیوی دەرەوەی ڕووداو و کەسایەتییەکانی گەرەکە چیرۆکبێژی ئۆلۆمپی بەکاربردووە، بۆ وێناکردنی دیوی ناوەوەی ڕووداو و کەسایەتییەکانیش چیرۆکبێژی زاتی و تەکنیکە لاوەکییەکانی موناجات و خاتیرە و شەپۆلی هۆش و تەداعی بەکاربردووە.

بۆ دانوستان و بەراوردکاری بیروبۆچوون و هەڵوێستی دووکەس، یان پتری نەگونجاو، یان تەنانەت ناکۆکیش دیمەن و دایالۆگی درامی و هەندێ جاریش چیرۆکبێژی شاهید عەیانی مەوزووعی بەکاربردووە، کە بۆ خۆشی بەشێکە لە ڕووداو، دیارە لە هەندێ بەشیشدا سوودی پتر لە یەکێک لەم تەکنیکانە دیوە.

بەکاربردنی ئەم تەکنیکە سادە و خامانەشە وای کردووە خوێنەر بە بەرچاوڕوونییەوە ڕووداو و دیمەن و کەسایەتییەکان ببینێ و بە ئاسانی دایالۆگەکان و هەڵوێست و بیرکردنەوە و قسەکانیان بناسێتەوە کە بۆ دروست کردنی تەسەورێکی ڕوون لەبارەیانەوە زۆر پێویست و لە هەمان کاتیشدا بۆ لەبەرکردنی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کەسەکان و پێکەوە گرێدانی وردەکارییەکانی ڕۆمانەکەو وێناکردنی تابلۆیەکی گشتانی دەقێک بەم قەوارە گەورەیەی کە ڕۆمانی (دەربار) تێیدا دەژێت.

با ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە دابەش کردنی هەردوو بەسەرهاتەکە بەسەر چەند بەشێکدا هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو لە شێوازی سیناریۆیەک لە دەرباردا دەکرێ، بۆیە کە بەشێک ڕادەگیرێ و بەشێکی دیکە دەست پێدەکات هۆکاری هونەریی خۆی هەیە و لە یەکێک لەم حاڵەتانەدا ئەو پرۆسەی بڕین و دەسپێکردنەوەیە ئەنجام دەدرێ. ئەویش کاتێک کە (کات)، یان (شوێن)، یان (ڕووداو)، یان (کەسایەتی)، یان (بابەت)، یان پتر لە یەکێک لەم ڕەگەزە سەرەکییانەی ڕۆمانەکە دەگۆڕێ، زۆرجاریش هەر لەگەڵ ئەو بڕین و دەست پێکردنەوەیەدا تەکنیکی گێڕانەوەکەش دەگۆڕێ، بەڵام هەموو جارێک و هەر

بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تەکنیکی گێڕانەوەکەش نایەتە گۆڕین، ئەگەر بەشە نوێیەکە بۆ خۆی پێویستی تەکنیکێکی دیکە نەسەپێنێ.

بۆیە هەندێک لە بەشەکان بە وەسف، یان بە موناجات، یان بە خاتیرە، یان بە دیالۆگ، یان بە بەخۆداچوونەوە دەست پێدەکەن و هەندێ جاریش لەگەڵ کۆتایی هاتنی دیمەن، یان تەواوبوونی دیالۆگ، یان ئەگەر بەخوداچوونەوە بێت بە ڕووداوێکی کتوپڕی لابەلا کە پێوەندی بە ڕەوتی بەشەکەوە نییە کۆتایی دێت، وەک ئەوەی لە پڕێکدا کۆترێک، پاسکیلێک، مۆتۆڕ سوارێک لە پڕ دێنە پێش ئۆتۆمبیلی پاڵەوان و زنجیرەی بیرکردنەوەی دەبڕن.

بەشی دیکەش هەن بەدیمەنێکی کۆمیدی چاوەڕوان نەکراو کۆتاییان دێت و بۆ خوێنەر وەک وێستگەیەکی پشوودان وان، بەشیش هەن بەکارەسات تەواو دەبن.

من پێشتریش گوتم ڕۆمانی (دەربار) پێکهاتەیەکی هونەری (تەولیفە)یەکە لە دوو بەسەرهاتی سەرەکی، کە هەر یەکەیانیش بریتییە لە چەند ڕووداوی لاوەکی و بە ڕواڵەت هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانیکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە نییە و کارلێکیان لەسەر یەکتر نییە، چونکە تەیمە و شوێن و کەسایەتییەکانیان و کەش و سروشتی ڕووداوەکانیان و زۆر شتی دیکەیان لەیەکتر جیاوازن، بەڵام دیارە دوو شتی گرنگی هاوبەش دەمێنێ کە پێکەوەیان گرێ دەدات، ئەویش ڕەگەزی (زەمەن)ی هاوبەش و پەیامی هاوبەشی هەردوو بەسەرهاتەکەیە.

وەک دەبینین زەمەن زەمەنی سەردەمی شاو ڕژێمە دیکتاتۆرەکەیەتی، زەمەنی نەبوونی دیموکراتییەت و پشێل کردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی تاک و ئەتنییە جیاجیاکانی گەلانی ئێرانە، زەمەنی بەرەنگاربوونەوەی ئەو زوڵم و زۆر و گەندەڵییەی سەردەمی شایە لەلایەن کەسان و لەلایەن ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەرییەکانەوە و هەر لایەن و کەسەش بە ئایدۆلۆژیاو میکانیزمی تایبەتی خۆیەوە. یاسەمین و فەڵامەرز و هاوڕێکانیان و ڕێکخراوە چەپڕەوەکەیان لە ڕێی حزبێکی بەدیسپلین و بە ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕییەوە کە بڕوای بەخەباتی چەکداری هەیە، لە دژی ڕژێمی شا چالاکی دەکەن. ئەوکە شامار و دەستە یاخییەکەشی لە غیابی تیۆری زانستی و ڕێکخستن و حزبی جەماوەریدا و تەنیا بە پشت بەستن بە چەک و کوشتن و ڕێگری و تێکدان کار لە دژی ڕژێمی شا دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی پێڕەو و بەرنامە و پرۆگرامێکی سیاسییان هەبێت، چونکە گردبوونەوەکەشیان لەسەر بناغەی کۆبوونەوەیە لە دەوری تەنیا تاکەکەسی سەرکردەیەک، ڕژێمی شا بە پیلانێکی سادە ئەو سەرکردەیە، ئەوکە شامار لەنێو دەبات و دەستەکەی تونا دەکات و بگرە لە دژی میللەتیشیان بەکار دەبات، بەتایبەتی ڕەحمان و دواتر فەرهادی کوڕیشی.

ڕێکخراوەکەی کە فەڵامەرز و یاسەمینیش کاری تێدا دەکەن، سەرەتا تاڕادەیەکی بەرچاو کار بۆ لاوازکردن و دواتر بۆ ڕووخانی ڕژێمی شایش دەکەن، بەڵام دیارە ئەمانیش وەک لایەنێکی تاک دید، نەیانتوانیوە نەخشەی هێز و ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە بەدروستی بخوێننەوە، بۆیە هەر ئەوانە لەدوای ڕووخانی شا دەسکەوتەکەیان لێ زەوت دەکەن و ئەمانی ڕێکخراوی خاوەن حزب و تیۆری زانستیش وەکو جەماعەتە یاخییە بێ جەماوەر و بێ حزب و تیۆرەکەی ئەوکە شامار مایە پووچ لێی دەردەچنەوە و بەزەحمەت گیانی خۆیان دەرباز دەکەن و ڕوو لە هەندەران و ئاوارەیی دەکەن، ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردییەکانیش هەر بەهەمان دەرد چوون. لێرەشەوە هەردوو بەسەرهات ئەوەی فەڵامەرز و یاسەمین و ئەوەی ئەوکە شاماریش لە کارو لە ئامانج و دواتر لەسەرنەکەوتنی هەردووکیشیاندا دەبنە دوو ڕووی یەک پارە و ئەو هاوئامانجی و هاوپەیامییە و ئەو شکستییەش کە بەسەر هەردوولادا و لەیەک (زەمەن)دا بەسەریاندا دێت، تابلۆیەکی گشتی ئێرانی سەردەمی شا دەنەخشێنن، کە ئیتر نەتوانین بە ئاسانی بڵێین هەردوو بەسەرهاتی (دەربار) دوو بەسەرهاتی سەربەخۆن، بەڵکو دوو مۆتیڤی یەک تابلۆن کە پێکەوە گوزارە لە داستانێکی نیشتمانیی گەورەی ئێران دەکەن.

من بۆ خۆم ئەزموونێکی خوێندنەوەی دیکەشم لەگەڵ ڕۆمانی (دەربار)دا تاقی کردەوە بۆ ئەوەی لەو دەرئەنجامەی سەرەوە دڵنیا بم.

لەخوێندنەوەی سێیەمی دەقەکەدا هاتم هەموو ئەو بەشانەی ڕۆمانەکەم جیاکردەوە، کە باس لە بەسەرهاتی ئەوکە شامار و ڕەحمان و فەرهاد دەکەن، ئەو بەشانەی بەسەرهاتەکەی یاسەمین و فەڵامەرزیشم بەجیا دانا و ئەوجا هەر بەسەرهاتەیانەم بەجیاو وەکو ئەوەی ئەوی دیکەیان لەدەقی ڕۆمانی (دەربار)دا نەبێ ئاوا هەردوو بەسەرهاتەکەم بەجیا وەکو ئەوەی دوو ڕۆمان، یان دوو چیرۆکی جیاواز بن هەردووکم خوێندنەوە و گەیشتمە

ئەنجامێکی سەیر ئەگەر هەردوو بەسەرهاتەکە، یان هەردوو مۆتیڤەکە لەتابلۆ گشتییەکە دابڕین، ئەو دەمە بەسەرهاتی ئەوکە شامار و دەستەکەیم وەکو چیرۆکی جەماعەتێکی قاچاخ و لە یاسا یاخی و ڕاوڕووتکاری سەر سنوورەکان و لادێ و شوێنە دوورە دەستەکان هاتە پێش چاو، کە دەسەڵات دواتر تێکیان دەشکێنێ.

بەسەرهاتی فەلامەرزو یاسەمینیشم وەکو دوو قوتابی ئاشقە و ماشقەی کەم ئەزموون دیت، کە دەکەونە داوی ڕێکخراوێکی توندوتیژی دۆگماو بۆ تیرۆر و بانک دزین لەژێر پەردەی حزبایەتیدا بەکاریان دەبن.

بە واتایەکی دیکە دەشێ بڵــێم دابڕینی هەردوو بەسەرهاتەکە لە جەستەی ڕۆمانی (دەربار) هەدووکیان لەو ماناو مەبەست و بەها سیاسی و نیشتمانییانە دادەماڵێ، کە پێکەوە خستنەڕووی هەردووکیان لە یەک (زەمــــەن) و بۆ یەک پەیام و لەیەک دەقی زیندوودا پەیدای دەکەن و لە یەک داستانی نیشتمانیدا خۆیان نمایش دەکەن، کە هیچ کام لەو دوو بەسەرهاتانە ناتوانن بە تەنیا بیگەیەنن.

ئەمەش بۆ ئەو سیحر و کاریگەرییە دەگەڕێتەوە کە تەکنیکی شیعری، پێکەوە دانانی وێنە لێکچووەکان، یان تەنانەت دژە وێنەکانیش لە دەقدا دەیانخوڵقێنێ. با ئەوەش بڵــێم کــە هەندێ وردەکــاری لە هەندێ بەشی دەربارداا هەن پێم وایە کــە زیاد لە پێــویست لەســەر ڕووداوێکی لاوەکی وەستاون، کە هەر بۆ خۆیان پێویست نەبوون، وەک: تۆپینی هێســترەکەی ڕۆســتەم زاغی و ڕێوڕەســمی ناشــتنی هێســترەکــەی لە بەشی (٧)ی بەرگی(١)دا و حکایەتەکــانی عــەلە تەیبی دکــتۆری عەشایەری لە بارەی چاککردنی ملی قایمەقامی هەڵەبجە و ئــەوانــی دیکــە لــە بــەشــی (٨)ی بــەرگــی (٢) و دواتریشــدا. هەروەها بەشی (١٢٩)ی بەرگی (٨) و گفتوگۆ کردنی نامەی ماستەرەکەی کوردەخان لەسەر هەجوەکەی نالی و وەڵامەکەی مەستوورەخان بۆ ئەو.

بەشی دیکەش هەن وەک مردنە تراجیکۆمیدییەکەی خــودی ڕۆســتــەم زاغی لە بەشی (٧)ی بەرگی (١)دا بەدەستی شێخ سەفائەدینەوە، کاتێک دەیەوێ (جنۆکە) لە گیانی دەربکات، یان وەک دیمەنی دەستدرێژی کردنە سەر کچێنی ژیلا لەبەشی (٢٦)ی بەرگی (٢)دا، کە جگە لە وردەکاری زۆر، دلڕەقی و توندوتیژییەکی لە ڕادە بەدەربشیــان تێدایە، کە پێم وایە ویژدانی خوێنەر بە تەواوەتی بریندار دەکەن. هەروەها دیمەن و دەسپەڕەکانی

سەبری کە بۆ شەهبازی کوڕە بێ قۆڵ و سەقەتەکەی دەکات، ئەگەرچی زۆریش باس لە وردەکارییەکەی نەکــراوە، بەڵام ئەوەندەی کــە باس کــراوە زۆر هەست ڕووشێنە، هەرچەندە لە دەقەکەشدا وەکو سزایەکی خوایی بۆ کاروکردەوەکانی ڕەحمان دێتە بەرچاو.

-٩-

بەبۆچوونی من یەکێک لە ڕەچەشکێنییە بەرچاو و پڕ لە بوێرییەکانی دیکەی خوسرەو جاف لە (دەربار)دا، مامەڵەکردنێتی لەگەڵ زماندا، زمان هەم لەسەر ئاست فەرهەنگی و هەم لەسەر ئاستی گفتار/ خیتابدا.

لەسەر ئاستی دیالێکت/ شێوەزاردا خوسرەو لە (دەربار)دا هەردوو دیالێکتی سۆرانی و گۆرانی بەکار بردووە.

سۆرانی، کە شێوەزاری موکری و سلێمانی و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستیشی پێدەگوترێ و لەسەردەمی نالی و سالم و کوردییەوە جێی دیالێکتی گۆرانی گرتووەتەوە، کە شێوەزاری کرمانجی باشووریشی پێدەگوترێ و ماوەیەکی دوورو درێژ زمانی ئەدەبی کوردی بووە و مەولەوی و بێسارانی و مەلای جەباری و سەیدی هەورامی و وەلی دێوانە و ڕەنجووری و زۆری دیکە شاکاری شیعری و ئەدەبییان پێ دەنووسی، تا شێوەزاری سلێمانی هاتو و ئەوە پتر لە (١٥٠) ساڵە لەو پایەیەی دەرکردووە، لەوساشەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات شێوەزاری گۆران ئیتر لە ئاستێکدا گیری خواردووە، لە کاتێکدا شێوەزاری سلێمانی لەگەشەکردنێکی بەردەوامدایە و گەیشتووەتە ڕادەی ئەوەی خۆی وەک زمانی یەکگرتووی ئەدەبی بنوێنێ.

مەبەستم لە بوێرییەکەی خوسرەو ئەوەیە کە هاتووە لەدەقێکی ئەدەبی سەرەتای سەدەی (٢١)دا کار لەسەر ئەم دوو شێوەزارە دەکات، کە یەکێکیان لە سەدەی (١٩)دا بەجێ ماوە، تیۆریستەکانی فەرەنسا ڕەنگە مەبەستیان لە کارێکی وا بێت کە دەڵێن ئێمە موغامەرە نانووسین، بەڵکو موغامەرەی نووسین دەکەین.

موغامەرە زمانەوانییەکەی خوسرەو لە (دەربار)دا هەر لەوێ ناوەستێ کە سەدان، بەڵکو هەزاران وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم و پێکهاتەی زمانەوانی زیندوو کردووەتەوە، بەڵکو دەگاتە ڕادەی بووژاندنەوەی شێوەزارێکی لەبیرکراوی کوردی کە بەملیۆنان کورد لە ڕۆژهەڵات و لە باشووری کوردستان قسەی پێدەکەن و

ناخرێتە سەر کاغەز، ملیۆنان کورد لە هەورامان و گۆران و لەک و لوڕ، کە هەندێ ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆشنبیری گەلانی دراوسێ و تەنانەت خودی کوردیش لەبەر هەر هۆیەک بووە، گومان لە کورد بوونیان دەکەن. پەیامی نەتەوەیی خوسرەو جاف لەدەقی (دەربار)دا بانگهێشتێکە بۆ ئاوڕدانەوە و ئاشتکردنەوەی شێوەزارێکی کوردی، کە جگە لەو شوێنانەی سەرەوە هەندێکیان شەبەک و زازاشیان دەخەنەسەر، شێوەزارێک کە بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیری و کەلەپوور و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردی پێ نووسراوە و ئەوە ماوەیەکی دوورودرێژە لەبەر بەرچاو تەنگی ناوچەگەری پشتگوێ خراوە و لە چاپەمەنی و پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردیدا بەکارنابرێ، بەڵام وادیارە لەناو کۆمەڵگەدا هەر لەکار و پێشکەوتندایە.

پشتگوێ خستنی شێوەزارە کوردییەکان هەر ئەوە نییە کە چەند هەزار وشەیەک و چەندین پێکهاتەی زمانەوانی لەدەست دەدەین، بەڵکو لە ڕاستیدا دەگاتە ڕادەی لەدەستدانی بەشێکی گەورەی میللەتەکەمان لەبەر دابڕان و لێک تێنەگەیشتن وەک ئەوەی کە هەندێ دەنگی نەشاز لە ئێزدی و شەبەک و لەک و لوڕ و هەورامانەوە بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن گوایە ئەوانیش نەتەوەی سەربەخۆن و نە فارس و نە کوردیشن.

ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیامی خوسرەو لە (دەربار)دا بەرپەرچدانەوەی ئەو دەنگە گومانلێکراوانەیە و نموونەیەکی بەکردەوەیە بۆ بەیەکتر ئاشناکردنی ئەو شێوەزارە کوردییانەی کە لەبەر نەبوونی قەوارەی سیاسی کوردی و بەهۆی پێکەوە پێش نەکەوتنی ئەو دیالێکتانەوە، خەریکە وردە وردە لە یەکتر دادەبڕێن و لەگەڵ خۆشیاندا دەبنە هۆی لەیەکترازانی گەلەکەشمان و نیشتمانەکەشمان. خوسرەو لە (دەربار)دا بەکردەوە ساغی کردووەتەوە کە کوردێکی گۆران و کوردێکی سلێمانی زۆر بە ئاسانی دەتوانن گفتوگۆ بکەن و لەیەکتریش تێبگەن و دەریخستووە ئەگەر جیاوازییەکیش لە گۆکردنی پیت و وشەکان و داڕشتنی ڕستە و ئیدیۆمەکانی شێوەزارە کوردییەکاندا هەبێت، ئەوە نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکو مایەی بەهێزی و دەوڵەمەندی زمانی کوردییە.

ئەو فەرهەنگەش کە خوسرەو لە دەرەوەی دەقی ڕۆمانەکەیدا نووسیویەتی، ئەویش بۆ خۆی خزمەتێکی دیکەی هەمەلایەنەیە بۆ کەسێک، خوێنەرێک جگە لە چێژی ئەدەبی لە ڕۆمانەکەدا، بە تەنگ سامانی وشە و زمانی کوردییەوە بێت.

ئەمە لەسەر ئاستی زمانی فەرهەنگی و پەیامی سیاسییانەی بەکاربردنی هەردوو شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی باشوور لە (دەربار)دا، بەڵام لەسەر ئاستی گفتار/ خیتابیشدا بەکاربردنی دوو دیالێکتیکەکە، خوسرەو زۆربەی کات بە وردەکارییەکی هونەرییەوە مامەڵە لەگەڵ پێوەندی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە و شێوە و شێوازی قسەکردنیاندا دەکات.

ئەگەر قسە/ گفتار/ خیتاب بەکاربردنی شەخسیی زمان بێت، ئەوە زمانی قسەکردن لە (دەربار)دا زۆر بە ڕوونی گوزارە لە کەسایەتی، ئینتیمای ناوچەیی، ئاینی، ئایینزایی، سیاسی و حزبی، تەمەن و ڕەگەزی نێرو مێی کەسەکان دەکات، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ڕادەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و پیشەییان دەردەخات، حاڵەتی دەروونی کاتی و نەخۆشییە ڕەوانییەکانیان دیاری دەکات.

زمانی ئەوکە زمانی کابرایەکی گۆرانی نەخوێنەواری ئەهلی هەق و یاخییە و لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە گۆرانی دەئاخفێ بە (سەی براکە) و (باوە یادگار)ی پیاوانی پیرۆزی ئەهلی هەق سوێند دەخوات، لەگەڵ ئەندامانی دەستەکەیدا هەر بە گۆرانی قسە دەکات.

ڕەحمانیش هەروەها، تەنانەت لەگەڵ سەبری ژنیشیدا هەر بە گۆرانی قسە دەکات، کە بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانییە و هەر بە سۆرانی قسە دەکات. هەتا لەبەرگی چوارەمدا ئەوکە شامار دەکوژرێ شێوەی گۆران لەدەقی دەرباردا باوە، بەڵام کە ئەوکەش دەکوژرێ، ئیتر ڕەحمانیش هەموو کاتێک هەر بەگۆرانی نادوێ، بەڵکو لەنێو منداڵەکانیدا و تەنانەت لەنێو هاونشینە کرماشانییەکانیشدا کە هەموویان گۆرانن، ناوبەناو بەسۆرانی دەدوێ. فەرهادی کوڕی ڕەحمان و کۆرشی دۆستی کە ئەوانیش هەردووک گۆرانن و کرماشانین ئەوانیش هەندێک جار بۆ قسەی پەنامەکی نەبێ لەبەرچاوی کوردەخاندا، بە گۆرانی قسە ناکەن.

لە (دەربار)دا دیالۆگ بە گوێرەی کەسەکان گۆرانی، یان سۆرانییە، یان تێکەڵە، بەڵام گێڕانەوە هەمیشە بەسۆرانی/ سلێمانییە.

وشەو ڕستەو شێوە و شێوازی قسەکردنی فەلامەرز و یاسەمین و لەیلاخانم شێوە و شێوازی ئاشقانە و ئەدەبی و ناسک و ئەرستوکراتیانەیە، بەپێچەوانەی وشەو

دەستەواژە و شێوە و شێوازی قسەکردنی ئەوکە شامار و دەستەکەی و خەڵکی گوندەکانی سەرسنوور کە جووتیاری و لادێیانەیە. ناو و نازناوی کەسەکان: نەقشی، تیغی، جوجە، مووشی و... گوزارە لە کەسایەتی خاوەنەکانیان دەکات، هەروەها شێوەی قسەکردنیان، غولام نەقشی پیتی (ڕ) دەکا بە (ڵ)، ئیسی مووشی سەرزمان دەگرێ،/ زمانی تەتەڵە دەکات.

پیاوانی ساواک، پیاوانی ئیتیلاعات زمانیان پیس و جنێوفرۆشن، هەروەها ژنانی داوێن پیس سودابە و ژیلاش پاش ئەوەی بە تەواوەتی دەڕووخێت، ئیتر هەرکەسە و بەپێی ڕادەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خۆی لە (دەربار)دا بەزمانی کوردی (سۆرانی، یان گۆرانی) قسە دەکەن، بەڵام دیارە بەتایبەتمەندی کەسایەتی و پیشەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆیانەوە. ئەمە لەسەر ئاستی دیالۆگ و گفتار/ خیتابی کەسەکان، بەڵام لەسەر ئاستی وەسف و گێڕانەوەدا زمانی (دەربار) زمانێکی پاراوی ئەدەبی بەرز و باڵایە و پڕە لە خوازە و لێکچوواندن و خواستنی نوێی پڕ دەلالەتی ڕۆشنبیری و فەلسەفی و ئەفسانەیی، هەندێکیان لە داهێنانی ڕۆماننووسن، هەندێکیشیان لە کەلەپووری نەتەوایەتی کوردی و ئێرانی و جیهانییەوە وەرگیراون و زۆرجارانیش بەشیعری شاعیرانی کورد و فارس ڕازێنراوەتەوە، هەندێ جاریش بەگۆرانی و هۆرەی کوردی و گۆرانی نوێی فارسی.

بەم شێوەیەش بە دڵنیاییەوە دەشێم بڵێم لە ڕۆمانی (دەربار)دا زمان هەم وەسیلەیە، هەم ئامانج، وەسیلەیە بۆ دەربڕین و گوزارە لە کەس و ڕووداوەکان و گێڕانەوە، ئامانجیشە بۆ زیندووکردنەوەی زمانێک کە لە غیابی قەوارەی سیاسی و لەبەردەم شاڵاوی قەڵاچۆکردنماندا، گەلی کورد و نیشتمانەکەی دەپارێزێ و بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە. ئەمەش ئەرکێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە کە سروشتی ژیان و ژیاری و مانەوە و بەردەوامی گەلی کورد دەیسەپێنێ، نەک ئەدەب و هونەری ڕۆمان، کە وەک پێشتریش گوتوومە هونەرێکی فرە ئەرکە، ئەرکگەلێک کە زۆریان بارودۆخی مێژوویی و بابەتیانە دەیانسەپێنن، ئەگەرچی زۆر لە ڕەخنەگران و تیۆرییەکانی ڕەخنەی نوێ قایل نابن کاری هونەری لەچوارچێوەی مێژووی بەرهەمهێنانیدا بخوێننەوە.

## -١٠-

### ١٠-١: کات/زەمن

لە (دەربار)دا کات دوو کاتی هاوشانن: کاتی فیزیکی ڕاستەقینەی مێژوویی و کاتی گێڕانەوە.

کاتە فیزیکییەکە نزیکەی چارەکە سەدەیەکی بردووە، لە ڕاگەیاندنی (شۆڕشی سپی شا)وە دەست پێدەکات، کە هەوڵێکی چاکسازی زەویوزاری کشتوکاڵی مێژووداری ڕاستەقینەیە و تا ڕووخانی شاو جێگیربوونی ڕژێمی ئیسلامی و شەڕی نێوان ئێراق و ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو درێژە دەکێشێ.

لە ڕۆمانەکەدا ئەم (کات)ە ڕاستەوخۆ مەبەست نییە، بەڵکو وەکو چوارچێوەیەک بۆ دیاری کردنی سنووری پێشکەوتنی زەمەنی فیزیکی بەسەرهاتەکان وەکو (ئاماژە) بەکاردەبرێ و وەدەردەکەوێ: ڕاگەیاندنی شۆڕشی سپی لە ئێران، تیرۆرکردنی هەندێ کەسایەتی دەوڵەت، گۆڕانی وەزارەت و... هەندێ ڕووداوی ڕاستەقینە کە لەمێژووی ئێراندا بوونی هەیە. هەروەها هەندێ ئاماژەی دیکە کە بۆ هەندێ ڕووداوی ڕاستەقینەی ناو عیراق لە دەقەکەدا هاتوون وەک: ڕژێمی قاسم، شۆڕشی ئەیلول، وێنەی هەڵواسراوی ئەحمەد حەسەن بەکر، هاتنی ناوی سەدامی دیکتاتۆر و شەڕی عیراق-ئێران و ڕووداوەکانی کە هەموو لەمێژوودا بوونی ڕاستەقینەیان هەیە.

وەک گوتم لەپاڵ زەمەنە فیزیکییەکەدا (کات)ێکی دیکەش هەیە کە کاتی گێڕانەوەیە. لە زەمەنی گێڕانەوەکەدا ڕووداو دەخوڵقێ.. تەشەنە دەکات.. چارەسەر دەبێ. ئەوەی منداڵە گەورە دەبێ، ئەوەی گەورەیە پیر دەبێ، ئەوەی پیرە دەمرێ و ئیتر ئاوا... تاد.

ئەم زەمەنە هەر لە دەقەکەدا بوونی هەیە، بەڵام دیارە نە پێویستە و نە بە کردەوەش دەکرێ ئەم زەمەنە دوورو درێژە هەمووی پێکەوە، یان ئەگەر بە زنجیرەش بووە هەموو بخرێتە سەر کاغەز و گێڕانەوەکە، بۆیە لە (دەربار)دا جاری وا هەیە بۆ وەسف، بۆ بەخۆداچوونەوە، بۆ بیرهێنانەوە (کات) ڕادەوەستێ، یان بۆ کورت کردنەوەی زەمەن گێڕانەوە شێوەی ڕاپۆرت وەردەگرێ، لە دیمەنی زیندووی ئایینیشدا کاتی فیزیکی ڕووداوەکە و گێڕانەوەکەی یەکسان دەبنەوە، هەندێ جاریش (کات) شتێکی گرنگی تێدا ڕوونادات بۆیە تێدەپەڕێنرێ.

درێژترین (کات)یش کە تێدەپەڕێنرێ لە (دەربار)دا

لەبەرگی سێیەمدا لەنێوان هەردوو بەشی (٣١) و (٣٢)دا ڕوودەدات، کاتێک لەلاپەڕەیەکی سەربەخۆدا (لاپەڕە ١٢٥)دا تێبینییەک نووسراوە کە ئەمەیە (چەند ساڵێک دواتر)، ئەویش دیارە پاش دامەزراندنی بناغەی زۆربەی سەرەتاکان و وێناکردنی زۆربەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە دێت.

لێرەشەوە خوێنەر پێی وایە، یان ڕاستتری بێژم خوێنەر وا چاوەڕوانە لەگەڵ دەسپێکردنەوەی بەشەکانی دیکەدا بەشێکی زۆر و بنەڕەتی لە ڕووداو و کەس و هەڵوێستەکان بەهۆی تێپەڕبوونی ئەو (چەند ساڵەوە) گۆڕانی بەرچاویان بەسەردا هاتبێ، بەڵام کە بەشی (٣٢) و بەشەکانی دواتر دەخوێنینەوە دەبینین ڕووداوەکان لەسەر هەمان زنجیرە کات و بە هەمان ڕەزمی بەشەکانی پێش تێبینی (چەند ساڵێک دواتر) دەڕوا و بەشێوەیەکی وا دەڕوات کە هەموو شتێک بە ڕەوتی سروشتیی خۆیدا پەرە دەستێنێ بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ بڕینێکی (کات) و دووبارە گرێدانەوەی بکرێ.

من بۆ تەئکید کردنەوەی ئەم هەستەم تەنیا چەند نموونەیەک دێنمەوە، ڕەنگە هی دیکەش هەبن: لەلاپەڕەکانی (١٧٥ و ١٧٦)ی بەشی (١٢)ی بەرگی (١)دا داوا لە فەلامەرزی قوتابی (دوا) ساڵی کۆلێژی ئەندازیاری بیناسازی و هاوکاریانی لەنووسینگەی ئەندازیار کامەران دەکرێ کە نەخشەی کۆشکی وەلی عەهد دابڕێژن.

لەلاپەڕە (١٨)ی بەشی (٢٦)ی بەرگی (٣)دا کامەرانی ئەندازیار بە فەلامەرز دەڵێ: پرۆژەکەمان ئەگەر بەساڵ و نیوێک تەواو کەین شاکارمان کردووە. هەر لە لاپەڕە (٢٦)ی هەمان بەش و بەرگدا ئەندازیار کامەران بە فەلامەرز و لەیلا خانم دەڵێ ئەگەر: شەقولقەمەریش بکەین ئەم پرۆژەیە (پرۆژەی کۆشکی وەلی عەهد) هەر ساڵێک دەخایەنێت، واتا ئەگەر موستەحیلیش بکرێ پرۆژەکە هەر ساڵێک تا ساڵونیوێک دەبات بۆ تەواو کردنی کۆشکی وەلی عەهد.

کەچی هەتا کۆتایی بەشی (٣١)ی بەرگی (٣) بۆ خۆی نزیکەی (٢) ساڵ دەبات و پرۆژەکە هەر تەواو نابێ، لەدوای ئەو بەشەش تێبینی (چەند ساڵێک دواتر)ی لاپەڕە ١٢٥ی بەرگی (٣) دەخوێنینەوە و لەبەشی (٣٢)دا دەچینەوە سەر ڕووداوەکە و گێڕانەوەکە دەست پێدەکاتەوە، دەبینین لە بەشی (٣٩) و لە بەرگی (٤) و لە لاپەڕەی (٩٢)دا لەیلا بە فەلامەرز دەڵێ: دوێنێ شابانۆ لە قۆناغی کۆشکی (وەلی عەهد)ی دەپرسی. لەلاپەڕە (١٣٧)ی بەشی (٤٤)ی بەرگی (٤)دا دیسان گوتراوە سەرئەنجام بڕیار درا کۆشکی وەلی عەهد مودێرنکاری تێدا بکرێ.

تا لە (ل- ١٦٠)ی بەشی (٤٦)ی بەرگی (٤)دا گوتراوە: کاری ساختمانسازی کۆشکی وەلی عەهد تەواو ببوو.

واتا نەک (ساڵ و ساڵ و نیو) بەڵکو تەواوکردنی کۆشکەکە لە سنووری (چەند ساڵ دواتر)یش دەپەڕێتەوە، باوەڕیش ناکەم پرۆژەی کۆشکی وەلی عەهدیش شتێک بێت ئەندازیار، یان بەڵێندەر بتوانن گەمە بەکاتی تەواو کردنەکەی بکەن، بەتایبەتیش کە لە دەقەکەدا هیچ ئاماژەیەک بەو دواکەوتنە نەکراوە، ئەگەر ئەوەشمان زانی کە کاری (بیناسازی) ئەوەندەی پێچووە و هێشتا کاری دیکراسیۆنیشی دەمێنێ کە لەدەقەکەدا ئەویش هەر لەسەر ئەندازیار فەلامەرز و لەماوەی ئەو (ساڵ تا ساڵ و نیو)ەیە کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

کە ڕۆمانەکە دەست پێدەکات فەلامەرز قوتابی دوا پۆلی کۆلێژی بیناسازی زانکۆیە، کە دەست بەکاروباری بیناکردنی کۆشکی وەلی عەهد دەکرێ فەلامەرز دەڵێ (٦ مانگم ماوە) کۆلێژ تەواو بکەم، کەچی لە پاش تێبینی چەند ساڵ (دواتر)یش لە (ل ١٢)ی بەشی (٣٣)ی بەرگی (٤)دا ئەوسا فەلامەرز بە ژیلا دەڵێ: کۆلێژمان تەواو کردووە و ئەمە دوو- سێ مانگە موهەندسی موهەندسین. واتا پاش تێپەڕبوونی (٢ساڵ+ چەند ساڵ دواتر) ئەوجا کۆلێژ تەواو دەکەن (خۆی و یاسەمین) لەکاتێکدا کە ڕۆمانەکە دەست پێدەکات ئەوان قوتابی دوا پۆلی کۆلێژن و لە دەقەکەشدا ئاماژەیەک نییە بۆ (دەرنەچوونیان). لە ڕاستیدا ئەم تێبینی (چەند ساڵ دواتر)ەی کە لە (ل ١٢٥)ی بەرگی (٣)ی دەربارەدا گوتراوە، هەر زەمەنی گێڕانەوە و زەمەنی ناوخۆیی ڕۆمانەکە ناشێوێنێ بە تەنیا، بەڵکو زەمەنی فیزیکی و مێژووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی دەرەوەش لە گرێژەنە دەبات ئەگەر لەگەڵ هەردوو بەسەرهاتە تەولیف کراوەکەی ناو دەقەکەدا بەراورد بکرێ.

هەروەها ڕەحمان لە پرۆسەی کوشتنی سەروان عەزیزیدا بۆ دووەمین جار لە بەشی (٣١)ی بەرگی (٣)دا بریندار دەبێ، کەچی پاش تێپەڕبوونی (چەند ساڵ دواتر) لەبەشی (٣٤)ی بەرگی (٤)دا هێشتا برینەکەی چاک نەبووەتەوە.

هەر لە بەشی (٣١)ی بەرگی (٣)یەمیشدایە و لە هەمان شەڕدا (مەجید باوەجانی) دەکوژرێ، کەچی لەبەشی (٣٤)ی بەرگی (٤)دا، واتا پاش (چەند ساڵێک دواتر) کەسوکارەکەی دێنە سۆراخییەوە، ئەمەش ئەقڵ نایگرێ، بەتایبەتیش لە کوردەواریدا.

دیارە نموونەش زۆرن، بەڵام من لەسەر هەمووویان ناوەستم، چونکە پێم وایە تەنیا بەلابردنی ئەو تێبینییەی لاپەڕە (١٢٥)ی بەرگی (٣)دا هاتووە و دەڵێ (چەند ساڵ دواتر)، ئیتر زۆربەی شتەکان دەچنەوە جێی زەمەنی خۆیان و ئەو ناجۆرییانەش بەو زەقییە نامێنن سەرنجی خوێنەر بۆ بەراورد و ساغ کردنەوە ڕاکێشن و لە بەدواداچوونی خوێندنەوەی دەقەکەی ڕابگرن، بۆیە پێشنیارم وایە ڕۆماننووس لە چاپەکانی داهاتوودا ئەو تێبینییە لاببات ئەگەر هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە لەلای من دروست بووە.

١٠-٢: هەڵەی چاپ و دەرهێنان

لە (دەربار)دا هەڵەی چاپ زۆرن، بەتایبەتیش لەو جێیانەیدا کە بە دیالێکتی گۆران-ی نووسراون، هەڵەکان هەندێکیان دیارن و خوێنەر دەتوانێ بە خۆی ڕاستیان بکاتەوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان، دیسانەوە لە شێوەزارە گۆران-یەکەیدا، بە کەم خوێنەر ڕاست دەکرێنەوە و بەتایبەتیش ئەوانەیان کە لە دەقەکەشەوە بەهەڵەیی پەڕیونەتە فەرهەنگی پاشکۆی بەرگەکان و لە چاپەکانی داهاتوودا ئەگەرچاک نەکرێنەوە ڕەنگە ببنە هۆی شێواندنی شێوەزارەکە.

لە لاپەڕە ١٢٣ بەشی (٧٧)ی بەرگی (٦)یشدا پەرەگرافێک دووجار لەسەر یەک چاپ و دووبارە کراوەتەوە و بەسەر هەڵەچنەکاندا تێپەڕیوە. لە بەرگی (٧)مدا، کەبەشی (٩٧) تەواو دەبێ، لەجیاتی بەشی (٩٨) یەکسەر بەشی (١٠٠) لەلاپەڕە٥٠دا دێت، دوای ئەویش بەشی (٩٩) دێت، ئەوجا بەشی (٩٨)، دوای ئەمیش ئەوجا بەشی (١٠١) کە هەواڵی (ڕۆیشتنی شا)ی تێدا تۆمارکراوە و کورتترین بەشی ڕۆمانەکەیە کە هەر ٤-٥ دێڕە، لێرەشەوە ئەوجا زنجیرەی بەشەکان ڕاست دەبێتەوە، بەڵام دیارە لەم پاشوپێشکردنەدا زۆر شتی دیکەش لە ڕووداو و هەڵوێست پاشوپێشدەکرێن، ئەگەر خوێنەر بەو پاشوپێشکردنە نەزانێ، کە لە کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، دیارە لە زۆر شتی دیکەشدا بە هەڵەدا دەچێت.

لەکۆتایی (ل٩١)ی بەشی (٣٩)ی بەرگی (٤)دا و بەبێ هیچ پێشەکییەک یەکسەر دایالۆگی نێوان ئەوکە شامار و ڕەحمان دەپچڕێ و دایالۆگێکی نێوان فەلامەرز و لەیلاخانم (بەبێ ئەوەی ناویان ببرێ) دێتە پێشەوە و ئیتر هەم بابەتەکە، هەم کەسەکانی دیالۆگەکە، هەم شوێنی ڕووداوەکە، هەم شێوەزاری قسەکردنەکە لە گۆران-ییەوە دەبێتە سۆرانی، هەم زەمەنەکەش و هەموو شتێک بەکتوپڕی دەگۆڕێ- من خۆم بۆم ساغ نەکرایەوە ئەم دوو لاپەڕە دایالۆگەی لەیلا و فەلامەرز لە چ بەشێکەوە پەڕیوەتە کۆتایی (٣٩)ی بەرگی (٤) و نەشمزانی پاشماوەی دایالۆگەکەی ئەوکە شامار و ڕەحمان چی بووە و چۆن بەکۆتایی سروشتی خۆی دەگات.

١٠-٣: غەفڵەت

دەربار، ڕۆمانێکی بەقەوارە گەورەیە، بەدەیان کاراکتەر و چەندین خێزان و کەسایەتی لاوەکی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، ماوەکەی دووردرێژە، ڕووبەری ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی پان و بەرینە، هەموو وڵات دەگرێتەوە، دەیان گوند و شارۆچکە و شار و چەندین پایتەخت و ناوی بەدەیان شەقام و نایت کلاب و گازینۆ و چێشتخانەی ئێران و عیراق و فەرەنسا و ئینگلستان. ڕۆمانی ئاوا دەبێت سەرجەلەی خێزان و کەسایەتییەکان و نەخشەی کات و شوێنی ڕووداوەکانی لە پێشدا تۆمار بکرێن، لەخێزانەکاندا دەبێ ناو، تەمەن، کار، پیشە، ئارەزوو، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسەکان لەسەر نەخشەیەک بنووسرێن و ڕۆماننووس لەکاتی ناوهێنانیان بچێتەوە سەر ئەو سەرجەلانە، نەبادا هەڵەیەک ڕووبدات.

خوسرەو جاف لەکۆتایی بەرگی هەشتەم، واتا لەکۆتایی (دەربار)دا دەڵێ: (ئەمەشەو بەرەبەیانی ٢٠٠٥/١٢/١٥ دوای پێنج ساڵ ژیان لەگەڵ قارەمانەکانی ئەم ڕۆمانەدا ژیانێکی تێکەڵاوی شەو و ڕۆژی وا بەرەو لەیەک دابڕان دەڕۆین...)

بەڵام لەگەڵ ئەم (ژیانە تێکەڵاوی)ەشدا کە خوسرەو لەگەڵ کەسایەتییەکانی (دەربار)دا هەیبووە، بە داخەوە هێشتاش هەندێ حاڵەتی (غەفڵەت) لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەون کە من هەندێکیان لێرەدا تۆمار دەکەم، شایەد هی دیکەش هەبن، هیوادارم لەچاپەکانی داهاتوودا هەڵەچنی شارەزا ڕاستیان بکاتەوە، بەڵام دیارە لە پێشدا دەبێ ڕۆماننووس قەناعەت بەم قسانەی من بێنێ:

١٠-٣-١: لە (ل٥ی بەشی یەکی بەرگی یەکەمدا)

گوتراوە: سەی سەلمان بیزانیایە ئەمیر ئینتیزام... گەڕاوەتەوە کرند.. خۆی دەگەیاندە کرند.. یەک دوو ڕۆژێک بەلای ئەمیرەوە دەمایەوە تەموورەی بۆ فیردەوس خانمی ئەمیر لێدەدا..

بەڵام لە (ل ٦٨)ی بەشی (٦)ی بەرگی(١) بەدواوە دەردەکەوێ دەوڵەت خانمی کچی ئەمیر حسێن خانی گۆران ژنی ئەمیر ئینتیزامە نەک فردەوس خانم. لە (ل٧٢)ی بەشی (٦)ی بەرگی (١)یش بەدواوە دەردەکەوێ کە (فردەوس خانم) ژنی ئەمیر ئەقدەمی کولیایی و دایکی ئەسفەندیاری مێردی ئالەمتاجی خوشکی فەلامەرز و کچی ئەمیر ئینتیزام و دەوڵەت خانمی ژنێتی.

١٠-٣-٢: لە (ل١١)ی بەشی (١)ی بەرگی(١)دا باس لە سەید مەجیدی برای سەید سەڵمان و مستەفای کوڕی سەید مەجید کراوە کە ئەویش تەموورە ژەنە.

کەچی لە (ل٢٨)ی بەشی (٥٢)ی بەرگی (٥)دا ناوی ئەم مستەفای کوڕی سەید مەجیدە بووە بە (حیشمەت) و دوای ئەوەش هەر بە حیشمەت دەمێنێتەوە (بڕوانە بەشەکانی ٥٦ و ٥٩)، کەچی لە (١٠٠)ی بەشی (٧٥)ی (٦)دا جارێکی دیکە ناوی حیشمەت دەبێتەوە بە (مستەفا) و ئیتر لە دەقەکەدا ناوی نایەتەوە.

١٠-٣-٣: لە (لاپەڕە ١١)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا گوتراوە سەید مەجید برا بچووکی سەید سەڵمانە.

کەچی لە (ل١٣٤)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا دادوەر کە حوکم بەسەر سەید مەجید و ڕەحمانی کوڕیدا دەدات، دەڵێ: (ئەم دادگایە گەیشتە ئەو باوەڕە سەی سەڵمانی کوڕی سەی مەجید هانی ڕێگر و پیاوکوژی.. داوە.. لەبەر ئەو تاوانە دادگا بڕیاری پانزە ساڵ بەندی بۆ سەید سەڵمان بڕییەوە و حەوت ساڵیش بۆ ڕەحمانی کوڕی...) واتا سەی سەڵمان لێرەدا کوڕی سەی مەجیدە، پێشتریش گوتراوە سەی مەجید برای بچووکی سەی سەڵمانە، بۆیە ئەقڵ نایگرێ سەی سەڵمان باوک و براکەشی هەر ناویان سەی مەجید بێت و سەید مەجیدیش هەر کوڕی سەی مەجید بێت، تەنیا لەیەک حاڵەتدا نەبێت لە کوردەواریدا کە منداڵی (پاشمەرگە)، واتا ئەو منداڵەی کە لە سکی دایکی دایە و کە پاش مردنی باوکی لە دایک دەبێ، ناوی باوکی لێ دەنرێ، بەتایبەتیش ئەگەر باوکەکە بەکوشت چووبێ، یان جوانە مەرگ بووبێ.

هەر لەم پەرەگرافەی پێشوودا دادوەر دەڵێ ڕەحمان بە (٧) ساڵ حوکم دراوە، ڕەحمان بۆ خۆشی لە (ل١٣٦دا) تەئکید لەو (٧) ساڵە دەکاتەوە، کەچی بەرپرسەکەی ساواک (ڕەبانی) دەڵێ (دە ساڵێکیان بۆ بڕیویتەوە) بەشی (٩)ی بەرگی (١) لاپەڕە (١٣٨) هەر لە هەمان بەش و بەرگ و لاپەڕەیەدا ڕەحمان بۆ خۆشی دەڵێ: (من وا دە ساڵیان بۆ بڕیومەتەوە) لەکاتێکدا دادوەر لە نوتقی حوکمەکەدا دەڵێ (٧)ساڵ.

١٠-٣-٤: لە (ل-١٢)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا کوێخای گوندی کانی توو ناوی (کوێخا ئەڵماس)ە، کەچی لە (ل-١٤٥)ی بەشی (٤٥)ی بەرگی (٤) بەدواوە بەبێ هیچ پێشینەیەک دەبێتە (کوێخا ڕەمەزان).

١٠-٣-٥: لە (ل-١٦)ی بەشی (١)ی بەرگی (١)دا فەلامەرز دەڵێ قوتابی دوا ساڵی (کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانم) لە ل ٢٣ی هەمان بەش و بەرگدا جارێکی دیکە تەئکید لەمە کراوەتەوە، کەچی لەوەو بەدوا دەڵێ (کۆلێژی ساختمانسازی- هەندەسەی میعماری) ئیتر نازانم لە ئێراندا کۆلێژی هونەرە جوانەکان، کۆلێژی ساختمانسازیشی پێ بگوترێ، دەنا ناوی کۆلێژەکان جیاوازییان هەیە.

١٠-٣-٦: لە (ل-١٥٣)ی بەشی (١٠)ی بەرگی (١)دا، ئاماژە بە قوماربازی و خانمبازی و پێوەندییەکانی ئەسفەندیار کراوە، دەڵێ (ئەو ئاماژانە ئەمیر ئەمجەدی باوکی ئاڵۆز و ئاشوفتە کردبوو..) بەڵام لە هەموو بەشەکانی دیکەدا (ئەمیر ئەقدەم) باوکی ئەسفەندیارە نەک (ئەمیر ئەمجەد).

١٠-٣-٧: لە (ل٩٥) و (ل٩٧)ی بەشی (١٩)ی بەرگی (٢)دا دووجاران ناوی (میهرداد) لە جیاتی (میهران)دا هاتووە.

میهران تێکۆشەرە و دڵدار و خۆشەویستی ژیلایە، میهردادیش پیاوی ساواک و موغتەسیبی ژیلایە، ئەوجا تەسەوری بکە ئاڵوگۆڕکردنی ئەم دوو ناوە چ سەرگێژکییەک بۆ خوێنەر دروست دەکات.

١٠-٣-٨: لە (ل-١٤٧)ی بەشی (٢٣)ی بەرگی (٢)دا لەجیاتی ئەوەی بوترێ (فەقێ ڕەشید) گوتراوە (کوێخا ڕەشید).

١٠-٣-٩: مارفی کوڕی کوێخا زەمان لە بەشی (٣٤)ی بەرگی (٤)دا دەکوژرێ، بەڵام لە (ل ٢٠)دا لە بری (مارفی کوڕی کوێخا زەمان) نووسراوە (مارفی

کوڕی کوێخا ڕەسووڵ).
١٠-٣-١٠: ڕەحمان بەر لەوەی بڕوا بۆ لای ئەوکە شامار بە ١٠-١٢ کاتژمێر ئەو (٥٠٠٠) تومەنەی کە ساواک دەیدەنێ لە شوێنێکی دەوروبەری گوندەکەیان دەشێرێتەوە، کە پاشان ئەوکە دەکوژێ و دێتەوە لە (ل١٨ و ل١٩)ی بەشی (٥٠)ی بەرگی (٥)دا جارێک دەڵێ: ٣-٤ ساڵە دایکم نەدیوە، واتا سێ و چوار ساڵە گوندی کانی تووی بەجێ هێشتووە.
کاتێکیش پارە شاراوەکەی لەکونە کۆتر لەبن خاک دەدرێنێتەوە دەڵێ: (٤) ساڵ لەمەوبەر ئەمەم پێ سپاردبوو (واتا بە زەوییەکە) ئەوسا وەک خۆی دامەوە.
بەڵام کە باس لە کوشتنی ئەوکە شامار دەکا بە سەروان جەباری دەڵێ: (٥ ساڵە ئازگارە مونتەزر تا ئەی کارە کردم، واتا تا ئەوکەم کوشت. (بڕوانە ل١٥١ی بەشی (٤٥)ی بەرگی (٤))).
١٠-٣-١١: لە بەشی (٦٠)ی بەرگی (٥)دا و لە (ل٩٩)دا دکتۆر مینائی دڵشاد بەهاوەڵانی (یاسەمین، سیرۆس، فەرزین) دەناسێنێ و دەڵێ ئەمیش: ئاغای دڵشاد.. خەڵکی شاری سلێمانییە.
بەڵام دواتر کە دڵشاد لەلایەن موخابەراتی ئێراقەوە دەسگیر دەکرێ دڵشاد دەڵێ: ناوم دڵشادە و خەڵکی شاری کەرکووکم و ئێستاش نیشتەجێی شاری بەغدام. (بڕوانە ل١٥ی بەشی (٦٦)ی بەرگی (٦))، هەر لە هەمان بەش و بەرگیشدا کە ناوی کەسانی ناو وێنەی سەیرانەکەی سەلمان پاک دیاری دەکرێ، ناوی بابەک و ئەفشین لە جیاتی ناوی سیرۆس و فەرزین دێت، واتا ناوەکان دەگۆڕێن. لێرەشەوە ئیتر ئەفشین ناو لە دەقەکەدا دەبێتە (٢) کەس و بابەک ناویش دەبێتە (٣) کەس کە یەکێکیان ئەمەیە، ئەوی دیکەیان برادەری فەرهادە، ئەوی سێیەمیش یەکێکی دیکەیە شیرین نامەیەکی بۆ دەنووسێ، هەروەها موجتەبا ناو و ئینتیزام ناویش دەبنە دوو دوو.. ئەمەش لە دەقێکدا قەدەغە نییە، بەڵام جوانیش نییە ئەگەر مەبەستێکی تێدا نەدرابێتە چاو، وەک ئەمانەی ناویان لە (دەربار)دا بەبێ هۆیەکی هونەری دووبارە دەبنەوە، بەتایبەتیش (ئەمیر ئینتیزام) کە خوێنەر بە باوکی فەلامەرزی دەزانێ تا لە لاپەڕە ١٦ی بەشی (٤٦)ی بەرگی (٤)دا دەمرێ، کەچی دواتر لە بەشی (٩١)ی بەرگی (٧)دا دووجار: جارێک لە (ل٦٢)دا ناوی (ئاغای ئینتیزام) و جارێک لە (ل٨١)دا ناوی (ئەمیر ئینتیزام) لەنێو دەربارییانی شادا دێت کاتێک کە شا بەنیازە ئێران بەجێ بهێڵێ، لە هەردوو جاریشدا مەبەست لە ئاغای موهەندیس فەلامەرزی ئەمیر ئینتیزام، یان باوکی، ئەمیر ئینتیزامی کرند نییە کە وەک گوتم پێشتر مردووە، بەڕاستی نازانم ئەم ناوە بۆ ئاوا کتوپڕ لەنێو دەربارییاندا دووبارە دەبێتەوە.
١٠-٣-١٢: لەبەشی (٧٥)ی بەرگی (٦)وە دەزانین شیرینی ڕەحمان و هەمایۆن خەریکی دڵداری و کاری سیاسین.
لە بەشی (٧٥)ی بەرگی (٦)دا شیرین نامەیەکی دڵداری بۆ (هەمایۆن) دەنووسێ، لە بەشی (٨٣)دا نامەیەکی دیکەی دڵداری دەنووسێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بۆ (ڕامین)، هەر لەهەمان بەرگدا، بەڵام لە بەشی (٨٩)دا نامەیەکی دیکەی لەو بابەتەی نووسیوە، بەڵام ئەم جارەیان بۆ (بابەک)، کەچی لە بەشی (٩١)ی بەرگی (٧)دا هەم دووبارە نامەیەکی دڵداری بۆ (هەمایۆن) دەنووسێتەوە و دواتر شووشی پێ دەکات. لەدەقی ڕۆمانەکەشدا نەگوتراوە ئەم ناوانە هەر یەک کەسن، یان شیرینێک کە بەوپەڕی ئازادییەوە کاری سیاسی و دڵدارییەکی ئاشکراو لەبەرچاوی کەسوکاری دەکا، بۆ ئەم (کەسانە)، یان هەر هیچ نەبێ ئەم ناوانە بۆ هێندە جارە (٣ جار) دەگۆڕێ، بۆیە بەناچاری وەک بێ دیقەتی تەماشای دەکەم.
١٠-٣-١٣: لەبەشی (٧٨)ی بەرگی (٦)دا جارێک ناوی (ئیسی مووشی) لەلاپەڕە (١٣١)دا لەجیاتی (مەمەدی) هاتووە لەکاتێدا دەبوایە ئیسی بەندی بێت لە زینداندا و ئەوەش کە مەمەدی لەگەڵ فەرهاددا دەیکرد، ئیسی نایکات.
١٠-٣-١٤: لە (ل١٤١)ی بەشی (٢٢)ی بەرگی (٢)دا ئەمیر ئینتیزام لە حاڵەتێکی هەڵچووندا بە دەوڵەت خانمی ژنی دەڵێ ئەگەر (سبەی ئەفشینی کوڕت کچەتیوەیەکی پاریسی هێنا چیت پێ دەکرێ؟!).
لە (ل٩١)ی بەشی (٣٩)ی بەرگی (٤)دا فەلامەرز بە لەیلاخانم دەڵێ دایکم (١٠) ساڵە ئەفشینی نەدیوە و پەرێشانی دیتنێتی، باوکم پرۆستاتی هەیە و دەبێ سەفەر بکەین، لەیلا لە (ل٩٢)ی هەمان بەش و بەرگدا پێی دەڵێ، واتا بە فەلامەرز دەڵێ: گەیشتییە پاریس تەلیفۆنم بۆ بکە.. پێشتریش پێی دەڵێ لەوێڕا (لەپاریس) بڕۆ ئەپارتمانەکەی من. ئەو ئەپارتمانەی کە جارێکی پێشتر فەلامەرز و لەیلا لە سەفەرێکی دوو

قۆڵیدا تێیدا دادەبەزن و لەیلا لەو سەردەمەوە لە پاریس هەیەتی کە لەوێ ژیاوە و قوتابی بووە.

کەچی فەلامەرز لە (٩٤)ی بەشی (٤٠)ی بەرگی (٤)دا دەڵێ دەمەوێ بڕۆم بۆ ئینگلس بۆ لەندەن، ئەفشین لەوێ چاوەڕوانمانە... دواتر دەڵێ لە فرۆکەخانەی (هیسرۆ) دابەزیوین، بەلام دوای ئەوەی فەلامەرز دەگەڕێتەوە و دەچێتە سەردانی یاسەمین، یاسەمین لە (١١٦)ی بەشی (٤٢)ی بەرگی (٤)دا بەفەلامەرز دەڵێ: (نامەرد یەک مانگی رەبەقە لە پاریسدا رادەبوێری و گیزماخ دەکەی...).

هەروەها کە باوکیشی دەمرێ، فەلامەرز لە (ل١٦١)ی بەشی (٤٦)ی بەرگی (٤)دا بە تەلەفۆن بە یاسەمین دەڵێ (.. دوێنێ تەرمی بابمیان لە پاریسەوە هێنایەوە لە (ل١٦٢)ی هەمان بەش و بەرگیشدایە کە ئەم جارە بە لەیلا خانم دەڵێ (.. باوکم مردووە و دوێنێ لە پاریسەوە تەرمەکەیان هێنایەوە..).

لە (ل١٦٩)ی هەمان بەش و بەرگیشدا گوتراوە: (ئەفشین ساتژمێری دەکرد کەی (ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی باوکی تەواو دەبێ و کەی بگەڕێتەوە پاریس..).

لێرەشەوە لێبڕاوانە دەڵێم لەم مەسەلەیەشدا ئیشکالیەتێک هەیە، چونکە هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەدان کە ئەفشین لە پاریس دەژێ نەک لە لەندەن، فەلامەرز و دایک و باوکیشی دەبێ بۆ پاریس چووبن بۆ لای، ئەگەر دایکی مەبەستی لەو سەفەرە دیتنی ئەو (ئەفشین) بووبێ، باوکی فەلامەرزیش ئەگەرچی گوتراوە لەفرۆکەخانەی (هیسرۆ لە لەندەن دابەزیوین)، بەلام دواتر لەدەقەکەدا ئاماژەیەک نییە روونی بکاتەوە بۆ ئەمیر ئینتیزام لە لەندەنەوە چووبێتە پاریس و لەوێ مردبێ. قسەکانی یاسەمین و لەیلا خانمیش هەر ئەوە دەسەلمێنن کە فەلامەرز و دایک و باوکی لە پاریس بوون نەک لە لەندەن.

بە بۆچوونی من ئەم غەفڵەتییانە هێندە سادە و ساکارن کە کار لە ڕەوتی ڕووداو و بەسەرهاتەکان ناکەن و لە بەهای هونەریی (دەربار) وەک گەورەترین ڕۆمانی کوردی- تائێستا- کەم ناکەنەوە، بەلام بوونیشیان و مانەوەشیان لەچاپەکانی داهاتوودا کارێکی باش نابێ.

بەڕای من تێپەڕبوونیشیان لەم چاپەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جگە لە ڕۆمانووس کەسێکی دیکە وەک (شارەزا)، یان تەنانەت (هەڵەچنەکانیش) دەقەکەیان بە وردی و لەسەرخۆ نەخوێندووەتەوە، لەبەر شتی وایشە کە ڕۆماننووسە جیهانییەکان پێش بلاوکردنەوە دەقی دەسنووسەکانیان بە ڕەخنەگر و زمانزانانی شارەزای دەسپێرن، ئەوجا ئەگەر ڕۆماننووسەکە خۆی ئەو کارەی کرد، یان نا، بەلام دەزگای پەخشەکە بە زەروورەت دەبێ ئەو کارە بکات، بۆ ئەوەی، ئەوەی بەهۆی سەرقاڵی و ماندووبوونیشەوە بەسەر نووسەرەکەدا تێپەڕیوە، بەهۆی ڕەخنەگران و زمانزانانەوە ڕاست بکرێتەوە، ئەمەش دیارە بەهیچ شێوەیەک لە شان و شکۆی ڕۆمانەکە و ڕۆماننووسەکەش کەم ناکاتەوە.

با ئەوەش بڵێم من کاتێکی خۆش و لە یادنەچووم لەگەڵ (دەربار) و ڕووداو و بەسەرهات و کەسەکانیدا بەسەر برد و ڕێزی زۆرم بۆ نووسەرەکەی خوسرەو جاف و ئەزموونە دەوڵەمەندە هەمەلایەنە دەیان ساڵییەکەی وای لێ کردم ئەوەندە بە وردی لەسەر ئەم بەرهەمەی (دەربار) بوەستم.

**هەولێر ٢٠٠٨/١/١**

# ڕۆماننووسێکی لاوی مژدەبەر

غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا
(سلێمانی)

لەدایکبووی سابوونکەرانی ۱۹۷۳یەو تائێستا سێ ڕۆمانی بەناوی (مەرگی بێ کۆتا) و (فەرمانڕەوا و کاسەلێس) و (کچێک لە بەغداوە) هەیە کە یەکەم جار بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی و بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها سێ فەرهەنگیشی نووسیوەو بڵاوکردووەتەوە، بە داخەوە کەسیش لەم دەڤەرەدا نەیناسیوە، هەر سێ ڕۆمانەکەشی لەلایەن مامۆستا فارووق عەبدولعەزیزەوە وەرگێڕراونەتە سەر زمانی فارسی، ئەم نووسینەی خوارەوەی ئێمەش گەواهی و شایەتی بەتوانایی ئەم نووسەرە لاوە دەدات.

### ڕۆمانی (کچێک لە بەغداوە)، چیرۆکە دڵتەزێنە شاراوەکانی ئەنفال

ئەم ڕۆمانە (کچێک لە بەغداوە)ی نووسەری لاو (ڕزگار کەریم) یەکەم جار بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی و دواجاریش هەر خۆی کردوویە بەکوردی و منیش خوێندنەوەم لەسەر دەقە عەرەبییەکەی بۆ کردووە، هەر بەچاکیشم زانی بەبۆنەی دەرچوونی دەقە کوردییەکەیەوە ئەم خوێندنەوەی خۆم بکەم بە کوردی. لەم ڕۆمانەدا، گێڕەرەوە دەڵێ (مەسەلەی خۆشەویستی سەیرو سەمەرەیە، هەر کە دەگاتە پەرەی دڵ ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبێت، ئاسوودە دەبێ و لە تۆی هەستەکانی مرۆڤایەتیدا جێگیر دەبێت و وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە خۆشییەکی ڕادەبەدەر بکات و باوەزی خۆشنوودی هەڵدەکات، بەسەر دڵی پڕ تاسەو هەست بریندارو دەروونێکی ئەنگاوتەدا بۆ سبەینێیەکی باشتر) ل٦٩. بێ گومان ئەمە لە کچێکی بەغدایی وەکو (حەنان) قەوما،

دوای ئەوەی خۆشەویستە پڕوپووچ و بەدرەفتارەکەی دەست دریژی دەکاتە سەر نامووسی و دەیکات بە ژن و وەک پریاسکەیەکی پشتگوێ خراو تووڕی هەڵدەدات، ئەو (حەنان)ەی کە جوانییەکەی ببووە نموونە، بەڵام ئەو مرۆڤە نەفس نزمە پاکیزەیی هەتک دەکات و بەرەو کەشێکی ڕیسوایی و هەتک کراوی پاڵی پێوە دەنێت، هەر بۆیەش ئەنجامی ئەوە بڕیار دەدات خۆی وەکو مامۆستایەک لە بەغداوە بۆ سلێمانی بگوێزێتەوە، لەوێش دەکەوێتە داوی خۆشەویستی گەنجێکی کوردی باش و بەناموسەوە، کە دواجار دێینە سەر باس کردنی، تا ئێستا بە قەناعەتی خۆم لەدوای خوێندنەوەی چیرۆکی (جەمیلە)ی جەنگیز ئیتماتۆفەوە چیرۆکی وا جوان و دڵگیرم نەخوێندووەتەوە، هەر کە ڕۆمانەکە بە دەستەوە دەگریت ناتوانی بەلاوەی بنێی تاوەکو تەواوی نەکەیت، ئەمەیش مەرجی سەرەکی هەموو کارێکی هونەری سەرکەوتووە، پێم وایە لەم سەردەمە نەگریسەدا چیرۆکی خۆشەویستی وەها دەگمەنە.

(حەنان) کیژێکی بێ تاوان و لەخێزانێکی خۆشگوزەراندا پەروەردە ببوو، باوکیشی لە قادسیەی سەدام کوژرابوو، هەر بەم بۆنەیەشەوە دەچێتە ڕیزەکانی حیزبێکی فاشی وەکو حزبی بەعسەوەو خوێندن لە خانەی مامۆستایانی کیژان تەواودەکات، بەڵام چارەنووس لەبەرژەوەندی ئەو نابێت، دوای چەند ساڵێک خۆشەویستی و ئەویندارى لەگەڵ خۆشەویستە عەرەبە بەغداییەکەیدا، دەستی لێ دەوەشێنێ و بەجێی دەهێڵێت، هەر لە یەکەم ساتی ئابڕوو بردنییەوە ئیدی ئەو کچە نییە کە هەمووان دەیناسی، بۆیە بڕیاری دوورکەوتنەوە دەدات لە ماڵ و لە شارەکەی (بەغدا)، بۆ ئەوەی کات یارمەتی بدات ڕابردووی خۆشەویستە ساختەچییەکەی لەبیر بچێتەوە و بەرەو جیهانێکی نادیارو وڵاتێک بڕوات کە لەمەوبەر ئاشنای نەبووە، ئەویش سلێمانییەو لێی نامۆیە، تەنانەت لە هەست و نەستیشیدا تا دوێنێ دانیشتووانەکەی بە دڕندە دەهاتە بەرچاوو ڕقی لە زمانەکەشیان دەبووەوو هەر شتێکیش کە هێما بێ بۆیان، ئەمەش بە هۆی کولتووری شۆڤێنیستانەی بەعسەوە، کە لە کۆبوونەوەکانی ئەو حزبە فاشییەدا بە زۆر خرابووە مێشک و ویژدانییەوە، دوای ئەویش ڕقی لە هەموو شتێک بووەوە، تەنانەت (سەرکردەی زەرووڕەت و دانەری سەروەرییەکانی نەتەوە)ش، هەروەها ئەو حزبەش کە چووە ڕیزییەوە هەر لە ڕۆژانی یەکەمی خوێندنییەوە لەخانەی مامۆستایان، لە ڕێگای چوونی بۆ سلێمانی لەناو ئۆتۆمبێلدا، بە کەرکووکدا تێدەپەڕێت و بە سەرسوڕمانەوە سەیری شارەکە دەکات و دەبینێ کوردەکان لەم لاو ئەولای ڕێگاکاندا بڵاوبوونەتەوە، هیچ نیشانەیەکی ئاوەدانی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی شارەکە لەسەر دەریایەکی نەوتدا مەلەدەکات، بۆ یەکەم جار بۆی دەردەکەوێت کە قسەی بەعسییەکان درۆ بووەو چۆن ئەم شارە ئاوهایە؟ سامانی ئەم شارە لەکوێ خەرج دەکرێت؟ کێ سوودمەندە؟ پرسیارێکی زۆری بە مێشکدا دێت و وەڵامیان نادۆزێتەوە، سەفەرەکەی بۆ گەڕان نەبوو بەدوای ئازادیدا، بگرە ڕاکردن بوو لە شکستی و هەست کردن بە شەرمەزاری و داپۆشینی ڕیسوایی بوون، دەچێت بۆ شارێکی کورد، بەڵکو لەوێدا بەختەوەری بدۆزێتەوەو خۆشی و چالاکی بەرکەوێتەوە، دەگاتە سلێمانی ناوچەیەکی شاخاوی، هەر کە چیاکان دەبینێ ئەو قسانەی بیردەکەوێتەوە کە لەبارەی کوردەوە بیستوونی، کە خۆیان لە شاخەکان قایم کردووە، شارەکە لە زەینیدا شتێکی سەیرو واقعێکی نەشیاو بوو، جلوبەرگی کوردی و خانووبەرەی پاک و تەمیزو نەرمونیانییەک جێگای سەرسوڕمانی بوون، لە شارەکەدا لە ماڵی یەکێک لە بەکرێگیراوەکانی ئەمن و حزب (سەلاح) ژوورێکی بۆ بەکرێ دەگرن کە ژنێکی سۆزانی داوێن پیسی لێ دەبێ بەناوی (هیران) و لەگەڵ حزبییەکاندا ڕادەبوێرێت، ئەم کیژە بێ تاوانە غەدر لێکراوە دەکەوێتە داوی ماڵێکی بەدڕەوشت و خراپەوەو هیچ لەبارەی ڕەوشتی ژن و مێردەکەوە نازانێت، هەروەها لەبارەی کارو پیشەکەشیانەوە، گەرچی ئەو خۆی هەڵگری تیۆری حزبێکی بەدکار و سەرکردە لەخۆباییەکەیەتی، ئەنجامەکان هەرچی چۆنێک بن ئەو ئێستا لە بەغداو پاشماوەکانی پێوەندییە سەرنەکەوتووەکەیەوە دوورە، ڕۆژی یەکەم ژیانێکی جیاواز بەسەردەبات بەدەر لە جاران، کاروپیشەی فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندکارەکانە لە شارەکە، کە بەرزترین هیواو ئاواتی بوو، بایەخیشی بەخۆ ڕۆشنبیرکردن دەدا، کە بەخوێندنەوەی شیعری عەرەبی و فەلسەفە و ڕۆمانە

ڕۆمانسییەکان دەستی پێدەکات، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە سەرزەنشتی خۆی دەکرد بۆ ئەو پێوەندییەی لەگەڵ خۆشەویستییە هەڵخەڵەتێنەر و هیچ و پووچەکەیدا بەست، کە وەکو شتێکی گەندەڵی لە بەغدا بەجێی هێشت، تەنیا یادەوەرییەکی بە ئێش و بکوژی هەست و نەستی بوو، لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی لە قوتابخانەدا بە توانایی و ڕەوشت بەرزی خۆی دەنوێنێ و قوتابییە نوێیە کوردەکان دەبنە مایەی سەرنجڕاکێشانی و لە پێشەوەیان دەوەستێ و یەک یەک خۆی پێیان دەناسێنێ و زمانی عەرەبییان پێ دەڵێتەوە، لە دڵی خۆیدا دان بەوە دادەنێت کە ڕقبوونەوەی لە کورد ئەنجامی بیرو بۆچوونی حیزبەکەی بووە، چونکی حزب بە دواکەوتوو و یاخی بوون لە شارستانی و مەدەنییەت ناوەزەندیان دەکات، هەر کە چاوی بە سلێمانی دەکەوێت، لە چەمک و بیرو بۆچوونەکانی ئەو حزبە فاشییە و سەرکردەکانی دەکەوێتە گومانەوە، هەر کە لە ژووری مامۆستاکان دادەنیشێ و گوێیان لێ دەگرێت زۆر بەختەوەر دەبێت و دەیەوێت بە زووترین کات زمانی کوردی فێربێت، لەوێ ئاشنای مامۆستایەکی لاوی کوردی قۆز دەبێت و زمانی عەرەبی بە چاکی دەزانێت، ئەویش (شازاد)ە، (دوای ئەوەی گەیشتمە سلێمانی هەستم بە قورسایی ئەو هەنگاوە کرد کە نابووم، هەر لەو یەکەم ساتەی گەیشتمە ئەوێ زۆر سەخت بوو، وەکو هەر هەنگاوێکی ژیانی مرۆڤ، هەست بە ئاسوودەییەکی تەواو و دڵنیایی دەکەم لە نێوان خەڵکێکی غەریبدا، گەلێک کە زمانەکەیان نازانم و هەوڵ دەدەم پێوەندی دوستانەیان لەگەڵ ببەستم...)ل٢١.

کە لەوێ دەبێت تووشی نیگەرانی و ترس دەبێت، ئەویش لە ئەنجامی بیستنی دەستڕێژ لە شەودا لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوەو ترسی لە نادیاری، پاشان دەعوەت و دەعوەتکاری (سەلاح) و ژنەکەی شەوانە بۆ حیزبییەکان، نزیکترین مامۆستا بۆ ئەویش (شازاد) بوو، لەگەڵیان باش بووە و هەستی بەوە کردبوو، سۆزێکی ڕادەبەدەری بۆ ئەو مامۆستا لاوە کوردە هەبوو، سەرەڕای ئەوەی دەترسا سۆزەکە بە چیرۆکێکی دیکەی سەرنەکەوتوو کۆتایی پێ بێت وەکو ئەوەی پێشووی، ئەوە بوو پێوەندی لە نێوانیاندا دروست دەبێت و ئەم پێوەندییە پەرەدەسەنێ، تا دەگاتە خۆشەویستییەکی پاک و بێ گەرد و شەریفانە (ئەم پێوەندییە لە نێوان ئەو دوو دۆستەدا بە شێوەیەکی دروست دەست پێ دەکات، دوور لە ڕێڕەوی پێوەندی بێ ئابڕووانە، یان لە بازنەی داوێن پیسی، وەک ئەوەی دەروونە نەخۆشەکان لە ئارەزووی پڕ خرۆش و حەزو شەهوانییەتی نێوان پیاوو ژنێک وێنەیان دەکێشا، بە پێی بیروباوەڕی پێشینە، بەڵام ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ بوو، هیچ ئارەزوو و هەڵوێستی کوتوپڕ یان نیگای کینە لە دڵەکان و دەروونە نەخۆشەکان لە هەردوو ڕەگەزەکە جێ لەقیان نەدەکرد، ئەوانەی بە شێوەیەکی سەرنەکەوتوو پەروەردە کرابوون و منداڵەکانیان خستبوو ژێر کاریگەری واقعێکی دواکەوتوو یان بارودۆخی سیاسییەوە..) ل٣٦.

ئەو دەیویست ئەو پێوەندییەی نێوان خۆی و (شازاد) شێوازێکی دیکە بگرێتە بەر، نەک وەکو ئەزموونەکەی پێشووی، لەکاتی ژیانی لە شارەکەو ئەو ئێش و ئازارەی گەلی کورد پێوەی دەناڵێنێ لەو ماوەیەداو دەرهاویشتەی کێشە سیاسییەکان و تێگەیشتنی لە قووڵایی مەسەلەکە و ڕەگوڕیشەکەی، ئیدی ڕاڤەکانی حزبە فاشییەکەی لەبەرچاوی ئەو بەر بای درۆ دەکەون. ئیدی لە زەیفی وتەو دروشمە درۆکانیانەوە دەکەوێتە گومانەوە. ئەو خۆی لە بنەڕەتدا بە دوای ڕاستیدا دەگەڕا کە لە کوێیە، لەوانەیشە خۆشەویستی (شازاد) بۆ ئەم مەبەستە یارمەتی دابێت، ئەوە بوو سەرۆکی ڕێکخراوە حزبییەکەی لە شارەکەدا گرو دەوری دەدات، هەرکە لە سەلاح و ژنە سۆزانییەکەیەوە (هیران) باسی جوانی و شۆخ و شەنگی و لەش و لاری دەبیستێ، بۆیە دەیەوێ لە ڕێی ژنەکەی سەلاحی بەکرێگیراوەوە بیخاتە داوەوە، بەڵام ئەو بە زۆرزانی و تەڵەکەبازی خۆی لێ ڕزگار دەکات، بەوەش گوایە لە بەغدا خەڵکانی گەورە لەناو حیزبدا دەناسێت و پێوەندی لەگەڵیاندا هەیە، بۆ ئەوەی لەخۆی دووری بخاتەوە، هەر لەساتەکانی یەکەمەوە نیازەکانی لێپرسراوی ڕێکخراوەکە بەرانبەر (حەنان) و حەقیقەتی پیاوانی حزبی بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەوانیش کە لە سێبەری ڕەشی ئەواندا کرکەوتوون، (جیاوازییەکی ئاسمانی و ڕێسمانی هەیە لە نێوان دوو ناخدا، کیژێکی بریتی لە نەرمونیان و هەستێکی جوان و خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرزی بێ وێنەو بەرپرسێکی بە ئاڵوشیش و نەزان کە تۆسقاڵێک ڕۆشنبیری تێدا نییە، بگرە تاکە خەمی

ئەوەیە ئارەزووەکانی خۆی تێربکات و ڕێکخستنی شەوانی سوور لەگەڵ کچانی لەشفرۆش و سۆزانییە هەرزانەکانی هاوڕەگەزی خۆی یان سۆزانییەکانی دیکە لە شارەکەدا...)ل٤٢.

جوانی خۆی بیردەکەوێتەوەو بایەخدانی ئەم بەرپرسە چاوچنۆکە بەو و پشووی نامێنێ بەرانبەر بە تەڵەکەبازییەکانی پیاوان، سەرەڕای ئەوەی قێزی لە پیاوان و نیگاکانیان دەبێتەوە، (شازاد)ی بیر دەکەوێتەوە، کە بەچاوێکی پاک تەماشای دەکات و خەسڵەتێکی جیاواز دەنوێنێ و پێوەندییە تازەکەی لەگەڵیدا مەدلولێکی بێ گەرد و بێوەی دەنوێنێ، ئەم فێرکارە لاوە کوردە کاریگەرییەکی تایبەتی دەکاتە سەر هەست و دڵە بریندارەکەی کچەکە. کەسێکی بێوەی و لەش و شەهوەتی لێ ناوێت، ئەو بە جۆرێکی جیاوازتر لە هاوڕێی مامۆستاکانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات: (گوێم لێ نییە کە چۆن ئەم پێوەندییە کۆتایی دێت، چونکی تۆ سەرچاوەی خۆشی و خۆشنوودی و ژیانی سەرلەنوێمی، من زۆر تۆم بە دڵە، بە ڕاستی تۆ مرۆڤێکی قەشەنگی و هەست بە پەشۆکانیش ناکەم ئەگەر پێت بڵێم بێوەیی و بێ گەردی تۆم خۆشدەوێت، گەرچی دڵنیا نیم لە هەستی خۆم بەرانبەرت، بەڵام هەر کە دەتبینم دڵم دادەخورپێت و حەز دەکەم ماوەیەکی دوور و درێژ پێکەوە بین.. ئەی شنەبای ڕۆح هەڵکە سەرلەنوێ و دەتبینم بەم دۆستایەتییە نوێیە دڵت خۆشە، یان بۆ ئەم سوارە ڕاستەقینەیە بەختەوەریت)ل٤٥. هەستکردنی بەم ڕاستییەی حزبە فاشییەکەی و بەرپرسەکانی دەوری گرنگیان هەبوو بۆ ئەم هەست پێ کردنەی و تێگەیشتن لە ڕاستی مەسەلەکان و دوور لەکارتێکردنی چەواشەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و قسەی بەرپرسە نەخوێنەوارەکان، حزب لەبەرچاوی دەبێتە (ڕێکخراوێکی تیرۆریستی و سەرکردەیەکی خوێنڕێژو کۆمەڵێک پیاوکوژ و فاشیل سەرکردایەتی دەکەن و دەبێ بارودۆخەکە ڕاگرێت، تا هەلی بۆ دەرەخسێت تەگبیری کاروباری خۆی بکات و بە بیروباوەڕەکانی و پێوەندییەکانی خۆیدا بچێتەوە)ل٤٦. خۆشەویستی نەرمونیانی و هەست ناسکی دەداتێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەست بە دڵخۆشی دەکات و بۆیە کاتی دەوامی قوتابخانە لەبەرچاوی بە خێرایی بەسەر دەچێت، جارێکیان بۆ (شازاد) پێشنیار دەکات کە بە خانەوادەکەی خۆی بناسێنێت، ئەویش ڕەزامەندی نیشان دەدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو خواستەی تا بەکەسوکارەکەی و ماڵە کوردییە ئاساییەکەی دەناسێنێت و بە گەرمی و دڵفراوانییەوە پێشوازی لێ دەکەن، ئەم پێوەندییەش دەگاتە ئەوپەڕی پاکی و بێ گەردی لە ژیانی هەردووکیاندا، دواجاریش هەر یەکەو باسی ڕابردووی دەگێڕێتەوە لەمەڕ سۆزدارییەوە، (شازاد) باسی ئەو چیرۆکی خۆشەویستییەی کە لەیەک لایەنەوە دەبێت بۆ دەگێڕێتەوەو ئەنجامەکەی سەرنەکەوتوو بوو، کچەکەش بە ڕاشکاوی باسی پێوەندی خۆی دەکات بە کەسێکی چەپەڵەوەو دەڵێ: (من لە ڕیسواییەک هەڵهاتووم، کەسێکی فێڵباز و ناکەس بەچەم خۆش ویست، بەڵام دوای ئەوەی خۆم پێی سپاردو خۆم دایە دەستییەوە، هەڵی خەڵەتاندم و چزەی لێدام وەکو مارو پاشان بە ئاسانی بەجێی هێشتم، بێ ئەوەی سزای کردەوەکەی بدات.. من ئێستا لەلایەن کۆمەڵەوە وەکو سۆزانییەک تەماشا دەکرێم..)ل٥٣. بەڵام فێرکارە لاوە کوردەکە قسەکەی زۆر بە ڕۆحێکی شارستانییەوە وەردەگرێت و بەبێ هیچ کارتێکردنێکی بیری خێڵەکی لەسەری و بە کچەکە دەڵێت: (تۆ شەریفترین کچی لە ژیانمدا کە ناسیبم و ڕێگا نادەم بەم شێوەیە باسی خۆت بکەیت)ل٥٤. دوای ئەوەش خۆشەویستەکەی لەبەرچاوی گەورە دەبێت ڕۆژ بە ڕۆژو سەبارەت بەو دەبێتە شۆڕەسواری ڕاستەقینەی و کچەکە پێی دەڵێت: (ئەی خۆشەویستی دڵ تۆ لەکوێ بووی؟! بە دواتدا دەگەڕام تا ئەو چەپەڵە چزەی لێدام، تۆ هەست ناسکیت، ڕەوشت پاکی خۆشم دەوێیت، شەرمت لێ ناکەم لە قووڵایی دڵمەوە خۆشم دەوێیت...)ل٥٥. پاشان باری ئاساییش لە ئەنجامی کردەوەی شۆڕشگێڕانە لەلایەن پێشمەرگەوە لەشار تێک دەچێت، ڕژێمیش بە توندی وەڵامی ئەو کارانە دەداتەوە، ئەویش بە تۆپباران کردنی لادێکان و دانیشتوانە بێ تاوانەکانیان، بۆیە ژیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا هیچ ڕەونەق و جوانییەکی نامێنێت و بە هەزاران خەڵکی لە داپڵۆسینی دڕندانەو ڕاژەی سەربازی هەڵدێن و کار دەگاتە پۆپە، هەر کە دیکتاتۆر فەرمان دەدات بە ڕاگواستنی سەرجەم گوندە کوردییەکان، ئەنجامی ئەمەش (حەنان) ڕقی هەڵدەستێ و ڕقی لە حزب و دیکتاتۆر و

هەر کەسێک دەبێتەوە کە لەو حزبەدا بێت، بۆیە زۆر کەیف خۆش دەبێت بەو هەڵبژاردن و بۆچوونە مرۆڤانەیەی و دوور کەوتنەوە لە بیروبۆچوونی نەتەوەیی تەسک و نایەوێت لەگەڵ نەتەوەییە شۆڤینییەکاندا بێت، چونکە دەبینێت کە پانتایی مرۆڤایەتی لە هەر پانتایەکی دیکە پان و بەرینترە (چ شورەییەکە تووشی مرۆڤ دەبێت و لێ نابێتەوە لە هەر کوێیەک بێت، کە ڕێگا بە هەر بوونەوەرێک یان ڕێکخراوێک بدات گاڵتەی پێ بکات و بیروباوەڕێکی بەسەردا بسەپێنێت کە هیچ پێوەندییەکی بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا درەوشاوەکەیەوە نییە.. عیراق دیلی حزبێکی تاوانبار و سەرکردەیەکی شێتگیری مەزنایەتییە، ئەی ناکەس بەچەکان دوای ئەو ئەزموونە سەرنەکەوتووەم و هەڵاتنم لێی، ڕاستیتان و زەیفی قسەو بیروباوەڕەکانتانم بۆ دەرکەوت)..

شەوێکیان کۆمەڵێ بەرپرسی بەعسییەکان سەردانی ماڵی بەکرێگیراو (سەلاح) و ژنە سۆزانییەکەی (هیران) دەکەن و بە ئامانجی ڕابواردنی شەوێکی خۆش و پڕ کەیف و سەفاو داوێن پیسی و سێکس، لەناو ئەوانەش لێپرسراوی ڕێکخراوەکە بوو، داوا لە (هیران) دەکات کە کچە عازەبەکە (حەنان) بانگ کات بۆ ئەوەی شەوچەرەیان لەگەڵ بکات، ئەویش بەپێی پلەوپایەی خۆی ئەو داوایە قبووڵ دەکات، بەڵام لەگەڵیان زۆر نامێنێتەوە بە بیانووی ئەوەی نەخۆش و ماندووەو بەجێیان دێڵێت.. بۆ ڕۆژانی دواتر هەر بەیانی زوو دەچێت بۆ ماڵی (شازاد) و پێی دەڵێت کە ئەو خانووەی ئەوی لێیە سۆزانی خانەیە، (هیران)و کەسانی دیکە بۆ بەرپرسەکان خۆیان هەرزان فرۆش دەکەن، بەلێپرسراوی ڕێکخراوەکەشەوە، بۆیە داوای لێدەکات یارمەتی بدات بۆ دەرچوون لەو خانووە بەدناوە، ئەوە بوو لە پشووی نیوەی ساڵ کچەکە بە شێوەیەکی کاتی دەگوێزێتەوە بۆ ماڵی (شازاد) و بەماڵی (سەلاح)یش دەڵێ کە دەچێتەوە بۆ بەغداو پشووەکەی لەلای کەسوکاری بەسەردەبات، لە ماڵی کەسوکارەکەی (شازاد) ئەویندری خۆی دەکات لە سایەی ئەدەب و دوور لە بەدڕەفتاری و چیرۆکی ناشیرین، نەک وەکو زۆربەی کیژە ئاشقەکان ئەنجامی دەدەن، بگرە لە سایەی خۆشەویستییەکی پاک و بێ گەرد و لە بالاترین هەست و جوانترین پێوەندی سۆزداری و خەمەکانی ڕابردووی لەبیر دەچێتەوەو لە نێو باوەشی ئەو خانەوادەیەدا دڵنیا دەبێ و دڵ و دەروونی ئارام دەبێت، تەنانەت چیرۆکی خۆشەویستییەکەیان لە کاتی بۆردومانکردنی شارەکەو بەسەردادانی ماڵەکان و گەڕەکەکان و دەستگیرکردنی بێ تاوانان لەلایەن مەفرەزەکانی تەواری و ئیستیخباراتی تایبەتەوە گەشە دەکات، بەڵام ئەم خۆشییە درێژە ناکێشێت، ڕۆژێکیان لە ماڵەوە (شازاد) دەستگیردەکەن، ئەم مەسەلەیەش بۆ کچەکە گەورە بوو، بۆ هەست و سۆزی ناسکی ئەو، بۆیە هەر کە دەبیستێت خۆشەویستەکەی نامەیەک بۆ ئەمن دەنووسێت بەو پێیەی کچێکی عەرەبەو سەر بەحیزبەو دڵسۆزە بۆ ئەو حزبە فاشییە، بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی بەرەڵڵا بکەن، کە لە ڕاپۆرتەکەیدا بەرگری لێدەکات گوایە کەسێکی پاکەو دڵسۆزو هاوکارە لەگەڵ ناوەندە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات لە شارەکەدا، هەر خۆی ڕاپۆرتەکە بەرزدەکاتەوەو داوا دەکات لە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە کە هەوڵ بدات بۆ بەرەڵڵاکردنی مامۆستای ناوبراو، چونکە بە تەواوی هاوکاری حزب بوو.

بە پێی قسەی کچەکە بۆ ئەوەی لە مەرگ و لە بەندیخانەکانی ڕژێمی فاشی ڕزگاری کات، نەک وەکو ئەوانی دیکە تێدا بچێت، پەنا دەباتە بەر هەموو فێڵ و بیرکردنەوەیەک بۆ ڕزگارکردنی خۆشەویستەکەی، تەنانەت لافی ئەوەش لێ دەدات گوایە پێوەندی لەگەڵ وەزیری پەروەردەو عودەی کوڕی دیکتاتۆردا هەیە بۆ ترساندنی لێپرسراوی ڕێکخراوەکەی حزب و ڕاپۆرت دەربارەی ڕۆڵی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی حزب لەناو خەڵکی لە سلێمانی دەنووسێت، بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو بەعسییە نەخوێنەوار و ساویلکە و گەمژانە، لاف و گەزاف و درۆکانی بەسەریاندا تێپەڕ دەبێت، تەنانەت لێپرسراوی ڕێکخراوەکە پێی دەڵێ کە خۆی شوێنی فایلی مامۆستا دەستگیرکراوەکە دەکەوێت و هەوڵ دەدات بەو نزیکانە بەرەڵڵای کات، کچەکە وەها خۆی دەردەخات کە ئەندامێکی چالاکی حزبە لەقوتابخانەکەدا، بێ گومان ئەمە پێچەوانەی ڕاستییە، ئەم هەموو قسانە دەکات بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی و شۆڕەسواری خەونەکانی لە بەندیخانە ڕزگار بکات، ئەو ئامادەیە ژیانی خۆی لە پێناوی ئەودا ببەخشێت، بەرپرسی ڕێکخراوە حیزبییەکە ئیزنی سەردان کردنی خۆشەویستەکەی بۆ وەردەگرێت لە گرتووخانەی (ئەمنە سوورەکە) کە پێی دەوترا باستیلی

کوردستان و بیری لە شێوەی ئەو مامەڵە کردنە دەکاتەوە لەگەڵیداو چۆن ئەو حەفتەیەی لە زیندانەکانی ڕژێمی خوێنڕێژدا بەسەربردووەو لۆمەی خۆی دەکرد بۆچی ڕێگای پێدان بیگرن و ببیەن و فڕێی بدەنە زیندانێکی تاریکەوە لە نێو خەڵکێکی گومان لێکراو و کەسانی شۆڕشگێڕدا؟ ئەو بێ تاوانە بڕوای بە هیچ ڕێکخراوێک نییە، تەنانەت بە شۆڕشگێڕەکانیش. ئەو لە بیرکردنەوەو بیروبۆچوونی خۆیدا ئازادە، بڕوای بە بەرگری کردنێکی ئاشتییانەو ڕۆشنبیرکردنی میللەت هەیە لە ناوەوەو ئاراستەکردنیان بەرەو یاخیبوونێکی گشتی جەماوەری، کچەکە خەونی فانتازیای پێوە دەبینێ، لە زیندەخەونەکانیدا دەچێتە نێو زیندانەکەوەو لە چنگی مەرگ خۆشەویستەکەی ڕزگار دەکات، چونکی ئەو دڵسۆزی بیروباوەڕو میللەتەکەی خۆیەتی، پاشان چەند وێنەیەکی کاڵی دێتە بەرچاو ئەویش وێنەی حاڵەتی دەستگیرکراوەکان کە یەک لەدوای یەک دەمرن، دڵتەنگ دەبێت بۆ حاڵەتی خۆشەویستەکەی و دەڵێت (ئەگەر شتێکت لێ بێت دنیا بەسەریاندا دەڕووخێنم، پارچە پارچەیان دەکەم، ڕێ نادەم لێمت بستێنن و لە بەختەوەری بێ بەشم بکەن بۆ هەتاهەتایە، خۆم لەوان بووم دەتوانم تۆڵەت بکەمەوە، تۆ سوڵتانی دڵ و ڕووناکی چاومی) ئەم کچە عەرەبە کە لەمەوبەر بڕوای بە بیروبۆچوونەکانی حزبی بەعس هەبوو، دەبینین لێی هەڵدەگەڕێتەوەو دەیەوێ تۆڵەی خۆشەویستە کوردەکەی بکاتەوە ئەگەر ببنە هۆی مردنی، دوای ئەوەی ڕوخسەت وەردەگرێت بۆ سەردانی خۆشەویستەکەی لە (ئەمنە سوورەکە) و قسەکەی شازادی بیردەکەوێتەوە کە جارێکیان پێی وت و ئەو بینایەی بە باستیلی فەرەنسا لێک چوواند، چونکی هێندە ترسناکە. ئەم قەڵا ترسناکەی لە مێژوویەکی خوێناوی لە تاریکترین چەرخی فەرەنسادا، خۆشەویستییە گەورەکەی بیردەکەوێتەوە بۆ (شازاد)، بۆیە سوور بوو بچێتە ناو ئەو بینایەوە، وەکو ژنە بەرپرسێکی عەرەب و نێردراوی حزب و سەرکردە لە شارە پڕ ئاژاوەو گێرەشێوێنەکەدا هەڵسوکەوت دەکات.بە چاوی خۆی لە حەوشەی بینایەکەدا چەندین جۆرە ئامێری ئەشکەنجەدانی دڕندانەو زرێپۆش و ژێرخانی بێ سەروبەر دەبینێ، لەگەڵ کابرایەکی ئەمندا دەچێت بۆ ژووری ئەفسەری ئەمن، کاتی تێپەڕبوونی بە هۆڵ و قاوشەکانیدا گوێی لە هات و هاواری بەندییەکان دەبێت کە جەلادەکان ئازاریان دەدان، پاش ئەوە (شازاد) بە چاو بەستراوەی بۆ ژووری ئەفسەرەکە ئامادە دەکەن، کچەکە دان بەخۆیدا دەگرێت، ئەفسەرەکە پێی دەڵێت بەختی هەیە تاکو ئێستا بەزیندوویی ماوەتەوە، ئەگەر هاوکار نەبووایە لەگەڵ حزب ئێستا لە ڕیزی مردووان بوو، ئەفسەرەکە بەڵێنی دەداتێ کە بەم نزیکانە بەرەڵڵا دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش دانی بەو تۆمەتەدا نەناوە کە ئاراستەی کراوە، گەرچی ئەسڵەن ئەگەر تۆمەت هەبێت، پاشان (شازاد) بەرەڵڵا دەبێت و کچەکە بۆ تیمارکردن و خزمەت کردن و دڵدانەوەی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، لە ژوورێکدا بە یەکەوە بە تەنیا دەبن و لە باوەشی دەگرێت و لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هەمان هەست و سۆز دەگۆڕێتەوە، ئەویش بارودۆخی بەندیخانەی بۆ دەگێڕێتەوەو ئەو بەندیخانە ترسناکە لە شارەکەدا (حەنان، ئایا دەزانی بەر لەوەی دەستگیرم بکەن ئەو بەندیخانەیەم بە باستیلی فەرەنسا لێکچوواندبوو، ئەو قەڵایەی ناوی (ئەمنە سوورەکەیە)، بەڵام ئەوە بەبێ هیچ بینین و ئەزموونێکی لەمەوبەر بوو، تەنیا قسەی خەڵکی و بەندییەکان بوو، بەڵام دوای ئەوەی دەستگیریان کردم، لە مرۆڤایەتی خۆم بێ بەریبیان کردم، ئەو قەڵایە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست کراوە بۆ لەناوبرنی مرۆڤایەتی، ژن و منداڵ و پیری تێدایە، سەرەڕای گەنجێکی زۆر لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، بەڕێوەبەران و جەلادەکانی شارەزاترین خەڵکانێکی دەست سوورن بە خوێنی مرۆڤایەتی و تاوانبارانی لێهاتوو، بەڕێوەبەرایەتییەکە پێکهاتبوو لە چەند گرووپێکی تیرۆریست و لەژێر سایەی حزبدا تاوان ئەنجام دەدەن، ژوورەکانیان لە شێوەی ژووری بەندیخانەکانی نازییەکان و ڕووسیا دیزاین کراون، گرتووخانەکە بەستراوەتەوە بەسردابێکەوە بە چەند ژوورێکی نەزانراو و پشتگوێ خراوەوە، ، کە چەند تاوانبارێکی لێهاتوو سەرپەرشتییان دەکەن، چەندین جۆرە شێوەی ئەشکەنجەدانی دڕندانە بەکاردەهێنن، لێدان بەشێوەیەکی دڕندانەو بە ئووتوکردنی پێستەو سووتاندن بە ئاگرو فڕێدانی بەندییەکە بۆ ناو گۆمێکی سەهۆڵاو تا گیانی لەدەستدەدات)ل٩٤. پاشان پێشنیار دەکات بۆ دەزگیرانەکەی شارەکە بەجێ بهێڵن و بڕۆن لە گوندێک لەلای کەسوکاری بژین، ئەویش ڕازی دەبێت، سەرەڕای ئەوەی ئەو کیژی پایتەختە و فێری

ژیانی لادێییەکان و نەبوونی نەبووە، بەڵام پێی دەڵێت: (من لەگەڵتام بۆ هەرکوێ کۆسپەکان و تەگەرەکان دەبەزێنێت)، ڕێک دەکەون دوای هاتنەوەی لە بەغدا زەماوەند بکەن، گەرچی چەند مانگێکە بەغدای بەجێ هێشتووە، هەر کە گەڕایەوە کەسێکی دیکە بوو، پڕ دڵی هەستی مرۆڤانە ببوو، مرۆڤ بووەتە تەوەری دیدو بۆچوونی بۆ نەتەوەو میللەتە جۆراوجۆرەکان، ڕقی لە حزب و بۆچوونە نەتەوەییە تەسکەکەی دەبووەوە، هەروەها ئەو مامەڵەو داپڵۆسین و سەرکوت کردنە زاڵمانەیەی کە دژ بەگەلی کورد لە شارو گوندەکاندا بەکاری دەهێنێت، بە ڕاگواستن و دەستگیرکردن و لەناوبردنی بێ وچان..ل٩٧. هەروەها پێی وایە حزبەکە سەرچاوەی شەڕەنگێزییە لە عیراقداو مۆڵگەی تیرۆر و کاریگەری دروست کردنی نموونەی نامرۆڤانەیە لە ناوچەکەدا، وێنەکە لە مێشکی (حەنان)دا تەواو دەبێت و بیری کامڵ دەبێت و مەسەلەکان بە ڕوونی وەکو خۆر دەبینێت، بۆ باری لەمەوبەری غەمگین دەبێت کە بڕوای بەو بەعسییە فاشیل و نامرۆڤانە کرد و چۆن دیوارەکانی ئەو چەپەڵییە و سەرکردە شێتەکەیانی ڕووخاند، هەر کە پێی خستە سەر خاکی کوردستان، دوای ئەوەی (حەنان) دەگەڕێتەوە بۆ ناو کەسوکاری دایک و خوشکەکانی و ڕاستیی مەسەلەکەیان لێ تێدەگەیەنێ، کە دەیەوێ شوو بە مامۆستایەکی کورد بکات و لەگەڵیدا بڕوات لە لادێ بژیت لە ترسی داپڵۆسینی ڕژێم و کردەوە نا مرۆڤانەکانیان، لە سەرەتادا دایکی ڕازی نابێت، بەڵام دواجار قایل دەبێت و مل بۆ خواستی کچەکەی دەدات، پاشان کەسوکارەکەی بەم شووکردنە دڵخۆش دەبن، زەماوەندەکەش لە ڕۆژێکی باراناویدا بەڕێوە دەچێت، پاشان مانگی هەنگوینی، کچەکە لە شەوی بووک و زاواییدا هەست بە ڕیسوایی و شەرمەزاری دەکات، چونکی کیژێکی پاکیزە نییە، بەڵام (شازاد) بە ڕۆحێکی شارستانییەوە مەسەلەکە چارەسەر دەکات، لە شەوی بووک و زاواییدا شازاد پەنجەیەکی خۆی بریندار دەکات و خوێنەکەی دەتکێنێتە سەر پارچە پەڕۆیەکی سپییەوە، بۆ ئەوەی پیشانی کەسوکارەکەی بدات بۆ کچێنییەکەی و پێی دەڵێت: (ئەمە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە، من خۆم ژنم هێناوەو بەرپرسی ژن هێنانەکەم، ئەوان پرسی شتێک دەکەن تایبەت نییە بەوانەوە، خۆشەویستەکەم گوێ مەدەرێ و بڕوات بەخۆت هەبێت)، پاشان (شازاد) بڕیار دەدات کە لەگەڵ ژنەکەیدا بچن بۆ ناوچەی قەراخ، کە ئەوسا هەشتاو دوو ماڵێک دەبوو، خەڵکەکەی هەژارو دەستکورت بوون و بۆ پەیداکردنی پارووی منداڵەکانیان تێدەکۆشن و نەخوێنەوار و بێبەش بوون و بەهۆی سیاسەتی بەدی دەسەڵاتی سیاسییەوە ناوچەیەکی خاڵی بوو لە سادەترین خزمەتگوزاری مەدەنی، سەرەڕای ئەوەی خاوەن سروشت و دیمەنی دڵڕفێن و جوانەو گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیە هەرگیز نەحەساونەتەوەو هەمیشە زوڵم و زۆری حکوومەتەکانیان لەسەر بووە، کارەساتە گەورەکەش لەوەدا بوو کە هەمیشە تۆپباران کردن و بۆردومانی بەردەوامی ڕژێمی فاشییان لەسەر بوو، پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفالیش دەست پێدەکات، ئنجاش کچەکە فێرکردنی منداڵانی گوندەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، گەرچی پێشمەرگەکان سەرەتا تەگەرە دەخەنە بەردەم ئیشەکەی، چونکە گومانی ئەوەیان لێی هەبوو، کە هێشتا پێوەندی بە ڕژێمەوە مابێت، لەبەرئەوەی کچێکی عەرەب و بەعسی بووە، بۆیە نووسەر دەڵێ: (چەندین بێ تاوان بە شۆڕشەکەو بە دروشمە بریقەدارەکانیان هەڵخەڵەتان و دوورن لە ڕاستی و وردەکاریی و ئەمانەتەوە، زنجیرەی دروشمەکان هەرگیز تەواو نابن و بەردەوامن و بازاڕی حزبەکان گەرمە مادامێکی نەزانین بەسەر خەڵکیدا زاڵە و ڕۆحی دۆڕان و هەست کردن بە کەمی و ڕق و کینە تێیاندا باوە...)ل١٢٨، بەڵام (حەنان) سەرەڕای ئەوەش سوور دەبێت و بەرەنگاری ئەو ئارەزووە ناجۆرە دەبێتەوە، هەڵوێست و دڵسۆزی خۆی دەنوێنێ، دایکی لە گوندەکە سەردانی دەکات و گلەیی لە حاڵ و وەزعی دەکات کە بەو جۆرەی لێهاتووە، ئەو جۆرە ژیانەی هەڵبژارد، بەڵام ئەو وەڵامی دایکی دەداتەوە، چونکی لە ترسی گرتنی (شازاد) و کوشتنی لە زیندانەکانی ڕژێم بۆ ئەم گوندە هەڵهاتوون، ڕژێمیش سوورە لەسەر ئەوەی ناوچەکە لە خەڵکی چۆڵ بکات و پەلاماری گوندەکان دەدات و هاووڵاتییە بێ گوناهەکان دەستگیر دەکەن و ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکانیان دەکەن، یان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان، لێرەدا ڕۆمانووس بەراوردێک دەکات لەنێوان ئەوەی لەوێ ڕوودەدات، لەگەڵ ئەوەی لە دەوڵەتی (نارامسین) ڕووی داوە: (بێ گومان شارستانی کۆن

لێرەدا کە بە هەڵاتنی (نارامسین) دەست پێدەکات و دروست کردنی فەرمانڕەوای دوور لە بابل کۆتاییەکی دڵخۆشکەر نەبوو.. ئەوانیش تووشی کارەسات و لەناوچوون بوون و فەوتان و نەمان، شارستانییەکەش وەکو تەنیا برە گوندێکی لێ مایەوەو پەیکەرێک کە هێمای سەردەم و بوونیانە بەر لە دوو هەزار ساڵ پێش زایین، یان ئەو جەنگانەی کە نارامسین تێیاندا سەرنەکەوتبوو) هەر لەوکاتەدا خوشکەکەی (شازاد) (بەهرە) لە قەرەداخ سەردانیان دەکات، ئیدی دواییش ڕێگای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لێ دەگیرێت، چونکی سەرجەم ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە گەمارۆ درابوو، دەست بە کوشتن و برینی خەڵکی و مەڕوماڵات و سووتاندنی گوندەکان و ڕاوەدوونانی زیندووەکان دەکەن، لەم پرۆسەیەدا جاشەکان بەشداری دەکەن، سەرجەم خەڵکی ئەو گوندەی ئەوانی لێن دەستگیر دەکرێن و بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان دەبەن، لە نێوانی ئەوانیشدا (شازادو حەنان و بەهرە)و گوندەکان تووشی ڕۆژانی ڕەش دەبن لە مێژووی خۆیاندا.. دواجاریش دەکەونە بۆسەی جاشەکانەوەو وەکو نێچیر (حەنان) دەگرن و بە جوانییەکەی شاگەشکە دەبن، هەروەها (بەهرە)ی خوشکی شازادیش، ئیدی هەردووکیان لە شازاد جیا دەکەنەوەو چاوی شازاد لەگەڵ پیاوەکانی دیکەدا دەبەستنەوەو بەرەو ئاقارێکی نادیار دەیانبەن، ئەو جاشانە بچووکترین واتای بەزەیی و ڕەحمیان تێدا نەبوو، ئێستا لە کوردستان تەراتێن دەکەن بێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، دەبا ئەم تاوانە چەپەڵەی ئەم جاشانە بخوێنینەوە کە دەرهەق ئەو دوو ژنە ئەنجامیان داوە، گەرچی دەیان تاوانی ئاوهایان بەبێ ویژدانانە ئەنجام داوە، باشە کێ سزای ئەو تاوانبارانە دەدات کە لەنێوانماندان و ئێستاش دەژین کە بەقەد بەعسییەکان تاوانبارن؟ دوای هەموو جاشەکانی مەفرەزەکە دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر هەردوو ژنەکە، گەرچی (حەنان) سکی پڕبوو، دوای ئەوە دەیاندەنە دەستی سوپاوە، پاشان لەگەڵ ژنەکانی دیکە وەکو (سەبی) دەیانبەن و پێیان دەڵێن: «هەموو حوکمێکتان بەسەرا دەدەین چونکێ ئێوە ژنی ئەو خۆفرۆش و کافرانەن، ئێوە لە جەنگا دیل کراون، بۆیە مامەڵەی (سەبی)تان لەگەڵدا دەکەین». ژنەکان نەیاندەزانی وشەی (سەبی) بە کوردی واتای چییە، بەڵام (حەنان) تێگەیشت ئەوە گەڕانەوەی مێژووی چینایەتی و شەڕەنگێزی خێڵەکییە لە چەرخی نوێدا، هەروەها شۆڕشەکانی کۆیلەکان و فرۆشتنی ژنان لە بازاڕی لەشفرۆشیدا بەپێی پەتی و هەرزان فرۆشکردنیان، هەروەها سووکایەتی کردن بە کەرامەتی مرۆڤایەتی و زۆر لەو کردەوانە کە مێژوو شەرم دەکات باسیان بکات و لێرەدا نووسەر پرسیار دەکات و دەڵێ (سووچ و گوناهی ئەوان چی بوو کە دیکتاتۆر لە ئیسلام دەریان بکات و یاسای جەنگیان بەسەردا بسەپێنێ، بەتایبەتی ئایەتەکانی ئەنفال، ئەی زانای ویژدان زیندووەکان لەکوێ بوون؟ ئێوە لەکوێ بوون ئەی ڕۆحی ژیان و ڕووناکایی کۆمەڵگاکان، ئایا دیکتاتۆر ویژدان و ئایینی ئێوەشی بە نرخێکی هەرزان و کەلوپەلێکی لەناوچووی ژیان کڕی؟ ببینن فیرعەونی عیراق چی بە میللەتێکی موسڵمان کردو بردنی بۆ ئۆردوگاکانی مەرگ و دەستدرێژکردنی سێکسی) ل١٦١.

(حەنان) لەناو پاسەکانی مەرگدا لە ڕێگە منداڵی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، یەکێ لە سەربازەکان سونگییەکەی خۆی دەردەهێنێت و ناوکی منداڵەکەی پێ دەبڕێت، ئەنجا منداڵەکە دەبات و لەدایکی دووری دەخاتەوەو بێ ئەوەی گوێ بداتە گریان و هات و هاواری ژنەکان، بۆ گەڕانەوەی مەلۆتکە بۆ دایکی و سەربازەکە داوا لە سایەقەکە دەکات تا دەرگاکە بکاتەوە، لە دەرگا کراوەکەوە منداڵە مەلۆتکەکە تووڕ دەداتە دەرەوە، ئەمانە چ دڕندەیەکن کە حزبی بەعس و بیروباوەڕی عرووبی توندڕەو و سەدام و دەستوپێوەندە تاوانبارەکانی پەروەردەی کردوون؟ ئەم کچە عەرەبە بەچاوی خۆی دەبینێ کە چۆن منداڵەکەی لەلایەن هاوخوێنە تاوانبارەکانییەوە دەکوژرێ و دواجاریش بەرەو قەڵای مەرگ (نوگرە سەلمان)دەیانبەن لەو بیابانە. پیاوەکان لەناو دەبەن و دەستدرێژیش دەکەنە سەر کچ و ژنەکان و دەسەڵات بەسەریاندا دەگرن، وەکو کەنیزەو ئافرەتی دیلکراوی جەنگ.. بە درێژایی شەو ژنەکان خەویان لێ ناکەوێت، (هەر کە چاویش دەکەنەوە، زیندەوەری نا ئادەمییانە و دڕندەی کێوی هار و شێت دەبینن، (حەنان) ناسنامە عەرەبییەکەی خۆی لە جەلادو دڕندەکان دەشارێتەوە، لە نێوان ژنەکاندا دەژی وەکو نموونەیەکی

بەرگری و خۆراگری و نائومێد نەبوون لە ژیان و ئەویش لە دەستدرێژی کردنی سێکسی ڕزگاری نابێ و زۆری لێ دەکەن، سەرەڕای ئەوەی باری زۆر خراپ دەبێت و چەند جارێکیش لە مەرگ نزیک دەبێتەوە، جوانییەکەی لەوانی دیکە تووشی زۆر گیرگرفتی دەکات، سەربازەکان بەردەوام دەبن لە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئەو و ژنەکانی دیکە لەو ئۆردوگای مەرگەدا، لەو کاتەدا لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە بڕیار دەردەچێت ژنە جوانەکان وەکو کەنیز بە هەندێ دەوڵەتی کەنداو بە تۆڕە سۆزانییەکانی ڕۆژهەڵات بفرۆشرێن، هەندێ لەو ژنە جوانانە بە سەماخانەکانی یەکێک لەو وڵاتانە دەفرۆشن، (حەنان و بەهرە) ناچار دەکەن لەگەڵ ژنەکانی دیکە کاری ناشیرین ئەنجام بدەن، (بەهرە) هەر لە حەفتەی یەکەمەوە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت و لە یەکێک لە قاوشەکانی ئەو شوێنە تایبەتە گیان لەدەست دەدات و (حەنان) بە تەنیا دەمێنێتەوە تا بەو ئێش و ئازارەوە بتلێتەوەو ئەم دەست و ئەو دەستی بازرگانەکانی لەشفرۆشی دەکات، هەر لەو کاتەدا ئەو ڕاستییانەی کە دیونی تۆمار دەکات تا بیانگەیەنێتە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، یان بۆ هەر لایەنێکی نزیک، بۆ ئاشکراکردنی ئەو تاوانە دڕندانەیە، شەوێکیان بەرەبەیان دەتوانێ لە سەماخانەکە و ئەو شوێنەی بۆ سۆزانییەکان دابینکراوە ڕابکات و هەموو ڕاستییەکانی تاوانی ڕژێمی فاشی لەلا دەبێت، بەڵام دەستی تاوان دەیگاتێ و لە چەند دەقیقەیەکدا دەیدۆزنەوەو بە ئوتومبیل دەیشێلن و دەیکوژن و بەمەش دەیانەوێت ئەو تاوانانە بشارنەوە..ئەوەی ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە، ئەگەر ڕۆمانی (سەعات بیست و پێنج)ی کۆنستانتان جۆرجیۆی خوێندبێتەوە، ئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نادۆزێتەوە، تەنیا بە ژمارەی لاپەڕەکانیان نەبێت، ئەگەرچی (جۆرجیۆ) پتر پەنای بردووەتە بەر خەیاڵ، بەڵام (ڕزگار کەریم) پەنای بردووەتە بەر ڕاستییەکان، بە ڕاستی ئەم ڕۆمانە شایانی خوێندنەوەیە، بەتایبەتی دەقە عەرەبییەکەی بۆ ئەوانەی عەرەبی دەزانن، هەروەها دەقە کوردییەکەشی شایانی خوێندنەوەیە.

# جێناوی خۆیی

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی ئەڵمانی

ئاسۆس ئەنوەر سلێمان

### دەسپێک

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەنگاوێکی بچووکە بۆ خستنەڕووی لایەنی لێکچوون و جیاوازیی دوو زمانی سەر بە هەمان خێزانە زمان، کە خێزانی (هیند و ئەورووپی)یە، هەربۆیە بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی دادەنرێت. کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیەش بۆ زمانی کوردی تەنیا دیالێکتی (کرمانجی ناوەڕاست) وەرگیراوە و لەگەڵ زمانی ئەڵمانیدا بەراورد کراوە.

### ١- جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا

پێناسە: یەکێکە لە جۆرەکانی بەشە ئاخاوتنی «جێناو»، ئەوکاتە بەرجەستە دەبێت، کە بکەر و بەرکار هەمان (کەس) بن لە ڕستەدا، لەوێدا چاڵ و شوێن بەرکار دەگرێت.

(سەعید سدقی کابان) لەکتێبی (موختەسەری سەرف و نەحوی کوردی)(١)دا بە «حرفان مرکب» ناوی بردووە و دەڵێت: «حرفان مرکب- حرفانیکن لەیەک حرف زیاتر بن و مانایان هەبێت»، واتە لێرەدا ناوبراو (خۆ)ی بە حەرف داوەتە قەڵەم نەک جێناو. (تۆفیق وەهبی) لە کتێبی (دەستووری زمانی کوردی)«٢»دا دەڵێت: «بۆ ناوی خۆیی بۆ ناوێکی لێکدراوە بۆ تەئکیدی کەسەکان، یان بۆ هی ناو بە کەڵک ئەهێنرێت»، (نووری عەلی ئەمین)یش لەکتێبی (ڕێزمانی کوردی)«٣»دا دەڵێت: «ئەو ڕاناوانەن کە لەبری کەسێ، یان شتێ، یان بۆ تەوکیدی ناوێ، یان ڕاناوێکی تر بەکار ئەهێنرێن». ئەوەی بەرچاو دەکەوێت لە نووسینی زمانەوانانی کورد سەبارەت بە جێناوی «خۆیی» ئەوەیە. کە جگە لەوەی چەند پێناسەیەکی جیاجیایان بۆی داناوە، تەنانەت لە

ڕووی فـۆڕمـــیـــشـــەوە بـوونەتە دوو بەرە، هەروەک (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی، بەشی «جـێناو»)«٤»دا دەڵێت: «کـۆمـەڵـەی یەکـەم بە دروستی بۆ دیاری کردنی فۆڕمەکە چوون، کەوا (خۆ) یان بە جێناوی خۆیی داناوە، بەڵام ئەمانیش ناتەواوی تریان زۆرە. هەرچی کۆمەڵەی دووەمە وایان داناوە کە «خۆم، خۆت... خۆیان) جێناوی خۆین نەک (خۆ).

بە بۆچوونی من دروستــە کە بڵـێین فـۆرمی سـەرەکی جێناوی خۆیی بریتـییە لە «خۆ»، کاتێکیش بە (خۆم، خـۆت...تاد) دەبینرێت ئەوەی دوای گـەردان کـردنیـەتی لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا، کە دیارە ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتییە زۆرانەی کە جێناوی خۆیی هەیەتی.

١-١ جێناوی خۆیی لە ئاستی وشەسازیدا

١- جـێناوێکی لکاوی دەسـتـەی (خـاوەنی) پێـوە دەلکێ، بە مەبەستی دیاریکردنی کەس و ژمارەی جێناوە خۆییەکە. بەم شێوەیە:

خۆ+ م ← خۆم ← تاک + یەکەم کەس
خۆ+ت ← خۆت ← تاک + دووەم کەس
خۆ+ی ← خۆی ← تاک + سێیەم کەس
خۆ+ مان ← خۆمان ← کۆ + یەکەم کەس
خۆ+ تان ← خۆتان ← کۆ + دووەم کەس
خۆ+ یان ← خۆیان ← کۆ + سێیەم کەس

٢- لەگەڵ مۆرفیمی (ش، یش)دا:
کەوا بەم شێوەیە دەچێتە سەر جێناوی خۆیی:
أ- جـێناوی خـۆیی+ ش + جـێناوی لکاوی دەسـتـەی یەکەم.
خۆ + ش + م ← خۆشم
خۆ + ش + ت ← خۆشت

ب- لە کـاتی دەرکـەوتنی جـێناوی لکاوەکـەدا، ڕاستـەوخۆ لەدوای جێناوی خـۆیی، ئەوە فـۆرمـەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت=
خۆ + جێناوی لکاو+ یش
خۆ + مان + یش ← خۆمانیش، خۆمیش
خۆ + مان + یش ← خۆتانیش، خۆتیش
بەڵام لەگەڵ سێیەمین کەسی (تاک و کۆ)دا بەم شێوەیە دەردەکەوێت.
خۆ + (ش، یش) + جێناوی لکاو.

خۆ + (ش، یان یش) + (ی یان، یان)
(خۆشی) یان (خۆیشی) ــ بۆ سێیەمی کەسی تاک.
(خۆشیان) ــ بۆ سێیەمی کەسی کۆ.

٣- بەشـداریکردنی جـێناوی خـۆیی لەسـازکـردنی وشەدا.«٥»
أ- جێناوی خۆیی+ پاشگر ← خۆ+یەتی = خۆیەتی
ب- جێناوی خۆیی+ ناو ← خۆ + جێ= خوجێ

٤- بەشداریکردنی لەدروستکردنی ناوی کارا.
جێناوی خۆیی + ڕەگی کردار ← ناوی کارا
خۆ + بەخش ← خۆ بەخش

١-٢ جێناوی خۆی لە ئاستی ڕستەسازیدا:

١-٢-١: بۆ تەئکید کردنەوە.

لە هەندێک ڕسـتـەدا جـۆرێک لەگـومـان لای گـوێگر دروست دەبێت، بۆیە بۆ لابردنی ئەم جۆرە گومانە قسەکەر بە پێویستی دەزانێ، کە جێناوی خۆیی لەپاڵ ناوەکە، جا چ لە ڕۆڵی کـارادا بێت، یان بەرکـار، بەکـاربهـێنێت، بەم شێوەیە:
لە بری ڕستەی، ئازاد دیوارەکەی ڕووخاند.
دەڵێیت: ئازاد خۆی دیوارەکەی ڕووخاند.
یان بۆ ڕستەی: ئازادم بینی.
دەڵێیت: ئازاد خۆیم بینی.

١-٢-٢ ئەرکی کارا. (خۆت خۆتت سووتاند)«٦»

لێـرەدا (خـۆ)ی یەکـەم وەک کـارا لە ڕسـتــەکــەدا دەرکەوتووە و کارێکی بەسەر (خۆ)ی دووەم ئەنجام داوە کە بەرکارە، ڕەنگە لێرەدا پرسیـارێک بێـتە ئاراوە، کە ئایە بۆچی ڕستـەکـەی سـەرەوە بەم شـێـوەیە نەبێت، (تۆ خۆتت سووتاند)، ئێمە دەڵێین ڕاستە ئەمەیان پتر بەرچاو دەکـەوێت، بەڵام بەکـارهێنانی ڕسـتـەی یەکـەمـیش نـاڕێزمـانی نیـیـە و دوای ئەمـەش ڕەنگە بارودۆخی قسەکردنەکە و لەوە پێشـتـر وا بخوازێت کە قسەکەر بۆ پتر جەختکردن (خۆت)ی لە شوێنی تۆ بەکار هێنابێت.

١-٢-٣: ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ.
١- ئەو خۆی ئامادە کرد.
٢- (تۆ خۆت کوشت)، یان (تۆ خۆت کوشت)
لەم ڕسـتـانەدا (خـۆ) ڕۆڵی بەرکـاری بینیـوە، هەمـان

کەسە، یان هاوئاماژەیە لەگەڵ کارای ڕستەکە.

١-٣-٤ ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
١- خواردنێک بۆ خۆت ئامادە بکە.
٢- بەرگێک بۆ خۆت بدوورە.
٣- جارێک لەخۆت بپرسە.
لەو ڕستانەی سەرەوەدا جێناوی خۆیی بە یارمەتی پێشبەند بووەتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

**٢- جێناوی خۆیی لە زمانی ئەڵمانیدا**

٢-١: تاریف: «ئەو فۆرمەیە کە لە ڕەنگدانەوەی، یان کۆبوونەوەی کارا و بەرکار لە یەک کەسدا دەردەکەوێت و خۆشی لە هەمان کەسدا دەبینێتەوە کە بکەری ڕستەکەیە».

– فۆرمی سەرەکی جێناوی خۆیی بریتییە لە (Sich) کە تەواو بەرانبەر (خۆ)ی کوردی دەوەستێت لەڕۆحی واتاوە، بەڵام دەبێت بەدوو دەستەوە، کە لە هەردوو دەستەکەدا تەنیا لە یەکەم کەس و دووەمی کەسی تاک لە ڕووی فۆرمەوە جیاوازی نیشان دەدەن، وەک لەم خشتەیەدا دەبینرێت.

| dativ جێناوی خۆیی Akkasativ | | | | جێناوی کەسی سەربەخۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| da. د. بەرکاری ناڕاستەوخۆ | | Akk. د. بەرکاری ڕاستەوخۆ | | | |
| mir<br>dir<br>sich | تاک | mich<br>dich<br>sich | تاک | ich<br>du<br>er/sie/es | یەکەم<br>دووەم<br>سێیەم |
| uns<br>euch<br>sich | کۆ | uns<br>euch<br>sich | کۆ | wir<br>ihr<br>sie | یەکەم<br>دووەم<br>سێیەم |

لە سازکردنی وشەی لێکدراودا بەم شێوەیە بەشداری دەکات:
جێناوی خۆیی + چاوگ= ناوی لێکدراو.
Sich + taten ــ Sich tuten ــ خۆکوشتن
Sich + mogen ــ Sich mogen ــ خۆویستن

٢-٢: جێناوی خۆیی لە ئاستی ڕستەسازیدا.
لەم ئاستەی زماندا، هەردوو دەستەکەی جێناوی خۆیی، ناکرێت لە شوێنی یەکتر بەکار بهێنرێن، بەئاڵوگۆڕکردنی شوێنیان، ڕستەکە ڕێزمانی بوونی خۆیی لەدەست دەدات، بۆیە بۆ هەریەک لە دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ کامە دەستە دروستە بەکاربێت، بۆ ئەمەش ڕێگایەکی باش بۆ دەستنیشانکردنی دەستەی جێناوەکان پرسیارکردنە، بەم شێوەیە: دەپرسین:

Wem wasche ich die?

من چی دەشۆم؟
ئایا کام لەم دوو ڕستەیەی خوارەوە دروستن؟

1- ich wasche mir die fuBe.
2- ich wasche mich die fuBe.

«من قاچی خۆم دەشۆم»
دەردەکەوێت کە ڕستەی یەکەم دروستە، چونکە دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، بۆیە پێویستە جێناوێکی دەستەی تایبەت بەم دۆخەی بۆ بەرکار بهێننرێت.

٢-٢-١: ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ

1- ich habe mich einmal im spigel angesehen.
بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ
من خۆم یەکجار لە ئاوێنەدا بینی.

2- Ich hab mich geschamt. بەرکاری ڕاستەوخۆ
من شەرمم لەخۆم کرد.

3- Frag dich Selbe, ob
بەرکاری ڕاستەوخۆ
du das machen kannst oder nicht?
بکەر
پرسیار لەخۆت بکە، کە ئایا تۆ دەتوانیت ئەوە بکەیت، یان نا؟

٢-٢-٢: ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

1- Er Washt Sich die fuBe.
بکەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ
ئەو قاچی خۆی دەشوات.

2- wir waschen uns die fuBe

**بەرکاری ناڕاستەوخۆ          بکەر**

ئێمە قاچی خۆمان دەشۆین.

### لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە

دیارە کە دوو زمان بەراورد دەکرێن، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەوەیە کە دەبێ سەرەڕای جیاوازی، هەندێک لێکچوون لەنێوان ئەم زمانانەدا هەبێت لەو بابەتەی کە بەراوردیان دەکەیت، خاڵی لێکچوون کە هەبێت ئەوەیە، لەڕووی واتاوە، فۆرمی جێناوی نیشانە هەمان واتای هەیە لە هەردوو زمانەکەدا و لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا بەشدارن، هەروەها لەزمانی ئەڵمانیدا پێناسەیەکی وای ئەم جێناوەیان کردووە کە زۆر لەو پێناسانەی زمانەوانە کوردەکان بۆ زمانی کوردیان داناوە نزیکە، هەروەها لە بینینی ئەرکیش لە ئاستی ڕستەسازیدا دیسان زۆر لێک نزیکن، بەتایبەتی لە ڕۆڵی بەرکاری (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)دا. دەربارەی خاڵە جیاوازەکانیش لەزمانی ئەڵمانیدا، بۆ هەردوو دۆخی بەرکاری «ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ» دوو دەستە جێناوی خۆیی جیاواز دەبینرێت، لەکاتی بینینی هەر دەورێک لە ڕستەدا دەبێ ئەو جێناوە خۆییانەی تایبەت بەم دۆخەی کە تێیدایە بەکاربهێنرێت، هەروەها جێناوی خۆیی لەزمانی ئەڵمانیدا شوێنی بکەر ناگرێت.


**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- سەعید صدقی کابان، مختصرصرف و نحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨، ل٦٧.**

**٢- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم (دار الطباعة الحدیثة)، بغداد، ١٩٢٩، ل١١٢.**

**٣- نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٢٧.**

**٤- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی دووەم (جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٣٢- ٢٣٣.**

**٥-بەدرخان سلێمان عەلی، جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی ابن روشد، ٢٠٠٦، ل٢٢.**

**٦- هەمان سەرچاوە، ل١٢٢-١٢٣.**

**1- Inrernet, Deutsche Grammatik Pronomengruppen. htm, Reflexivpronomen.**

**2- Internet, frau lizz Caplan carben- Reflexivpronuns.**

**3- Joachim fernau, Ein Fruhling in florenz, Roman, 1975. P.46.**

# فەلسەفەی یەکڕەنگی ڕێبازی ئەفلاتوونیزمی نوێ (فیلۆن و ئەفلۆتین)

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

## سەرەتا

١- هەندێک جار چەند ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی، چەند ئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە، کە بەهیچ جۆرێک بەشێک نەبوون لە ئامانج و نیازی ئەو هەڵمەت و هێرشانە کە هۆکاری بەرپابوونی ڕووداوەکان بوون، بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار و لەگەڵ پەرەسەندنی هەلومەرج و ڕەوشی ناوچەی ڕووداوەکە ئەو ئەنجامانە دەبنە بنەمای کولتوور و شارستانیەتێک سنووری ڕێتێچوون و چاوەڕوانکراوەکە دەبەزێنن و خۆیان بەگەورەیی و کاریگەریی دەمێننەوە، کەچی ڕووداوە سەرەکییەکە خۆی تاڕادەیەک لەخانەی لەبیرچوونەوەدا تۆمار دەکرێت.

هێرشە سەرکەوتووەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ئێران بە تایبەتی و تێکڕای ڕۆژهەڵاتی کۆن بەگشتی، نموونەیەکە ڕاستی ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە. بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، لەلایەکی ترەوە دیاردەی داهێنەری شارستانیەتی سەدەکانی ناوەڕاست لە بەغدا و دەوروبەری: هزر و فەلسەفەی یۆنان بە هۆی هێرشەکانەوە بەرێکوپێکی تێکەڵی ئایین و داستان و دەروێشی ڕۆژهەڵات بوو.

بەپێی سەرچاوەکان ئەسکەندەری مەکدۆنی کە لەسەرچاوە فارسییەکاندا بەزولقەرنەین و لەسەرچاوە ئەوروپاییەکاندا بە ئەسکەندەری مەزن ناودەبرێ، لەلای ئەرستۆتالس فەلسەفەی خوێندووە، بە دە ساڵ (لەنێوان ساڵی ٣٣٤- ٣٢٤ پێش زایین) ئاسیای بچووک و سوریا و وڵاتی فارس (ئێران) و بابل و سەمەرقەند و بوخاراو (Baktrien) پێنجاب و دۆڵی نیل (میسری) داگیرکردووە. مەملەکەتی ئێران کە ئەوسا گەورەترین

قەڕاڵ بووە لە سێ بەرەنگاربوونەوەدا لەناوچووە.

لەو شوێنانەی گرتوونی شار و پۆستی یۆنانی زمان و کولتووری دامەزراندووە. زانست و ئەفسانەکانی بابل، ئایینی دوو ڕەنگی زەردەشتی، ئایینە جۆراوجۆرەکانی هیندستان و دەروێشی و ئەفسانە و داستانەکان تێکەڵ بە فەلسەفەی یۆنانی بوون، تەنانەت وەک لۆرد ڕەسڵ وتوویەتی، بابل بەتایبەتی و دۆڵی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات (میسۆپۆتامیا) تاوەکو هاتنی ئیسلام دەستبەرداری کولتوور و زمانی یۆنانی نەبوون(١). جگە لەمانە چەندین قوتابخانەی تری فەلسەفە و لاهووت لە ئەسکەندەرییە و ڕەها و نوسەیبین و جوندیساپوور پەیدابوون و پەرەیان سەندووە. ئەم کرانەوەیەی دەروازەی ڕۆژهەڵات لەبەردەم، کولتوور و فەلسەفەی یۆنانی (ڕۆژهەڵات) ئەو قۆناغەی دروست کرد کە بە قۆناغی هیلنستی ناودەبرێ: لەم قۆناغەدا ڕەسەنێتی فەلسەفەی یۆنان لەدەست دراوە، گەلی یۆنان دەرگای جیهانێکی تری لەبەردەمدا کرایەوە کە پێشتر ئەوەندەیان لەبارەیەوە نەدەزانی. جیهانی دەروێشی و داستان و ئەفسانە و ئایین. لەم کەشوهەوایەدا فەلسەفە، بەهۆی ڕۆژهەڵات و کولتوورەکەیەوە، بوون بە جۆرێک لە ئایین(٢) و بڕوا. دوای مردنی ئەسکەندەر (ساڵی ٣٢٣ پێش زایین) مەملەکەتەکەی پارچە پارچە کرا. وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست کولتووری یۆنانیان تێدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام یۆنان هەر خۆی بە پۆست و مەڵبەندو ناوەندی سەرەکی فەلسەفە ماوەتەوە. شان بەشانی ئەم مەڵبەندە ئەسکەندەریەی وڵاتی قیبتییەکان کە دوای بەعەرەب کردنی، ناوی میسری لێ نرا، مەڵبەندێک بووە لەو مەڵبەندانەی کولتوور و سیاسەت و هونەر و ئایین و زانست و فەلسەفە کە شانی لە شانی یۆنان داوە.

٢- دیاردەکەی تری هێرشەکانی ئەسکەندەر بۆ سەر ناوچەکە بڵاوبوونەوەی ئایینی عیسایی (مەسیحی) بوو. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی فەلسەفەی دوای قۆناغی یۆنان جەنگ و هێرشە کاولکارە خوێنڕێژییەکانی ئەسکەندەر ناوچەکەی بە تەواوەتی کاول کردووە. هەرچی پۆست و مەڵبەند و ناوەندی بەرگری کردن و هێزی چەکدار بووە لەناوچووە. دوای مردنی لە ناکاوی ئەسکەندەر خۆی ناوچەکە پارچە پارچە بووە و دەسەڵاتێکی سەرتاپاگیری جارانی تێدا نەماوە. ئایینی جوولەکە لەبەر ئەوەی ئایینی گەل و تاقمێکی هەڵبژێردراوە و ئەوی عیبرانی نەبێ لەو ئایینەدا پەسند ناکرێ و وەرناگیرێ، ئەم دوو خاڵە دەرفەتی بۆ مەسیحییەکان ڕەخساندووە لەناوچەکەدا بڵاوبینەوە و دێر و کڵێسە و قوتابخانەی فرە ڕەنگ و زەبەندە بکەنەوە. ئەگەر ئەسکەندەر ناوچەکەی بەو جۆرە تەخت نەکردبایە، مەسیحییەکان نەیاندەتوانی وا بەئاسانی ئەو کاتە و لەو ناوچەیە بڵاوبینەوە. لەو مەڵبەند و قوتابخانەی مەسیحییەکان، بەتایبەتی لە ئەو پۆست و قوتابخانە و مەڵبەندانەی مەسیحییە نەستوورییەکان کردبوویانەوە خۆری ئەو بزاڤە کە بە بزووتنەوەی وەرگێڕانی کەلەپووری یۆنان ناوبراوە، بەدەرکەوتووە و جیهانی سەردەمی عەباسییەکانی ڕووناک کردووەتەوە و ئەو جیهان و شارستانیەتەی بەزمانی عەرەبی بۆ عەرەبەکان بنیاد ناوە کە بەسەدەی زێڕینی ناودەبەن، ئەگەرچی لەزمانەکە بەولاوە هیچ شتێکی تێدا نەبووە تایبەتمەندی عەرەبی ساغ بکاتەوە، زمانی عەرەبیش وەک زمانی لاتینی ئەورووپا، زمانی ئایینی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، مەڵبەندەکانی خوێندنیش مزگەوت و حوجرە و خانەقاکان بوون، لەنێو ئەو مەڵبەندانەشدا زمانی عەرەبی خوێنراوە بۆ تێگەیشتنی قورئان و حەدیس. جگە لەوەی زمانی عەرەبی زمانی ئایین بووە، زمانی تێگەیشتن و پێوەندی ئەو کەمە خوێندەوار و مەلا و ڕووناکبیرانەی ئەو نەتەوە جیاوازانە بوون کە بەهۆی ئایینەوە دەستبەرداری کولتووری نەتەوەیی خۆیان بوون و زمانی عەرەبی بووە بەو زمانەی بەرهەمەکانیان پێ نووسیوە. کەچی ئەمڕۆ هەموو ئەو بیرمەندانە و بەرهەمەکانیان بەناهەق بەعەرەب و عەرەبی دادەنرێن. هەلومەرجی ئەوسا و گەرموگوڕی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە، سڕینەوەی کولتووری ئەو میللەتانەی کە کراون بە موسڵمان، نەخوێندەواری زۆربەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی گەلەکانیان، ئەو ئاسانکارییانەی کاربەدەستانی سیاسی هێزی حوکمڕانەکان کە بۆ ئەم مەلا خوێندەوارانەیان دابین کردووە، ئەوەندەی تر زمانی زگماکی خۆیانی لەبیر بردوونەوە و هانی داون بەزمانی عەرەبی بنووسن. ئەگینا بۆ دەبێ فارابییەکی شیعەی ئازەری و بوعەلی سینای بوخاری و غەزالی ئەفغانی و ڕازی ئێرانی مەلای

شـارەزووری کـورد کـە بە (ئیبن سـەلاحی! شـارەزووری) ناسـراوە و کندی بن جـوو، ئیبن خـەلدوونی ئەمـازیغی (بەربەر) بخرێنە نێـو خـانەی ئەو کـولتـوورەی سـەردەمی عـەبباسی کـە بەناهەق بەکـولتـووری عـەرەب ناودەبرێ؟! ناونانی کـولتـوور و شـارسـتـانیـەتی سـەدەی زێڕینی سەردەمی عەباسی بە شارستانیەت و کولتووری عەرەب، ناهەقییەکە لە دەورو ڕۆڵ و بەشداری کردنی بیرمەندانی ئەو نەتەوانە دەکرێ کە بوون بە موسڵمان و بە عـەرەبی، کـە زمـانی لاتینی ڕۆژهەڵات بووە، نووسـیویانە. ڕاستـە بزاڤی وەرگـێڕان لەزمـانی یۆنانی و فـارسی و هیندی و سریانییەوە لەسەرەتادا لەلایەن هاروونە ڕەشید و دوای ئەم لەلایەن مەئموونەوە هان دراوە و یارمەتی پێویستیان بۆ دابین کراوە، بەڵام ئەم بزاڤە بەدەگمەن نەبێ عەرەبێکی تێدا نەبووە!

ناکـرێ ئەو ڕاسـتـیـیـەش فـەرامـۆش بکرێت کـە ئەو کولتوورەی ئەو سەردەمەی عەباسی کە بەزمانی عەرەبی تۆمـارکـراوە هەر لە بابەتی هونەرەوە تاوەکـو ئەدەب و فـەلسـەفە و زانست و سیاسەت لەزمانەکە بەولاوە، هیچ تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ کە کارەکتەری نەتەوە و ژینگە و دەوروبەری عـــەرەبی پشت ڕاست بکاتەوە. بە باوەڕی من ئەگـەر مـرۆڤ لە ڕوانگەیەکی زانسـتـیـیـانەوە ئەو بەرهەمـانە هەڵبـسـەنگێنێ، بەدەگمەنیش لایەن و ناوەرۆکێکی نەتەوەیی عەرەبییان تێدا بەدی ناکات. بەشداربووانی بنیادنانی ئەم کولتوورە لە نەتەوە و زمـانی جـیـاوە هاتوون و خـامـەکـانیـان بەعەرەبی خستووەتە کار، بۆیە ئەم کولتوورە دەکرێ پتر بە کـولتـووری کـۆسـمـۆپۆلیـتی Kosmo Politismus ناوببرێت.

٣- ڕاسـتـیـیـەک هەیە و هیچ ئەگـەر و گـومـانێک هەڵنـاگـرێ، بزاڤی نەتەوەیی توند و تۆڵ بەچینێکی کـــۆمـــەڵایەتیـــیـــەوە گـــرێدراوە. لەســـەردەمی عـەبباسـیـیـەکـانیـشدا ئەو چینە خەتو خاڵی نەداوە و لەدوایـیشدا نەهێشترا خەتوخاڵ بدات. فەتواکانی ئیبن تەیمیـــە و ئیبن ســەڵاحی شــارەزووری و هەڵوێســتی موحـافـەزەکـاری سـەلەفی ئەبوو حـامـیـدی غـەزالی ئەم بەربەست کـردنەی دەرکـەوتنی ئەو چینەیان بەرجـەسـتـە کردووە.

ئەوەی وای کـردووە ئەو جۆرە کـەسانە ئەم فـەلسـەفە و کولتـووره بەهی عـەرەب دابنێن، ئەو هەڵەیە بووە کە تێی کــەوتوون، هەڵەی تێکەڵکردنی ئایین و کــولتـــوور و شــارســتــانیــەت (Zivilisation). ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ناکرێ بە بەشێک لەکولتوور و کەلەپوور و شـارسـتـانیـەت دابنرێت. ئەو نەتەوە پەرسـتـە عـەرەبانە زۆربەیان بەڕەچەڵەک عـەرەب نین و کـە کـاتی خـۆی لە سـوریا دروشـمی لە زایۆنیـزم خـواسـتـراوەی نەتەوەیی عەرەبیان هەڵگرتبوو، داوایان دەکرد کە ئایینی ئیسلام بە بەشـێکی کـەلەپووری عـەرەب دابنرێت، بۆ مـەبەسـتـێکی دیاریکراو پەیڕەو و میـتۆدە زانسـتیـیە- مێژووییەکەیان پشـتگوێ خسـتـووە. نە ئایینی ئیـسـلام بە تەنیـا هەر ئایـیـنی نەتەوەی عـــەرەبە و نـە ئایین بەشـــێکە لە شـارسـتـانیـەت و تەمـەدون. ئەگـەر مـرۆڤ بەوردی لە پێکهاتەی ئایینی ئیسلام بکۆڵێتەوە، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکـەوێ و بۆی ڕوون دەبێـتـەوە کـە جگە لە لایەنی تایبەت بە عـەرەب، لایەن و ڕەگەزی تری نا عـەرەبی تێدا دەبینرێ، بەتەواوەتی ئەو بۆچوونە و بڕیارە نازانسـتـیـیـە نامێژووییە کاڵ دەکاتەوە کە لافی لێ داوە گوایە ئیسلام تەنیا هەر ئایینی عەرەبە. دوای ئەوەی هەستی نەتەوەیی پەرەی سـەندو گـەشـەی کـرد، مـەلا و خـوێندەوار و بیـرمـەندان دەسـتـیـان کـرد بە نووسین بەزمـانی نەتەوەیی خۆیان (بۆ نموونە فیردەوسی فارسی...تاد) ئەو کولتوورە کـە جـاران بەزمـانی عـەرەبی دەنووسـراو گـەیشـتـبـووە لووتکە، دەستی بەپاشەکشێ کرد. ئەگەر ئەم فەیلەسووف و بیـرمـەندانەی بەعـەرەبی لەسـەردەمـێکی دیاریکراوی حوکمڕانی ئیـسلامدا بەعەرەبی نووسیبوویان و عـەرەب بوون، دەبوو ئەو کولتوور و فەلسـەفەیە، بەزمانی عەرەبی بێ پـســـــــانەوە و بـەردەوام لـە ئـارادابـایـە و بـەرەو پێشـچـووبایە، کـەچی بەپێچـەوانەوە پاشـەکـشـەکـردنی بیـرمـەندە مـوسـڵـمـانە ناعـەرەبەکـان لە نـووسین بەزمـانی عـەرەبی بەسـەدان سـاڵ ئەو کـولتـوورەی سـڕ کـردو بەو مـەرەیەی برد کـە دوای سـەردەمی عـەبباسـی دووچاری هات، سەدەی تاریکی و سڕبوون و چەقین.

هونەر و ئایین و زانست و فـەلسـەفە و سـیـاسـەت بە ڕێکخراوە و دامەزراوە جۆربەجۆر و فرە ڕەنگییەکانیانەوە چەندین دیـاردەی کـۆمــەڵایەتی و فـۆرم و ڕوخســاری جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک دەردەبڕن. فرە ڕەنگی و بەهێزی کولتوور و شارستانی سەردەمی عەبباسی ئەو

بەشدارییە فرە ڕەنگییەی نەتەوە و میللەتە جیاوازەکان کە کراون بە موسڵمان دەربڕیوە. دوای هێرشەکانی ئەسکەندەر و بڵاوبوونەوەی هەردوو ئایینی گەردوونی مەسیحی و ئیسلام، تا ماوەیەکی دوور و درێژ هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی نەتەوەیەکی دیاریکراویان بەتەنیا دەرنەبڕیوە.

## قوتابخانەی ئەسکەندەرییە (فیلۆن)

١- ئەم قوتابخانەیە بەناوەندی ڕێبازی ئەفلاتوونیزمی نوێ دادەنرێ. دەکرێ بوترێ ئەم قوتابخانەیە کە ئەنجامێکی بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی یۆنانە لە وڵاتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست، قۆناغێکی ناوەڕاستی فەلسەفەی یۆنان و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستە بە هەرسێک بەشی جوولەکە (مووسای مەیموون) و فەلسەفەی مەسیحی و فەلسەفەی ئیسلام. بەناوبانگترین فەیلەسووفی ئەم قوتابخانەیە، ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفەی ئیسلام و تیۆری یەکڕەنگییەوە هەیە، ئەفلۆتینە Plotin.

ئەسکەندەرییە کە بە فرمانی ئەسکەندەری مەکدۆنیا دروست کراوە و ناوی ئەوی بەزیندوویی هێشتۆتەوە لەگەڵ تێکڕای میسر لە ساڵی (٣٠ پێش زایین) کەوتۆتە ژێر دەست و دەسەڵاتی حوکمی ئیمپراتۆری ڕۆم، بەڵام ئەم دەسەڵاتە سیاسیە نەیتوانیوە ڕێگر بێ لەوەی کە کولتوور و فەلسەفەی یۆنان لەگەڵ ئایین و بابەتی دەروێشی و ئەفسانە و داستانی ڕۆژهەڵاتی و ئایینی جوولەکە تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتری بن و هەرسێکیان سونتێزە (پێکهاتە)یەک پێک بهێنن کە بە جوانترین شێوە لەفەلسەفەی ئەفلۆتیندا ڕەنگرێژ کراوە.

قوتابخانەی ئەسکەندەرییە بەپێی هەلومەرج و ڕەوشی سەردەمی خۆی، توانیویەتی ببێ بە مەڵبەندێکی سەرەکی گەشەکردنی زانست و ئەندازە و بیرکاری و فەلسەفەی ئاوێتەبوو بە ئایین و ئەفسانە لەناوچەی دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا. جگە لەوەی پردی بەیەکەوە بەستنەوەی جیهانی کولتووری ئەوسا (یۆنان) و جیهانی ڕۆژهەڵات بووە. دوای ئەوەی قەیسەر-ئیمپراتۆر جوستنیان ساڵی ٥٢٩ز ئەکادیمی ئەفلاتوونی لەشاری ئەتین داخست، ئەوەندەی تر قوتابخانەی ئەسکەندەرییە بایەخی پتر و گرنگتر بووە. لەو قوتابخانەیەدا ئایین و فەلسەفە و زانست بەپێی سەردەمی خۆی پەرەیان سەندووە. فیلۆنی جوو (٢٥ پێش زایین- ٤٠ دوای زایین) کە بە فیلۆنی ئەسکەندەرییە بەناوبانگە، هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان تەورات و فەلسەفەی یۆنانیدا هەیە(٣) هەر ئەو هەوڵی داوە بەهۆی لێکدانەوەی دەقەکانی تەورات ساغی بکاتەوە کە فەیلەسووفەکانی یۆنان شارەزاییان لەو کتێبەی مووسا هەبووە.

وەنەبێ ئەم هەڵوێستەی فیلۆن چاوەڕوان نەکراو بووبێ. بەپێی سەرچاوەکان، ئەوکاتە ژمارەی ئەو جوولەکانەی لە شاری ئەسکەندەرییەی میسر ژیاون و ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی ئابووری و سیاسی و کولتووری و ئایینی و فەلسەفەدا هەبووە، پتر بوون لەژمارەی ئەو جوولەکانەی لەشاری ئۆرشەلیمدا ژیاون. بڵاوبوونەوەی بەم جۆرەی جوولەکە بۆتە مایەی ئاوێتە بوونی فەلسەفە و ئایین. ئەم تێکەڵاو بوونە بوو بەبنەمایەک کە دواتر لەلای چەند فەیلەسووفێکی ئیسلام وەک بوعەلی سینا و فارابی و ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی، هەریەکە بەشێوەیەک کە لەگەڵ هەلومەرجی مێژوویی و بڕوای سەردەمەکەی بگونجێ، تەلاری فەلسەفەکەیان لەسەر دامەزراندووە.

٢- لە شاری ئەسکەندەرییە، تەورات کراوە بەزمانی یۆنانی. زانستی سروشت (فیزیک) و پزیشکی تێیدا پەرەی سەندووە، جگە لەوەی گەورەترین مۆزەخانە و کتێبخانەی سەردەمی خۆی تێدابووە. بەپێی سەرچاوەکان ئەم کێبخانەیە تا هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ میسر، سەرچاوەی زانست و کولتوور و فەلسەفە بووە، لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب خەلیفەی دووەمی ئیسلام لەناکاو ئاگر لەو کتێبخانە نایابە بەربووە و هەرچی تێیدا بووە سووتاوە. لەکایەی فەلسەفەدا: فیلۆن، ئەمۆینۆس، ئەفلۆتین، فۆرفۆریۆس Pophyrius بەناوبانگترینی ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە بوون.

فیلۆن وەک فەیلەسووفێکی جوولەکە لەو باوەڕەدابوو کە ڕاستی Wahrheit لەتەوراتدا هاتووە تەوراتیش ئاخافتنی ڕەبە بە سرووش بۆ مووسا هاتۆتە خوارێ، بەڵام لاری لەوە نەبووە کە فەیلەسووفە یۆنانییەکانیش بەتایبەتی ئەفلاتوون، ئەریستۆتالیس و ڕیواقییەکان Stoiker ڕاستییان(٤) دۆزیوەتەوە و پێی گەیشتوون.

فــــیلۆن هەوڵی داوە بە جـــۆرێک ناوەرۆکی ســـفـــرە (ئایەتە)کانی تەورات لێک بداتەوە کە لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانیـدا بێتەوە. هەروەها لەو باوەڕەدابووە کە سەرەڕای تەورات و فـەلســەفـەی یۆنان، سـەرچاوەی ســێـیـەمی گـــەیشـــتنە ڕاســـتی جـــۆرە پەردە لەســـەر لادانێکە (کـەشف)ێکە بەهۆی بەهرەی ڕەبی مــووســاوە لەناخی مرۆڤدا وەک خورپە و جەزبە و دڵ خەبەردان دەکەوێتەوە.

هەر لەسـەردەمی ئەم فـەیلەسـووفـەوە، بابەتی کێشـەی نێـوان سرووش و ژیر کە بە عـەرەبی بە (وەحی و ئەقڵ) ناودەبرێ خـامـەی لاهووتی و فـەیلەسـووفـەکـانی پێـوە خەریک بوون. ئەگەر ڕاستی بەهۆی سرووشەوە لەڕەببەوە بۆ مـووسـای پەیامـبـەری هاتبێ، دەبێ ڕۆڵ و دەوری ژیر چی بێ و چی بۆ بمێنێتەوە و چۆن بەخشینی ژیر بەمرۆڤ لێک دەدرێتەوە و پاساو پشت ڕاست دەکرێتەوە؟!

کێشـەیەکی تر کێشـەی یەکڕەنگیی و فـرە ڕەنگیـیە. ئەگەر ڕەبی مووسا یەک ڕەنگ و یەکتابێ کە بەعەرەبی (وحدانیـة)تی پێدەگوترێ چۆن جیـهـانی مـاددە کە فـرە ڕەنگە لێک دەدرێتەوە؟! ئایا دەکرێ جۆرە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕەبی یەکڕەنگی گیانی و ژیری ڕووت و جیهانی فرە ڕەنگی ماددە دا هەبێت؟! ئەم پێوەندییە چۆنە؟ یان پێوەندییەکە ناڕاستەوخۆیە؟!

بەپێی سەرچاوەکان فیلۆن وەڵامی ئەم پرسیـارەی بەوە داوەتەوە کــە لەنێـــوان ڕەبی پەروەردەگـــاری داهێنەر و جیــهـانی مـاددی فـرەڕەنگدا گـەوهەرێکی نێـوانیـانە، وشەی(٥) Logos هەیە ئەم وشەیە کە لە مەسیحیەتدا بووە بە «پەری، فـــریشـــتـــە و گـــیـــانی پاک» هەڵگر و گـــەیەنەری پەیام و پێـــوەندی نێـــوان هەردوو لای پێ سپێردراوە. ئەو گەوهەرە بوونەوەرانە کە دەکرێ بە (ئیدێ Idee) ناو ببـرێن لە کـەرەسـەی مـاددە و لەشـەوە دوورن تەنیا بوونەوەری گیـانین، فرمانی ڕەبی مووسا جێبەجێ دەکەن و ڕەب لەکاتی داهێنانی جیهانی ماددیدا بەکاری بردوون، یان وەک فـیلۆن وتوویەتی «خـواستـی خـۆی پێ جێـبـەجێ کـردوون»(٦). ئەم لۆگـۆسـە (وشـە- ئیـدیە) لەلای ڕیواقـیـیـەکـان بە مـەبەسـتـێکی تر بەکـارهاتووە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون نەزم و قـــانوون و ڕێکوپێکی لەجـیــهـــانـدا هەیە. بەســایەی دەســەڵاتی ئەم لۆگـــۆس (ژیرەوە) کە کۆنترۆڵی دنیای کردووە و دەکات ئەم نەزمە لە ئارادایە. بەلای فـیلۆنەوە، کـە وەک سـەرچاوەکـان باسیـان کردووە، ڕێگای بۆ ڕەنگڕێژکردنی دوا ڕوخساری ئایینی مـەسـیـحی، خـۆش کـردووە، لۆگـۆس- وشـە، پەیامبەری نێوان ڕەب و مرۆڤە.

٣- لە فـەلسـەفـەی فـیلۆندا پشت ئەسـتـوور بە تەورات یەکڕەنگیی ڕەب (وەحدانیـەت) دەبینرێ. بەلایەوە ڕەب بەرانبەر بەجیهـانی ماددی ترانسندێنت و یەکتاو ڕەهایە. لەسـەروو سروشـتـەوەیە، مرۆڤ ناتوانێ بڵێ ئەو چییە؟ تەنیا دەکرێ و دەتوانرێ بوترێ ئەو هەیە، ئەو بوونەوەرە، هەروەها ناکـرێ و لەتوانای مـرۆڤـدا نیـیـە هیچ جـۆرە خەسڵەتێک (سیفەتێک)ی بداتە پاڵ لەوە بەولاوە بڵێ ئەو لە چاکـە و چاکـەکـاری باشـتـرە، ئەو لەتەواوەتیـدا تەواوترە (کامڵترە)..تاد.

مـاددە و Materie داهێنانی جیـهـان بابەتێکی ترە لە چوارچێـوەی جیـهـاندیدی فیلۆندا قـسـەی لێـوە کراوە. بۆ یەکـەم جـار بەشـێـوەیەکی ڕێکوپێک لەتەوراتدا باسی داهێنانی جیهان کراوە و ڕەب بە داهێنەر نیشان دراوە

**«لەسەرەتادا ئاسمان و زەوی داهێناوە،**

**زەوی شێواو و بیار، تاریکی دەوری ئاوی دابوو**

**گـــیـــانی ڕەب بەهێـــمنی بەســـەر ئاوەوە دەبزووت Schwebte**

**ڕەب فەرمایشتی کردووە، ڕووناکی هەبێ...**

**ڕەب ڕووناکی بە ڕۆژ ناو ناوە و تاریکی**

**بەشەو ناوبردووە.... بەم پێیە ئێوارە**

**هاتووە و بەدواییـــدا بەیانی، ئەمـــە ڕۆژی یەکـــەم بووە.»(٧)**

فـیلۆن تیـۆری داهێنانی تەوراتی پەسند کـردووە، بەڵام لە وردەکـــاریـیـــەکـــەیدا بەجـــۆرێکی تر لێکی داوەتەوە. بەلایەوە داهێنانەکـــە لەهیـــچـــەوە نەبووە، بەڵکو لە کەرەسەیەکی کۆنەوە بووە. لۆگۆس ئەو ئامێرو ئاوازە بووە کە ئەم فەرمایشت و خواستەی جێبەجێ کردووە. ماددە لەخۆیدا بنەمـای بەدکـارییـە (شـەڕ)، بگرە هۆکـاری ئەو بەدکارییـەیە کە مرۆڤ تێی دەکـەوێ و دووچاری دەبێت. لەشیش گۆڕی گیـانە. مرۆڤی ژیر و دانا ئەو کەسەیە کە گیـانی لە ئاسەواری لەش و ماددە پاک و دوور دەخاتەوە و بە یارمەتی لۆگۆس لەگەڵ ڕەببانییەتدا Gottheit دەبێ بەیەک، بەڵام مـرۆڤ پشت ئەسـتـوور بەهێـز و توانای گیـانی خۆی، ناتوانێ ئەم کارەی یەکبوونە بکات، بەڵکو بە سـایەی بەهرەیەکی ڕەببـانیـیـەوە کـە لەسـەر شێـوەی

نەفەسێکە و Pneuma پێی دەبەخشرێ بە بەختەوەری «لەگەڵ ڕەببانیییەتدا بە یەکبوون»(٨) شاد دەبێ. ئەمەیە ڕێگای دانایی و ژیریی ئاسمان. هەویری ئەم جیهاندیدە فەلسەفییەی فیلۆن ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ. بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی ڕێک و پێک چەند بابەتێکی باس کردووە کە لەدوای خۆی، بەتایبەتی لەلای ئەفلۆتین و هەردوو فەلسەفەی ئیسلامی و مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا بوون بەکێشەی سەرەکی فەلسەفە.

**یەکەم**: کۆنی و نوێیی ئەوکەرەسەیەی جیهانی لێ داهێنراوە.

**دووەم**: کێشەی داهێنانەکەی بوون خۆی

**سێیەم**: خەسڵەتەکانی ڕەب کە لە ئیسلام و مەسیحییەتدا بە (صفات الله) ناوبراون.

لەکاتێکدا لەلای فیلۆن و فەیلەسووفەکانی تر ڕەب بە بوونەوەرێکی بەرزی سەروو سروشتی ترانسندێنتی دانراوە، ئەمە جیاکردنەوەی ئەو بوونەوەرە پایەبەرزەیە لە هەموو لەیەکچوونێک لەگەڵ مرۆڤدا. کەچی لەکاتی باسکردنی خەسڵەتەکان، چەندین سیفەت و خەسڵەتی پێ بەخشراوە لە خەسڵەت و سیفەتی مرۆڤی خوێن و گۆشت بەولاوە نین و وشەی زمانی ئاساییش بۆ قسەکردن لەم خەسڵەتانە بەکارهاتوون.. ئەمە لە کۆششی پێکەوە گونجاندنی ئەوەی کە پێکەوە هەڵناکەن بەولاوە نییە.

چوارەم: لۆگۆس، وشە، فریشتە، کە فەرمایشتی ڕەب جێبەجێ دەکەن، وەک پردێک لەنێوان ڕەب و داهێنەرانیدان و هەردوولا بەیەکەوە گرێبەست دەکەن، بەم پێیە ڕەب لە کەرەسەی مادە (بوونی) داهێناوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ماددەوە نەکردووە و توخنی نەکەوتووە... لۆگۆس، وشە، جیهانێکی گیانیان لێ پێکدێت، ئەو هێزەن و ڕوخسار بەبێ ڕوخساران دەبەخشن، بەڵام خۆیان ناگۆڕێن و گۆڕانیان بەسەردا نایەت(٩)!.

پێنجەم: ئەمە گرینگترینی ئەو گازندەیەیە کە ڕووبەڕووی فیلۆن دەکرێتەوە: ئەو کۆششی کردووە پشت ئەستوور بەژیر، یەکڕەنگی بڕوای ئایین ساغ بکاتەوە، بەڵام ئەم یەکڕەنگییە بەپێچەوانەی ئازادییە کە بنەمای سەرەکی ژیرە و لەگەڵیشیدا نایەتەوە! فرە ڕەنگییە کە بنەمای ئازادی و بنەماکانی ژیر ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە.

## ڕابەری ئەفلاتوونیزمی نوێ

١- ئەفلۆتین بەڕابەری ڕێبازی ئەفلاتوونیزمی نوێیی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە دەژمێردرێ. قوتابی ئەمۆنیوس و مامۆستای فۆرفۆریۆس بووە. بە قسەی فۆرفۆریۆس بێ، جگە لەوەی شارەزای فەلسەفەی یۆنان بووە، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەنزیکەوە ئاگاداری جیهاندیدی فەلسەفەی فارسەکان ببێ لەو هێرشەدا بەشداری کردووە کە قەیسەر- ئیمپراتۆر گوردییان کردوویەتییە سەر وڵاتی ئێران. ئەفلۆتین لەژیانیدا پەنجا و چوار وتاری نووسیوە. دوای مردنی، قوتابییەکەی، فۆرفۆریۆس هەموویانی لەشەش بەشدا کۆکردووەتەوە کە هەر بەشەی لە نۆ وتار پێک هاتووە بۆیە بە نۆنۆیی (Enneaden) ئەفلۆتین ناودەبرێن. ئەفلۆتین بەکۆتایی هاتن بەقۆناغێک و دەست پێکردنی قۆناغێکی تر دادەنرێت، قۆناغی لاواز بوونی هزر و فەلسەفەی یۆنان، تێکەڵبوونی ئایین و فەلسەفە و کاڵ بوونەوەی سنوور و مەرزی نێوان بیری فەلسەفە و بڕوای ئایین و بابەتەکانی ئەفسانە و داستان. ئەم ڕەوشە بەتەواوەتی سروشتی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵات بەرجەستە دەکات. ئەفلۆتین جگە لەوەی لەبەرهەمەکەیدا فەیلەسووفێکی میتافیزیکییە ڕێگا و پەیڕەوێکی باس کردووە، دەکرێ بە پوختە و گەوهەری سۆفییەتی (سۆفیزم) دابنرێت. ئەگەر تەپوتۆزی میتافیزیکی لەو پەیڕەوەوە بتەکێنرێ هەر لەسەرەتاوە بنەمای سۆفیگەرێتی ئیسلام و مەسیحییەکان بە ئاشکرا ڕوون دەبێتەوە، ڕێگای گەڕانەوەی نەفس (گیان) بۆ لای بونەوەرە ترانسندێنتیەکە کە ئەفلۆتین قسەی لێ کردووە. بایەخدان بە کاروباری ئایین و ژیانی سۆفییەتی و بنەماکانی ئاکار و بەهەند گرتنی جیهانی سەرو هەست و بەرز لەچاو جیهانی هەڵکەوت و ڕاستەقینەدا تایبەتمەندی هزری فەلسەفەیی ئەفلۆتین دیار و دەستنیشان دەکەن و ئەو ڕەوش و دۆخە دەردەخات کە ئەو سەردەمە لە ئارادابووە، سەردەمێک زۆربەی هەرە زۆری بیرمەندان خەمی ژیانێکیان بووە تێیدا «گیان دڵنیا بێ و دڵ ئارام پێش ئەوەی(١٠) مرۆڤ بیر لە قەناعەت کردنی ژیرەکی بکاتەوە». لێرەوە ڕۆڵی فەلسەفەیی ئەفلۆتین دەردەکەوێ، کۆکردنەوەی بیروڕاو بۆچوونی ڕۆم و فەلسەفە و زانستی یۆنان و ئایین و ئەفسانەی

ڕۆژهەڵات و دارشــتنیــان لەنێــو دەفــری ڕێبــازێکی یەکڕەنگیدا لەگەڵ ڕەوش و هەلومەرجی سەردەمی خۆیدا بگونجێ و بێتەوە.

٢- نۆنۆیییـەکـان بەرهەمـی سـەرەکی ئەفلۆتینە لە ڕۆم نووسیویەتی و فۆرفۆریوس کۆی کردووەتەوە. لەسەردەمی عەبباسییـەکاندا (عبدالمسیح ابن عبدالله بن ناعمە الحمصي) کردوویەتی بەعەرەبی، بەڵام لەسەر بەرگەکەی نووسیوە «اثولوجیا ارسطو طالیس» (١١) واتە لاهووتی ئەریسـتـۆتالس. ئەم هەڵە گـەورەیە زۆربەی هەرە زۆری فـەیلەسـووفـەکـانی ئیسـلامی بەهەڵە بردووە. بۆ نموونە کندی و فارابی نەک هەر هەستیان بەم هەڵەیە نەکردووە، بگرە فـارابی لەهەوڵێکی گرنگی فـەلسـەفـەییـدا بەناوی «پێکەوە گـونجـاندنی بیـروڕای هەردوو دانا...» ئەم بەرهەمـــەی بەهی ئەریســـتـــۆتالس داناوە و لەگـــەڵ بیـــروبۆچوونی ئەفـلاتوون بەراوردی کـردووە بۆ ئەوەی ساغی بکاتەوە کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەم دوو فەیلەسووفەدا نییە، کەچی ئەوی ڕاست بێ، فارابی لەم بەرهەمـە گرنگە فـەلسـەفـەییـەدا کە بەعـەرەبی بە «الجمع بین رایی الحکیـمین..» ناسـراوە ئەفـلاتوون وئەفلۆتینی بەیەکـــەوە بەراورد کـــردووە. دەکـــرێ ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمەی ئەفلۆتین بەم جۆرە پوخت بکرێتەوە:

- نۆنۆیی یەکەم بریتییە لە قسەکردن لە بارەی مرۆڤ و ئاکار.

- نۆنۆیی دووەم و سێیەم باسی جیهانی بەرهەست و بەهرەی ڕەببانی دەکات.

- نۆنۆیی چوارەم: بەگرنگترینی ئەم بەرهەمە دادەنرێ. دەربارەی نەفسە.

خۆی کراوە بە نۆ بەشەوە:

١ و ٢- دەربارەی گەوهەری نەفس.

٣ و ٤- دەربارەی پرسەکانی نەفس.

٥- دەربارەی پرسەکانی نەفس لەپەی پێ بردندا.

٦- دەربارەی هەست و وەبیر هاتنەوە.

٧- دەربارەی نەمریی نەفس.

٨- دەربارەی هاتنە خوارەوەی نەفس بۆ نێو لەش.

٩- ئایا هەمـوو نـەفـسـەکـان تاکـە نەفـسـێک پێک دەهێنن؟ (١٢)

لەم بەشەدا ئەفلۆتین بە تێرو تەسەلی باسی بزووتنەوەی (گـەشتی) نەفس دەکـات، بزووتنەوەی بەرەوژێر، تێیـدا لەیەکەوە دەست پێدەکات و بەماددە کۆتایی دێت. ئەمە لایەنی مـیـتـافـیـزیکی نۆنۆییەکان تۆمار دەکات. ئینجا بزووتنەوە گەشتی سەرەوژوور، ئەمە بریتییە لەگەڕانەوەی نەفس و چوونەوەی بۆ سـەر ئەو بنج و سـەرچاوەیە کـە لێوەی پەیدابووە، گەشتەکە لەجیـهانی ماددەوە دەست پێدەکات بەرەو جیهانی بنەمای یەکەم. ئەمەش لایەنی سۆفییەتی ئەفلۆتینە (١٣).

- نۆنۆیی پێنجەم: دەربارەی ژیری ڕەببانییە کە بنەمای نەفسی هەمەکییە.

- نۆنۆیی شەشەم: دەربارەی بوونی هەمـیـشـەیی یان جیهانی سەروو سروشت و یەکتایی چاکەکارییە.

## تیۆری لەسەرەوە ڕژان

١- ئەم تیـۆرییـە بە بابەتێکی سـەرەکی فـەلسـەفـەی ئەفلۆتین دادەنرێت. ئەو لەم کـــایـەیەدا وشـــەی (Emanation)ی بەکــارهێناوە بەرانبــەر بە وشــەی ئەڵمـانی (Uberstromen) واتە لەسـەریەوە ڕژا. لە کوردیدا دەوترێ. «ئەگەر جام پڕ بوو لەسەریەوە دەڕژێ». بۆیە منیش ئەم وشەیەم بەکارهێناوە. لەزمانی عەرەبیدا بەرانبــەر بەو چەمکە ئەفلۆتین وشـــەی (فـــیض) بەکارهاتووە.

پێوەندی نێـوان جیـهـانی سروشـتی و دنیـای سـەروو سـروشت چۆنە؟ چۆن فـرەڕەنگی لەیەکـتـاویەک ڕەنگی کەوتووەتەوە؟ چۆن جیهان کە تێکڕای بوون و بوونەوەران دەگـرێتـەوە لە بوونی ڕەببـانییـەوە پەیدابووە؟ مـرۆڤ چی بکات بۆ ئەوەی جـارێکی تر بچێتـەوە سەر بنجو بنەماو بناوان؟

لەسەرەتادا لەچوارچێوەی سروشتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیدا کە بە زگماک و سروشت ئاسا ڕوو لە ئەفسانە و داستـان و بڕوای بە سـەرو سـروشـتی و ژیانی دوای مـردن هەیە و هەمیـشـە پابەندی ئەندێشـە و خەیاڵە، ئەفلۆتین کۆششی کردووە بوونی بوونەوەرێکی گـیـانی سـەروو سروشـتی بە بەڵگەی یەکـتـایی.. یەکـڕەنگی سـاغ بکاتەوە و پشت ڕاســتی بکاتەوە کـــە ئەو بوونەوەرە ئەو بە (ڕەب نـاوی بردووە) ترانسندێنتە (١٤)، لە توانای مرۆڤدا نییـە بە هەسـتـەکـان و ڕێگا و ئامـرازی ئاسایی پەی پێ بەرێت، ئەو بوونەوەرە لەســـەروو هەمـــوو بوونێکی مـــاددی و هەڵکەوتێکی ئەزموونییەوەیە، بەمەش پێی لەسەر بوونی

هەڵکەوت و واقیعێکی گیانی داگرتووە. لێرەوە دەردەکەوێ کە بابەتەکانی مەنتیق و تیۆری زانین بەپێچەوانەی فەلسەفەی یۆنانەوە بەتایبەتی ئەفلاتوون و ئەرستۆتالس مەرجەکانی شیاوەکی زانینێکی دیار و دەست نیشانکراوە ڕۆڵ و دەورو سەنگێکی ئەوتۆی نەبووە، ئەوەی بەلایەوە چارەنووساز بووە، لە جیهاندیدە فەلسەفەییەکەیدا، پێوەندی جیهانی ئێمەی مادە و بەرهەست لەگەڵ جیهانی سەروو سروشتییەوە چۆنە! بابەتی مەنتیق، بۆ نموونە پێوەندی نێوان بڕیار و حوکم دان و هەڵکەوت و واقیعیەت بیری لێ نەکراوەتەوە.

٢- جگە لە بایەخی مێژوویی ئەفلۆتین کە نیشانەیەکی بەرچاوی فەلسەفەی بەرجەستەکردووە، نیشانەی بە ڕوونی و ڕەوانی دەربڕینی ئەوەیە کە مرۆڤ لە ڕەوش و هەلومەرجێکی دیاریکراودا بڕوای پێیەتی.

ئەو بابەتانەی ئەو لە چوارچێوەی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی قسەی لێوە کردوون بنەمای ئایینی مەسیحی بەگشتی و لاهووتی مەزهەبی کاتۆلێکی سەدەکانی ناوەڕاستیان لێ پێکهاتووە(١٥). تیۆری لەسەرەوە ڕژانی فارابی و بوعەلی سینا لە گونجاندنی جیهاندیدی میتافیزیکی ئەفلۆتین لەگەڵ هەلومەرج و ڕەوشی ئەو ژینگە و دەوروبەرەی بە ئایین ئیسلامی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەولاوە نییە.

تیۆری لەسەرەوە ڕژان (فیص) ئەو لایەنە میافیزیکیەیە کە جیهاندیدی لاهووتی مەسیحی لەسەر بنیاد نراوە بەتایبەتی کە ئەم تیۆرییە لە سێ لایەن، سێ ڕەگەز پێکهاتووە: (یەکتا، ژیر nous، نەفس): ئەمانە هەرسێکیان بوون بە: (ڕەب و ڕۆڵە و گیانی پاکی) مەسیحی(١٦).

بابەتی بوون و نابوون، یەکتاو یەکڕەنگی و فرەڕەنگی، چاکەکاری و بەدکاری تانوپۆی و فەلسەفەکەیان پێک هێناوە سەرەڕای ئەوەی بەوپەڕی توانای فەلسەفەیی سەردەمی خۆی توانیویەتی بە هزری قووڵی خۆی وا بکات بنەما سەرەکییەکانی بڕوای ئایینی و پێداویستیەکانی بڕیار و حوکمی مەنتیق و ژیر پێکەوە بێنەوە و گونجاو و تەبابن. دەبێ کامیان بنەما بن و کامەیان لقەو لەوی ترەوە کەوتۆتەوە و پەیدابووە، یەکڕەنگی، یان فرەڕەنگی،تاریکی، یان ڕووناکی،

چاکەکاری، یان بەدکاری؟!

لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە گریمانەی هەبوونی فرەڕەنگی بوون، جیهانی دیاردە و بەرهەست لە بەرانبەریدا جیهانی بیرو ئایدیا لە فەلسەفەدا جێگای خۆی کردووەتەوە. لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا نەفسی مرۆڤ جێگای پێ دراوە. بابەتی ژیانی پێش ژیانی ئێستاو ژیانی دوای مردن و کات و مێژوو، کۆن و هەتا هەتایی و نەمری و بەسەرچوون و لەناوچوون بوون بەو چەمکانەی فەلسەفە لەجیهاندیدییەکەیدا بەکاری هێناون. لە ئەسکەندەرییەش کە مەڵبەندێکی ئایینی ڕۆژهەلات بووە، ئایینی جوولەکە (مووسایی) بلاو و دەستبەکار بووە، ئایین و فەلسەفەی یۆنان ئاوێتەی یەکتری بوون، ئەم ڕەوشە فرە ڕەنگ و چڕ و خەست و بگرە ئاڵۆزە ئەو زەمینەیان خۆش کردووە کە نەمامی هزری ئەفلۆتین تێیدا شین بووە و هاتووەتەبەر.

ئەفلۆتین لەلای خۆیەوە بڕوای بەو دوو ڕەنگییەی بوون هەبووە و دووپاتی کردووەتەوە دوو جیهان هەیە جیهانی سەروو سروشت و جیهانی مادە و دیاردەکان و هەردووکیانی بەرانبەر بە یەکتری داناوە.

جیهانی سەرووسروشت کە دەکرێ بەجیهانی یەکەم ناوببرێ، جیهانی یەکتاو گیانی و تەواوەتییە، سەرچاوەی ڕووناکی و چاکەکارییە. ئەوی تریان بەهەستەکان پەی پێ دەبردرێ لە کەرەسەی مادە و تاریکی و بەدکاری و فرە ڕەنگی پێکهاتووە پابەندی کات و مێژووە، سەرەتا و کۆتایی هەیە بوونەکەشی سنووردارە. جیهانی یەکەم کە جیهانی یەکتاییە، سەرچاوەی هەبوونی جیهانی دووەمە. بەو پێیە سەرچاوەی جیهانی مادەیە کە وەک پژانی تیشک لەخۆرەوە، وەک لەسەرەوە ڕژانی دەفرێکی پڕ و تژی لێوەی کەوتووەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەم لەسەرەوە ڕژان و کەوتنەوە و پەیدابوونە هیچ جۆرە لێ کەمبوونەوە و کەمکردن و تۆیزییەکی تێدابێت. پێوەندی جیهانی فرە ڕەنگی لەگەڵ یەکتا-ڕەب- یەک ڕەنگ وەک پێوەندی خۆر و تیشک پژاندنەکەیەتی. بۆ شرۆڤە کردنی ئەم پرۆسەیە ئەفلۆتین دوو ڕێگای باس کردووە:

**یەکەم**: ڕێگای سەرەوژێر.

**دووەم**: ڕێگای سەرەو ژوور.

ئەفلۆتین هەوڵی داوە پشت بکاتە جیهانی مادەی بەرهەست و ئەزموون: بۆ ئەوەی ئەوپەڕی لەتوانادا هەبێ

سەرنجی یەکتای ڕەببانی بدرێت، ئەو یەکتایەی ئەوپەڕی چاکەکاری ڕەهایە و ئەم چالاکییە دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ لەهیچی و بێ بایەخی Nichtigkeit جیهانی مادده و تاریکی دڵنیابێت. لەڕێگای سەرەوژێر، کە لایەنی میتافیزیکی جیهاندیدی فەلسەفەی ئەفلۆتین لێکی دەداتەوە چۆن جیهانی ماددەی بەرهەست پەیدابووە.

ئەفلۆتین لەو باوەڕەدا بووە کە ڕەب یەکتا و یەکڕەنگە، ناکرێ بەهیچ جۆرە بۆچوونێک وێنابکرێت، لەودیوی هەموو کەرەسە دژ بەیەکەکانە Gegensatze یەکەمینە، نەمرە و هەتا هەتاییە، سەرەتای نییە لەودیو کات و مێژووەوەیە، بەڵام ڕەب بە خواست (ئیرادە) جیهانی دانەهێناوە، چونکە ئەم چالاکییە پێشییانە جۆرە گۆڕانێک پشت ڕاست و ساغ دەکاتەوە و یەکتا لەمەوە بەدەر و دوورە، بەڵکو ئەم پەیدابوونە جۆرە لێکەوتنەوە و لەسەرەوە ڕژان بووە. گەوهەری ئەوپەڕی بەرز کە یەکتایە و ئەوپەڕی تەواوە، بەهۆی کامڵی و تەواوەتی گەوهەرەکەیەوە وەک خۆر و ڕۆژ تیشکی لێوە دەپژێ، بەم تیشک پژانە نە تۆبزی هەیە و نە کەم دەکات بگرە کەماڵی و تەواوەتییەکەی ساغ دەبێتەوە. چۆن کە دەفر پڕ بوو، بەبێ تۆبزی کردن لەسەریەوە دەڕژێ و چۆن خۆر تیشک دەپژێنی، ئەوها ئەویش لێوەی دەڕژێ، لێوەی(١٧) دەپژێ Stromt uber. ڕەب کە سەرنجی تەواوەتی خۆی دەدات ژیری لێ دەکەوێتەوە، ئەم لێ کەوتنەوەیە نە پێوەندی بەخواستەوە هەیە و نە تۆبزی لێکراوە و لە گەوهەر و یەکڕەنگی و ئەوپەڕی چاکەکارییەکەی کەم نەبووەتەوە.

ژیر (Geist, nous) کە بە پلەیەکی نزمتر لە یەکتا دێت و جیاوازی کات لەنێوانیاندا نییە، ئەم ژیرو گیانە، ژیری و گیانی ڕەب نییە، بەڵکو بەهۆی لەسەرەوە ڕژانەوە (فیض) کەوتووەتەوە پلەی دووەمی هەیە. ئەم ژیرە لە نموونە و ئایدیاکانی ئەفلاتوون دەچێ. ژیری سەرنجی یەکتا دەدات و سەرنجی خۆی دەدات و نەفسی جیهانی لێ دەکەوێتەوە Weltseele ئەم نەفسە جیهانی نەفس لەجیهانی مادده و کەرەسە و هەیولا جیادەکاتەوە، قۆناغێکە لەنێوان هەردووکیاندا. جیهانی مادده کە لە جیهانی سەروو خۆیەوە کەوتووەتەوە، دنیای ناتەواوییە و ئەوپەڕی لەڕەبی یەکتا و یەکڕەنگ و ئەوپەڕی چاکەکارییەوە دوورە، ناوەند و مەڵبەندی تاریکی و بەدکارییە.

ئەفلۆتین هەوڵیداوە بەڕێگایەک کە بە ژیر و مەنتیقی سەردەمی خۆی کەوتنەوەی فرە ڕەنگی لەیەکتایی لێکبداتەوە بەبێ ئەوەی گۆڕانی خواست و تۆبزی لێ کران گریمانە بکات. ئەگەر دوور کەوتنەوە لە یەکتا و جیهانی سەروو سروشت کەوتنە ناو مادده، و تاریکی و دوورکەوتنەوە لەسەرچاوەی ڕووناکی و تیشک و چاکەکاری بێ، ئەو بەدکاری و جەور و نادادییە کە لەجیهانی بەرهەست و ماددەدا هەیە لێک دەدرێتەوە و ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر جیهانی مادده دوورکەوتنەوە بێ لەجیهانی گیان، مادده تاریکی و ژێر ڕووناکی بێت و چاکەکاری ڕووناکی بێ و بەدکاری تاریکی و دوورکەوتنەوە لەسەرچاوەی ڕووناکی و تیشکەکەوە بێت، ئەوا دەکرێ بەدکاری بەدناوکردنی چاکەکاری دابنرێت. ئەمەش وادەگەیەنێ کە چاکەکاری لەخۆیدا بوونە وبەدکاری نابوونە و ناکردنی چاکەکارییە.

ئەگەر بەدکاری ئەم ناکردنە و دوورکردنەوە بێ کە لەچاکەکاری. ئایا ئەمە شرۆڤەکردنی بەدکارییە، یان پاساودان و ڕەواکردنیەتی و بە بیانوو و هەنجەتی هزری بوونەکەی وەک ڕاستییەک بەبێ ئەوەی ئۆباڵەکەی بخرێتە ئەستۆی هیچ لایەن و کەسێک پاساو دەدرێ و ڕەوا دەکرێت؟! لێرەوە ڕێگای سەرەو ژوور دەست پێدەکات. ئەگەر ئەم مادده و تاریکی و بەدکارییە ڕەوش و کارێکی سروشت بێ و هیچ لایەن و ڕژێم و سیستەم و پێکهاتەیەک ئۆباڵەکەی نەگرێتە ئەستۆ، ئەوە لە تاکەکەس و نەفسەکەی بەولاوە لایەنێکی تر نابینرێ کە ئەرکی ئەم لابردنەی تاریکی و دوورکەوتنەوە و بەدکارییەی پێ بسپێردرێ. ڕێگا و ئەرکی گەڕانەوە بۆ سەر بناوان و سەرچاوەکە لێوەی پرژاوە و هەڵقوڵاوە و کەوتووەتەوە.

ڕێگای دووەم بەهەمان ڕێگادا سەردەکەوێ کە پلەکانی پەیدابوونی بوونی جیهانی بەرهەستی بەرجەستە کردووە. پاککردنەوەی نەفس و دەروون، دوورکەوتنەوە لە ورووژێنەرەکانی هەست و ئارەزوو بۆ ئەوەی نەفس بتوانێ و ئامادە بێ پلە بەپلە بەرزبێتەوە و بگەڕێتەوە باوەشی جیهانی یەکەم و لەگەڵ یەکەم سەرچاوەی بوونی خۆیدا ئاوێتە بێتەوە و یەک بگرێ.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو ڕێبازە میتافیزیکییە- سۆفییەتیەی ئەفلۆتین بدرێت، چەند خاڵێک ساغ و پشت ڕاست دەبێتەوە:

**یەکەم**: یەکەیەکی یەک ڕەنگ و یەکتا هەیە هەموو بوونێک، هەموو شتێکی لێ دەکەوێتەوە. ئەم لێکەوتنەوەیەی بوون و بوونەوەرانە لەیەکتاو یەک ڕەنگەوە تایبەتمەندی لەسەرەوە ڕژان و پژانی هەیە. وەک چۆن ئاو لەسەرچاوە هەڵدەقوڵێ و تیشک لەسەرچاوەی تیشکەوە دەکەوێتەوە لەم لێکەوتنەوە (فیض) ئاسایە سەرچاوەکە، یەکتایەک بەبێ گۆڕان وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**دووەم**: هەموو جۆرە تۆبزییەک و گۆڕانی خواست لە سەرچاوەی پەیدابوونی بوون و ناوەندی پژانەکە بەدوور گیراوە.

**سێیەم**: بەدکاری کە بەوە لێکدراوەتەوە دوورکەوتنەوەیە لەسەرچاوەی چاکەکاری و پەیوەست بوونە بە ماددەوە، ئەوە دوورکەوتنەوە لەو ماددەیە و پاککردنەوەی نەفس دەستەبەری نزیک بوونەوە لەسەرچاوە و چاکەکاری دەبێت.

**چوارەم**: دوو ڕەنگی نەفس و لەش بەجوانترین شێواز لەم ڕێبازەدا ساغ و پشت ڕاست کراوەتەوە و پێی لەسەر داگیرکراوە.

**پێنجەم**: لە ڕێگای سەرەو ژووردا کە نەفس دەیگرێتەبەر، جیاوازی و پێکەوە هەڵنەکردنی زانینی ژیرەکی و پەیڕەو و دیدی سۆفییەتی دەخاتە لاوە و جۆرە پێکەوە هاتنەوەیەکیان پاساو دەداتەوە: زانین ئەو کاتە دەستەبەر دەبێ کە جۆرە لەیەک چوونێک هەبێت(١٨)، ئەگەر نەفس بیەوێ چاکەکاربێت دەبێ دەستبەرداری سروشتی تاکیەتی و تاکڕەوی ببێ و ڕەب بناسێ بەوەی لەو بچێ و خۆی لێ نزیک بکاتەوە.

**شەشەم**: بەلای ئەفلۆتینەوە ماددە بەرانبەر بە فۆرم دادەنرێت و بەکەرەسەیەکی دیاری نەکراوی خەت و خاڵ نەداوی بێ فۆرم دادەنرێ. نە قەوارەی هەیە و نە ڕوخسار و بێ چەندێتی و بێ چۆنیەتییە. بۆیە دەکرێ ماددە جۆرە بوونەوەرێکی سەربەخۆ نەبێ.

**حەوتەم**: بەپێی خاڵی شەشەم، سروشت خۆی جۆرە نەزم و ڕێک و پێکی و سیستمێکی گیانی ژیرەکی بەرجەستە دەکات و دەردەبڕێ(١٩). ئەم نەزم و ڕێک و پێکییە خۆی سروشت نییە، بگرە لەسەروو سروشتەوەیە.

**هەشتەم**: کۆشش کردن بۆ زانینی شت لە بارەی سروشتەوە دەبێ نیاز و مەبەستێکی هەبێ بریتی بێ لەوەی بەرزبوونەوە و تێپەڕاندنی سنوورەکانی سروشت بەرەو سەروو خۆش بکات.

**نۆیەم**: ئەفلۆتین باسی کات و کۆنی و هەتا هەتایی (ئەزەلی و ئەبەدی) دەکات. کات پێوەندی بەجیهانی گۆڕان و لەناوچوونەوە هەیە جیهانێک کە سەرەتای هەبێ، دەبێ کۆتاییشی هەبێ، ئەم پرۆسەیەش پابەندی کاتە و لەچوارچێوەی نەزمی مێژووییدا ناچێتە دەرەوە دووەمیان تایبەتە بە جیهانی ڕەب و یەکتا و یەکڕەنگ. تێیدا جۆرە- ژیان-ێک بەسەردەبردرێ دوورە لە جووڵان و بزووتنەوە و گۆڕان، چونکە ئەم دیاردانە کەموکوڕی بوونەوەرەکە ساغ و پشت ڕاست دەکەنەوە. لێرەدا نە سەرەتا و نە کۆتایی هەیە. بەردەوامی و نەپسانەوە تانوپۆی ئەم جیهانە پێک دەهێنن.

**دەیەم**: دوورخستنەوەی تۆبزی لە چالاکی ڕەب و لێکدانەوەی بەدکاری بەوەی دوورکەوتنەوەیە لەسەرچاوەی ڕووناکی، تایبەتمەندی دیاردەی کۆمەڵگا و ژیانێک دەردەخات کە کۆیلە و بەندایەتی تێیدا دیاردەیەکی ئاسایی بووە. بە کەم زانینی ژیانی جیهانی سروشت و بەرهەست و هاندانی نەفس بۆ پشت کردنە ئەم ژیان و دنیایە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، لادانی ئۆباڵی لە ئەستۆی هۆکاری ڕاستەقینەی بەدکاری و جەور و نادادپەروەری و پاساودانی ڕەوشی هەڵکەوتە، هەر نەبێ، ڕەواکردنی ئەو ڕەوشەیە کە لە ئازادی کۆیلە بەولاوە نییە. ئەمە ئەو کەرەسە و بابەتەیە کە بنەمای ئایینی مەسیحی بەگشتی و لاهووتی کاتۆلیکی لێ بنیاد نراوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Russell, Bertrand., Philosophie des Abend Landes. Europa verlag Munchen 2000. S.239. 243ff.**

**٢- كرم، يوسف، الفلسفة اليونانية. لجنة التأليف و الترجمة والنشر. السلسلة الفلسفية طبعة خامسة القاهرة، ١٩٦٦ ص٢٣٤ و في أماكن اخرى.**

**3- Hirschberger, Johannes., Geschichte**

**der Philosophie Bd.I. Komet. koln. 1980. S.297.**

**4- Storig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschischte der Philosophie. Stuttgart. 1961. S.229.**

**5- Copleston, F.C., Geschichte der Philosophie im Mittelater. Munchen. 1976. S.123.ff.**

**6- Storig, Hans Joachim., Ebenda. S.230.**

**٧- تەورات. بەزمانی ئەڵمانی. سفری (ئایەتی) پەیدابوون: یەکەم و دووەم**

**-Die Bible. R. Brockhaus verlag Wuppertal. q. Auflage 2003. Genesis. 1-2.**

**8- Hischberger, Johannes., Ebenda. S.299.**

**9- Rod, Wolfgang., Der Weg der Philosophie. Bd.I. Altertum, Mittelalter, Renaissance. Munchen 1994. S.231.**

**١٠- زكريا، دكتور فؤاد، مدرسة الاسكندرية في الفلسفة و العلم مع ترجمة التساعية الرابعة لافلوطين. الاسكندرية ٢٠٠٤ ص١٧ وفي اماكن مختلفة.**

**١١- بدوي، عبدالرحمن، أفلوطين عند العرب، الكويت، ١٩٧٧ الطبعة الثالثة ص٤ فما بعد.**

**١٢- د. فؤاد زكريا ئەم بەشەی چوارەمی كردووە بە عەرەبی و توێژینەوەیەكی ڕێک و پێكی لەگەڵدا بڵاو كردووەتەوە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە: (١٠).**

**١٣- الحمد، محمد عبدالحميد، الافلوطينية المحدثة و التوحيد الاسماعيلي. الرقة (سوريا) ٢٠٠٣ ص٣٣ وفي اماكن أخرى.**

**14- Rod, Wolfgang., Ebenda. S.239. ff.**

**15- Russell, Bertrand., Ebenda. S.303.**

**16- Russell, Bertrand., Ebenda. S.306.**

**17- Storig, Hans Joachim., Ebenda. S.232.**

**١٨- زكريا، دكتور فؤاد، المصدر السابق، ص٤٤ فما بعد وفي اماكن مختلفة.**

**19- Rod, Wolfgang. Ebenda. S.246ff.**

# پەیڤین لەوانی تر، پەیڤینە لە خۆت

## لە پەراوێزی «زانستی زمانەوانی» و «تێنەگەیشتن»ی مەسعوود محەمەد لە مارکسیزمدا


هەندرێن
(سوێد)


دیارە یەکێک لەو ئاکارە سەرەکییانەی کە مرۆ لە ئاخاوتن و نووسینی نووسەر و پسپۆڕی ئەکادیمی چاوەڕوانی دەکا، ڕەهەندی دەست پێوەگرتنی ئێتیک؛ جوامێری؛ ڕاستبێژی؛ جوانبێژییە. بەڵێ، ئاخاوتنێکی جوامێرانە مانای بوونی ژیانێکی جوامێرانەی ئاخێوەریشە. پێڕەوکردنی ئەو ئاکارە لەژیاندا، واقیعاندنی ژیانێکی جوامێرانەشە. ئەگەر نووسەر، بگرە هەموو مرۆڤایەتی وەک خدووگرتنێک خولیای چاندنی ئاکاری چاکە بێت، ئەوکاتە ژیانێک لەجوامێری دێتە کایەوە. لەو ڕوانگەیەوە جوامێری شێوازێکە لەکردەی ژیان. ئەو ژیانەجوامێرییەش تەواو لەمەیلە ماددی، یان خۆویستییەکانی نووسەر و مرۆڤ دابڕاوە، بەڵام لە یادمان نەچێ کە جوامێری نەریتێکە لەڕۆحی مرۆڤدا دەژی، ئەرکی نووسەریش ئەوەیە کە ئەو نەریتە پەروەردە بکا و لەژیانیشیدا پێڕەوی بکا. کاتی خۆی ئەرستۆش دەیگوت کە مرۆڤ ئەو جوامێرییەی لە سروشتەوە پێدەبەخشرێت، لێ تاکو ئەو جوامێرییە بەرەو ڕەفتارێکی جوامێرانە بفراژێ، دەبێ نووسەر، یان مرۆڤ بە گشتی خۆی بەو جوامێرییە پەروەردە بکا، فرچکی پێوە بگرێ و لە قانوون و نەریتەکاندا بیچێنێت.

بەم جۆرە کە نووسەر شتێک دەبێژێ، دیارە دەخوازێ واتایەک لەسەر بەرانبەرەکەی خۆیدا ڕابگەیەنێ. نووسەر کە بەشێوەیەکی جوامێرانە وێنای نووسەرێکی دیکە دەکا، واتا نووسەر لەخۆی دەپەیڤێ؛ خۆی ڕادەگەیەنێ. ئیتر لێرەوە مەیل و ئامانجی نووسەر بەرەو ئەو ئاقارە جوامێراییە ڕێ دەکا. هاوکاتیش ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگە هەڵگری ئەو ئامانجی جوامێرییە بوون، ئیتر ئەو ئاکارە جوامێرییە پانتاییەکی کارا و خەمڵیو



**مەسعوود محەممەد**

وەردەگرێ و کۆمەڵگەش بەختەوەرتر دەبێ.

لێرەوە ئەمڕۆ وەک چۆن لەبواری سیاسی و جڤاکیدا پێوانەکان لینگەوقووچ بوونەتەوە: گەندەڵکارە زەبەلاحەکان باس لە تیۆرییەکانی چارەسەری گەندەڵی، دیموکراتی، ئەخلاق و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن؛ بەرپرسە حیزب پەرست و واسیتە داهێنەرەکان ماف و ئەرکی هاوولاتییە بێ دەسەلاتەکان دیاری دەکەن؛ کۆنە هەڵەپاس، کۆنە سەرۆک جاش و کۆنە کەواسوورە حەربا ئاساکانی ڕژێمی سەدام، بوونەتە دەمڕاستی ئەنفال، پێشمەرگەکانی دوێنێ و خوێنتاڵکراوەکانی ئەمڕۆ ڕۆڵی ئەکتەری «شۆڕشگێڕ و پاڵەوان» دەگێڕن، بەهەمان شێوەش، لەبواری ڕۆشنبیریدا زۆرێک لە «ئاکادیم» ، «ڕووناکبیر» و ڕۆماننووس و شاعیرە قسە ناسک و موجیزە ساز نمایش دەکەن. بەم جۆرە ئەو دەمڕاستە مشەخۆر و مۆرانگەلە لە پرۆسەی ئەو دارمانەی بەهاکاندا، بە ڕۆژی ڕووناک ئەرک و قوربانی مرۆڤە شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی بەڕاستی و نووسەرە ماندوونەناسەکانی دوێنێ سووک و بێ بەها دەکەن. لەوەش خەمهێنەرتر، خەریکە پرۆسەی ئەو ئەخلاقە دارماوەی کە وەک مۆدەی مۆبایل لەژیانی دڕدۆنگی کورددا بازاڕی بەهەڕمێنە، جێگەی بەهاکانی پێشتر بگرنەوە و ببێتە بەها و نۆرمێکی ڕەوا.

هەر چۆنێک بێت، لێرەدا بواری ئەوە نییە زیاتر لە هەژەندی ئەو دۆخە بوودەڵەیە و گرفتی ئاوابوونی بەهای جوامێری بدوێین. لێ ئەوەی کە من لێرەدا دەخوازم هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەم، وێناندنە لە نێوەرۆک وێکچوو و لەشێوە جیاوازەکانی (ئەمیری حەسەنپوور و جەمال نەبەز)ە سەبارەت بەزانستی و پرسی زمان و ڕوانگە ڕۆشنبیرییەکانی مەسعوود محەمەد. هەڵبەتە ئەو نووسینە نە داکۆکیکردنە لە ئاستی کارامەیی زامانزانی و هاوئاهەنگی هەڵوێستە سیاسییەکانی مەسعوود محەمەد، نە کەمکردنەوەیە لەخولیای «زانستاندن»ی زمان و مارکسایەتی جەمال نەبەزیشە. وەلێ ئەوەی کە لێرەدا لەکنە من مایەی سەرنجدانە، تەنیا ئاوڕدانەوەیەکە لەو هەڵوێستە پەرادۆکس، لێک ناکۆکانەی هەردوو ئاکادیمیستی هێژامان کە لە ئاخاوتنەکانیاندا لەهەمبەر ئەزموونی مەسعوود محەممەد دا سەرەتاتکێ دەکەن.

دەبا لێرەشدا ئەوەش بێژم، کە بەڕای من، یەکێکە لەو هۆکردانەی کە هەتا ئێستاش نووسەر و ئەکادیمیستی کورد، وەک هێزێکی بەرهەمدار و بگۆڕ، لە جەم حیزب و جڤاکی کوردیدا حیسابیان بۆ ناکرێ، یان ناتوانن ببنە وزەیەکی بەرهەمهێنەر لە ژیانی کورد دا، ئاستەنگی ئەو پەرادۆکسەی ئەوانە لەنێوان بانگەشەکردن و کردەی نووسیندا. نووسەر و ئەکادیمیستی کورد لەو کاتەی کە خۆیان بەدەمڕاستی زانست، دادپەروەری، ڕاستبێژی و ژیانێکی ڕازاوە دەزانن، کەچی هاوکاتیش کاتێک لەبەرانبەر هزر و کەسە جیاوازەکانی بەرانبەر خۆیاندا ئاوەلا دەکەنەوە، دێنە گۆ، وەک هەر دەسەلاتدارێکی تاکڕەو، یان کەسانێکی خۆویست خۆیان بەتاکە ڕاستبێژ و چاوگەی چاوگەکانی زانین دەنوێنن و هەوڵەکانی ئەوانی دیکەش ڕەش دەکەنەوە.

لێرەوە ئەگەر نووسەر و ئاکادیمی کورد ئەو هەموو بەرهەم و پەرۆشخۆریانەی مەسعوود محەمەد بۆ زمان، مێژوو، سیاسی، چاندی کوردی بەگشتی بەهەند وەرنەگرن؛ لەبری کردنیان بەچاوگە و ڕاڤەکردنەوە و ڕەخنە گرتن لێیان، بێ بایەخ و فەرامۆشیان بکەن، ئەدی یادەوەری ڕۆشنبیری کوردی چ بەهایەکی بۆ ئەمڕۆ و ئاییندە هەیە؟ ئەگەر ئێمە تەنیا «زانست»ێک لەبەر چاو بگرین، کەواتە نەک هەر نەوەی مەسعوود محەمەد «زانست»ی نەبوو، بەڵکو نەوەی پێشیش زانستی

نەبوو؟ ئەگەر وایە، ئەدی ئەزموونی پێشوومان چ بەهایەکی هەیە؟ ئایا کاتێک حەسەنپوور لەماوەی دەیان ساڵدا لە دیدارە ڕۆژنامەوانییەکانیدا سەرپێیانە بەرهەمە زمانەوانییەکانی مەسعوود محەمەد بە «نازانستی» و ڕەخنەکانیشی لە مارکسایەتی بە «بەدحاڵیبوون» بزانێ، مەتەڵاندنی «زانست» و خەمساردی نییە بەرانبەر ئەوانی دیکە؟ ئاخۆ کاتێک جەمال نەبەز، بێ ئەوەی وشەیەک لەمەڕ بەهای زمانە کوردییەکەی و خزمەتەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد لە «کۆڕی زانیاری کورد» بێژێ، زمانە عەرەبییەکەی پەسن دەدا، کاڵکردنەوەی خودی ناوونیشانی بەرسڤەکەی خۆی و دواجاریش جەختکردنەوەی قسەکانی ئەمیری حەسەنپوور نییە؟

لە دەسپێکدا وتمان، کە نووسەر لەسەر ئەوی دیکە دەپەیڤێ، خۆی ڕادەگەیەنێ. کەواتە نووسەر دەبێ خۆی و خوێنەر بە ئاکاری جوامێری فرچک بدا. مەسعوودێک، وێڕای مافی ئەو بەڕێزانە بەڕەخنەگرتن لە کارەکانی، لێ ئەو یەکێک بوو لەو نووسەرە دەگمەنە هەناسە قووڵ و پڕ بەرهەمە نایابانەی هاودەمی خۆی، بۆیە ناکرێ هاوزمانەکەی، وێڕای ڕوانگە جیاوازەکانی لەگەڵ ئەودا، ئامادەیی شکۆمەندانەی ئەو لەزمانی کوردیدا نەبینێ.

لێرەدا جەختکردنەوەی من لەو ئاکارە، بێ بەرییە لەمەیلی ئامۆژگاری و خوتبەدان. لێ بەڵێ ئەوەی کە هانیدام لەو دیدگەیەوە بێمە گۆ، ئەو دوو هەڵوێستە لە شێوە جیاواز و لەنێوەرۆک لێکچووەی ئەمیری حەسەنپوور و جەمال نەبەز بوو. حەسەنپوور لەهەڤپەیڤینەکەی لەگەڵ هەفتەنامەی «میدیا»دا، کە لە ژمارە ٣٠٤ی گەلاوێژی ٢٠٠٧دا بڵاوکراوەتەوە، لە چەند ڕستەی ئاسانگۆیدا بەم جۆرە هەوڵە زمانەوانییەکانی مەسعوود محەمەد پێناسە دەکا: «سەبارەت بەزمان پێمـوایە بۆچوونی باشی هەبوو، دژی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نەبوو..». گەرەکە مرۆی هۆشیار دیقەت لەو کۆپلەی دوایی دەربڕینەکەی ئەمیر بدا کە هەڵگری خەمێکی ئیدیۆلۆژی مارکسیزمییە، نەک خەمی زانستی زمانەوانی. مرۆی ئەکادیمی دەبێ بێ لایەنانە، یان «زانست»ی سەیری زمان بکا. چۆمسکی چەپڕۆیە، لێ ڕوانگە زمانەوانییەکانی، ئەگەر مارکسییانە بهەزرین، وێڕای دەست پێوەگرتن بە پێناسەکەمان لەو چەمکانە، جۆرێک لە داروینیزمی و بگرە نازیزمیشی تێدایە. چۆمسکی توانستی زمان لای مرۆڤ لەنێوان لێهاتوویی (کۆمپێتێنس) و نمایشکردن (پێرفۆرمانس) جیا دەکاتەوە، هەرچەندە ئەو واتای لێهاتوویی کەم بایەخ دەبینێ. ئامانجی چۆمسکی لە لێهاتوویی ئیدیالی، خۆڕسکی زانینی ئاخێوەر/ بیسەرە (intrinsic knowledge) لەمەڕ زمانەکەیدا، کەچی نمایش مانیفستک گەلێکە لە زانینی مرۆڤێکی نێر، یان مێ لە کردارێکی کۆنکریتدا. لێهاتوویی زانینێکی بوونایەتییە، بەم جۆرە کە ئەوە بە چەشنە سنووردارییەکی کاتی و سنووربەندی (بۆ نموونە ئەوەی کە پێوەندی بەتوانستی یادەوەری، یان بێ کاتییەوە هەیە) بێزار نابێت کە هەمیشە کەم تا زۆر نمایشکردن ڕادەگرێت». (١) بە کورتی چۆمسکی ئەو لێهاتووە خۆڕسکییە بەتوانستی تاکەکەسێکی ئیدیالی دەناسێ. کەواتە ئەو پۆلێنکردنەی مرۆڤ لە ئاستی زمان و ئیدیۆلۆژییە مارکسییەکەی، جیاوازیان هەیە.

لێ دەکرێ بپرسین: گەلۆ زمان چییە؟ ئاخۆ دەکرێ لەتاکە شێوەیەکدا، تەنانەت فرە ڕەهەندی زمانی سروشتیش لەبەر چاونەگرین، زمان پێناسە بکەین؟ دیارە دەکرێ هەر یەک لە ئێمە لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی زمان بکا، کە دواجار هیچێک لەو ڕوانگانە ناتوانن دوا پێناسە بن بۆ زمان، چونکە وێڕای ئەوەی کە زمان وەک خودی بوونی مرۆڤ چەمکێکی بزۆکە، لەپێناسەیەکدا بەرجەستە نابێتەوە، لێ لە بواری زانست، فەلسەفە، جڤاکی و مێژووییەوە تیۆری و پێناسەگەلی جیاواز لەمەڕ زمان هەن. بەڵێ، لێرەدا ئێمە مەبەستمان نییە لەبری «زمانزانە ئەکادیمییەکان»ی کورد لەکۆی ئەو تیۆری و ڕوانگانەی زمان بدوێین، لێ لە سادەترین پێناسەدا زمان هەندێک جار بریتییە لە شێوەگەلی میکانیکی نامۆ، کە ئەو شێوانەش ناتوانن گشت پێشهاتەکانی ژیان و ئەزموونەکانی مرۆڤ دەرببڕن. لەوەش بترازێین، مرۆڤ چالاکییەکانی بەڕێگای زمانەوە دەردەبڕێ. بەم جۆرە ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین ئەو چالاکییە بزۆکانەی مرۆڤ بسڕینەوە و تەنیا شێوەکانی دەربڕینی زمان لەبەر چاو بگرین، کەواتە ناوەڕۆکە زیندووەکانی ئەو چالاکییانەی مرۆڤیش دەسڕینەوە. لێرەوە زمان بریتییە لە بوون و ژیانی مرۆڤ، واتا هەبوون و زمان پێکڤە یەکاتییەک پێک دەهێنن.

لەوەش بترازێین، ئەدی زانستی زمان چییە کە ئەمڕۆ لەکن «ئەکادیمی»یەکانی کورد بۆتە مۆدە و لە

دیدارەکانیاندا، نەک لێکۆڵینەوە «ئەکادیمی»یەکان دەیڵێنەوە؟ گەلۆ ئەو «زانستی زمان»ە چۆن ئەو کێشە مرۆڤایەتییە چارەسەر دەکا؟ بەڵێ، وەک وتم، لێرەدا نیازم نییە لەبری زمانزانە «ئەکادیمی»یەکانی کورد ئەو پرسیارانە ڕاڤە بکەم. لێ لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا ساڵانە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە بەسەدان توێژینەوە و وتار لەسەر ئەو بابەتە دەنووسرێن کە مخابن ڕەنگە زۆرینەی خوێنەری کوردستان لەبەر هۆکاری زمانەوە لەخوێندنەوەی ئەو هەموو توێژینەوە و وتارە هەمە ڕەهەندانەوە بێبەش بێت. هەر چۆنێک بێت، لە بواری زانستی زمانەوانیدا تاکە پێناسەیەکی «زانستی» بۆ زمان نییە، کە حەسەنپوور لە هەموو هەڤپەیڤینە ڕۆژنامەوانەکانیدا دووبارەی دەکاتەوە، بێ ئەوەی ئەوە بە ئەرکی خۆی بزانێ کە ئەو ڕوانگە و پێناسە جیاوازانەی کە لەسەر زمان هەن بەخوێنەری کوردی بناسێنێ.

لەو ڕوانگەیەوە ئەرکی زانستی زمانەوانی ئەوەیە کە ئەو پێناسە و تیۆریانە لەسەر زماندا هەیە، ڕاڤە بکا. لێرەوە دەکرێ هەوڵە زمانەوانییەکانی مەسعوود محەمەد لەو ڕەهەندەوە سەیر بکەین کە ئەو لەکاتی خۆیدا بەشێک لەو پێناسە و تیۆرییانەی ڕاڤە کرد. ئەمرۆ ئەرکی ئەو زمانزانە «ئەکادیمی»یە نوێییانەی وەک حەسەنپوورە کە بە پێناسە و تیۆرییە نوێیەکانەوە ئەو کێشانەی زمانی کوردی چارەسەر بکا. بۆیە پێناسەکردنی بەرهەمە زمانەوانییەکانی مەسعوود محەمەد بە ڕستەیەکی نیوەچڵی وەک «مەسعوود محەمەد شارەزاییەکی ئەوتۆی لە زمانەوانی نەبووە» نەک هەر دەربڕینێکی «زانستی» نییە، بەڵکو ئێتیکیش نییە، چونکە وێڕای ئەوەی کە بابەتە زمانەوانییەکانی مەسعوود محەمەد زانستین، ئێمە نازانین ئەو «ئەوتۆ»یە چ مانایەکی هەیە. ئاخۆ ئەو «ئەوتۆ»یەی حەسەنپوور، مانای ئەوەیە کە بابەتە زمانەوانییەکانی مەسعوود محەمەد گرفتی زانستیان هەیە؟ یان چونکە مەسعوود محەمەد بەو «زانست»ە نوێیەی نەنووسیوە کە حەسەنپوور بەتاکە «ڕاستی» دەزانێ؟ ئەگەر وایە، کەواتە بۆ نموونە، دەبێ زمانناسەکانی ئێستای ڕۆژئاوا ئەو تیۆری و پێناسانەی کە بەسەر سێ ئاراستەی دابەش کراوە: زمانەوانی لەسەردەمی گریکی کۆن، کلاسیکی و مۆدێرن بەزانستی نەزانن و ڕەتی بکەنەوە؟ چونکە بە واتای حەسەنپوور، ئەو هەوڵانەی پێشتر «زانستی» نەبوونە، بەڵام ئەوەی ئاگای لە بواری زمانناسی ئەمرۆ بێت، دەزانێ کە زمانزانەکانی ئێستای ڕۆژئاوا قسەی لەو تەرزەی حەسەنپوور لەسەر هەوڵەکانی پێش خۆیان ناکەن. دیارە ئەو تیۆرییە نوێیانەی ئەمڕۆی زمانناسە ڕۆژئاواییەکان خەریکی ئەوەن کە بۆشایی و گرفتەکانی ئەو ڕێزمان و شێوە نووسینەی کە لەتیۆریی و پێناسەکانی پێشتردا پێشکەش کراون چارەسەر بکەن.

بۆ نموونە، ئەمرۆ بەهۆی بەهەرمێن بوونی تەکنیک و دەرکەوتنی کۆمپیوتەرەوە بواری توێژینەوەی زمانەوانی سەرگەرمی تیۆری و پێناسەی نوێ بۆ زمان کە پێشتر ئەو بوارە لە ئارادا نەبوو. جێگەی سەرنجە کە مەسعوود محەمەد لە نەوەدەکاندا کە ئەوکات لەکوردستاندا هێشتا کۆمپیوتەر وەک ئێستا نەبوو، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ شوکور مستەفادا ئاماژە بەو ئەرکە نوێیە دەکا کە تەکنیک دروستی کردووە.

سەبارەت بە کۆمپیوتەر، زمانناسی سوێدی Anna Sagvall Hein، دەبێژێ: «لەگەڵ هاتنی کۆمپیوتەر بۆ بواری زانستی زماندا، پێویستی نوێش هاتە ئاراوە؛ مرۆ پێویستە بتوانێ لەمەڕ زماندا زانیاری بەمۆدیلەکانی زمانی کۆمپیوتەر پێشکەش بکا. هاوکاتیش ئەرکی پێناسەکانی زمان هەم لەناوەرۆک و هەمیش لەشێوەدا گۆڕانیان بەسەر داهات». (٢)

بەهەمە حاڵ، ئەرکی ئەم وتارە نمایشکردنی کۆی ئەو پێناسە و تیۆرییە جیاوازانە نییە کە لەکۆن و ئێستادا لەسەر زماندا نووسراون، هاوکاتیش بوارمان نییە باسی ڕوانگەی فەلسەفەی زمانیش بکەین، کە خۆی بەشێکە لە «زانست»ی زمانەوانی. لێ پێویستە بزانین کە «زانست» مەتەڵێک نییە کە «زانستوان» هەڵی بهێنێت. زمانناسیش، وەک هەر بوارێکی دیکە پرۆسەیەکە و لەهەر قۆناغێکدا، بەگوێرەی پێویستییەکانی مرۆڤی سەردەم و سروشتی زمانەوە، خوازیاری پێناسە و تیۆری نوێیە. مەسعوود محەمەدیش لەسەردەمی خۆیدا، وەک چۆن هاوتەمەن و ئەوانی دیکەی پێشی خۆی، بەکتێبە بەهادارەکەی، «زاراوەسازی پێوانە» و دەیان وتاری زمانەوانی دیکەوە، بە واتای «زانستی» زمانی کوردی ڕاڤە کرد، مشتوماڵ کرد و هەڵکۆڵی. ئەمڕۆش ئەوە ئەرکی ئەکادیمی گەلێکی زمانناسی وەک حەسەنپوورە کە بەپێناسە و تیۆرییە نوێیەکانەوە گرفتەکانی زمانی کوردی چارەسەر بکەن و

گەشەی پێ بدەن تاکو زمانی کوردی بتوانێ ئەزموون و پێشهاتەکانی ئەمڕۆی مرۆی کورد نمایش بکا.

هاوکاتیش ئەوە ئەرکی چەپڕەوی نوێیە وەک حەسەنپوورە کە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەمان لەسەر ئەو چەشنە مارکسیزم و سۆسیالیزمە پێشکەش بکەن کە گوایە مەسعوود محەمەد «تێینەگەیشتووە».

هەرچۆنێک بێت، پەسندانەکەی حەسەنپوور لە مەسعوود محەمەد کە دژی وشەی عارەبی نەبووە، بەندە بە ئیدیۆلۆژییە مارکسییەکەی نەک زانستییەکەی. لێ حەسەنپوور دوای ئەو ڕستە ئیدیۆلۆژییە، بەڕستەیەکی «ئەکادیمی» ناساندنەکەی لەمەسعوود محەمەد خەتم دەکا و دەبێژێ:«دیارە مامۆستا مەسعوود محەمەد زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبووە...» هەروا حەسەنپوور، مەسعوود بەکەسێکی «کۆنسەرڤاتیڤ» پێناسە دەکا، ئەویش چونکە، بەگوێرەی چەپڕەوییەکەی حەسەنپوور، ئەو پێی وابووە کە «لەکوردستاندا دەرەبەگایەتی تێدا نییە و ئەوەی هەیە ئەوەیە کە دەرەبەگەکان برا گەورەی برا بچووکەکانن..» بەوەندە وێناکردنەکەی ئەمیری حەسەنپوور لە توانای زمان و هزری مەسعوود محەمەد تەواو دەبێ، ئیتر ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ.

دیارە ئەو یەکەم جار نییە کە خوێنەر و ڕۆژنامەڤانان پرسیاریان لەهۆی بێدەنگی حەسەنپوور لە کتێبەکەی مەسعود محەمەد، «بۆ ئەمیری حەسەنپوور لەهەر کوێیەک بێت» کرد بێت. لێ ئەوەی وەڵامەکانی ئەو جارە و پێشووی ئەمیری حەسەنپووری خوێندبێتەوە، دەزانێ کە ئەوکاتیش حەسەنپوور هەمان ڕەخنەی لە مەسعوود محەمەد گرتبوو، بۆیە ئەویش بۆ ئەوەی بڕوایەکانی لەمەڕ «زانست»، مارکسیزم و دەربەگایەتی لەکوردستاندا ڕاشکاوتر باس بکا و بواریش بۆ حەسەنپوور ئاوەڵا بکاتەوە بەخۆی بیر بکاتەوە، تێگەیشتنە «ڕاستی»ییەکەی خۆی لە هەمبەر مارکسیزم پێشکەش بکا، ئەو کتێبە دەنووسێ. بەم جۆرە حەسەنپوور ئەو هەموو ساڵە لەبری لێکۆڵینەوەیەکی «ئەکادیمی» لەسەر «زانستی» زمان و «دەربەگ»ی کورد بۆ خوێنەری کورد بنووسێ، کەچی واز لە وتنەوەی ئەو حیکایەتەی «زانستی» و «کۆنسەرڤاتیڤ»ە، ناهێنێ. لەوەش گەڕێین، ئەگەرچی، وەک حەسەنپوور خۆی دەڵێ، یەکێک لە حەزەکانی نووسینە لەمەڕ «دەرەبەگ»ی کوردستان، دەبوو بە لێکۆڵینەوەیەکی «زانستی» بۆشایی ڕوانگەکانی مەسعوود محەمەد لەمەڕ ئەو بابەتە تاووتوو بکا، کە ئەو یەکەم نووسەری کوردە کە زیاتر بەر لە بیست ساڵ ئەو بابەتەی وورووژاندووە.

لێ جێگەی تێڕامانە، کە ئەمڕۆ تۆ پرسیار لەهەر ئاکادیمێکی کورد بکەی کە بۆ نموونە، بۆچی لەسەر کێشە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆی کورد نانووسێ، کەچی بەرسڤی هەمیشەییان پاساوی بێ کاتییە. کەچی هاوکاتیش بەشی زۆری ئەو ئەکادیمییستە هێژایانە، بۆ سازدانی وتوێژی بینراو، داوەتکردن بۆ ئەو شوێنانەی کە چێژی دەسەڵاتی تێدایە، هەمان پاساویان نییە. هەڵبەتە ئەو دیاردەی بێ- کاتییە کە ئەمڕۆ لە جەم نووسەری کورد بە گشتی و ئاکادیمییەکانیشدا بەتایبەتی بۆتە مۆدە، پێوەندی بەو ڕەوشە ئابووری- سیاسییەی کوردستان، کایەکانی جیهانگری و ڕەهەندە جڤاکییەکانی کوردییەوە هەیە، چونکە بەهۆی ئەو ڕەوشە ئابووری- سیاسی و جیهانگرییەی کە کورد تێیدا دەژی، ئەکادیمیبوون بۆتە شتێکی کەشخە. لێرەوە کەسی ئەکادیمی هەوڵدەدا شۆرەتە ئەکادیمییەکەی وەک هێمایەک لەسەرووی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا پۆلێن بکا. بەم جۆرە بەشێک لە مۆدەی بوونەتە هێمای بەهەڕمێن. بەهەمە حاڵ لێرەدا بوارمان نییە بە دوای ئەو باسە خۆشەوە بچین.

بە دیوێکی دیکەوە، بێ گومان ئێستا حەسەنپوور کەسێکی ئەکادیمییە. لێ کاتێک خوێنەر لەهەموو دیدارێکدا بەو پرسیارە بەرۆکی ئەو دەگرن، کە ئەو بە کتێبەکەی مەسعوود محەمەدەوە ناسراوە نەک پایە ئەکادیمی و نووسینەکانییەوە، لە بۆیە شتێکی ئاساییە کە ئەو پرسیارە مجێزی ئەو شێلوو بکا، بەڵام ئەو جارە حەسەنپوور بە نەوایەکی ئاکادیمییەوە لەچەند ڕستەیەکی وەک؛ ئەو جۆرە تێگەیشتنەی مەسعوود «لە چەپی کورد تێگەیشتووە پێموایە باشی تێنەگەیشتووە» و «زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبوو»، دەخوازێ لە رووی دەروونناسییەوە ئەو هەستی کەمایەسییە لە بەرانبەر خوێنەر و مەسعوود محەمەد دا لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، هاوکاتیش بەو ئاوازە مەیلە و «ئاکادیمی»یانەوە زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشی، کە مەسعوود محەمەد «ئاکادیمی» نەبووە، بۆیە وەک ئەوە لەزمان و مارکسیزم باش حاڵ نەبووە. بەم جۆرە دەخوازێ

بێژێ کە تەنیا «ئەکادیمی»یەکانن دەتوانن لەو چشتانە تێبگەن. لێرەوە دەسەڵاتە «ئەکادیمی»ەکەی حەسەنپوور ئاشکرا دەبێ و هاوکاتیش ئەرکە ئێتیکییەکەی دەکەوێتە کێشەوە، چونکە کاک حەسەنپوور بەو بەرسڤە سەرپێیەوە بۆمان ناسەلمێنێ کە بۆ مەسعوود محەمەد «زمانناس» نەبوو؟ چما بە «باشی» لە مارکسیزم «تێنەگەیشتووە»؟ خوێنەر نازانێ پێناسە و پێگەی ئەو بۆ چەپی کوردی و مارکسیزمە چییە و لەکوێیە کە حەسەنپوور تێگەیشتووە؟! ئێمە نازانین ئەو چەپ و مارکسیزمەی حەسەنپوور چۆن و کەی ئەو کۆمەڵگە بێ چین و دەسەڵاتە ساغڵەمە لە جیهان و کوردستاندا دەسازێنێ؟! مخابن خوێنەر لە وەڵامەکانی حەسەنپووردا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارانە دەست ناکەوێ. کەواتە: گەلۆ حەسەنپوور لەکام کتێبدا ئەو چەپ و مارکسیزمەی شی کردووەتەوە، کە مەسعوود محەمەد تێینەگەیشتووە؟ ئەوەی کە حەسەنپوور پێی وایە مەسعوود محەمەد مارکسیزمی لەحیزبە شیوعییە باوەکانەوە کورت کردووەتەوە، وتنێکی «ئاکادیمی» و «ئێتێکی» نییە، چونکە ئەگەر ئەو «بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەک بێت»، هەر سێ بەرگی «مرۆڤ و دەوروبەر»، «لە پەرۆشەکانی ژیان»، «پەرژینی بێدەنگی»، کتێبە عارەبییە قەبەکەی، «بۆ گۆرباچۆڤ»، کە دوای ڕووخانی سۆڤییەت نووسیبووی، بخوێندبایەوە، ڕەنگە ناچار نەدەبوو ئەو قسە نائێتیکییانە بکا. مەسعوود محەمەد لەو کتێبانەدا هەوڵیداوە ڕەخنە، یان ڕاڤەیەکی ئازاد و دڵسۆزانە لە چەمکە گرنگەکانی مارکسیزم، واتا «ماددە»، «ململانێی چینایەتی»، «ئابووری» و.....تاد بگرێت. بەکوردی، ئەوەندەی من تێبگەم، مەسعوود محەمەد ڕەخنەی لەگشت ئەو بەناو کۆمۆنیستە گرتووە، کە بەشێوەیەکی وشکەڕۆ، قەتیسماو سەیری ئەو چەمکە سەرەکییانەی مارکسیزمیان کردووە، نەک دژایەتی ڕەهەندە مرۆییەکانی مارکسیزمی کردووە، لێرەوە وەک لە وتاری «مەسعوود محەمەد؛ ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد»دا، باسم کردووە و لێرەش بەیادی خوێنەرانی ئەو بابەتە دەهێنمەوە کە مەسعوود محەمەد هاوکات لەگەڵ ڕووناکبیرە مارکسیستە ڕۆژئاواییەکان مینا ئالتوسێر، یان هزرڤانەکانی «قوتابخانەی فرانکفۆرت»، لەکاتێکی زوودا ڕەخنەی لەو تێگەیشتنە چەقبەستووانەی چەمکە سەرەکییەکانی مارکسیزم گرتووە، نەک هەر «حیزبە شیوعییەکانی لای خۆمان» بۆیە. بەڕای من، ئەو کارەی مەسعوود جێگەی سەرنجە و پێشم وایە مەسعوود مەیلێکی ئازادانەی بۆ بەشێک لەبیرۆکە مرۆدۆستییەکانی مارکسیزم هەبووە، نەک وەک جەمال نەبەز و حەسەنپوور کە پێیانوایە ئەو تەواو دژی مارکسیزم بووە. ئەوەی کە «گەشتی ژیانم» و کتێبەکانی مەسعوود محەمەدی خوێندبێتەوە، هەست بەو مەیل، یان سەرنجکێشەی ئەو بۆ جیهانبینی مارکسیزم دەکا، یان دەکرێ مرۆ بپرسێ: ئەگەر نووسەرێک بیرۆکەیەک، تیۆرییەک باڵکێشی نەکا، دەتوانێ چەندان وتار و کتێب لە بارەیەوە بنووسێ؟ لە بۆیە هەڵوەستە و ڕەخنەگرتن لەتیۆری و چەشنە بیرکردنەوەیەک، هەمیشە واتای ڕق و دژایەتی کردن نییە، بەڵکو دەکرێ ڕەخنەکانی مەسعوود محەمەد لە مارکسیزم، وەک تەرزە بیخوێنینەوە. بەڵێ، من بەجۆرێک لەجۆرەکان، بەم جۆرە بەشێک لە بۆچوونەکانی مەسعوود محەمەد لەمەڕ مارکسایەتی و سۆسیالیزم دەخوێنمەوە. ئەگەر خوێنەر، بۆ نموونە، «بۆ ئەمیری حەسەنپوور لەهەر کوێیەک بێت»ی خوێندبێتەوە، دەبێ ئەوە تێبگا، کە مەسعوود محەمەد لە گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکی جیاوازدا بەو شێوازە غەدار، ڕووخێنەر و ڕەتکەرەوە ناپەیڤێ کە نەریتێکە لەزمانی کوردیدا، هەروەک خوێنەر درک بەوە دەکا کە ئەو لەو قۆناغە زووەدا کۆمەڵێک ڕەخنەی لە مارکسیزم و حیزبە ئیسلامی و جیهانەکانی دیکەشدا ئاسان نەبوو. بەم جۆرە بەر لەوەی ئەو مالئاوایی لەژیان و زمانەکەی بکا، ئاکامی ئەو تەرزە تێگەیشتنە چەقبەستووەی چەپەکان لە مارکسایەتیدا، بۆچوونەکانی ئەویان سەلماند.

بەهەمەحاڵ، ئەوە ئەرکی نووسەر و خوێنەری ئەمڕۆی وەک نموونەی حەسەنپوورە کە بۆ دڵنیابوون و هەڵوەستە کردن لەو پرسانە کتێبەکانی مەسعوود محەمەد بخوێننەوە و کەموکورتییەکانی شی بکەنەوە، تاکو نەوەی ئەمڕۆ سوود لەو ئەزموونە تیۆری سیاسییەی مارکسیزم وەربگرن و هاوکاتیش نەریتی ڕەخنەی زیندوو فراژووتر بێت.

دیارە ئەو ڕامانە ئۆتۆپییەی حەسەنپوور و بگرە جەمال نەبەزیش لە مارکسیزم، یان سۆسیالیزمدا، هەژەندەی مرۆڤایەتیان بەرهەم هێناوە. ڕاستییەکەی تراژیدی/ کۆمیدییەکان؛ دیکتاتۆرەکان؛ نازیزم، فاشیزم و بلۆکی سۆسیالیزم، بەرهەمی ئەو ئۆتۆپیایەی مرۆڤ و

ئاکادیمییەکان بوون. ئەوە نووسەرگەل و ئاکادیمی گەلێکی لەنموونەی حەسەنپوور بوون کە نزیکەی هەشتا ساڵ خەڵکیان بەو ئۆتۆپییە سۆسیالیزم و کۆمەڵگەیە بێ چینە و خەونی پیرۆزاندنی نەتەوە فریو دەدا. ئاکامی ئەمەش، بەرهەمهێنانی فاشیزم، نازیزم و ئەو ڕژێمە سۆسیالیستییانەی ئەورووپا و ڕۆژهەڵات، ئاسیا و بگرە ڕژێمگەلێکی وەک ڕژێمی بەعسی بوون.

کەواتە تۆ بڵێی مەبەستی حەسەنپوور لەو «چەپی کوردی»یە سەر مۆرە، ئەو حیزبە کۆمۆنیستە عەنتیکانە بێت، کە نموونەی مەنسووری حیکمەت چاوگە و پەیامبەریانە؟ دوای هەشتا ساڵ دەستخەرۆدانی خەڵک بە بلۆکی سۆڤییەت کە گوایە بەلەناوبردنی «ململانێی چینایەتی» مرۆڤایەتی و کوردی بێبەشیش لەمافە نەتەوایەتییەکان ڕزگار دەکا، ئێستا نۆرەی ئەوەیە حەسەنپوور بەو تەرزە مارکسیزم و چەپڕۆییە تازە بابەتەوە مەستمان بکا. ڕاستە مارکسیزم، یان بەرهەمەکانی ئەنگلس، فیۆرباخ، مارکس و....تاد، وەک تیۆریی و هزر نەک ئیدیۆلۆژی، هەڵگری بەهای مرۆڤایەتی و جوانییە، لێ ڕاستییەکەی ئەو تیۆر و هزرەش، وەک هەر هزرێکی بەهاداری دیکە، تەنیا لە ئاستی تیۆریدا، ئیدیالیدا سەرنجکێشن، لێ هەر کاتێک لەپێناسەیەکی ئیدیۆلۆژیدا کورت کرانەوە و جێبەجێ کران، ئاکامەکەیان لەو ئەزموونانە باشتر نابن کە لە سۆڤیەتی کۆن، چین و... بینیمان، چونکە بە بڕوای من، هیچ هزرێکی ئیدیالی، گەردوونی لەگەڵ واقیعی ژیانی مرۆڤدا ناگونجێ، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆویست و لێکجیاوازە؛ خولیای دەسەڵات و کوشتەی خاوەنداریەتییە. لە بۆیە یەکسانی و نەمانی جیاوازی لەنێوان مرۆڤدا، تەنیا لەو کاتەدایە کە لە خەباتدایە، یان بێدەسەڵاتە.

هەربۆیە ئەو سۆسیالیزمەی کە حەسەنپوور و جەمال نەبەز بەشێوەی جودا بڕوایان پێیە، ڕاستییەکەی، وێڕای هاوسۆزیم بۆ ڕەهەندە هزری و مرۆییەکانی ئەو بیرۆکەیەش، کەچی لە دواجاردا لەزۆر ڕەهەندەوە ئەو سیستمە سیاسییە، لە ئاستی فەلسەفی و سیاسیدا، لە سیستمی کۆمەڵایەتی زۆر نزیکە: سۆسیالیستەکان پێیانوایە لەکۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتیدا، دەسەڵات هاوولاتیان لە خەمە ئابوورییەکاندا ئازاد دەکەن، لە بەرانبەر ئەمەشدا ئەوان نابێ بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بکەنەوە. لەو سیستمە سۆسیالیستییەدا تەنیا توێژێکی دەسەڵاتدار مافی خاوەنداریەتی ئابووریان هەیە، کەچی هاوولاتیان ئەو مافەیان نییە. ئەمەش کتومت لە سیستمی کۆیلەداری دەچێ. لەوێدا کۆیلەدارەکان مەرجیان ئەوەبوو کە کۆیلە ئیشیان بۆ بکەن، لەبەرانبەریشدا ئەوان بەخێویان دەکەن. خزمایەتی نێوان سۆسیالیزم و کۆیلەداری لەو ڕەهەندە ئابوورییەش قووڵترە: سۆسیالیستەکان بە خۆکردنە سەرچاوەی ئابوورییەوە بانگەشە بۆ دادپەروەری و یەکسانی دەکەن. هەڵبەت لە ئاستی ئەخلاقییەوە نابێ هاوولاتیان ئەو دەسەڵاتە سۆسیالیستییە، خاوەن ئابوورییە بخاتە ژێر پرسیارەوە، کۆیلەدارەکانیش هەمان ئەخلاقیان هەبوو، کە کۆیلە نەدەبوو سەردارەکەی کە خاوەن هەموو مافێکی ئابوورییە، بخاتە ژێر پرسیاری ئەخلاقییەوە. لێرەدا بوارمان نییە زیاتر لە وێکچوونەکانی نێوان ئەو سۆسیالیزمە ئۆتۆپییە و بگرە هزری نازیزم و جیهانبینییە ئایینەکانیش بدوێین. هەڵبەتە ئەمڕۆ ئەو وێکچواندنەی نێوان نازیزم و ئایین، بابەتێکە کە زۆر لە ڕووناکبیر و هزرڤانە ڕۆژئاواییەکان باسیان کردبووە. بۆ نموونە، فیلمساز و ڕووناکبیری ناسراوی ئیتاڵی، پاولۆ پازۆلینی کە بە هونەرمەند و لایەنگرێکی ئیدیالی چەپی ئیتاڵی ناسرا بوو، لەکتێبی «نووسینەکانی پاولۆ پازۆلینی لەکاتێکی هەڵە»دا (٣)، باس لەوە دەکا کە پارتە کۆمۆنیستەکانی بەگشتی و پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵی پەیامە شۆڕشگێڕییەکانیان پووچ کردەوە، لە ئاکامی ئەمەشدا، شێوەی ڕێکخستنەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانیش وێنەی کڵێسەیان وەرگرت. ڕاستییەکەی خوێندنەوەی بۆچوونەکانی پازۆلینی لەمەڕ ئەزموونی فاشیزم، کۆمۆنیزم و حیزبی مەسیحی ئیتاڵیا و هاونموونەکانیان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، جێگەی سەرنجن، چونکە پازۆلینی وەک نووسەر و هونەرمەندێکی ئەنارشی، لە شەستەکانەوە ڕەخنە و خوێندنەوەی سەر ڕاستی لەمەڕ گرفتەکانی پارتە کۆمۆنیستانەوە پێشکەش کردووە کە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە زیاتر باسی هەڵوێستەکانی ئەو هونەرمەندە لەمەڕ ئەو بابەتەوە بکەین.

هەرچۆنێک بێت، گریمان کێشەی چینایەتی کۆتایی پێ هات، وەلێ چۆن کێشەی جیاوازی مرۆڤ کۆتایی پێ

دێ؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ لە ڕەهەندە خۆویستی و نەرێییەکانی دابماڵێن؟

بەدیوێکی دیکەوە، ئەو بۆچوونانەی حەسەنپوور و جەمال نەبەز، کتێبەکەی تۆماس مۆر، «ئۆتۆپیا» ،مان بەیاد دێننەوە، چونکە تاوگیری ئەو «سۆسیالیست»ییە ئۆتۆپییەی هەردوو هێژامان لە «ئۆتۆپیا»کەی مۆر دەچن. کاتێک ئینگلستان لە سەرەتای کۆتایی سەدەی شازدە و سەرەتایەکانی سەدەی حەڤدەدا لەناو تەنگژەی شەڕی نێوخۆیی، ئابووری و سیاسی سەگەردان بوو، مۆر بە سازاندنی ئەو کۆمەڵگەیە ئۆتۆپییەوە هەوڵ دەدا کۆمەڵگەکەی لەو تەنگژەیە ڕزگار بکا و بەمەش بە سیستمێکی کۆمۆنیستی ڕابگەیەنێ. هەر بۆیە ئەو کتێبە بە خەیاڵاندنێکی کۆمۆنیستانە دەزانرێ.

لێرەوە، بەڕای من، ئەو ئاوێزانبوونەی مرۆی کوردبە ئیدیۆلۆژیەکی ئۆتۆپی وەک مارکسیزم، ئیسلامی سیاسی و ئیدیۆلۆژییە شۆڤینییە ناسیۆنالیزمییەکانی دیکە، پێوەندی بە بێ ئومێد بوون لە ڕزگاربوونی کۆمەڵگەی کوردی و کەوتنە ژێر کاریگەری کولتووری نەتەوە باڵادەستەکانەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، کورد بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون لەو تێکشکاندنە ڕۆحی و دەروونییەی کە لە بندەستی داگیرکاران و ستەمی کۆمەڵایەتیدا دەیچێژێ بدۆزێتەوە، هاوکاتیش دڵدانەوەیەک بۆ ئەو دۆخە نەریتگر و وابەستەییە ڕۆشنبیری و سیاسییەی خۆی مەیسەر بکا، ئەوە سۆسیالیزم، ئایین و توندڕۆیی ناسیۆنالیزمی دەبنە دوو فریادڕەسی ئۆتۆپی، دوو دێوجامەی شێوە جوودا و نێوەرۆک لێکچوو. لێرەوە من هاوسۆزم لەگەڵ زۆر ڕەهەندی ڕوانگەکانی مارکسیزم، لێ وەهماندنی ئەو ڕوانگەی مارکسیزمە، ئایینی و ناسیۆنالیزمیانە، هەژەندی کوشندە بەرهەم دەهێنن.

لێ لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر بەگشتی و حەسەنپوور و هاوڕاکانیشی بە تایبەتی لە گەوهەری ئەو ڕژێمە هەمگیرییەی سۆسیالیزمی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات تێبگەن کە نموونەیەکە لە سۆسیالیزمی ڕۆژئاوایی نەک ڕۆژهەڵاتی، سەیری فیلمەکەی Van, Donnersmarck بەناوی «ژیانی ئەوانی دیکە– Des Lebn der Ande-sen» بکەن، کە لە ٢٠٠٦ سازکراوە. ئەو فیلمە ئەوەمان نیشان دەدا کە چۆن ئەو دەسەڵاتە سۆسیالیزمە بە کامێرای شاراوە و تۆڕەکانی چاودێریکردنەوە ژیانی هاووڵاتیانی تەنیبووەوە، بەم جۆرە ئەو سۆسیالیزمە بە سەدان نووسەر، هونەرمەند و...تاد کە بێ ئەوەی بە دژی ئەو ڕژێمە بووبن، تەفروتوونا کرد.

لەوەش زیاتر، کورتکردنەوەی بۆچوونەکانی مەسعوود محەمەد لە مەڕ «فیودالیزم»ی کورد، بەو مانایەی کە «دەرەبەگەکان برا گەورەی برا بچووکەکانن» لەلایەن حەسەنپوورەوە، تێگەیشتنێکی سادەیە. بەکورتی ئەوەی من لە مەسعوود تێگەیشتبم کە ئەو لە ڕوانگەیەکی ئاوەزگەرییەوە سەیری کۆمەڵگەی کورد و ئامانجەکانی دەکا. لەکن مەسعوود محەمەددا کێشەی ئێستای کورد چینایەتی نەبووە، بەڵکو نەتەوایەتی بووە. هاوکاتیش مەسعوود محەمەد مەبەستی نەبووە کە دەرەبەگ برا گەورەی برا بچووک بێت، بەڵکو ئەو مەبەستی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر بووە. مرۆ کە کتێبەکانی مەسعوودی خوێندبێتەوە، ناکرێ ئەوە فەرامۆش بکا، کە ئەو کەسەیە کە حەسەنپوور و جەمال نەبەز باسی دەکەن.

لەوەش بترازێین، ئەگەرچی جەمال نەبەز، لەو بەشەی کە لە هەوڵی ئەوەدایە لەسەر مەسعوود محەمەد بکاتەوە و قسەکانی حەسەنپوور ڕەت کاتەوە، کەچی دواجار بە ئاکامگیرییەک لە ئاخاوتنەکانیدا، وەک ئەمیر حەسەنپوور، لێ بە شێوەیەکی دیکە، لە تواناکانی مەسعوود محەمەد کەم دەکاتەوە و بەمەش وێنایەکی هەڵبزرکاو لە بۆ خوێنەر نمایش دەکا.

دوای ئەوە جەمال نەبەز لە وتارێک «تۆمەتی ناڕەوا و بوختان؛ لە پشت پەرژینی پەسەندانەوە»دا، کە لە هەمان هەفتەنامە، ژمارە ٣٠٧ی گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، بەرسڤی ئەو بۆچوونە «ناڕەوا»یانەی حەسەنپوور، کە لە هەمان وتووێژدا لەمەڕ بیری نەتەوایەتی ئەو کردبوونی. جەمال نەبەز لە بەشێکی ئەو بەرسڤەیدا لۆمەی حەسەنپوور دەکا بەوەی کە بەغەداری باسی مەسعوود محەمەدی کردووە، چونکە مەسعوود محەمەد عەرەبیزانێکی باش بووە و کاتی خۆیشی کۆمەکی حەسەنپووری کردووە. لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە کە جەمال نەبەز یەک پەیڤ لەسەر زمانە کوردییەکەی مەسعوود محەمەد گۆ ناکا! ئەگەر خوێنەرێک ئاگای لەکتێب و وتارگەلە دانسقە کوردییەکانی ئەو نەبێ، وا دەزانێ کە مەسعوود نووسەرێکی کوردی عارەبی نووسە. هەڵبەت بەهۆی ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیرییە عەنتیکەیەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا قەڵەمڕەوە، ڕەنگە گەنجلاوێکی

فره ئاشنای کتێبەکانی مەسعوود محەمەد نەبن. لەوەش زیاتر، جەمال نەبەز لە درێژەی بۆچوونەکانی لەسەر مەسعوود محەمەددا، بابەتێک دەوروژێنێ، کە بێ ئەوەی پێوەندی بە کرۆکی باسکەی نێوان خۆی و حەسەنپوورەوە هەبێت، ئەویش چۆنیەتی ئیشکردنی مەسعوود محەمەدە لە «کۆڕی زانیاری کورد» و دواجاریش نهێنی نەهاتنەوەی ئەوە لە بەغداوە بۆ هەولێر. لێرەوە دەکرێ خوێنەر لە جەمال نەبەز بپرسێ: ئەو باسەی حەسەنپوور چ پێوەندییەکی بەبابەتی ئیشکردنی مەسعوود محەمەد لە «کۆڕی زانیاری کورد»ەوە... هەیە؟ ئەگەر مانەوەی مەسعوود محەمەد لە بەغدا خەوشێک بێ بۆ ئەو و سوودیشی بۆ زمان و ڕۆشنبیری کوردی نەبووە، بۆ ئەو هەتا ئەمڕۆ وتارێکی تایبەتی لەسەر نەنووسیوە، تاکو خوێنەر لە ڕاستی کێشەکان و بەهای «کۆڕی زانیاری کورد» تێبگا؟ ئەگەر مەسعوود محەمەد مەرجی هاتنەوەی بۆ کوردستان و کارکردنی لە «کۆڕی زانیاری کورد»دا لە هەولێر تەنیا وەرگرتنی «پلەی سەرۆک وەزیران بە خۆی و پلەی وەزیریش بەهاوکارەکانی» بێت، دەکرێ خوێنەر بزانێ ئەو بەڵگانە لە کوێن؟ ئاخۆ ئەو بەڵگەیە لە بلاوکراوەیەکی کوردیدا چاپ کراوە؟ ئەگەر ئەو «مەرج»ی مەسعوود محەمەد، بۆ جەمال نەبەز، خەوشێک بێت، بۆ پێشتر باسی نەکردووە؟ ئاخۆ مافی مەسعوود محەمەد نییە ئەو خواستەی هەبێت؟ ئەگەر مەسعوود محەمەد دەمڕاستی «کۆڕی زانیاری» لە هەولێر بووایە باشتر نەبوو لە زۆرێک لەوانەی کە ئەگەر حیزبایەتی نەبێت، هیچ پێوەندییەکیان بەو کۆڕەوە نییە؟ وێڕای ئەمەش، ئەوەی من بیزانم، هۆی کار نەکردنی مەسعوود محەمەد لە «کۆڕی زانیاری کورد» لە هەولێردا، لەبەر ئەوەبووە کە دەبێ ئەو «کۆڕی زانیاری کوردستان»ە بێلایەن بێت و هەموو پسپۆڕانی شارەکان و کوردستانیش لەخۆ بگرێت نەک تەنیا نووسەرانی هەولێر. لێ ئەوکات بەهۆی شەڕی نێوان ئەو دوو حزبەی کوردستانەوە، کە «کۆڕی زانیاری کوردستان» لە هەولێر لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوو، بۆیە پارتی ئەو مەرجانەی مەسعوود محەمەدی قەبووڵ نەکرد. دواجاریش مەسعوود محەمەد ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی خۆی نەگرت. دیارە لە کوردستاندا، چونکە ئاوەڵایی نییە و هەموو پێشهاتەکان حیزبێنراون، بۆیە ئاسان نییە کە مرۆ لە کرۆکی ڕاستییەکان تێبگات. لێرەوە کاتێک جەمال نەبەز ئەو باسە دەوروژێنێ، منی خوێنەر بەرانبەر بە بۆچوونێکی لەو تەرزەی ئەودا تووشی گومان دەبێت. بەم جۆرە هەموو ڕاستییەکان لە ئاستی دەنگۆ و مەزەندە دەمێننەوە و بەڵگەدار نین. لێرەوە، بەڕای من، ئەرکی کەسێکی وەک جەمال نەبەزە کە ئەو بابەتە ڕۆشنبیرییانە بۆ مێژوو تۆمار بکا. بەم جۆرە ئەگەر ئەو کەین و بەینە ڕۆشنبیرییانەش وەک کەین و بەینە سیاسییەکانمان تەنیا لە ئاستی قسەی سەرپێی و نەسەلمێنراوانە مانەوە، ئیتر نەوەی داهاتووش هەر بەو ڕێگەی هات و نەهاتەوە فرچک دەگرێ، کە کورد خدووی پێیەوە گرتووە. جەمال لە پشت بۆچوونەکانیڕا دیارە کە هەوڵە ڕۆشنبیری و زمانەوانەکانی مەسعوود محەمەد و ڕۆڵەکەی لە «کۆڕی زانیاری کورد» بەگرنگ نەزانێ. لێ ئەگەر وایە، مرۆ دەکرێ لەو بپرسێ: باشە ئاستی بەرهەم و خزمەتە ڕۆشنبیرییەکانی «کۆڕی زانیاری کورد» و مەسعوود تۆکمەتر بوون، یان ئەو «کۆڕی زانیاری کورد» و «ئەکادیمای کوردی»یەی ئێستای هەولێر، کە هەتا ئیرۆ لە پارە خواردنێکی «پەنجا بە پەنجا» بترازێ هیچ سوودێکی دیکەی نەبووە؟ یان بۆچی ئەو «ئینستۆتی کوردی»یەی کە لەنەوەدەکاندا لە پاریس دەردەچوو، وێڕای کۆمەکی ماددی باش و بوونی ئەو هەموو «دکتۆر»ە چەپڕەو و ڕاسترۆیانەی کوردیش لە ڕۆژئاوادا، نەیتوانی لەو «کۆڕی زانیاری کورد»یەی، کە بە واتای تۆ، مەسعوود محەمەد و «چەند کۆنە سۆڤییەتچی» بەڕیوەیان دەبرد، کاراتر بێ و زووش ئاڤا نەبێ؟ دواجاریش ئایا جیاوازی ئەو کێشمە کێشەی کە لەنێوان بەڕێوەبەرانی ئەو «کوردۆلۆژی»یەی کە لە ئەڵمانیادا دامەزراوە، لەگەڵ ئەو «ئاکادیمیای کوردی»یە «فیفتی فیفتی»یەی کە لەهەولێرە چییە؟

بە دیوێکی دیکەش، من هاوڕای جەمال نەبەزم کە داوا لە حەسەنپوور دەکا بە «بەڵگە»وە قسە بکا. لێ بەڵگەی جەمال نەبەز چییە، کە مەسعوود محەمەد بە «پشتیوانی تەواوی زیاد ئاغا گەیشتە حکومەت»؟ مرۆ لەو وێناکردنەی مەسعوود محەمەددا، دانانی زۆرێک لەو ئەندام حزبیانەی لە پەرلەمانی ئێستای کوردستاندا دێتەوە پێش چاو. بەم جۆرە، هەروەها مەسعوود کەسێک بێت کە خۆی کەس نەیناسیوە و توانایەکیشی نەبووە بگاتە پەرلەمان. ئەگەر خوێنەرێک بخوازێ «گەشتی ژیانم»ی مەسعوود محەمەد بخوێنێتەوە، لەوێدا دەبینێ ئەو پیاوە خاوەن چتۆ ئەزموونێکی ڕۆشنبیری و سیاسی

بووه و چۆنیش بەزرینگی خۆیەوە گەیشتە پەرلەمان و وەک دیپلۆماسییەکی کارا خەباتی کردووە. مخابن مرۆ چاوەڕێی ئەو تەرزە بۆچوونانە لە کەسێکی پسپۆڕ و ڕاستبێژی وەک جەمال نەبەز ناکا! لە بۆیە دەکرێ بپرسین: گەلۆ هەر ئەو دووبەرەکییە لاوەکیانەی نێوان نووسەر و پسپۆڕانەی کورد نییە، کە وای کردووە وابەستەی حیزب بن و خاوەن ویستی هاوەدنگییەک نەبن؟

لەوەش بترازێین، جەمال نەبەز دوای جەختکردنەوە لەوەی، کە ئەو پێش مەسعوود زانیویەتی کە ڕژێمی سۆڤیەت دژ بە ئازادییە، هاوکاتیش، وەک حەسەنپوور، لایەنگیری سۆسیالیزم بووە و بڕواشی وایە کە «نەتەوەیەکی یەکگرتوو کاتێک دروست دەبێ کە جیاوازی چینایەتی تێدا نەمێنێ». مخابن ئەو تەرزە ئۆتۆپییە، نەتەوە بێ چینایەتییەی کە جەمال نەبەز وێنای دەکا، نە لە مێژووی ڕابردووی جیهاندا وێنەی هەبووە و نە لە مێژووی داهاتووشدا مەیسەر دەبێت، کەواتە، ئەگەر لەو ڕوانگەی جەمال نەبەزەوە سەیری دۆخی نەتەوەکان بکەین، دیارە هیچ نەتەوەیەک لە جیهاندا نییە کە «یەکگرتوو» بێت، چونکە هیچ نەتەوەیەک نییە کە «جیاوازی چینایەتی» بنەبڕ کردبێت. ئەو «هەویرە زۆر ئاوەدکێشێ»، لێرەدا ئەرکی ئێمە سەلماندنی ئەو جیاوازییە نییە.

بەم جۆرە دەکرێ بێژین، کە بۆچوونەکانی حەسەنپوور و جەمال نەبەز لە پایەی زمان و هزری مەسعوود محەمەددا لە دوو شێوە گوتنی جیاوازدا یەک ئاکامگیری هەیە، ئەویش ئەوەیە: کە مەسعوود زمانی زانستی نەزانیوە، دژی چینی کرێکار بووە، هزر و ڕۆشنبیرییەکەشی هی ئەوە نین بەهایەکی «زانستی»یان هەبێ. کەواتە ئەوان هەردووکیان خۆیان لەو بە زانستی تر، ئازادیخوازتر و ترەکانی دیکە دەزانن.

لێرەوە من پێم وایە، ئەو تەرزە وێناندنە لە ئەوی دیکە، کە دیاردەیەکی باڵادەستە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، بۆیە ئاخاوتنەکانی ئەو دوو هێژایە تژی لەناکۆکییە، چونکە ڕاستییەکەی ناکۆکی هەردووکیان لەگەڵ مەسعوودا هێندەی جیاوازی کەسایەتی و ئیدیۆلۆژییە، ئەوەندە جیاوازی «زانستی» و «چینایەتی» نییە. هەڵبەت ئەگەر کێشەی چینایەتیش نەمێنێ، لێ کێشەی جیاوازی مەیل و ویستی مرۆڤ هەر قووڵتر دەبێتەوە. مخابن لێرەدا بوارمان نییە فرەتر لەمەڕ ئەو بابەتە و کۆی بیرۆکەکانی دیکەوە بدوێین، ئەگینا هەقە زێتریان لەسەر بگوترێت.

لێ جێگەی سەرنجە، کە مەسعوود محەمەد لە بەرایی کتێبەکەی «بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەک بێت»دا پێشبینی ئەو ڕۆحە عەنتیکە کوردییەی کردبوو، کە هاوزمانەکانی وەک خۆی نەیخوێننەوە و بە کەیفی خۆیان پێناسەی بکەن. لەوێدا دەبێژێ: «هەڵبەت من کە لە ساڵی ١٩٧٢ دەستم دایە نووسین ئەم ڕاستیە یەکجار گرنگەم لێ ڕوون بوو، هێندەش بەلامەوە ڕاستییەکانی بنجی ڕەگ داکوتاو بوو، دڵی خۆم بەوە دابینکردبوو کە لە ئاستی نووسینە نەسەلمێنەکانی خۆمدا بەتەمای دۆست و برادەر و یاریدەر و پشتیوان نەبم لەو ڕووەوە کە دەمزانی کوردەواری خۆمان جێی بیروڕایەکی تێدا نابێتەوە ئەگەر لەسەر تەلی ماددی تەقلیدی لێنەدات».

**پاییزی ٢٠٠٧**

**ژێدەر:**

**(1) Bengt Molander red, "Sprakets speglinger, Carlsson Bokforlag, Stockholm, 1993, P.34-35.**

**هەڵبەتە کتێبی ناوبراو کۆ وتارێکی لەڕوانگەی جیاوازەوە، ڕەهەندەکانی زمان ڕاڤە دەکا.**

**(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٥٩**

**(٣) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ دیدی پازۆلینی لەمەڕ لێکچوونی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ شێوەی ئیشکردنی کلێسەی کاتۆلیک و بگرە فاشیزمی ئیتاڵیاوە، بڕوانە کتێبی:**

**Paolopasolini, Skrifter i fel tid, Urval och over-sattaning fran itlanska till svenska av Ingmaj Beck, Brutus Ostlings Bokforlag Symposion, Stockholm 1993.**

**شایەنی باسە، ئەو کتێبە بەزمانی سوێدییە و بریتییە لە کۆ وتارێکی هونەری، سیاسی، دەقگەلێکی شیعری، چەند دیداری جیاوازی پازۆلینی. دیارە پازۆلینی لە ٢ی سەرماوەزی ١٩٧٥دا لە دەرەوەی شاری ڕۆم، لەگەراجێکدا بەشێوەیەکی دڕندانە تیرۆر کرا. جێگەی سەرنجە هەتا ئێستاش کەس نەیزانیوە کە بکوژەکەی کێیە، بەڵام دیارە بەهۆی فیلم، چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانییەوە، فاشیستەکانی ئیتاڵیا زۆر ڕقیان لێ بوو. لە ئاستی سینەمادا، پۆسپۆڕانی سینەما پێیان وایە، کە ئەو بۆشاییەی پازۆلینی لەدوای خۆیەوە بەجێ هێشت، هەتا ئێستاش هونەرمەندێکی دیکە نییە پڕی بکاتەوە.**

# هونەرەكانی نووسینی ڕۆژنامەوانی

ئا: ئازاد عەبدولواحید

**سەروتار نووسین لەكاری ڕۆژنامەوانیدا**

سەروتار كە وتاری سەرەكی هەر ڕۆژنامەیەكە، لەڕووی دارشتنەوە هونەرێكی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆی هەیە. بنەڕەتی ئەو هونەرەش «ڕاڤەكردن و شیكردنەوەیە»، كە هەندێ جار پشت بە پاساوی لۆژیكیانە دەبەستێ، هەندێ جاری دی پاساوی سۆزدارانە دەهێنێتەوە بە مەبەستی گەیشتن بە تەنیا ئامانجێك كە ئەویش قەناعەت پێكردنی خوێنەرانە.

سەروتارنووس لە ڕۆژنامە بەناوبانگەكانی وەك (تایمز) و (هیرالدتریبیون) لەلای خوێنەران زۆر دەناسرێن و بەناوبانگ دەبن، چونكە ئەو خوێنەرانە لەسەر ستایل و شێوازی نووسەری سەروتار ڕادێن كە پێویستە ئەو شێوازە بە ڕوونی و ڕەوانی و سادەیی و ساكاری و خۆشەویستی و پێوەندی گرێدانی توندوتۆڵی نێوان نووسەران و خوێنەران بناسرێتەوە، بۆیە زۆرجار ڕێ دەكەوێ نووسەری سەروتار هەرچەندە ناوی خۆشی لەسەر سەروتارەكەی نانووسێ، بەڵام زوو لەلای خوێنەران دەناسرێتەوە، هۆی ناسینەوەكەش ئاشنایی و هۆگری خوێنەرانە بە شێوازەكەی نووسەر. خوێنەران لەسەر ئەوە ڕاهاتوون لەو ڕۆژنامەیەدا یەكسەر ئەو لاپەڕە دیاری كراوە بكەنەوە و تەماشای بكەن بە مەبەستی خوێندنەوەی نووسینی ئەو نووسەرەی خۆشیان دەوێ كە شێوازەكەی ئاسانە و پاساوەكانیشی قایلیان دەكات و قەناعەتیان پێ دەهێنێ. هەر لەپێناوی ئەوەشدا دەبینین ڕۆژنامە بەناوبانگەكانی جیهان لەسەر هەموو لاپەڕەكانیاندا ڕووداوەكانی جیهانی پان و بەرین تۆمار

دەکەن و بیرو بیروڕاو بۆچوونەکان و چی ڕوودەدات و دەقەومێ دەنووسن تەنیا لاپەڕەیەک دەهێڵنەوە، هەندێ جاریش تەنیا یەک ستوون دەهێڵنەوە ئەویش بۆ دەربڕینی بیروڕای ڕۆژنامەکەیە کە هزری خۆی تێدا هەڵدەخا. مافی هەر ڕۆژنامەیەکیشە لە دەرخستن و دەربڕینی بیروڕای تایبەتی خۆی سەبارەت بەو دەنگوباس و هەواڵانەی بڵاویان دەکاتەوە ئەو ستوونەی هەبێ، ئەمە کارێکی نۆرماڵ و ئاساییە، چونکە «هەواڵ» و «بیروڕا» دوو هاوەڵن و شان بە شانی یەکتری دەردەکەون و دەڕۆن. لێرەدا یەکەم پرسیار کە خۆی ڕەپیش دەکا و بە مێشکماندا دێ کاتێ کەسێک دێ و زانیارییەکمان دەداتێ کە جێگەی بایەخی ئێمەیە ئەوەیە پێی دەڵێین (بیروڕات سەبارەت بەو مەسەلەیە چییە؟).

لە سەرەتاوە ڕۆژنامەگەری هەواڵی بەجیاو بیروڕای بەجیا بڵاودەکردەوە، یەکەمیان لە شێوەی پەیام و نامەی هەواڵ بڵاودەکرایەوە، ئەوی تریشیان بەشێوەی نامیلکە بڵاودەکرایەوە، بەڵام (دانیال دیفۆ) یەکەم کەسە ئەم دوو ئاراستە ڕۆژنامەوانییەی لەیەک چاپکراودا یەکخست و بەناوی (ذی ریڤیو) لە لەندەن لە ساڵی ١٧٠٤ دەری کرد.

ئەوەی پێی دەگوترێ (سەروتار- وتاری دەسپێک) سەرەتایەکەی بۆ (ریڤیو) دەگێڕنەوە، سەروتاریش یەکەم وتارە لە بارەی بابەتێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی گرنگ دەنووسرێ کە قسەکردنە لە بارەی ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن کە بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش و جوان دەخرێنە ڕوو و وەک باوە لە پێشی پێشەوەی ڕۆژنامەکە بڵاودەکرێتەوە، ئەم وتارەش وەک وتەیەکی دەسپێک بە شێوەیەکی ناسک و نەرمونیان لە نووسەرەوە ئاراستەی خوێنەران دەکرێ، بۆیە ناوی نراوە گوتاری دەسپێک، ئەمەش ناوک و کاکڵەی سەروتارە، کە ئەمڕۆکە لە ڕۆژنامەگەری نوێدا دەیناسین.

زەمانی ڕۆژنامەوانییەکی توندڕۆ لە حزبایەتی خۆیدا، پڕ لە هاش و هووش و زبر لەشێواز و دەربڕینەکانیدا ئاماژە بە بلیمەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە گەورەیە دەدا کە ناوی (دیفۆ)یە، لەبەر ئەوەی داهێنەری وتاری هێمنانە و سەنگینە کە لەبیروڕایەکان ورد دەبێتەوە و ڕاستییەکان لە مەحەک دەدات و دەیخاتە بەردەم تاقیکردنەوەوە، هەروەها گفتوگۆ لە بارەی سیاسەتی حکوومەتەکانەوە دەکات و بەوپەڕی هێمنی و ئارامی و پشوو درێژی لەگەڵ هەنگاوەکانی دەڕوا. بەم جۆرە دیفۆ بۆ یەکەم جار لەمێژووی ڕۆژنامەوانی ئینگلیزیدا وتاری سیاسی میانڕۆی داهێنا کە بە مەنتیقێکی سەنگین و قورس دەنووسران. پاشان هونەری وتاری دەسپێک، یان سەروتار لەناو ڕۆژنامە سیاسییەکاندا پێشکەوت و پەرەی سەند کە دیفۆ لەمەدا بەشداری و پشکی بەرچاوی هەبوو تا گەیشتە قۆناغی هونەرێکی کامڵ و پێگەیشتوو کە لەسەر بنچینە و بنەڕەتێکی دیاریکراو و داوونەریتێکی پڕ لە ڕێز و شکۆ دامەزرێ. بە هونەر و لێهاتوویی دیفۆ ئەوە زانرا کە سەروتار، یان وتاری دەسپێک تەنیا گوزارشت لە بیروڕای نووسەرەکەی ناکات، یان هەڵگری بیروبۆچوون و بیروڕای تایبەتی ئەو نییە، چونکە ئەوە لە شێوە و جۆری نووسینی وتار و هونەرەکانی دیکەدا باوە، بە پێچەوانەوەی ئەوەوە پێویستە لە سەروتار نووسیندا دەربڕینێکی ورد لە گەیاندنی بیروڕای ڕۆژنامەکە و سیاسەتەکەیدا هەبێ و وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی گشتی سەیر بکرێ. بۆ نموونە ئەگەر سەرنووسەر سەروتارێکی نووسی، ئەوە هەرگیز نابێ بیروڕای تایبەتی خۆی تێ بئاخنێ، بەڵکو دەبێ گوزارشت لە سیاسەتی ڕۆژنامەکەی بکات، هەروەها لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە باسی شوێن و پێگەی گشتی ڕۆژنامەکەی بکات، بۆیە سەروتار نابێ ناوی نووسەرەکەی لەسەر بنووسرێ، ئەگەرنا ناوەڕۆکی نووسینەکە پێچەوانەی ئامانج و بیری وتارەکە دەوەستێ کە تەنیا یەک ئەرک و پەیامی هەیە کە دەربڕین و گوزارشت کردنە لە سیاسەتی گشتی ڕۆژنامەکە، نەک بیروڕای تایبەتی نووسەرەکە بێ.

لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە بۆ ئەرک و پەیامی سەروتار نووسین، ڕۆژنامەگەری نوێ کەوتە تەرخان کردنی لاپەڕەیەک بۆ وتاری دەسپێک (سەروتار)، ئەمەش بریتییە لە بیروڕای ڕۆژنامەکە خۆی کە لەشێوەی سەروتار دەریان دەبڕێ و گوزارشتیان لێ دەکات، یان هەندێ جار بەشێوەی وێنەی کاریکاتێری، یان لە پەنای بیروڕای کەسانی دیکەوە دەیانخاتە ڕوو. لەوانەیە ئەو بیروڕایانەی کەسانی دەرەوەی ڕۆژنامەکە، هزر و بیروڕای

خوێنەرانی ڕۆژنامەکە بن کە بە ڕێگەی زانراو و لەشێوەی نامە بۆ نووسەری لاپەڕەکە دێن، یان بڕگە و پەرەگرافی کورت و چڕ و پڕ بن و لە ستوونی بیروڕای جیاجیای بلاوکراوەی ناو ڕۆژنامەکانی دی وەربگیرێن و لەژێر ناوی (قسە و بیروڕای ناو ڕۆژنامەکان) ڕابگوێزرێن.

نووسەرانی سەروتار بەرانبەر کۆمەلانی خەلک و خوێنەران بەرپرسیارەتییەکی گەورە دەکەوێتە سەر شانیان، چونکە پێویستە لەسەریان خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان بن و زۆر وریا و ئاگادار و باخەبەربن، هەروەها دەبێ پسپۆر و شارەزابن لەو باس و خواسانەی لەبارەیانەوە دەنووسن و دەستی بۆ درێژ دەکەن، هەروەک چۆن دەبێ بە ویژدان بن لەدەربڕینی ئەو بیروڕایانەی لەلایان گەلالە دەبێ، یان دەیانەوێ گوزارشتی لێ بکەن. ئەمڕۆکە ئینسانێک نییە جێگەی فرەنسیس بیکۆن بگرێتەوە و بتوانێ هەموو مەعریفە و زانیارییەکان بکاتە مولکی خۆی و لەبەر دەستی دابن. کارەکەش وەک جافری بارسونز (لەو کاتەدا کە ڕاوێژکاری سەرەکی دەزگای نووسینی سەروتار بوو لە ڕۆژنامەی نیویۆرک هیرالدتریبیون) دەلێ: چەندی بنچینە و بناغەی مەعریفە و زانیاری لەلای نووسەر پتەو و قایم بێ، ئەوەندە زیاتر توانایی لەبواری بە ئاگاهێنان و زیندوو کردنەوەی هزر و بیروڕای تایبەتمەند لەمەڕ هەر بوار و بابەتێک بەدەردەکەوێ. بۆیە نووسەری سەروتاری کارامە و شارەزا خەلکێکی ئێجگار زۆرتر دەدوێنێ کە زۆر زۆرترە لەوەی هەر مامۆستایەک، یان فەیلەسووفێک، یان ڕەخنەگرێک بۆ خۆی دروستیان دەکات. خۆ ئەگەر بشیەوێت سەرنجی خوێنەران بەلای خۆیدا ڕابکێشی، ئەوە ناتوانێ بەهەر برە زانیاری و مەعریفەیەک ئەوکارە ئەنجام بدات.

بۆ هەست کردن بەو گرنگییەش زانایانی کۆمەلناسی گەیشتنە ئەو بیروڕایە کە بارودۆخ و ئەو ڕووداوانەی مرۆڤیان پێدا تێدەپەڕێ، یان ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەلگادا دێن، هەرگیز ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە نرخێکیان نابێ، یان ناتوانن کارتێکردن و شوێنەوارێک لەسەر قەوارە و کەسایەتی تاک، یان کۆمەل دابنێن، تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە تاکەکەس هەستی پێبکاو بەهۆشیارییەوە وەری بگرێ و نرخی بزانێ و خۆی لەگەلیاندا بگونجێنێ، خۆ ئەگەر شتێکی وا لەو بارەیەوە ڕووی نەدا، ئەوسا ئەو بارودۆخ و ڕووداو و گۆڕانکاریانە دوور لە ویژدانی خەلکی دەمێننەوە، تەنانەت وایان لێ دێ دەچنە خانەی نەبوونەوە.

شوێنەوار و هێز و ئەفسوونی کاریگەری ئەو مەعریفەیەی نووسەری سەروتار بەدەستی دەهێنێ، بەسەر ئەو وتارەی دەینووسێ ئاوەژوو دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی لەبارەی شیکردنەوەی هەوالەکان و پشتی هەوالەکانەوە دەیاننووسێ، یان هەول دەدا ئەو مەغزایانەی هەر هەوالێک لەگەل خۆی هەلیگرتووە بەدەربخات. بەم ڕێگەیە تاکەکەسەکان، چین وتوێژەکان دەتوانن گیروگرفتەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئینجا ئەو گرفتانە کێشەی دەروونی بن، یان ئابووری، یان سیاسی، یان کۆمەلایەتی. هونەری ئەو چارەسەرکردنەش بۆ ڕۆژنامەگەری دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئەو نووسەرە دەگەڕێتەوە کە لەکاتی گونجاودا دەست دەداتە نووسین و خۆی داوێتە ناو ئەو گیروگرفتانەوە، هەرچەندە ئەو ناچێتە ناو کێشە بەکێشەی تاکەکانەوە کاتێ باسیان لێوە دەکات، بەلام بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی لەناو ئەو کێشە و گرفتانەدا دەبینێتەوە و تێیاندا بەشدارە و ئامادەبوونی هەیە. لەوانەیە خەلکانێ کە خاوەنی ئەو کێشە و بێنە و بەرە و گرفتانەن هەست بە ئابلۆقەی ئەو گرفتانە نەکەن کە چەند کاریگەری بەسەر ژیانیانەوە هەیە، ئەمەش لەبەر نەبوونی هۆشیارییە لەلایەک، لەلایەکی تر ئەوانە ناتوانن خەون بە ژیانێکی باشترەوە ببینن، یان ئاسۆی باروگوزەرانێکی چاکتر لەوەی هەیە بەدی ناکەن.

ئەوەی زیاتر بەرپرسیارێتی نووسەری سەروتار لە داڕشتنی ڕای گشتی قوول دەکاتەوە، ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەن کە کۆنگرەی نیشتمانی نووسەرانی سەروتار لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایڕشتن و پێڕەوی لێیان کرد، لەوێدا و لە پێشەکی ئەو پرەنسیپانەدا هاتووە **(پێویستە لەسەر نووسەری سەروتار، ئەگەر ئەمانەتی پیشەکەی و کۆمەلگاکەی خۆی بەلاوە مەبەست بوو، شوێن پێی حەقیقەت هەلگرێ، سا ئەو شوێن پێ هەلگرتنەی بەرەو هەر شوێنێکی ببات).**

ئەوەی لای خوارەوەش هەندێ خالی بنەڕەتیی ئەو

یاسایەن

(١) پێویستە لەسەر نووسەری سەروتار حەقیقەتەکان بە ئەمانەت و دەستپاکی و تەواوی و وردی بخاتە ڕوو.

(٢) پێویستە لەسەری ئەو حەقیقەتانەی باسیان لێوە دەکات بەرەو ئەنجامێکی مەوزوعیانەی ببەن، بە بەڵگەش پشت ئەستووریان بکات و لەسەر چەمکی بەرژەوەندی گشتی دایانمەزرێنێ.

(٣) نابێ بە هیچ شێوەیەک بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆی بکاتە پاڵنەری نووسینی سەروتارەکەی.

(٤) پێویستە لەسەری لەوە تێبگا کە ئەو وەک هەرکەسێک بێ هەڵە و کەموکوڕی نییە، بۆیە دەبێ بواری قسە کردن بۆ ئەوانەی دژی بیروڕای ئەون بکاتەوە، هیچ نەبێ لە ستوونی نامەکانی خوێنەران، یان هەر بوار و هۆیەکی گونجاوی دی.

(٥) پێویستە لەسەری چاو بەو دەرئەنجامە تایبەتیانەی خۆی بخشێنێتەوە و ڕاستیان بکاتەوە، بەتایبەتی کاتێک بینی پێشتر لەسەر چەمکی هەڵە بنیاد نراون.

(٦) پێویستە بایی ئەوەندە ئازایەتی تێدا بێت تا بتوانێ لەسەر قەناعەتەکانی خۆی، خۆی ڕابگرێ کە لەسەر بنچینەیەکی پتەو و بەهێز دروستی کردوون، هیچ کاتێکیش شتێک نەنووسێ دژی ویژدانی خۆی بێت. گەیشتنیش بە بیروڕایەکی ڕاست و دروست کە کۆدەنگی لەسەر بێت نایەتە دی ئەگەر لە ڕێگەی گەیشتنی بە بیروڕای تاکەکەسی ڕاست و دروستەوە نەبێ، بۆیە دەبێ ڕێز لە بیروڕای تاکەکەس بگیرێ، بەتایبەتی بیروڕایەک کە زادەی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ڕاست و دروست بێ.

(٧) پێویستە لەسەری پشتیوانی لە هاوپیشەکانی خۆی بکات لەپابەندبوون بە بەرزترین ئاستی ڕاستگۆیی و لانەدانی پیشەیی.

لە ئەنجامی ئەو گرنگییەی سەروتار هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری بەدەستی هێناوە، یان دوای ئەوەی پێشی پێشەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی بۆ خۆی گرت، هەر ئەوە بووە مایەی ئەوەی خوێنەران یەکەم بابەت بێ بیخوێننەوە. سەروتاریش شوێنە گرنگ و بەرچاوەکەی خۆی لەدەست نەداو تا ئەم دواییانە لەلاپەڕەی یەکەمدا مایەوە، واتە لەو کاتەوە کە ڕۆژنامە لەم سالآنەی دواییدا بە فۆرمە نوێیەکەی دەرکەوت، ئەوکاتە بە پلەی یەکەم کەوتە بایەخدان بە هەواڵ، ئەم بایەخدانە بە هەواڵ بەجۆرێک لەجۆرەکان بایەخی سەروتاری کەم کردەوە.

باشترین بەڵگەی گرنگی سەروتار لەوەوە بەدەردەکەوێ کە دەبینین نووسەرانی ئەو سەروتارانە ئەو نووسەرە گەورە و بەناوبانگانە بوون لەناو هەر نەتەوەیەک لەنەتەوەکانی دنیا، بگرە ئەو نووسەرە گەورانەن لە هەموو کات و سەردەمێک لە سەردەمەکانی مێژوودا.

لە مێژووی ڕۆژنامەگەری میسریدا وەک وڵاتێک کە خاوەنی داوونەریتی ڕۆژنامەگەرییە سەروتاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان کەسانی وەک: محەمەد عەبدە، ئەدیب ئەسحەق، عەبدوڵڵا نەدیم، مستەفا کامیل، ئەحمەد لوتفی ئەلسەیید، عەبدولقادر حەمزە، ئەمین ئەلرافعی، ئیبراهیم مازنی، حسەین هیکل و زۆرانی دی لەکۆڵەکەکانی ئەدەب و هزر و ڕۆژنامەوانی دەیاننووسی. لە ڕۆژنامەگەری ئینگلیزیشدا سەروتار بە قەڵەمی کەسانی وەک دیفۆ، ئەدیسۆن، ستیل، جۆنسۆن، ویکلز، سوبیت و زۆرانی دی دەنووسران. لە ناو کوردانیشدا کەسانی وەک مستەفا پاشا یاموڵکی و پیرەمێرد و شێخ نووری و عەلائەددین سەجادی و ڕەفیق حیلمی و زۆرانی دی نووسیویانە.

ئەمڕۆ سەروتار لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەماندا بووە بەشێوازێکی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند کە نزیکترین نووسین لێیەوە هونەری (وتار)ە، تەنیا جیاوازییەکیش لە نێوانیاندا هەبێ ئەوەیە کە سەروتار چڕ و پڕ و کورتە و بەشێوازێکی هاوچەرخانە دەنووسرێ، تەکنیک و شێوازی سەروتار و وتار نووسینیش ئەمڕۆکە بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووە کە بۆ خوێندنەوە زۆر تاسووق و سەرنجڕاکێشە. ئەوەی ئەدیسۆن، یان ستیل لە سەدەی هەژدەیەمدا نووسییان بە پێی بیروڕای زانایانی ئەو بوارە ئەمڕۆکەش ڕەونەق و بەهای خۆیان لەکیس نەداوە، چونکە خوویان بەوەوە گرتبوو چارەسەری بابەتێکی گرنگ بکەن، بەڵام ئەو سەروتارانەی لە سەدەی هەژدەدا دەنووسران ئەوە زۆر جێگەی بایەخ و سەرنجدان نەبوون، ئەگەر لە ئاستی خۆشیدا بمانوەستێنێ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە نرخێکی کۆن و دێرینی هەیە و هیچی تر، چونکە ئەو سەروتارانە چارەسەری بابەتێکیان کردووە کە پێوەندی بە

باس و خـواس و بـابـەتێکی ڕاگـوزاری ئـەو قـۆناغـەوە هەبووە کـە تایبـەتە بـەو کـات و سـەردەمـەوە کـە تێـیـدا نووسراوە.

لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین سەروتار وا پێناسە بکەین کە وتارێکی کورتە و پێوەندیی بەو کات و ساتەوە هەیە کە تێیدا دەنووسرێ و بڵاودەکرێتەوە. لە بارەی ئامانجی نووسینی سەروتار و مەبەستەکەی دەبێ ئەو بیروڕایە بخـاتە ڕوو کـە ڕۆژنامـەکـە بەباشی دەبینێ و چەند ڕێگایەکیشی بەدەستەوەیە بۆ نیشاندانی ئەو هزر و بیرۆکە و بیروڕایانە. شایەنی گوتنە لەو بارەیەوە ئارسەر بریسبین کە لە ڕۆژگاری خۆیدا هەوادار و شوێنکەوتووی زۆری هەبوو، لەو باوەڕە دابوو کـە بابەتگەل و بواری نووسەری سەروتار لەسەر چەند ئامانجێک دادەمەزرێ کە خەڵک فێر بکات و بجەنگێ و داکۆکی و ستایش بکات. سیفەتی فێرکردن لە گرنگترینی ئەو ئامانجانەیە و سەختترینیشیانە، بەڵام جەنگان لە هەموویان ئاسانترە، هەرچەندە لە هەندێ جاردا پێویستە، بەڵام بۆ سەر دڵ و دەروونی خوێنەران قورس و قێزەونە.

هەرچی داکۆکی کردنە لەکاری خێرخوازانە، یان داکۆکی کردنە لە لاوازەکان دژی بەهێزەکان، یان داکۆکی کردن لە بیری نوێ دژی ئاستەنگ دروست کرن و ڕێگەگرتن بۆ لەباربردن و کێشە دروست کردن بۆی، ئەوەش بۆ خۆی کارێکی گرنگە، هەرچەندە نووسەری سەروتار زۆرجار پشتگوێی دەخات، هەروەک چۆن ستایشیش پشتگوێ دەخرێ، تەنیا لەسەر ئاستی حزبی نەبێ کە دەمێنێ.

ئەرک و پەیامی سەروتار لە گۆشەنیگایەکی ئایدیالییەوە ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی و دەست گرتنیانە، چونکە ڕووداو و هەواڵ بۆ خوێنەران ڕاڤە دەکات و مانا و دەلالەتەکانی بۆیان شرۆڤە و شی دەکاتەوە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەڵێ: ئەگەر لە هەندێ بوار و بابەت و لە هەندێ کاتدا سەرکردایەتی پەیام و ئەرکی خۆی ون کرد، ئەوە ئەو هۆیەی بۆ ڕاستکردنەوە هەمیشە ئامادەیە و لەبەر دەستاندایە، ستوونی هەواڵەکانە کە ڕاستییەکان بەدیقەت و وردی و ئەمانەت و دەستپاکییەوە پێشکێش دەکات.

**سیفەت و خەسڵەتەکانی سەروتار**

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەو خەسڵەتانەی کە سەروتاری پێ دەناسرێتەوە لە ڕۆژنامەگەری هاوچەرخدا بریتییە لە:

**یەکەم:** دەبێ پێداگیری لەسەر یەک سیاسەت بکرێ کە سیاسەتی ڕۆژنامەکەیە، ناکرێ ئەو ڕۆژنامەیە لەنێو کۆمەڵێ سیاسەتدا ڕاڕا و دوودڵ بێت، چونکە بەمە گرنگی خۆی وەک ڕۆژنامەیەک لەناو ڕۆژنامەکانی بیروڕادا دەدۆڕێنێ، لەپێناوی ئەوەش لە سەروتاردا وەک باوە ناوی نووسەرەکەی نانووسرێ، چونکە بیروڕای ناو وتارەکە بۆ خودی ڕۆژنامەکە دەگەڕێتەوە، ئەو ڕۆژنامەیەش لەلایەن دەستەیەک بەڕێوە دەبرێ کە سیاسەت و ئامانجی تایبەت لە پشت پەیامی ئەو ڕاگەیاندنەیانەوە هەیە.

**دووەم:** دەبێ لەکاتی بیروڕا دەربڕیندا وریا و بە ئاگا بێ، چونکە سەرنووسەر، یان نووسەری سەروتار بیروڕای تایبەتی خۆی دەرنابڕێ، بەڵکو گوزارشت لە بیروڕای ڕۆژنامەکە دەکات کە دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە و کار و ئەرکێکی ڕاگەیاندن جێبەجێ دەکات، بۆیە پێویستە زۆر دیقەت و وریایی بنوێنێ لەوەی دەینووسێ و حیساب بۆ هەر وشە و ڕستەیەکی خۆی بکات تا ڕۆژنامەکە تووشی کێشە نەکات و ڕووبەڕووی مەترسی داخستن و دادگا نەکاتەوە. لێرەدا مەسەلەیەک دەورووژێنرێ کە پێوەندیی بە ویژدانی نووسەرەوە هەیە، ئایا ئەو قسەیە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەر دژی ویژدانی خۆی بوەستێتەوە لەوەی پێشکەشی خوێنەرانی دەکات، بەتایبەتی لە پەنای ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییە گرنگەی وەک وتمان مولکی ڕۆژنامەکەیە پێش ئەوەی ئەو نووسەرێک لە نووسەرەکانی بێت؟

وەڵامدانەوەی ئەوە پرسیارەش وەک دکتۆر سبنسر دەڵێ ئەوەیە ئەو نووسەرەی کاتێ لە بیروڕای تایبەتی خۆیدا لەگەڵ بۆچوون و بیروڕای ڕۆژنامەکە جیاوازییان دەکەوێتە نێوانەوە، پێویستە سەروتار نەکاتە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی ئەو جیاوازییە. بەکورتی پێویستە ئەو ڕۆژنامەنووسەی سەروتار دەنووسێ سێ لایەن ڕەچاو بکات کە هەرسێکیان کار لەیەکتر دەکەن و هەرسێکیان پشت بە یەکتری دەبەستن، چونکە ئەوانە چوونەتە ناو

یەکتریبیەوە و تێهەڵکێشی یەکتری بوونە، ئەم سێ لایەنەش بریتییە لە: سیاسەتی ڕۆژنامەکە، شێوەی داڕشتنی وتارەکە و لەبەرچاو گرتنی بایەخی خوێنەران.

لە واقیعیشدا ئەرکی نووسەری سەروتار وەک خۆی دەمێنێتەوە کە پێشتر هەبووە، ئەویش ڕاڤەکردنی هەواڵ و ڕێنموونی کردنی بیروڕایە، هەروەها ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی بانگەشەیەکە لە پێناوی پشتگیری کردن لە کێشە و مەسەلە ڕەوایەکان، بەڵام لەو چوارچێوەیەی ئەو کاری تێدا دەکات بەرفراوانتر بووە. لایەنی چێژگەیاندنیش لەسەروتاردا لایەنێکی کەم نییە تا بە گرنگ وەرنەگیرێ، بۆیە دەبینین نووسەری سەروتار ئەو ئەرکەی لەوە قورسترە تەنیا لە مەسەلەیەک بدوێ، یان بیروباوەڕێکی سیاسی بخاتەڕوو، بگرە ئاراستەی نوێ لەمڕۆکەدا کە ڕووی لە زیادبوون و پەرەسەندنە، برەودانە بەلایەنێکی درەوشاوە کە لەلاپەڕەی سەروتاردا ناوی نراوە بە سەروتاری (جوان و چێژبەخش)، ئەمەش لە سەروتارە تەقلیدییەکان جیایە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان و یاسا و ڕێسایەکی زمانەوانی و دەستنیشان کردنی ئەوەی لە قاعیدەی زمان دەردەچێ و لەلایەن ئەوانەوە دەنووسرێ کە تا ڕادەی دەمارگیری دەستبەرداری سەرچاوە و بنجوبناوانەکەی نابن.

ئەوە زۆر بەکورتی گرینگترین خەسڵەتەکانی سەروتارن لە ڕۆژنامەگەری جیهانیدا، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانییەوە هاتووەتە دی و لێیەوە هەڵێنجراون، بۆیە ڕۆژنامەگەری نوێ کەوتە بڵاوکردنەوەی (ستوونی سەرەکی)، یان سەروتار بەشێوەیەکی کورت و چڕ و پڕ لە ستوونێکدا، یان لە چەند ستوونێکی ڕۆژنامەکەدا جێگەی خۆی کردەوە، لەو ستوونەشدا هەندێ جار وتارێک، هەندێ جاری تر دوو وتار، یان سێ وتار دەبێ، ئەمەش بۆ ئەوەی بوار بدرێ بە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی دی کە پێشتر ڕۆژنامەگەری کۆن بەخۆیەوەی نەبینیبوو، یان ئەو بابەتانەی زۆر کەم ناسیبوو.

## هونەری نووسینی ستوونی ڕۆژنامەوانی

لێرەدا باسی هونەری ستوونی ڕۆژنامەوانی دەکەین بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە هونەرێکی دیکەی وتارنووسینی نوێ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، کە تێیدا بایەخدانێکی زۆر بە هونەرەکانی نووسینی ڕۆژنامەوانی دەدرێ، ئەمەش بریتییە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و لێدوانی تایبەتی.

هونەری ستوون نووسین وەک لایەنێکی گرنگی وتار نووسین دێتە پێشەوە و ڕووبەرێکی گەورەی لەجیهانی ڕۆژنامەگەری داگیرکردووە، کە بەهۆی وەسفی واقیعیانە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ، یان بەدی هێنانی شێوازێکی ڕۆژنامەنووسانەی کۆمەڵایەتی ساکار، هەروەها بوونی شێوازی جۆراوجۆری تر لە نووسینی وتاردا دەردەکەوێ، هەرچەندە هونەری ستوون نووسینی ڕۆژنامەوانی وەک لایەنێکی جێگیر لە ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆکەی لێهاتووە، لەگەڵ ئەوەش خوێنەری لە چاو خوێنەرانی سەروتاری بێ ناوی نووسەرەکەی زۆرترە، بەڵام هونەری ستوون نووسین کامڵ بوون و خوێنەرەکانی لەچاو هونەرەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانی نوێیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژنامەکان بەدرێژایی ژیانیان بایەخیان بە هەواڵ پاشتر بەوتار داوە، لەبەر ئەوە بواری زۆر بەستوون نووسین نەدراوە، بۆیە دەرکەوتنەکەی لە ڕۆژنامەگەریدا درەنگ کەوتووە.

ئەگەر بشمانەوێ مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی گرنگیدان بە ستوون نووسین دەستنیشان بکەین، ئەوە مێژووەکەی بۆ سەرەتایەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەگەری عەرەبی بەتایبەتی ڕۆژنامەگەری میسری زۆرتر پشتیان بە سەروتار دەبەست کە لەسەرەتاوە سەروتاری درێژ بوون، پاشان سەروتارەکان وردە وردە ڕوویان کردە کورت بوونەوە، هەروەها لە زۆربەی کاتدا بابەتەکانی ئەو سەروتارانە لەبارەی بابەتی گرنگ و جددی بوون، هەرچەندە هەندێ جاریش دەستی بۆ بابەتی گاڵتەئامێز و لاقرتێ و خەمڕەوێن دەبرد، بەڵام دواتر ڕۆژنامەکان هونەری ستوون نووسینیان لە ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوایی وەرگرت، بۆیە دەبینرێ لەسەرەتای سەدەی بیستەم تەها حوسێن ڕوودەکاتە نووسینی ستوونی تایبەتمەندانە، یان ستوونی ڕۆشنبیری لە (قسەی چوارشەموان- حديث الأربعاء)دا. لێرەوە بوو نووسینی ستوونی تایبەتمەندانە بەدەرکەوت کە لەناو عەرەبەکاندا تەها حوسێن دەستی پێکرد و دایهێنا. بەمەش پێویستیی بە پیرەوە چوونی نێوان ڕۆژنامەگەری

و چین و توێژەکانی گەل بەدەردەکەوێ، هەر ئەمەش پاڵی بەنووسەرانی دنیاوە نا بۆ گوزارشت و وێناکردنی خواستەکانیان تا ببێتە ئاوێنەیەکی باڵانماو ساف و روون بۆ رەنگدانەوە و ئاوەژووکردنەوەی ژیانی گەل، کە گەل کێشە و ئاریشەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، تا ئەوەی خۆش بوێ کە پێویستە خۆشی بوێ و ئەوەش ببێزرێ کە پێویستە ببێزرێنێ. هەر ئەو خۆشەویستییەش پاڵی پێوە بنێ بۆ گەیشتن بە کامڵ بوون و گرژبوون و بێزرانەکەش پاڵی پێوە بنێ بۆ چاکسازی. کەواتە ستوونی تەرخان کراو بۆ لایەنی تایبەتمەند و دەست نیشان کراو بەرهەمی ئەو پێوەندییە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییانەن کە بەدەرکەوتن و سەرهەڵدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەش بەهۆی بە پیرەوەچوونی رۆژنامەگەری بەدەست هاتووە کە لەگەڵ چین و توێژە نوێیەکانی ناو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دامەزراندووە، کە لەلای نووسەر و رۆژنامەنووسی لێهاتوو بەبێ جیاوازی دەتوانرێ پێوەندی نێوان گەل و ژیان و رووداوەکانی رێکبخرێ.

لەبەر رووناکی ئەو دیگا و دنیا بینییە، چێژی خوێنەرانی رۆژنامەکان بە پێی ئاست و تێگەیشتنیان، لەرووی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییانەوە دەگۆڕێ. لە رووبەرووبوونەوەی ئەو ژیانە نوێیەدا رۆژنامەوانی هیچ رێگایەکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە لە پێشکەوتن زیاتر، کە پێویستە لە شێوازی نووسین و بابەتەکانی بەردەوام بگۆڕێ، بۆیە وتارەکان دەبێ بایەخ بە بەرژەوەندی تاکەکان و گرووپە جیاوازەکان بدەن کە لە رووی رێباز و ئاراستە و ئامانجەوە لەیەکتر جیان، هەر لێرەوە بوو سەروتاری کورت بەو ئاراستەیەدا سەری هەڵدا، پاشان هونەری نووسینی ستوونی رۆژنامەوانی پەیدابوو کە لە رۆژنامەگەری رۆژئاوایی وەرگیراوە، بەڵام هونەری ستوونی رۆژنامەوانی پێوەندی بەوەیە کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردوو کە بەسەردەمی خێرایی ناسرایەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە لە ئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆیەی رووبەرووی رۆژنامەگەری بووەوە، هەروەک لەو یاسا تایبەتیانەدا دەبینرێ کە تایبەتن بە رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەوە، ئەمەش کارێکی وای کرد ئەو وتارانەی بەناوی ئاشکرای خاوەنەکانیان لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە رووبەرووی جۆرە پاڵەپەستۆیەک دەبوونەوە کە ئەو پاڵەپەستۆیانە هەر هەموویان لەناوەوەی رۆژنامەکەوە نەهاتبوون، بگرە زیاتر لەلایەن دەزگا و کارمەندانی سانسۆری سەر ئەو بڵاوکراوەو رۆژنامانەوە بوون، لەوانەیە هەر ئەوەش وای کردبێ هونەری ستوون نووسین پەنا بباتە بەر رەمز، ئەو پەنابردنەش ئەوەمان بۆ لێک بداتەوە رەمز بۆ رووبەرووبوونەوەی هەڕەشەی سانسۆر بووە کە دەکەوتە سەر چاپکراو و رۆژنامەگەری.

وتاری ستوون، گفتوگۆیەکی رۆژانەی کەسییە، یان هەفتانەیە و هی نووسەرێکی دیاریکراوە و بەناوی ئاشکرای خۆیەوە دەنووسرێ و لەژێر ناوونیشانێکی نەگۆڕ بڵاوی دەکاتەوە. ستونی رۆژنامەوانی بریتییە لە بیرۆکەیەک، یان بیروڕایەک، یان بیرێکی ڕاگوزاری نووسەرێک کە لەبارەی رووداوێک، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆشنبیری دەنووسرێ، لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی لەو هونەرەی وتار بەستنەوەی خوێنەرانە بە نووسەرەکە و بە رۆژنامەکەشەوە.

ستوونی رۆژنامەوانی بیروڕایەکی کەسیی خودی نووسەرەکەیە، کە لەوانەیە لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە لە بابەتێکی دیاریکراودا جیاوازبن، بەڵام هەندێ لە زانایانی بواری رۆژنامەگەری وەک پلیگ پێی وایە ستوون نووس لەگەڵ نووسەری سەروتار جیاوازی نییە، چونکە بۆچوون و بیروڕای رۆژنامەکە دەخاتە روو، نەک بۆچوون و بیروڕای تایبەتی خۆی. لەگەڵ ئەوەشەوە زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامە گەورە و بەناوبانگەکانی دنیا ئەوەیان پێ چاکترە کە نووسەر بە ئازادییەکی تەواوەوە بنووسێ و گوزارشت لە بیروڕای کەسی و تایبەتی خۆی بکات.

خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ستوونیش لە رووی گوزارشت کردن و دەربڕینەوە ئەو لایەنانە دەگرێتەوە: جوانی و سەرنجڕاکێشی شێواز، بزە خستنە سەرلێو، هەروەها ئەو زاتییەتەی کە لەسەروتاری جیا دەکاتەوە، شێوە و فۆرمێکی میانڕۆیە لە داڕشتندا، کورتبڕییە لە دەربڕیندا. رەنگە لە هەموو ئەوەش گرنگتر ئەوە بێ کە ستوون نووسەکانی رۆژنامەوانی پێویستە کاتی خۆیان،

یان کاتی خوێنەران بەفیرۆ نەدەن (وەک ریفرز دەڵێ) لە پێشکەش کردنی مەسەلەیەک لە مەسەلەکان بە شێوەی چیرۆکە هەواڵ، کە لەکۆتاییەکەیدا برگەیەکی کورتی ستایش کردنی پێوە بلکێنن، یان کەسایەتییەکی سەرەکی ناو مەسەلەکە دابشۆرن، لەو کاتەدا ئەگەر خوێنەر هەر سەربەخۆییەکی فیکری هەبێ، دەبینێ ئەو جۆرە وتارە بۆ ئەو هیچ مانایەک نابەخشێ.

### ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی

هونەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی زیاتر لە گیانی هونەری ستوون نووسین نزیک دەبێتەوە، بەهۆی دەربڕینی کەفوکوڵی ناوەوەی دەروون و ئەو ڕێبازەی نووسەر گرتوویەتییە بەر و جۆری تێڕوانینی نووسەرەکە بۆ ژیان، کە لە هونەری وتاردا بیرۆکە پەرش و بڵاوەکانی خۆی تۆمار دەکات و کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە دەبێ، ئەو بیرۆکانە پێوەندییەکی تەواویان بەسۆز و خەیاڵەوە هەیە، چونکە هونەری ڕۆژانە نووسین بریتییە لە کۆمەڵێ بیرۆکەی زنجیرەیی کە یەک دوای ئەوی دیکە دێن و دوای یەکتر دەکەون، نەک لەبەر ئەوەی پێوەندییەکەیان پێوەندییەکی لۆژیکیانەیە و لە پاش باس کردنی هۆکارەکان ئەنجامەکەی لێوە دەردەکەوێ، بگرە لەبەر ئەوەی ئەو بیرۆکانە پێوەندییەکەیان لەناو خەیاڵی نووسەرەکەدایە، یان لەناو سۆزی ئەودا پێوەندییان پێکەوە هەیە وەک (تشارلتن) بۆی چووە.

نووسەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەک دەنووسێ وەک لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دانیشتبێ و قسەکانی دوور بن لە هەر قەید و بەندێک، بۆیە بەری بیرۆکەکانی بەرەڵڵا دەکات و یەک دوای ئەوی تر دەیانگێڕێتەوە، چونکە پێوەندییەکی وایان لەنێواندایە کە پێویست بە گێڕانەوەی یەک دوای ئەوی تریان دەکات، بەبێ ئەوەی لەو کارەدا عەقڵ و مەنتیق ڕۆڵێکیان لە کاری ڕێکخستن و سیاقی قسەکاندا هەبێ، هەر بەم جۆرەش (مۆنتانی) ئەدەبیاتی وتاری بەو ئاراستە ڕاستەدا دەست پێکرد. هەندێ لەزانایانی ڕۆژنامەوانی وای بۆ دەچن کە نووسەری ڕۆژنامەوانی پێویستە دەستبەرداری بیروڕا تایبەتەکانی خۆی بێت و لە پشت دەرگای ژووری نووسینی خۆی بەجێیان بهێڵێ، ئەو بیروڕا تایبەتی و کەسییانە لەخۆی داماڵێ و بکاتەوە، وەک چۆن پاڵتۆکەی لەلای دەرگای ژوورەکەیدا دادەکەنێ تا کاتی کۆتایی هێنان بە کارەکانی خۆی، ئەوجا دەچێتەوە لای پاڵتۆکەی و لەبەری دەکاتەوە، ئەوکاتە بیروڕا تایبەتییەکان دەگەڕێنەوە لای کە دەتوانێ بۆ خۆی بیانپارێزێ، لەگەڵ ئەوەشەوە ناکرێ ئەو بیروڕا تایبەتیانە بەشێوەی ڕەها بەسەر نووسەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانیدا بسەپێنرێ، ئەوەش لەبەر ئەوەی ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی زۆرتر بە وتاری ئەدەبی دەچێ، بەتایبەتی لە ڕووی بایەخدان بە هەڵبژاردنی وشەکان و پاراستنی تەڕوبڕی شێوازەکەی، بگرە زیاتر لە وتاری دانپێدانان نزیک دەبێتەوە کە وێنەی زیندووی ناو ژیان و پڕ لەمانا و دەلالەت پێشکەش دەکات، ئەمەش پێویستی بە زاڵبوونێکی تەواو هەیە بەسەر زمان و دەربڕین کە بەشێوازێکی ئاسان نووسرابێ، ئەو ئاسانەی کە بە ئاسانی نایەتە دەست. بێ گومان ئەو جۆرە زمانە کە وەک هەویرێک بەدەست نووسەرەکەیەوە بێ هەموو نووسەرێک دەستی پێناگات ئەوانە نەبێ کە زۆر شارەزاییان تێدا هەیە و لەکون و کەلەبەر و نهێنییەکانی تێدەگەن و دەرەقەتی دێن و زەفەری پێ دەبەن.

ئەوەی سەبارەت بە هونەری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی وترا دەکرێ لەوەدا کورت بکرێتەوە کە ئەو هونەرە دەست بۆ بیرۆکەیەک دەبات و بەشێوەیەک دەیگەیەنێ کە خوێنەران دەستیان بە شارستانیەت و دەستاوێژەکانی سەردەم بگات، نووسەرەکەش لە ڕێگەی باش بەکارهێنانی زمانەوە، بیروڕاو هزر و کەرستە و ئامانج و خواست و تاسە و ئارەزووی خۆی بگەیەنێتە ئەوانەوە.

### هونەری سەروتار و ستوون نووسین لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

هەرچەندە سەروتار، وتاری سەرەکی ڕۆژنامەیە و وەک هونەرێکی سەربەخۆ مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار کردووە، کەچی لەگەڵ ئەو گرنگییەی خۆی دەبینین لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پشتگوێ خراوە و زۆر بە دەگمەن و لە هەندێ بۆنەدا نەبێ ئاوڕی لێ نادرێتەوە، کە پێم وایە بایەخدان بە هەواڵ نابێ قەت لە گرنگی سەروتار کەم بکاتەوە.

گرنگی سەروتار نووسینی بەردەوام و ڕۆژانە کە بەبێ ئیمزا و بە ناوی سیاسەتی ڕۆژنامەکەوە بڵاو دەکرێتەوە، پێش هەمـوو شـتـێک پێـوەندی گـرێدان و پرد و ڕایەڵ دروست کردنە لەنێوان ڕۆژنامەکە و خوێنەرەکانی، بگرە لە ڕێگەی ئەو سەروتارانەوە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە ڕوو لە زیادبوون دەکەن و بەردەوام سیاسەت و هێڵی گشتی ڕۆژنامەکەشیان لەبەرچاو دەبێ و تێی دەگەن.

ئەم بایەخ و گـرنگی پێدانەش وەنەبێ داوونەریتـێکی نوێ بێ، بگرە لەوەتەی ڕۆژنامـە سـەری هەڵداوە بـایەخی شـایانی باسی پێـدراوە و هەمـوو ڕۆژنامـە گـەورەکـانی جیـهـان بـەو چاوی بایەخەوە تەماشایان کردووە و بۆ ئەو مـەبەسـتـە نووسـەری زۆر گـەورەی ناو ڕۆژنامـەکـە ئەرکی نووسینی ئەو سەروتارانەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی کە لەو وتارە چڕ و پڕ و خەست و خۆڵەدا بیـرورا و بۆچوونی تایبـەتی ڕۆژنامـەکـە سـەبارەت بە هەواڵ و ڕووداوەکـانی ڕۆژ دەردەبڕێ و لە ڕێگەی ڕاڤـەکـردن و شـرۆڤـە و شـیکردنەوەوە دەتوانێ ڕای گـشـتی دروست بکات و قـەناعـەت لە لای خـوێنەری ڕۆژنامـەکـە دروست بکات، یان دیوی دووەم و دێرەکـانی پشت ڕووداو و هەواڵەکـان ببـینێ و بە ڕووداوگـەلی پێـشـتـرەوە گـرێیـان بدات و خوێندنەوەیەک بۆ ئێستا و ئاینده بکات.

بێ گـومـان لەو خـوێندنەوە و ڕاڤـەکـردن و شیکردنەوەیەدا، هەر ڕۆژنامەنووسێک ناتوانێ ئەو کارە بکات و ئامـانج بپـێکێ، چونکە پێـویسـتی بە ڕۆژنامەنووسی ڕۆشنبیر و قـووڵ و جدی و خاوەن بیروڕا هەیە کە ئاگـاداری وردی هەبێ لەوەی ڕوودەدات و ڕووی داوە، سـەرەڕای ئەو زانیـارییـە ورد و هەمـەلایەنەی هەیەتی، دەبێ زۆر بەسەر زمان و کەرستەکانی دەربڕینی خۆیدا زاڵ بێ تا بتـوانێ بە شـێوازێکی سەرنجـڕاکـێش بیروبۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێتە خوێنەران و ئەو پاساو و مەنتیقەی پێی نووسیوە لە لایان ماقووڵ بکەوێتەوە و لە جێی خۆیدا بێ.

ڕۆژنامـەگـەری کـوردی لەوانەیە لە ڕووی هەواڵەوە تا ڕادەیەک ئەگەر کەمیش بێ خۆی لە بەدەستهێنانی هەواڵ نزیـک کـردبێـتـەوە، بەڵام تا ئـەمـڕۆکـەشی لەگـەڵدا بێ نەیتوانیوە ببێتە ڕۆژنامەگەری (بیروڕا)، بۆیە زۆر کەم بیروڕای پێگەیشتوو و سەنگینی تێدا بەدی دەکەین کە خـــوێنـدنەوەیەکی قـــووڵـی بۆ هەواڵ و ڕووداوە گـەرمـاوگـەرمـەکـانی خۆمـان و دەوروبەرمـان کـردبێ، یان ئەگـەر بشـبێ ئەوە بیـروڕای ئینشـائی پڕ لە هەڵچوون و تووڕەی دوور لە گـفـتـوگـۆ و ئادابی گـفـتـوگـۆ دەبینین و بووەتە دیاردە، بەمـەش بیـروڕایەکـان لە هێـمنی دوور دەکەونەوە و لە جیاتی ئەوەی خوێنەر لە ڕۆژنامـەکە کۆ بکاتەوە، کـارێکی وا دەکـات خوێنەری لێ بتـەکێتـەوە، چونکە وەک دەزانین ئەو جـۆرە نووسـینە هێـمنانەیە سەنگینی و پێگەیشتن و قـووڵییـەکەی لە سـەرچاوەی مەوزوعییەتەوە بەدەستهێناوە، نەک بیروڕای تاکەکەسی و میزاجی و لێکدانەوەی ڕووکەش و بێ بنەما، سەرەڕای شارەزایی و پسپۆڕ بوونیان لەو بوارەی تێیدا دەنووسن، دەبێ زۆر ورد و بە ویژدانیش بن لە کاتی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکانیان.

ئەمە ئەگەر حاڵی سەروتار نووسین بێ لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بێ گومان حاڵی ستوون نووسینیش لەو باشتر نیـیـە، چونکە وەک دەبینین کـەمـتـرین دەرفـەت بە بڵاوکردنەوەی ستوون نەدراوە بەو سیفەت و خەسڵەتانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا، لە کاتێکدا هونەری ستوون نووسین لە ڕۆژنامەگەریدا هەرچەندە لە چاو هونەرەکانی دیکەی ڕۆژنامەگەری هونەرێکی نوێیە، بەڵام خوێنەری لە هی سـەروتار زیاترە، چونکە لە نووسـینی سـتـووندا نووسەرەکەی دیارە و زۆرتر کەسانی بەناوبانگ و خاوەن شێوازی تایبـەتمەند دەینووسن، لەگـەڵ ئەوەشدا سـتـوون نووس هەوڵ دەدا ژیانی مـیـللەت بە هەمـوو گـرفت و ئاریشـە و خـۆشی و ناخـۆشیـیـەکـەوە نیـشـان بدات و سـەرنجی بۆ لای دیاردەکـانی کـۆمـەڵ ڕابکێـشێ. باسی هونەری ڕۆژانەی ڕۆژنامـەوانیش هەر ناکـەم، چونکە بە تەواوی لە ناو ڕۆژنامـەگـەری کـوردیدا ونە و پێناچێ بەو زووانە دەربکەوێت و جێگەی خۆی بکاتەوە.

# کوبا: سەفەر و سیاسەت و هونەر

دانا ڕەئووف
(سوید)

فیدڵ کاسترۆی سەرۆکی وڵاتی کوبا نەخۆشە، پیاوێکی ڕیش درێژی بێ هێزە و تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕیوە، زیاتر لە پەنجا ساڵیشە بە دەستێکی ئاسنین، وەک دیکتاتۆرێکی توندڕۆ حوکمی کوبا دەکات. هەرچەندە کاسترۆ نەخۆش و بێ هێزە، بەڵام کوبا لەژێر زەبری سستمێکی تاکڕۆیانەی ئەم سیاسەتمەدارە دیکتاتۆرەدا، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک ماوەتەوە و وەک بەرئەنجامێکی ئەو ڕژێمە و لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە سەرکۆنە کراوە. ئەوە بۆ چەندین ساڵە لەژێر ئابلۆوقەیەکی ئابووری و دیپلۆماسیدایە.

هەموو جیهان و بەهۆی نەخۆشی کاسترۆوە چاویان بڕیوەتە ئەم دوورگە سەوزە، ئەم وڵاتە گەرمە و ئەم سستمە شۆڕشگێڕە دیکتاتۆرە. پەنجا ساڵە لەم وڵاتەدا هەمان یاسا و پەیڕەو و پرۆگرامی سەربازی، سەرەتای شۆڕشەکەی فیدل کاسترۆ، وەک خۆی و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک، پشت لە جیهان و دوور لە گۆڕانکارییە گلۆبالیزمەکان جێبەجێ دەکرێت.

بۆ ماوەی ساڵێکە کاسترۆی ڕابەر و سەرکردە نەخۆشە و کوباش لەبەردەم دووڕیانێکی ئاڵۆزدا چەقی بەستووە. شۆڕش هەروەک کاسترۆ پیر بووە و هەموو جیهانیش پاڵەپەستۆیان خستۆتە سەر ئەم وڵاتە. میدیای جیهانی بە وردی و لە نزیکەوە هەواڵەکانی کوبا و باری تەندروستی فیدڵ کاسترۆ بڵاودەکەنەوە، تا ئێستا چەند نەشتەرگەرییەکی بۆ کراوە و لەژێر چاودێرییەکی بەردەوام و وردی پزیشکە تایبەتییەکانیدایە. لەماوەی ئەم یەک دوو ساڵەی تەمەنیدا، تەنیا یەک دوو جار و زۆر بە کورتی لە کەناڵەکانی میدیا و ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتەوە دەرکەوتووە و بۆ یەکەم جار و دوای پەنجا ساڵ حوکم و دەسەڵاتی وڵاتەکەی، بەشێوەیەکی کاتی داوەتە

دەست وەزیری بەرگری (ڕاوێل کاسترۆ)ی برا بچووکی(١). ئەگەر کاسترۆ ئەم ساڵ، یان لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا بمرێت، کوبا چی بەسەر دێت؟ کۆمەڵێ پرسیار لە ڕاڕەوەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتە گەورەکاندا تاووتوو دەکرێت. کێ دوای کاسترۆ دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت و کوبا تا چەند دەتوانێت پارێزگاری لە یاسا و ڕژێمە کۆنەکەی خۆی بکات.

لەبەر ئەم هۆکارانە و زۆر هۆکاری تریش، بۆ نموونە باری هونەر و ئاستی شانۆ و ئازادی ڕادەربڕین، بڕیارم دا سەردانێکی ئەم وڵاتە بکەم، تا لە نزیکەوە بەر لە گۆڕانکارییە بنەڕەتی و چاوەڕوانکراوەکان، یەکێک لە دوا سەربازگە سۆسیالیستییەکان ببینم(٢)

## هاڤانا و وێستگەی یەکەم

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هاڤانا و کە هاتینە دەرەوە، تاریکی ئاسمانی شاری گرتبووەوە و کزەبایەکی گەرم لە پەنجەرەکانی ئەو تەکسییەی کە گەیاندنییە میوانخانەکەمان، ختووکەی دەموچاوی دەداین. هەر دوای کردنەوەی جانتا و دانانی کەلوپەلەکانمان هاتینە دەرەوە و بەڕێکەوت لەشەقام و کۆڵانەکانی بەشە کۆنەکەی شاری هاڤانادا گیرساینەوە. دوای تەماشاکردنێکی خێرای شەقام و گۆڕەپان و کۆڵانەکانی دەوروبەرمان، چووینە قاوەخانەیەک، پشوویەکی کورتمان دا، قاوەیەکمان خواردەوە و هاتینە دەرەوە، بەهۆی ئافرەتێکی ڕێبوارەوە چووینە بارەکەی هێمنگوای(٣).

نووسەری گەورەی ئەمەریکی (ئێرنست هێمنگوای) بۆ ماوەیەکی درێژ لە شاری هاڤانا ژیاوە و کاریگەرییەکی قووڵ و بەرفراوانی بەسەر ئەم شارەدا بەجێ هێشتووە(٤). ئەم نووسەرە ڕۆمانە گەورە و بەناوبانگەکانی لەم وڵاتە نووسیون، کە لە ساڵی ١٩٥٤دا خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت، لە هاڤاناوە خەڵاتەکەی پێشکەش بە کوبا دەکات و دەڵێت: (ئەم خەڵاتە خەڵاتی کوبایە، چونکە بەرهەمەکانم لە کوبا و لەگەڵ خەڵکی کوبایی و بە تایبەتی ناوچەی کویومەردا نووسیون، منیش خۆم بە خەڵکی ئەم ناوچەیە دەزانم.)

جگە لە ئێرنێست هێمنگوای. گیڤارا و فیدل کاسترۆ پێناس و جێگای شانازی و نموونەی باڵا و بەها گەورەکانی خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتەن، بەڵام لەسەروو



**نووسەر لەبەردەم شانۆی نەتەوەیی کوبا**

هەموو ئەم ناوانەوە، مۆسیقا و سەما و گۆرانی، ڕیتمی یەکە بەیەکەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەیە. هیچ کەسێک، هەژار، یان دەوڵەمەند، خاوەن دەسەڵات، یان کەسێکی ئاسایی، خاوەن بڕوانامەی بەرز، یان سۆزانی و بێلایەنەکان، بەبێ مۆسیقا و ئاوازی ڕیتم و گۆرانی ناژین. ڕیتم و گۆرانی بە شادەمارەکانی خوێن و جومگەکانی جەستە و گوزارشتەکانی دەموچاویانەوە دیارە(٥).

## میوانداری هێمنگوای

لە گۆڕەپانەکانی ناوچەی هاڤانای کۆن و شەقام و کۆڵانەکانی دەوروبەریدا، کەرنەڤاڵێکی سەما، شانۆی پانتۆمایم و ئاوازی مۆسیقا پێکداچوون، ئارەقەی ناوچەوان، تیشکی خۆر، جموجووڵێکی گەورەی خەڵکی و هاتوهاواری فرۆشیارە گەڕۆکەکان ببوونە بەشێکی زیندووی کەرنەڤاڵەکە.

دوای وچانێکی کورت لەگەڵ لیزای هاودەمم بە شەقامە سەرەکییەکەدا هاتینە خوارەوە و بەرەو سەنتەری هاڤانا و شانۆ دێرینەکەی گەڕەن. لێرەوە بە ئۆتۆمۆبێلێکی کرێ بەرەو خانووەکەی ئێرنێست هێمنگوای کەوتینە ڕێ.

سەعات و نیوێک بە ڕێگایەکی قەرەباڵغ و ناخۆشدا

بەرێ کەوتین، پلەی گەرما بەرز بووەوە و خەڵکی لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەوە وەستا بوون و گەرەکیان بوو، بەشێوەیەک لەشێوەکان لەگەڵمان سوار بن. کە گەیشتینە ناوچەی سان فرانسیسکۆ دێ پاولا کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری هاڤانا و ناوچەی خانووبەرە گەورە و جوانەکەی هێمنگوای، چووینە قاوەخانەیەک و لە نەخشە و پلانەکانی سەردانەکەمان ورد بووینەوە. دوای ئەوە بلیتەکانمان کڕی و بەپێ بە هەورازێکدا سەرکەوتین، چەند لە خانووبەرەکە نزیک دەبووینەوە هێندەش ناوچەکە پاکوخاوێنتر دەبوو، باخچە و دار و درەختێکی گەورە و زۆر چواردەوری خانووبەرەکەی گرتووەتەوە و سێبەر و هەوایەکی فێنک و خۆش لەگەرما بەهێزەکەی ئەو دوا نیوەڕۆیە دەیپاراستین. خانووبەرەکەی هێمنگوای بە Finca La Vigia ناوزەد کراوە و تاکە موڵکێکیشە کە ئەم نووسەرە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی ئەمەریکا هەیبووە.

قەڵەمە تیژکراوەکانی لەگەڵ چاویلکەکەی لەسەر مێزەکەی دانراوە، عەرەبانەیەکی بچووکی گوێزانەوەی مەی خواردنەوە بە تەنیشت کورسییەکانی ژووری میوانەکەیەوە، وێسکی، جن، براندی، کامپاری، تۆنیک، سۆدە و شەرابی سوور لەو ڕۆژەوەی کە هێمنگوای ماڵەکەی بەجێ هێشتووە، وەک خۆی ماوەتەوە. ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژەی کە بۆ دواجار لەماڵەوە بووە، تا ئێستا بەکراوەیی لەسەر مێزەکانە(٦).

تێکڕای ژوورەکان، هێمنگوایەکی ڕاوچیمان پێدەناسێنن، لەسەر دەرگاکان، لە ژووری دانیشتن و میوانداری، شاخ و کەللەسەری ئاژەڵی گەورە، کێوی و جۆراوجۆر هەڵواسراون، زۆربەی ئەو ئاژەڵانە هێمنگوای لە دارستان و جەنگەڵەکانی وڵاتانی ئەفەریقادا ڕاوی کردوون. یەکێک لە کتێبخانە گەورەکانی ژووری دانیشتنەکەی، تایبەتە بە بەرهەمەکانی خۆی، بە ئینگلیزی و بەهەموو زمانە وەرگێڕدراوەکانی تر. کتێبەکانی ئێرنێست هێمنگوای وەرگێڕدراونەتە سەر فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، سوێدی، عەرەبی، گریکی و....تاد.

لەلای چەپی پشت دەرگای ژووری نووستنەکەیەوە، ئامێری چاپ و نووسینەکەی لەسەر مێزێکی بەرز بەرچاودەکەوێت، هێمنگوای لەکاتی نووسیندا بەپێوە بەرهەمەکانی نووسیون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێمنگوای لە کارەساتێکی تێکشکان و کەوتنەخوارەوەی



**یەکێک لە ژوورەکانی هەمنگوای**

فڕۆکەیەکدا، پشتی زۆر بە سەختی دەشکێت و هەرگیز بە تەواوەتیش چاک نابێتەوە. بەدمەستییەکی بەردەوام وا لەم نووسەرە دەکات کە چیتر توانای نووسینی نەمێنێ، بەم هۆیەشەوە هێمنگوای دووچاری نەخۆشییەکی خەمۆکی قووڵ و دەروونی گران دەبێت و لە بەرئەنجامدا بە کوشتنی خۆی کۆتایی دێت.

کوباییەکان خانووبەرەکەیان بەشێوەیەکی زیندوو پاراستووە، دەستکاری نەخشەی ژوورەکان، کەلوپەل و ئەتمۆسفێری گشتی ماڵەکەیان نەکردووە، لەبەر ئەوە زیاتر هەستێکی ماڵ و ژیان بەتەماشاکەران دەبەخشێ، نەک مۆزەخانە. لەو سەرەوە بە پاسێکی زۆر گەورە و درێژ، کە لە کوبا خۆیان دروستی دەکەن، بەرەو ناو شاری هاڤانا گەڕاینەوە. ڕۆژەکەمان بۆ میوانداری و بەسەرکردنەوەی نووسەری گەورەی ئەمەریکی ئێرنێست هێمنگوای تەرخان کردبوو کە گەیشتینەوە شاریش، بەماتۆڕی کرێ گەڕاینەوە بۆ بەشە کۆنەکەی هاڤانا و میوانخانەی ئەمبۆس مۆندۆس.

سەرەتا لە بارەکە و شوێنی دانیشتنەکەی هێمنگوای، دوای ئەوە سەرکەوتینە سەرەوە بۆ نهۆمی پێنجەم و ژووری ژمارە پێنج سەد و یازدە. بەڕێوەبەرایەتی ئەم

مـــیـــوانخــانەیە ژوورەکــەی هێــمنگوایان بە چەشنی خانووەکەی، کردووەتەوە مۆزەخانە.

ئامێری نووسینەکەی، کەرەستەکانی ماسی گرتنەکەی، ڕۆژنامە و هەندێ لە کتێبەکانی لە ژوورەکەدا پارێزراون. پەنجـەرەی ژوورەکـە بەسـەر دەریایەکی گـەورەی شـینی ئـاسـمـــانیـــدا دەڕوانێ، لەلای ڕاســتـیــیــەوە بازاڕە قەرەباڵغەکەی هاڤانا و لەلای چەپیشەوە کۆشکی کلێسا دێرینەکەی بەرزبووەتەوە.

هێـمنگوای مـێـژووی کـوبا و نەژادی دانیـشـتـوانە دێرینەکانی ئەم وڵاتە جێگای سەرنج و ڕامانی بووە و بە وردی لەو مـێـژووەی کـۆڵیـوەتەوە و هەسـتـێکی گـەرم و لایەنگـیـــرییـــەکی بەهێـــزی بۆ خـــەڵکی ئەم وڵاتە هەبووە(٧).

## هونەر و شانۆ لە کوبا

لەدوای شۆڕشەکەی فیدل کاستڕۆوە زۆربەی نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییە کولتووری و بیرمەند و ڕۆشنبیرەکانی ئەم وڵاتە، پاڵپشتێکی سەد لەسەدی کاستڕۆ و شۆڕشەکەی دەکەن و کوباش دەکەنە ناوەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و کولتووری لە هەموو ناوچەکەدا، بەڵام دواجار کاستڕۆ هێدی هێدی هونەر و کولتووری وڵاتەکەی بە ڕێچکەیەکی تردا دەبات و کوباش دەکاتە سەربازگەیەکی نادیموکراسی و هەوڵی سەرکوتکردنی وشەی ئازاد و نووسەر و هونەرمەندەکانیش دەدات و هەموو شتێک دەخاتە ژێر سانسۆر و ڕکێفی خۆیەوە، ئەو کەسەش وەک فیدل کاستڕۆ بیر نەکاتەوە، لە بەندیخانەکان توند دەکرێت(٨).

بەڵام لەگەڵ هەموو چاودێری و قەدەغەکردنی بێ مۆڵەت و سانسۆر و بەربەستەکانی تردا، کوبا بە پێچەوانەی تێکڕای وڵاتە کۆمۆنیستەکانی ترەوە، سەنتەرێکی گەورەی کولتوورییە بە هەموو شێوە و شێوازەکانییەوە. هەموو هەرێمێک، ناوچە و گەڕەکێک، چەندە بچووکیش بێت، ناوەندی کولتووری و ڕۆشنبیری خۆی هەیە، ئەم ناوەندانە نمایشی مۆسیقایی، سەما، کۆنسێرتی مۆسیقای میللی و کلاسیکی، شانۆنامەی کۆمیدی، میللی و کلاسیکی پێشکەش دەکەن. ئەم چالاکییانە هەمیشە کراوەن و بەخۆڕایی بۆ بینەران پێشکەش دەکرێن، ئاستی ئەم نمایشانە زۆر بەرزن و کوباییەکان زیرەکانە هەموو شتێک دەکەنە هونەرێکی




**ڕووکاری دەرەوەی شانۆی «گرەن»**

باش. لە شانۆیەک سەمای فلامینکۆ، لەوی تریان بالێت، یان مۆسیقای کلاسیکی، شەکسپیر، یان لۆرکا پێشکەش دەکرێت، ڕۆمانەکانی مارکیس بەشێوەیەکی بەربڵاو لەسەر شانۆکان و بە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆر نمایش دەکرێن. مارکیس یەکێکە لەو نووسەرە جیهانییانەی کە پێگە و بەهایەکی زۆر گرنگی هەیە. بێ گومان دەوڵەت و خودی کاستڕۆ خۆی بە هەموو توانایەکییانەوە لە پشت بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی مارکیسدایە، مارکیس هاوڕێی کاستڕۆیە و یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی کە بە ڕاشکاوی بەرگری لە کوبا، شۆڕشەکەی، سستمی وڵاتەکەی و خودی فیدل کاستڕۆ دەکات.

## شانۆی نەتەوایەتی کوبا

شـــانۆی نەتەوایەتی کـــوبا Teatro Nacional de Cuba یەکێکە لە دەزگا هەرە کولتوورییە گرنگ و گەورەکانی کوبا و دەکەوێتە بەرانبەر گۆڕەپانی شۆڕش و ئاهەنگە نەتەوایەتییەکان. ئەم شانۆیە لە ساڵی ١٩٥٩دا کراوەتەوە و چەندین هۆڵی شانۆ و ستۆدیۆی تۆمارکردن و هۆڵی بچووکی ئەزموونگەری لەخۆ دەگرێت. لەناو ئەو

خانووە گەورەیەدا، دوو هۆڵی سەرەکی تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەموو پێداویستییە هونەرییەکانیشی بۆ دابین کراوە: یەکەمیان ئەڤێلاندایە و دوو هەزار و پێنج سەد کەس دەگرێت، دووەمیشیان کۆڤاروبیایە و هەشت سەد کەس لەخۆ دەگرێت. لەم شانۆیەدا جگە لەنمایشەکانی خۆیان، سیمینار، کۆرسی هونەری، فیستیڤاڵی شانۆیی، بالێت، کۆنسێرتی گیتار و مۆسیقای جاز پێشکەش دەکرێت. هەروەها گرووپە میوانەکانی دەرەوەی کوبا، لەم شانۆیەدا نمایشەکانیان پێشکەش دەکرێت(٩). جگە لە شانۆی نەتەوایەتی چەندین گرووپ و شانۆی گەورە، بچووک، تەقلیدی، ئەزموونگەری، سیاسی، کۆمیدی، شانۆی بووکەڵە، شانۆی منداڵان، نەوجەوان و گەنجان، ئۆپەرێت و سەمائامێز...تاد لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوبادا بڵاوبوونەتەوە و هەمیشە ڕێپورتوار و پرۆگرامی خۆیان هەیە(١٠)

## هاملێتێکی شۆڕشگێڕ

کە گەیشتینە هاڤانا، ماوەیەک بوو شانۆنامەی هاملێت لە شانۆی نەتەوایەتی پێشکەش دەکرا، دەستبەجێ هەوڵی بەدەست هێنانی بلیتی شانۆنامەکەمان دا، بە ماتۆڕی کرێ خۆمان گەیاندە گۆڕەپانی شۆڕش و شانۆی نەتەوایەتی.

زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بینینی هاملێت بووم، بە هەرچوار لای خۆمدا دەمڕوانی و سەیری کون و کەلەبەری هۆڵی شانۆکە و خودی خانووبەرەی شانۆی نەتەوایەتیم دەکرد.

شانۆی نەتەوایەتی سمبولێکی گرنگی دەوڵەت، شۆڕش و بزووتنەوەی شانۆی کوبییە، هەروەها دەروازیەکیشە بۆ دەرەوە و گرووپ و شانۆ میوانەکان دێنە ئەم کۆشکە و شانۆکارانی کوبا بە شانازییەوە دەڕواننە شانۆ نەتەوەییەکەیان.

هۆڵەکە جمەی دەهات و بینەرێکی زۆر ئامادە ببوون، خەڵکی ئاسایی هاڤانا، دەسەڵاتداران و ژمارەیەکی زۆر گەشتیار کە لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە بۆ بینینی هاملێت هاتبوونە شانۆی نەتەوایەتی. لەگەڵ دەسپێکی نمایشەکە، تیشکێکی بەهێز لەناوەڕاستی شانۆکە دەدرێت، هاملێت بەجلوبەرگی سەربازییەوە دەردەکەوێت، زیاتر لەکەسایەتی گیڤارا دەچێت، نەفەسێکی قووڵی لە سیگارەکەی دا و بەتێڕامان و تووڕەییەوە دەڕوانێتە بینەران، سیگارەکەی فڕێ دا و بەپێ دەیکوژێنێتەوە و



کچە ئەکتەری کەرنەڤاڵێکی هونەری لە هاڤانا

دەچێتە دەرەوە. هاملێت کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕە، هاملێتێکی سۆسیالیست و دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم (ئەمەریکا)، گلۆبالیزم و بازاڕی ئازاد تێدەکۆشێ. کۆشکەکەی پادشا، پادشا و دەستوپێوەندەکەی زۆر بە ئاشکرا بەرجەستەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان دەکرد نەک دانیمارک. هاوڕێکانی هاملێت بە ئاڵای سوورەوە دوای ڕابەرە شۆڕشگێڕە هەڵەشە و تووڕەکەیان دەکەون و سروودی شۆڕشگێڕانەی نێونەتەوەیی و مارشی کوبا دەڵێنەوە.

هەرچەندە ئەکتەرەکان زۆر لێهاتوون و نەخشەڕێژی و سینۆگرافیا بەشێوەیەکی ئێستێتیکی بەرز نەخشێنرابوون، بەڵام زۆر زوو بێزار بووم و شانۆنامەکەم وەک قەوانێکی سواو و کۆنی سەردەمی ڕژێمی بەعس دەهاتە پێش چاو. دانمان بە خۆماندا گرت و تا کۆتایی نمایشەکە دانیشتین، هاملێت کوژرا و هۆراشیۆ ئاڵا و پەیامی شۆڕشەکەی گەیاندە کۆمەڵانی خەڵک و ئازادیخوازانی جیهان!

بێ گومان خوێندنەوەی هاملێت و بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و قووڵی شانۆنامەکە و توانای شەکسپیر. هەموو کەسێک، هەموو گەلێک، هەموو پرس



**دیمەنێک لە کەرنەڤاڵێکی هونەری لە هاڤانا**

و هەموو شیکردنەوەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی...تاد دەتوانێ خۆی لە ڕووداوەکانی هاملێت و بابەتی چیرۆک و بەسەرهاتەکەیدا بدۆزێتەوە.

### شانۆی گرەن

بەرلەوەی هاڤانا بەجێبهێڵین و بەرەو شاری ترینیداد بکەوینەڕێ، بڕیارمان دا نمایشێکی بالێت لەسەر شانۆی گرەن Gran Teatro de La Habana ببینین. ئەم شانۆیە یەکێکە لە گرنگترین خانووبەرە دێرینەکان و کۆشکێکی ڕازاوەی هونەری. شانۆکەش زیاتر تایبەتە بە نمایشی بالێت و ئۆپێرا و بەیەکێک لە گەورەترین هۆڵەکانی شانۆ دادەنرێت لەجیهاندا و دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری هاڤاناوە.

ئەم شانۆیە ئەندازیارێکی خانووبەرەی بەلژیکی نەخشەکانی کێشاوە و لە ساڵی ١٩١٥دا بە ئۆپێرا بەناوبانگەکەی ڤێردی (ئایدە) کراوەتەوە. ئیسپانییەکان ئەم شانۆیەیان بۆ دەسەڵاتی خۆیان دروست کردووە و پرۆژە و بەرهەمی هونەری ئیسپانی و کۆبوونەوە تایبەتییەکانی خۆیانیان تێدا گێڕاوە، گەورەیی شانۆکە و ڕازاوەیی خانووبەرەکەش، گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی دەسەڵات و حوکمی ئیسپانییەکان بووە لەم وڵاتەدا(١١).

شانۆی گرەن ئێستا مەڵبەندی بالێتی نەتەوایەتی کوبایە و هەروەها بارەگا و شانۆی تایبەتی کۆریۆگرافی گەورەی کوبی خاتوو ئەلیسیا ئەلۆنسۆیە(١٢).

بەر لە دەست پێکردنی نمایشەکان، بە چەشنی عیراقی سەدام، بەرپرس و هاوڕێ کۆمۆنیستەکان چەند وتارێکیان خوێندەوە، لە وتارەکانیاندا دووپاتی ڕۆڵی شۆڕش و فیدل کاسترۆی سەرکردەیان کردەوە و تەقەللاکانی ئیمپریالیزمی جیهانیشیان بۆ تێکشکانی ئیرادەی خەڵکی کوبا ڕیسوا کرد.

خاتوو ئەلیسا ئەلۆنسۆیە لە ڕیزی یەکەمی بانیژەی شانۆکە دانیشتووە کە هاتە ژوورەوە، وەک کەسایەتییەکی گەورە لەلایەن بینەرانەوە پێشوازی لێکرا و بە چەپڵەڕێزان بەدوایەوە بوون تا لە جێگاکەی خۆی دانیشت.

نمایشەکە خوێندنەوەیەکی سۆسیالیستانە بوو بۆ تراژیدیای (ئۆتیللۆ)ی شەکسپیر و بەشی کۆتایی شانۆنامەکەیان بە تەواوەتی لابردبوو. لە بری ئەوەی بالێتەکە بە کوشتنی دێزدەمۆنە، ئۆتیللۆ و یاگۆ کۆتایی بێت، بە ئیرەیی و گومانەکانی ئۆتیللۆ و گەمە پڕ لە قینەکەی یاگۆ کۆتایی دێت. هەر سێ کارەکتەرەکە وەک سینەیەکی دژ و جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

بێ گومان بە پێچەوانەی شانۆنامەکەی هاملێتی شانۆی نەتەوایەتییەوە، ئەم نمایشە زیاتر زمانی جەستە و ئێستێتیکای جووڵەی جەستە و سەما ڕۆڵی خۆی دەگێڕا. سەمازانەکان وەک هەر سەمازانێکی مۆدێرنی ئەورووپی سەمایان دەکرد و لەسەر ئاستێکی بەرز جەستەیان بەکاردەهێنا و ئاوێزانی مۆسیقا



**گرووپێکی ئۆرکێسترای مۆسیقای جیهانی له کەلاوەیەکدا پرۆڤە دەکەن**

کلاسیکییەکەیان دەکرد(١٣).

**ترینیدا**

کازیوەی بەرەبەیانی دووی نیسان بە پێپلیکانە زۆر باریک و پێچاوپێچەکانی ئەو خانووە دوو نهۆمییەی کە گرتبوومان، بەخۆمان و کەلوپەل و جانتا قورسەکانمانەوە هاتینە خوارەوە. کە دەرگەکەمان لەدوای خۆمانەوە داخست، هێشتا هەتاو نەکەوتبوو، گڵۆپە زەردەکانی سەر شەقامەکان زۆر بە کزی دەسووتان و لە چەند پشیلەیەکی برسی و لاواز زیاتر هیچ بوونەوەرێکی تر بەدەرەوە نەبوو. چەند هەنگاوێک بەڕێ کەوتین تا چووینە سەر شەقامە سەرەکییەکە و لەوێوە چووین بۆ تەرمیناڵ و بەرەو شاری ترینیدا کەوتینە ڕێ. دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتین، تیشکی خۆر دابەزیبووە سەر زەوی و هاڵاوی گەرمی و بۆنی جەستەی مرۆڤ تێکەڵاو ببوون.

شارەکە زۆر خنجیلە و جوانە و لە ساڵی١٥١٤دا بنیاد نراوە، ئەم شارە پێگە و بەهای تایبەتمەندی مێژوویی خۆی هەیە و لە ساڵی ١٩٨٨دا ئۆرگانی یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان خستوویەتییە لیستی ئاسەوارە جیهانییە دێرینەکانەوە. شەقامەکان بەردڕێژن و بەرزی و نزمییەکی زۆریان تێدایە و سیما دێرینەکەی خۆیان بەجۆرێک پاراستووە، هەروەک ئەوەی زەمەن لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە وەستا بێت(١٤).

یەکێک لە شێوازە جوانەکانی ئەم شارە ئەوەیە کە دیواری گەڕەک، ماڵ و بازاڕەکانیان بە ڕەنگی زەق و جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە و هەستێکی خۆشی و ئەتمۆسفێرێکی ئاهەنگئامێز بە گەشتوگوزارەکان دەبەخشێ.

لەم شارەدا چەندین مۆزەخانەی دانسقە هەن، بۆ نموونە مۆزەخانەی مێژوویی، مۆزەخانەی ڕۆمانتیکی، مۆزەخانەی کولتووری، مۆزەخانەی ئیشی دەست و تەنانەت مۆزەخانەیەکی شەپقە و کارگەیەکی دروستکردنی هەموو جۆرە شەپقە کوبییەکانیشی تێدایە.

**سانتا کلارا، یان شاری خەباتکارە پاڵەوان و ئازاکە**

دوای دوو ڕۆژ لە ترینیداوە ڕۆیشتین بۆ سانتاکلارا، ئەم شارە بە شاری گیڤارا ئاماژەی بۆ دەکرێت و دانیشتوانەکەی، شارەکەی خۆیان بە (شاری خەباتکارە پاڵەوان و ئازاکە) ناوزەد کردووە، گیڤاراشیان کردووەتە کوڕی خۆیان. ئەمەش بۆ ڕووداوێکی مێژوویی و چارەنووسسازانەی گرنگ دەگەڕێتەوە، لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨دا، دوا شەڕە پارتیزانییەکانی گیڤارا لەم شارەدا کۆتایی بە ڕژێمی دیکتاتۆری بەتیستا دەهێنێ و سەرکەوتنی یەکجارەکی بۆ شۆڕشەکەی فیدل کاسترۆ بەدەست دەهێنێ. کە لە ساڵی ١٩٩٧یشدا ئێسک و پرووسکی گیڤارا و هاوڕێکانی لە یەکێک لە گۆڕستانە بەکۆمەڵ و نهێنییەکانی ناوچە شاخاوی و دوورە دەستەکانی بۆلیڤیادا دەدۆزنەوە، بەڕێوەڕەسمێکی فەرمی بەرز و بە ئامادەیی فیدل کاسترۆ و ڕاوێڵی برای لە شاری سانتا کلارادا، سەرلەنوێ بەخاکیان



**ئافرەتە سپی پۆشەکان لە پێناو ئازادبوونی پیاوەکانیاندا خۆپیشاندان دەکەن**

دەسپێرنەوە.

دوا ئارامگای گیڤارا مێنۆمێنتێکی گەورەیە و ساڵانە هەزاران کەس لە هەموو جیهانەوە سەردانی دەکەن، گۆڕەپانی مێنۆمێنتەکە پەیکەرێکی ئێجگار گەورەی گیڤارای تێدا بەرزبووەتەوە، نهۆمی خوارەوە بە دەستە ڕاستدا مۆزەخانەیەکی بچووکە و هەموو کەلوپەلە تایبەتمەندەکانی گیڤارای لێ پارێزراوە، لە هەمان کاتدا پێشانگایەکی فۆتۆگرافی ژیانی گیڤارا، لەمنداڵییەوە تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی بەرجەستە دەکات. لە ڕاڕەوێکی باریک و دەرگایەکی گەورەوە لە مۆزەخانەکەوە دەچێتە دوا ئارامگاکەی گیڤارا، ژوورێکی ساکار، ئەتمۆسفێرێکی ڕیتوالئاسا، بەردەوامییەکی زیندوو بەکەسایەتی ئەو دەبەخشێت.گۆڕەکەی لەدیوارێکدایە و تیشکێکی ڕووناکی، بەکزی لەسەر وێنەکەیەتی و مەشخەڵی ئاگرێکیش بە بەردەوامی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەسووتێ، بێدەنگییەکی ڕەها، ڕێزێکی گەورە و سمبولێکی تاهەتایی شۆڕش پانتاییەکانی شوێنەکە داگیر دەکات(١٥).

## شۆڕشی ئافرەتە سپی پۆشەکان

لە گەڕانەوەماندا چەند ڕۆژێکی تر لەهاڤانا ماینەوە، شانۆی کارل مارکس، فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی سەما و مۆزەخانەی شۆڕش چەند وێستگەیەکی گرنگی دوارۆژ و ساتەکانمان بوو لە کوبا(١٦).

من و لیزای هاوڕێم بەر لە گەشتەکەمان و لە سوێد چیرۆکی ئافرەتە سپی پۆشەکانمان بیستبوو، هەندێ ڕیپۆرتاژیشیان لەسەر بڵاوکرابوونەوە، لەبەر ئەوە بەلایەوە گرنگ بوو کە ئەم ئافرەتانە ببینین و قسەیان لەگەڵ بکەین.

نزیکەی پەنجا تا شەست ئافرەتێک هەموو ڕۆژانێکی یەک شەممە بەجلوبەرگی سپییەوە ڕێپێوان و خۆپیشاندانێکی هێمنانە دەکەن بۆ ئازادبوونی ئەو حەفتاو پێنج پیاوەی کە بەر لەچوار ساڵ گیراون و لەسەر داواکردنی ئازادی بیروڕا بە بیست ساڵ زیندان حوکم دراون. ئەو بەندکراوانە ڕۆژنامەنووس، نووسەر، هونەرمەند، وێنەگر، کارمەندانی کتێبخانەکان، دیموکراسیخوازان و هەندێ کەسانی تری ڕۆشنبیری و هۆشیاری کوبان و بەبێ ئەوەی داوای ڕووخانی ڕژێم، یان دژی فیدل کاسترۆ و ڕژێمەکەی جەنگی بن، لەزیندان ئاخنراون(١٧). داواکارییەکانی ئەو حەفتاو پێنج کەسە ڕۆشنبیرە تەنیا تۆزێ زیاتر ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و کرانەوە بووە بەڕووی جیهاندا.

ئەم ئافرەتانە ژن، کچ، خوشک و دایکی ئەو حەفتاو پێنج بەندکراوەن و لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە ئەم ڕێکخراوە، یان بزاڤەیان دروست کردووە و بەرگە سپییەکانیشیان سمبولی بێ تاوانی ڕۆڵە و باوک و پیاوەکانیانە.

بەیانی زوو خۆمان گەیاندە کڵێسای سانت تێ ڕیتە کە ئافرەتە سپی پۆشەکانی لێ کۆدەبنەوە، کڵێساکە دەکەوێتە یەکێک لەناوچە مۆدێرن و ڕازاوەکانی هاڤانا و زۆربەی باڵیۆزەخانەکانی وڵاتانی ئەورووپا دەکەونە ئەم



**مۆسیقا پیشەیەکی بەردەوامی خەڵکی کوبایە**

ناوچەیە(١٨).

بەرئەنجام و چارەنووسی کوبا بە کوێ دەگات: هیچ گۆڕانکارییەک، هیچ سەربەستییەک، بەر لە مەرگی فیدل کاسترۆ ڕوونادات، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دوای مەرگی کاسترۆش دەستبەجێ هیچ وەرچەرخانێک ڕوونادات.

براکەی کاسترۆ دەسەڵات دەگرێتە دەست و تا ئاستێک ئابووری وڵات لیبرالیسێرە دەکرێت، هەروەک ئابووری چین، بەڵام کۆنترۆڵ و سەرسنوور و سەرکۆنەکردن وەک خۆی دەمێنێتەوە تا ئەو ڕۆژەی نەوەیەکی نوێی سیاسەتمەدار و سەرکردەی مۆدێرن دەردەکەون، سەرکردەیەک بەبێ جلوبەرگی سەربازی و حکوومەتێکی مەدەنی، ئەوکات دەتوانین بڵێین شۆڕش کۆتایی پێهاتووە.

**پەراوێزەکان:**

(١) کوبا لە هەزار و شەش سەد دورگە پێک هاتووە و تەنیا چواردە میل لە شاری فلۆریدای ئەمەریکاوە دوورە.دانیشتوانی ئەم وڵاتە نزیکەی یازدە ملیۆن و نیوە و تەنیا دوو ملیۆن و نیوی لە هاڤانای پایتەختدا دەژی. لە سەدا پەنجا و یەکی دانیشتوانەکەی تێکەڵاوە، بۆ نموونە لەسەدا سی و حەوتی خەڵکی سپی و لەسەدا یازدەی ڕەشپێستە و لەسەدا یەکیشی خەڵکی بە نەژاد چینییە.

زمانی ئیسپانی، زمانی فەرمی کوبایە و لەپاڵ دیانەتی مەسیحیدا، هەر لە سەدەی شازدەوە، ئایینی ئەفرۆ- کوبا، بەشێوەیەکی قووڵ ڕەگوریشەی داکوتاوە. بەتایبەتی و لە کێڵگەی شەکرەکاندا کۆیلە ڕەشەکانی ئەفەریقا بەشێوەیەکی ئاشکرا پەیڕەوی ڕێتواڵ و دابونەریتە ئایینییەکانی خۆیان کردووە و تا ئێستاش ماوەتەوە.

(٢) فیدل کاسترۆ هەر لە سەرەتاوە لەناو ڕیزی قوتابییە بەرهەڵستکارەکاندا دەردەکەوێت، یاسا دەخوێنێت و دەبێتە پارێزەر و هەوڵی ئەوەی داوە لەڕێگای یاسا و دەرگاکانی دادگاوە، شەرعییەت لە ڕژێمی (بەتیستا) بسێنێتەوە، بێ گومان ئەو هەوڵانەی کاسترۆ بێ ئاکام دەبن، لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر شۆڕشی چەکداری. کاسترۆ لەگەڵ سەد و شەست و پێنج هاوڕێی چەکدار و لە بیست و شەشی تەممووزی ساڵی ١٩٥٣دا هێرش دەکەنە سەر ناوچەیەکی گرنگی سەربازی لە شاری سانتیاگۆ، بەڵام هێرشەکەیان شکست دێنێ و کاسترۆش دەسگیر دەکرێت و دەدریت بە دادگایەکی سەربازی. کاسترۆ لەو دادگایەدا وەک پارێزەرێک داکۆکی لەخۆی دەکات و لە وتاری بەرگری کردنەکەیدا دەڵێت: مێژوو من ئازاد دەکات، نەک دادگاکەی ئێوە. کاسترۆ پازدە ساڵ زیندانی دەکرێت و دوای ئەوە دەچێتە مەکسیکۆ. لەوێ بزووتنەوەی بیست و شەشی تەمووز دروست دەکات، ناوی بزووتنەوەکەش لە خودی ئەو



**هونەرمەندێک لەسەر شەقامەکانی هاڤانا سەما دەکا**

هێرشەوە ناوزەد دەکرێت کە لەساڵی ١٩٥٣دا شکستی هێناوە. ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامەرێژ، کوباییەکانی تاراوگە لەخۆی کۆدەکاتەوە و ڕێکیان دەخات. هەر لە مەکسیکۆ و لەم قۆناغەدا فیدل کاسترۆ پزیشکێکی گەنجی ئەرژەنتینی مارکسی بەناوی (ئەرنێستۆ چێ گیڤارا)وە دەبینێ. دواتر کاسترۆ لەگەڵ کۆمەڵێ پێشمەرگەی چەکدار و لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦دا بە بەلەمێکی ماتۆڕ بە ناوی (گرانمە)وە دەگەڕێنەوە بۆ کوبا. سوپای بەتیستا ئامادەی ئەم هێرشە دەبن و بەر لە کاسترۆ و پێشمەرگەکانی دەگرن. کاسترۆ، ڕاوێلی برای و چێ گیڤارا هەڵدێن و لەچیا سەختەکانی (سێیرە مالێسترا)دا خۆیان دەشارنەوە.

کاسترۆ و هاوڕێکانی کۆڵ نادەن و سەرلەنوێ لە پاییزی ساڵی ١٩٥٨دا دەگەڕێنەوە و لەسەری ساڵی ١٩٥٩دا هاڤانای پایتەخت دەگرن و سوپا و پیاوەکانی ڕژێمی بەتیستا ڕاودەنێن. چەکدارەکان هەر خێرا حکومەتێکی کاتی دادەمەزرێنن و فیدل کاسترۆش، بۆ هەتاهەتایە دەکەنە سەرەک وەزیری ئەو حکومەتە.

(٣) ئێرنێست هێمنگوای زۆر قاوەخانە، مەیخانە و چێشتخانەی تایبەتی خۆی هەبوون کە بەردەوام سەردانیانی کردوون، بەڵام لەنێو ئەو شوێنانەدا La Bodeguita del Medio و La Flordita مەیخانە دڵپەسەند و تایبەتییەکانی بوون. ئەمڕۆ ئەو دوو مەیخانەیە بوونەتە جێگای گەشتوگوزار و لە هەموو دنیاوە خەڵکی کە دێنە کوبا، ڕوویان تێدەکەن و ئەو جۆرە شەراب و خواردنەوە قورسانە، بۆ نموونە -Dai guiris, Mojitos دەخۆنەوە، کە هێمنگوای خواردوونیەتییەوە.

(٤) ئێرنست هێمنگوای بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ١٩٣٢دا سەردانی کوبا دەکات، ئەم سەردانە خۆشەویستییەکی گەورەی ئەم وڵاتە لەلای هێمنگوای دروست دەکات. هێمنگوای لەسەرەتادا بەنیازی تەنیا دوو هەفتە دێتە کوبا، بەڵام دوو مانگ دەمێنێتەوە. ئەم نووسەرە عاشقی زەریا و حەزێکی گەورەی ڕاوەماسی دەبیەستێتەوە بە وڵاتی کوبا و شاری هاڤاناوە، دوای چەند سەردانێکی تر، لە ساڵی ١٩٣٩دا بە تەواوەتی لەم دوورگە ڕازاوەیەدا جێگیر دەبێت. سەرەتا ژوورێک لەمیوانخانەی ئامبۆس مێندۆس ژووری ژمارە (٥١١) دەگرێت.

ئێرنێست هێمنگوای زیاتر لە بیست ساڵی تەمەنی لەکوبا بەسەر دەبات، لەسەردەمی بەتیستەکانەوە تا دوای شۆڕشەکەی فیدل کاسترۆ، هێمنگوای لە ساڵی ١٩٦٠دا کوبا جێدێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا، بەڵام تەنیا دوای یەک ساڵ بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی دێنێ.

(٥) ڕیتم و مۆسیقا، گۆرانی و سەما پێگە و بەهایەکی مەزنی لەم وڵاتەدا هەیە، ژن و پیاو، منداڵ و پیر، هەمیشە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان، لەماڵ و لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا سەما دەکەن، گۆرانی دەڵێن و مۆسیقا دەژەنن. گەلی کوبا، بە هەموو چین و

توێژەکانییەوە، خەڵکانێکی هەژارن و لە زۆر پێداویستی ژیان بێبەشن، بەڵام لە بری ئەوە گەلێکی دڵخۆشن و دەم بە خەندە و پێکەنین. کچێکی گەنج لە یەکێک لە شەقامە قەرەباڵغەکانی هاڤانای کۆندا، گۆرانی دەگوت، سەمای دەکرد و بەو شێوەیە گەشتیارەکانی لەخۆی کۆدەکردەوە تا دەرامەتی ڕۆژانەی دابین بکات. لە پشوویەکی کورتدا بە پێکەنین و گاڵتەوە گوتی: (ئێمە تازەترین جۆرەکانی تەلەفۆنی دەستی، یان کۆمپیوتەرمان نییە، بەڵام هەموو ڕۆژێک سەما دەکەین،گۆرانی دەڵێین و مۆسیقا دەژەنین.)

ئەم وڵاتە بە بەهەشتی ڕیتم و ئاوازی مۆسیقا ئاماژەی بۆ دەکرێت، زۆربەی ڕیتمە مۆسیقاییەکانیش هەر لەم وڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە. مێژووی ڕیتم و مۆسیقای کوبی زۆر دێرینە، هەمەچەشنەیی چەندین کولتوور لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. بۆ نموونە مێژووی ئەم ڕیتمانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کۆیلانەی کە لە ڕۆژئاوای ئەفەریقاوە هاتوون. ئەم کۆیلانە لەدوای ئیشوکارە سەختەکانی ڕۆژانەیانەوە، بەنهێنی و بەهۆی ڕیتمی خێرا و جۆراوجۆرەوە سەمایان بۆ خواوەندەکانیان کردووە. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەو ڕیتواڵە ئایینییانە ئەوە بووە کە خواوەندەکانیان یارمەتییان بدەن، وزە و توانایان پێ ببەخشن تا بتوانن بەسەر ژیانی کۆیلایەتی خۆیاندا زاڵ بن. دواتر وەچەکانی ئەم کۆیلانە توانیویانە ئازادبن و ژیانێکی تر بۆ خۆیان دابین بکەن، هێدی هێدی وەچە و فەرزەندەکانی تر ڕیتم و سەما و گۆرانییان بەنێو شارەکانی هاڤانا و ماتانزەدا بڵاوکردووەتەوە. جۆرە پێکداچوون و تێکەڵاوییەک لەنێوان ترادیشونی ئەفەریقایی و ئەورووپی، کولتووری کوبی پێکدێنێ، ئەم کولتوورە جیاواز و پێکداچووە لە مۆسیقا، شیعر و سەمادا زۆر بە زەقی دیارە. مێژووی یەکەم پێکداچوونی ڕیتمی ئەفەریقایی و مۆسیقای ئەورووپی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ماتانزە و دەوروبەرەکەی، هەر لەم شارە کوبییەشەوە بە هەموو جیهان بەگشتی و ئەمەریکا و شاری نیو ئۆرلێنسی بەتایبەتی، بڵاودەبێتەوە. نیو ئۆرلێنسی ئەمەریکی بە شاری مۆسیقای جازی جیهانی دادەنرێت، ئەم شارە لە وڵاتی کوبا و شاری ماتانزەوە فێری مۆسیقا دەبن، کاریگەرییەکانی مۆسیقا و ڕیتمی کوبی بەسەر ئەم شارەوە ئێجگار گەورەیە. ئەم دوو شارە زۆر لە یەکترەوە نزیکن و لەنێوان شاری ماتانزەی کوبی و نیو ئۆرلێنسی ئەمەریکیدا تەنیا ڕووبارێک هەیە. بۆ بەرەو پێشچوون و برەودان بە ڕیتم و مۆسیقای کوبی، بەتایبەتیش ئەو مۆسیقایەی کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆسیقا و ڕیتمی ئەفەریقی، چەندین دامودەزگای تایبەتمەند هەن. بۆ نموونە لە هاڤانا دەزگایەکی گەورە بەناوی Conjunto Folclorico Nacional دامەزراوە بۆ لێکۆڵینەوە و پاراستنی کولتوور و ترادیشونی سەما، گۆرانی و مۆسیقای ئەفەریقی.

(٦) خانووبەرەکەی ئێرنست هێمنگوای Finca La Vigia لە ساڵی ١٨٨٧دا ڕۆنراوە و هێمنگوای لە ساڵی ١٩٣٩دا کڕیویەتی. لە ساڵی ١٩٦٢یشەوە کراوەتە مۆزەخانە. هەر لەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی خۆکوشتنی ئەم نووسەرە لە کوبا بەگشتی و شاری هاڤانا بە تایبەتی، دامودەزگا کولتوورییەکان هەموو کەلوپەل و ئەتمۆسفێر و شێوازیماڵەکە، وەک چۆن هێمنگوای تێدا ژیاوە، کۆدەکەنەوە و دەیپارێزن. بۆ نموونە لەم خانووبەرەیەدا کتێبخانەی هێمنگوای کە هەشت هەزار کتێب لەخۆ دەگرێت. جلوبەرگ و کەرەستە تایبەتەکانی: سەبیلی جگەرەکێشان، ئامێری چاپ، تابلۆ و بەرهەمە هونەرییەکانی وەک خۆیان دانراون.

(٧) کوبا لە سەردەمە زۆر دێرینەکانەوە خەڵکی تێدا ژیاوە، لەسەرەتادا ئیندیانەکان، هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا لەم دوورگەیەدا ژیاون. بۆ یەکەم جار لەلایەن کۆڵۆمبوس دەدۆزێتەوە و دواتر لەلایەن ئیسپانییەکانەوە تا چوار سەد ساڵ داگیر دەکرێت.

لە سەدەی چواردەدا، کە ئیسپانییەکان دێنە کوبا و ئەم دوورگەیە بۆ یەکەم جار دەدۆزنەوە، لەنێوان هەشتا تا سەد هەزار هیندی سووری تێدا ژیاوە. هەر دوای چەند ساڵێک ژمارەی ئەم هیندییە سوورانە بەهۆی چەوساندنەوە، کاری گران و نەخۆشییەوە، تەنیا چەند هەزارێکیان لێدەمێنێتەوە و ئێستاش بەتەواوەتی قەڵاچۆ بوون. ئیسپانییەکان دواتر ناچار دەبن کە نزیکەی یەک ملیۆن کۆیلەی ئەفەریقی بهێننە ئەم وڵاتەوەو لە کێڵگەی شەکر و تووتندا کاریان پێبکەن. لە سەدەی حەڤدەشدا سەد و بیست هەزار چینی دێنە ئەم وڵاتەوە، لە سەدەی بیستیشەوە جگە لە ئیسپانی و ئەفەریقی، خەڵکی تر لە وڵاتە ئەورووپییەکانەوە، لە هایتی، جامایکا، وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و لە ئەمەریکاوە دێنە کوبا و نیشتەجێ دەبن. ئەم دورگەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٩دا سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێناوە، هەر دوای سەربەخۆیی و بە یارمەتی دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانی کوباوە،

بەتایبەتیش ماکادۆ Machado و بەتیستا Batista دەخرێتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەمەریکاوە.

لەیەکی کانوونی دووەمی ١٩٥٩دا فیدل کاسترۆ و گیڤارا، شۆڕشێکی گەورە بەرپا دەکەن و ئەم وڵاتە لە دەستی ڕژێمی بەتاتیستەکان و ئەمەریکا ڕزگار دەکەن. شۆڕشەکەی فیدل کاسترۆ خاڵێکی وەرچەرخان دەبێت لە مێژووی ئەم وڵاتەدا. ئەم سستمە سیاسییە نوێیە هەموو بنەما کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری و کولتوورییەکانی ئەم وڵاتە و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت.

ئێستا دانیشتوانی ئەم وڵاتە تێکەڵەیەکی سەیرە، پێکداچوونێکە لەنێوان ئەم هەموو نەژاد و ڕەگەزە جیاوازانەدا: ئەفەریقا، ئیسپانیا، کاریبین و ئەمەریکا، کۆمەڵگەیەکی فرە کولتوورە کە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا وێنەی نییە.

(٨) بەپێی دەستووری کوبا نابێت هیچ داهێنانێکی ئەدەبی و هونەری ڕەخنەیان دژ بە شۆڕش بێت، هەموو چاپکراوێک سانسۆر دەکرێت و هیچ فیلمێکیش بەبێ چاودێری سانسۆر پیشان نادرێت. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە فیدل کاسترۆ هەموو جۆرە ڕۆژنامەیەکی قەدەغە کردووە و لەو وڵاتە گەورەیەدا تەنیا دوو ڕۆژنامەی چەند لاپەڕەیی دەردەچن. یەکەمیان Granma زمانحاڵی حزبی کۆمۆنیستی کوبایە و سێ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا دەردەچێت، دووەمیشیان ڕۆژنامەی -Tra bajadoresی‌ە و سەر بە ڕێکخراوە پیشەییەکانە، ئەم ڕۆژنامەیە وەک هەموو بڵاوکراوەیەکی تر لەژێر چاودێرییەکی توندی ڕژێمدا بڵاودەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٩٥یشەوە تەماشاکردنی هەموو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە جیهانییەکان قەدەغەکراون.

(٩) هەردوو ساڵ جارێک فیستیڤاڵێکی بەناوبانگی نێونەتەوەیی شانۆ لە شاری هاڤانا سازدەکرێت Festival Internacional del Teatro. لەم فیستیڤاڵەدا جگە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقا، ئیسپانیا، ڕووسیا و هەندێ لە وڵاتە ئەوروپی و عەرەبەکانیش بەشداری دەکەن.

(١٠) گرنگترین شانۆکانی شاری هاڤانا بریتین لە شانۆی Teatro Hubert de Blank، ئەم شانۆیە زیاتر شانۆنامەی نووسەرە گەورەکانی ئەم سەردەمە بەرهەم دەهێنن. شێوازی نمایشەکانیان هاوچەرخ و تەکنیکێکی بەرز و هەندێک جار تەقلیدی لەخۆ دەگرێت.

شانۆی Julio A Mella هەموو شێواز و فۆرم و تەکنیکەکان تاقی دەکەنەوە و زیاتر لەگەڵ ڕۆژگاردا خۆیان دەگونجێنن.

شانۆی Trianon و El Sotano نەفەسێکی مۆدێرن و ئەزموونگەری لەخۆ دەگرن، ئەم دوو شانۆیە دەکەونە ناوچە دوورەدەستەکانی دەرەوەی هاڤانا و بینەری تایبەتمەندی خۆیان هەیە. دوانیوەڕۆیەک و بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەدوای ئەم دوو شانۆیەدا گەڕاین تا دۆزیمانەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی وەستانی ئامێری فێنککردنەوەکەیان، نەیانتوانی لە گەرمای ئەو ئێوارەیەدا نمایشەکانیان پێشکەش بکەن.

شانۆی Cafe Teatro Brecht مۆرکێکی ڕامیاری، ئەزموونگەری، هەندێک جار ڕاستەوخۆ و مۆسیقائامێز لەخۆ دەگرێت و نمایشەکانیان بۆ بینەرێکی هەڵبژاردە و هۆشمەند پێشکەش دەکەن و زۆرجار گەشتیارانی ئەم وڵاتە، بۆ بینینی کارێکی جیاواز ڕوودەکەنە بەرهەمەکانی ئەم گرووپە.

شانۆی Guinol تایبەتە بە شانۆی بووکەڵە و لەهەر چوار وەرزی ساڵدا، نمایشەکانیان بۆ منداڵان و هەندێک جار بینەری گەورەش پێشکەش دەکەن.

بەڵام شانۆی Teatro Amadeo Roldan ئۆرکێسترای نەتەوایەتی کوبا، مۆسیقای کلاسیکی، ئۆپێرا و شانۆی مۆسیقایی گەورەی تێدا پێشکەش دەکرێت. شانۆی La colmenita یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین گرووپەکانی شانۆی منداڵان و پرۆژەکانیان بۆ منداڵانی تەمەن حەوت تا پازدە ساڵی پێشکەش دەکەن. ئەم گرووپە زۆرجار بە خوێندنەوە تایبەتمەند و جیاوازەکانیان ڕوودەکەنە شاکارە کلاسیکییەکان (خەونی نیوەشەوێکی هاوین)ی شەکسپیر یەکێکە لە نمایشە بەرزەکانیان و بۆ چەندین ساڵە لە ڕێپێرتواری شانۆکەیاندا ماوەتەوە. لەم نمایشەدا شانۆی بووکەڵە، شانۆی خەیاڵی سێبەر، شێوازەکانی تری شانۆی منداڵان و گۆرانی و سەمایان تێکەڵاو کردووە و نمایشێکی خەونئامێز و شاعیرانەی ڕاستەوخۆیان بۆ منداڵان خوڵقاندووە.

(١١) ڕووکاری دەرەوەی شانۆی گرەن بەچوار گرووپ پەیکەر ڕازاوەتەوە. پەیکەرەکان بە بەرزاییەوەن و لە هەموو لایەکەوە دەبینرێن. ئەم پەیکەرانە هونەرمەندی ئیتاڵی Giuseppe Moretti بەتایبەتی، لەگەڵ ڕۆنانی خانووبەرەی شانۆکەدا دروستی کردووە. هەر گرووپەش

سمبوله بۆ پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی، خوێندن و زانیاری، مۆسیقا و شانۆ.

ئەکتەری گەورەی فەرەنسی سارا بێرنارد لە ساڵی ١٩١٨دا یەکێک لە نمایشەکانی لەسەر ئەم شانۆیە پێشکەش دەکات.

(١٢) بالێتی نەتەوایەتی کوبا پابەستە بە ڕەوت و کاریگەری و کارەکانی ئەلنسۆیەوە، ئەم هونەرمەندە بە سەما دەست پێدەکات، دواتر دەبێتە کۆریۆگراف و دامەزرێنەری بالێتی نەتەوایەتی کوبا. خاتوو ئەلیسا ئالۆنسۆیە کۆمەڵێ شاکاری کلاسیکی بەرزی پێشکەش کردووە و تا ئێستا لە ڕێپێوڕتواری ساڵانەی بالێتی نەتەوایەتیدا پێشکەش دەکرێتەوە. ئەم هونەرمەندە بەنێو ساڵدا چووە و وەک یەکێک لە هونەرمەندە گەورە و سمبولەکانی کوبا ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئێستا جگە لە کاری کۆریۆگرافی، مامۆستای سەماشە، کۆمپانیاکەی لە هەمان کاتدا قوتابخانەیە و سالانە چەندین سەمازانی گەنجی کوڕ و کچ پێدەگەیەنێت.

(١٣) لە هاڤانا لەم شانۆیەدا هەردوو ساڵ جارێک فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی گەورەی سەمای مۆدێرن و بالێت سازدەکرێت. لەم فیستیڤاڵانەدا باڵندەی زەریا و کارمن دوو شاکاری گەورەن کە هەمیشە دووبارە دەکرێنەوە.

(١٤) ئەم شارە لەنێوان سەدەی پازدە و حەڤدەدا ناوەندێکی گەورەی بازرگانی شەکر و کۆیلە بووە و بازرگانە ئیسپانیاییەکان دەسەڵاتدار و سەرمایەدارێکی زۆر گەورە بوون و زیاتر لەم شارەدا کۆبوونەتەوە.

(١٥) هیچ کەسێک هێندەی گیڤارا کاریگەرییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆی لەنێوان دۆست و دوژمندا بەجێ نەهێشتووە. ئەم کەسایەتییە وەک سمبولێکی ئازادی و ڕزگاری بۆ وڵاتانی ژێردەستەی جیهانی سێیەم و پاڵەوانێکی مەزنی دۆڵ و چیاکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، دەبێتە دوژمنی یەکەمی (سی ئای ئەی).

گیڤارا لە شاری ڕۆساریۆ، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٨دا لە ئەرژەنتین لە دایک بووە، نەژادی بنەماڵەکەیان بۆ ئەریستۆکراتەکانی ئیسلەندا و ئیسپانیا دەگەڕێتەوە.

گیڤارا هەر لە منداڵییەوە لاواز بووە و نەخۆشی هەناسەتوندیشی لەگەڵدا بووە، ئەم بارە نالەبارەی تەندروستی وای لەو منداڵە کردووە کە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدا بێت کە بەسەر نەخۆشی و لاوازی جەستە و بێ هێزیدا زاڵ بێت.

لە ساڵی ١٩٥٣دا خوێندنی باڵای پزیشکی لە زانکۆی بۆینس ئایریس تەواو دەکات، لە بری ئەوەی ببێتە پزیشک، لە ساڵی ١٩٥٢دا بە ماتۆڕێکی کۆن و لەگەڵ هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی ئەو سەردەمەیدا، بۆ ماوەی یەک ساڵ گەشتێک بەنێو هەموو وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا دەکەن.

گیڤارا لەم گەشتە دوور و درێژەیدا ڕۆژانە بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمار دەکات و دوای خۆی لە چەند بەرگێکدا بڵاودەکرێنەوە. ئەم بیرەوەرییانە لەساڵی ٢٠٠٤یشدا دەبێتە فیلمێکی سینەمایی و قۆناغێکی گرنگی ژیان و بیرەوەرییەکانی گیڤارا بەرجەستە دەکات. ئەو گەشتە کاریگەرییەکی قوولی لەسەر ژیانی گیڤارا دەبێت و بەتەواوەتی بیروبۆچوونەکانی دەگۆڕێت، بۆیە هەر لەدوای ئەم گەشتەوە هەست بە پێویستی شۆڕشێکی چەکداری دەکات بۆ لەناوبردنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و بەدەست هێنانی جیهانێکی تری پڕ لە ئازادی و سەربەستی. هەر لەم سەردەمەدا گیڤارا بەرهەمەکانی کارل مارکس دەخوێنێتەوە، بیروباوەڕی سۆسیالیستی کاری تێدەکات و هەست بە گرنگی ئەو تێزە و گۆڕانکارییە چینایەتییەکان دەکات. جگە لە کتێبەکانی مارکس و لینین، کتێبی مێژوویی و ئەدەبیش زۆر سەرنجی ڕادەکێشن، لەناو شاعیرەکانیشدا، شیعرەکانی (پابلۆنیرۆدا) دەبێتە یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی.

لە ساڵی ١٩٥٥دا گیڤارا ڕەوانەی مەکسیک دەکرێت، لەوێ هاموشۆی کۆمەڵێ گرووپی چەپ دەکات، هەر لەنێو ئەم گرووپانەشدا و بۆ یەکەم جار فیدل کاسترۆ و ڕاوڵی برای دەبینێ. گیڤارا و کاسترۆ زۆر بە ئاسانی لەیەکتر دەگەن، یەکتری تەواو دەکەن و دەبنە دوو هاوڕێی نزیکی یەکتری. کاسترۆ ڕەق و تووڕە بووە، بەڵام گیڤارا لەسەرخۆ و بە پلان و ستراتیژ بووە. هەردووکیان سەر بە بنەماڵەی دیار و دەوڵەمەند بوون، هەردووکیان پشتیان کردووەتە پیشەکانی خۆیان، کاسترۆ پارێزەرێکی دیار بووە و گیڤاراش پزیشک.

لە ساڵی ١٩٥٦دا کە هێرش دەکەنە سەر کوبا ،گیڤارا وەک پزیشکێک بەشداری ئەو هێرشە دەکات، بەڵام لەو شەڕەدا لەبری پزیشکێک، وەک جەنگاوەرێک زۆر ئازایانە دێتە دەست و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو زیاتر پارتیزانێکی چاونەترسە وەک لە پزیشکێکی سەرکەوتوو. کاسترۆ لەساڵی ١٩٥٧دا گیڤارا دەکاتە

سەرلەشكری سوپاكەی (كۆماندۆ). دوای شۆڕشیش لەساڵی ١٩٥٩دا دەبێتە هاوولاتییەكی كوبایی و كەسایەتییەكی گرنگ و سیاسەتمەدارێكی خۆشەویست و دیار. بۆ نموونە لە حكوومەتەكەی فیدل كاستڕۆدا دەبێتە وەزیری پیشەسازی و بەڕێوەبەری بانقی دەوڵەت، بەڵام ئەو بەم ژیانە قایل نابێت و لەساڵی ١٩٦٥دا واز لە كاری سیاسی و پۆستی وەزاری دەهێنێت و وڵاتی كوباش جێدێڵێ.

گیڤارا لە ساڵی ١٩٦٦دا دەچێتە پۆلیڤیا و لەگەڵ گرووپێكی بچووكدا شۆڕشێكی تری چەكداری هەڵدەگیرسێنێ، بە مەبەستی ڕزگاركردنی هەموو وڵاتەكانی ئەمەریكای لاتین، بەڵام دوای كەمتر لە ساڵێك و ڕێك لە هەشتی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٦٧دا لەلایەن سوپای پۆلیڤیاوە دەستگیر دەكرێت و ڕۆژی دوایی و لەبەردەم ئەفسەرێكی بەرزی سوپای ئەمەریكی و سی ئای ئەیدا، لە قوتابخانەی گوندێكی دوورەدەستدا دەكوژرێت.

(١٦) هەموو ساڵێك و لەمانگی نیساندا فیستیڤاڵێكی سەمای مۆدێرن و سەمای میللی لەشاری هاڤانا سازدەكرێت، ئەم فیستیڤاڵە بە یارمەتی و هاریكای ناوەندی نێونەتەوەیی سەما The Encuentro Internacional de Danza ئامادە و ڕێك دەخرێت. ئەم چالاكییە هەفتەیەك دەخایەنێ و لە هەموو گەڕەك، گۆڕەپان، شەقام و پانتاییەكانی بەشە كۆنەكەی هاڤانادا نمایشی سەما پێشكەش دەكرێت.

زۆر گرووپی گرنگ لەم فیستیڤاڵەدا بەشداری دەكەن، بۆ نموونە گرووپی سەمای كۆنتێنمپۆریا، ئەم گرووپە بالێت و ڕیتمی كوبایی و چیرۆكی فۆلكلۆری كوبایی تێكەڵاو دەكەن.

تێڕوانین لەسەر سەمایەكی مۆدێرن لەكوبا زۆر تایبەتە، جۆرە تێكەڵاوییەك و پێكداچوونێكی هونەری و موتوربەكردنە لەنێوان سەمای بالێت، فۆلكلۆر و جۆرە كۆریۆگرافییەكی نوێ و شانۆی سەمائامێز، ئەم گرووپەش نوێنەرێكی گرنگی سەمای مۆدێرنی كوباییە. ئەوەی جێگای ئاماژە كردنیشە، تەكنیكێكی بەرزی گێڕانەوە، چیرۆكەكان لە جەستە و دیدی نمایشە سەمائامێزەكاندا بەرجەستە دەكات.

گرووپی Lizt Alfonso Company زۆر بە سەلیقەن و لە كارەكانیاندا سەما و ڕیتمی كوبایی، ئەفەریقایی و ئیسپانی تێكەڵاو دەكەن.

گرووپی Conjunto Folkorico Nacional de Cuba یەكێكە لە گرووپە دێرینەكانی ئەم وڵاتە و لە ساڵی ١٩٦٢ەوە دامەزراوە و تا ئێستا بەهەمان وزە و تواناوە كارەكانیان پێشكەش دەكەن. ئەم گرووپە سەماكانیان تێكەڵەیەكە لە ئەفرۆ- كوبا و سەمایەكی ترادیشیونی، پرۆژەكانی ئەم گرووپە هەموو مێژووی سەمای كوبا لەخۆ دەگرێت و لەسەر شانۆی Mella نمایشەكانیان پێشكەش دەكەن. یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئەم گرووپە ئەوەیە كە زۆر سەركەوتووانە دەتوانن بینەران تێكەڵاوی خۆیان بكەن و لە كۆتایی هەموو نمایشێكیاندا بینەر و سەمازانەكان پێكەوە سەما دەكەن.

(١٧) لەمانگی مارتی ساڵی ٢٠٠٣دا، لەسەرەتای هێرشەكانی ئەمەریكا بۆ سەر عیراق، هێزەكانی ئاسایش و سەربازی فیدل كاسترۆ، لە كاتێكدا كە هەموو میدیای جیهانی سەرقاڵی جەنگی ئەمەریكا/ عیراق بوون، هەڵدەكوتنە سەر هەموو ئەو كەسانەی كە بەشێوەیەكی جیاواز بیردەكەنەوە. دەست بەسەر كامێرا، ئامێری نووسین، كۆمپیووتەر، ئامێری كۆپی كردن و ڕەشنووسی نووسینەكانیاندا دەگرن، بە تاوانی ڕێگەگرتن لە مەترسییە ترسناكەكان بۆ سەر شۆڕش و كوبا بەندیان دەكەن.

(١٨) بەر لە ساڵێك ئەم ئافرەتە سپی پۆشانە خەڵاتی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ مافەكانی مرۆڤ وەردەگرن، بەڵام هیچ كامێكیان تائێستا نەیانتوانیوە بگەنە شاری ستراسبۆری بۆ وەرگرتنی خەڵاتەكەیان. هەموو سەفەركردنێكی دەرەوە بۆ خەڵكی كوبا قەدەغەیە و كوبا بۆ دانیشتوانی ئەم وڵاتە وەك بەندیخانەیەكی گەورە وایە.

# ئاستەنگەكانی شانۆی كوردی لە كەركووكدا

«دوای پرۆسەی ئازادی بە نموونە»

ئەگەر سەرلەبەری مێژووی شانۆی كوردی لە كەركووكدا ئەو چەند لاپەڕەیە بێت كە برای نووسەر «سمكۆ بەهرۆز – ئەژی» لە بەشی پێنجەمی كتێبی «مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیرییەكانی ناوچەی كەركووك» دا باسی لێوە كردووە و هەر لە سەرەتاشەوە جەخت دەكاتەوە كە : «مێژووی شانۆ لە شاری كەركووك تاكو ئەمڕۆ بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە و نازانرێت یەكەمین شانۆگەری لە چ ڕۆژ و ساڵێكدا پێشكەش كراوە...» لێرەوە دەكرێت بڵێین بەشی زۆری ئەو شانۆییانەش كە لە ساڵەكانی حەفتاكاندا نمایش كراون، دەرهاوێشتەی بارە سیاسییەكە بوون، وەک دەرهاوێشتەیەک بۆ وەڵامدانەوەی هەستی نەتەوایەتی و بەرگری، بۆیە دەبینین تەواوی ئەو دەقانەی لەو مێژووە زیاتر لە هەشتا ساڵییەدا نمایش كراون، كەمێكیان نەبێت، دەقی خۆماڵی بوون لە شێوەی درامای «تەمسیلی»دا نووسراون و نمایش كراون، نەک دەقگەلێک بن بنیادنراو لەسەر تەكنیكی هونەری و بە پێی ژانرەكانی شانۆ و قوتابخانەكانی دەرهێنان نمایش كرابن و دەرهێنرابن. قسەكەم لەسەر ئەوە نییە كە باس لەو مێژووە بكەم، بە قەدەر ئەوەی دەخوازم، بەهۆی گۆڕانی تەواوی هەلومەرجە سیاسییەكەوە، كە سمكۆ بەهرۆز بە هۆكاری سەرەكیی دەزانێت بۆ گەشە نەسەندنی شانۆی كوردی بەتایبەتی لە ڕۆژی یەكەمی دەستبەكاربوونی حكومەتی بەعسەوە باس لەو ئاستەنگانە بكەم بەتایبەتی كە دوای ئازادبوونی كەركووک بوونەتە هۆكاری مانەوەی ڕەوتی شانۆی كوردی

**عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**
**(كەركووک)**

وەک خۆی و چەقبەستنی بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو، بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین ئەو مێژووەی باس کراوە، ساڵانێکی زێڕینی بەخۆوە بینیوە و ئێستا هیچ جووڵەیەک بەدی ناکەین بە هەنگاوە بەراییەکانی دەستپێکی دابنێین بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی هونەری، بەدەر لەو مۆرکەی لە کەرکوکدا لە خۆی گرتووە، واتە شانۆیەک لەسەر فۆرمی درامای تەمسیلی کە ساڵانێکی دوور و درێژ لەسەر شانۆی قوتابخانەکاندا و لە بۆنەکاندا پێشکەش دەکرێن لە ئێستادا گرنگترین کێشەکانی دروست نەبوون، یان گەشە نەسەندنی دوای هەبوونی چەند ئەزموونێک بگەڕێنینەوە بۆ چەند خاڵێک و قسەیان لەسەر بکەین.

**یەکەم:** ئەگەر لە ساڵی ١٩٦٣ شانۆییەکانی «تاجر البندقیە»ی شکسپیر و لە ساڵی ١٩٦٥ «پردی ئارتا» و چەندین شانۆیی دیکەی جیهانی و شانۆنووسانی عەرەب نمایش کرابن، بەڵام دواتر لە حەفتاکان و هەشتاکاندا بەرەو کزی چووبێت، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات لایەنە سیاسییەکە یەکێک بووە لە کێشە سەرەکییەکان، بەڵام ئایا لە دوای ئازاد بوونی کەرکووک دەکرێت بە هەمان شێوە باری سیاسی بکەینە یەک لە کێشە سەرەکییەکان؟ بێ گومان وەڵامەکە دوو ئاراستەی هەیە، دەکرێت بڵێین ناسەقامگیری باری سیاسی کە دەرهاویشتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دواجار سایکۆلۆژی لێکەوتۆتەوە، کاریگەری هەیە لەسەر کۆی ئەو ڕەگەزە هونەری و تەکنیکییانەی شانۆیان لەسەر دادەمەزرێت، کە بەداخەوە لەم هەلومەرجانەدا هێندەی بنەماکانی بەهێزکردنی لایەنە سیاسییەکە و دواتر لایەنی سەربازی و بەرگریکار لەو سیاسەتە پتەو دەکرێت و دەکرێنە کاری لەپێشینە، هێندە شانۆ و تەنانەت ئەدەب و ڕۆشنبیریش بەگشتی ناچنە ئەو بازنەیەوە... لێرەوە دەکرێت بڵێین باری سیاسی لە ئێستاشدا وەک ساڵانی پێشوو، نەک بە ئاراستەی ترس و قەدەغە کردنی نمایشی شانۆییە سیاسییەکان بە تایبەتی، هەر کاریگەری ماوە، بەتایبەتی کە لەلایەکی ترەوە بەهۆی دەستێوەردانە حیزبییەکانەوە شانۆش لەگەڵ تیپە شانۆییەکاندا کران بە دوو کەرتەوە... ئەم دوو کەرتییە لە جەستەی شانۆدا وای کردووە زەمینەیەک نەڕەخسێت بۆ دووبارە بووژاندنەوەی ئەم هونەرە لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی.

لەلایەکی ترەوە هەر لایەنە سیاسییەکەیە وای کردووە دەرهاویشتەکانی بگاتە سەر لایەنی ئابووری، بەتایبەتی ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دابینکردنی ژیان ببێتە خەمی سەرەکی خەڵکی بەگشتی، لەم نێوەندەشدا هەم هونەرمەندی شانۆکار، ئەکتەر و تەکنیکییەکانیش، نەپەرژێنە سەر شانۆ، هەروەها جەماوەری شانۆش کە بنەمایەکی سەرەکی گەشەسەندنی شانۆیە، کەم ببنەوە.

**دووەم:** هۆکارێکی تری گەشە نەسەندنی شانۆی کوردی لە دوای ئازاد بوونەوە، کۆچ کردنی هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون و ئەکادیمییە کە ئەوان دەبوو ببنە بنەمای دامەزراندنی شانۆی کوردی، کە بە داخەوە ئەو هونەرمەندانە تەنانەت دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی و ئەزموونی نوێ لە شانۆی جیهانیشدا نەگەڕانەوە، یان بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسا و نەڕەخسێنرا بگەڕێنەوە کەرکووک و ئەزموونەکانیان بگەێننە نەوەی نوێ، ئەو ناوانە دیارن و تا ئەم ساتەش کاریگەرییان هەیە بەسەر شانۆی کوردییەوە بەگشتی، بەم هۆیەوە و زیاتریش بەو هۆیەی کە لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا شانۆدۆستان و شانۆکارانی کەرکووک پەیمانگەیەک، ئەکادیمیایەک، کۆلێژێکی هونەرە جوانەکانی تێدانەبووە کە نەوەی نوێی تێدا لەسەر بنەمایەکی زانستی پێ بگات، ئەزموونی شانۆیی لەم شارەدا بە فۆرمی «ئارەزوومەندی» مایەوە و ئەو تیپانەش کە دامەزران، وێڕای ئەوەی تیپی تایبەتی حیزبەکانن ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، نەتوانرا بە دەقی هونەری و دەقی جیهانی بەتایبەتی ئەزموونیان بەهێز بکرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی نەقوتابخانەیەکی شانۆیی لە قوتابخانە جیهانییەکان ئەزموونیان لەسەر کرا و نەڕەخنەی شانۆییش مێژوویەکی زانستی تۆمار کردووە و هەیە، تاکو بەم کۆمەڵە ڕەگەزە دەروازەیەک لەسەر گەشەدان بە شانۆ لە تەواوی کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی نییە و کوردان ئەوکات تەنیا دەیانتوانی پەیمانگە تەواو بکەن و چەندان کەسی لێهاتوو بەهۆی بە بەعسی نەبوونیان نەیانتوانی بچنە ئامۆژگا و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەڵام لە هەولێر و سلێمانی ئەم هونەرە وێڕای هەموو کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بە جۆرێک لە جۆرەکان درێژەی هەبوو، کە لە هەردوو شارەکەدا هونەرمەندانی کەرکووک ڕۆڵیان لەو بەزیندوو ڕاگرتنەدا

هەبووە، بەڵام هەلومەرجە سیاسی و ئابوورییەکە بەتایبەتی و دواتر جەنگە یەک لە دوای یەکەکان و ئابڵووقە خستنە سەر کەرکووک لە هەموو ڕوویەکەوە، وای کرد کەمترین کەسی ئەکادیمی لەم شارەدا بۆ شانۆ بێتە بەرهەم، تیپە شانۆییەکانیش بەرەو پووکانەوە بچن، دوای ئەوەی لە سالانێکدا توانیان چەندین بەرهەم پێشکەش بکەن کە بۆ کاتی خۆیان بە پێی هەلومەرجەکە و تواناکانی بەردەست داهێنان بوون، بەڵام دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە کەرکووک و دواتر کرانەوەی دەروازە بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵاتر لە شانۆدا هیوایەکە بەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکات، ئەگەر هۆکار و کێشەکانی تریش چارەسەر بکرێن.

**سێیەم:** سەرهەڵدانی T.V و سینەما و دواتریش کەناڵە ئاسمانییەکان و ئەنتەرنێت نەک هەر لە کەرکووک، بەڵکو لە جیهاندا بوونە هۆی کەم بوونەوەی جەماوەری شانۆ، ئەم حاڵەتە لەسەر کوردستان کاریگەری زیاتری هەبوو، چونکە شانۆی کوردی بەردەوام کەمترین جەماوەری هەبووە... ئەگەر پێشتر باری سیاسی و ئابووری هۆکار بووبن بۆ لاوازی شانۆی کوردی، ئەوە لە کەرکووکدا بە گشتی دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکان و تەکنۆلۆژییەکان لەم چوار ساڵی ڕابردووەدا لە کەرکووک ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر مانەوەی شانۆ لە فۆرمەکەی خۆیدا هەبووە، بە تایبەتی کە خەڵکی کەرکووک پێشتر سەتەلایتیان لێ قەدەغە کرابوو، بۆیە ئەم ئامێرە بە شێوەیەکی کاریگەر چووە ماڵەکانەوە و بووە یەک لەو هۆکارانەی کە خەڵکی نەبنە جەماوەری شانۆ، بەنەبوونی جەماوەریش، شانۆ یەک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی لە دەست دەدات، بە تایبەتی کە خودی شانۆکاران پێویستیان بەوە هەیە خەڵکی هاوکار و بەشداری نواندنەکانیان بن.

**چوارەم:** نەبوون، یان کەمی هاوکاری مادی و مەعنەوی بۆ شانۆ لە کەرکووکدا یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان، تەنانەت بۆ ئەو تیپ و شانۆکارانەش کە سەر بە حیزبەکانن و بۆ بۆنەکانیش وەک پێویست هاوکاری ناکرێن، هاوکاری وەک ئەوەی تیپەکان پۆشتە بکرێن، بواریان بۆ بڕەخسێنرێت بە کەرەستەی پێویستەوە کاربکەن، شانۆیان بۆ ڕێک بخرێت، دەزگاکانی ڕاگەیاندن تیشک بخەنە سەر کار و چالاکییەکانیان، ئاستەنگەکانیان بۆ لابرێت، ژیانیان دابین بکرێت، پەلە بکرێت بۆ پێگەیاندنی کەسانی ئەکادیمی، لە پرۆسەی خوێندندا لە قۆناغە جیاجیاکاندا بایەخ بەم هونەرە بدرێت، تیپێکی میللی و هونەری دامەزرێنرێت و ئەم جەستە دووکەرت کراوە یەکپارچە بکرێتەوە، حیزب و حکومەت وەک سیاسەت و ئابووری بایەخ بە شانۆش بدەن و کێشەکان کە لایەنی ئەوان دەگرێتەوە، چارەسەر بکرێن.

**پێنجەم:** یەک لە کێشە گرنگەکان لەوەدایە کە دەرچووی پەیمانگا، یان ئەکادیمیا دوای دەرچوونی ئیدی بە ئالۆزییەکانی ژیانی سیاسی، یان ئیدارییەوە تێوە دەگلێ و جارێکی تر بواری ئەوەی بۆ ناڕەخسێت زانست و تیۆرە هونەرییەکان لە بواری کرداریدا بەرجەستە بکات، جارێکی تر ناتوانێت لە دەرەوەی ئەم وڵاتە بە ئەزموونە جیهانییەکان بگات و کەسێتی هونەری خۆی پێ بەهێز بکات، بەڵکو بەهۆی بێ بایەخی ئەم هونەرە لەلای حکومەت و دەسەڵاتەوە، ئەم ئەکادیمیانە بە فەرمان و ئەرکی لاوەکی هونەرەکەیان بە مەرگ دەگەیەنرێت.

بەو هۆیەی زەمینەیەک نەڕەخساوە زۆربەی ئەکادیمییەکان یەک بخات و کار بۆ هونەرەکەیان بکەن، بەڵکو بە مامۆستاکردنیان، یان بە فەرمانبەرکردنیان تێکەڵ بوونیان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەواو بواری بەخشین و خزمەتی شانۆیان لێ بەرتەسک دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی تا ئەم ساتەش شانۆییەکان لەسەر هۆڵی قوتابخانەکان نمایش دەکرێن کە خۆی بۆ ئاهەنگی قوتابخانەکان کراوە نەک بۆ شانۆ کە تەکنیکی هونەری خۆی هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین شانۆی کوردی لە کەرکووک هەوڵێکی دیکەی دڵسۆزانە و زانستییانەی دەوێت بۆ دووبارە بنیادنانەوەی، هەوڵێکی هاوبەش لەنێوان شانۆکاران و بەرپرسان و جەماوەرەکەی.

ئەوانەی باس کران گرنگترینی ئەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە و هەیە بۆ سەر لاوازبوونی شانۆی کوردی لە کەرکووک کە بەڕاستی هەر یەک لەو هۆکارانە دەرهاویشتەی خۆیان هەیە و دەرهاویشتەکانیش دەرەنجامی هۆکارەکان زیاتر دەچەسپێنن کە لاوازبوونی شانۆیە لەم شارەدا.

دەکرێت لە ڕوانگەی واقیعەوە ئاماژە بەچەند ڕێگە چارەیەک بدەین کە ڕەنگە لە هەندێ باردا گران بن، بەڵام

خۆ لەوە گرانتر نین کە کورد تەنانەت لە گەرمەی شۆڕشیشدا لایەنی ئەدەب و هونەری فەرامۆش نەکردووە و لە سایەی ترس و ئەگەری هێرشی فڕۆکەشدا شانۆی بۆ کوێرە دێیەک نمایش کراوە.

(١) یەکەم: ڕاستە باری ئاسایشی کەرکووک ناهەموارە و هەلومەرجی سیاسی شارەکە و ئاییندە و چارەنووسی بۆتە گرێ کوێرەیەک کە کاریگەری تەنانەت لەسەر باری دەروونیش داناوە، بەڵام ئایا دەکرێت ئەم حاڵەتە وامان لێ بکات هونەرێکی گرنگ و پێویست بەرەو مەرگ بەرین؟ کەواتە یەکەمین چارەسەر ئەوەیە کە تەواوی هونەرمەندانی شانۆکار لە تیپێکی نیشتیماندا یەک بگرن، بۆ ئەوەی هەمـــوو توانایی دارایی و هونەرییەکان یەک بخرێت و بتوانین لە پلەی یەکەمدا بەسەر هەندێک لەو گرفتانەدا سەرکەوین کە ئەسڵەن پەرتەوازەییەکە بۆ خۆی، هۆکارێکی هاوکار و هاندەرە بۆ مانەوەی گرفتەکان بەبێ چارەسەر. دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی نیشتیمانی لەگەڵ ئەوەدا کە هەوڵ و توانا هونەرییەکان یەک دەخات، هاوکات دەبێتە دەروازەیەک بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەری زۆرێک لە هۆکارەکانی تر. بۆ نموونە ئێـمە باسـمان لەوە کرد کە زۆرینەی هونەرمەندە بە ئەزموونەکانمان لە دەرەوەی کەرکووکن «سلێمانی – هەولێر... هەندەران»، ئاخر ئێمە گلەیی چی لەو هونەرمەندانە بکەین کە ئەزموونەکانیان، پێمان وایە خزمەت بە نەوەی نوێی شانۆی کوردی ناکات، لە کاتێکدا ئێمە نە خاوەن تیپێکی هونەری یەکپارچەین کە ئەو هونەرمەندانە بێن و لە هۆڵەکانیاندا موحازەرە و لەسەر تەختەی شانۆکەی ئەزموونەکانیان بکەنە وانە.. جیهاد دڵپاک و عەلی کەریم و د. فازڵ جاف بێن لە کوێ ئەزموونەکانی خۆیانمان بۆ باس بکەن؟ ڕاستە شانۆ ئەمڕۆ لە چەندین قوتابخانەدا باس لە گوزەراندنی ئەو دیوارانە دەکات، بەڵام ئێمە ماومانە بگەینە ئەو قۆناغانە، چونکە ئەکتەری ئێمە هێشتا کارامە نین لە ئەدای نواندندا و هێشتا مەشقەکانی جەستە و بایۆمیکانیک لای هونەرمەندی ئێمە، بە تایبەتی ئەوانەی دەخوازێت کە پسپۆڕێکی وەک «د.فازڵ جاف» بێت و لە شانۆیەکی نیشتیمانیدا ئەو مەشق و ڕاهێنانە بە کرداری بە ئەکتەرەکانی ئەم تیپە نیشتیمانییە بڵێتەوە و زەمینەی لەباری بۆ برەخسێنرێت. کەواتە ئێمە دەتوانین بە دامەزراندنی تیپێکی نیشتیمانی زۆرێک لە کێشەکانمان چارەسەربکەین و ڕۆحیەتێک بکەین بەبەر شانۆکارانماندا کە بتوانن بەسەر باری ئەمنی و ئابووری و تەنانەت دەروونیشدا زاڵ بن. لە لایەکی ترەوە نەبوونی تیپێکی نیشتیمانی بۆخۆی دەبێتە هۆی نەگۆڕینەوەی ئەزموونەکان لەنێو هونەرمەندان خۆیاندا، دەکرێت بپرسین ئەو تیپە شانۆییانەی کە هەن توانیویانە کتێبخانەی پێویست بە خۆیان دابنێن، توانیویانە هەفتانە، مانگانە شانۆکاران کۆبکەنەوە و لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە گوێ بدەنە وانەی تایبەت بە هونەری ئەدا و تەکنیکی شانۆیی و تاد.

(٢) وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ئاستی ئەم هونەرەدا لە شاری کەرکووک بێ گومان هەم کەمتەرخەمی زۆری هەبووە و هاوکاتیش دەتوانێت ڕۆڵی گەورە ببینێت، دیارە مەبەستم وەزارەتی ڕۆشنبیری بەغدا نییە کە پێم وایە هەرگیز ئەوەی لە بەرنامەدا نەبووبێت، چارەسەری گرفتەکانی شانۆ بکات بە گشتی، چ جای شانۆی کوردی، بەڵکو مەبەستم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانە کە بە درێژایی پازدە ساڵی ڕابردوو، بەتایبەتی لەم چوار ساڵەی دوای ئازادبوونی کەرکووک کاری جیدی ئەم شارە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.. تاد بەردەوام گلەییان لە هەرێمی کوردستانە کە تەنیا بە دروشم مامەڵە لەتەک کوردستانی بوونی کەرکووکدا دەکات و بە کەمترین شێوازی کرداری دەستی هاوکاری و خزمەت بە دی دەکەن، دیارە ناڵێم هیچ نەکراوە، لە نزیکەوە ئاگادارم کە هاوکاری باش بۆ بواری تەندروستی و پەروەردە بە تایبەتی کراوە، بەڵام تەواوی هاوکارییەکان ڕێژەیین و بە پێی پێویستییەکانی خەڵکی ئەم شارە نین، تا ئەم ساتە ڕۆشنبیرانی کەرکووک لەلایەن ڕێکخراوێکەوە بۆ کۆڕ و سیمینار و لە چاپدانی کتێب بە لاوازی هاوکاری دەکرێن و لە زۆر باردا دەبێ ئەرکە داراییەکان لەسەرخۆیان بێت. کەواتە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەتوانێت ڕۆڵ لە بووژاندنەوەی شانۆی کوردی لە کەرکووکدا بگێڕێت، نازانم تیپە هونەرییەکان و شانۆکاران تا چ ڕادەیەک سەردانی وەزارەتیان کردووە و گرفتەکان و ڕێگە چارەکانیان بە بەرپرسان گەیاندووە، ئەگەر ئەمە نەکراوە، پێویستە بکرێت و بە هەوڵێکی یەکگرتووانەش ئەم کارە بکرێت.

ئەم دوو خاڵەی باسمان کردن دەکرێت بەشێکی زۆری کێشەکانی شانۆی کوردی لە کەرکووک چارەسەر بکات...

(٣) ئەگەر بڕوانین ئێمە نەک هەر لە کەرکووک، بەڵکو لە کوردستاندا بەگشتی کەمترین کتێبمان هەیە لەسەر لێکۆڵینەوەی شانۆیی و قوتابخانە هونەرییەکانی نواندن و دەرهێنان، ئەمەش وای کردووە ئەکتەری نا ئەکادیمی تەنیا پشت بە ئەزموونی خۆی و ئەکتەرانی دەوروبەری ببەستێت، تەنانەت بەشی زۆری ئەو دەرهێنەرانەی ئەرکی دەرهێنانی شانۆییە خۆماڵییە لۆکاڵییەکانیش لە ئەستۆ دەگرن، ڕەنگە وەک پێویست مامەڵە بە تیۆر و پرەنسیپەکانی هونەری دەرهێنان نەکەن و زیاتر پشت بە سەرنجەکانی نووسەر لە دەقەکەدا ببەستن، دیارە وێڕای نەبوونی سەرچاوە لەسەر هونەری شانۆ و ڕەگەزەکانی بە گشتی، کەمترین دەقی جیهانیش بە دەرهێنانی هونەرییەوە لەم شارەدا پێشکەش کراون، یان هەر نەکراوە، ڕەنگە هەندێک لە شانۆکاران چووبنە سلێمانی و هەولێر بۆ بینینی چەند دەقێکی جیهانی، بەڵام ئەوە، وەک پێویست نەبووە و نابێتە ئەزموون، بەڵکو تەنیا چێژێکی هونەری لێوەردەگیرێت.

لەم خاڵەشدا دیسان ڕۆڵی حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری دێتە ئاراوە، کە دەتوانن بە شێوازێک لە شێوازەکان هەوڵی زیاترکردنی ئەو سەرچاوانە بدەن، وەرگێڕانەکانیش هاوکات ڕۆڵیان هەیە، کە زۆربەیان سەرگەرمی وەرگێڕانی بابەتی سیاسی و فیکری و ئەدەبین و کەمترین بایەخ بە شانۆ دەدەن، تەنانەت لە پرۆسەی وەرگێڕانیشدا کەمتەرخەمی کراوە.

بە جێبەجێکردنی ئەو سێ خاڵە، دەتوانین زەمینەیەک بۆ دەستپێکێکی ئەکادیمی و زانستیانەی شانۆ دەستەبەر بکەین، کە سوودی زۆری دەبێت بۆ زووتر بەرەو پێشچوونی شانۆی کوردی تەنانەت لەم هەلومەرجە ناهەموارەشدا.

**تێبینی:**

دوای تەواوکردنی ئەم بابەتە بە چەند ڕۆژێک ، لە ٢٠٠٧/٦/٢٠ دا کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بە هاوکاری وەرازەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان فیستیڤاڵێکی شانۆیی بە ناوی «تەبایی و برایەتی» وە پێشکەش بە جەماوەری شانۆی کوردی لە شاری کەرکووک کرد. لەو فیستیڤاڵەدا شەش تیپی شانۆیی بەشەش شانۆیی بەشداریبوون..

بە چاوپۆشین لە ئاستی شانۆکان لە ڕووی دەق و دەرهێنان و ئەدای ئەکتەرەکان و دواتریش کارە هونەرییە تەکنیکییەکان کە لە کەموکورتی بەدەرنەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەز و ئارەزووی بینینی نمایشی شانۆییان لای جەماوەر بووژاندەوە و هەنگاوێکی پێویست و گرنگیش بوو بۆ شکاندنی کۆت و بەندەکان و زاڵبوون بەسەر هەندێک لەو لەمپەرە سیاسی و ئەمنییەی لەم باسەدا وەک هۆکاری لاوازی شانۆ باس کراون، دەقەکان لە دەقەوە تا بەنمایش کۆمەڵێک پرسیاریان ورووژاند و جێی ڕەزامەندی بینەران و هەندێک لە گەورە هونەرمەندانی بواری شانۆی کوردیش بوو بە گشتی. ئەوەی مایەی سەرنج بوو ئەو جەماوەرە زۆرە بوو کە بە تامەزرۆییەوە ئامادەی نمایشەکان بوون، کە ڕێژەیەکی بەرچاو و دڵخۆشکەر و هاندەرە بۆ برەودان بە هونەری شانۆ لەم شارەدا، هاوکات دوابەدوای فیستیڤاڵەکەش تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووک گۆڤارێکی تایبەتییان بە شانۆ بەناوی شانۆکارەوە دەرکرد کە ئەوەش هەنگاوێکی ترە و هیواداریین هەوڵەکان چڕتر بکرێنەوە بۆ بنیادنانەوەی شانۆی کوردی و پەرەپێدانی زیاتری.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

**ئەحمەد دلزار**

ئەحمەد دلزاری شاعیر ناوی تەواوی (ئەحمەد مستەفا محەمەد مستەفا)یە و بە (ئەحمەد دلزار) ناسراوە، ئێوارەی ڕۆژی (٨)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٠) لە کۆیە لە گەڕەکی (هەواوان) هاتووەتە دنیاوە. سەرەتا لە (سوختەخانە) لای (مەلا) خوێندوویەتی، دوایی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیشی هەر لە کۆیە خوێندووە، پاش ئەوە براوەتە (سەربازی) و کاتێکیش خزمەتی سەربازی تەواوکردووە، ساڵی (١٩٤٦) پێوەندی بە پارتی (کۆمۆنیست) واتە حیزبی (شیوعی عیراق)ەوە کردووە، پاش ماوەیەک ئەو پارتە کاک دلزاریان بۆ (مۆسکۆ) بە مەبەستی خوێندن ناردووە، لەوێ لە تەک (٢٣) نێردراوی ئەو پارتە لە خولێکی (مێژوو)دا بەشداری کردووە و بەیەکەم دەرچووە، کاتێ گەڕاوەتەوە، لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، لە گوندی (دەرگەڵە) داوایان لێکردووە، وانەی مێژوو بە کادیرانی ئەو حیزبە بڵێتەوە، کە چەندین مامۆستاو چوار پارێزەر و دوو ئەندازیاری تێدا بەشدار بووە، هەندێ لەوانە خەڵکی شارەکانی خوارووی عیراق و دوویان خەڵکی وڵاتی (حیجاز) بوونە، مامۆستا دلزار بۆی گێڕاینەوە و گوتی: ئەو بەشداربووانە هەموویان لە وانە گوتنەوەکەم ڕازی بوون، دیارە ئەو ماوەیە پارتیمان لەگەڵ (پارتی بەعس)دا هاوپەیمانییەتی گرێدابوو، ئەوەبوو ئەم جارەیان منیان بۆ (بولگاریا) نارد، لە خولی ئەم جارەدا بڕوانامەی (دبلۆم)یان لە مێژوو پێدام، ئەو کاتە هێشتا لە گەڵ بەعسییەکان نێوانمان تێک نەچووبوو.



**ئەحمەد دلّزار**

لێم پرسی: دەربارەی مێژووی ناوچەی کۆیە چیت لا یە؟

گوتی: کاتێک موسوڵمانەکان لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب)دا، هاتوونەتە سەر ناوچەی کۆیە، خەڵکی ناوچەکە بەرگرییەکی زۆر بەهێزیان لەخۆیان و ناوچەکەیان کردووە، لە دۆڵی (سماقووڵی)شدا، کە ئەمڕۆ بە دۆڵی (ئەسحابان) ناونراوە(١)، دیسان بەرگرییەکی بەهێز لەخۆیان و ناوچەکەیان دەکەن، هەڵبەتە ئەوکاتە خەڵکەکە لەسەر ئایینی دیکە بوونە، جارێ نەیانزانیوە (ئیسلام) مانای چییە! مامۆستا دلّزار لە قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: لە بیرمە کاتی خۆی لە دەوری کۆیە یەک دوو گرد هەبوون، (سەلکی کافریان) پێ دەگوتن، هەرکەس لەلایان ڕەت بوایە (فەرز) بوو، دەبوایە چەند بەردێکیان پێدا بدات، کەچی لە ڕاستیدا ئەوانە باپیرانی ئێمە بوونە و بەرگرییان لە خاک و شار و ژیانی خۆیان کردووە، بۆیە وا بە توندی بەرەنگاری ئەو کەسە غەریبانە بوونەتەوە. هەندێ بابەتیش هەر دەربارەی کۆیە لە کتێبەکانی مێژوودا نووسراون، بۆ نموونە نووسراوە کە کۆیە شارێکی زۆر کۆنە، لە دێرزەماندا لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر وەک شار هەر کەرکووک و کۆیە هەبوونە، سلێمانی ساڵی (١٧٨٤) بنیاد نراوە، واتە تەمەنی دووسەد و شتێک ساڵە!

گوتم: مامۆستا ئەی ئەو میرنشینانەی وەک (بابان) و (جاف) و ئەوانە چ شوێنێک پایتەختیان بووە؟

گوتی: بابانەکان پایتەختیان (قەڵاچوالان) بووە، دواجار لە سلێمانی لە (کانێسکان) یەکەم جار چەند خانوویەکیان بنیاد ناوە. دواتر دلّزار گوتی: کۆیە ماوەیەک کەوتووەتە ژێر فەرمانڕەوایی (بابان) و ماوەیەکیش سەر بە (سوڵتانی عوسمانی) بووە، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەشدا، کۆیە ئیمارەتێکی سەربەخۆ بووە! لە ساڵی (١٧٥١)ی زایین، بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی والی بەغدا (سولەیمان بەگی گەورە) هێرش کراوەتە سەر (عوسمان پاشای) میری کۆیە، هەفتەیەک زیاتر بەرگرییان لەخۆیان کردووە، کوشتاری زۆریان لە هێرش هێنەران کردووە، بەڵام ئەوان هێزی زیاتریان بە هیمداد بۆ هاتووە و دواجار بەرگریکاران لە چیای (ئاوەگرد)ی دۆڵی سماقووڵی خۆیان حەشار داوە و بەرگرییان کردووە، بەڵام دواجار لەبەر زۆری ژمارەی هێرش هێنەران لە لایەک و چواردەوریشیان گیراوە لەلایەکی دی، عوسمان پاشای میری کۆیە و حەوت کەسیش لە هاوەڵانی دەکەونە دەست دوژمنان و وەک پیشەی هەمیشەیی دوژمنان یەک لە دوای یەک سەریان دەبڕن و سەرەکانیان بە دیاری بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنێرن، ئینجا دلّزار گوتی: من ناوەکانیشیانم لە لابوو (مەبەستی ناوی ئەو پۆلە شەهیدە بوو)، دیارە ئەوانە کوڕی عوسمان پاشای میری کۆیە و ئامۆزای و کێ و کێ بوونە، لەو ڕۆژە شوومەدا ئیمارەتی کۆیە دەکەوێت. پاش ئەو کارەساتە کۆیە هاوکاری ئیمارەتی (سۆران) دەکات. ساڵی (١٨٣١)، یان (١٨٣٢) لە کۆیە نەخۆشی (ڕشانەوە - تاعوون) بڵاودەبێتەوە، لە هەموو شاری کۆیە تەنیا (٦) ماڵ دەمێننەوە، ئەوانی دی، یان مردوون، یان لە ترسی مردن بۆ شوێنی دی هەڵاتوون، جا ئەو سامانە هەمووی کەوتووەتە دەست (حاجی بەکر ئاغای قاسید) کە دەکاتە باوکی (ئەختەر)ی شاعیر، دیارە ئەو پیاوە مەلا و شاعیرێکی باش بووە، کاک دلّزار بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و گوتی: لە مەسعوودی مەلای گەورەم بیستووە، کە ئەو (قاسید)ە، وەک شاعیر لە ئاستی (حافزی شیرازی)دا بووە، (تەخمیس)ی شیعری ئەو شاعیرەشی کردووە، پاشای ئیمارەتی سۆران (پاشای گەورەی ڕواندزێ) ڕێزی زۆری گرتووە، لەوە ترساوە ڕۆژێ لە ڕۆژان جێگەی ئەو بگرێتەوە، هەتا هەوڵی کوشتنیشی داوە، بەڵام بێ سوود بووە. جا ئەو کاتانەی کۆیە ئیمارەت بووە، وەک ئیمارەتەکانی دیکە شوورەی بە چواردەوری شاردا سووڕاوەتەوە، شاری (ئامێدی)ش شوورەی هەبووە، چونکە پاشایەک حوکمی

کردووە، بەڵام هەندێ شوێن بۆ نموونە (هەولێر) پاشای نەبووە، بیرم ماوە پاشماوەی دیواری شوورەکەی کۆیە نیوەمەترێک بەرز و لە گێچ و بەرد دروستکرابوو، شوورەکە زیاد لە دەرگایەکی تێدا بووە، بۆ نموونە: دەرکی گەرەوێ، دەرکی خۆشناوان، دەرکەی خوارووی، جێی (خانی ئۆمەری) لە شوێنی قوتابخانەی (کویسنجق - ئوولا)ی ئەمڕۆدا بووە.

لە زۆر کتێبی مێژوویی دیکەدا کاتێک دەیخوێنیتەوە، دەزانی ئەمە باسی کۆیەیە، بەڵام ناوی (کۆیە) نەهاتووە، بۆ نموونە باسی ئەو مۆسیقارەی کە بەر لە (٦٠٠) ساڵ، یان زیاتر لە کۆیە کتێبی لەسەر موزیک داناوە: مەبەست لە (عومەری خدری کوردی)یە، کە عەرەبەکان بە هۆی پایەی بەرزی هونەری نازناوی (جەمال مەشریقی)یان بۆ داناوە.

گوتم: مامۆستا گیان بەڕای ئێوە (ئەمین ئاغای ئەختەر) لە کۆیە چ ڕۆڵێکی بینیوە؟ گوتی: شارەزاییەکی زۆری لە مەقامە کوردییەکاندا هەبووە، ئەو کاتە لە هەموو کەس شارەزاتر بووە، جگە لەوە هەندێ شیعری جوانی هەبووە، بۆ نموونە:

**دەخیلت بم لە عوشاقت مەرەنجە**
**دڵ و دینم فیدای ئەو لار و لەنجە**

یان:

**لەپاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن**

کاک ئازادی کوڕی کاک ئەحمەد دڵزار کە لەو دانیشتنەماندا ئامادەبوو، بگرە هەر ئەو بوو ئاسانکاری بۆ ئەو دانیشتنە کرد، شایانی باسکردنە کاک ئازادیش شاعیرێکی لێهاتووە، جا لێرانەدا گوتی: ئەمین ئاغای ئەختەر لەو سەردەمە کۆنە بای داوەتەوە سەر شیعری گۆرانی بۆ نموونە:

**لە باغان دەستم برد بۆ بەی**
**باغەوان گازی کرد نەیکەی**

هەروەها کاک ئازاد گوتی: بەڕای من (شلەوخانان) هی ئەختەر نییە، بگرە زۆر لەو سەردەمە کۆنترە!

ئینجا کاک دڵزار گوتی: ئەختەر ئەگەر بە (متصرف - پارێزگار)ی هەولێری بگوتبایە (فیسارە کەس) لادەن، چونکە غەدری لە خەڵک کردووە، گوێی لێ دەگیراو بە قسەیان دەکرد. گوتم: مامۆستا گیان ئەختەرت دیوە؟

گوتی: نەخێر بەڵام باوکم دیتبووی، باوکم بۆی باس کردووم کە ئەمین ئاغا زۆری خۆش ویستووە، (حاجی قادری کۆیی) زۆرجار لە دیوەخانی ئەختەر میوان بووە، کاتێکیش بۆ (ئەستەمبۆڵ)چووە، لە غوربەتدا ئەم قەسیدەیەی بۆ ئەختەر ناردووە کە تێیدا بە ئەختەر دەڵێ:

**ئەی موحەممەد وەی (ئەمینول دەولە) ئیمڕۆ کۆیی تۆ.**

لە کۆیە (حەماغا) بە (فەقیرخانە)کەی و بە هەژار ناندان و ئەمین ئاغای ئەختەری خاوەنی کاریش بە حوکم و دەسەڵات ناویان دەرکردووە.

گوتم: باوکت بۆی باس نەکردووی ئەختەر کەسایەتییەکی چۆن بووە؟ گوتی: دەڵێن زوو زوو تووڕە بووە، بەڵام زۆر ڕێزی دایکی گرتووە و قەت لە قسەی دەرنەچووە، دایکی کە هاواری کردووە: کاکەمین بۆ وادەکەی؟ ئەمین ئاغا گورج بێ دەنگ بووە، دایکی کچی (حاجی یاسین ئاغا) بووە، ئەو ژنە دیوەخانی تایبەت بەخۆی لە تەنیشت دیوەخانی مێردەکەی (حاجی بەکر ئاغای قاسید) هەبووە، هەرچی بۆ سەردانی دیوەخانی حاجی بەکر ئاغای قاسیدی مێردی چووە، دواتر سەری لە دیوەخانی ئەو ژنەش داوە، کە بە (ئۆبای) بانگیان کردووە، ئەو ژنە هەمیشە گیرفانی پڕی پارەی وردە بووە، هەژار نەبووە خێری پێ نەکردبێت، هەر ژنێکیش ئەو سەردەمە لە کۆیە بمردایە (کفن و دفن) و کاروباری ناشتنی لەسەر ئۆبای بووە، لە هەموو ژنەکانی حاجی بەکرئاغای قاسید کە ژمارەیان چوار ژن بووە، بە دەسەڵاتتر بووە، دواتر دڵزار گوتی: نەنکی من (نەنکە سوراحی) لەگەڵ (ئەمین ئاغای ئەختەر) لەو دایکەنە، لەلایەکی دی دایکی باوکم و دایکی مەلای گەورەی کۆیە (جەنابی مەلای) خوشک بوونە، بەڵام دایکیان جیا بووە، ئەو ڕەز و باخانەی ئەمڕۆ هەمانە، بۆ نموونە ڕەزی (شەمە) و (ئۆمەر خوچان) و (بەیاری ئۆمەر خوچان) هەمووی لەوانەوە بۆمان جێماوە.

مامۆستا ئەحمەد دڵزار بۆی باسکردین و گوتی: جارێکیان لە (سۆفیا)ی پایتەختی (بولگاریا) لە پڕ گوێم لە دەنگی (سێوە) بوو، بە شەوقەوە گوێم بۆ شل کرد، سەیرم کرد وشەکان بولگارین! هەر ڕێک مەقامی (ئارێ گورێ) بوو، دواتر گوتی: چونکە ئەو میللەتانە سالانێک لە ژێردەستی عوسمانیدا بوونە لێکیان وەرگرتووە.

گوتم: مامۆستا ئەمین ئاغای ئەختەر لەو سەردەمە کۆنانەی کۆیەدا توانیویەتی دەنگخۆشان لە دیوەخانەکەی خۆیدا کۆبکاتەوە و بێ سڵەمینەوە کەسانێکی وەک: نەشئەتی ڕەشید ئاغا و حاجییە گەورە و مەڕیێنی قەشە و زۆری تر کە لە مووسڵ و حەلەب و بەغدا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ دیوەخانەکەی هاتوون و بۆ ماوەی جیاجیا لەلای ماونەتەوە گۆرانییان گوتووە و کۆڕی گۆرانی و

غەزەل و مەقام گوتنیان ڕێک خستووە، بە ڕای ئێوە بۆچی ئەو سەردەمە گۆرانی و مەقام و غەزەل گوتن بۆ خاوەنەکانیان خەوش و نەنگی نەبووە؟

گوتی: بەڕای من گەورەیی و هونەرمەندی ئەختەر لەم کارەیدا دەردەکەوێت، کە توانیویەتی ئەو کەسایەتیانە کۆبکاتەوە و گۆرانیشی بۆ بڵێن، لەبیرمان نەچێت ئەوکاتە چونکە کۆیە کاروانسەرا بووە، خانێکی گەورەی هەبووە، تا ئەمڕۆش ماوەتەوە، ژێر زەمینی ئەو خانە گەورەیە (تەویلە)ی وڵاخ و نهۆمی دووەمیشی مسافرخانە، یان وەک ئوتێلی ئەمڕۆ بووە، خانی گەورەی کۆیە کە دەکەوێتە مەیدانی سەرێ (٤٠) ژووری تێدا بووە، کاسبکاران و دوکاندارانی کۆیە جاران بەیانیان بەر لەوەی بۆ سەر کارەکانیان بڕۆن، بۆ ئەو خانە گەورەیە چوونە، (فاتیحە)یەکیان خوێندووە، چایەکیان خواردووەتەوە ئینجا دوای ئەوە هەر کەسەو بەرەو کاری خۆی ڕۆیشتووە، دڵزار درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: من بیرمە (مەلا حەوێزئاغا) سەرپەرشتی ئەو خانەی دەکرد، کۆیە (ترانزێت – لەسەر ڕێگەی) کاروانی ئێران و تورکیادا بووە، باپیری (حەماغای کۆیە) لەو خانە گەورەیەدا دوکاندار بووە.

گوتم: مامۆستای بەڕێز لە سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی خۆت لە کۆیە وەک مەقام و گۆرانیبێژ چ کەسێکت وەبیرە؟

گوتی: حەنیلە خڕە ئەوە (١٩٢٥) یان دواتر، بەڵام بەو هۆیەی زۆر منداڵ بوومە، مەقام و گوتنەکانیم وەبیر نەماوە، دواتر بە گەورەیی زانیم ئەو کەسە هونەرمەند و ئوستادی مەقام بووە، ئەوان لە کاتی موو ڕستندا، لە ناو ڕەز و باخی ئێمەدا بۆ ئەوەی هەست بە ماندووبوون نەکەن، مەقام و گۆرانییان دەگوت، حەنیلە خڕە لەو موو ڕستنەدا کەسێکی دی بەناوی (شموون عەتار)ی لەگەڵدا بوو.

گوتم: مامۆستا دڵزار بەڕێزتان قەت لەگەڵ (سێوە)ی هونەرمەندی ناودار دانیشتوونە؟

گوتی: جارێکیان باکووری هونەرمەند لەگەڵ خۆیدا بۆ لای ئێمە بۆ ڕەزی شەمەی هێنا، سێوە دانیشت و گۆرانی بۆمان گوت، مانگی ڕەمەزانانیش لە چایخانەی (ڕەشاغای) کە لە خوار (خانی مام قادری یاسینی) بوو، لەوێ گۆرانی دەگوت، لە بیرمە هۆنراوەیەکی (دلّدار)ی جوانەمەرگی دەگوت کە دەڵێ:

**شایی و سەیرانە لە نێو ڕەزانە**
**بەهارە ئیمڕۆکە جەژنی عاشقانە**

جگە لەوە هەندێ جار هۆنراوەی (عەونی) دەگوت، کەچی (مەلا ئەسعەد) جارێک بۆ لای من هات و هۆنراوەی لێ وەرگرتم، بەڵام نەیتوانی لەبەری بکات.

گوتم: ژن لە کۆیە لە بواری مەقام و گۆرانیدا ڕۆڵی چی بووە؟

گوتی: لە کۆیە ژن هەبوون گۆرانییان لە (مەولوود)، یان بۆنەی وەک (شین و لاواندنەوە)دا دەگوت، بەڵام لە کۆیە ژنێک هەبوو لەم هونەرەدا لە هەر هەموو ئەوانی دی باڵادەستتر بوو، ئەویش (مێرەمێ میرانی) بوو، لە هەموویان وەستاتر و زاناتر بوو، هەرچی فۆلکلۆری کوردی هەیە لەبەری بوو.

**پەراوێز:**

**(١) دیارە بەرگریکاران دوای بەدەستەوەدانی شاری کۆیە و دەوروبەری بەرە و دۆڵی سماقوولی دەڕۆن، چونکە شوێنێکی شاخاوی و عاسێیە، لێرەش هێرش هێنەران دوایان دەکەون و شەڕێکی خوێناوی ڕوودەدات و لە هەردوولا کوشتاری زۆر دەکرێت، بۆیە ئەمڕۆ دۆڵەکە بە (دۆڵی ئەسحابان) ناونراوە، چونکە گۆڕەکانیانی لێیە.**

**(٢) ئەو مەقامە لەگەڵ بەستەی (نەمام نەمامە)، هونەرمەندی هەولێری نەمر (مشکۆ) زۆر بە شیرینی و دەنگێکی ساف و بێ گەرد و هونەرکار کاتی خۆی لە (مووسڵ) بە هاوکاری هونەرمەندی کەمانچەژەنی ئەو شارە (غانم یەحیا) تۆمار کراوە.**

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٣)ی ئاداری (٢٠٠٨) لە هەولێر لە ماڵی خۆیاندا کە دەکەوێتە گەڕەکی ڕووناکی بە ئامادەبوونی مامۆستا (ئازاد)ی کوڕی ئەحمەد دڵزاری شاعیر بە سوپاسەوە ئەنجام دراوە.**

# تێگەیشتن لە ڕووناکی سروشتی

جوانترین وێنە پشت بە ڕووناکی سروشتی دەبەستێ و لەگەڵی کوالەتییەکانی ڕووناکی، کوالەتییەکانی ڕووناکیش پشت بە چوار فاکتەر دەبەستێ، یان باشتر وایە بڵێین بەهۆی چوار فاکتەر دەدۆزرێنەوە.

**فاکتەری یەکەم: بەیانییەکی زوو، یان ئێوارەیەکی درەنگ**

کاتێک خۆر نزم دەبێت، تیشکەکەی سێبەری درێژ دروست دەکات کە ئەمەش زۆر سوود بە دیمەنی سروشتی دەگەیەنێ. ئەم سێبەرە درێژانە شێوەی دیمەنەکە دەردەخەن، ڕۆخی دەرەوەی بابەتەکە لەسەر زەوی دروست دەبێت، هەروەها تێسکچەری بابەتەکەش دروست دەبێت.

ئەگەرچی سێبەرەکان درێژن لە هەمان کاتیشدا تۆخن و زیان بە بابەتەکەت ناگەیەنن.

یەکەمین ڕێسای ڕووناکی بۆ وێنەگر ئەوەیە خۆر لە پشتی بێت کاتێک وێنەی بابەتێک دەگرێ ئەوە ڕێسایەکی سەرەکییە، هەر چەندە وێنەی پۆرترێتێک بگری چاوەکانی تۆزێک دەنووقێن لە بەرتینی خۆرەکە، زیاتر وا چاکە تیشکی خۆر لە پشتی بابەتەکەت بدات و تۆش فلاش بۆ نەهێشتنی سێبەرەکان بەکاربێنی.

بەڵام ئەگەر ویستت وردەکاری بابەتەکەت دەربچێت، ئەوە ڕووناککردنەوەی لە پێشەوە باشترین حاڵەتە، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕووناکییەکە لە تەنیشتەوە بێت و بەر بابەتەکە بکەوێت، ئەوە سێبەری وا دروست دەکات کە قووڵی دەداتە وێنەکە، واتە وێنەیەکی فلات دەرناچێت.

---

**فارس سەعدی**

### ڕەنگی تیشکی خۆر بە درێژایی ڕۆژ دەگۆڕێ

لە سەرەتای ڕۆژ و ئێوارەی درەنگ، ڕەنگی تیشکی خۆر گەرمە، واتە مەیلەو سوور و نارنجییە، ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەستووری توێژی هەوای سەر زەوی، ڕووناکی سپی نایەت بەرەو ڕووت. ئەم دوو حاڵەتە جوانترین وێنەت پێ دەبەخشن، چونکە لە کاتەکانی تردا خۆر ڕووناکییەکەی زۆر سپییە و ئەم ڕەنگانەی تێدا نییە.

### تینی ڕووناکی خۆر بەرزترین کۆنتراست دروست دەکات

لە نێوان بەشی ڕۆشن و سێبەرەکاندا، لەو کاتەی ئەمە بۆ بابەتی قەبە و قەڵەو باشە، بەڵام بۆ بابەتی هەمەجۆر وێنەگر تووشی هەڵە دەبێت ئەگەر وا دابنێ ئەم جۆرە ڕووناکییە باشترین ڕووناکییە بۆ گشت بابەتەکانی. بەهەر حاڵ پێوانەی ئەم جۆرە ڕووناکییە زەحمەتە، چونکە جیاوازی لە نێوان بەشی ڕۆشن و سێبەردا زۆرە، بۆیە ئەگەر زۆر ناچار نەبیت، ئەم جۆرە وێنانە ناگری. تەنیا ئەگەر ویستت یەک بابەتی سادە وێنە بگری، بەکۆنتراستێکی بەرز، ئەوە هانا دەبەیتە بەر ئەم جۆرە ڕووناکییە. بۆ خوێندنەوەی ڕووناکیش، دەبێ بزانی کامە بەش لە هەمووی گرنگترە لە وێنەکەدا ئەوە خوێندنەوە بۆ ئەو بەشە بکەی، ئەوانی تر پشتگوێ بخەی.

کەشوهەواش ڕۆڵی گرینگ دەبینن لە گۆڕانی تین و ڕەنگی ڕووناکی خۆر بە درێژیی ڕۆژێک. وێنەگر دەبێ زۆر وریا بێت چ هەلێک هەموارە بۆی بڕەخسێ تا وێنەکەی تێدا بگرێ.

### کەم وایە ئاسمانی شینی بێ گەرد جوان بێت بۆ دیمەنی سروشتی

یان ڕووناکی ڕاستەوخۆ کە ئەمە زیاتر دەشێ بۆ بابەتی پۆرترێت، بەڵام ئەگەر بابەتەکە تێکەڵەیەک بێت لە چەند بابەتی جۆراوجۆر، ئەم جۆرە ڕووناکییە خراپ نییە.

هەندێ جار ئەو تینە بەهێزەی ڕووناکی بەهۆی پەڵەهەورێک، ڕووناکییەکە دەبێتە نیمچە سوفت و بۆ وێنەگرتنی زۆر بابەت دەست دەدات، یان لە پشتەوە ڕووناکییەکی بەر بابەتەکە بکەوێت.



باران بارین هۆکارێکی باشە بۆ ڕووناکی خۆر لەبەر ئەوەی کەشوهەوا پاک دەکاتەوە لە تەپوتۆز و گەردی ئاسمان، هەروەها ڕەنگەکان بەشەوق و بریقەدار دەکات. بۆ وێنەگرتن لەم حاڵەتانە دەبێ چەترت پێ بێ لەسەر سەری خۆت ڕایگریت تا کامیراکەت تەڕ نەبێت. جاری وا هەیە خۆر لە فۆرگراوند دەدات و هەوریش لە باکگراوند هەیە، ئەمانە دیمەنێکی کاریگەر بەدەستەوە دەدەن.

### هەور

پەڵە هەور لە دیمەنی سروشتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، ئاسمانێکی ڕووتی شین لە دیمەنێکدا لەوەیە ئەو جوانییەت بەدەستەوە نەدات، بەڵام بوونی چەند پەڵە هەورێک بە ئاسمانەوە کۆمپۆزیشنێکی کاریگەر بەدەستەوە دەدات. هەروەها ئەو پەڵە هەورانە ڕۆڵی

ئەوەش دەبیێن ڕووناکی خۆر پەرشوبڵاو دەکەنەوە، واتە ڕووناکییەکی زبر دەکەنە سوفت، یان نیمچە سوفت کە ئەمانەش بۆ بابەتی پۆرتریت و ستیل لایف باشن.

### کاتەکانی ساڵ

ئەگەر بێتو وێنەیەک لە زستان بگری جیاوازی هەیە لەگەڵ وێنەیەک لە هەمان کات و شوێندا لە هاوین، یان لە وەرزی بەهار و پایزدا بگریتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە هاویندا لەکاتی نیوەڕۆ وێنەیەک بگری خۆر بە ئەستوونی لەسەر سەرت لێت دەدات، بەڵام لە وەرزی زستاندا بەلاری تیشکەکەی پەخش دەکات و تینی خۆرەکەش هێندە بەهێز نییە، بۆ بابەتی پۆرتریتی شتێکی چاکە.

### کاتەکانی ڕۆژێک The time of day

ئەگەر بۆ تاقی کردنەوە دیمەنێک دیاری بکەین، لە بەرەبەیانییەکی زوودا وێنەی بگرین، ئینجا دەوری کاتژمێر (١٠)ی بەیانی پاشان (٤)ی ئێوارە، ئینجا کاتی خۆر ئاوابوون، وێنەکان لە پاڵ یەکتری دابنێ، دەبینی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەر چوار وێنەکەدا هەیە، بۆیە کاتەکانی ڕۆژێک ڕەنگی ڕووناکی و تینی ڕووناکی دەگۆڕن. کەواتە دەبێ بزانی وێنەی هەر بابەتێک لە چ کاتێکدا دەگری.

**سەرچاوە:**

**Ailsa Mc whinnie, Complete Photography manual, © 2000.**

# دووگل ڕەش سووریٚ سپییٚ

**مراد ئەعزەمی**
**(شنۆ)**

ئەوەی زمـانێکی نویٚ دەیخـوازیٚ و داهێنانی زمـان داوای دەکـا، کـەشـفی ڕوانگە و گـۆشـەنیگای نوێیـە سـەبارەت بە کـێشـە و چەمکی کۆن و چەندپاتە کـراو. چیـرۆک ئەو بەسـتـێنە داهێنەرانەیەیە کـە پڕۆژەی نویٚ گوتنی قسە کۆنەکانی لە ئەستۆیە.

لەم سـالاٚنەدا، دوای گـەیشـتنی شـەپۆلەکـانی چیـرۆکی مـۆدێرن و دوای مـۆدێرن بۆ ئاقـاری ئەدەبی کـوردی، نووسـەرانی بەرەی نوێخـواز، بۆ ئەوەی لەم جـووڵەیە وەپاش نەکـەون و مـۆرکی دواکـەوتوویی و سـەلەفـیـیـان وێنەکـەویٚ، دەسـتـیـان کـرد بە تاقی کـردنەوەی فەزاگـەلی فـانتـازیایی و دەرهەست. بۆ ئەوەی چیـرۆکـەکـانیـان نویٚ بنـوێنن، بەشی هەرە زۆریـان، بەدوای تـێم و نـاوەرۆکی دەرهەست و زەینی و کـافکاییـدا ڕۆیشـتن. ئامـانجی ئەم نەخۆشییە، پشتگویٚ خستنی فۆرم و پێکهاتە و زمان و ماکەکانی دیکەی چیرۆک بوو لە پشت پەردەی دەرهەست نووسیدا. ئەم نووسەرانە، بەم بیرکردنەوەیەوە دەیاننووسی کە نوێخوازی لە بواری چیرۆکدا، بە مانای پشت کردنە بە تەواوی لەچەمکە کـۆنەکـان و دیتنەوەی چەمکگەلی نوێیە. لە حاڵێکدا کە هیچ گوتە و چەمک و کێشـەیەکی ئینسـانی نویٚ و دووپات نەکـراوە نیـیـە و هەرچی هەیە دووپـاتـە و دووبـارە بـوونـەوەی ڕابـردووە. لـە ئـەدەبـی داستـانی فـارسـیشـدا، ئەم قۆناخە وەبەر چاو دیٚ و دوای ئەوەی بەرەیەک بەم شـێـوەیە نووسـینیـان تاقی کـردەوە، کـەسـانێکی وەک گـوڵشـیـری، ئەبو توڕاب خوسـرەوی، مەندەنی پوور تا دەگاتە بەرەی سێیەمی چیرۆکنووسانی

فـارس وەک خـانمی زۆیا پیـرزاد، شـیـوا ئەرەسـتـوویی، فەریبا وەفی و...، بە داگەڕان بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژانە و سـادەی دەوروبەر و ناو کـۆمـەڵگا و نـاو مـاڵ و ژیانی بنەماڵە، دەستیان دایە نوێ نووسینەوەی شتە کۆنەکان.

* * *

کێشـەی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری فـەرش چن و تەون کـارەکان و دەرد و ڕەنجی ئەم ژیانە حەکـایەتێکی کـۆن و چەند پاتە و ســــواوە، نوێ دیتن و نوێ گــــوتنی ئەم حـەکـایەتە، بە ڕەنگێک کـە خـوێنەری ڕاهاتوو لەگـەڵ ئەدەبی مـــۆدێرن و دوا مــــۆدێرن و شـــەپۆلی زەینی و ڕیالیــزمی جـادوویی و ئاشنا لە تەک تەمـــهـیـــدە داهێنەرانەکەی باوی داڕشتنی چیرۆک و کەسایەتی و زمـان و دانوسـتـان لە تەک خـەتی زەمـانی و شـوێنی ڕووداوەکان، بە دوای خۆیدا پەلکێش بکات، پێویستی بە زەینێکی داهێنەر و چاوێکی بە حوکم و ئەندێشەیەکی قـووڵە. دەخوازێ کە هەڵسوکەوتێکی دینامیک و نوێی سـەبارەت بە زمـان هەبێ و مـاکـەکـانی نوێی چیـرۆک بناسێ.

«دووگل ڕەش...» بە سـتـراتیـژییـەکی لەم جـۆرەوە بەرهەم هاتووە، تا ڕادەیەکـیش بە تایبـەت لە هەندێک ساتەوەختاندا و هەندێک شوێندا، سەرکەوتووە.

**(١) زمان:**

زمـان، جـارجـار لە «دووگل ڕەش...»دا بە کـارکـردی بەهێـزی خـوازە و مێـتـافـۆر، وێنەگەلی نوێ لە ڕووداوی ساکـار و ناداسـتـانی دەداتە دەست، کە سەرنجڕاکێش و داستانین:

«... سـێـبــەرەکـەی لەناو قـەیا، کـە لە تەک گـەڵای گوێزەکەیا بوو، خۆی لێ جیا کردبۆوە، تێکەڵی سێبەری خـاڵەی و تۆ بـوو بوو، سـێـبـەری چەمـەیانەکـەی لەپێ دەسـتت کـە نامـەکـانی تۆوچەن دەست بەرگی ئەوی تیـا بوو، پێش دەکەوت، دوا دەکەوت،...»

مـۆتیـڤی «سـێـبـەر»، لەم پەرەگـرافـەدا یەکـێکە لە بەهێـزترین بەشـەکانی زمانی چیـرۆک. ئەگـەر ئەم شێـوە داڕشـتنە لە پەرەگـرافـەکـە وەلا بەین و ڕووداوەکـە بە ڕوانگەیەکی سادە و ناسیاوەوە دەربڕین، ئاوای لێ دێ:

«لە دارگوێزەکە دوور ببۆوە و هاتبوو لای تۆ و خاڵەی. چەمەیانەکەی کە چەن نامەی تۆو چەن دەس بەرگی ئەوی تیابوو پێی بوو...»

ئەم پاراگـرافـە، جگە لە گـوزارشـەکی خـەتی و سـادە و دوور لەهەر جۆرە داهێنەریەک نییـە و هیچ تەمهـیـدێکی ئیـسـتـێـتـیـکایی لەخۆ نەگرتووە. ئەم گوزارشـە، دەتوانێ شـێـوە دەربڕینی هەر بینەرێکی تایبـەت و تاقـانە بێ لە هەمـان وێنە و سـەحنەکـە. ئەم کـارەش بە گـونجـاندنی مۆتیڤی سێبەر لە سێنتاکسی گوزارەکاندا ئەنجام دراوە و سەحنەکە و ماکەکانی نەک ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگای سێـبـەرەکـانیـانەوە وەسف کـراون. ئەم شـێـوە ڕوانین و ڕیوایەت کـردنە، جگە لە جـیــاواز بینین، دەتوانێ دوو کارکردی مەجازی بەر چاویشی ئەنجام دابێ:

(١) دووپاتە بوونەوەی (سـێـبـەر) و دەربڕینی وەسـفی جووڵە و مـاکەکان بەم مۆتیـڤەوە، ناڕاستەوخۆ هەڵگری دەلالەتی بێ بەزەیی بوون و بێ سـەرئەنجـام بوونی ئەم بەسەرهاتەیە.

(٢) لە توێژی دووەمی کــــارکـــردی خــــۆیدا، بە گـــــەڕاندنەوەی بۆ بەشـــــەکــــانی دیکەی ڕیوایەت، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکانمان بۆ ڕەنگڕێژ دەکا و ئەم مـانا شـاراوەیەشی لە خـۆدا شـاردۆتەوە کـە ئەم کەسایەتیانە، هەر بە قەرا نیسـەیەک بوونیان هەیە و لە واقـیع و ئامـادەیی ئینسـانی بێ بەرین و توانای گـۆڕانی چارەنووسی خۆیان نییە.

لێـرەدا با سـەرنج بدەینە کـارکـردێکی دیکەی خـوازەیی زمان لە دەقدا:

«... سیگارەکەت بەر ببۆوە سەر فەرشەکە و دووکەڵی بەرز ببـۆوە. جێی یەکێ لە گوڵە سوورەکـانی زەرد و چاڵ کردبوو...»

لێـرەدا ئەم ڕسـتـەیە، بە خـوازەیەکی بەهێزەوە، دەبێـتـە نوێنەری سـەر لە بەری چیـرۆک، واتا بە قـەرا نمادێکی ناوەکی و تایبـەتی ئەم دەقـە چڕ دەبێـتـەوە، سـیـگاری دەستی کەسایەتی پیاو دەبێتە نمادی بێ بەزەیی و دڵڕەقی و شک و گـومـان و دڵپـیـسی بێ جێی ئەو سەبارەت بە کـەسایەتی ژن و کەوتنە سەر قـاڵی و سووتاندنی گـوڵە سـوورەکــانی قــاڵی، دەبێــتــە نمادی پاکی و جــوانی و مـەعـسـوومـیـەتی کـچـە فـەرش چنەکـە، کـە لەناو ئاوری دڵپیسی و تێ نەگەیشتن و بێ بەزەیی کوڕەدا دەسووتێ و زەرد هەڵدەگـــەڕێ و لە دەست دەچێ. ئەمـــە، تێم و ڕووداوی سـەرەکی و گـشـتی چیـرۆکـە کـە لەم گـوزارە

خوازەییەدا بە زمانێکی نمادین چڕ کراوەتەوە.
لە هەندێک جێگاشدا، زمان و دال (نەک مەدلوول) هەوڵی خولّقاندنی وێنەو گەیاندنی مانا دەدا:
«...گلّۆپ گلّۆپ سووراو لە زاریەوە... لە زاریەوە داچۆڕابوو...»
وێنەی داچۆڕانی خوێن لە زاری کەسایەتی ژن و کردەی داچۆڕان و سست و بێ هێز بوونەوەی لەشی ئەو، بە دووپات بوونەوەی مەودا داری ڕێکەوەندی (لە زاریەوە)، بەکارکردێکی تەسویری و کۆنکرێت، بۆ خوێنەر ڕەنگڕێژی دەکرێ.

### (٢) گۆشە نیگا:

قوولّترین و پێوەندی گرترین گۆشەنیگا، دووەم کەس، واتا (تۆ)یە، کە بە چەشنێک کەسایەتی سەرەکی چیرۆک، تێکەڵ بە کەسایەتی (خوێنەر/ بەردەنگ) دەکا. ئاراستەی ئەنگوستی (ڕاوی/ نووسەر) بۆ لای (خوێنەر/ بەردەنگ)ە. ئەگەر لە گۆشەنیگای یەکەم کەس (من)دا، جۆرێک تاک دەنگی و دیکتاتۆری و (مەنییەت) دەبینرێ و لە گۆشەنیگای سێیەم کەس (ئەو)دا، نامۆیی و غیاب و قەڵشت لە نێوان کەسایەتی و خوێنەردا بەرهەم دێت، گۆشەنیگای دووەم کەس، لە ناخەوەیی و پێوەندی و هاودڵی و هاوشێوەیی (کەسایەتی/ خوێنەر)ی بەدواوەیە. خوێنەر لە هەندێک شوێن و کاتدا، نائاگایانە خۆی لەگەڵ کەسایەتی لێ تێک دەچێ و لە جێگەی کەسایەتی دادەنیشێ و دەچێتە ناو ناخی ڕیوایەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی چیرۆکنووسانی نوێخوازی ئەوڕۆیی، گۆشەنیگای یەکەم کەس (من) هەڵدەبژێرن، هەروەک چۆن (ناتالی سارۆت) باسی بڕوا پێ نەکردن و گومان و دوودڵی خوێنەر سەبارەت بە نووسەر دەکا و دەڵێ مشتی نووسەر لەم چاخەدا لەلای خوێنەر بۆتەوە و نووسەری جاڕز لە حاست ئەم خوێنەرە لاسارە، ڕاستەوخۆ و بێ هەوڵی شاردنەوەی خۆی لە پانتایی دەقدا، ڕیوایەت دەکا.

### (٣) کەسایەتی:

مەودای داڕشتنی کەسایەتی لە قەوارەی کورتە چیرۆکدا ئەوەندە نییە کە ئێمە چاوەڕوانی خولّقاندنی کەسایەتی گەلێ لە گوێن (لیڤین levin)ی ئاناکارنینا، یان پشت چەماوی (گوژپشت نۆتردام)یان کەسایەتی دۆن کیشۆتی لامانش بین، بەڵام چیرۆک دەتوانێ ئاراستەی جووڵانەوەی خۆی لە ڕووکەش و ئاسۆییەوە، بگوازێتەوە بۆ قووڵایی و دەروونی کەسایەتییەکان. واتا بە جێی تەوسیفی خێرای ڕەفتار و ئاکار و هەڵسوکەوت و ڕواڵەتی کەسایەتی، بچێتە ناو دنیای زەینی و باسی کێشە دەروونی و تەعارووز و کەڵکەڵەکانی ئەم بکات. ئەم کارکردە لەم چیرۆکەدا بە دەگمەن دەبینرێ و لەگەڵ ئەوەی کەسایەتییەکان ڕەنگڕێژی نەکراون و بەهێز نین، زۆر لە لایەنی دەروونی و کێشە زەینییەکانیش ناکۆڵێتەوە. واتا چیرۆک، وێڕای ئەوەی کە خاوەنی دوو کەسایەتی سەرەکی لە دوو جەمسەری ڕیوایەتدایە، بەڵام ئەمە لابێرێنتە ڕۆحییەکان و گۆڕانکارییەکانی ئەم کەسایەتییانە نین کە ڕیوایەت دەبەنە پێش، بەڵکو ئەوەی ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و چیرۆک وەجووڵە دەخا، ڕووداوەکانی ناو چیرۆکە، کە بەسەر کەسایەتییەکاندا دێ.

* * *

یەکێک لە تەمهیدەکانی سەرکەوتووی چیرۆک، لە شێوەی ڕیوایەت کردندا دەبینرێ، لە شێوە ڕیوایەتی کلاسیکدا، چیرۆکنووس و حەکایەتبێژ، ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، واتا داستان ڕیوایەت دەکرێ و موو بە موو دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لەم جیهانە دوا مۆدێرنەدا، داستان نا گێڕدرێتەوە، بەڵکو داستان ساز دەکرێ، نیشان دەدرێ، ماکەکانی ڕیوایەتی و گێڕانەوە وەک پاژێک (لەوانەیە دوور لە تەکووزی خوو پێکراو) لە پاڵ یەک دادەنرێن و ئەمە خوێنەری چالاکە کە بەکەشفی پێوەندی و کارکردی ئەم پاژانە لە تەک یەک، چیرۆک بەرهەم دێنێتەوە و ڕیوایەت دەخوێنێتەوە. بە کورتی چیرۆکنووس، حەکایەتبێژ نییە، ئەو چیرۆک دەخولّقێنێ و گێڕانەوەی دەکەوێتە سەر شانی خوێنەر.
«دووگل ڕەش...» هەوڵی بە تاقی کردنەوەی ئەم جۆرە ڕیوایەت کردنەی داوە، واتا بەردەوام تابلۆ، وێنەو تەسویری کەسایەتی و ڕووداوو فەزاکانمان بۆ ڕەنگڕێژی دەکا و بێ تەوسیف و لێکدانەوە تێدەپەڕێ. چیرۆک زۆرتر لەوەی کە شتێکمان پێ بڵێ، پێمان نیشان دەدا. چیرۆک هیچ ڕستەیەکی سەبارەت بە فەرش چن بوون، عاشق بوون، شکست خواردن و نەخۆشی و مردنی

کەسایەتی کچ و دڵپیسی و بێ بەزەیی بوونی پیاو، بە شێوەی ڕاستەوخۆمان ناداتە دەست و زۆرتر بە نیشانە و نماد و تەسویر و خوازە پیشانمان دەدا و ئەوە ئێمەی خوێنەرین کە باسی ئەم چەمکانە دەکەین، دەنا ڕاوی بۆی نەگێڕاوینەتەوە:

«... دووپشک،... ڕەشەژار،... گوڵی قاڵی،... دەفە،.... هێڵی ڕایەڵە،... گڵۆپە خوێن،... هەناسەی سوار،... ڕەنگی هەڵماسیو،... سووری شۆڕکەکە،... لار و لەویری سێبەرەکەی،... عەتر،... دەلال،... تەلەفۆن،... سێبەر،... سیگار،... فەرش،... گوڵی سوور و.....،.....»

ئەم تەسویر و ماکە و ڕێکەوەندانە، وەک پاژەکانی پازێلێک، تابلۆی ڕیوایەت دەنەخشێنن.

* * *

یەکێک لەو چرکە دەگمەنانەی چیرۆک کە نووسەر توانیویەتی کێشە دەروونییەکانی کەسایەتی لە قالبی مۆنۆلۆگدا ڕەنگڕێژی کات، بەشی کۆتایی چیرۆکە:

«.... دەڵێم ئەو دووپشکەی واچەند قولانجی ڕۆییوە وەیگەڕێنم و پاشان بچم لە سووچێکا کەوشە سوورەکانم بخەمە ژێر سەرم و بخەوم، خەو چاوەکانمی تەنیوە....، گوناحم، سووچێ وەدۆزمۆ کەوشەکانم بخەمە ژێر سەرم و بخەوم، نا هەر لێرە دەخەوم، کارم بە دووپشکە چییە، دەچێتە باخڵ یا ناچێ....»

ئەم مۆنۆلۆگە، گەڕانەوەیە بۆ بەندی سەرەتای چیرۆکە، کە لەودا گۆشە نیگا سێیەم کەسە:

«... لێرەدا، گوناحی. خەو چاوەکانتی تەنیوە... سەرت لەسەر کەوشەکانتە. بێ ئاگای لەو دووپشکەی کلکی چەماوەتەوە و بە لاتا دەڕواو، دەڵێم وەیگەڕێنم بۆ دواوە. ڕەنگە بێتە باخەڵت.

نەهاتۆتە باخەڵت تا تنۆک تنۆک ڕەشە ژاری کلکی لە لەشتا جێ خۆش کاو ژاری خۆی پێ نەڕشتبووی...»

لەگەڵ گۆڕانی گۆشەنیگا لە (تۆ)وە بۆ (من) و تێکەڵ بوونی ڕاوی و بەردەنگ بە چەند قەرینەوە، گۆڕانی کەسایەتی بە وەرسووڕانی لە مەعسووم بوون بۆ تاوانبار زانینی خۆی دەداتە خوێنەر، لە بەندی سەرەتادا، دووپشکی نمادی تەواوی تاوانەکان و تۆڵە ئەستێنان نایەتە باخەڵی و دەڕواو ڕەشە ژاری نارێژێ، ئەمە بە دڵنیاییەوە گوزارش دەکرێ، بەلام لە مۆنۆلۆگی کۆتاییدا، ڕێگا دەدا بە دووپشک بێتە باخەڵی و گوێی ناداتێ، بەڵکو بەم جۆرە بارستایی تاوانەکانی سووک بێتەوە.

* * *

ئەم ڕەفتار و تەمهیدانەی وەک نموونە لە ناخی چیرۆکدا ئاماژەیان پێ کرا، لە هەندێک جێگای دەقدا کارکردیان هەیە و تەواوی جەستەی چیرۆک خاوەنی ئەم جۆرە تەمهیدانە نییە. واتا دەق بەم یەکانگیری و یەکدەستییە لە بواری «زمان، کەسایەتی، ڕووداو، گۆشەنیگا..» نەگەیشتووە و لە هەندێک جێدا تووشی سستی پێکهاتە و هێنانەوەی پاژی نارێکی بێ کارکرد هاتووە. وەک ئەو دیالۆگەی لە زمان (زەنگ و دەرگا) سەبارەت بە کەسایەتییەکان هاتووە و کارکردی وەدەنگ هاتنی ئەم دوو شتە و کەسایەتی دانیان لە قەوارەی ئەم چیرۆکەدا دیار نییە و لە فەزای چیرۆکدا وەک پینەیەکی نارێک دیارە. ئەگەر کو نووسەر توانیبای تەمهیدە زمانی و ڕیواییەکانی خۆی لە سەرتاسەری دەقدا دەکار هێنابایە و یەکدەستی ئۆرگانیکی دەقی پاراستبا، بێ شک لە خولقاندنی چیرۆکێکی بەهێزتر، سەرکەوتووتر دەبوو.

(*) دەقی ئەو چیرۆکە لە ژمارە (١٠٧)ی گۆڤاری ڕامان بلاوکراوەتەوە کە لە نووسینی محەمەد سدیق کەریم پوورە.

# جوانی لە هونەر و ئەدەبدا

**جوانی چییە؟**

جـــــوانی دیاردەیەکـــــە چەمک و واتایـەکی دیار و سنووورداری نیــیـە و ناتوانین نموونەیەکی تایبـەتی، یان وێنەیەکی سـەربەخۆی بۆ دەسـتـنیـشـان بکەین و بڵـێین: «هەر شـتـێک، یان کـردارێک، یان خووڕەوشـتـێک جـێی لەناو قـالْب و چوارچێـوەی ئەو نموونەیەدا ببـێـتـەوە پێی بڵێین جوان و ئەگەر جێشی نەبووەوە ئەوە بە ناشیرین و نافرەجای بدەیتە قەڵەم، بەڵکو جوانی زادەی جۆرە هەست و سـۆزێکی تایبــەتی ئادەمــیــزادە و ئەو سـۆزەش لە کـەسـێکەوە بۆ کـەسـێکی تر دەگـۆڕێ، واتە: هەر کـەسـە جـۆرە پێـوانەیەکی تـایبـەتی خـۆی هەیە بۆ دیاریکردنی نموونەی ئەو جوانییە.

هەندێ لە نووسـەرە جـیـهـانیـیـەکـانی وەک مـەکـسـیم گۆرکی لە بارەی جوانییەوە بەم جۆرە دواون و گوتوویانە: «جوانی شـتـێکە ئادەمیـزاد لە قـووڵایی بیرو ئەندێشـەی خۆیدا دروستی دەکات» (١) واتە «جوانی شتێک نییە سروشت بۆ ئادەمیزادی بخولْقێنێ، بەڵکو ئادەمیزاد خۆی پێوانەی جوانی شـتـەکـان لە بیروهۆش و هەستی خـۆیدا دەخولْقێنێ».

بۆیە ئەو کـەسـەی لێ ڕاهاتووە ئـافـرەتی پێست سپی و چاوڕەش، یان شــیـنی لێــو ســووری تۆخی بەژن و باڵا کـەڵەگـەتی لا جـوان بێ، ئەوە هەر کـاتێک کـە چاوی بە ئافـرەتێکی ئاوا کەوت کە ئەو نیـشـانە و مەرجانەی تێدا هاتبـێـتـە دی، یەکـسـەر بە جـوانی دێتـە بەرچاو، کـەچی هەمان ئافـرەت لەبەرچاوی یەکێکی قـولەڕەش جوان نابێ،

---

**کەریم شارەزا**

چونکە ئەمەیان چاوی لەجوانی ئافرەتی ڕەش ڕاهاتووە و ئەو جوانییەی لە ئافرەتە ڕەشەکەدا دەیبینێ لە ئافرەتە سپییەکەدا نایبینێ، کەچی هەردووکیشیان مەبەستیان هەر جوانی و جوانی ویستنە(٢).

یان ئەگەر کۆمەڵێک کەس بچنە ناو باخێکەوە، دڵنیاین کە هەموویان پێوانەی دەستنیشانکردنی جوانترین شتی ناو ئەو باخەیان وەکو یەک نییە، هەندێکیان گوڵەکانی بە جوانترین شت دەزانن و هەندێکیشیان پەپوولەی سەرگوڵەکانی و هەندێکی دیکەشیان بولبولی سەرچڵانی. هەیە گوڵی وردیلە و هەیە گوڵی سوور و هەیە گوڵی زەرد و هەیشە گوڵی سپی باخەکەی لەلاجوانە، واتە: لە هەڵبژاردنی جوانی لە سروشتدا هەر کەسە پێوانە و بۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە.

**جوانی لە هونەر و ئەدەبدا**

جوانی لە مەیدانی هونەر و ئەدەبدا لەچوارچێوەی شتی باو دەردەچێ و دەچێتە دنیای داهێنان و خوڵقاندن و هیچ یاسا و خاسیەتێکی دیاری کراو و ڕێوڕەسمێک نین کە کاری هونەری بە پێی ئەوانە دابهێنرێن، بەڵکو ئەو دەستوور و یاسایانە خۆیان لە ئەزموونە هونەرییەکەوە وەردەگیرێن(٣). واتە: هونەرمەند خۆی بە بەهرەی هونەری و ڕۆشنبیریی تایبەتی خۆی، جوانی لەناو ئەزموونەکەیدا دەخوڵقێنێ و پێشکەش بە خەڵکە هونەر دۆستەکەی دەکات.

ئەو جوانییەی کە هونەرمەندی شێوەکار لە تابلۆیەکی هونەریدا، یان لە داتاشینی بەردی ڕەقدا دەیخوڵقێنێ هەمان جوانییە کە ڕۆماننووس و شاعیر و چیرۆکنووس لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا دەیخوڵقێنن و دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە جوانی بیروبۆچوونێک نییە بوونی لەدەرەوەی کاری هونەری و ئەدەبی هەبێت، یان ئایدیایەک بێت لە ئاسمانەوە بێتە خوار کە دەبێ شوێن پێی هەڵبگیرێت و بە تەواوی پەیڕەو بکرێت، بەڵکو ئەو جوانییە بەهۆی کارە هونەرییەکەوە دەخوڵقێ و بەهۆی داهێنانی هونەرمەندەکەوە ڕوخسارەکانی ئاشکرا دەبن(٤).

**جوانی لە شیعردا**

لەسەرەتاوە ئادەمیزادی هوشیار لەو ڕاستییە گەیشتووە: «کە هەموو وتەیەک، یان بیرکردنەوەیەک ئەدەبیات نین، بەڵکو ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەخاسیەتێکی سەرەکی لەوتەی ئاسایی جیا دەکرێتەوە ئەویش نرخ و بەها جوانییەکەیەتی، ئەمەش لە خاسیەتەکانی شێوەی دەربڕینی ئەدەبییەوە سەرهەڵدەدات(٥). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە جوانی خاسیەتێکی سەرەکی شیعرە و بابزانین سەرچاوەی ئەو جوانییەی لەچییەوە دێ؟

سەرچاوەی خوڵقاندنی ئەو جوانییەی ئەدەب و شیعر و دەستنیشانکردنی بەپێی قۆناغ و ڕێبازی ئەدەبی دەگۆڕێ. لەو کاتەی کە شاعیری کلاسیکی سەرچاوەی خوڵقاندنی هەموو جوانی ڕاستییەکی بۆ ئەقڵ و مێشک دەبردەوە، دەبینین شاعیری ڕۆمانسی، جوانی لە شیعردا لە سۆزی دڵ دەخوڵقێنێ. لەوکاتەی کە ڕەخنەگری شیعری کلاسیکی دەیگوت: «هیچ شتێک لەڕاستیی جوانتر نییە، دەبینین (ئەلفرێد دی مۆسێ) (١٨١٠-١٨٥٧)ی شاعیری ڕۆمانسی فەرەنسا دەیگوت: «هەموو ڕاستییەک جوانییە و هیچ جوانییەکیش بەبێ ڕاستی نابێ»(٦).

بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم ڕاو بۆچوونەی (دی مۆسێ) دەڵێین مەرج نییە هەموو ڕاستییەک جوان بێ و هەموو ناڕاستییەکیش ناشیرین بێ. بۆ نموونە: کاتێک کە دەڵێین: «ئەنجامی لێکدانی دوو و دوو دەکاتە چوار، دەبینین ئەمە ڕاستییەکی زانستییە، کەچی مەرج نییە جوان بێت و لەوانەشە هەندێ جار لەناو درۆ و ناڕاستیدا جوانیمان چنگ بکەوێ و لەم بارەیەوە ڕەخنەگری ناوداری عەرەب (ئیبن ئەلرەشیق) لە کتێبی (العمدة)دا گوتوویەتی: «یەکێک لە چاکەکانی شیعر ئەوەیە کە ئەو درۆیەی لای هەموو کەسێک ناشیرینە، زۆرجار لە شیعردا جوان خۆی دەنوێنێ!(٧)».

کەواتە جوانی خوڵقاندن لە شیعردا بە بەهرەی شاعیرەوە بەندە لەو خوڵقاندنەدا، لە وردبوونەوەش لەهۆنراوە بەرزەکانی شاعیرانی کورد، چاومان بە هەموو جۆرە نموونەیەک دەکەوێ، مەرج نییە شاعیر هەر لە بابەتی جوان ئەو جوانییە بخوڵقێنێ، بەڵکو زۆرجار لە بابەت و وشەی قێزەونی وەک (مێش) ئەو جوانییە

دەخولقێنێ هەروەک (حەمدی ساحێبقران) لە هۆنراوەیەکی فەلسەفە ئامێزیدا کردوویەتی و ئەوەمان بۆ دەردەبڕێ کە نرخ و بەهای شت لە بازاڕی زەمانە بەپێی جێگا دەگۆڕێ لەو دەمەی کە (مێش)ی پیسی نەگریس چەندە خراپ و زیان بەخشە، بەڵام کە چوو لەسەر ڕووی کچێکی جوان (نیگارێک) نیشتەوە گەلێک جوان و بەهاردار دەبێ، چونکە لەو کەسەی وابێ کە سەیری دەکات خاڵێکی ڕەش و جوانە لەسەر گۆنای سپی ئەو نیگارە نازدارە و لە دێرە شیعرێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

**بازاڕی دەهرە قیمەتی ئەشیا بەجێگەیە،**
**مێشێ گەیشتە ڕووی نیگارێ لەخاڵ ئەچێ**

جاری وایش بووە شاعیر لە خەوش و شتی دزێو مانای جوانی خولقاندووە، چونکە خۆشەویستییەکەی بۆ یارە نازدارەکەی خەوشەکانیشی لەلا جوان کردووە هەروەکو (نالی) لە وەسفی حەبیبەدا گوتوویەتی و (خێل) و (قیچی)یەکەی لەلا بووەتە جوانکاری و مایەی پێداهەڵدانی هەروەک دەڵێ:

**پێم دەڵێن: مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا**
**خێل و قیچە یا تەرازووی نازی نەختی سەردەکا**

بۆچوونی شاعیر لە مەسەلەی (خێل و قیچی)ی یارەکەی بۆچوونێکی تایبەتە بەخۆی و هەڵدەستێ ئەو (خیلی)یەی دەکات بە ئامانجی سەرکردنی تەرازووی نازی ئەو خۆشەویستەی و بەهێزی هونەری دارشتنی شیعرەکەی خەوشی چاوەکەیمان لەبیر دەباتەوەو وامان لێ دەکات سەرنجی خۆمان بدەینە ئەو بایەخە ئێستێتیکاییە کاریگەرەی شاعیر لەو بۆچوون و شیکردنەوە وردەو دیمەنە هونەرییانەی شاعیری داهێنەرمان و ئەوساش دەشێ لەگەڵ شاعیردا بگەینە ئەو قەناعەتەی کە خێلی و قیچی چاوی یارەکەی سیفەتێکە لە سیفەتە جوانەکانی نەک خەوش و دزێوی و ناشیرینی!! چونکە شاعیری بەهرەدار واقیع وەکو خۆی دانارێژێنەوە، بەڵکو سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە و هەڵوێستی دەروونی و بیرو هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ دەکات، بەمەش نموونەی جوانی ئەو واقیعە بەجۆرێکی ناسکتر و دڵگیرتر دادەرێژێتەوە.

هەندێ جاریش شاعیر لە هووشەکاریی و درۆوە جوانی دروست دەکات، ئەو درۆ و هووشەکارییەی لەلای مرۆڤ بێ نرخن و گوێیان پێ نادرێ کەچی لە شیعردا زۆرجار دەبنە مایەی جوانی هونەرەکە، بۆ نموونە مستەفا بەگی کوردی (١٨١٢- ١٨٥٠) لە دێرە شیعرێکیدا گوتوویەتی:

**گەردنی (کوردی) لەکێوی بێستوون مەحکەمترە**
**چونکە سەد ساڵە لەژێر باری غەمایە و نانەوێ**

شاعیر کە دەڵێ: گەردنم لەکێوی بیستوون مەحکەمترە، ئەمە هووشەکارییەکی گەورە و پێ لێهەڵبڕینێکی زۆرە، چونکە شاعیر گەردنی خۆی لە چیای بیستوون قایمتر داناوە کە چۆن خۆی لەبەر کۆڵنگی فەرهادی ئاشقی شیرین ڕاگرتووە و لەلایەکی تریشەوە دەڵێ: سەد ساڵە خۆی لەبەر باری غەم ڕاگرتووە. کەچی خۆی ٣٨ ساڵ ژیاوە و ئەمەش هووشەکارییەکی ترە و گەلێک لەڕاستییەوە دوورە، ئەو ڕاستییەی کە جاران دەیان گوت:

«جوانی ڕەنگدانەوەی ڕاستییە» بەتایبەتی لە هونەر و ئەدەبدا کەچی ئەو هووشەکاری و ناڕاستییە لە شیعرێکی وا ناسکیدا دەبینین بەهونەرێکی جوانی وەردەگرین.

زۆر جاری وایش دەبێ شاعیر لە بابەت و کەرەستەی جوان، جوانییەکی تازە دەخولقێنێ، چونکە ئەو شاعیرەی بتوانێت لەبابەت و کەرەستەی ناشیرین و دزێو و کەم بایەخ شیعری بەهێز و پتەو دابڕێژێ، ئەوە گەلێک ئاسانترە لەلای کە لە کەرەستەی گەش و بابەتی جوان و هەست بزوێن شیعری جوان بخولقێنێ. ئەگەر بمانەوێ چەند نموونەیەک لەو وشە و کەرەستە گەش و گوڵانە دەسنیشان بکەین کە دەبنە سەرچاوەی دروستبوونی شیعری جوان دوای کارلێکردنیان لەگەڵ بەهرە و هەست و سۆز و بیرو ئەندێشەی شاعیری داهێنەر، ئەوە دەتوانین ئەم جۆرە وشە و نموونانە بخەینە ڕوو:

[کچ، خونچە، گوڵ، گوڵزار، باخ، چڵ، بولبول، لالە، پەروانە، پەپوولە، هەنگ، بەهار، خۆر، مانگ، تریفە، ئەستێرە، ژیان، دڵ، خۆشەویستی، پاکی، ناسکی...تاد] ئەمانە هەموویان وشە و کەرەستەی جوانن، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین، کەرستە جوانی و ناسکی مەرجی سەرەکی خولقاندنی هونەری جوان نین، بەڵکو وەستایی و هونەرمەندیی شاعیر دەتوانن ئەو جوانییە بەجۆرێکی یەکجار گەش و بایەخدار لە

بەرهەمەکەیدا بنوێن. هەندێ لە شاعیرە گەورەکان دەڵێن: دەتوانرێ باشترین بابەتی شیعری جوان لەسەر ئافرەت و خۆشەویستی بنووسرێ. هەندێکیش لەوە زیاتر دەڕۆن و تەنیا ئافرەت دەکەن بەسەرچاوەی سرووشی شیعری جوان لە لای شاعیر، چونکە ئافرەت سەرچاوەی جوانی و خۆشەویستییە و تەنانەت شاعیرێکی ئەمەریکی وەک (ئەدگار ئالان پۆ) (١٨٠٩- ١٩٤٩) گوتوویەتی: «بێ گومان مردنی ئافرەتێکی جوان باشترین بابەتە بۆ شیعر نووسین، بۆیە خۆی هۆنراوەیەکی نایابی بەناوونیشانی: «بۆ ئافرەتێک لە بەهەشتدا» داناوە، لە ئافرەتیکی جوان و نازدار دەدوێ کە حەزی لێ کردووە و بەناکامی سەری ناوەتەوە(٨)».

ڕاستە ئافرەت بابەتێکی بەهێزە بۆ شیعر لەسەر دانان بە مەرجێ ئەو ئافرەتە پێوەندیی عیشق و دڵداری لەگەڵ شاعیردا بووبێ، تاکو جوانی و سۆزی خۆشەویستییەکەیان بەچاکی لەناو شیعرەکەدا ڕەنگ بدەنەوە.

ئێمە کاتێک لەشیعری شاعیرانی کورد ورد دەبینەوە هەست دەکەین گەلێک نموونەی ناسکیان لەم جۆرە شیعرانە لەخۆ گرتووە وەک هۆنراوەکەی (گلکۆی تازەی لەیل)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی و شینی (عەنبەر خاتوون)ی مەولەوی و گەلێ نموونەی تر و دیسان شاعیرانی کورد زۆرترین شیعریان لەسەر جوانی ئافرەت و خۆشەویستی ئافرەت داناوە و زۆربەیان بەشیعری نەمر دەدرێنە قەڵەم، چونکە کەوتوونەتە دەرەوەی بازنەی کات و شوێن و گۆڕانکاری زەمانە کاریان تێ ناکات و لە ڕووەتیان ناخات.

هەر لەبواری جوانی شیعردا شاعیرانی کورد جوانترین شیعریان لەسەر (پەپوولە و گوڵ) و (بولبول و غونچەی گوڵ) و (پەروانە و لالە) داناوە بە نموونەی ئاشقی پاک و دڵسۆزیان داناون. باخ و گوڵزار کراون بەنموونەی بەهەشتی سەر زەمین و بەهار بووە بە ڕەمزی لاوێتی و پایز بە ڕەمزی پیری و بەسەرچوونی تەمەن، تەنانەت ڕەنگیش حسێبی خۆی بۆ کراوە، ڕەنگی سپی ڕەمزی پاکیەتی و ڕەنگی ئاڵ، یان سوور نیشانەی ئاسۆگەشی و گەیشتنە ئاواتە و ڕەنگی سەوز نیشانەی نوێی و هیوایە... تاد.

کە دێینە سەر کەرەستەی جوانی شیعری هاوچەرخمان، دەبینین جگە لەو کەرەستانەی کە لەکۆنەوە وەک نموونەی جوانی بەکارهاتوون و لەکەڵک ناکەون وەک [عیشق، کچ، خۆشەویستی، گوڵ، بولبول، پاکی، پەپوولە...تاد] گەلێک کەرەستەی جوان و ناسکی تری شیعریی گەش و گۆڵ هاتوونەتە مەیدانی شیعری نوێ و هۆنراوەی تازەیان لێ دەخوڵقێنرێ وەک ئازادی، یەکسانی، سەربەستی، سەربەخۆیی، خەبات، یەکێتی، تێکۆشان، سەرکەوتن، ئاشتی، ئاسایش و گەلێک وشە و زاراوەی دیکە.

بەڵام دەبێ ئەم ڕاستییە بڵێین، هەر کەرەستەی جوان بەس نییە بۆ هۆنینەوەی شیعری جوان، بەڵکو بەهرەی شاعیر و هونەرمەندییەکەی لەو داهێنانەدا دەوری خۆیان دەبینن.

بۆ نموونە: (گۆران) لە هۆنراوەکەی (گەشت لە هەورامان) لە وەسفی سروشت لەدەمی بەیانیدا ئەم دوو دێرە شیعرەی لە کەرەستەی جوانی وەک (مانگ) (شەو)، (قاسپە قاسپ)، (کەو)، (ئەستێرە)، (قەترەی ئەمەل)، (بەفر)، (سەرکەل) دەخوڵقێنێ و کەرەستەکان جوانتر دەکات و سروشتێکی خۆش بەگوێگر و خوێنەری شیعرەکان دەگەیەنێ:

**مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو**
**زەردە لەترسی قاسپە قاسپی کەو**
**ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل،**
**کزکز ئەتکێتە ناو بەفری سەر کەل!**

شاعیری نوێکارمان چوارچێوەی قاڵبی شیعری کۆن و جۆری دەربڕینی شاعیرەکانی پێش خۆی دەشکێنێ و ناچێ مانگ وەک نموونەی بەرزیی و جوانی و ڕووناکی لە شیعرەکەیدا بەکاربێنێ، بەڵکو بەدەربڕینێکی نوێی گەلێک دوور لە قاڵبی شیعری کۆن و چەمکەکەی لە شیعرەکەی خۆیدا بەکاردێنێ و دەیکات بە ڕێبواری بەجێماوی گەشتی شەوگاری زەرد هەڵگەڕاو لەترسی قاسپەقاسپی کەوی سەرچیاکان. دەفەرموو با بزانین کێی دیکە بەر لەگۆران ئەم جۆرە دەربڕینە نوێیەی لە شیعردا بەکارهێنابێ؟

وشە و کەرستەکانی شیعری گۆران وەک گیانلەرێکی هوشیار هەستیان هەیە و لەم نموونەیەدا مانگ ترساوە و ڕەنگی هەڵگەڕاوە وەک ئادەمیزادێک ڕەفتار دەکات و لەم نموونەیەی خوارەوەشی وشەکانی چاو هەڵدێنن و پێدەکەنن هەروەک دەڵێ:

**وەنەوشەی بن درک خزاو**
**چاوی ڕەشی کردەوە، دی**
**نێرگەجار بە هەزار چاو**
**پێئەکەنێ: زەرد و سپی!!**

گۆران لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی [بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست] پتر گیان و جووڵەی جوانی بە بەر شیعردا دێنێ و دەیەوێ شیعر گەشە بکات و پێ بکەنێ و زەردەخەنە بدات بە ژیانی ئادەمیزاد و وەک ئەستێرە درەوشاوە و ڕوون و ناخی دەروونی مرۆڤ دەربخات و بنوێنێ و لەوەش زیاتری دەوێ و گەرەکیەتی شیعر گیانی بە بەردا بێت و بژیت و بجووڵێتەوە و زمانی هەبێ و لەحاڵی دڵان بزانێ و دەڵێ:

**شیعری جوانت دەوێ شیعری جوان،**
**شیعرێک گەشە و زەردەخەنە با بە ژیان**
**شیعرێک چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ**
**ڕوون بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ**
**شیعرێ گیانی تیابێ و بژی و ببزوێ**
**زوبانی دڵ بزانێ و باش پێی بدوێ!**

لەو کاتەی کە شیعر لەلای شاعیری کۆن وەک کەلوپەل لەدەست شاعیر هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێ دەکرا و بێ گیان بوو، دەبینین لەلای گۆران و شاعیرە نوێکارەکان وشە و دەربڕینەکانی گیانیان بەبەردادێ و دەژین و دەبزوون و لەحاڵی دڵان دەگەن و ئەم جۆرە شیعرانەش نموونەی شیعری جوانی نەتەوەکەمانن.

**سەرچاوە:**

**١- کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٩.**

**٢- نجیب العقیقی، من الأدب المقارن، ج(١)، القاهرة ١٩٧٥.**

**٣- کەمال میراودەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل١٤.**

**٥- د. محمد مندور، الأدب و مذاهبە، ط٢، القاهرة ١٩٥٧.**


**٦- د. محمد غنیمي هلال، الأدب المقارن، ط٥، بیروت ١٩٧٥.**

**٧- نجیب العقیقي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.**

**٨- د. إحسان عباس، فن الشعر، بیروت، ١٩٥٩.**

# قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە

هاشم سەڕاج



«ڕەزا عــــــــــــەلـی پـوور» بەناوونیشـانێکی جوان و مـەنگ و سـەرسـوڕمـێن درێژە بە چامـە شـیـعـرییـەکـەی دەدا و بڕێ جـار ڕسـتـەکـان لە تەک یەک لەشـێـوەی کـۆپلەیەک دادەخرێن، وەسـتـانێک دەخـولقێ لێـوان لێـو لە کـپی و بێـدەنگی، خـوێنەر بەرەو هزرین و تێـرامـان ڕادەمـاڵدرێ، جـار جـارەش هەناسەی گەرمی شیعر بەرهەڵا و بێ کۆتا بەشێوازی «کینایە» دادەڕژێ و هێـمـاکـان هەڵگری ئاماژەگەلێکن، هەست و زەین و خـەیاڵ دەورووژێنن و چێـژگـەلێک لە ڕێگەی دەلالە و نیـشـانەکـانی زمـان بەگـیـانی غەمگینی خوێنەر دەبەخشن، ڕەزای عەلی پوور لەم تێکستە شیعرییەدا کۆمەڵێک تەکنیکی نوێی شیعری بەکـارهێناوە و فـۆرم و شـێـوازێکی نوژەنیشی بە تێکستەکە بەخشیوە، وەک بەکـاربردنی چەندین جـۆرە شـێـوەی ئەندازەیی و پێـوەندکـردنی شێوەکان بە فەزای نووسین و بزاڤی ڕیتمێکی هێمنی جووڵە زیگزاگی و فـۆنیـمی لەنجـەداری هەندێ تاقە وشەی غەوارە و غەریب.

**مورەبەعێ دابنێ**
**لەسەری دانیشە**
**بیر لە لۆرکا بکەرەوە**

**ئیسپانیا**
**یانی گا!**

مـرۆڤ هەر چۆنێ ڕەفـتـار و هەڵسـوکـەوت بکا و هەر چۆنێ بجووڵێتەوە لە ڕێگەی جەستەوە شێوەگەلێکی ئەندازەیی دەنوێنێ و وێڕای ئەوەش لەشی مـرۆڤ وەک پێکهاتە بریتـییـە لە کـۆمـەڵێک شـێـوەی جـیـاجـیـای ئەندازەیی، هەروەها لە هەر جێگە و شوێنێکی پانوپۆڕ و بەرفراوانیـشـدا بژی و لەکـاتی خـەو و پشـوودان و حـەوانەوەدا تەنیـا پێـویسـتی بەسووچێک، یان بەچوارگۆشەیەکی دیاریکراو هەیە.

هەر لەم بڕگەیەدا زمان لەڕێگەی ئاماژەوە کۆمەڵێک دەلالەی جیاجیا هەڵدەدا «ئیسـپانیا و زۆرانبازیی «گـا» و مـەرگی «لۆرکـا»، یان مـەرگـەسـاتی ئاڵۆزی کـوژرانی لۆرکای شاعیری ئیسپانیا، پاشان لەڕێگەی هەمان شێوازی کینایەیی و بەهۆی بەکاربردنی وێنەگەلێکی دەگـمـەن و دانسـقـە و نامـۆ و مامەڵەکردنی لەگەڵ پیت و مۆرفیم و خـاڵ و هێڵ و وشـە و لەهەندێ بڕگـەشـدا بایەخدانی بە پێـوەندی نێـوان [دال و مـەدلوول] و

بەرجەستەکردنی پاژێ لەمەعریفەی زانستی زمان، بەتایبەتی ئیحای وێنەی زەینی وشە و پراکتیزەکردنی لەبواری نووسیندا

**مەبەستم لەدرەخت سەوزێکە**
**لەزەینتا**
**زەرد ئەبێ**
**بەیانیان فنجانێک لە پاییز**
**ئەڕژێتە هەناسەت**
**یان من بووم: درەختێک فێر نابم**
**هەتاکو لەچاوما**
**سەوزایی هاوسێکەم زەرد ئەبێ**

لەهەمان گۆشەنیگای زمانییەوە ڕەزا عەلی پوور هەوڵیداوە کایە بەناوکۆییە جیاوازەکانی ڕستەی شیعری بکاو لە ڕێگەی ئەم گەمەیەشەوە بۆند و پێوەندییە باو و تەباکانی نێوان بابەت و بوار و شتگەلەکان تێک بشکێنرێ و ڕستە بەناوکۆییەکی نوێ و لەنجەدارەوە گوزارشت لەکۆمەڵێک دەلالەی جیاواز جیاواز بکات بۆ نموونە:

**- تا پشیلەیەک لەزەینما بپشکوێ**
**- باخچە، فرووغی گرتبوو**
**- ناترسم لەم دێڕەدا کەوشەکانم دابکەنم**
**مناڵیم لەپێ بکەم**
**- لازمە دانیشتن دانیشیت**
**کە مردن لە تۆدا بەروپشت خەوی دێ**

بەم جۆرە خودی وشە بەهۆی جێگۆڕکێ کردن و بەرجەستەکردنی لەپێوەندی جیاواز جیاوازی ناوکۆییدا، ڕەهەندی جیاتر وەردەگرێ و لەمەدلوولی کۆن و پێشینە بەتاڵ دەکرێ، هەڵبەتە ئەم کردە شیعرییە وابەستەی هەست و سۆز و زەین و چرکەی ئێستێتیکی و پاشخانی مەعریفی و عیشق و بەهرەیە. زۆرجار کردەی تێکشکاندنی بۆند و پێوەندی نێوان بابەت و شتگەلەکان کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی وشک و ئاڵۆزی ئەقڵی و لۆژیکی دوور لە شیعرییەت بە بەرهەم دێنێ، بەڵام لە گەمەی ئێستێتیکیانەی ئەم چامەیەدا هەست بە ئیقاعێکی ئاڵۆز و شاراوە دەکرێ کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە بزاڤ و جووڵەدایە، ڕەزا عەلی پوور لە دیدگایەکی هزرییەوە کە بەنێونیشانی چامەکەوە پابەندە دواتر لێی دەدوێم. هەوڵی داوە کۆمەڵێک سیاقی فەلسەفی بخاتە ڕوو، یان سیاقگەلێک کە بەبوونی مرۆڤ و هەندێ بابەتی فینۆمینۆلۆژییەوە پەیوەستن- لەوانە

- تۆ وتت: بڕێ دار سەوز ئەبن بۆ ئەوەی سەوز ئەبن من وتم: بڕێ با- بایان دێ بۆ ئەوەی با- یان بێ

- کە زەوی تاقانە خەتێک بوو مرۆڤی تیا نووسرا هاوکات سوودی لە هەندێ ڕەگەز و بنەمای [قەسیدەی پەخشان] وەرگرتووە.. بەتایبەتی کردەی دووبارە و دووپاتکردنەوەی ڕستە و وشەکان کە لە ڕووی ڕیتمەوە جۆرێک جووڵە و چێژ بەتێکست دەبەخشن، لەیرەش لەم کتێبەدا هەندێ ڕستە چڕ و پڕاوپڕی شیعری هەن کە هەڵگری ڕوئیا و جیهانبینییەکی تایبەتین لە تێکستەکەدا چەندین جار دووبارە و سێ بارە دەبنەوە.

**ئەکرێ موکەعەبێک دابنێی**
**لەسەری بوەستی**
**ئێستا دێڕێک لەملتەوە بئاڵێنە**
**بە مردن خۆ دەستت**
**خۆ دەستت بەمردن کە ئەگا**

ئاخر «قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە» قاڵی لێرەدا کەینوونەی گەردوونە، یان جیهانە و گوڵەکان خەڵقندە و بوونەوەرە هەمەچەشنەکانن، ڕستە شیعرییەکە لەڕووی سیاقەوە مەست و مەنگە، هاوکات هەڵگری گیانێکی کپ و بێدەنگ و غەمگین و خەفەتاوییە ڕەنگە بەشێکی ئەم قاڵییە شەکەت و ماندووە هەندەسەی لەت لەت کراوی خاکی کوردستان بێ و گوڵە ستەمدیدەکانیش بەهۆی ئازار و مەینەت و مەرگەساتەوە قاڵییەکەشیان شەکەت و ماندوو کردبێ، چونکە زۆرجار بە شێوەیەکی شاراوە موخاتەبەی قاڵی و گوڵە شەکەت و جوانەکان دەکرێ

**گوڵێکی کراسەکەت**
**هەر نەوتە و هەر نەوتە و**
**بەمندا ئەسووتێ**

* * *

**مردنم «دال»ێکە بەرو پشت**
**بەهەرچی مانایە و ژێر مانا**
**بەمبارا پیر ئەبم**
**عەکسەکەم خۆ وتم**
**سەتحێکە بێ مسداق**
**با دایکم بەردرگای پیرتر و**
**هەناسەی بژمێرێ**
**من حەقمە پرسیارێک ئاراستەی دانیشتن**
**ئەوکاتەی**
**کۆڵوانەیەک بەنوێژەکانییەوە مەجبوورە**

## کۆڵوانەیەک پڕە لە شین

ڕەزا عەلی پوور لەم تێکستەدا وێڕای سوود وەرگرتنی لە کۆمەڵێک کایە و بواری جیاجیای مەعریفی، هەوڵی داوە سەرتاپای هەست و ئیحساس و زەین و سۆزی ئاوێزانی ماسکی وشە و ناوکۆیی ڕستە و مۆرفیمەکان بکرێن، بۆیە هەندێ بڕگە و کۆپلە هەن پڕن لە لادان و خزانی زمانی لەهەمان کاتدا بارگاوین بە ئیقاعێکی شاراوەی لیریکی و هێما و ئاماژە و مۆرکی شیعرییەت

**من ئەمرم**
**تا فاتێحەیەکم بۆ ڕاخەن**
**: قاڵییەک ڕائەخەم**
**چەن زەردێک**
**لە جنسی پاییز و کۆنتریش**
**لەگوڵ و ڕیشووەکان دەئاڵێ**
**چاییەک پێویستە**
**تا باوکم بڕژێنمە خاترەم**
**ژنێکم لازمە**
**تا بیمە جەحەنەم**
**خۆشێکم پیا بدەن**
**شتێکی قاڵیتر لەژن و نیوەژن**
**نەخەوتووم**
**ئەو شەوە هاوسێکەم پێمیەوت:**
**سینگی من ئاوییە**
**یان چاوت پڕیەتی لە دۆزەخ**

**تێبینی:** بڕێ جار «زەین» هەڵیدەخەڵەتاندم و فریوی دەدام وەک ئەوەی لە گەرمەی کایەی وەرەقدا بم و هەوڵبدەم بەچێژ و لەززەتەوە پێڕی جوان جوان و ڕەنگین دروست بکەم، لە پڕێکا وشەی [بێزارە]م لە شوێنی وشەی [ماندووە] دادەناو تمەز لە نائاگاییمدا بیرم لە پیری و شەکەتی سەیرووڕەی ئەبەدیەتی گەردوون دەکردەوە، زۆرجار بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، ناوونیشانی کتێبەکەم بەم شێوەیە دەخوێندەوە..

قاڵییەک دەناسم لەهەرچی گوڵیەتی بێزارە، ڕەنگە ئەم حاڵەتە تاڕادەیەک پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆی بە دەقی «کراوە»وە هەبێ کە لە پرۆسەی ڕاڤە و خوێندنەوەدا ئازادییەکی ڕەها بەخوێنەری لەززەتمەند دەبەخشێ!

**سەرچاوە:**

**- ناوی کتێب: قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە.**

**بابەت: شیعر.**

**ناوی نووسەر: ڕەزا عەلی پوور.**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٦.**

# فەنتاستیک– Le Fantastique

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

دەشێ لە زمانی کوردیدا زۆر وشە هەبن مانای دوور و نزیکی فەنتاستیک بگەیەنن وەک: خەیاڵ، ئەندێشە، داهێنان، جیهانێکی خەیاڵیی ناوێزە، بێ وێنە، خورافی، ئەفسوون، نائاسایی، جیهانێک جێگای باوەڕکردن نەبێ. لەزمانی عەرەبیشدا هەمان کێشە هەیە وەک: (خيالي، وهمي، غريب، خارق، غير عادي...).

دۆزینەوەی بەرانبەر، یان هاوتایەکی دروست و گونجاو، لەڕووی تەکنیکەوە پڕ بە پێستی ئەم زاراوەیە بێ، لەزمانی کوردی و عەرەبی، کارێکی سەختە، هۆیەکەی ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتنی زاراوەی فەنتاستیک کە وەک جۆرە ئەدەبێک و هونەرێک کە سەر بەناوەندێکی شارستانی ڕۆژئاوایە، ئەمەش تەواو جیاوازە لەهی ڕۆژهەڵات.

زاراوەی فەنتاستیک لە ڕەگی لاتینی– Fan-tasticus–ەوە هاتووە. لەلایەکی دیکە ئەم زاراوەیە، ئەمڕۆ لەزمانەکانی ئەورووپی، هەندێ جار وەک ناو و سیفەت بەرانبەر بە حاڵەتێک، دیاردەیەک، شتێکی نایاب و سەرنجڕاکێش بەکاردێ، وەک: Wonderfulle، superbe، کە دەکا: مەزنە، نایابە، جوانە.

زاراوەی فەنتاستیک کە نوێنەرایەتی ناواخن و هەڵکەوتێکی ئەدەبی (سەرەوەی ئاسایی و سروشتی) دەکا، لەناو ئەدەبی نووسراوی ئەورووپی بۆ سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، بەڵام گەشەسەندن و دەوڵەمەندبوونی لەسەدەی نۆزدەیەمەوەیە. لەبنچینەدا لەگەڵ ڕۆمانسیزم و ڕیالیسیزم گەشەی کردووە.

لە ڕووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنەوە هاوتەریب لەگەڵ فەلسەفەی ڕاسیۆنالیزم– Rationalisme– عەقڵانییەت لەسەدەی حەڤدەیەم سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا، بە تایبەتی لەگەڵ لایەنی پێچەوانەی ئەم فەلسەفەیە کە

ناعەقلانییەت-ە Irrationalisme، هەر لەوسەردەمەوە، وەک چەشە و مەیلێک، بۆ جیهان و خەیاڵی «سەرەوەی سروشت و ئاسایی» و «خەون» لەناو چوارچێوەو بەرگێکی کابووسی و جیهانێکی خەیاڵی ڕەش، کە وەک سیمایەک لە ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی و «ڕۆمانی ڕەش»ی ئینگلیزی دەردەکەوێ، ئەمەش لە شێوەی: پەیماننامە لەگەڵ شەیتان و دیاردەی شەیتانی، یان شەیتان ئامێز، (کەسایەتییەکی سەرەوەی سروشت و خاوەن هێزێکی ئەفسوونی و شەڕانی) هەروەها بوونی دیاردەی شاراوە و پڕ لە نهێنی لە ئەدەبیاتی ئەمانەی سەرەوە هەستی پێ دەکرێ. دەشێ (فاوست- Faust)ی گۆتە- Goethe، نموونەیەکی جوان و بالای ئەم هەڵکەوتە و ئەم جۆرە ئەدەبە بێ لەسەردەمی ڕۆمانتیکیدا.

ڕۆمانی فەرەنسی لەسەدەی نۆزدەیەم کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەموو ئەم ئەدەبەی هاوسێکانی، هەمان بابەت بۆ پیشاندانی خەم و نیگەرانی و نادڵنیایی سەردەمەکە سوودی لێ وەرگیراوە، دەشێ کۆمەڵێک تێم- Theme- بابەت، لەناو ئەدەبی فەرەنسی لەو سەردەمەدا بدۆزینەوە، کە پێوەندییان بە سەرهەڵدان و بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئەدەبەوە هەبێ، وەک لەناوچوونی بەها شارستانییەکان، لەناوچوونی باوەڕە ئایینییە پۆزەتیڤەکان، پاشەکشەی بەها کۆمەڵایەتییە جێگیرەکان، گۆڕان لە سترەکتۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری.

ئەم واقیعە وای کردووە، نووسەران هەستیاربن و گرینگی بە خەون بدەن و سنوورەکانی حەقیقەت و ڕاستی بۆ ناو وەهم و خەیاڵ دووربخەنەوە.

لەدوای ساڵی ١٨٥٠، کە دەکاتە سەرەتای سەرهەڵدانی سەمبۆلیزم و ناتۆرالیزم و ڕیالیسیزم لە ئەدەبی نوێ، کۆتایی بە فەنتاستیک نایێ، بەڵکو زیاتر گەشە دەکا. نووسەران ڕوانینی دیکە لەم بارەیەوە پێشکەش دەکەن، ئەمەش وەک یاری کردنێک دێتە بەرچاو لە بارەی سنوورەکانی (ئەوەی دەشێ بەدەست بێ، یان سنوورەکانی ئیحتیمال و شیمانە و نزیک بوونەوە لە مەحاڵ) ناسراوترین ئەدیبان لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی کە گرینگی زۆریان بە فەنتاستیک داوە، ئەدگار ئالان پۆ و گی دو مۆپاسان-ن.

کۆمەڵێک توخم هەن کە لە فەنتاستیکدا بەو شێوەیەی لە ئەدەبی ئەورووپیدا هەیە دەبێ هەبن وەک: تارمایی و شەبەنگ، شوێنێکی نا سروشتی کە گومان و دڵەڕاوکێ دروست بکا، بوونی ڤامپیر- Vampir، هەڵسانەوە لەناو خۆڵەمێش و زیندووبوونەوە و فڕین. تەلیسم و تەلیسمان، بوونی کۆنترا- پەیماننامە، وەک ئەوەی لە فاوستی گۆتە-دا هەیە کە لەنێوان پاڵەوانی سەرەکی و هێزێکی شەیتانی و شەڕانییە. ئەمەش هەردەم وەک گرەوێک وایە لەسەر گیان (ڕۆح) لەپێناوی بەدەست هێنانی نەمری و بەختەوەری.

لە پاڵەوانی فەنتاستیکدا کۆمەڵێک خاسییەت هەن، وەک: خۆ بزرکردن و هاتنەوە بۆ ناو فۆرمی بینراو، تێپەڕین بەناو دیوار و ماددە، مێتامۆرفۆز بوون، واتە لە بەرگێکەوە چوون بۆ بەرگێکی دیکە، ئەمەش هەردەم لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر، یان لەمرۆڤەوە بۆ گیانەوەرێکی دڕندە و ناوێزە و بەپێچەوانەشەوە. هەروەها بوونی دەسەڵات و هێزێکی ئەفسووناوی کە سنوورەکانی واقیعیەت و خەیاڵ ببڕێ.

لەڕووی هونەری نووسین و شێوازەوە، ڕۆمان و چیرۆکی فەنتاستیک هەردەم، یان بەلای زۆری لەسەر زمانی کەسی یەکەمی تاکە (من...)، ئەمەش لە یەک کاتدا تەعبیر لە پاڵەوان و نووسەر دەکا.

شوێن لە ڕۆمان و چیرۆکی فەنتاستیکدا بایەخێکی گرینگی پێ دەدرێ، وەک: بوونی شوێنێکی چۆڵ، لێواری دەریا و ڕووبار، خانوویەکی چۆڵ، ئەنتیکەخانە...تاد. وەختیش بە هەمان شێوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، کە ڕووداوەکان هەردەم لەئێوارە، یان لەشەو و نیوەشەو، وێڕای باو و بۆران و تەم و باران ڕوودەدەن.

لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کۆن و نوێ، کۆمەڵێک توخم و هەڵکەوتی فەنتاستیک دەدۆزرێتەوە، بەتایبەتی لە داستانە کۆنەکان وەک: هەزارو یەک شەوە و هی تر. لە ئەدەبی نووسراوی کوردی دەشێ ئەم بابەتە زۆر کەم بێ، بەڵام هەڵکەوت و سیمای فەنتاستیک دەشێ لە حیکایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی و خورافی هەبێ، بەڵام دیسان هەمان ناواخن لەشێوە ئەورووپییەکەی سەختە بدۆزرێتەوە. دەشێ چەمکی «ڕۆژهەڵات» خۆی، وەک بەو شێوەیەی لە ڕۆژهەڵاتناسیدا هاتووە، هەندێ جار مانای فەنتاستیک بگەیەنێ، وەک شتێکی نایاب و جوان و مەزن، بەڵام هەر ئێمڕۆ ئەم ڕوانینەش لە پووکانەوە دایە.

# شیوەنی
# مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی
# بۆ حوزنی موکریانی

ئا: ئازاد هیدایەت دەلۆ
(سۆران)



مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی (١٩١٣-٢٠٠١/٣/٢٧) یەکێک بوو لەخاوەن خامە ڕەسەنەکانی میللەتەکەمان و زیاتر لەنیو سەدە بە بەردەوامی لەخزمەتی مێژووی گەلی کورد و وشەی پیرۆزی کوردیدا بوو، هەمیشە نووکی قەڵەمەکەی وەکو ڕمێک بۆ بەربەرچدانەوەی ئەوکەسانە بەکارهێناوە کەوا هەوڵیان دەدا مێژووی ڕەسەنی میللەتەکەمان بشێوێنن.

ئەم زاتە بە بۆنەی کۆچی دوایی سەید حوزنی موکریانی (١٨٩٣- ١٩٤٧/٩/٢٠) نامەیەکی تێرو تەسەلی بۆ خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی (١٩٠٣- ١٩٧٧/٧/٢٤) نووسیوە دوای سەرخۆشی لێکردن و هەندێ ڕاسپێری بۆ گیوی موکریانی، پارچە هۆنراوەیەکی تێرو تەسەلیشی نووسیوە وەکو شیوەنێک بۆ حوزنی، هەرچەندە نامەکە هەندێک بە زەحمەت دەخوێنرێتەوە، بەڵام هەر چۆنێ بێ ئێمە توانیمان دەقەکەی لێرەدا پاکنووس بکەینەوە. جا فەرموون لەگەڵ دەقی نامەکە، بە هیوایین سوودی مێژوویی خۆی بگەیەنێت و ڕۆحی خوالێخۆشبووان (حوزنی و گیو و ڕۆژبەیانی و مستەفا نەریمان)یشی پێ شاد بێت، چونکە ئەم نامەیە لەناو دەستنووسەکانی نەریمان-دا دۆزراوەتەوە.

**دڵ بەجۆشی، هەناو پڕ خرۆشی، دەروون بەغەمی، چاو بەنەم، گیوی گیان، یەزدان بەزەیی بەحاڵتابێ، دڵت بداتەوە.**

هاوکاری غەم و خەفەت، هاوبەشی شین و وەفاتم، شەریکی شین و پرسەتم... مەرگی کاکت، مەرگی باوکمە..، زیزی خۆت و دایکت زیزی خۆم و برام و خزم و خوێش و کەس و کار و قەوم و گەل و هۆزمە.

سەید حوسێن حوزنی! ئەوی بتوانێ کە بڵێ (حوزنی) دەبێ هەڵگری (حـوزنی- حـوزنی) بێ.. حـوزنی ئەو شاملە بۆ هەموو کەس کە بتوانێ نقە (تلفظ) بە (ێ)ی نقە پێکەر (تکلم) بکا..!

سەید حوسێن، هەر لە تۆ نەچوو، لە دەستی هەموو کوردچوو، لەدەستی خوێندەواران چوو، لەدەستی خاوەن گۆڤار و ڕۆژنامەکان چوو، لەدەستی فەرهەنگ نووسان چوو، لە دەستی مێژوونووسان، خۆرهەڵاتناسان چوو!

برام: هەرچەندە خۆم بەگریانەوە، بە فرمێسک ڕژانەوە ئەم نامیلکەیەت بۆ دەنووسم.. ئومێدیشم وایە: کە بتوانم لەم ڕۆژانەدا لە دەرگاکەتان کولی گریانم کەم بکەمەوە... هەرچەندە خۆیشم ئەم هەڵبەستەم ئامادەکردووە کە لەناو (محفل)ی (تأبین)ەکەیدا بیخوێنمەوە.. بەڵام دەڵێم: «هەرگیز نابێ کە تۆ، پەشێو بی بۆ (حـوزنی)،.. ئەو (حـوزنی)یەی کـەوا هەزاران لاپەڕەی مێژوو یادی دەکا، ئەو (حوزنی)یەی کە (زاری کرمانجی)، (ڕووناکی)، (دەنگی گێتی تازە)ی بەجێ هێشتووە، ئەو (حوزنی)یەی کە هەزاران لاپەڕەی ئەدەب، دیریک، هونەری بە یادگار لە پاش بەجێ ماوە، تا ڕۆژی رستاخیز، کوانووی «فاملیا»ی ڕۆشنایە و وجاخی ڕوونە، ئیتر نایەوێ کەس بۆی بگریێ، کەس شینی بۆ بکات، جێی ئەو بەهەشتی باڵایە، خولدی بەرینە و تاوی جـاویدان دەمێنێ، خـۆیشی هەردەمێنێ، لە پێش چاومـانە.. زۆر داخ کـە ئێستەکـە، بە گـەیشتنی کاغەزەکەی تۆ، ئەم وەڵامە ناخۆشە، نالەبارە، ناهەموارە دەبیستم... زۆر داخ کـە مێژووی ٣/ ١٠/ ١٩٤٧ بۆ خـەبەرت نەدامێ بێم بۆ بەغـدا، بێم بۆ دیدەنی تەرمەکەی.. زۆر داخ کە من لە شوێنێکی وەها چەپ و پەرِم کەوا هیچ پەیامێ نابیسم.. مەگەر لە کاغەزی برادەرانا... بە خوا مەخابنە کەوا لە هەموو دەنگ و باسی (تا لە ڕۆژنامە)کانیش، چونکە پۆستەی (لەیلان)(١) ناڕێکە، منیش بێ نەوا و کەم دەستم.

بەڵێ: دەمێکە، نە (دەنگی گێتی تازە) وە نە (گەلاویژ) وەرناگرم... وام دەزانی کـە هەردوو لایان، لەبەر بێ پارەیی دەرناچن... من چوزانم کـە ئەم مـرد، ئەوی تریش ئاوابوو..!

برام ئێستەکە دوو پارچە کاغەزم هێشتا لە (پۆستە) دایە کـەوا بۆ (حـوزنی)م نووسیوە... هەروەکو بۆتم نووسی، تەوەسوتم بە (ئەو و بە تەوفیق وەهبی) کردووە بۆ (قزرابـاط)(٢).

برام: (ئەمـانەت)ێکم لای (حـوزنی)یە... ئەویش (وصل)ێکی حواڵەیی بۆ (عەزیز یامولکی بەگ)ە کەوا پارەم بۆی ناردووە، ئینکاری کردووە.. لەگەڵ کاغەزێکی (عەزیز یامولکی)دا، کە لە باتی (سند) هەڵم گرتووە. لەو خصوصەوە کە وەعدی دابوو: هەر حەلێ تەرجەمەی کتێبەکەی «کورد و کوردستان احتلاللری» تەواو بوو، لەسەر نەفەقەی خۆی چاپی بکا، ئێستەکە ئینکاری دەکا... جا، برام بە هیوام کە ئەمانە لەناو (کەلەپوور)ەکاندا لە یادتان نەچێ. بۆم بەدەست بخەنەوە گیانەکەم، چونکە هەردووکی لای من بەنرخە..

کاکم مەلا محەمەد ئەمین و مەلا فەتاح و هەموو خزمەکان، وەکو تۆ دڵ هەڵقرچاو، جگەر برژاو، خەفەتبار، غەم خوارن.

**بڕژێ چاوەکەم عەسر وەک باران**
**خوێناو بڕێژە چوون دیدەی یاران**
**لافاوی خوێنت هەڵستێ وەک (دەجلە)**
**گەنجان ڕامالێ بۆ (بەغدا) پەلە**
**کۆڕی شین بگرن، بەکوڵ بگریێن**
**واوەیلا بکەن بڵێن (سەی حوسێن)!**
**ئێستا کەی وادەی ئاکامی تۆیە**
**کەوا نیشتمان بەهیوای تۆیە؟**
**ئۆغرکردنت بۆ لای خامۆشان**
**کوردانی سەرپاک وەک من خرۆشان**
**هەموو چوون دایکت قوڕیان لەسەرە**
**وەک (گیوی) کەوا سەرشێوەن دەرە**
**«برام کاکە گیان بۆ چ دەنگت نایێ**
**چیت بەسەر هاتووە کوێرایم دایێ»**
**سەرداری دەستەی نووسەرانم ڕۆ**
**پێناوی ڕێگەی نیشتمانم ڕۆ.**

**١- (لەیلان): ناحیەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک و م. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دانیشتووی گوندی (فرقان)ی سەر بەو ناحیەیە بووە.**

**٢- (قـزرابـاط)، یان (سـعـدیـە): ناحـیـەیەکـە سـەر بەقـەزای شـارەبانی پارێزگای (دیالی) و م. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی وەکو وتار خوێن و پێشنوێژ ماوەیەک لەوێ بووە.**

# شیعری لاواندنەوە – ELEGIE


د. موحسین ئەحمەد عومەر
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)


شیعری لاواندنەوە (الرثاء) لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئێمە گەلێک تێکستی شیعری ناسراومان هەیە، هەڵبەت، ئەم لایەنەش ئەدەبیاتی نووسراو و میللی و فۆلکلۆریش دەگرێتەوە، شیعری لاواندنەوە بەوە ناسراوە: قەسیدەیەکە سەر شارە، یان پڕە لە عاتیفە و هەستی ڕۆمانتیکی و جۆرێک لە خەمباری کە وەک سیمایەکە بۆ هەستە ڕۆمانتیکییەکە. زیاتریش شاعیر باس لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکا (Personnelle)، واتە ناوەرۆکی قەسیدەکە پێوەندی بەخۆیەوە هەیە و شاعیر کەسێک دەلاوێنێتەوە، ئەوکەسە دەشێ دەزگیران، یان کوڕ، یان کچ، یان کەسێکی زۆر نزیکی بێ، پیشاندانی هەستی لە دەستچوون، لێرەوە لاواندنەوە وەک دیاردەیەکی دەروونی هەڵکەوتێکی تایبەتی وەردەگرێ، ئەویش بریتییە لە ژیاندنەوە و هێنانەوە دنیا، ئەمەش لە ئەدەبیاتدا بە وێنەی شیعری و چنینێکی نایاب دەکرێ، ئەم چنینە توانا و بەهرە و خەیاڵێک، یان چڕبوونەوەیەکی عاتیفی و هونەری دەوێ کەم لە شاعیران توانیویانە لەم بوارە قەسیدەی جوان بنووسن، بەڵام ئێمە کۆمەڵێک نموونەی نایابمان هەیە لە ئەدەبیاتی نووسراو و میللی و فۆلکلۆری. هەرە ناسراوترین قەسیدە لە شیعری کۆنی کوردی، قەسیدەی (گڵکۆی تازەی لەیل)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی-یە «کە هەندێک بەهی ئەحمەد بەگی دەربەند فەقەرە-ی لە قەڵەم دەدەن»

قەسیدەکە بەم بەیتە دەست پێ دەکا:

**گلکۆی تازەی لەیل**

**گلکۆی تازەی لەیل**

**ئارۆشیم وەسەر**
**گلکۆی تازەی لەیل**

بێ گومان لە ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆریش نموونەی لەم جۆرە هەیە و لەلای (وەلی دێوانە) و داستان و بەیتەکانی خۆشەویستی و قارەمانی-یش ئەم تێمە دەدۆزرێتەوە.

لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ دەتوانین دیوانی (شیوەن و فرمێسک)ی گۆران بەهەموو قەسیدەکانی بە نموونەی شیعری لاواندنەوەی نوێ و نایاب لەقەڵەم بدەین، بەڵام لەناو ئەم کۆمەڵە شیعرەی گۆران هەردوو قەسیدەی (شیوەنی گوڵاڵە) و (گوڵی کەمخایەن) لەم ڕووەوە بە پلەی یەکەم بێن، چونکە ئەم هەستەی سەرەوە بە شێوازێکی بڵندی هۆنینەوەی هونەری تەعبیری لێ کراوە، شاعیر جیهانێکی ناوێزەی دروست کردووە کە سنوورەکانی لەدەست چوونی تاکەکەسێک دەبڕێ و وەک کێشەیەکی وجوودی و زەمەنی مرۆڤ پیشانی دەدا، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی هەست دەکا ئەو کەسەی لەدەست چووە زۆر لە خۆی نزیکە. ئەم دیاردەیە لە هەموو ئەم نموونە شیعریانەی لێرە ناویان هاتووە بەدەست دەکەوێ.

لە ئەدەبی جیهانی ناسراوترین قەسیدە، قەسیدەی (دەریاچە)ی (لامارتین)ە، کە لە کۆمەڵە شیعری (ڕامانەکان- Meditationes) بڵاوبووەتەوە، بێجگە لەمە ئەم کۆمەڵە شیعرە قەسیدەی لەم جۆرەی زۆر تێدایە کە لە ساڵی ١٨٢٠ بڵاوبووەتەوە، بەڵام ناسراوترینیان ئەم قەسیدەی سەرەوەیە. (لامارتین) لەم قەسیدە بەناوبانگە، لەکاتێکی دیاریکراو ژوانی لەگەڵ دەزگیرانە تازەکەی هەیە، شوێنی بەیەک گەیشتنیان بەپێی ڕێککەوتنی پێشوو، بریتییە لە لێواری دەریاچەی بورژێ، لە کاتی دیاریکراو (لامارتین) لە لێواری دەریاچە ئامادەیە، بەڵام (لامارتین) وێڕای خەم و پەژارە و سۆزێکی زۆر بۆ کچە نەخۆشەکەی (ژۆلی) کە لەسەرە مەرگە لەم شوێنە ئامادە دەبێ، سەرەنجام دەزگیرانەکەی بەهیچ شێوەیەک ناگا، دواجار ئەم هەستە کە وەک لە دەستچوون وایە، لەگەڵ لە دەستچوونی کچە نەخۆشەکەی تێکەڵی یەکتر دەبن و شاعیر دەردی دڵی خۆی لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێک مێتافۆری تایبەت بەسروشت، وەک دەریاچە و ئاو و بەرد و باو بەلەم و شەپۆلەکانی دەریاچە و زەمەن دەردەبڕێ. لەم قەسیدەیە مەسەلەی زەمەن بایەخێکی زۆر سەرنج ڕاکێش وەردەگرێ، بەو مانایەی هەموو شتێک تێدەپەڕێ، ئەم قەسیدەیەی (لامارتین)، هەروەکو دیوانی (شیوەن و فرمێسک)ی (گۆران) بریتین لە شیعری نوێی لاواندنەوە، چونکە لە ڕووی کێش و سەروا و هۆنینەوە زۆر جیاوازن لە چاو ئەوانەی پێش خۆیان.

لە ڕووی مێژووییەوە شیعری لاواندنەوە- Elegie، لە ئەدەبی ڕۆژئاوا بریتییە لە قەسیدەیەکی کورت، ئەوسا «درێژییەکەی بە قەد شیعری غەزەلە بەو شێوەیەی لە ئەدەبی کۆنی کوردی هەیە» کێشێکی تایبەتی هەیە کە بەکێشی لاواندنەوە (Le distique elegiaque) ناسراوە، بەڵام لە شیعری لاتینی وەک جۆرە شیعرێکی لیریکی ناسراو بوو کە پڕ بوو لە عاتیفەی هەڵچووی شاعیر. لە ئەدەبی سەردەمی کلاسیک بریتی بووە لە جۆرە شیعرێکی پڕ لە سۆز و هەستی خەمباری، بەتایبەتی شادی و ئازاری خۆشەویستی، بەڵام لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی هەڵکەوتێکی دیکەی هەبوو، بەجۆرە کێشێکی دیکە دەنووسرا (...) زیاتر دەبوایە سیفەتێکی هاندان و ڕێبەدیی و حیکمەت و فێرکردنی هەبێ. هەتا سەدەی سێیەمی زایینی بەم شێوەیە درێژە بەخۆی دەدا کە لەلایەن (کالیماک) و (فیلێتاس) بەکارهاتووە، چونکە بۆ یەکەمین جار لەلای ئەمانە بۆ هەستی خۆشەویستی شاعیر خۆی بەکارهاتووە. دواتر لەسەردەمی ڕۆمانی، ناسراوترین شیعری لاواندنەوە، لەلایەن (ئۆڤید)ەوە نووسراوە کە لە (Triste) و (Pontique)، شاعیر بە عاتیفەیەکی ناوێزە و سەرشار لەلاواندنەوە باس لە مەنفاو دوورە وڵاتی خۆی دەکا. لێرەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە (ئۆڤید)، بە یەکەم شاعیری پەناهەندە لە قەڵەم دەدرێ. (ئۆڤید لە ساڵی٤٣پ.ز لەدایک بووە لە ١٧ز کۆچی دوایی کردووە.) ئۆڤید لەلایەن دەسەڵاتی ڕۆمانی بۆ دەرەوەی وڵات دوور دەخرێتەوە، دوای سی ساڵ دەگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام بە عەشق و سۆزێکی لە ڕادەبەدەر باس لە زێدی خۆی دەکا. شاعیر باس لە غەریبی خۆی دەکا کە لە وڵاتی خۆی غەریبە و لە هەمان کاتدا وڵاتی مەنفاش بۆ ئەو نابێ و هەستێکی ناجێگیرە. ڕەخنەگری فەرەنسی

سەدەی حەڤدەیەم، (نیکۆلا بوالوو)، کە لەسەردەمی ئەم شـــیـــــعـــری لاواندنەوە- Elegie زۆر باو بووە، بۆ پیشاندانی مەرجێکی باشی نووسینی ئەم جۆرە شیعرە دەڵێ: (دەبێ تەنیا دڵ لە شیعری لاواندنەوە قسە بکا.) لە ئەدەبی تورکی ســـەردەمی ڕۆمـــانسی، دەتوانین قەسیدەی (مەقبەر)ی شاعیری تورکی و عوسمانی (عەبدولحەق حامد) بەیەکێ لە نموونە جوانەکان دابنێین، ئەم قەسیدەیە لەلایەن (شێخ نووری شێخ ساڵح) کراوەتە کوردی و سەرەتاکەی بەم جۆرەیە.


**هاوار من چیبکەم، نە جێ ما نە یار**
**هەر دڵ مایەوە، پڕ دەرد و ئازار**
**ئێستا لێرە بوو، لە دەستم بەربوو**
**لە ئەزەلەوە، هات بۆ ئەبەد چوو.**


گۆران لە قەسیدەی (شیوەنی گولاڵە) بەم جۆرە دەڵێ:

**کچم، مایەی ژیانم، یادگاری**
**شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری**
**غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم**
**دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم!**

هەروەها لە قەسیدەی (گوڵی کەمخایەن) دەڵێ:

**لە بەرەبەیانی شەباب و جوانییا ئەی گوڵ**
**گوڵی گەشی پەمەیی وەک ستارە پرشنگدار!**
**لە خەندەتا ئەگەڕا جیلوەیی تولووعی بەهار**
**لەنەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزش و کوڵ!**



# قەیرانی وەرگێڕان

ئازاد حەمە شەریف

شتێکی لە کەس شاراوە نییە کە هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کتێب و نامیلکە و بابەت بە لێشاو لە زمانانی ترەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و دانە دانەش کتێب و بابەت لە زمانی کوردییەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی. ئەم دیاردەیە لەلای هەندێ کەسی ساویلکە بە پێشکەوتن دادەنرێت و ڕەنگیشە کەسانی وا هەبن دەستخۆشی لەوانە بکەن کە قۆڵی خۆیان هەڵماڵیوە و بە ڕاست و چەپ شەنەبای وەرگێڕان دەکەن.

بەڵام ئەگەر بەوردی لەو مەسەلەیە بڕوانین و بەدواداچوونێکی زانستیانە بۆ ئەو هەموو لێشاوەی وەرگێڕان بکەین، ئەوە ئەو دیاردەیە بەهیچ شێوەیەک مایەی دڵخۆشی نییە، چونکە زۆربەی ئەو کتێب و نامیلکانەی دەکرێنە کوردی هەر شتێک بن وەرگێڕان نین، بەڵکو بریتین لە شێواندنی ئەو دەقانەی کە وەرگێڕدراون. جا ئەگەر سەرلەنوێ وەریانبگێڕینەوە سەر ئەو زمانەی کە بابەتەکەی پێ نووسراوە، ئەوە نووسەری بابەتەکان بەرهەمەکانی خۆیان هەرناشناسنەوە.

هەڵبەتە ئەم شێواندنەش بەئەنقەست نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەوە ڕوودەدات کە زۆربەی وەرگێڕانەکان لە زمانی دووەم، یان سێیەمەوە، جاریش وایە چوارەم و پێنجەمەوە کراون. ئەمەش بێ گومان دەقەکان زۆر لە مەبەست و ستایلی نووسەرەکان دوور دەخاتەوە و وا دەکات ئەو دەقانە تەنیا بەوەی ناوی نووسەرەکانیان لەسەرە بزانرێن هی کێن، ئەگینا هیچیان لەو دەقانە ناچن کە نووسەرەکان نووسیویانن.

بەم دواییانە لێشاوی وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە دەستی پێکردووە و برادەرانی وا هەن کە تەنیا سەرەواوێک لەم دوو زمانە دەزانن خەریکە دەبنە پاڵەوانی ئەو مەیدانە. خاوەن کتێبخانەی واش هەن کتێب بەڕادان دەدەن و داوا لە برادەرێکی فارسی، یان عەرەبی زان دەکەن کتێبێکیان بە پارە بۆ وەربگێڕێت و دواتر بەناوی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. ئەم پەتایە هەر مەپرسە چەند ترسناکە و چۆن پەڕیوەتەوە ناو بواری فەرهەنگدانانیش. هەندێک بەناو فەرهەنگدانەریش هەن هەر لە عەرەبییەوە وەردەگێڕن و دەشڵێن گوایە ئینگلیزی دەزانن و لە ئینگلیزییەوە وەردەگێڕن.

هەر بۆ پێکەنین دەڵێم یەکێک لەوانەی کە خۆی بە سەرچاوەی زانین و زانیاری زمانەوانی و مێژوو دەزانێت و هەمیشە شانازی بە نازناوە زانکۆییەکەوە دەکات و گوایە ٢٥ کتێبی هەیە و دەیان هەزار دانە لە فەرهەنگەکەی چاپکراوە، ڕووەکی (قرة العين) کە بە کوردی (تەڕەتوولە)یە بە (خوڕەی ئاو) وەرگێڕاوە و (برج السرطان) کە بە کوردی (کەلووی قرژاڵ)ە بە (بورجی شێرپەنجە) وەرگێڕاوە و (الشحرور) کە جۆرە باڵندەیەکی ڕەشە لەلای ئەو بۆتە (مێشوولە) و (السرة) واتە (ناوک) لەلای ئەو بۆتە (چاڵێکی بچووک لە ناوەڕاستی گەدە)!!! بەناو فەرهەنگدانەرێکی تر (بيت الشعر) واتە (ڕەشماڵ)ی بە (بەیتی هۆنراوە) وەرگێڕاوە و (الثرى) واتە (خۆڵەپۆت، خۆڵەپۆک)ی بە (زەنگین و دەوڵەمەند) وەرگێڕاوە!! یەکێکی تریان کە تائێستا خۆی بە سەردەستەی وەرگێڕە پڕ بەرهەمەکان دادەنێت (غلاطة سراي) کە ناوی شوێنێکە لە ئەستەمبۆڵ و ناوی تیپێکی تۆپی پێی ئەوێیە بە (هەڵەی سەرای) وەرگێڕاوە!! یەکێکی تریان (يحلق في السماء) واتە (لە ئاسمان دەخولێتەوە)ی کردووە بە (لە ئاسمان تراش دەکات)!! بەم دواییەش برادەرێک لە وەرگێڕانی کتێبێکی دێل کارنیگی ناوی ڕۆمانی (انا كارنينا)ی تۆلستۆی کردووە بە (منم کارنینا) و نەیزانیوە (انا) ناوی کەسێکە و ڕۆمانەکە بەناوی ئەو کەسەیە و بەهیچ جۆرێک ئەو ناوونیشانە نابێتە (منم)!! ساڵانی زووش برادەرێک لەو هەولێرە (حمام) واتە (گەرماو)ی بە ئینگلیزییەکەی کردبووە (Dove) واتە (کۆتر) منیش هەر بۆ گاڵتە بە وەرگێڕەکەم گوت برام ئەرێ لەو گەرماوەدا تەنیا کۆتر سەری دەشوات؟! بەم دواییەش برادەرێکی گەنج کە هەمووی دوو سێ ساڵە کۆلێژی تەواو کردووە و چوار کتێبی قەبارە گەورەی وەرگێڕاوە، دەستەواژەی (What art thou?)ی لە شانۆییەکی شێکسپیردا بە (تۆ چ هونەرێکی؟) وەرگێڕابوو کە لە کوردیدا دەبێتە (تۆ چیت؟)!!

بە ڕاستی ئەم جۆرە هەڵانە مایەی پێکەنین و خۆشین و ئاستی نزمی تێگەیشتنی ئەو بەناو وەرگێڕ و فەرهەنگدانەرانە پیشان دەدەن، بەڵام من بە هیچ جۆرێک گلەیی لەم جۆرە کەسانە ناکەم ، بەڵکو گلەیی لەو دامودەزگایانە دەکەم کە ڕێگا دەدەن کتێب و فەرهەنگی وا بەرباد بەبێ پێداچوونەوە لەلایەن کەسانی شارەزاوە چاپ بکرێن. هەڵبەتە کاری پێداچوونەوە بە هیچ جۆرێک لە بەهای هیچ بەرهەمێک کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر لە بەهای وەرگێڕانەکە زیاد دەکات.

جا وەکو ئەرکێکی بە پەلە و گرینگ پێویستە دەزگای وەرگێڕان و خانەی وەرگێڕان و دەزگای سەردەم و دەزگای ئاراس و وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێگا نەدەن هیچ کتێبێک، یان نامیلکەیەک لە چاپ بدرێت بەبێ ئەوەی کەسێکی شارەزا و زمانزان هەڵیان بسەنگێنێت و ئەگەر پێویستیشی بە پێداچوونەوە هەبوو با پێداچۆڕەوەشی بۆ دابنرێت. ئەگینا وا کار بڕوات ئێمە بە لێشاو کتێب و فەرهەنگی سەقەت بەچاپ دەگەیەنین و ئەمەش زیانێکی یەکجار مەزن بە ئاستی باوەڕپێکراوی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانمان و نەوەی دوارۆژ و خوێنەرانیشمان دەگەیەنێت.




# دیاردە لەگۆرانی هەورامیدا

جەلیل عەباسی



ئەگەر بەزیادەڕۆیی نەزانرێت، دەکرێ بڵێین یەکەم خونچەی (پەیامی مۆسیقایی)، گەلێ پێش مێژوو لە (ئاهووڕامان)دا پشکووتووە، لە گوڵستانی نزا و ستایشە میترایی و مەزدەکی و پاشان (گاتا)کانی حەزرەتی ئەشوو زەردەشتدا. دەتوانین بڵێین: چیا سەخت و سەرکەشەکانی تەخت و شاهۆ و کۆسالان، سەرەڕای سروشتی بەهەشت ئاسا، ئەو (پەیامی مۆسیقایی)یە، واتە (چریکە)یەشیان لەگەڵ خیلقەتی خۆیاندا خولقاند. نە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی سەربەرز بە بێ چریکە ژیاون و نە دانیشتوانی دێرینی داوێنەکانیان.

شۆڕبوونەوەیەکی قووڵ و گەڕانێکی ورد بەناو جیهانی خەیاڵاویی (گۆرانی و هۆرە و سیاچەمانە)دا ڕاستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەخات. کاتێ بیر لە (نەکیسا و باربود) دەکەینەوە، ناچار دەچینە قووڵایی زەمەن و سەردەمی ساسانییەکان و زەردەشت و تەنانەت میترایيش، بیرمان دەڕواتەوە بۆ دوور دوور، لای ئەو کەسەی یەکەم (سرتە)ی مۆسیقایی داهێنا و ئەو گوڵزارە ڕەنگینە هەمیشە بەهارەی بەگێتی بەخشی. لای (کەیومەرز) کە بۆ یەکەم جار بە زمانێکی شیعریی لەگەڵ (هورمزد)دا پەیڤی. لای (جەم) کە لەگەڵ دۆزینەوە و دیاری کردنی نەورۆزدا، شانۆی شایی و ئاواز و هەڵپەڕکێی بنیادنا.

ئەگەرچی گەڕاینەوە لای (یەکەم مرۆڤ)، بەڵام ئەوی ڕاستی بێت زەردەشتی ڤەخشوەر گیانێکی تازەی بە بەر کەرەستەی خاو و سەرەتایی (پەیامی مۆسیقایی)دا کرد و بە هۆنینەوەی (گاتا)کان، گەیاندییە قۆناغێکی لەبارتر، پاشان (کاتۆزی)یەکان لەسەر چیاکانی ئاهووڕاماندا بەداهێنانی چریکەیەکی سرووش و سەرکەش گواستیانەوە ناو دڵی گێتی و دواتریش (نەکیسا و باوبود) وەکو دیارییەکی دەگمەن و ناوازە لەو قوتابخانەیەدا سەریان هەڵدا. ئەگەر ئەوان و سەردەمەکەشیان بەجێ بهێڵین، ئەوە دەبێ یەکسەر بگەڕێینەوە سەردەمی ئەردەڵانییەکان و لەدەرباری (خان ئەحمەدخان)ی ئەردەڵاندا ئۆقرە بگرین، لێرەدایە کە دەبینین دەرکەوتنی دیاردەیەک پێویستی بەزەمەنێکی دوورودرێژ هەیە و زۆر کەم دووبارە دەبێتەوە. پاش ئەو مێژووە دوورودرێژە، ئینجا (یۆسۆ ئاسکە)یەک سەرهەڵدەدات و لە دەرباری خان ئەحمەدخانی ئەردەڵاندا دەدرەوشێتەوە و گیانێکی تازەتر بەبەر گۆرانیدا دەکات و دەیگەیەنێتە قۆناغێکی نوێتر و پێشکەوتووتر، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین (یۆسۆ ئاسکە) دەبێتە داهێنەر و دانەری (پێناسە) بۆ گۆرانی هەورامان. دیارە دوای ئەویش زۆر کەس هاتوون و چوون، بەڵام ناتوانین تاقە ناوێکیش لەمێژوودا بدۆزینەوە کە شیاوی گرینگی پێدان بێت. ئەو (زۆر کەس)ەی ئاماژەمان پێکردن، (خەس)ێکی ناو (میقات) بوون هەربۆیەش نابینرێن. بەم چەشنەش پاش (یۆسۆ ئاسکە) دەکەوێنە ناو بێ دەنگییەکی سڕکەر و ئیدی لەگەڵی دەڕۆین و لەناویدا دەژین تا دەگەینە سەدەی بیستەم، واتە زەمەنێکی یەکجار دوورودرێژ و مێژوویی، دنیای گۆرانی ئێمە کپ و بێ دەنگە، بێ دەنگییەک بۆنی مەرگ و مانای (وەستان)ی لەگەڵدایە.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە چەند دەنگێک گۆمە مەنگەکە دەشڵەقێنن، بەڵام ئەم شڵەقاندنەش شەپۆلێکی ئەوتۆی بەدوادا نایەت، تا دەگەینە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم و دەبینین گۆمەکە هەر بەڕاستی شڵەژا، شڵەژانێک گەورەترین شەپۆلی سەرکەشی بەدوای خۆیدا هێنا و لافاوێکی گشتگیری مۆسیقایی خرۆشاند. ئەمەش واتە سەرهەڵدانی دیاردەیەکی دی لەم بەستێنەدا. دیاردەیەک گەلێ جیاواز و دیار و مەزن و کاریگەرتر لەوانی پێش خۆی. دیاردەیەک کە نە مێژوو بەخۆیەوەی بینیوە و نە دەیبینێت. نە پێشتر هەبووە و نە دووبارەش دەبێتەوە.

ئەم دیاردەیە کە پاش تێپەڕبوونی سەدان ساڵ بێ دەنگی سەریهەڵدا، خواوەندی چریکەی ئاهوورایی سیاچەمانە (عوسمان کەیمنەیی) بوو، ئەم هونەرمەندە هەناسەی (یەزدان) و گەرووی (داوود)ی پێ بوو. لەگەڵ بەهرەمەندی لەمیراتی جاویدانی (نەکیسا) و (یۆسۆ ئاسکە)کانی پێش خۆی و پێش مێژووش. ئەم خاوەنی هەناسەی یەزدانی و گەرووە داوودییە، هەر زوو توانی وەکو کۆڵەگەیەکی پتەوی سەردەمی باڵاخانەی بڵندی سیاچەمانە بچەسپێت و سەد چەندان بڵندتر و بەرزتری بکاتەوە و ببێتە هۆی وەرچەرخانێکی بێ وێنە و ناوازە لەو بوارەدا.

عوسمان کەیمنەیی بەتوانایەکی بێ سنوور و ئەفسانەیی، سەری سیاچەمانەی گەیاندە لووتکە هەرە بڵندەکانی شاهۆ و کۆسالان و گوڵزاری دێرینی (پەیامی مۆسیقایی)ی پڕ کرد لەبۆنی خۆش و گیان نەوازی هەزاران گوڵی جۆربەجۆر و ئەو گوڵزارەی سەد ئەوەندە ڕەنگین و ڕازاوەتر کرد. ڕاستە کەسانی تر و چریکەی تر هەر لەسەردەمی (عوسمان)دا سەریانهەڵدا و هەریەکەشیان جێ پەنجەی خۆی هەیە، کە دەتوانین چەند ناوێک وەکو سەرتەڵی هەموویان وەربگرین وەک: (حەیدەر، عەلیلە، نەسکۆڵ، ڕەشە غوڵام، مام حەیکم، حاجی ئازیزە، حاجی یاقۆ، حەمە حوسێن، جەمیل، شەفیع، فەتحوڵڵا و...)، بەڵام عوسمان زۆر بە سادەیی هەر هەموویانی بڕدا و خۆی واتەنی چەندین هەنگاو لێیان تێپەڕی و ژیانێکی تاهەتایی بە چریکەی سیاچەمانە بەخشی. ژیانێک تا ئەوکاتە هەستی پێ نەکرابوو، بۆیە دەبێ بە هەموو بیروڕایەکمانەوە بڵێین: (عوسمان کەیمنەیی-هەورامی) درەوشاوەترین و سەرسووڕهێنەرترین دیاردەی ناو هەموو دیاردەکانی سەرتاسەری مێژووی مێژینەی گۆرانی و چریکەی ڕەسەی ئاهوورایی ئاهوورامانە.